# واتە

23

کۆوارێکی ڕۆشنبیریی گشتییە

تەمووز ٢٠١٢

هەواڵنامەی کتێب

کۆواری واتە
بەهاوبەشی لە نێوان
دەزگای شەفەق لە کەرکووک و
دەزگای ئاراس لە هەولێر
دەردەچێ

هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964

# واتە بۆ ئەوانەیە کە
# دەیانەوێ واتەیەک بدەن بەژیان

هەواڵنامەی کتێب

خاوەنی ئیمتیاز: بەدران ئەحمەد حەبیب
راوێژکار: ئەحمەد تاڤانە
سەرنووسیار: یوسف لەتیف
نەخشاندن: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد

# مەسعوود محەمەد

# خەمێکی نەتەوەیی و ڕەسەنایەتییەکی بیر

دوکتۆر عەبدولباسیت سەیدا

هەواڵنامەی کتێب

مرۆڤێک لە ئاستی مەسعوود محەمەد، کە تەنیا چەند دە کیلۆمەترێک لێمانەوە دوورە، لەودیوی سنوورە سەپێنراوەکانەوە، لەگەڵ ئەوەی گشت تەمەنی بۆ گەلی کوردی خۆی تەرخانکردووە، هیچی لە بارەوە نازانین، بەگوڕەوە لەسەر پرسە جیاجیاکانی گرینگ بۆ ئەم گەلە نووسیویەتی و، دەنووسێ. چوزانین، ڕەنگە خەڵکی تریش هەبن لە کوردستانی ئێران و تورکیا ئاگامان لێیان نییە. بەڵام ئەمە گرینگ نییە، تا سەرکردەکانمان ساخ بن، سەرباری شەڕەقۆچ و براکوژی، ئێمەش باشین. با ڕۆشنبیری و ڕۆشنبیران بە ئاگر بسووتێن، چونکە ئەوانن سەرچاوەی دڵەڕاوکە و بێزاری، بانگەواز بۆ واقعبینیی عەقڵانی دەکەن و داوای کۆکردنەوەی توانەکان و چڕکردنەوەی



وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عەوف عەبدولڕەحمان

هەوڵەکان دەکەن، کە ئەمانەش ئاستەنگن لە پێش ئەنجامدانی پرۆژە خێڵەکییەکانی خاوەن ناوی سەردەمییانە و، ڕێگرن لە تێرکردنی ئەو حەزانەی گرێکان دروستیان کردوون و تا ئەم دۆخە بەم شێوەیە بمێنێ دەمێنن. بۆیە سەیر نییە ئەگەر یەکێکیان لێمان قیت ببێتەوە و بڵێ: باشە ئەم مەسعوود محەمەدە چیی کردووە تا ئەوەندە جێی بایەخ و ڕێزی تۆ بێ؟ با بڕوا خۆی و ئەو کتێبانەی کە ئێمەیان زۆر ماندووکرد. ئەو بەردەوام هانی خەڵک و بنکەکانی ئێمەی لە دژی ئێمە دەدا، داوای لێمان دەکرد ڕەخنە پیادە بکەین و شتەکان وەک خۆیان وەرنەگرین، ئەو پیرۆزیی فەرمانەکان و ئەو بۆچوونانەی لە لوتکەوە دەهاتن، ڕەت دەکردەوە.

کاک شاکەلی گشت نووسینە عەرەبییەکانی مەسعوود محەمەد، ئەوانەی لای هەبوون، بە من دا. بەڵام نووسینە کوردییەکانی، کە بەشی زۆری بەرهەمە فکرییەکانی پێک دێنن، ئەوە بەداخەوە نەمتوانی لێیان ئاگەدار بم چونکە شارەزاییی باشم لە شێوەزاری کوردیی باشوور نییە، ئەمەش کێماسییەکی کەسییە هەوڵ دەدەم لە داهاتوودا پڕی بکەمەوە.

پاش ئەوەی ئەم کتێبانەی مەسعوود محەمەدم خوێندەوە:

١- گێڕانەوەی هاوسەنگی بۆ تەرازوویەکی لەنگ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٧.

٢- دیتنێک لە بارەی لێکدانەوەی مرۆڤ بۆ مێژوو، بەغدا ١٩٨٥.

٣- زمانی کورد، چاپخانەی حەوادیس، بەغدا ١٩٨٧.

٤- بۆ مەزن گۆرباچۆف، سڵاو و تکا، چاپخانەی حەوادیس، بەغدا ١٩٨٨.

٥- بیرۆسترۆیکای گۆرباچۆف: ڕەخنە و شیکاری، بەشی یەکەم، چاپخانەی حەوادیس، بەغدا ١٩٨٨.

٦- بیرۆسترۆیکای گۆرباچۆف: ڕەخنە و شیکاری، بەشی دووەم، چاپخانەی حەوادیس، بەغدا ١٩٨٩.

٧- مرۆڤ و دەوروبەری، بەشی یەکەم، خانەی حوریە بۆ چاپ، بەغدا ١٩٩١.

ئەمە و کۆمەڵێک وتار و دیمانە کە لە ڕۆژنامە و کۆوار و کتێبە بۆنەییەکاندا بڵاو کراونەتەوە.

پاش خوێندنەوەم بۆ ئەم بابەتانەی ئاماژەیان بۆ کراوە، هەستم بە حەزێک کرد پاڵی پێمەوە دەنا بۆ نووسین، هەرچەندە ماوەیەکی باش بوو لێی دوورکەوتبوومەوە، بەهۆی دۆخگەلێکی تایبەتەوە ئێستە نامەوێ باسیان بکەم. بەڵام پێم وایە کە خوێنەر مافی ئەوەی هەیە بزانێ پاڵنەرم بۆ نووسینی ئەم وتارە چی بوو. ئایا حەزی ڕێزلێنان بوو؟ بەڵام من کێم تا ڕێز لە پیاوێک بنێم کە لە ئاستی مەسعوود محەمەد بێ، کە پێش لەدایکبوونم بە ١١ ساڵ کۆلیجی مافی لە زانکۆی بەغدا تەواو کردووە و، ساڵی ١٩٥٢ لە سلێمانی دادوەر بووە و، ساڵی ١٩٥٣ نوێنەری کۆیە بووە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا و، ساڵی ١٩٥٤ بۆ خولی پاشتری ئەنجوومەنی نوێنەران هەڵبژێردراوەتەوە. ئینجا بووەتە ئەندامی بەرەی نیشتمانی کە ١٠ ئەندامی لە ناودارترین

کەسایەتییەکانی ئەو سەردەمەی عێراقی لەخۆ گرتبوو. دروستکردنی ئەو بەرەیە هۆیەکی سەرەکی بوو بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران، پاش ڕاگەیاندنی ئەم بەرەیە بە ٨ ڕۆژ.

چاوی بە نووری سەعید و عەبدولکەریم قاسم و عەبدولسەلام عارف کەوتووە و، لە گشت ئەو دیدارانەدا خواستەکانی گەلەکەی خۆی بۆیان گواستووەتەوە و داوای هیچی بۆ خۆی نەکردووە و، بەپێی لۆجیک گفتوگۆی دەکرد و بانگهێشتنی بۆ گفتوگۆ و ئاشتیی دەکرد.

لە وەزارەتەکەی تاهیر یەحیا، لە نێوان ١٧ی حوزەیرانی ١٩٦٤ تا ١٥ی ئاداری ١٩٦٥، وەزیری دەوڵەت بوو بۆ ئاوەدانکردنەوەی باکور و، لە بارەی ئەزموونی خۆیەوە لە وەزارەتدا دەڵێ:

"دەستگرتنم بە وەزارەتەوە لە ساڵی ١٩٦٤، تەنیا یەکێک بوو لە خراپترین ئاکامەکانی دەستگرتنم بە هەڵوێستەوە، چونکە من ئەوسا بانگهێشتنم بۆ ئاشتی و وەلانانی شەڕ دەکرد، بۆیە کە ئەوە لە ١٠ی شوباتی ١٩٦٤دا هاتە دی، سروشتی بوو کە کوردێک لە بەرپرسیاریدا بەشداری بکا و نوێنەرایەتیی لایەنی ناو پرۆسەی ئاشتیی بکا، بەدبەختیشم وای کرد کە بەغدا منی بۆ ئەمە دەستنیشان کرد، لۆجیکی خۆیشم ناچارمی کرد کە ئەرکەکە ڕەت نەکەمەوە چونکە ڕەتکردنەوە لەلای منەوە ڕەتکردنەوەی لەلایەن گشت خەڵکەوە دەگەیاند و، بە دەستی خۆم هەوڵی ڕاستگۆیانەی خۆم بۆ بەدیهێنانی ئاشتیی تێک دەدا.

"بۆیە پەنام بردە بەر تەنیا ئەگەری پەسند کراو وەک پاساو بۆ لادانی بەرپرسیاری لەسەر خۆم بۆ سەر ئەوانی تر و، ڕەزامەندیی خۆم لەسەر وەرگرتنی ئەو پۆستە بەستەوە بە ڕەزامەندیی لایەنە سیاسییەکانی کوردەوە، بەباڵەکانیانەوە، لەبەر ئەمەش بوو دەرچوونی فەرمانی پێکهێنانی وەزارەت ٣ ڕۆژی تەواو دواکەوت، تا سەفەرم کرد و پێوەندیم بەست و گرفتەکە بە ڕازیبوونی هەموو لایەک چارەسەر بوو و... "

لە ڕاستیدا هۆکاری زۆر هەبوون، منیان بەرەو نووسین پاڵ نا، لێرەدا لە ٤ هۆکاری سەرەکیدا دیارییان دەکەم، کە ئەمانەن:

١- ڕاستگۆیی ئەم پیاوە لەگەڵ خۆی و لەگەڵ ئەوانی تردا. دیتنی خۆی بەگوێرەی قەناعەتی خۆی بوێرانە و بابەتییانە دەخاتە ڕوو، نە چاوەنواڕی پاداشتە و نە لە سزاش ترسی هەیە.

٢- خەمی نەتەوەیی، ئەو خەمەی مەسعوود محەمەد لە خەو دەکا و بەردەوام بەبێداری دەیهێڵێتەوە. کە بەدەوری ماڵوێرانیی گەلی کورددا دەخولێتەوە، ئەو ماڵوێرانییە لە ستەمدیدەیی و دواکەتن، لەلایەکەوە بەرجەستە دەبێ و لەلایەکەی ترەوە نەگەیشتنی چارەسەرە پێشنیازکراوەکان بەو ئاستەی کە لە توانایاندا هەبێ ڕووبەڕووی بەرەنگاربوونەوەکان ببنەوە.

٣- بەشداریکردن لە چەرمەسەرییەکاندا، مەبەستیشم لێرەدا ئازاری ئەزموونە لەگەڵ مەیلی دروشم بەرزکردنەوە لەلایەن چەپی کوردەوە، بەدرێژاییی چەند دەیەیەک، ئەو مەیلەی هەوڵەکانی پەرتەوازە کرد و، وزەکانی بەفیڕۆ دا، بەڵام هەر لەگەڵ توانەوەی بەفرەکەدا وەک

دەڵێن سەوزەگیا دەرکەوت، ئیتر هەمووان کەوتنە دۆخێکەوە کە کەس بۆ خۆی نایخوازێ. لە کاتێکدا کەتوارە ناهەموارەکە چاو دەردێنێ، چی ڕووی دا؟ بۆ ڕووی دا؟ هەر کەسە و خۆی لە بەرپرسیاری دەدزێتەوە و تاوانەکە دەخاتە سەر ئەوی تر، هەمووان تاوانبارن، ڕاست و چەپ و ناوەڕاست، بەڵام تاوانەکەی چەپ لە هەمووان گرانترە، چونکە توانەکانی گەورەتر بوون و، ئەو هیوایانەی بەوەوە بەند بوون زەبەلاحتر بوون. لە گشت ئەمانەش گرینگتر ئەوەیە کە ڕۆڵی ئەم لە لێکترازاندنی ڕیزەکان مەترسیدارتر بوو، ئەم مژدەی بەهەشتی بە لایەنگرانی دەدا، بەو مەرجەی بە توندی دەست بگرن بە ڕێنوێنییەکان و سێرەگرتن لە دوژمنە چینایەتییەکان، بەتایبەتی لە بۆرجوازیەتیی بچووک کە زۆربەمان لە گوانەکانی شیرمان خواردەوە.

٤– گفتوگۆی فەلسەفییانەی ڕەسەن، کە کاڵایەکی دەگمەنە لەناو ئێمەی کورددا. ئەو سەلمێنراوەکان وەک خۆیان قبووڵ ناکا، بگرە لە پێشەکییەکانیان ورد دەبێتەوە چونکە ئەو پێشەکییانە سەرچاوەی ڕاست و هەڵەکانن. بۆچوونەکە بە هێمنی و بابەتییانە دەخاتە بەر باسەوە، ئینجا دیتنی خۆی بەبێ پێچ و پەنا و نادیاری دەخاتە ڕوو. هەندێ جار لەگەڵ ئەودا ناکۆک دەبێ، بەڵام ناتوانی ڕێز لە ڕژدی و ڕەسەنایەتیی نەگرێ لەو داهێنانەی بە سادەیی دەیخاتە بەرچاو. ڕوونکردنەوەی ئەم پاڵنەرانە، وەک مەسعوود محەمەد خۆی لە نووسینەکانی سەرەوەدا بۆیان چووە، لەوانەیە یاریدەرمان بێ بۆ پێشکێشکردنی بابەتێکی مەعریفی بە خوێنەری جوامێر، کە لە ڕێیەوە بتوانی بڕوانێتە جومگە بنەڕەتییەکانی بیری مەسعوود محەمەد، ئەو بیرەی بەڕاستی شایانی تۆژینەوە و وردبوونەوەیە.

١– تێبینی دەکرێ کە مەسعوود محەمەد، لە نووسینەکانیدا، ئاماژە بۆ ناوی کەسەکان ناکا، مەگەر ناوی ئەو فەیلەسووف و بیرمەندانە نەبێ کە بۆچوونەکانیان بە بەڵگە دەهێنێتەوە یان دەیانخاتە بەر ڕەخنەوە. لە کاتێکدا ناوی سەرکردە و سیاسییەکانی چاوی پێیان کەوتووە و لەگەڵیاندا کۆک یان ناکۆک بووە، بە دەگمەن نەبێ جێیان لە نووسینەکانیدا نییە. پرسەکەش، بەبۆچوونی من، ناچێتە چوارچێوەی ڕەتکردنەوەی ئەو بۆ زەقکردنەوەی ڕۆڵی تاک لە مێژوودا. چونکە ئەو لە بنەڕەتدا دژی ئەو ڕۆڵە نییە، بگرە جەختی لەسەر دەکا و، داوا لە مارکسیستەکان دەکا چاو بە هەڵوێستیی خۆیاندا بخشێننەوە، بەڵام کاتێ داوای ئەو چاوخشاندنەوەیە دەکا، خۆی ناخاتە باوەشی شێوازی تاکپەرستی کە خۆی بەبێ دوو دڵی و ترس و لە گەرمەی شەڕدا، وەک دەڵێن، ڕووبەڕووی بووەتەوە.

دانایی لە دوورکەوتنەوە لە ناوهێنانی تاکەکان، لە کاتی پێویست نەبێ، وەک من دەیبینم، لەو دیتنە گشتگیرەوە دێ کە مەسعوود محەمەد لێیەوە دەستی پێ کردووە، ئەوەتا بەرژەوەندیی گشتی ئامانجی پشت گشت نووسینەکانییەتی، ئەو ناچێتە ناو وردەکاریی بابەتەکانەوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەریان، مەگەر ئەو وردەکارییانە پێوەندییان بە پرسی گشتگیرترەوە هەبێ. نووسینیش بەلای ئەوەوە بەرپرسیارییە، خاوەنەکەی ناچار دەکا چاودێریی بەرژەوەندیی مرۆڤ لە ئەمرۆ و داهاتوودا



بکا، بۆیە بەسەر هەڵەکاندا باز نادا، بەتایبەتی ئەگەر گەورە بن، چونکە ئەو (تا ڕادەی عیشق) حەزی لە ئاشکراکردنیانە. لەمەشدا گوێ بە ئاکامەکان نادا (لە قسەی ڕەقی نەیارە کەللەڕەقەکانی ناترسێ و، ئەگەر وا نەبووایە چۆن دەستی بۆ قەڵەم دەبرد). لە ڕووگەیەکی مەزهەبیی وشکهەڵاتووەوە ناکەوێتە ڕێ، جا ئەو مەزهەبە سیاسی بێ یان ئاینی. دەست بە باوەڕی خۆیەوە دەگرێ (کە وەک باوەڕی هەر مرۆڤێک کە خاوەنی دڵ و دەست و زمانی خۆی بێ لە ناخی دڵ و ویژدانەوە سەرچاوە دەگرێ). ئەو لەگەڵ خۆیدا پابەندە، نەک لەگەڵ شتێکی دەرەوەی بوونی خۆی. لەگەڵ ئەوەشدا ماوەی جارێک بە بیر و بۆچوونەکانی خۆیدا دەچێتەوە و، دەیانخاتە بەر ئەزموون و، ئەگەر بۆی ڕوون بووەوە کە پووچن بەئاسانی دەستیان لێ بەردەدا.

ئەزموونیش بەلای ئەوەوە، بە مانا ڕووتەکەی خۆی نایەت و، پێویست نییە لە پرسگەلی تاقیکراوەدا دووبارە بکرێتەوە، بگرە دەشێ هەڵێنجانی بۆچوون لە کەتواری دروستەوە جۆرێک بێ لە ئەزموون. ئەگەر واش نەبێ (ناچار دەبین گشت گفتوگۆکان ڕابگرین لە چاوەنوارِیی زنجیرەیەکی لەبن نەهاتووی ئەزموون‌دا). سەرباری ئەمەش، مەسعوود محەمەد بیرۆکە سەرەتاییەکان، واتە سیستمی ئیکسیەمی، ناخاتە بەر ئەزموونەوە، بگرە وای دادەنێ کە ئەزموون پێشیان کەوتووە. سەبارەت بە فەلسەفەش (پێویستە لەسەر سکەیەک بگیرسێتەوە کە تێیدا ڕاستییەکان زیانی پێ نەگەیەنن و بۆی نەبێ داوا لە خەڵک بکا نکوڵی لە ڕاستییەکان بکەن و درۆ لە پێناویدا بکەن). هەروەها نابێ (فەلسەفە و بیر ببنە قاڵبی دەروێشی و سۆفییاتی). واش دەردەکەوێ کە زۆری بەدەستی هەندێ ڕۆشنبیرەوە چەشتبێ، ئەوانەی بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ بۆچوونە مەزهەبییەکانیان جەخت دەکەنە سەر نکوڵی لە ڕاستییەکان یان شێواندنیان. لەوانەش سەیرتر، بەلای ئەوەوە (ئەو ڕۆشنبیرانەی بانگەشە بۆ شۆڕشگێڕی و خۆشەویستیی مرۆڤ دەکەن، دەبنە داردەستی ئەو تیۆریستە دڵڕەقانەی حەزەکانیی خۆیان بەسەر خەڵکە ئاساییەکەدا دەسەپێنن)، بۆیە دەڵێ (چەند دیمەنێکی سەیرە لە دوا چارەکی سەتەی بیستەمدا پیاوی خۆ بەزانا زان و بانگەشەکەری داواکردنی ماف، بە ناوهێنانی ڕاستییەکی بچووک تەنگاو ببن). ئینجا دەڵێ (ئەگەر ویژدان و مێشکی مرۆڤێکی تر بدزی ئەوە هەموو شتێکی ئەو دەکەوێتە دەستی تۆوە). بۆیە ڕوو لە ڕۆشنبیری تازە پێگەیشتووی کورد دەکا و، داوای لێ دەکا (خۆی نەکاتە پاسەوان بۆ بیری لە قاڵب دراو... چاوە تیژەکانی نەنووقێنێ... بەردەوام بۆ ڕەتکردنەوە ئامادە بێ، بەو مەرجەی نەبێتە ئامێری ڕەتکردنەوە... چونکە بتپەرستی هەر بتپەرستییە، لە چەپەوە سەرچاوەی گرتبێ یاخۆ لە ڕاستەوە). بۆیە داوامان لێ دەکا سازش نەکەین چونکە (ڕێزگرتن لە مێشک و مرۆڤایەتیمان بەسە بۆ ئەوەی ڕەخنە لە هەڵوێست و باوەڕ و فەلسەفەکان بگرین و بتوانین ڕەتیان بکەینەوە). لەبەرئەوەی چاوبەست کاری خۆی دەکا بەیارمەتیی (پەرستنی ڕووکەش و ڕووکەشبینیی خەڵکی ئاسایی). بۆیە گەڕانی بەردەوام بەدوای ڕاستیدا کاری شەو و ڕۆژی بوو و، ئەوەتا لەم بارەیەوە دەڵێ (کەم نەبوونە ئەو جارانەی چەندان ساڵ بۆشاییی بیر لەلام، شتێک

نەبووە لەوانەی دەمخوێندنەوە پڕی بکاتەوە)، ئەو ڕووداوەش دەشێ وەک ڕاستییەک وەری بگرین، پێویستە لەگەڵ ڕاستییە بڕوا پێکراوەکانی تردا گونجاو بێ، ئەگەر نا، ئەوە دژی ئاکامی ئەزموونێکی تر دەبێ، واش نەبێ سەرباری ماندووبوونی خاوەنەکەی بۆ بەدەستهێنانی، ڕەت دەکرێتەوە.

٢- خەمی نەتەوەیی:

ئەوەی لە گشت شتێک زیاتر خەوی مەسعوود محەمەد دەزڕێنی کەتوار و داهاتووی گەلی کوردیەتی، ئەو لەلایەکەوە هەموو سوود و چاکەیەک بۆ گەلی خۆی دەخوازێ، لەلایەکی ترەوە پێی وایە ئازارەکە سەختە و چارەسەرە پێشنیازکراوەکان لە ئاستی پێویست نین. ئەو سەرباری ئەوەی شێتانە گەلی خۆی خۆش دەوێ، مامەڵەی ڕۆمانسی لەگەڵ بابەتەکاندا ناکا، بگرە ئازایانە و واقعبینانە دەردەکە دەستنیشان دەکا. ئەو دان بە ڕادەی پاشکەوتوویییەکەدا دەنێ و، لە هۆکارەکانی دەکۆڵێتەوە، چاوەکان بەلای ئاستەنگەکاندا بەکێش دەکا، ئینجا هەوڵ دەدا ئاسۆکانی داهاتوو ئاشکرا بکا. بۆ نموونە دەڵێ (سەیر نییە شاعیری کورد لە کۆتای بیستەکاندا، لە بەخۆدا هەڵداندا پەنا دەباتە بەر سیفەتە شەڕوانییەکانی باپیرانی میدیاییی پێش ٢٦٠٠ ساڵ. ئەمە وەک هەژارێکی نەبوونە وایە خۆی بەسەر تیرەکاندا هەڵبکێشێ بە ژەمە خواردنێکی چەور کە لە جەژنی ڕەمەزانێک لە سەردەمی باوکیدا خواردوویەتی). ئینجا دەچێتە سەر ئەوەی بڵێ (ئێمەی کورد لە نێزیکترین وێنەمان لە کەتوارەوە، بە هەژار لەناو دەوڵەمەندان دەچین و، بە پەککەوتە لەناو قارەمانانی ئۆلۆمپیاد و، لاڵ لەناو وتاربێژان و، کەلەپچەکراو لە ناو چەکداران، ویستی ژین وامان لێ دەکا دەست بە هەموو شتێکەوە بگرین کە دەشێ بمانژیەنێ). بەم ڕوونی و بەم بوێرییە، مەسعوود محەمەد کەتواری کوردمان لە ئێستادا بۆ وێنا دەکا. ئەوەتا کورد لە هەموو شتێک بێبەشە کە مایەی شانازی بێ لە بەرامبەر گەلانی تردا، بۆیە پەنا دەباتە بەر مێژوو و، شانازی بە دەستکەوتی باپیران دەکا لە سەردەمانی کۆندا. فاکتەری سەرەکیش، بۆ گەیشتنی کورد بەم ڕۆژە، نەبوونی کیانێکی سیاسییە، کە کورد کۆ بکاتەوە و هەوڵەکانیان یەک بخا. مێژووی کورد لە ٢٥ سەتەی ڕابردوودا دەرکەوتنی کیانێکی نەتەوەیی بەخۆوە نەدیوە کە گەلی کوردی پەرتەوازە کۆ بکاتەوە (تاک و کۆمەڵەکانی کۆ بکاتەوە لەسەر ڕێبازگەلێک بۆ ژیان و هەڵسوکەوت و کۆمەڵایەتی کە بەهای نەتەوەییی گشتییان تێدا دروست بکا). یەکێ لە ئاکامەکانی ئەم دۆخەیش بریتییە لە لاوازیی هەستکردنی کوردان بە بەرژەوەندیی گشتیی مادیی دنیایی کە دەبێ بیانبزوێنێ و پاڵیان پێوە بنێ بۆ بەرگریکردن لێی و، یەکخستنی وتاریان لەبارەیەوە و، لێرەوە (مرۆڤی کورد، بە تێپەڕبوونی دەیان سەتە، هەلی لەدایکبوونی بەهاگەلی نەتەوەییی ڕێگر و دنەدەری لەدەست دا، کە تەنیا لە زێی کیانێکی سیاسییەوە دێنە دەر و، ئەو پێوەرانەی لە بەرچاوان بزر بوون کە بەهۆیانەوە هەڵسوکەوتی گشتی دەپێوێ و، ئەو بووەتە نەتەوەیییەی بزرکرد کە پێوەرەکانی تر دەڕژێنە ناویەوە. بۆیە هەرگیز لە ماوەی ڕابردوودا نەکەوتووەتە بەر لۆمە بەهۆی سستی لە جێبەجێکردنی ئەرکە

نەتەوەییەکانی، ئەو ئەرکانەی کە لەدایک نەبوونە و، ناوبانگی بەوە دەرنەکردووە کە هەڵوێستی دیار نواندووە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی و سنووورە گشتییەکانی هەرگیز بوونیان نەبووە... ئێمە لە لەوەڕگەیەکی بێ پەرژینداین و لە گەڕەکێکی بێ پاسەوان و شینایییەکی بێ داهۆڵ دەچین).

لێرەدا شیاوە ئاماژە بکرێ بۆ ڕێزگرتنی مەسعوود محەمەد لە قوتابخانە ئاینییەکان، کە بۆ زیاتر لە هەزار ساڵ لە ناو کورداندا بەربڵاو بوون. ئەو قوتابخانەی تەنیا دەماری زیندوو بوون کە ناوچە جیاجیاکانی کوردستانی بەیەکەوە دەبەستەوە و، قوتابییانی ئەو قوتابخانانە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر گەشتیان دەکرد و بەدوای زانست و زانیندا وێڵ بوون و، لە هەر شوێنێک کە بۆی بچوونایە وێنەیەکیان لە بارەی کەتواری ناوچەیی خۆیانەوە بۆ هاوڕێیانیان دەگواستەوە و، لە ڕێی ئەوانەوە شارەزای ئەوە دەبوون کە لێی بێ ئاگا بوون لە ناوچەکانیی خۆیاندا و، کاتێ دەگەڕانەوە زێدیی خۆیان، ئەوەی دیتبوویان بۆ گوێگرانیی خۆیان دەگواستەوە، بەمەش ئەم دەمارە جێی (دەمار و ڕەگە مادی و مەعنەوییە لە ژماردن نەهاتووەکانی ژیانی گەلانی تری خاوەن کیانی سیاسی و خاوەنی چارەنووس و بڕیاریی خۆیانی گرتبووەوە). ئەوەشی لە ئاکامی کەتواری لەتلەتبوونی گەلی کورد و دەرنەکەوتنی کیانێکی سیاسی لە چەندان سەتەدا بۆ ئەوەی کۆیان بکاتەوە، خۆی دەنوێنێ لە بەتاڵیی (یادگەی بۆ ماوەییمان لە هەر ئاماژەیەک بۆ بوونی گشتیی هاوبەشمان، ئەوانە نەبن کە ئاماژەن بۆ کەموکورتییەک).

لە هەمووشی سەیرتر، وەک مەسعوود محەمەد بۆی دەچێ ئەوەیە کە ئێمە (بە هەژارییەکی مادییەوە کە لەژێر ڕادەی پەرپووتیەوەیە، خۆمان کرد بە سەردەمی سامان و شۆڕشەکاندا، هەروەها بە هەژارییەکی مەعنەویشەوە گەورەترین بەتاڵی تێیدا بڕێتی بوو لە ونبوونی ڕەهەندی نەتەوەیی لە دنەدەرەکانی شانازیمان... ئەوەشی ڕادەی ژانمان زیاد دەکا ئەوەیە کە تەنیا ڕێگەی سەرکەوتن کە هەندێ میری کورد پێیدا سەرکەوتنە پێگەی بەرزی دەسەڵات، بڕێتی بوو لە کلکایەتی بۆ خاوەن دەسەڵاتە غەیرە کوردەکان، بەمەش لەوپەڕی بەهێزیدا بەهۆی بێگانەوە بەهێزە و، بە تیکەیەک کە هی خۆی نییە تێرە).

مەسعوود محەمەد زیاتر لەسەر باسی وردی نەهامەتیی کورد دەڕوا و دەڵێ (دەگمەنە لەناو گەلاندا گەلی وەک کورد هەبێ کە مێژوو بەبێ هیچ هێزێکی خۆییی بۆماوە و بەبێ هیچ هاوکارییەک کە لە دەرەوەی خۆیەوە بۆی بێ، هەڵیدابێتە ناوجەرگەی کێشمەکێشی نوێ، کە بە زانست و هێز و خۆشی پڕچەکە، لەمەشدا بە هێزبەر و ورەشکێن دەورەی دراوە).

لە ڕوانگەی ڕەسەنایەتیی بیریەوە و، فڕێدانی لێکدانەوە ناعەقڵانییەکان و، حەزکردنی لە بەگژداچوونی شتی نادیار و ڕەتکردنەوەیە پەنهانییەکانی، مەسعوود محەمەد دیتنەک دەخاتە ڕوو کە داوای وردبوونەوە و هەڵسەنگاندن دەکا بۆ ئەو هۆکارانەی بوونە مایەی دەرنەکەوتنی کیانێکی سیاسیی کورد، کە ئەو بەسەرچاوەی سەرەکیی نەهامەتییەکانی کورد بەدرێژاییی مێژوو دەیژمێرێ. بۆچوونی ئەو لە بارەی ئەم بابەتەوە ئاماژەیە بۆ هاوسەردەمیی دەرنەکەوتنی کیانێکی

سیاسیی کورد لە کوردستان لەگەڵ دیاردەیەکی تردا، کە کۆڵەگەکەی بریتییە لە بوونی سێ بنکەی ژیاریی گەورە لە دەورەی کوردستاندا، ئەم بنکانەش بریتین لە ئیمپراتۆریای ئێران لە ڕۆهەڵات و دەوڵەتانی ئاشوور و بابل لە باشوور و بەشێکی ڕۆئاوا، لەگەڵ ئیمپراتۆریای ڕۆمان و جێگرەوەکانی لە ڕۆئاوادا. یەکێ لە ئاکامەکانی ئەم دۆخە بریتی بوو لە ڕوودانی ئەوەی بە (خوێن بەربوونی ئابووری) ناوی دەبا (هەروەک چۆن ئاو لە چیاکانی کوردستانەوە ڕووی دەکردە خاکی ئەو دەوڵەتانە، بەهەمان شێوەش سامانە خاوەکانی خاکی کوردستانیش بەردەوام بەرەو ئەو دەوڵەتانە ڕێ دەکەن، بەبێ ئەوەی ڕێ خۆش بکرێ بۆ ئەوەی ببنە ناوکەیەک بۆ بازرگانییەکی ناوەخۆیی و تەوەری بزاوێکی ئابووری کە بەشەکانی کوردستان بەیەکەوە ببەستێ و توانی چالاکبوون و جۆرەوجۆراندنی سەرچاوەکانی ژیانی زیاد بکا).

ئەم خوێن بەربوونە ئابوورییە بووە هۆی ونبوونی سەرمایەی کوردی، ئەمەش ناوچەی کوردانی هەژار کرد تا ئەو ڕادەیەی نەتوانن خەرجیی کارباری زۆری دەوڵەت دابین بکەن، نە لە ناوەوە و نە لە دەرەوە. لەگەڵ نەبوونی ئەو سەرمایەیەش، هۆکارەکانی تری وەک یەکەتیی خاک و زمان و نەریت، نەیانتوانی ببنە چوارچێوەیەکی کۆکەرەوەی بەرگریکەر بۆ کورد. ئەوەش کە پاڵپشتیی ئەم بۆچوونەی مەسعوود محەمەد دەکا ئەوەیە کە (ئەوانەی ملیان لە خاکی کوردستان دەنا، هەر کاتێک ئارەزوویان بکردایە تێیدا نیشتەجێ ببن، ئەوانیش دەبوونی دیلی دەستی ئەو خوێنبەربوونە ئابوورییە و لەناو بۆتەی کوردا دەتوانەوە و نە دەوڵەت و نە دەسەڵاتیان نەدەما، لە کاتێکدا ئەوەی خاکی بابلی داگیر دەکرد، دەبووە میراتگری ئەوان و وەک ئەوان دەبووە حوکمڕان).

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمەشدا، مەسعوود محەمەد خۆی بەدەستی ئەو دۆخەوە نادا کە هەیە، بگرە لە گشت نووسینەکانیدا بانگهێشتن دەکا بۆ پێویستیی کارکردنی هاوبەشی کوردان، چونکە ئەگەر (ئێمە هەموومان کۆ ببینەوە، یەک دڵ و یەک دەست و یەک ئامانج ناتوانین ئەرکی بابەتی لەسەر شانی گەلی کورد هەڵبگرین، ئەدی دۆخەکە چۆن دەبێ کاتێ بە دژایەتیکردنی یەکترەوە خەریک دەبین). لێرەوە بەتەواوی شەڕی براکوژەی ڕەت دەکردەوە، چونکە پاساو بۆ ئەو شەڕە هەرچییەک بێ هیچ پێوەندییەکی بە بەرژەوەندیی ڕاستەقینەی گەلی کوردەوە نییە و، بگرە هەڕەشە لەو بەرژەوەندییە دەکا. (بەرژەوەندیی کوردی لەم دۆخەی ئێستایدا، ئەوەی پێ هەڵناگیرێ ڕۆڵە خەباتکارەکانی شەڕ بکەن و بە چەکی بێگانە یەکتری سەرببڕن). هەروەها ڕوو دەکاتە ئەوانەی بەگشت شێوەیەک هەوڵ دەدەن پاساو بۆ یەکتر سەربڕینی ناو ڕیزەکانی کورد بهێننەوە و، دەڵێ (ئەوانەی دەیانەوێ بە پاساوی شیکردنەوەی فەلسەفییانە هانی خەڵک بدەن بۆ شەڕکردن و بە واجبی دەزانن خەباتکاران لەناو خۆیاندا یەکتری سەرببڕن، ئەوانە زەهری مارە قەتیسەکانی ناو ناخیان دەڕێژن). بۆ جەختکردنیش دەڵێ (دەتوانم بڵێم ئەگەر کۆمپیوتەر لە جێی ئەو کەسانە دابنرێ کە بوونەتە مایەی کارەساتەکانی مێژوویی، یان ئەو خەڵکە ئاساییەی چوونەتە ناو ئەو شەڕانە و کوژراون و خەڵکیان کوشتووە و، چوونە ناو کۆمپیوتەرەکان و وەڵامی دوور لە سۆزیان

دایەوە ئەوە ٩٥٪ی کارەساتەکانی بەدرێژاییی مێژوویان پەردەپۆش دەکرد). ڕەخنەی مەسعوود محەمەد لە بزاوی نەتەوەییی کورد لەوەدا کە ئەم بزاوە بێبەشە لە (فەلسەفەیەکی نەتەوەییی تەواو کە گونجاو بێ بۆی و ببێتە مایەی پەرەسەندنی). سەرباری باڵادەستیی سەرکردەکان بەسەریدا و، دوورخستنەوەی بنکە لە پرۆسەی بڕیاردان. لە هەموو ئەمانەش خراپتر، خۆبەدەستەوەدانی بنکەیە بەم دۆخە نادروستە و، ئامادەییی بۆ هەڵگرتنی بار و تاوانی نووچخواردنەکان، وەک چەسپاندنێک بۆ بەپیرۆز زانینی سەرکردەکان و بەدوورگرتنیان لە هەڵە. لێرەشەوە بوو کە گۆڕەپانی کوردستان بەردەوام ناڵاندوویەتی بەدەستی دیاردەی (شیرینکردنی تاڵ و، جوانکردنی ناشیرین و، ناونانی شتەکان بەناوگەلێک کە دەربڕینی ڕاستییەکەیان نییە)، تا ئەو کاتەی (یەکتری سەربڕینی براکانی وەستاو لە ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن بووە نەریتێکی بەرنامەڕێژ و پاساودار و فەلسەفیکراو و شۆڕشوان و نیشانەیەکی دڵسۆزی بۆ بڕوا و پابەندبوون بەباوەڕ و دەستگرتن بە ماڵوێرانییەوە).

بەڵام گفتوگۆی گرینگ بەلای مەسعوود محەمەدەوە، لەگەڵ چەپی کوردە و بەتایبەتیش لەگەڵ شیوعییە کوردەکاندایە. ئەو زۆری چەشت بەدەست ڕەوتی دروشمچیی ئەوانەوە و، بەپیرۆز زانینی دەق و ڕێنوێنییەکانیانەوە و، پشتگوێخستنی ئازاری گەل لەلایەن ئەوانەوە، چونکە پێیان وا بوو پابەندبوونە ناونەتەوەییەکان گرینگترن. لە نووسینەکانی مەسعوود محەمەد ئەوە دەردەکەوێ کە هیچ دژایەتییەکی لە لادا نییە بۆ بیری مارکسیست خۆی، ئەو بیرەی چەندان ساڵ باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشابوو، بەڵام ئەو بەهۆی خەمە نەتەوەییەکەیەوە پێی وایە کە کوردە مارکسیستەکان، بەپێچەوانەی مارکسیستەکانی تر، دژ بە بەرژەوەندییە ڕاستەقینەکانی گەلەکەیانن، جا بە مەبەستەوە یان بەبێ مەبەست بێ.

٢- داماویی دروشمچییەتی

ئایدیۆلۆجیای مارکسیستی دروشمچی بەشێوەیەکی نیوەڕەها، بەسەر بیری بزاوی هاوسەردەمی، نێزیکەی ٤٠ ساڵ، کوردا زاڵ بوو تا وای لێ هات پایەندی بەو ئایدیۆلۆجیایەوە بووە پێوەری جیاکەرەوەی پێشکەوتنخواز و کۆنەپەرست. ڕەنگە لە ڕاستی لانەدەین گەر بڵێین هەندێکیان پێیان وا بوو کە هێڵی جیاکردنەوەی نیشتمانپەروەرییە لە دژەکەی. بۆیە سروشتی بوو، مەسعوود محەمەد و هاوڕایانی تووشی چەرمەسەریی زۆر ببن لەسەر ڕەتکردنەوەیان بۆ ڕێکردن لەگەڵ ئەو تەوژمە و بانگ کرد بۆ وردبوونەوە لە پێگەی گەڕان بەدوای ڕاستییەوە و، حەزی دڵسۆزانە لە بەشداربوون لە پرۆسەی داڕشتنی هێماکانی ڕێبازگە دوور لەو دروشم و وڕێنانەی لە تەواوی دۆخەکاندا ڕاوگەی گونجاوی مشەخۆر و هەلپەرست و خاوەن گرێیەکان بە هەموو جۆرەکانیانەوە بوون. ئێمە لێرەدا مەبەستمان نییە ئەو دیاردەیە بخەینە بەر ڕەخنە و شیکردنەوە، چونکە ئەوە پرسێکی ترە و بوارێکی تریشە. بگرە مەبەستمان ناساندنی خوێنەری جوامێرە بە هەڵوێستی مەسعوود محەمەد خۆی، لە پرسی بڵاوبوونەوەی ئایدیۆلۆجیای مارکسیستی بە ئاراستە دروشمچییەکەیەوە لە ڕیزەکانی لاوانی کوردا و، کاریگەرییە جۆرەوجۆرەکانی ئەو

بڵاوبوونەوەیە. بەڵام بەر لە دەستپێکردن، پێویستە دوو پرس ڕوون بکرێنەوە:

یەکەم: گفتوگۆی مەسعوود محەمەد لەسەر مارکسیزمی کورد ئەگەر ئەم ناونانە گونجاو بێ پێش هەر شتێک لەسەر خەمی نەتەوەییی ئەو بنیات نراوە.

دووەم: مەسعوود لە ڕوانگەی ڕەوتێکی دوژمن بە مارکسیزمەوە ئەم کارە ناکا. بەپێچەوانەی بۆچوونی هەندێک، یان وەک ئەوەی ڕەنگە هەندێکی تر لێی تێبگەن. ئەو وەک فەلسەفەیەک مامەڵەی لەگەڵدا دەکا، کە بە ئایدیۆلۆجیا دێتە ژماردن و شتی باشی هەیە و لەنگیشی هەیە. بەڵام لە بەرامبەریشدا گلەیی لەو کوردانە دەکا کە ئەو ئایدیۆلۆجیایەیان گرتووە و بانگەشەی مارکسیبوون دەکەن، بەڵام نەیانتوانی شتێک بۆ خزمەتکردنی پرسی گەلەکەیان بکەن کە شیاوی ناوهێنان بێ، ئەو گەلەی زیاتر لە دوو هەزار ساڵە بەدەستی نەهامەتییەوە دەناڵێ. لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بکەین بۆ ڕێزگرتنی ئەو لەو کوردانەی بەبڕواوە پابەندی مارکسیزم بوون و، پێی وایە ئەوان پێگەیشتووتر و هاوسەنگترن لەوانەی تر، بەڵام لە هەمان کاتدا جەخت دەکا لە (زماندرێژترین خەڵک و خاوەن چەپەڵترین ویژدان و بێحەیاترینیان لە بەرامبەر گشت شتێکی بەهادار و پایەبەرز، بەکرێگیراوە هەلپەرستە خاوەن ویژدانی فشۆڵەکانی هەموو میللەت و باوەڕەکانن، لە گشت شوێن و کاتێکدا). سەبارەت بە گەڕانیش بەدوای هۆکارەکانی باڵادەستیی مارکسیزم بەسەر کەشی بزاوی سیاسیی کوردا بە تەوژمە جۆرەوجۆرەکانیەوە، تا ئەو ڕادەیەی گردبوونەوەی کورد لەژێر ڕەشماڵی مارکسیزمدا (هەژار و دەوڵەمەند و گشت ئاین و ڕەگەز و چینەکانی کۆ دەکردەوە).

گەڕان بەدوای هۆکاری ئەم باڵادەستییەدا بڕبڕەی بابەتە گرینگەکانە بەلای مەسعوود محەمەدەوە، چونکە لەبەر ڕۆشناییی ئەو هۆکارانەدا دەتوانین لە کاریگەریی ئەو هەوڵانە ورد ببینەوە کە لە چوارچێوەی پابەندبوونی کوردی بەمارکسیزمەوە دراون. لە پێشەوەی ئەو هۆکارە پێوەندیدارانەدا، مەسعوود محەمەد ئاماژە دەکا بۆ (پرشنگداریی مارکسیزم و گیانی سەرکێشی و گەنجی لەو بیرەدا و، هێنانی مژدەی دادوەریی کۆمەڵایەتی و گێڕانەوەی مافی جادوولێکراوان و ئەوانی تری خاوەن خەباتی ناونەتەوەیی). بەڵام ئەوەی ڕووی دا ئەوە بوو کە (کورتهێنانی کەتواری ژیاری و، پاشکەوتوویی مادیی ناوچەی کوردەواری وایان دەخواست جۆرێک لە مارکسیزم بڵاو ببێتەوە کە ئەویش وەک پێویستییەک دەبوو لە چاو مارکسیزمی وڵاتانی پێشکەوتوودا دواکەوتوو بێ. بۆیە ئەوەی لە بیری مارکسیزمدا دروست بوو بەدەستی پیرەوکارانیەوە شکا و، ئەوەی بەدەستیانەوە نەشکا، شیاوی گونجاندن نەبوو لەگەڵ ڕاستییە باڵادەستەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردەواری کە لە گشت ڕوویەکەوە جیان لەو ڕاستییە ئەورووپاییيانەی مارکسیزم لە ناویاندا لەدایک بوو و لەکاتی گەشەکردنیدا دەورەیان دابوو).

لەم بوارەدا مەسعوود محەمەد ئەو بیانووە هەڵدەوەشێنێتەوە کە هەندێکیان پەنای بۆ دەبەن، کاتێ دەڵێ (ئەو کەسە بەهەڵەدا چووە کە پێی وایە بەرژەوەندییە مادديیەکانی سەر خاکی کوردان دژی چەپ و شوعیەت وەستاون، چونکە ئەو بەرژەوەندییە ماددییانە ئەوەندە پووچ و لاواز و سست

و کلک و هەڵوەشاوە و بێ ئاگان لەخۆ، بە شێوەیەک هەرگیز شەرەفی ئەوەیان نەبووە لە ڕووی هیچ شتێکدا بوەستن. سەرقاڵیی ئەو بەرژەوەندییانە بە تەماحی بێنرخ و بەگژیەکداچوونەوە زۆر بەهێزتر بوو لە توانای وەستانیان لە ڕووی ئەو بیرانەی هەڕەشەیان لە بوونیان دەکرد).

کاتێکیش دەچینە سەر ئەو وێنە فرەوردەی مەسعوود محەمەد بۆ مارکسیستی کورد دەیکێشی و، نیشانەی شارەزاییەکی بەربڵاو و ژانێکی درێژخایانە، دەبینین ئەو وێنەیە ڕەنگدانەوەی قووڵی و بەرفرەوانیی ئەو تراجیدیا واقعییەیە کە گشتمان گیرۆدەی دەستی بووین و، کات و وزەی زۆری لێمان سەند. بەڵام نەمانتوانی بگەینە بەشێکی کەمیش لەو خواستانەی زۆربەی کات بە خەیاڵماندا دەهاتن و بەسەر مێشکماندا زاڵ بوون. مارکسیستی کورد لە هەموو مارکسیستەکانی دنیا زیاتر پابەندە بە دەق و دروشمەکانەوە، تا ئەو ڕادەیەی توانی شاردنەوەی تووڕەیی و بێزاریی خۆی نەبوو، لە بەرامبەر یەکێ لە حزبەکان کاتێ ئەو حزبە دەیویست کەم یان زۆر خۆی لە حزبی شیوعیی سۆڤیەتی ئەو سەردەمە دووربخاتەوە. تاکو شوعیی کورد وای لێ هات لەپێناو دەستگرتنی توند بە دەقەکانەوە- خۆی تاوانبار بکا و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان بکا بەقوربانی بۆ بەرژەوەندییە ناونەتەوەییەکان و، ئەوەی لەبیر چووەوە کە شەڕی نەتەوەی کورد لە ژیاندا شەڕی مان و نەمانە، شەڕی نەتەوەیەکە کە زیاتر لە دوو هەزار ساڵە قەوارەی تایبەت بەخۆی نییە.

ئەوەی زۆر سەیریشە ئەوەیە کە شوعیی کورد، چەند پلەی حزبیی بەرزتر ببێ زیاتر نکۆڵی لە ئەسڵی خۆی دەکا (لەو کاتەدا هیچ نەتەوەیەکی ڕەش یان سپی یان سوور یان زەردی لەبیر نەدەکرد لەسەر ڕووی زەوی و پشتگیریی خۆی بۆی دەربڕێ). چونکە ئەم شوعیە پێی وا بوو کە پێویستە تۆمەتی شۆڤینیزم لەخۆی دوور بخاتەوە و، ئامرازی بەدیهێنانی ئەمەش پشتگوێخستنی نەتەوەکەی بوو، بگرە بەمەش نەوەستا و لە کاتی پێویستدا هێرشی دەکردە سەر مێژووەکەیشی. لە گشت ئەمانەش سەیرتر ئەوەیە کە نەتەوەپەروەری کوردیش خۆی ملکەچی ئەم وەهمە دەبوو و، لەبیری دەچوو کە کورد ناکارێ (بەهۆی هەژاری و نابووتی و لاوازییەوە، شۆڤینیست بێ، تەنانەت ئەگەر بەڕووکەشیش بێ).

ئینجا مەسعوود محەمەد لەسەر بەراوردێک دەوەستێ، کە لە یەک کاتدا مایەی پێکەنین و مایەی گریانیشە، لە هەڵوێستی چەپی کوردی بەگشتی و، شوعیی کورد بەتایبەتی کە بەم شێوەیە خۆی دەنوێنێ: ئەگەر داگیرکەر ددان بەمافی گەلێکی تر لە گەلاندا بنێ، چەپی کورد ئەم ددانپیانانە دەگێڕێتەوە بۆ خەباتی ئەو گەلە کە توانیی داگیرکەر ناچار بکا ددان بە مافەکانیدا بنێ. بەڵام ئەگەر ئەو ددانپێدانانە ئاڕاستەی گەلی کورد بکرایە، چەپی کورد و شیوعیی کورد، ئەوپەڕی هەوڵیان دەخستە گەڕ بۆ ئاشکراکردنی نیازە خراپەکانی پشت ئەو ددانپێدانانە و، وریاداریی دەدا لە وەڵامی ئەرێنی بۆ ئەو ددانپێدانانە).

ئیتر لەناو ئەم چوارچێوەیەدا بوو، مارکسیستی کوردی بەبەردەوامی خستە پێگەی بەرگری لەو دەستەوارەیەی ستالین لەگەڵ هاوپەیماناندا ئەنجامی دا و، بەپێی ئەو دەستەوارەیەوە کۆماری

ساوای مەهاباد لەناو برا، ئەوەتا (خەباتکەری چەپی کورد جەختی دەکرد و تا ئێستاش جەخت دەکا لەوەی پاساو بۆ ئەو دەستەوارەیە بهێنێتەوە و دەڵێ، ئەو دەستەوارەیە ئاشتیی دنیای پاراست لە ڕێی قوربانیدان بە بەشێک لەپێناو گشتدا)، دەبێ ئەوە چ ئاشتییەک بێ کە نەتەوەیەک بەتەواوی تا ئەمڕۆ باجەکەی دەدا.

لێرەدا هەلەکە دەڕەخسێ بۆ مەسعوود محەمەد بۆ ئەوەی باسی هەڵوێستی یەکەتیی سۆڤیەت بەرامبەر بە پرسی کورد بکا، بەتایبەتی لە ١٩٢٠ـەکاندا. ئەو هەڵوێستە دژبەرییەکی سەیری لەخۆ گرتبوو، چونکە یەکەتیی سۆڤیەت لەو کاتەدا خەریکی بنیاتنانی (دۆستایەتی بوو لەگەڵ دوژمنانی کورد بەبیانووی ئەوەی ئەو دوژمنانە لەگەڵ داگیرکەردا ناکۆکن، بەمەش دەچووە پاڵ لایەنێک کە ستەمی لە کورد زۆر لە ستەمی داگیرکەر لە گەلانی تر زیاتر بوو، بەمەش کورد لە مافێک دادەماڵی کە بەهێزتر بوو لە مافی سۆڤیەت لە پاراستنی بەرژەوەندییەکی لاوەکی ئەگەر لەگەڵ بەرژەوەندیی کورد و مافی لە ژیاندا بەراورد بکرێ). مەسعوود محەمەد ددان بەو ئاستەنگە گەورانەدا دەنێ کە ڕووبەڕووی خەباتی کورد دەبنەوە و، پێشانی دەدا کە ئەو خەباتە زیاتر بە خۆکوشتن دەچوو بەڵام (کە کورد سواری کەشتیی مەرگ دەبن، ئەوە نابێتە پاساو بۆ دەستخۆشی لە بکوژەکانی). لەگەڵ گشت ئەمانەشدا، ئەم بیرمەندە ڕەسەنە، پرۆسەی لۆمەکردنی کەسانی تر و ئاماژەکردن بۆ نەنگییەکانیان و ئاشکراکردنی فشەڵیی بەڵگەکانیان و دەمارگرژییان ناکاتە سەرچاوەی بیر و ڕێچکەی کار، بگرە دیتنێک دەخاتە ڕوو، بەبێ بیرەبیر و ترس. ئەوە دەڵێ کە پێی ڕاستە، گوێش بەوە نادا کە گونجاوە یان دژە لەگەڵ ئەو بۆچوونە گشتییانەی ڕۆژێک لە ڕۆژان وەک گوتمان بووبوونە شتی پیرۆز کە ناشێ دەستکاری بکرێ و دەقگەلێک کە مایەی گفتوگۆ نەبوون. ئەو کاتێ باسی فەلسەفەی مارکسیست دەکا وا دەکا و، پێشانی دەدا چۆن بەدیتنی ئەو کرایە ئایدیۆلۆجیایەکی ڕێگر کە بەشداریی کرد لە دواخستنی پێشکەوتنی ئاشتییانەی هاوسەنگ و، ئەوەش بووە هۆی ئاکامی کارەساتاوی لە گشت بوارەکان. ڕەخنەی مەسعوود محەمەد لە مارکسیزم بەپلەی یەک لە بۆچوونی گشتگیری ئەم بیرەیە، ئەوەتا لە ڕووی کاتەوە (گشت ئەو ماوەیە دەگرێتەوە کە لە نێوان دەرکەوتنی مرۆڤ تا کۆتای بوونی مرۆڤە) و، لە ڕووی شوێنیشەوە هەموو زەوی دەگرێتەوە و، لە بواری مرۆڤینیشەوە (گشت مرۆڤێکی سەر زەوی لەخۆ دەگرێ). بەمەش، بەدیتنی ئەو، مارکسیزم جیایە لە ڕێچکە بیرمەندانەکانی تر کە تایبەتن بەکۆمەڵێ خەڵک لە سەردەمێکی دیاریکراودا. هەروەها جیایە لە مەعریفە زانستی و فەلسەفییەکان بەوەی چارەسەری بۆ گشت پرسەکان پێیە. بەڵام سەرباری ئەم گشتگیرییەش، مەسعوود محەمەد پێی وایە مارکسیزم لە کۆتادا دیاردەیەکی ئەوروپاییە و بۆچوون و گوتەکانی لە کولتووری بیری فەلسەفیی ئەوروپای کۆنەوە وەرگرتووە، تا ئەو ڕادەیەی (ئەو لایەنەی کە لەسەر ئیلحاد حسێبە، لە بیرگەلێکی ترەوە وەرگیراوە کە پێش بوونی ئەو هەبوونە و، بەئاشکرا وەک بەشێک لە بیرکردنەوەی ئەوروپایی ئاڵوێریان پێ دەکرێ). ئەمەش لەوێوەیە کە هەوڵی سەپاندنی مارکسیزم وەک

ئایدیۆلۆجیایەکی گشتگیر بەسەر کەتواری گشت کۆمەڵگەکاندا، کە کۆمەڵگەی کوردەواری یەکێکیانە، بێگومان دەبێتە مایەی هەڵەی زۆر کە هاوکاری دەکا لە ئاڵۆزکردنی دۆخەکە و سەختکردنی. بەڵام محەمەد بەوەوە ناوەستێ، لە بواری دیاریکردنی ئاراستەکانی هەڵوێستی خۆی لە مارکسیزم، بگرە گفتوگۆ لەسەر پرسە بنەڕەتییەکانی مارکسیزم دەکا و، ڕای خۆی لەسەر هەریەکێکیان پێشان دەدا، چونکە پێی وایە ئەوان دەربڕی سروشت و ڕاستیی شتەکان نین و، بانگهێشتن دەکا بۆ پێداچوونەوەیان و پێویستیی دوورکەوتنەوە لەو شتانەی سەردەم بەجێی هێشتوون.

لەبەرئەوەیش کە بواری پێشکێشکردنی تۆژینەوەیەکی بەوردەکاریمان نییە بۆ گشت ئەو پرسانەی لە نووسینە جیاجیاکانیدا باسیانی کردووە، پێمان باش بوو ئاماژە بۆ دیارترینیان بکەین، بەو ئومێدەی لە داهاتوودا بوارمان هەبێ بابەتەکەی بەشێوەیەکی فرەوانتر و قووڵتر بخەینە بەر باسەوە.

٤- ڕەسەنایەتیی بیر

تەواو ڕوونە کە مەسعوود محەمەد ددان بەو تابلۆ پێنج لایەدا نانێ کە ستالین بەسەر حزبی شوعیی سۆڤیەت و حزبە شوعییەکانی تردا سەپاندی، بگرە پێی وایە کە پێویستە (قۆناخی شوعیەتی سەرەتایی) لابدرێ، چونکە هاوبەشە لە نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ و، بەتاڵە لەو (ئابوورییەی لە مارکسیزمدا سیفەتی قۆناخەکانە و بزووێنی پێشکەوتنە).

سەبارەت بە کۆیلایەتیش، پێی وایە کە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، نەک قۆناغێک، لەبەرئەوەی (زادەی ئابووری و ژیار نییە، بگرە سەرچاوەی سەرەکیی کۆیلایەتی شەڕە). ئەوەتا گەلی کورد، بۆ نموونە، کۆیلایەتیی نەدیوە چونکە (داگیرکەر نەبووە تا خەڵکی تر بکاتە کۆیلە و، دەوڵەمەند نەبووە تا خاوەن پلە و خانەدانەکانی کۆیلە بخەنە پاڵ خزمەتچییەکانیان).

دەرەبەگایەتیش (لە شوعیەتی سەرەتای یان لە کۆیلایەتییەوە سەرچاوەی نەگرتووە، بگرە پاش قۆناغی پایەداری دێ و لە کشتوکاڵ و خاوەنداریەتیی زەوییەوە سەرچاوەی گرتووە و، ڕاستترە ناوی قۆناخی کشتوکاڵ یان خاوەنداریی زەویی لێ بنرێ). ئەمە لەو کاتەدا کە بۆرجوازیەتی (زادەی دەرەبەگایەتی یان کشتوکاڵ نییە و، کوڕی شارە و هیچ ڕەگێکی لە گوندا نییە). لە کۆتادا سۆسیالیزم (لە گەشەکردنی بۆرجوازیەت یان پێشکەوتنی ژیارییەوە سەرچاوە دەگرێ، نەک لە ڕێی مارکسیزمەوە، لەبەرئەوەی بناغەی ماسوولکەیی و ماددی لە بنیاتی مارکسیزمدا بەرەو شێوازێکی سۆسیالیزم دەمانبا کە لەسەر داپڵۆسین بنیات نراوە).

تێبینیی ئەوە دەکرێ کە مەسعوود محەمەد خۆیشی پێی وایە سۆسیالیزم پوختەی پێشکەوتنی کۆمەڵگەی مرۆڤینییە، بەڵام ئەو بیرۆکەی پێشکەوتنی ئاشتییانە پەسند دەکا، کە لەسەر بیرۆکەی دژایەتی و دژبەریی بەرژەوەندییەکان بنیات نەنراوە، بۆیە بیرۆکەی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا وەلاوە

دەنێ و، پێی وایە کە (زاراوەیەکی بێواتەیە و جۆرێکە لە گاڵتەکردن بە خۆ و بەوانی تر).

ئەو پێی وایە کە دیموکراسی باشترین شێوازە و، هەر دەبێ پەنای بۆ ببرێ بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگە و چارەسەرکردنی گرفتەکانی، لەبەرئەوەی بڕیاری زۆرینە هەرچەندە (عەیبدار و کەموکوت بێ لە هەندێ ڕووەوە، بەڵام وەک ئەو سروشەی لە ستالینەوە دێ نابێ کە شیاوی هەڵوەشاندنەوە نییە، بگرە دەکرێ لە ڕێی هەمان ئەو ویستە ئازادەی هەڵی کردووە، هەڵەکان ڕاست بکرێنەوە، دواتر بڕیاری زۆرینە لە گشت کاتێکدا جوامێرانەتر و گونجاوترە لە بڕیاری کەمینەی خۆبەزلزان، کە ناکرێ ڕەخنەی لێ بێتە گرتن). هەروەها دیموکراسی (شتێکی ڕوونە لێکدانەوە هەڵناگرێ، پاش هەبوونی پشتیوانێکی ژیاری بۆی لە کەتواری کۆمەڵگە و هەبوونی بڕوایەکی ڕەها پێی، بەلای کەمەوە و، بریتییە لە حوکمێک کە دەرهاویشتەی فرەمەزهەبی، یان فرەحزبییە و، ڕێگرە لەوەی لایەنێکی حزبی یان ئایدیۆلۆجیایی بەتەنیا حوکمڕانی بکا لە ڕێی داپڵۆسینی ئەوانی ترەوە). بەڵام سەیر لەم ڕووداوەیە کە مەسعوود محەمەد تێبینیی دەکا و وریاداریی لێ دەدا، ئەویش ئەوەی کە (دڵڕەقترین ڕێژیمەکان و یەکلاکەرەوەترین و نکۆڵیکەرترینیان لە مافی گەل لە هەڵبژاردندا، ئەو ڕێژیمانەن کە دەنگیان لە هەمووان بەرزترە لە ڕاگەیاندنی بەپیرۆززانینی دادوەریدا... هیچ یەکێکیش لەو ڕێژیمانە هەرگیز بێبەش نەبووە لە موهەریج گەورە لەناو ئەدیب و هونەرمەند و زمانشیرین و قەڵەمبەدەست و پەڕەمووچی داهێنەر، کە کاریان کردووە بۆ بەرزڕاگرتنی خێروبێری دیموکراسی لە سایەی ئەو پارێزەرەیدا، کە لە ڕاستیدا تەنیا دیموکراسییەکەی دزیوە).

سیستمی دیموکراتی ڕاستەقینە، بەدیتنی مەسعوود محەمەد، لەسەر ڕێزگرتن لە ئازادیی تاک بنیات دەنرێ، وەک چۆن سۆسیالیزمی زانستیی ڕاستەقینە لە بنەوادا لەسەر (کۆمەڵگەیەکی ئازاد لە هەڵبژاردن و ویست لێنەسەنراو بنیات نراوە، کە مافی هەڵسوکەوت و ڕەخنەگرتن و ڕەتکردنەوەی بیرۆکەی کەمکردنەوەی (مرۆڤ) لەژێر دروشمی کەمکردنەوەی چینەکاندا هەبێ. پێویستی بە ڕوونکردنەوەیش نییە، کە ئازادیی گشت بەواتەی ڕێزگرتنی هەر تاکێکە لە ئازادیی تاکەکانی تر، ئەگینا ئازادی لە ماوەی تەنیا دوو ڕۆژدا لەناو دەچێ).

خاوەندارییی تاکیش، کەسایەتیی تاک بەهێز دەکا و پارێزراوی دەکا لە ڕووی هەر هەڕەشەیەک بۆ ئازادی و توانی دەربڕینی بۆچوونەکانی، هەروەها ئارەزوویەکی سروشتیی مرۆڤە و لەناوبردنی دەبێتە مایەی شێواندنی مرۆڤ لەناوەوە (چونکە ئەگەر مرۆڤ بێ کەموکورتی بێ، پێویستە ماڵێک و هۆکارێکی گواستنەوە و باخچەیەک و کەلوپەلی گونجاوی هەبێ... هەروەها پارەی لە بانک هەبێ و پاش خۆی بۆ منداڵەکانی بمێنێتەوە). هەروەها خاوەندارییی جووتیار بۆ زەوییەکەی باشترین بەڵگەیە لەسەر تەواویی مرۆڤینیی جووتیارەکە و، ئەو جووتیارەی ئەم حەزەی نەبێ (قۆڵبڕێکی جووتیارییە کە دەسەڵات پاڵی پێوە ناوە تا بچێتە ناو ڕیزی جووتیارانەوە). ئینجا مەسعوود محەمەد دەڵێ (ئێمە لە نیشتمانی خۆماندا لەناو جووتیاراندا ژیاوین و دیومانە کە بەلای

جووتیارەوە هیچ جیاوازییەک لەنێوان زەوی و ناموووسدا نییە و، دیومانە ئەو زەوییەی خۆشتر دەویٚ کە لەمێژە تێیدایە لەو زەوییەی تازە چووەتە سەری و، بەزەیییەکی تایبەتی هەیە بەرامبەر بە بزنێک کە لەناو ماڵەکەیدا لەدایک بووە). لەناو چوارچێوەی ئەم بۆچوونەدا، مەسعوود محەمەد گومان لە ڕاستیی پرسی زیادەی بەها دەکا و، پێی وایە کە (تیۆرییەکی سیاسییە، بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراوە لە خەباتی چینایەتیدا و ئەوەندە ڕاستییەی بەسە کە بتوانێ بەهۆیەوە چەوساوەکان بورووژێنێ). پرسی زیادەی بەها، ڕەنگە لە سەتەی ١٩دا و، پێشتریش، هۆکارێک بووبێ بۆ کەڵەکەبوونی سامان لە ڕێی هەڵخەڵەتاندنی بەرهەمهێنەکانەوە، بەڵام ئێستە ئەمە ڕاست نییە، چونکە کرێکار لەپاڵ خاوەن کاردا سوود لە بەکاربەر وەردەگرن و، ئێستا کرێکار بەشدارە لە (بەشێکی بەرچاوی قازانجەکانی خاوەنکار).

وەک خۆگونجاندنێک لەگەڵ ئەم دیتنەدا، مەسعوود محەمەد، بۆ ڕوونکردنەوەی سروشتی پێوەندی و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان، بیرۆکەی هەرەمە کۆمەڵایەتییەکانی پێ پەسندترە لە چ بیرۆکەی چینە کۆمەڵایەتییەکان. ئەو پێی وایە کە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان برێتین لە هەرەمگەلێکی کۆمەڵایەتی کە بنکە و لووتکەیان هەیە و، لە سەرووی ئەوانیشەوە هەرەمگەلی تر هەن، ئەوانیش بنکە و لووتکەیان هەیە و، بەم شێوەیە بەردەوام دەبێ (تا گەیشتن بە لووتکەی لووتکەکان لای سەرۆکی دەوڵەت). ئێمە ڕووبەڕووی کێشەی (ڕۆژانە دەبین لە شێوە هەرەمییەکەی کۆمەڵگەدا زیاتر لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگ بەهۆی جیاوازیی چینایەتییەوە، ڕەنگە لە ١٠٠ ساڵدا یەک پێکدادانی چینایەتی ڕوو نەدا و، ئەگەر لە کوفە ڕوو بدا لە ڕواندز دادەمرکێتەوە... لە کۆنیشدا ئەم پێکدادانە لە دەگمەن دەگمەنتر بووە).

هاوشانی ئەم هەڵوێستەش، مەسعوود محەمەد گومان لەو بۆچوونە دەکا کە دەڵێ ململانەی چینایەتی پێشکەوتنی مێژوویی ڕوون دەکاتەوە. ئەو باوەڕ ناکا کە (جووتیاران کە ژمارەیان بە ملیۆنە، لە گشت کات و شوێنێکدا لە ماوەی ٥٠٠٠ ساڵدا ململانەیان لەگەڵ ئەو ژمارە کەمەی دەرەبەگەکانەوە کردووە و، بۆ یەکجار و تەنانەت لە یەک نیشتماندا نەیانتوانیوە لایان بدەن و لە خراپەکارییان ڕزگاریان ببێ). ململانەی بنەڕەتی ئەو کات و ئێستەش لەسەر دەسەڵاتە کە برێتییە لە (لووتکەی لووتکەکانی هەرەمی کۆمەڵایەتی و نوێنەرایەتیی بەرژەوەندییەکی تایبەت بەخۆی دەکا، کە تەواو جیاوازە لەگەڵ بەرژەوەندیی ڕووی ئەو هەرەمە ناتەواوەی ژێری). یەکێکی تر لە بۆچوونەکانی مەسعوود محەمەد لەم بوارەدا برێتییە لە (پلانەکانی ناو کۆشک، دژ بە لووتکە، بە تەنیا مەترسیی ڕاستەوخۆن لەسەر ئەو لووتکەیە و بەراورد ناکرێ لەگەڵ هیچ جۆرە هەڕەشەیەکی جەماوەری کە لە دوورەوە بێ). بەدیتنی ئەویش، ئەم لێکدانەوەیە پشتیوانی هەیە لەوەدا کە (هێزی دەستوەشێنی دەسەڵات، کە برێتییە لە سوپا و پۆلیس و شوێنکەوتەکانی ناو حەرەمسەرا و کۆشک، زۆرینەکەی برێتییە لە ڕۆڵەکانی چینەکانی خوارەوە). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کە دیاردەی دەوڵەت لای مەسعوود محەمەد هاوشێوەی لێکدانەوەی مارکسیستی دیاردەکە نییە، کە دەڵێ

دەوڵەت ئامرازێکە بۆ ڕێخۆشکردن بۆ بەردەوامیی چینی چەوسێنەر لە چەوساندنەوەی چینەکانی تر. یەکێ لە تێبینییەکانی مەسعوود محەمەد لەسەر ئەم دیتنە ئەوەیە کە (گەلێک کۆمەڵگە هەن چینیان تێدا دروست بوو، بەڵام حکوومەتیان تێدا دروست نەبوو، کوردستانیش یەکێکە لەوانەی ئەم تیۆرییە ڕەت دەکەنەوە، لە زۆربەی زۆری مێژووی و لە فرەوانترین بەشی زەوییەکەیدا).

لەم بوارەدا، مەسعوود محەمەد ئەو بۆچوونە مارکسیستە بەپاش دەداتەوە کە بانگهێشتن دەکا بۆ دانانی پێشکەوتنی هۆکارەکانی بەرهەمهێنان بە بنەوای گشت پێشکەوتنێکی کۆمەڵایەتی، چونکە ئەم بۆچوونە یەکەمایەتی بە ئامێر دەدا، کە هەر چییەک بێ بەرهەمێکی مرۆڤە، (مرۆڤیش دەکاتە پاشکۆی ئامێر و، وای پێشان دەدا کە دەستەوەستان وەستاوە و چاوەڕوانی دەستی کەرەمی ئامێرە). بیرۆکەی جێگرەوەیش بۆ ئەمە برێتییە لە بیرۆکەی (هەوڵی ژیان) کە (پێک دێ لە دژایەتیی نێوان هاوکاری و لەیەکتر تێگەیشتن و برایەتی و دۆستایەتی). بیرۆکەی هەوڵی ژیان یان



مانەوەی لەسەر بنەوای پێشەنگیی (فاکتەری عەقڵ و بیرکرنەوە بنیات نراوە، جا لاواز بێ یان بەهێز و، توانی تێگەیشتنی گشت شتەکانی هەبێ یان نا). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە پێشکەوتنی مێژوویی لە ڕێی فاکتەری مرۆییەوە شی دەکرێتەوە کە داهێنانە بەرز و نزمەکان دەگرێتەوە. پێشکەوتن خۆی دەنوێنی لە کردەوەکانی مرۆڤ و پەرستن و بەرهەم و ڕاستگۆیی و درۆزنی و زانست و هونەر و ئاشتی و شەڕ و ئازادی و کۆیلایەتییەکانی).

بەڵام ئەم جەختکردنە لەسەر ڕۆڵی مرۆڤ لەپێناو پشتگوێخستنی ڕۆڵی ماددەدا نییە، چونکە مرۆڤ لای خاوەنی ئەم بۆچوونە (ناتوانی لە بۆشاییدا هیچ بەرهەمێکی ماددی یان عەقڵیی هەبێ) بگرە (بە نەبوونی ماددە، نە عەقڵ بوونی دەبێ و نە مرۆڤ، تا باسی ڕۆڵ و بەرهەمەکانیان بکەین). مەبەستی سەرەکیش برێتییە لە پێشاندانی ڕووەکانی پێوەندیی ئاوێتەییی نێوان هەردوولا، مرۆڤ و ماددە، لەگەڵ دانی یەکەمایەتی بەلایەنی کاریگەرتر، کە بێگومان مرۆڤە.

پێویستە لێرەدا بوەستین، لەبەرئەوەی دۆخی تایبەت ڕێگە نادا بەقووڵبوونەوە و زیاتر ڕۆیشتن لەسەر پێشاندان و کۆڵینەوە لەلایەنەکانی تری بیری فەلسەفییانەی مەسعوود محەمەد، بەڵام وەک لە سەرەتادا جەختمان کرد، جەخت دەکەینەوە لەوەی پێویستە ئەم بیرە بەگشتی تۆژینەوەی لەبۆ بکرێ، چ لەلایەن تۆژەرانی کورد یان عەرەب، چونکە بیرێکی ڕژدی بوێری و یاخییە دژ بە لە قاڵبدان و، بانگ دەکا بۆ وتووێژ و بەیەککەیشتنی بیر و، ڕێگرە لە بەردەم ئەوانەی گەمە بە وشە و چارەنووسەکان دەکەن، جا ئەگەر هاوڕا بی لەگەڵیدا یان دژ، ئەوا ناچار دەبی ڕێزی لێ بگری.

* ئەم وتارە لە ژمارە ٤ی ئەیلوولی ساڵی ٢٠٠٠ی کۆواری (دراسات کردیە)دا بڵاو کراوەتەوە.

دوکتۆرا لە فەلسەفە- خەڵکی سوریایە.

سەرەتا سوپاسی دۆستمان فەرهاد عەلی شاکەلی وانەبێژی ئەدەبی کوردی لە زانکۆی ئۆبسالا لە سوید کە لە کاتی گفتوگۆیەکی ڕۆشنبیریدا ئەگەر ئەم ناوە شیاو بێ ناوی مامۆستای گەورە مەسعوود محەمەد) دا بە گوێمدا کە پێشتر، بەداخەوە، نەمبیستبوو. لەو شتانەی شاکەلی لەبارەی مەسعوود محەمەدەوە گوتنی ئەوەیە کە لە باشترینی ئەو کەسانەیە لەسەر پرسەکانی بیر و فەلسەفەیان نووسیوە، لەناو کورددا بە گشتی. پرسیاری تەمەنیم کرد، گوتی وا بەرەو هەشتا ساڵ دەچێ، زیاتر سەرسام بووم و لە نەزانیی خۆم شەرمەزار بووم. پرسیارم لە ژمارەیەک برایانی کوردی سوریا کرد کە ئاگەداری ڕۆشنبیری و ڕۆشنبیرانن، دەرکەوت نەزانیی ئەوانیش لەم بوارەدا لەوەی من کەمتر نییە، بۆیە کەمێک فەرامۆشیم هاتەوە، بەڵام کاریگەرییەک بوو کە مێشک ناچار بکا زیاتر لەو نەهامەتییە ورد ببێتەوە کە ئێمەی تێداین.

بریتی بوون لە: کامل چادرچی، جەعفەر ئەلبەدر، حسێن جەمیل، محەمەد حەدید، خەدوری خەدوری، زونون ئەیوب، مەسعوود محەمەد.

مەسعوود محەمەد، دیتنەک بۆ لێکدانەوەی مرۆڤ بۆ مێژوو (ل٥٦).

مەسعوود محەمەد- مرۆڤ و دەوروبەری- ل, ١٤

هەمان سەرچاوە و، هەمان لاپەڕە.

هەمان سەرچاوە و، هەمان لاپەڕە.

هەمان سەرچاوە، ل ٤٩.

هەمان سەرچاوە، ل ٢١.

هەمان سەرچاوە، ل ١٥.

هەمان سەرچاوە، ل ٤٧- ٤٨.

هەمان سەرچاوە، ل ٣٠.

هەمان سەرچاوە، ل ٦١.

هەمان سەرچاوە، ل ١٥.

هەمان سەرچاوە، ل ٢٩.

هەمان سەرچاوە، ل ٢٩.
مەسعوود محەمەد، دیتنەک بۆ لێکدانەوەی مرۆڤ بۆ مێژوو (ل٣٦).
هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.
مەسعوود محەمەد، گێڕانەوەی هاوسەنگی بۆ تەرازوویەکی لەنگ، ل ٥٨.
هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.
هەمان سەرچاوە، ل ٥٣.
هەمان سەرچاوە، ل ٥٤.
هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.
هەمان سەرچاوە، ل ٥٦.
هەمان سەرچاوە، ل ٥٧.
هەمان سەرچاوە، ل٥٧–٥٨.
هەمان سەرچاوە، ل ٩١.
هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.
هەمان سەرچاوە، ل ١٠٠.
مەسعوود محەمەد، مرۆڤ و دەوروبەری، ل ١١٤.
هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.
هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.
مەسعوود محەمەد، دیتنەک، ل ٧٣.
هەمان سەرچاوە، ل ١٠٣.
هەمان سەرچاوە، ل ١٠٤.
مەسعوود محەمەد، گێڕانەوەی هاوسەنگی بۆ تەرازوویەکی لەنگ، ل ١١.
هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.
هەمان سەرچاوە، ل٥٩– ٦٢.
هەمان سەرچاوە، ل٥٩– ٦٢.
هەمان سەرچاوە، ل٥٩– ٦٢.
مەسعوود محەمەد، مرۆڤ و دەوروبەری، ل ٣٠.
هەمان سەرچاوە، ل٣١ و ٣٢.
هەمان سەرچاوە، ل٣١ و ٣٢.
هەمان سەرچاوە، ل٣١ و ٣٢.
مەسعوود محەمەد، بۆ گۆرباتچۆفی مەزن، ل١٢،١٤، ١٥.
مەسعوود محەمەد، بۆ گۆرباتچۆفی مەزن، ل١٢،١٤، ١٥.
مەسعوود محەمەد، بۆ گۆرباتچۆفی مەزن، ل١٢،١٤، ١٥.
مەسعوود محەمەد، بیرۆسترۆیکای گۆرباتچۆف، بەشی دووەم، ل ٤٠.
مەسعوود محەمەد، بیرۆسترۆیکای گۆرباتچۆف، بەشی دووەم، ل ٤٠.

هەوالنامەی کتێب

# شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران
# ١٩٢٥

## لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی هەردوو وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا و فرەنسادا

### ئەڵقەی هەشتەم

---

مێژووی کورد زیاتر لەوەی مێژووی لێکدانەوە و وردکردنەوەی ڕووداوەکان و دواجار بەستنەوەی ڕووداوە ناوەخۆییەکان بێت بە ڕووداوەکانی ناوەند، کەچی تەنیا بریتییە لە مێژوویەکی گێڕانەوەی ڕووداوەکان، گێڕانەوەیەک کە لە زۆربەی جاردا تەنیا بریتییە لە سەربووردەی داستانی پاڵەوانیەتییەکان و بەس. ئەم ڕاپۆرتەی ئێرە بەدەر لەوەی ڕووناکییەکی زۆر دەخاتە سەر مێژووی ئەم شۆڕشە، لە هەمان کاتدا خوێندنەوەیەکی زۆر وردی میکانیزمی دەسەڵاتی ناوەند لە بەرامبەر شۆڕشەکە دەخاتە ڕوو و سیاسەتی دەسەڵاتی ناوەند و میکانیزمەکانی ئەم دەسەڵاتە زۆر بەوردی لەلایەن چاودێرێکی سیاسییەوە شی دەکاتەوە، کە هیچ بەرژەوەندییەکی لە کێشەکەدا نییە و بابەتییانە باسەکە دەگێڕێتەوە.

***

**بەڵگەنامەی ژمارە:٤٠**

کۆنستانتینۆپڵ، ١٠ی ئاداری ١٩٢٥

ژمارە ٨٠/ A.M

لە لیوتینان کۆلۆنێل کاترۆ*، ئەتاشەی سەربازی لە تورکیا

بۆ بەڕێز وەزیری جەنگ–سەرکردایەتیی ئەرکانی

سوپا –بیرۆی دووەم– پاریس

............................................................

وەرگێڕانی لە فرەنسییەوە: د. نەجاتی عەبدوڵڵا

## کارنامەکانی کابینەی نوێ

لە بەرچاوخستنی ڕاپۆرتی ژمارە ٧٧/ A.M ـمدا، لە ٣ی ئەم مانگەدا، ئەو ڕەوشەم خستبووە بەردیدەی بەڕێزتان، کە وای کردبوو و بوو بەسۆنگەی ئیستیقالەدانی فەتحی بەگ. هەروەها دەرفەتی ئەوەشم بوو دەستنیشانی ئەو گەلاڵە پێکناکۆکە بکەم، کە پارتی دەسەلاتدار لە تورکیا، ڕێژیمی کۆماری و قانوونە دەستوورییەکانی داڕێژتووە. ئەنجوومەنی گەورەی نیشتمانی، کە قانووننامە ئەساسییەکەی پێ لەسەر قەڵەمڕۆبوونی سەروەریی نەتەوەییدا دەگرێ، بەشێوەیەکی پراتیکی ئەوها لەلایەن پارتی گەلەوە بەرتەسک کراوەتەوە، کە تەنیا ڕۆڵی ژووری بڕیار لەسەردانی بڕیارەکانی ئەم پارتە دەگرێتەوە. ئەوە بەم شێوەیە بوو، کە من لە ڕاپۆرتی ئاماژەپێکراوی سەرەوەدا ئاماژەم پێ دابوو، کە فەتحی بەگ بەزۆرینەی دەنگ لە بەرامبەر پارتی گەل شکستی پێ هێنرا، کە هەرگیز چاوەڕوان نەدەکرا بەوەی بێ ئەوەی گفتوگۆیەک لەناو ئەنجوومەنی نیشتمانی بێتە ئاراوە، ئیستیقالەی خۆی پێشکێش بکات. ئەوە باشتر دەبوو کە لەوساوە: لەناو ئەنجوومەن لەلایەن یەکێک لە ئاخێوەرەکانی پێشکەتووخوازی ئۆپۆزسیۆن سەبارەت بەهۆیەکانی تایبەت بە ئیستیقالەدانەکەی لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرابوایە، فەتحی ڕەتی کردەوە لێدوان لەو بارەیەوە بدات. باشتر وایە ئەوە دەستنیشان بکرێ، کە پەرلەمان لە ڕاستیدا پەرلەمان نییە بگرە بارەگەی پارتی گەلە و سنوورەکانی کۆماریش بڕێتین لە سنوورەکانی ئەم گرووپە سیاسییە. ئەوی ترە، لە پاشماوەی ئەم ڕاپۆرتەدا دووپات دەکرێتەوە.

لەگەڵ بەرچاوخستنی ئەم تێبینییە، تێبینیی ئەوە دەکەین کە تەنگژەی وەزاری، کە لەگەڵ ئیستیقالەدانی فەتحی بەگ هاتە ئاراوە، بەزوویی ئاشکرا کرا و کابینەی نوێ، هەر لە ڕۆژی ٣ی ئادارەوە بەم پێکهاتەی خوارەوە پێشکێش بە ئەنجوومەنی گەورەی نیشتمانی کرا:

- عیسمەت ئینینۆ: سەرۆکی وەزیران
- تۆفیق ڕوشدی: کاروباری هەندەران
- ڕەجەب بەگ: بەرگریی نیشتمانی
- جەمیل بەگ: ناوەخۆ
- ئیحسان بەگ: زەریاوانی
- عەلی جینانی بەگ: بازرگانی
- مەحموود ئەسعەد بەگ: داد
- سەبری بەگ (سارۆخان): کشتوکاڵ
- سولێمان ساری بەگ: کاروباری گشتی
- دوکتۆر ڕەفیق: لەشساغی
- حەسەن بەگ: دارایی

– حەمدوڵلا سوبحی بەگ: پەروەردە

کابینە لە ڕاگـەیەندراوێکی هەرە کورتدا پرۆگرامـەکـەی خـۆی پێشکێش کـرد. ئەوە وەبیـر دەهێنینەوە، کە سیاسـەتی گشتیی تورکیا پێشتر زانراوە، سـەرۆکی ئەنجوومـەنی وەزیران هەر بەوەندە دەسـتـبـەردار بوو، کـە ئاماژە بۆ دوو ئاراسـتـەی بنەڕەتی بکات: لە دەرەوە، پەرۆشی بۆ ڕاگـرتنی پێـوەندیی دۆسـتـانە لەگـەڵ بێگانان و چارەسـەرکـردنی ئاشـتـیـانەی ئەو پرسـە هەڵواسراوانەی، کە لە ئەنجامی ئیلتیزاماتی قەراردادی نێودەوڵەتییەوە سەریان هەڵداوە، هەرچی لە ناوەوەیە، کۆشش بۆ پێشخستن لەسـەر ڕێگەی پێشکەوتنی ئابووری، کارگێڕی و کۆمەلایەتی. پاشـان، دوای وازهێنان لەم پێـشـەکییـە گـشتـییـانە، عیـسمـەت پاشـا، ئەوەی ئاشکرا کـرد کـە حکوومـەتەکەی ئەوە بەگرینگ دەزانێ لە ڕووی چەندێتی و چۆنایەتییەوە، هێـزە سـەربازییـەکان، زەریاوانییـەکان و ئاسـمانییـەکان بمێننەوە و بەهێز بکرێن. دواتر، باسی ئەو پرسەی کـرد، کە پرسی کـات بوو، ئەو پرسـەی کـە وای کـردووە بگەڕێـتەوە بۆ دەسـەڵات، سـەرۆکی ئەنجـوومـەنی وەزیران ویستی خۆی لە داپڵۆسینەوەی ڕاپەرینی چەکداریی گەنجەدا بەشێوەیەکی شێلگیرانە و بەخێرایی دووپات کردەوە، بەوەی ڕێگە لەوە دەگرێ کردەی هاوشێوە دووبارە ببنەوە و هەروەها هەنگاوی تایبـەتی و کاریگەرانە دەگرێتە بەر بۆ سەقـامگیرکردنی قەڵەمڕۆی دەوڵەت بەسـەر هەموو بوارەکاندا.

خوێندنەوەی ئەم پرۆگرامە هیچ گفتوگۆیەکی گشتیی بەدوادا نەهات. تاقە موداخەلەیەک هەبوو، ئەوەی ڕەهبەری پێشکەوتووخواز، جەنەڕاڵ عەلی فوئاد پاشا بوو. کە ئاماژەی بەوە دا لە بڕێتی ئەوەی هەردوو فراکسیۆنی پارتی گەل، یان بەشێوەیەکی وردتر، عیسمەت پاشا و فەتحی بەگ، بکرێن بە بەدووتای پێچەوانەوە، وەک لەوەی ڕەخنە لە واقیعی ڕاگەیاندنی وەزاری بگیرێ. عەلی فوئاد پاشا، ویستی ڕووناکی بخاتە سەر ناکۆکیی نێوان ئیستیقالەدانی کتوپڕی فەتحی بەگ و دەنگدانی گشتیی متمانە پێدان کە بەم دواییە بە ئەویان دا، لەپاش ئەو هەنگاوهەڵگرتنانەی کە گرتبوویە بەر بۆ داپڵۆسینەوەی ڕاپەڕینی چەکداریی گەنجە. عیسمەت پاشا بەوە وازی هێنا کە یەکەتیی ناو پارتی گەل تەواوە و، ڕای گەیاند کە پێشتر هۆیەکانی تەنگژەی وەزارییەکەی لە دەقی بنەڕەتیی پرۆگرامـەکـەیدا پێناسـە کـردووە، بە بەرچاوخـسـتنی پێـویسـتی خنکاندنی ڕاپەڕینە چەکدارییەکە، پاراستنی وڵات دژ بەپیلانگێڕان و هەنگاوهەڵێنانی پێویست بۆ پیادەکردنی بەسەر ڕەوشەکەدا. لەگەڵ نکووڵیکردنێکی زمنی بۆ سیاسـەتی فەتحی بەگ، عەلی فوئاد پاشا وەڵامی دایەوە بەوەی داوای لە عیسمەت پاشا کرد، کە داخۆ بەهیچ شێوەیەک پێی وانییە ئەو هەنگاوە داپڵۆسینەوەکارانەی لەلایەن پێشینەکەیەوە هەڵگیراون، بەس نەبووبن، بەڵام سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران خـۆی لە پرسـیارەکە بوارد. ئەو کـاتە چوونە سـەر دەنگدان: ١٥٥ ئەندام متـمـانەیان بە کابینە دا، ٢٣ ئەندام ڕەتیان کردەوە، ٢ ئەندام دەنگیان نەدا، وەکو ئاسایی، نزیکەی ١٠٠ نوێنەر لە کۆی ٢٨٠ نوێنەر ئامادە نەبوون. هەروەکو ئاسایی بە هەمان شێوە، ٦٠ ئەندامی جیابووەی

پارتی کە پشتگیریی فەتحی بەگ-یان کردبوو لە کاتی دەنگ بۆدانی لە گفتوگۆی ئەم دواییەی ناو پارتی، وەک قەرەبووسکردنەوەیەک چوونەوەوە ژێر دەستی خەنیمی بەختداری فەتحی بەگ و دەنگیان بۆ عیسمەت پاشا دا.

متمانە وەرگیرا و بەبێ دابڕان، کابینە قسەکانی کرد بە کردار، پێشنیازی بۆ پەرلەمان کرد دەنگ لەسەر دوو پرۆژە قانوونی ڕزگارکردنی گشتی بدەن، بەوەی دەسەڵاتی تایبەتی بە حکوومەت بدەن. هەردوو قانوون دەنگیان لەسەر درا. یەکەمیان، کە پێی دەوترێ قانوونی سەقامگیرکردنی ئاسایشی گشتی، ڕێگە بە حکوومەت دەدات: " کە ملکەچی سزایەکانی سەرکۆمار بێت، لە خۆیەوە و لە ڕێگەی کارگێڕییەوە، هەر ڕێکخستنێک، پشێوی نانەوەیەک، بگیرێتە بەر و هەوڵ بدات و بڵاوکردنەوەی گوماناوی بکات بۆ شێواندنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی، ئارامی و بێوەیی گشتی و ئاسایشی گشتی و هاندان بۆ یاخیبوونی چەکداری و کۆنەپەرستی بنێتەوە قەدەغە بکات. تاوانکارەکان دەکرێ بهێنرێنە بەردەم دادگەیلی تایبەتی، کە پێی دەڵێن دادگەی سەربەخۆ". ئەم قانوونە بۆ ماوەی یەک ساڵ کاری پێ دەکرێ.

قانوونی دووەم، هاوبەندیی یەکەم قانوون بوو، دوو دادگەی سەربەخۆ دروست دەکات، یەکێکیان بۆ ئەو ناوچانەی کە ئۆپەراسیۆنی سەربازیی تێدا دەگیرێ و حوکمدانەکان دەمودەست شیاوی ڕاپەڕاندنە، ئەوی تر بۆ بەشەکانی تری وڵاتە و لە ئەنگۆرە دەبێت و حوکمی لەسێدارەدان دەبێ لەسەر ڕەزامەندیی ئەنجوومەنی نیشتمانی بێت.

بەگفتوگۆکردنی ئەم دوو پرۆژە قانوونە، سەرانی ئۆپۆزسیۆنی پێشکەوتووخواز، کازم قەرە بەکیر پاشا، ڕەئووف بەگ و فەرەیدوون فیکری بەگ، تانەیان لە شەرعیەت و پێویستیی بوونیان دا. ئەوان ڕای دەگەیەنن، کە ئەمە دژایەتیی قانوونی ئەساسییە، زێدەڕۆ و ناپێویستیی ڕەوشی ناوخۆی وڵاتە، بە شۆخییەوە ڕایدەگەیەنن، کە نابێ دادگەیلی شۆڕشگێڕی و ڕیفۆرمی کۆماری تێکەڵ بەیەک بکرێن، کە هیچیان هاوبەندیی ئەوەی تر نییە. عیسمەت پاشا وەڵامی ڕەخنەکانی دایەوە بەپەرەپێدانی تێکەڵاو بەئامانجی نیشاندانی ئەوەی، کە هەموو هەنگاوهەڵگرتنێک دەچێتە ناو چوارچێوەی دەستوورەوە، کە بەشوێن دامەزراندنی ئاسایشەوە دەبێت لەناو وڵات، یان بە دەربڕینێکی تر ئەوە پێداویستییە، کە قانوون دروست دەکات. زمانی ئاخاوتنی ڕەجەب بەگ، کۆمیسێری وەزارەتی بەرگریی نیشتمانی، ڕوونتر بوو، ئەو پاساوی بۆ پرۆژە قانوونە تایبەتییەکان بەوە دەهێنایەوە، کە ئاماژەی بە پێویستی بوونی ئەوە دەدا کە ڕادەیەک بۆ ئەو کردەوە گەندەڵییانە دابنرێ، کە دەکرێنە سەر ئاوەزی گشتی لەلایەن ڕۆژنامەکانی کۆنستانتینۆپڵ، چاپەمەنیی بوغزا و بەشێوەیەکی بەرنامە بۆدارێژراو دژ بە ڕێژیم و ئاکارەکانی حکوومەتی کۆماری، بۆ ئەوە هەموو هەنگاوهەڵگرتنەکان دەبنە بابەتی ڕەخنەی گومڕاکارانە، کە هەتا یەک تاقە وشەی ستایشیش بۆ ئەو ڕیفۆرمە گەورەیە نانووسن، کە خۆی لە هەڵوەشاندنەوەی باجی دەیەکدا بینییەوە. ڕەجەب بەگ لە کاتێکدا وەستابوو و ڕۆژنامەوانیی پایەتەختی پێشووی تاوانبار دەکرد، لەسەر حیسابی ئەندام

پەرلەمانە پێشکەوتووخوازەکان ئاماژەی بەوە دا، کە ئەوان بەشداریی هەمان ڕۆحیەت دەکەن و تا ئەوەندە ڕۆیشت کە گریمانەی ئەوە بکات، کە ئەوان ئیلهام لە هێرشەکانی ڕۆژنامە کۆنستانتینۆپۆلییەکان وەردەگرن.

ئەو وتانەی کۆمیسێری بەرگریی نیشتمانی، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پارتی پێشکەوتووخوازی بەهۆکار دەزانی، هاودەنگیی ئەو هەنگاو هەڵگرتنە تایبەتییانە بوو، کە لەلایەن کابینەی نوێوە پەیڕەویی لێ دەکران، واتا حەقیقییەکانی بوون، لە ئێستە باشتر دەزانین تا چ ڕادەیەک فیتنەگێڕی پشێویی ئاراستە دەکرێ، چ پڕوپاگەندەیەک و چ کاریگەرییەکی لەسەر ئەوەیە کە بانگەشەی ئەوە دەکەن جڵەوی بکەن. ئەوە دژی پارتی پێشکەوتووخوازە، لەسەر زۆرترین بەشەکانی وڵاتدا، کە دەسەڵاتکارانی ئێستەی نیگەران کردووە، ڕووی ئەم ئامێرەی جەنگیان ئاراستە کردووە.

پێویستە ناووشۆرەتی بشێوێنرێ بە تاوانبارکردنی بە کەم شارستانیبوونی و قەتیسکردنی بە بێتوانایی لە کاتی داخستنی کۆمیتەکانی، هەروەک داخستنی ڕۆژنامەکانی، هەڕەشەی دادگە سەربەخۆیەکان. بۆ تەواوکردنی ئەم بەرهەمەی پارتی، فەتحی بەگ نە دڵنیایە و نە ئەو هێندە پوختەیە. فەتحی بەگ زۆر لیبراڵ بوو و نێوانگیرییەکەی لە بەرامبەر سەرانی ئۆپۆزسیۆن و کۆنستانتینۆپل، مایەی نیگەرانی بوو. کەوایە دەبێ شوێن بۆ وەزارەتێکی جەنگ چۆڵ بکات، کە ئەویشیان، بەبێ دواکەوتن ئەو چەکانەی بەکار هێنا کە قانوونە تایبەتییەکان خستبوویانە بەردەستی، دەمودەست لە ژمارەیەک ڕۆژنامەی کۆنستانتینۆپۆلی و هەرێمەکانی دا، بەوەی ڕۆژنامەکانی لێ قەدەغە کردن. بڕێک ئۆرگانی تر ئاگەدار کرانەوە کەفالەی تایبەتی بکەن و هەندێکیان بەتەواوی واز بهێنن لەوەی باسی پرسی سیاسی بکەن، هەندێکی تریان، بە بێ شەرمییەکی گەورە، خزانە ناو هەمان ڕێچکەی حکوومەتییەوە. شێوازی توند بەرهەمەکانی باو لە ڕۆهەڵات بەدەستەوە دەدات.، ڕەخنەگرتن کوژرا لە چاوەڕوانی ڕەوشێکی چاکتردا.

هەڵبەتە، دادگە شۆڕشگێڕییەکان لەو ئەندامانە پێک دێت، کە بەوردی لەناو ئەو ئەندام پەرلەمانە هەڵدەبژێدرێن، کە گوێڕایەڵی مکومیان بۆ ڕێژیم هەیە. لە کۆتاییدا، بۆ بەرجەستەکردنی شوێنکاری ئەم هەنگاوهەڵگرتنە سەختانە، موستەفا کەمال پاشا، ڕەهبەری بە ئاستەم پەنهانیی ئەم هەموو پەرەپێدانە، بەخۆی دێتە بەردەم نەتەوە، بەوەی لە ٨ی ئەم مانگەدا، بانگەوازێک ئاڕاستەی گەلی تورک دەکات. ئەم بەڵگەنامەیە ئەوە بەخۆوە دەگرێ، کە حکوومەت دەسەڵاتی خۆیی و هەروەها ئاسایشی گشتی و وڵات داگیرییەکانیی کۆماری دەسەپێنێ. موستەفا کەمال هەڕەشەی سزای دڵڕەقانە دەکات بۆ ئەوانەی دوژمنایەتیی ئازادی و، سوپا و پۆلیس دەکەن، هەروەها بۆ فەرمانکارەکانی تەمەڵ یان ئیهمالکار. ئەو بانگەوازی بۆ هەستکردن بە ئەرکی بەرپرسانی دەوڵەت، مەدەنی و عەسکەریی کرد بۆ خۆدوورگرتن لە مەترسی و بانگەوازی کردن بۆ ڕێگەگرتن لە ڕوودانی ڕوداوگەلێک بۆ ئەوەی نەچن دایبپلۆسێننەوە.

هەواڵنامەی کتێب

لەم بانگەوازە کۆمارییەدا، هەروەک لە کارنامەی حکوومەتدا، دەتوانرێ بەشێوەیەکی دروست ئەوە بەرەنجام بکرێ، وەک بەدیار دەکەوێ، کە پارتی دەسەڵات پێی وایە یان کاریگەری ئەوەی لەسەرە کە بەڕاستی هەڕەشەی لێ کراوە. کام لەم دوو گریمانەیە دەبێ پەسند بکرێت؟ لە کاتێکدا کە پشکی زەبروزەنگی سروشتی تورک دەگاتە ئەوەی بە ئاسانی بەسەر ئەو هەنگاوهەڵگرتنانە باز بدەن و، خەوشی بابەتیبوونیان کە وایان لێ دەکات زیادەڕۆیی لە مەترسییەکان بکەن کاتێک بەمێشکیان دادێت، نابێ ئەوە نادیدە بگیرێ– و حکوومەت بە هیچ کلۆجێ ئەوە نادیدە ناگرێ – لەژێر سایەی حکوومەتی ئێستەدا، هۆیەکانی نارەزایی لەناو خەڵکدا پەرەیان سەندووە، وزەی دەوڵەت بە خراپی یاریی پێ کراوە، ئەو ریفۆرم و پێشکەوتنانەی کە چاوەروانکراو بوون نەهاتنە دی و تەنگژەی ئابووری زێدەتر بوو. هیوایەکان شوێنی خەمساردییان گرتەوە یان شوێنی نارەزایی لە حزبی حوکمڕان بۆ پارتی دەسەڵات گرتەوە، هەستێکی زێدە سلبی پەیدا بوو تا ئەو ڕۆژەی ئۆپۆزسیۆنێکی پەرلەمانی دێت و پێشنیازی بۆ دەکات بیقۆزێتەوە. لەو ساتەوە باشتر هەست بە هەموو ئەوانە دەکرێ کە موعاناتیان هەیە، جورئەتی ڕەخنەگرتن هەیە. پارتی پێشکەوتووخواز بەشێوەیەکی بێ ڕکابەر ژمارەیەک هاوسۆزی بۆ خۆی کۆ کردووەتەوە، کۆنستانتینۆپل و بەشێوەیەکی گشتی بازنەی ئەنادۆڵ، بەشێوەیەکی مەعنەوی پشتگیرییان کردووە. بەدەسەڵات گەیشتنی وەزارەتی فەتحی بەگ، لە ڕەوتی نێوانگیری نیسبیدا، دنەی ئەم ئاراستەکارییەی داوە و لە هەمان کاتیشدا بووەتە سۆنگەی ئینشیقاقی کاتی لەناو پارتی گەلدا. گوێڕایەڵیی فەرمانکارەکان وا دیارە کەمتر بووەتەوە و ئەوەی ئەفسەرانیش، کە تا ئەو کاتە نموونەیی بوو، بڕێک گوێ پێنەدانی پێوە دیارە. ئەو هێندە بەڵگە کە بۆ پارتی دەسەڵاتدار، وەک نیشانەی پاشەکشەی متمانە و دەسەڵاتی ئەو حزبەیە، ئەو هێندە توخمگەل هەن، کە نیگەرانی دەکات و لەوە دەترسێ ببیتە هێزێکی بوێر لە کاتێکدا، کە ئاسایشی ناوەخۆی وڵات بەهۆی شۆڕشی چەکداریی کوردەوە هەژاوە. بۆیە لە ساتەوە، بەشێوەیەکی باشتر لێک دەدرێتەوە، کە پیاوانی ئەنگۆرە لە هەموو لایەکەوە هەڕەشەیان لەسەرە و بڕیاریان داوە بەرگری لە خۆیان بکەن و مکوڕن لەسەر ئەوەی کردەیەکی بەهێز هەم دژ بە خەنیمە سیاسییەکانیان لە ناوەوە و هەم دژ بەیاخیبووەکانی کوردستان ئەنجام بدەن.

لە ئێستەدا، بە ڕوویەکی تایبەتی تەنیا لێدان دژ بە پێشکەوتووخوازەکان تۆمار کراوە. ئەم ئەرکە لە ڕاستیدا دەستکەوتێکی نزیکتر بوو، لە کاتێکدا کە داپڵۆسینی سەربازی ڕاپەڕینی چەکداریی شێخ سەعید، پێویستی بەماوەیەکی تا ڕادەیەک درێژ هەیە. ئۆپەراسیۆنەکان– کە من هۆیەکانم لە دوایین ڕاپۆرتمدا دەستنیشان کردبوو– هێشتا لە قۆناغی ئامادەسازیدایە. تۆپۆگرافیای وڵات، کەمیی ڕێگەکانی گەیاندن، پەرتوبڵاوبوونی ئۆردووە سەربازییەکان بەناو خاکی وڵاتدا، ئەم شێوەیەی دەوێ. وا بەدیار دەکەوێ کە بڕیاردان لەسەر ئەو زانیارییانەی کە بەدەست ئێمە گەیشتووە، ئەوەیە کە سەرکردایەتیی گشتیی سوپای تورک پێشنیازی کردووە، گەمارۆی

ناوچەی چەکدارە یاخیبووەکان بدات. بزاوتگەلی لەشکر کە لەو فیرقانەی، کە لە باکوری ئەم ناوچەیەدان، لە سامسوون و لە سیواس، لە راستیدا ئەوەمان بۆ بەدیار دەخەن کە بە ئاراستەی باشوور دەڕۆن. لە هەمان کاتدا تەعبیئەکردن لە لایەنی باشوورەوە، بەرەو دیاربەکر، حەوتەم و چل و یەکەمین فیرقەی سوارەی سوپای پێنجەم، بە ڕێگەی ئاسنین دەبێ بە ۳ شەمەندەفەر لە ڕۆژێکدا بەبێ ئەوەی پێشبینیی ئەوە بکرێ تا بەر لە سێ هەوتوو تەواو ببێت، بگوێزرێنەوە. توخمگەلی سوپای چوارەم (ئەسکی-شەهر) بەرەو قۆنیە و ئەدەنە ڕەوانە کراون بۆ ئەوەی لەشکری لێوە بهێنن کە بەرەو ئەودیوی فورات بڕۆن. فەوجێکی سوارە کە لە تراسەوە هێنراوە، ڕەوانەی کیرکیلیس کراوە لە ئەنگۆرە. لەگەڵ ئەوەشدا، جۆشدانی سوپا بەبێ کارشێواییی ئەو گرۆیە بەڕێوە ناچێ، کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئێمە بە تەنیا لەسەر ئەوە گیرساوینەتەوە کە بانگەوازی ئیحتیاتەکانی ساڵانی ١٩١٠ بۆ ١٩١٥ بکەن کە لە بنەڕەتدا داوا کراون.

لە هەوتووەکانی دادێ ڕێگەی ئەوەمان پێ دەدەن بە وردی دەستنیشانی هەموو ئەم جووڵانەوانە بکرێ، سیستمێکی ئەو هێزانە دابنرێ کە خراونەتە کار و باشتر ڕێوشوێنی هەنگاوەکانی قوماندانی سوپا دابنرێ. لە ئێستەوە دەکرێ درک بەوە بکەین کە ژمارەیەکی گرینگی سوپا لە ڕێگەدان، بەرەو شوێنی شەڕەکان (پێنج تا شەش فیرقەی سوارە، ٢ هێزی ئەسپسوار) و لەوەوە ئەوە بەرەنجام دەکرێ، کە حکوومەت وەکو ڕووداوێکی ترسناک دەروانێتە ڕاپەرینی کوردەوە. ئەم یاخیبوونە هەفتەی ڕابردوو شکستی هێنا و ڕاگەیەندراوە ڕەسمییەکان گەشبینن. لەو کاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕاپەڕیوە چەکدارەکان چەندین سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە، ئەرغەنە-یان لە باکوری-ڕۆهەڵاتی دیاربەکر داگیر کرد و بە ژمارەیەکی ٥ تا ٦ هەزار چەکدار ویستیان دەست بەسەر شاری دیاربەکردا بگرن بۆ ماوەیەک پێش ئەوەی بەرەو باکور پاشەکشەیان پێ بکرێ، دزەیان کردە ناو شارەکەوە.

ئەمە سیما و ئەدگارەکانی ڕەوشەکەیە لە وەتای دوایین ڕاپۆرتم، واتە لەوەتای بەدەسەڵات گەیشتنی عیسمەت پاشا. کێشە نوێیە بەپەلەکان، کە خۆیان لە بەردەم کابینەی نوێدا بینیوەتەوە، دەبینین، بریتین لە ئاسایشی ناوخۆ، ئەوانە ئەوهێندە بۆ پارتی گەل گرینگن، لە پێویستی ئەوەی کە ئەوە وەبیر بهێنییەوە وای دەئاخانێتە گوێچکەی حکوومەت، لە هەر نیگەرانییەکی تر. ئاخۆ ئەوهێندە سەرکەتن نییە بۆ پارتی دەسەڵاتدار، وەک لە ڕزگارکردنی ڕێژیم و یەکەتیی سیاسیی تورک، کە لێرەدا لە مەترسیدایە؟ وا دیارە کە کابینە دەستی بەسەر ڕەوشەکەدا گرتووە، بەڵام کاتی پێویستە، تا لەم ماوەیەدا بتوانێ دەستی بە سیاسەتی دەرەوە و خەرجیی گرینگی پارە ببەستێتەوە، گریمانەیەکی قورس بۆ وڵاتێکی هەژار و خراپ ئیدارەکراو. بۆ دابینکردنی پارە بۆ ئۆپەراسیۆنی سەربازی، حکوومەت ناچار بوو لە پەرلەمان ڕای بگەیەنێ بودجەیەکی سەرباریی ١٠٠٠٠٠٠٠ لیرە یان ١٠٠٠٠٠٠٠٠ فرەنک داوا بکاتەوە. دەکرێ بپرسین لەسەر چ داهاتێکی نوێ، یان لەسەر حیسابی چ پێویستییەک ئەم بڕە پارەیە تەخویل دەکرێ؟ بودجەی ئەم مانۆڕە

سەربازییە، کە من هەوڵم داوە لەلای تروە کارەکتەری وەهمی دیاری بکەم، کە بودجەکە پێشتر عجزێکی نزیکەی ١٠٠٠٠٠٠ لیرەی هەیە. ئاخۆ لە داهاتوودا، لە سیستمی داراییدا، دەگەڕێینەوە بۆ هەنگاوهەڵگرتنی شۆڕشگێڕانە، هەروەک ئەوەی ئێستە لە سیستمی سیاسی و دادوەریدا پەنای بۆ دەبەن؟ گریمانەیەک بەدوور نابینرێ، بەڵام دەبێ حکوومەت چ چارەسەرێک بەم کێشە ببەخشێ، دەتوانین بڵێین پێشتر قورسایی خستووەتە سەر ئابووریی تورکیا کە خۆی پێشتر باری قورس بوو و هۆی یەکەمینی هەموو ئاستەنگە ناوەخۆیی و دەرەکییەکان بوو، توخمێکی تری پشێوی هاتە پێشەوە. لەم بارەدا، وەک لە زۆر باری تردا، راپەڕینی چەکدارانەی شێخ سەعید بۆ تورکیا ڕووداوێکی نەخوازراوە، بۆ پارتی دەسەڵات، کە وزەی هەیە بەڵام هەرگیز پیاوی دەوڵەتداری نییە، تاقیکردنەوەیەکی نوێیە.




مۆر و ئیمزای ئەتاشەی سەربازی
باڵوێزخانەی فرەنسا لە تورکیا
مۆری نوسخە فرەنسیەکە لێرە PAST بکرێ

هەوڵنامەی کتێب

وێنەیەک بۆ:
- سەرکردایەتیی ئەرکانی سوپا ( بیرۆی دووەم)
- سەرکردایەتیی ئەرکانی سوپا ( بیرۆی دووەم/ دەزگای زانیاری)
- سەرکردایەتیی ئەرکانی سوپا ( بەشی ئەفریقیا)
- کۆمیسێری باڵا/ بەیرووت
- باڵوێزخانە/ کۆنستانتینۆپل
- ئەتاشەی سەربازی، ئەسینا
- ئەرشیف

---

* Catroux

Constantinople , le IO Mars I925

3857

N° 8 0 / A.M.

---------

LE LIEUTENANT COLONEL C A T R O U X

ATTACHE MILITAIRE EN TURQUIE

à

M. LE MINISTRE DE LA GUERRE - Etat-Major

de l'Armée - 2° Bureau

P A R I S

-------

Les actes du nouveau Cabinet

--------

En vous exposant dans mon rapport N° 7 7 / A.M. du 3 courant, les circonstances qui ont amené et entouré la démission de FETHI BEY , j'ai eu l'occasion de marquer à nouveau, la conception paradoxale que le Parti dirigeant en Turquie s'est faite de la République et de ses lois constitutionnelles. La Grande Assemblée, que le statut organique proclame dépositaire de la souveraineté nationale, est pratiquement réduite par le Parti du Peuple, au rôle d'une

.........

Destinataires

--------------

-E-M.A.- 2° Bureau
" - 2° Bureau S.R.
" - Section Afrique
-Haut-Commissaire , Beyrouth
- " " , Cons/ple
-Attaché Militaire, Athènes
-Archives

- 2 -

Chambre d'entérinement des décisions de ce Parti. C'est ainsi , et je l'ai mentionné dans mon rapport précité, que FETHI BEY mis en minorité devant le Parti du Peuple , n'a point attendu pour se démettre qu'un débat fût institué devant la Grande Assemblée Nationale . Il y a eu mieux dépuis : Interrogé à la Chambre relativement aux motifs de sa retraite par un des orateurs de l'opposition Progressiste, FETHI BEY s'est réfusé à fournir des explications. On ne saurait mieux caractériser que le Parlement n'est pas au Parlement mais au siège du Parti du Peuple et que les frontières de la République sont celles de ce groupe politique. Au reste , la suite de ce rapport le confirmera.

Cette remarque faite, notons que la crise Ministérielle ouverte par la démission de FETHI BEY, a été rapidement dénouée et que le nouveau Cabinet s'est présenté, dès le 3 Mars, devant la G.A.N.T. avec la composition suivante :

- Présidence du Conseil : ISMET PACHA
- Affaires Etrangères : TEVFIK RUCHDI
- Défense Nationale : REDJEB BEY
- Intérieur : DJEMIL BEY
- Marine : IHSAN BEY
- Commerce : ALI DJENANI BEY

هەولێر و کتێب

de pareils événements et de raffermir par des mesures spéciales et efficaces, l'autorité de l'Etat dans tous les domaines.

La lecture de ce programme n' a pas été suivie d'une discussion générale. Une seule intervention s'est produite , celle d'un des leaders progressistes , le Général ALI FOUAD PACHA. Encore a-t-elle plutôt visé à mettre en opposition les deux fractions du Parti du Peuple , ou plus exactement, ISMET PACHA et FETHI BEY, qu'à critiquer au fond, la déclaration Ministérielle. ALI FOUAD PACHA a voulu souligner la contradiction entre la subite démission de FETHI BEY et le vote général de confiance obtenu tout récemment par lui, à la suite des mesures qu'il avait prises pour reprimer l'insurrection de GHENDJ. ISMET PACHA se bornant à affirmer que l'union était complète au sein du Parti du Peuple, a déclaré avoir déjà défini la cause de la crise Ministérielle dans le corps de son programme , en exposant la nécessité d'étouffer le soulèvement, de prémunir le pays contre les intrigues et d'appliquer à la situation des mesures appropriées. A ce désaveu implicite de la politique de FETHI BEY , ALI FOUAD PACHA répliqua en demandant à ISMET PACHA s'il ne considérait point comme suffisantes les dispositions de repression adoptées par son prédécesseur , mais le Président du Conseil se déroba. On passa alors au vote : I55 deputés accordè-

......

هەولێر ... کتێب

rent leur confiance au Cabinet. 23 la refusèrent , 2 s'abstinrent. Comme à l'ordinaire, près de 100 représentants, sur 280, étaient absents ; comme à l'ordinaire également, les 60 dissidents du Parti du Peuple qui avaient soutenu FETHI BEY de leurs suffrages dans la récente discussion au sein du Parti, firent amende honorable entre les mains de son heureux rival et votèrent pour lui.

La confiance acquise , et sans désemparer , le Cabinet passant des paroles aux actes, proposa à l'Assemblée le vote de deux lois de salut public, lui conférant des pouvoirs exceptionnels. Elles furent adoptées toutes deux . La première, dite loi de raffermissement de l'ordre public, autorise le Gouvernement " sous réserve de la sanction du Président "de la République , à interdire d'office et par voie admi- "nistrative, toutes organisations , agitations, menées, "tentatives et publications susceptibles de troubler l' "ordre social , la tranquillité publique et la sécurité "générale, et d'inciter à la rébellion et à la réaction. "Les délinquants pourront être déférés à des tribunaux "d'exception dits d'indépendance ." Cette loi aura son effet pendant une année .

هەوراز ئەمین پێشکەر

La seconde loi, corollaire de la première , institue deux tribunaux de l'Indépendance , l'un pour la zône des opérations militaires et dont les jugements seront immédiatement exécutoires, l'autre pour le restant du territoire, siégeant à ANGORA, et dont les sentences condamnant à la peine capitale devront être approuvées par le Grande Assemblée.

La mise en délibération de ces deux projets de loi amena les têtes de l'Opposition Progressiste, KIAZIM KARA BEKIR PACHA , REOUF BEY et FERIDOUN FIKRY BEY, à en contester la légitimité et l'opportunité. Ils en déclarèrent les dispositions contraires au statut organique , excessives et non justifiées par l'état intérieur du pays. Ils firent en outre remarquer, avec ironie, qu'il ne fallait pas confondre tribunaux révolutionnaires et réformes républicaines, les uns n'étant point le véhicule des autres. ISMET PACHA répondit à ces critiques par un développement confus tendant à démontrer que toute mesure rentre dans le cadre constitutionnel , qui poursuit l'établissement de l'ordre dans le pays, ou en d'autres termes que nécessité fait loi. Plus net fut le langage de REDJEB BEY , Commissaire à la Défense Nationale. Il justifia les projets de loi d'exception, en invoquant la nécessité de mettre un terme à l'action

............

corruptrice exercée sur l'esprit public par la Presse de Constantinople , presse tendancieuse , systématiquement hostile au régime et aux actes des Gouvernements Républicains, pour laquelle toute mesure formait sujet; critiques malveillantes et qui n'avait même pas proféré une parole d'éloge pour la réforme capitale représentée par l'abolition de la dîme. Tandis qu'il dressait ainsi l'acte d'accusation de la Presse de l'ancienne Capitale, REDJEB BEY a rele vé à la charge des Députés Progressistes que ceux-ci participaient au même état d'esprit et il est allé jusqu'à émettre l'hypothèse qu'ils inspiraient les attaques des journaux Constantinopolitains.

Ces paroles du Commissaire à la Défense Nationale, qui mettent en cause directement le Parti Progressiste, confèrent aux mesures d'exception adoptées par le nouveau Cabinet, leur véritable signification. On comprend mieux dès lors , à quels fauteurs de désordre elles s'adressent, quelle propagande et quelle influence elles prétendent juguler. C'est contre le Parti Progressiste, suspecté d'esprit réactionnaire, et dont les progrès, sur la majeure partie du territoire, inquiètent les détenteurs actuels du Pouvoir, que cette machine de guerre est dressée. Il convient de le discré-

diter en l'accusant de manquer de civisme , et de le réduire à l'impuissance en suspendant sur ses comités,comme sur sa Presse , la menace des Tribunaux de l'Indépendance. Pour accomplir cette oeuvre de parti, FETHI BEY n'était ni assez sûr ni assez pur ; il était trop libéral et sa modération à l'égard des Chefs de l'Opposition et de Constantinople , inquiétait. Il devait donc faire place à un Ministère de combat. Celui-ci,usant sans délai des armes que lui procurent les lois d'exception , a aussitôt frappé un certain nombre de journaux de Constantinopleet de la province, en les interdisant. Les autres organes comprenant l'avertissement ont pris leurs suretés, les uns en renonçant complètement à traiter les questions de politique , les autres en se plaçant , sans grande vergogne, dans le sillage gouvernemental. La manière forte a produit ses effets accoutumés en Orient ; La critique s'est tue en attendant des circonstances meilleures.

Cependant , les tribunaux révolutionnaires se constituaient, les membres en étaient choisis avec soin parmi les députés de fidelité au regime éprouvée. Et enfin, pour accentuer l'effet de ces mesures rigoureuses , MUSTAPHA KEMAL PACHA, animateur à peine dissimulé de tout ce développement, intervenait personnellement devant la nation , en adressant , le 8 courant, un mani-

feste au peuple Turc . Ce document assure que le Gouvernement saura faire respecter son autorité ainsi que l'ordre public et les conquêtes de la Républiques. Il menace d'un châtiment sans pitié les ennemis de la liberté, de l'armée et de la police , ainsi que les fonctionnaires tièdes ou négligents . Il fait appel au sentiment du devoir des agents de l' Etat , civils et militaires , pour conjurer le danger , et les invite à prévenir les incidents afin de ne pas avoir à les reprimer.

De ce manifeste Présidentiel, autant que des actes du Gouvernement, on peut justement inférer , semble-t-il, que le Parti au Pouvoir s'est cru, ou a affecté de se croire, sérieusement menacé. Laquelle de ces deux hypothèses doit-être préférée ? Tout en faisant la part de la véhémence naturelle aux Turcs, qui les conduit facilement quand ils réagissent à dépasser la mesure, et de leur défaut d'objectivité qui les porte à s'éxagérer les périls lorsqu'ils se présentent à leur esprit, on ne peut méconnaître - et le Gouvernement ne l'ignore point - que sous le régime actuel, les raisons de mécontentement se sont développées dans la po-pulation , les ressorts de l'Etat ont mal joué , les réformes et les progrès qu'on escomptait ont manqué, la crise économique s'est accrue. Les espérances ont fait place à l'indifférence ou à la

désaffection pour le Parti dirigeant , sentiments demeurés passifs jusqu'au jour où une opposition parlementaire s'est proposée de les exploiter. On a mieux senti dès ce moment tout ce dont on souffrait ; on a osé critiquer . Le Parti Progressiste a incontestablement recueilli de nombreuses sympathies. Constantinople et d'une manière générale la périphérie de l'Anatolie , l'ont moralement soutenu. L'avènement du Ministère FETHI BEY , de tendances relativement modérées, a encouragé cette orientation , en même temps qu'il provoquait une scission momentanée dans le Parti Populaire. Le loyalisme des fonctionnaire a paru moins assuré, celui des officiers , jusque là parfait, a révélé quelques lacunes . Autant d'indices qui marquaient pour le Parti dirigeant, une régression de son crédit et de son autorité, autant d'éléments qui l'inquiétaient et dont il devait redouter qu'ils ne devinssent résolument actifs à l'heure où la sécurité intérieure du pays serait ébranlée par le soulèvement Kurde. Dès lors, on s'explique mieux, que les hommes d'ANGORA, menacés de toutes parts, et résolus à se défendre , se soient déterminés à une action vigoureuse autant contre leurs adversaires politiques à l'intérieur , que contre les rebelles du KURDISTAN .

- II -

Pour le moment, ce sont surtout les coups portés contre l'opposition Progressiste que l'on a enregistrés . La tâche était en effet d'une réalisation plus proche, alors que la repression armée de l' insurrection du CHEIKH SAID demande d'assez longs délais. Les opérations, - et j'en ai marqué les raisons dans mon dernier rapport,- en sont encore à la phase preparatoire . La topographie du pays, l'indigence des voies de communication , la dispersion des garnisons sur le territoire national, le veulent ainsi . Il semble bien, à en juger par les renseignements qui nous parviennent , que l'Etat-Major Turc se proposerait d'investir la région insurgée . Des mouvements de troupes prélevées sur les Divisions stationnées au Nord de cette région, à SAMSOUN et à SIVAS , nous sont en effet signalés en direction du Sud. Dans le même temps la concentration par le Sud , vers DIARBEKIR, des 7ème et 41ème D.I. du 5e Corps , s'effectue par voie ferrée à raison de 3 trains par jour , sans que l'on prévoit qu'elle soit terminée avant trois semaines. Des éléments du IV ème Corps ( ESKI- CHEIR ) ont été poussés sur KONIA et ADANA, pour y relever les troupes dirigées au delà de l' Euphrate . Un régiment de Cavalerie prélevé en THRACE , a été transporté de KIRKILISSE à ANGORA. Cependant , la mobilisation s'effectue non sans un certain imbroglio de

........

- I4 -

exclue . Mais quelle que doive être la solution que donnera le Gouvernement à ce problème, on peut dire qu'il introduit dans l'économie Turque déjà obérée, et cause initiale de toutes les difficultés intérieures et extérieures , un nouvel élément de troubles . A cet titre, comme à bien d'autres , le soulèvement du CHEIKH SAID est pour la Turquie un événement malvenu , et pour le Parti au Pouvoir qui compte des énergies mais point d'hommes d'Etat, une nouvelle épreuve./.



# ڕۆهەڵاتناسی
# بەتێڕوانینێکی ڕۆهەڵاتییانە

د. موحسین محەمەد حوسێن

بەشی پێنجەم

## ڕۆهەڵاتناسیی کەی دەستی پێکردووە؟

دەشێ بەچوار قۆناغی تێکچڕژاو، باسی ململانێی سەربازییانەی نێوان ئیسلام و مەسیحییەت بکەین: دوو قۆناغی هێرشبەرانە و دووانیان هێرشی پێچەوانەوە. لە هەموو ئەو قۆناغانەشدا، خاکێکی زۆر و فراوان بەدانیشتووانەکانیانەوە، لە خاکی بەرێکەوە بوون بەهی بەرەکەی تر، ئەڵبەت لە ڕێی فتووحاتەوە، ئەمەش کاریگەریی زۆر قووڵی لەسەر هەردوو بەرە جێهێشت، پێکدادانی یەکەمیش لە سەردەمی پێغەمبەردا (د.خ) بوو. لە قۆناغەکانی سەرەتای بانگەوازەکەیدا، ئەو کاتەی خەباتی دژ بەوەتەنییەکانی دەوروبەری خۆی بوو، هەڵوێستی بەرانبەر بەمەسیحی و جووان، دۆستانە بوو، ڕێزی دەگرتن، کۆمەڵێک ئایەتیشمان هێنایەوە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە. وەلێ بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار، بەهۆکاری جیا جیا، لەگەڵیان تێکچوو، سەرەتا لەگەڵ جووەکاندا، جوو، قورسایی خۆیان هەبوو لە یەسریب(مەدینە)، ئەوە بوو ـ پاش ئاشکرابوونی هەڵوێست و پلانەکانیان ـ بوونە دوژمنی یەکەمی پێغەمبەر. کەچی پێوەندیی مەسیحییەکان لە تەک مسوڵماناندا هەر وەک خۆی مایەوە، هەندێکیان بوونە مسوڵمان، بڕێک جووش هەر بوونێ، وەلێ پەلهاوێشتنی ئیسلام، ئاقیبەت ئامبازبوونی لەگەڵ مەسیحییەکانی دوورگەی عەرەبی و باکوری لێ کەوتەوە.

ئیدوارد گیبۆن Edward Gibbon لە کتێبەکەیدا "داهێزرانی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی و دارِمانی"، دەڵێ: ئەو کاتەی هەرقلی ئیمپراتۆر بەسەر قوستەنتینتیە و قودسدا سەرکەوت، شارێک هەبوو

............................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عەبدوڕەزاق عەلی

لەوپەڕی تخووبەکانی ولاتی شام، شارێکی هەڵکەوتوو بوو، عەرەبان تالانیان کرد و ئەو لەشکرەشیان تارومار کرد کە بەهانایەوە چوو. داگیرکردنی ئەو شارە بەڕووداوێکی ڕووکوش و ئاسن دەزانرا، وەلێ دواتر دەرکەوت، بووە شوێنپێی شۆڕشێکی گەورە، ئاخر ئەو تالانچییانە، نێردراوانی محەمەد (د.خ) بوون، بەوپەڕی ئازایەتی و دەمارگیرییەوە لە ساراکانەوە هاتبوون، بۆیە هەرقل، ناچار بوو مل بدات و دەستبەرداری هەموو ئەو خاک و هەرێمانە ببێ کە لە فارسانی داگیر کردبوون[١]. ئەوەش بووە سەرەتای سەرکەوتنی ئەو عەرەبانەی لە نیوچە دوورگەی عەرەبی و سارا چۆڵەکانەوە هاتبوون بەسەر ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی لە حیرە (عێراق) و شام و میسردا... دواتریش دەستیان گەیشتە ئەندەلووس و بێزەنتە و ناوچە ئیسلامییەکانی تر[٢].

ئیتر کاتی دەستبردن بۆ چەک هات، "قاتلوا الذين لا يؤمنون بالله ولا باليوم الآخر ولا يحرمون ما حرم الله ورسوله ولا يدينون دين الحق من الذين أوتوا الكتاب حتى يعطوا الحرية عن يد وهم صاغرون.[٣] "وقالت اليهود عزيز ابن الله وقالت النصارى المسيح ابن الله ذلك قولهم بأفواههم يضاهون قول الذين كفروا من قبل قاتلهم الله أنى يؤفكون""اتخذوا أخبارهم ورهبانهم أربابا من دون الله والمسيح ابن مريم وما أمروا الا ليعبدوا الها واحدا لا اله الا هو سبحانه، عما يشركون"[٤].

ئەم ئایەتانە، وا لێکدرانەوە کە ئایەتەکانی پێش خۆیان نەسخ دەکەنەوە (ڕەت دەکەنەوە)، ئەو ئایەتانەی نەرمونیانییەکی زۆرتریان بەرانبەر ئەهلی زیمە تێدا بوون، وەک "لکم دينكم ولي دين".[٥] "أفأنت تكرة الناس حتي يكونوا مؤمنين"[٦]. "ولو شاء ربک لجعل الناس"[٧]. لەم ئایەتانەدا (تازەکان) بنەوانێکی قورئانی ڕێنوێنییە شەرعییەکانیان بەدی دەکرێ کە لەسەر مسوڵمانانی فەرز دەکات شەڕی نەسارا و جووان بکەن و پەلاماریان بدەن، خۆ ئەگەر بانگەوازی مسوڵمانیان ڕەت کردەوە و نەبوونە مسوڵمان، باج و خەراجی سەر وماڵیان لێ دەسەندرێ و دەبێ دەست لە سنگان بیدەن " عن يد وهم صاغرون ".

دیراسەتکردن و تێگەیشتن لەوی تر، دیاردەیەکی مەعریفییانەیە بۆ ئەوەی بەڕوویدا بوەستیت و خۆڕاگرانە ئامبازی بی، تۆڵەی لێ وەسێنی و تێکیبشکێنی گەر توانیت، پاش ئەوەی لە مەیدانەکانی شەڕدا تێکتشکاند و هێزەکانی لەنێوچوون، خاکێکی زۆری ئیمپراتۆرییەتە پانوبەرینەکەی دابڕی، خەڵکەکەی لێی تەوللا بوون و چوونە پاڵ خەڵکە سەرکەوتووەکە، واتە ولاتی مسوڵمانان، خێروبێری ئەو ناوچانەی لەدەست دا، سەرباری ئەوەی ناوچەگەلێکی ستراتیجی بوون. ئیتر لەمە بەدواوە ململانێ درێژەی کێشا، فرەجۆر بوو، لە نێویاندا ململانێی کولتووری، یان ململانێی فیکری. بۆیە ناونانی ئەو شەڕ و پێکهەڵپژانە بە"ڕۆهەلاتناسی"، دروست نییە. ئاخر دیراسەتکردنی بەرانبەر لە کەشوهەوایەکی وادا، کارێکی ئەستەمە، لەبەرئەوەی ڕەگەزەکانی ڤەکۆڵین یان تێگەیشتنێکی بابەتییانە کەمن یان هەر نین. کەواتە، دیراسەتکردنی ئەوی تری جیاواز، شایستەی ئەوە نییە پێی بگووترێ دیراسەت، کاتێک دیراسەتکار دەیەوێ بنەوانی بیر و باوەڕی ئەوی تر هەڵتەکێنێ، ڕیسوای بکات، بێلایەن و بابەتی نییە، لە گۆشەنیگای تەسکی

خۆیەوە، بەهەستێکی ئاینی (ڕەگەزییانە یان مەزهەبییانە یان ... یان... تد)، دەڕوانێتە پرسەکان و ڕادەستی بەڵگەنەویستەکانی خۆی دەبێ کە پێی وایە تاکە بەڵگەنەویستی ڕاستن.

تا ئەمڕۆ بەدکاری هەردوولا بۆ یەکتری بەردەوامە، سووکسەرنجان بەنووسینی لایەنگرانی هەردوو ئاینەوە دیارە، تا ئێستا، هەوڵەکانی هەڵتەکاندنی بیر و باوەڕی یەکتر لەسەر یەک پێ بەردەوامە. یەکێک لەو نووسەرانەی بەگرژییکی زۆرەوە لە بارەی هەر شتێکی پێوەندیدار بەمەسیحییەتەوە دەنووسێ، ئەو لێبووردەییەی مەسیحییەتی پێ ناسراوە، نەخاسمە لە سەردەمەکانی بەراییدا، بە (ترسنۆکی) ناو دەبات و دەڵێ: قورئان مەرجەعییەتی تەفسیری ئیرادەی خوایانەیە، خۆ ئەگەر ئەو (ئینجیلەی ئێستا) داوا لە خەڵک دەکات ترسنۆکیان بشێرنەوە، هەروەها هەستی ڕاستەقینەشیان کاتێک داوایان لێ دەکات "ئەوەی زللەیەکی لە ڕوومەتی ڕاستت دا، ڕوومەتی چەپی تێ بکە"، ئەوا قورئان داوا دەکات شکۆی مرۆڤان بپارێزرێ لە تەک هاندانیان بۆ لێبووردەییەکی سەربەرزانە و لێخۆشبوون و بەزەیی.[٨]

بەلای چەندان نووسەری مسوڵمانەوە، مەسیحییەت برێتییە لە (ئیسلامێکی کەموکورت)، ئاماژەش بەو بیرۆکە باوە دەکەن کە گوایە (ئینجیلێکی ڕاستینە) لە ئارادایە جیا لەو ئینجیلانەی هەن، ئەو ئینجیلەی باسی هاتنی پێغەمبەرێک دەکات بەنێوی ئەحمەد و دواتر شاردراوەتەوە و ئەم ئینجیلانەی ئێستا (دەستکاریکراوانە) جێیان گرتووەتەوە.

ئەم کتێبە، ئینجیل، بەئینجیلی ئێستا ناو دەبات، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئینجیلێکی تر (ئینجیلی دایک) کە دەستکاری کراوە، تەوراتیش دەستکاری کراوە و مسوڵمانان متمانەیان پێ نەماون. ڕاستییەکەی، قورئان لە چەند جێیەکدا ئاماژە دەدات کە نەسارا و جووان، دەستکاری قسەی خوایان کردووە، سورەتی بەقەرە: ئایەتی ٧٥.[٩] سورەتی نیساء: ئایەتی ٤٦,[١٠] سورەتی مائیدە: ئایەتی ٦٨.[١١] سورەتی جومعە: ئایەتی ٥ کە دەڵێ: "مثل الذين حملوا التوراة ثم لم يحملوها كمثل الحمار يجمل أسفارا بئس مثل القوم الذين كذبوا بآيات الله والله لايهدي القوم الظالمين". لە ئایەتی ١٣ی سورەتی مائیدەشدا هاتووە: "فيما نقضيهم ميثاقهم لعناهم وجعلنا قلوبهم قاسية يحرفون الكلام عن مواضعه، ونسوا حظا مما ذكروا به".

ئەگەر ڕێگە خۆش بکەین ئەم دەستگرتنە بەکەلەپوورەوە هەڵگەڕێتەوە بۆ توانەوە لە ڕابردوودا ... بۆ (ڕاکردن) لە ئێستای لێوانلێو لە تەحەدییاتی زۆر، کارێک بکەین بەئومێدی سەروەرییەکانی ڕابردوو دەستەوئەژنۆ پاڵی لێ بدەینەوە و خۆمان بە کوڕی ئەم ڕۆژگارەی ئەمڕۆ نەزانین و چاک و خراپی کۆنمان قبووڵ بێ، ڕێگە بدەین دەستگرتن بەڕابردووەوە ببێتە هەڵوێستێکی نا زانستییانە کە نەڕەخنەی تێدایە نە هەڵبژاردن و نە ناڕازیبوون، بگرە بەهەموو شتێکی ڕازی بین و گوێ لە ڕابردوو بگرین و ئاگامان لە ئێستا نەمێنێ... ئاخر دەستگرتن بەکەلەپوورەوە ئەگەر سنووری لۆگیکی هێوری تێپەڕاند، دەبێتە چەکێکی ترسناک و بەرسنگی خۆمان دەگرێ بەر لەوەی ڕووبەڕووی دوژمنان و پەلاماردەران بێتەوە[١٢].

تەسلیمبووون بەڕابردوو، وای کردووە مسوڵمانان بەبوونی گرێی ڕابردوو تۆمەتبار بکرێن، گرێش واتە؛ وشکهەڵاتنی ئێستا و لێڵبوونی داهاتوو.. بەبۆچوونی من، وەک نووسەرێکی مەغریبی[١٣] دەڵێ: ئەوەی خودانی ئێستە نەبێ، داهاتووی نییە.

ئەمە هەڵوێستی هێندێ نووسەرە، بەڵام هەڵوێستی ڕۆهەڵاتناسان بەرانبەر قورئان، زۆربەیان ئەوە دەسەلمێنن کە ئەو قورئانەی ئەمڕۆ ئێمە دەیخوێنین، هەمان ئەو قورئانەیە کە محەمەد"د.خ" دەیخوێند و دەستکاری نەکراوە، ئەوان (ڕۆهەڵاتناسان)، بەتەنگەوەن ئەمە بڵێن، ئەگەرچی لێرە و لەوێ برێک ڕەخنە لە سیستم یان سەمتی کۆکردنەوەی قورئان و ڕیزبەندیی ئایەتەکانی دەگرن[١٤].

کەولتە تا ئێستا جیاوازیی نێوان ئاینەکان سەبارەت بەهەندێ بابەت، با سەرچاوەکەیان یەکیش بێ، کە خوای گەورەیە، ڕاستینە دەشێرێتەوە، یان جاری وا هەیە بەرژەوەندییی وا دەکات برێ تێگەیشتن و چەمکی ئاوەژوو بڵاو بکرێتەوە، بۆ ئەوەی کەلێنەکە هەر بمێنێتەوە و جیاوازییەکان بەگیانی سەدەکانی پێشوو چارەسەر بکرێن نەک ئەم ڕۆژگارە، تا ئێستا ڕق و کینە ڕۆڵ دەگێڕن لە هەڵایسانی ئاگر و بڵاوبوونەوەی دەمارگیری، بەهۆی تێنەگەیشتن لە ئاینگەل و گێرمەوکێشەی کۆکردنەوەی دەقە پیرۆزەکان، دوای کۆچی دوایی خودانی پەیامەکە. ئەم گیانە، پێوەندیی بەدیراسەتگەلی ڕۆهەڵاتناسییەوە نییە، ئاخر ئەوانە دیراسەتگەلن پێش ئەوەی باوەڕ و بنەمای هزریی بن و خاوەنەکانیان هەوڵ بدەن بەهەر نرخێک بێ بیانسەلمێنن. بگرە ئەو دیراسەتگەل و ڤەکۆڵینانەی بیری تەسک و لایەنگیرییان پێوە دیارە، زادەی تەبشیرکاری و دژە تەبشیرکارین، واتە؛ ئەوانەن کە دەیانەوێ لە بەها و ڕاستیی بیر و باوەڕگەلی تر کەم بکەنەوە و بیسەلمێنن تەنیا خۆیان ڕاستن و ڕاستینەش هەر لای ئەوانە.

زۆر گرینگە ـ جێی ڕامان و بایەخیشە ئاماژە بەوە بکەین کە قورئانی پیرۆز لە ئایەتگەلێکی پێشووتردا و بە گووتارێکی ڕوون، باس لە ڕاستی و دروستی پەیامی مەسیح و ناوەڕۆکی تەورات دەکات، "وقفينا على اثرهم بعيسى ابن مريم مصدقا لما بين يديه من التوراة وآتيناه الانجيل فيه هدى ونور ومصدقا لما بين يديه من التوراة وهدى وموعظة للمتقين"[١٥]. ئەمە ئەوپەڕی باوەڕهێنانە بەیەکەتیی ئامانجی ئاینگەل، بەوەی لە کتێبە پیرۆزەکاندا هاتووە، داننانە بەڕاستگۆیی سەید ئەلمەسیح و ناوەڕۆکی تەورات و ئینجیل بەڕێنوێنی و ڕووناکی و نەسیحەتەکانیانەوە، وەلێ بەرژەوەندیی بەرتەسک کە دواتر پەیدا بوو، لە تەک خۆیدا عەقڵ و ئاوەزگەلێکی کورتبینی هێنایە ئارا، دەمارگیریی بڵاو کردەوە، ئەمە لە کاتێکدا، ئامانجی ئاینگەل، هەموو ئاینەکان، بڵاوکردنەوەی خێر و ئاشتی بوو لە نێوان ئینسانەکاندا، نە تەنیا دەست بۆ بابەتە لاوەکییە جێناکۆکەکان ببرێ و پێیان لەسەر دابگیرێ، لە پێناو گەیشتن بەدەسکەوتی بچووک لەسەر حسێبی حەقیقەتی یەکەتیی بوون و سەرچاوەکانی ئیمان و ئامانجەکان.

وا دەیخوێنینەوە کە ئیسلام بانگی مەسیحیگەل دەکات تا "پێڕەوی ئینجیل بکەن"، دواتر مەسیحییەکان و ڕاهیبەکانیان بوونە ئەوانەی "قسەکان ئاوەژوو دەکەنەوە"، دواتر ئەو ئینجیلەی

بەردەستمان بووە کتێبێکی دەستکاریکراو و دەبێ مسوڵمانان ئەم ئینجیلە، هەر چوار ئینجیلەکەی ئێستا و (ئینجیلە ڕاستەقینەکەی کە دیار نییە، ئەو ئینجیلەی خوا بۆ عیسای ڕەوانە کردووە)، لێک جودا بکەنەوە. لە کاتێکدا، سەرەتای پێغەمبەرایەتی، گووتاری قورئان وەک خەڵکێکی باوەڕداری ڕاستەقینە تەماشای مەسیحیگەلی دەکرد، دوای سەرکەوتنی بانگەوازی پێغەمبەرایەتی بوونە کافرگەلێکی لامل*. سەرەڕای "لکم دینكم ولي دين"[١٦]، هەروەها "فذكر انما انت مذكر، لست عليهم بمصيطر"[١٧]. هەروەها لە وەسفی کتێبی "تەوراتەکەی ئێستا"دا دەڵێ، بیر و باوەڕی دەستکاریکراوی تێدایە، چونکە لەو تەوراتەی ئێستا وەرگیراوە.[١٨]

دەگەڕێینەوە و دەڵێین: ئەو کەسەی بیەوێ خۆی لە دارەتی دەستپێکەکانی ڕۆهەڵاتناسی بدات، ئەوە خۆی دەدا بەدەم دەریایەکی بێ بنەوە کە لێوانلێوە لە بۆچوونی جیاواز و بگرە دژبەر، هۆکارەکەش؛ کۆکنەبوونە لەسەر چەمکی ڕۆهەڵاتناسی خۆی و وێکنەچوونی گۆشەنیگا و تەرزە هزرییەکان، تەنانەت کەسی وا هەیە کە دانانی کتێبگەلێک لە بارەی ئیسلامەوە لەلایەن پیاوێکی ئاینیی مەسیحی ڕۆهەڵاتییەوە کە خۆی و باووباپیرانی لە دیوانی دەوڵەتێکی عەرەبیدا لە سەدەی یەکەمی کۆچیدا کاریان کردووە، بەکارێکی ڕۆهەڵاتناسیانە ناو دەبات.

بۆیە ئەوەی سەرودەر لەم بابەتە دەردەکات و چاوێک بەو کتێبانەدا بگێڕێ کە لەم بارەیەوە نووسراون، دەبینێ خەڵکێک هەن یەکەمین هەوڵەکانی ڕۆئاوا لەپێناو کۆنترۆڵکردنی ڕۆهەڵاتدا، بەڕۆهەڵاتناسی دەزانێ، سەرەڕای ئەوەی خۆ ڕۆژگارێک بووە، ڕۆهەڵاتیش هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ڕۆئاوای داوە. با لە بزووتنەوەکانی ڕۆئاواوە دەست پێ بکەین. بەڵگە زۆرن لەسەر ئەوەی هەر لە دێرزەمانەوە، ڕۆئاوا هەوڵی داوە دەست بەسەر هێندێ ناوچەی ڕۆهەڵاتدا بگرێ. ئەو بەڵگانە، بەشێکی ئەو ململانێ بەردەوامەی لە ئەنجامی چاوتێبڕینی بەهێزان لە خاکی خەڵکی تر هاتووەتە ئارا، تەنانەت پێش ئەوەی دەستەواژەی (ڕۆهەڵات و ڕۆئاوا) هەر پەیدا ببێ. ململانێیەکە لە هەردوولاوە بەردەوام بووە. نێوان وڵاتەیلی فارس و ئیغریق، هێرشی قەمبیزی ئەخمینی کوڕی کۆرشی شای وڵاتەیلی فارس بۆ سەر میسر، دوای ئەوە ئەحشوێرشی یەکەمی شای فارسان (٤٦٥ _ ٤٨٥ پ ز)، کوڕی داریوش، پەلاماری میسر و ئیغریقی دا و ئەسینای پایەتەختی گرت، دواتر تێکشکا. هەروەها، ئەسکەندەری مەکدۆنی گەورە، پەلاماری وڵاتەیلی ڕۆهەڵاتی دا، ساڵی ٣٣١ پ.ز لە شەڕی (ئەربیللا – نێزیک ئەربیل"هەولێر")ی ئێستا، بەسەر داریوشی دووەمدا سەرکەوت[١٩].

لەنێو ئەو چیرۆکەی هێشتە کۆتاییەکەی نەنووسراوە، چیرۆکی ململانێی دوو دنیا، هەر زوو، ئاراستەیەک بۆ نووسین لە بارەی ڕۆهەڵاتەوە پەیدا بوو، ئەم ئاراستەیە هەوڵی دەدا، بایەخی ئابووری و ستراتیجیکی ڕۆهەڵات بخاتە ڕوو، بۆ ئەوەی سیاسەتوانانی ڕۆئاوا بورووژێنێ و زانیارییان بداتێ لە بارەی ناوچەکەوە تا لە هەنگاوەکانی داهاتوویاندا بەکەڵکیان بێ[٢٠]. هەر هێندەی دەوڵەتێک هەستی کرد بەهێزە، ئیتر چاو لەملا و لای خۆی دەبڕێ، خۆگیڤکردنەوە بووە

سیمای سەرەکی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان، بۆیە هەڵبەز و دابەزی نێوان ڕۆهەڵات و ڕۆئاوا نەوەستا، تا ئێستا بەردەوامە و هەر دەشمێنێتەوە[٢١].

فلافۆس ئەریان Arrianی ئیغریقی، چەندان کتێبی داناوە، یەکێکیان لە بارەی شاڵاوەکانی ئەسکەندەری مەکدۆنییەوە کە پازدە بەشە، لە هەشتیاندا، باسی بارودۆخی کەنداوی عەرەبی (فارسی) و هیندستان و گەشتی نێرخۆس، سەرکردەی هێزەکانی ئەسکەندەر لەو ناوچەیە دەکات. هەروەها، سترابۆ Strabo، جوگرافیاناسی بەناوبانگ، بەشێکی تەواوی لە کتێبەکەی "جوگرافیا" تایبەتە بەدوورگەی عەرەبی، پاش ئەوەی گەشتێکی بۆ ئەو ناوچەیە کردووە و باسی چەندان شار دەکات، لەمەشدا سەرقافڵە بوو. ڕۆمانەکان، سۆراخی نهێنی هەڵکردنی بای وەرزی دەکرد، بەمەش، ویستیان زەبر بدەن لە باڵادەستی عەرەبان بەسەر بازرگانیی دەرياییەوە، هەموو کەرەسەیەکی سەربازی و سیاسیان بۆ ئەو مەبەستەیان بەکار هێنا. کتێبی "گەڕان بەدەوری دەریای ئەریتریادا"، نموونەیەکی زیندووی ئەو پرسەیە، مەبەست لە دەریای ئەریتریا، دەریای سوور و کەنداوی عەرەبی (فارسی) و زەریای هیندی "دانەری نەناسراوی کتێبەکە باسی بەندەرەکانی سەر دەریای سوور و کەنداو و هیندستان دەکات تا دەگاتە کەنارەکانی ڕۆهەڵاتی ئەفریقیا" نووسەری کتێبەکە زانیاریی سەیر لە بارەی ئەو ناوچانەوە باس دەکات، کتێبەکە دەوروبەری ساڵ ٦٠ی. ز نووسراوە.[٢٢]

پێش ئەمانە، هێردۆت (480 _ Herodutus 425 پ. ز) گەڕیدەی ناسراوی ئیغریقی کە لە شاری "هالیکارنا سۆس"ی ئاسیای چکۆلە لەدایکبووە، وڵاتەکەی خۆی یۆنان و باشووری ئیتالیا و وڵاتەیلی بابل گەڕاوە، هەرچییەکی بینیووە نووسیویەتی. پاش ئەو، مێژوونووسی ئیغریقی "زەینەفون (435 _ Xenephon 355 پ. ز)" کتێبی "ئانا باسیس Anabasisی دانا، ئاناباسیس، واتە؛ پێشکەوتن یان پێشڕەوی سەربازی، ناویشی نابوو "هەڵمەتی دە هەزار شەڕکەر"، ئەڵبەت ئەم کتێبە، کتێبێکە لە دنیادا ناسراوە. زەینەفون، قوتابی فەیلەسووفی ناسراو سوکرات، بەبیرتیژ، خودان بۆچوونی ڕاست و بەئاگا ناسراو بوو. کتێبەکەی تا بڵێی کاریگەر بوو لەسەر هاووڵاتییانی خۆی و تەنانەت دەگووترێ: کتێبەکەی پەنجەرەی بەڕووی یۆنانەکاندا کردەوە ئەوێ ڕۆژێ سۆراخی شارستانییەتی ڕۆهەڵات بکەن، کە هیچی لە شارستانییەتی ئەوان کەمتر نەبوو. ڕەنگە هەر ئەو کتێبە، دنەی ئەسکەندەری مەکدۆنی دابێ پاش چارەکە سەدەیەک لە مردنی زەینەفون، ڕوو لە وڵاتانی ڕۆهەڵات بکات[٢٣]. ئاخر ناچێتە عەقڵەوە، لایەنێک پەلاماری لایەنێکی تر بدات ئەگەر زانیاریی لە بارەیەوە نەبێ، وەک زانیاریی هەواڵگری، زانیاریی لە بارەی سروشتی خاک و کەشوهەواوە، ماوەی نێوان هەردوولا، ئابووری، بیر و باوەڕی خەڵکەکە، بارودۆخی سەربازی و سیاسیی وڵاتەکە.. تد. وەلێ چونکە ئەو ڕۆژگارە هێشتە شێوازی پەیداکردنی زانیاری، نەگەیشتبووە ئاستی بوونی سیستمێکی هەواڵگری بۆ سۆراخ و پەیداکردنی زانیاری، دەبوو پشت بەگەڕیدە و جوگرافیناسان ببەسترێ، بازرگانانیش..تد، خۆ ئەگەر ئەسکەندەر لە ڕێی کتێبەکەی

زەینەفونەوە ئاگەداری بارودۆخی ڕۆهەڵات بووبێ، مانای وا نییە ئەو پیاوە ڕۆهەڵاتناس بووە.

لەم بارەیەوە، باسی هێندێک لەو کەسانە دەکەین کە بەشێوەیەک لە شێوەکان، زانیارییان لە بارەی ڕۆهەڵاتەوە، پێشکێش کردووە، جا ئیغریق، ڕۆمان یان بەتاڵمە بووبن، لەوانە، ئیراتۆستین (Eratosthene 194 _ 276 پ. ز)، کە ئەمینداری کتێبخانەی بەناوودەنگی ئەسکەندەریە بووە. یەکەمین کەس بوو کاتی ڕووداوە گرینگەکانی ڕێکخست لە مێژووی ئیغریقدا بەپشتبەستن بەپێوەرە گەردوونییەکان و پرانی کارەکان خۆی خستە بەردەست دەوڵەت[٢٤].

مێژوونووس و جوگرافیاناسی ئیغریقی میگاستین Megasthene(سەدەی یەکەمی پێش زاین)، سلافس نیکاتۆر، بەچەند ئەرکێک نارديە لای ساندرا کۆش، شای هیندستان لە ساڵانی نێوان ٢٩٧ _ ٣٠٢ پ. ز. تێبینییەکانی خۆی لە کتێبکدا تۆمار کرد بەناوی لە بارەی هیندستانەوە Ses India، هەر لە ڕێی ئەم کتێبەوە خەڵک زۆر زانیارییان لە بارەی گەلان و ئێلەکانی نیوچە دوورگەی هیندەوە پێگەیشت. پلینێ (79 _ 23)Pline زاین)، نووسەرێکی لاتینییە، لە گرکانی فیزۆفدا تیاچوو، دانەری کتێبی "مێژووی سروشتی"Hist Natur"یە، دەتگووت ئەنسکلۆپیدیای زانستە، ٣٧ کتێبی داناوە. ئەوجا سترابۆ کە پێشتر باسمان کرد. بەتلیمۆس (سەدەی دووەمی زاین)، جوگرافیناس و زانای گەردوونی و ماتماتیکی ئیغریقی، لە میسری باکور هاتووەتە دنیاوە، خاوەنی کتێبی "ئەلمەجسەتی"،[٢٥] کتێبێکی تری هەیە "جوگرافیا/ زانستی زەوی" کە سەرچاوەیەکی گرینگ بوو مسوڵمانان و ئەوروپاییەکان لە سەدەکانی نێوەڕاستەوە تا سەردەمی ڕۆشنگەری، سوودی زۆریان لێ وەرگرتووە.

کتێبخانەی ئەلیکترۆنی

سەرچاوە و ژێدەر و پەراوێزەکان

١. ادوار عطية، ترجمة: عبداللطيف شرارة، مكتبة لبنان، بيروت، ط٢، ١٩٧٢، ص٢٥.

٢. محمد حسنين هيكل، حياة محمد، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، ط١٣، ١٩٦٨، ص٢.

٣. صاغرون، صغر، هان وذل، صغره: جعله حقيرا في أعين الناس.

٤. سورة التوبة: الآيات ٢٩ _ ٣١.

٥. سورة الكافرون: الآية٦.

٦. سورة يونس: الآية٩٩.

٧. سورة هود: الآية١١٨.

٨. محمد العزب موسى، دراسات اسلامية في التفسير والتأريخ، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٨٠، ص١٣٣.

٩. أفتطمعون أن يؤمنوا لكم وقد كان فريق منهم يسمعون كلام الله ثم يحرقونه من بعد ما عقلوه وهم يعلمون.

١٠. من الذين هادوا يحرفون الكلام عن مواضعه، ويقولون سمعنا وعصينا وأسمع غير مسمع وراعنا ليا بألسنتهم وطعنا في الدين ولو انهم قالوا سمعنا وأطعنا وأنظرنا لكان خيرا لهم وأقوم ولكن لعنهم الله بكفرهم فلا يؤمنون الا قليلا.

١١. قل يا أهل الكتاب لستم على شئ وحتي يقيموا التوراة والانجيل وما أنزل اليكم من ريكم وليزيدن كثيرا منهم ما أنزل اليك من ربك طغيانا وكفرا فلا تأس على القوم الكافرين.

١٢. د. عمادالدين خليل، موقف من التراث، مطبعة أوفيست الميناء، بغداد، ١٩٧٧، ص ١٣ _ ١٤.

١٣. عبدالكريم غلاب، الفكر العربي بين الاستلاب وتأكيد الذات، الدار العربية _ ليبيا _ تونس، ١٩٧٧. ص١١.

١٤. محمد حسنين هيكل، مذكور، ص٣١.

١٥. سورة المائدة: الآية٤٦.

* أنظر ما كتبه بيرتون ل، ماك: الانجيل المفقود، ترجمة: محمد الجورا. مطبعتان في دار الحكمة – دار الجندي، دمشق، ط١، ٢٠٠٧. وفالح مهدي، البحث عن منقذ، فصل٥، دار ابن رشد، بيروت ١٩٨١. وشبكة (www.ladeeni.net) يسوع – قراءة في الكتب المحرمة، بقلم حيران.

١٦. سورة الكافرون: الآية٦.

١٧. سورة الغاشية: الآيتان٢١ – ٢٢.

١٨. د. محمد حسن محمد بني عامر، المستشرقون والقرآن الكريم، دار الأمل، اربد، الأردن ٢٠٠٤، ص١٣١.

١٩. أنظر: فؤاد جميل (حدياب – أربيلا وعشتار – أربيلا، دورية سومر، مديرية الآثار العراقية، بغداد، مجلد ٢٥، ١٩٦٥. برسي سايكس، تأريخ ايران، ترجمة من الانكليزية الى الفارسية: سيد محمد تقي فخر داعي كيلاني، شركة سهامي، ضاث انتشارات ايران، ج١، ص٣٤٢ – ٣٥٣.

٢٠. د. جواد علي، المفصل في تأريخ العرب قبل الاسلام، دار العلم للملايين، بيروت، ١٩٧٤، ج١، ص ٦٠ – ٦١.

٢١. ارفن جميل شك، الاستشراق جنسيا، ترجمة: عدنان حسين دار قدموس، بيروت، ٢٠٠٣، ص٢٥.

٢٢. د. حسن عثمان، منهج البحث التأريخي، دار المعارف، القاهرة، ط٥، ١٩٨٤، ص٩٠.

٢٣. أنظر: زينوفون، حملة العشة آلاف – الحملة على فارس، ترجمه عن الانكليزية يعقوب أفرام منصور، مطبعة جامعة الموصل، ١٩٨٥.

٢٤. هاري أ – بارنز، تأريخ الكتابة التأريخية، ترجمة: د. محمد فرج، الهيئة العامة، القاهرة، ١٩٨٤، ج١، ص٤٩ – ٥١.

٢٥. المجسطي: أهم كتاب ساعد على تقدم الفلك في العالم، وقد ترجم الى العربية. أنظر: قدري حافظ طوقان، تراث العرب الغلمي في الرياضيات والفلك، دار الشروق، بيروت، ط٣، ١٩٦٣، ص١١٢.

## لە ئەزموونەکانی گەلان لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەدەنیدا

# شێوەکانی دەستوەردانی راستەوخۆ

جین شارب

١ لە ٢

---

### دەسپێک

ئیدی بەسە رەواجپێدان و خۆپەروەردەکردن لەسەر هەستگەلێکی توندوتیژ، کە وا بەگوێماندا دەچرپێنرێ ئەو هەستانە لە جەرگەی سروشتمانن و هەموو تەمەنمان لە ڕووبەڕووبوونەوەی نەزۆکدا بەسەر دەبەین، کە جگە لە شکستی بەردەوام بە هیچ ئەنجامێکی ترمان ناگەیەنێ با ئەو شتەیش بەدەست بێنین کە بۆی دەکۆشین... ئەمە ئەگەر بەدەستیشی بێنین.

هیچ شتێک نییە هێندەی تووڕەبوون و رق لای مرۆڤ ئاسان بن کاتێ هێزی جەستەیی وەک باشترین خەسڵەتە مرۆییەکان وێنا دەکرێ و تۆڵەکردنەوە و خوائۆخەی لەلای شیرین دەکرێ و یەکبین دەیڵێتەوە کە ماف لە رێی سڕینەوەی بەرامبەرەوە نەبێ بەدەست نایەت، لە ڕێی کوشتن یاخۆ تێکشکاندنی یان گەیاندنی بە دۆخێک ئێمە بەدەستییەوە دەماننالاند. لێرەشەوە چارەسەرکردنی ستەم بەئامرازە توندوتیژانە لەناوبەرەکان سەر دەکێشێ بۆ گێژاوی توندوتیژی.

ئاخۆ بەدیلی ئەمە چاوپۆشینە لە ستەم؟

دیارە ئامرازی تر هەن جگە لە توندوتیژی بۆ گەیشتن بۆ دۆخێکی دادپەروەرانەتر و نەهێشتنی ئەو نادادییەی بەرامبەر کەسانێک کراوە بەبێ ئەوەی دەستدرێژی بکرێتە سەر کەسانی تر و بەبێ ئەوەی ستەمبارەکە ببێتە "ستەمکار" و رۆڵەکان جێگۆڕکێ بکەن و "مێژوو خۆی دووبارە بکاتەوە".

ئەزموونی گەلان لە بواری بەدەستهێنانەوەی مافی خۆیان لە ژیان و ئازادی و دادپەروەریی

........................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفوور

کۆمەڵایەتی بەبێ بەرەنگاریکردنی توندوتیژی بە توندوتیژییەکی تر کە ئەنجامەکەی سەرهەڵدانی حاڵەتی نوێی ستەمە، زۆر و زەوەند و پڕ لە نموونەیە. خۆ ئەگەر ئەو توندوتیژییە نەبووە مایەی هەڵگرتنی ستەمەکە، ئەوا دۆخەکە خراپتر دەکا و ناسۆریی پتر بەدوای خۆیدا دێنێ، هەروەها بەهۆی ئەو ترس و کاردانەوەیەی لای دەسەڵاتداران دروستی دەکا، سەرکوتکردنەکە سەختتر دەکا.

کاتێ باس لە بێمانایی ڕووبەڕووبوونەوەی ستەم بە توندوتیژی دەکەین، مەبەستمان ئەوە نییە کە بەدیلەکەی پێکەوەژیانە لەگەڵ ئەم ستەمە لە روانگەی "ئامادەکردنی گووپەکەی ترەوە" بۆ لێدانی، بگرە مەبەست ڕووبەڕووبوونەوەی راستەقینە و دیراسەکراوە لە ڕێی کۆبوونەوەی چەوساوان و راگەیاندنی رەتکردنەوەیان بۆ ئەو حاڵەتە و بەرنامەرێژییان بۆ نەهێشتنی و هێنانەکایەی ئازادی و دادپەروەری بۆ هەموان دێتە دی. ئەمەش روو نادا تا خەڵک هەست بەوە نەکەن کە دەبێ بایەخ بە دۆخی ژیانی خۆیان بدەن و بۆ گێڕانەوەی مافە زەوتکراوەکانیان چاکی مەردانەی لێ بکەن بە لادا.

"بزووتنەوەی مافەکانی خەڵک" لەگەڵ هەزاران کەس لە لبنان دیدار و چاوپێکەوتنی هەبووە، لە سەرجەم ئەو دیدارانەدا کۆمەڵێک پرسیار و تێبینیی بنەڕەتی دووبارە دەبوونەوە:

ڕەنگە کاری ناتوندوتیژانە لە ململانە ناوەخۆییەکاندا بەکەڵک بێ، بەڵام ئاخۆ لە ململانە نەتەوەییەکان لە دژی دەستدرێژیکارانی دەرەکی هیچ ئەنجامێکی دەبێ؟

ئەگەر دوژمن توندوتیژیی بەکار هێنا، چۆن دەکرێ بەناتوندوتیژی وەڵام بدرێتەوە؟

ڕەنگە ناتوندوتیژی لە وڵاتانی دیموکراسیدا کە ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ دەگیرێ، بەکەڵک بێ بەڵام لە وڵاتانی دیکتاتۆریدا بێ کەڵکە.

چۆن دەکرێ ناتوندوتیژی لەگەڵ کەسانی وەک هیتلەر بەکار بێ؟

هەموو ئەوانەی پێڕەوییان لە خەباتی ناتوندوتیژانە کرد کوژراون لەوانە گاندی و مارتن لۆسەر کینگ و مەسیح و... هتد. ئەم پرسیارانە دەخوازن ڕێگەکانی کاری ناتوندوتیژانە روون بکرێنەوە، وەرگێڕانی کتێبەکانی ڕێگەکانی کاری ناتوندوتیژانە بۆ ئەو مەبەستەیە.

لەو کتێبەدا جین شارپ ۱۹۸ ڕێگەی بۆ کاری ناتوندوتیژانە خستووەتە روو کە هەموویان لە ئەزموونی زیندووی مێژوو تا ساڵی ۱۹۷۳ کە کتێبەکەی تێدا دەرچووە، وەرگیراون.

ئەو ئەزموونانەی لەم کتێبەدا باس کراون دەری دەخا ڕێگەکانی کاری ناتوندوتیژانە فرە جۆرن، هەروەک باس لە کاریگەریی کاری ناتوندوتیژانە لە هەلومەرجە جیاوازەکاندا پێشان دەدا.

هەروەها روونی دەکاتەوە کاری ناتوندوتیژانە کاریگەرانە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی جۆرەوجۆری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و هی تر بەکار هاتووە.

هەروەها تەنیا پێوەست نییە بەپرسە ناوەخۆییەکانی وەک داواکارییە کۆمەڵایەتییە

ئابوورییەکان و مافە مەدەنییەکان لە بەرامبەر جیاکاریی رەگەزی، بگرە پرسە نەتەوەییەکانیش دەگرێتەوە وەک ئیمپریالیزم و داگیرکردنی دەرەکی.

هەروەها دەردەکەوێ کاری ناتوندوتیژانە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێژیمگەلی دیموکراسی و هەروەها نادیموکراسیشدا بەکار هاتووە، بەتایبەتی ڕێژیمی نازی کە هیتلەر دایمەزراند.

پەیامی بنچینەیی ئەم کتێبە برێتییە لەمەی خوارەوە:

کاتێ ستەم روو دەدا ئێمە لە بەردەم دوو بژاردەدا نین کە سێیەمین نەبێ: توندوتیژی یان ملکەچکردن. ڕێگەیەکی سێیەمیش هەیە کە برێتییە لە بژارەی بەرگریکردنی مەدەنیی ناتوندوتیژانە.

کتێبی ڕێگەکانی کاری ناتوندوتیژانە بەشی دووەمن لە سیانەی "سیاسەتی کاری ناتوندوتیژانە" کە لە سێ بەش پێک دێ:

بەشی یەکەم Power and struggle

بەشی دووەم Methods of non violent action

بەشی سێیەم Dynamics of non violent action

بزووتنەوەی مافەکانی خەڵک بەشی یەکەمی لە کتێبێکدا وەرگێڕدرا بەناونیشانی یاخیبوونی مەدەنی.

بەشی دووەم بزووتنەوە بەپێی ئەو پۆلبەندییە دانەر دایناوە وەریدەگێڕێ کە، ئەویش لە ڕێگەی چوار کتێبەوە کە هەموویان لەژێر ناونیشانی "لە ئەزموونەکانی گەلان لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەدەنیدا"ن.

کتێبی یەکەم: کارەکانی ناڕەزایی و قایلکردن.

کتێبی دووەم: هاوکارینەکردنی ئابووری.

کتێبی سێیەم: هاوکارینەکردنی کۆمەڵایەتی و سیاسی.

کتێبی چوارەم: شێوەکانی دەستوەردانی ڕاستەوخۆ.

"بزووتنەوەی مافەکانی خەڵک" پێی باش بوو ئەم بیرۆکانە بۆ سەر زمانی عەرەبی بگوێزێتەوە، ئەمە خوایە بەهۆیەوە بەرچاومان ڕووناک ببێتەوە و بتوانین لە گێژاوی توندوتیژیی بکوژ بچینە دەرەوە، کە وای لێ کردووین لە دەریای نەهامەتی و بێئومێدی و ترس و داڕووخاندا نغرۆ ببین.

بزووتنەوەی مافەکانی خەڵک

## پێشەکی

چل و یەک ڕێگەکەی دەستوەردانی ناتوندوتیژانە لەوەدا لە ناڕەزایی و قایلکردن و هاوکارینەکردن جیاوازە کە دەست دەخاتە ناو دۆخ-کێشەکە. ئەو ڕێگەیانە بەهەردوو شێوەی ئەرێنی و نەرێنی کار

دەکەن، چونکە لە توانایدایە شێوە باوەکانی رەفتار، پرۆژە، پێوەندی، یاخۆ دامەزراوانەی جێپەسند نین بخاتە لەرزە یان تەنانەت تێک بشکێنێ، هەروەک دەتوانێ شێوە رەفتاری نوێ، یان پرۆژە پێوەندی یاخۆ دامەزراوەی باشتر دابمەزرێنێ.

هەندێ لەو رێگەیانە ئەنجامگەلی یەکەم و هەندێکیشیان ئەوانەی دووەمیان لێ دەکەوێتەوە.

بە بەراورد بە رێگەکانی نارەزایی و قایلکردن و هاوکارینەکردن، رێگەکانی دەستوەردانی ناتوندوتیژانە گژبەری (تحدی)یەکی زێدە هەنووکەیی و راستەوخۆ نیشان دەدا. لە بارێکدا سەرکەوتوو بێ ئەنجامەکانی خێراترن، چونکە دژبەر (خصم)ەکەی بە ئاستەم دەتوانێ بۆ ماوەیەکی درێژتر بەرگەی ئاسەوار و کاریگەرییەکانی بگرێ. با دەستوەردان لە رێی پەناگیری (اعتصام) لەناو چێشتخانەیەک کە جیاوازیی رەگەزی دەکا بەنموونە وەرگرین، ئەو دەستوەردانە کاریگەرییەکەی راستەوخۆتر و زیاتر دەبێ لەوەی بەمەبەستی بەرگرتن لە جیاوازیی رەگەزی، بەکاربەران بایکۆتی مادە خۆراکییەکان بکەن. بەڵام ئەوە کە شێوازەکانی دەستوەردان روونتر و راستەوخۆترە، مەرج نییە ئەنجامەکانی سەرکەوتووتر و خێراتر بێ، بەتایبەت لە پێوەندیدا بەجۆری دەستوەردانەکەوە. رەنگە سەرکوتکردنی دڵرەقانە و خێرا ئەنجامی یەکەم بێ، بەڵام مەرج نییە ئەوە ببێتە مایەی شکستهێنان.

لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، لەوانەیە دەستوەردانی ناتوندوتیژانە سەربکێشێ بۆ گۆڕینی میکانیزمی جموجۆڵە ناتوندوتیژانەکە، بەو واتایەی رەنگە دژبەرەکە بڕوا بەوە نەهێنێ کە پێویستە رەفتاری خۆی بگۆڕێ. هەرچی هەندێ لەو شێوازانەیە، بەتایبەت دەستوەردانی دەروونی، (جگە لە سەرکوتکردن کە زۆرجار دەبێتە هۆی ئازاردانی ئەوانی تر، وەک لە بواری دەستوەردانی جەستەییدا)، رەنگە بۆچوونی دژبەرەکە بگۆڕێ، یان لانی کەم وای لێ بکا متمانەی بە راستیی بۆچوونەکانی رابردووی کەم ببێتەوە.

چالاکە ناتوندوتیژەکان لەو بڕوایەدان رێگەکانی دەستوەردانی ناتوندوتیژانە لە هەموو رێگەکانی جموجۆڵ زیاتر پشت بەدەستپێشخەری دەبەستێ، لەبەرئەوەی بۆ هەردوو ئامانجگەلی بەرگریکارانە و هێرشبەرانە پەنای بۆ دەبرێ: بەرگریکارانە، بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشی رەقیبەکەی، هێرشبەرانەیش لە پێناو گواستنەوەی کێشەکە بۆ یاریگەی بەرامبەر تەنانەت بەبێ روودانی هەر ئاڵۆسکاندن (استفزاز)ێکیش لەلایەن ئەو دژبەرەوە. ئەم شێوازانە تەنیا کاردانەوەی بەرگریکارانە نین بۆ کارێک کە ئەو –دژبەرە– پێی هەڵدەستێ.

دەستوەردانی ناتوندوتیژانە چەندان جۆری هەیە، لەم بەشەدا بەم شێوەیە پۆلبەند کراون: دەروونی، جەستەیی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی.

بەڵام جۆری دەستوەردانەکە رەنگە جیاواز بێ لەو کاریگەرییانەی رەنگە لێی بکەوێتەوە. بەو واتایەی رەنگە دەستوەردانێکی کۆمەڵایەتی کاریگەرییەکی سیاسیی هەبێ. هەروەها رەنگە دەستوەردانێکی جەستەیی ئەنجامگەلێکی کۆمەڵایەتیی هەبێ.

ڕێگەکانی جموجۆڵی ناتوندوتیژانە هەموو لەوەدا لێک دەچن کە کاریگەرییەکی دەروونییان هەیە، بەڵام دەستوەردانێکی دەروونی ئەو ڕێگەیانە لەخۆ دەگرێ و کە ڕەگەزە دەروونییەکە بەسەر شێوەی دەربڕیندا زاڵە.

بێگومان ئەم دابەشکردنە تا ڕادەیەک ڕەمەکییە، پۆلینکردنی چەند ڕێگەیەکی دیاریکراو لە دۆخێکی مەیدانیی دیاریکراودا دەکرێ. هەروەک مەرج نییە هەموو پەنابردنێک واتای دەستوەردان بگەیەنێ. ڕەنگە جموجۆڵەکە سنووردار، یان لاواز، یان دیاریکراو بێ لە کاتەکە، یان لە ژمارەی ئەوانەی پێی هەڵدەستن، یان لە ئامانجەکەیدا تا ئەو ڕادەیەی ناتوانێ ببێتە دەستوەردانێکی بەرهەست، بگرە لە جێی ئەوە ببێتە نارەزاییی دەربڕینێکی ناتوندوتیژانە یاخۆ هەوڵێکی قایلکردن.

ئێستەیش باسی دەستوەردانی دەروونی دەکەین.

## دەستوەردانی دەروونی

چوار ڕێگەکەی دەستوەردانی دەروونی لە ڕووی هەڵوێست بەرامبەر ئەو کەس یان گرووپەی دژی دەکرێ، جیاوازن. خاڵی هاوبەشیان ئەوەیە لە هەموویاندا دەستوەردانەکە تەنیا لەسەر ئاستی دەروونی (سایکۆلۆجی) دەبێ.

### ١- خۆدانە بەر ئازاری ڕەگەزە سروشتییەکان

یەکێک لە شێوەکانی دەستوەردانی دەروونی بریتییە لەوەی کەسێک لە ڕێی ڕەگەزە سروشتییەکانەوە جەستەی خۆی تووشی ئێش و ئازار و تەنگاوی بکا، وەک ئەوەی ئەو کەسە خۆویستانە خۆی بداتە بەر تیشکی هەتاو یاخۆ خۆی تووشی سووکایەتی و سزادان بکا بەمەبەستی دروستکردنی پاڵەپەستۆی دەروونی یان عاتیفی لەسەر ئەوانی تر، تا وایان لێ بکا ڕەفتاریان بگۆڕن، یان کارێکی دیاریکراو بکەن.

یەکێکی تر لە ڕواڵەتەکانی خۆتەنگاوکردن لە ڕێی کاری ناتوندوتیژانەوە، زیانگەیاندنە بەموڵک و سامانی تایبەتی خۆی.

دادوەرێکی چینی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەمدا بۆ چارەسەرکردنی بەشەڕهاتنی بەردەوامی دوو برا پەنای بردە بەر خۆسزادان بە خۆدانە بەر قرچەی هەتاو. دادوەر"لو" پێی گوتن "ئەگەر دوو برا نەتوانن تەبا بن، ئەوە ئەمە گۆڕانێکی گەورەیە لە پێوەندییە مرۆیییەکاندا، من باوک و دایکی ئێم گەلەم، کەواتە من تاوانبارم کە نەمتوانیوە باش فێرتان بکەم". ئینجا لە بەردەم تیشکی سووتێنەری خۆردا چۆکی دادا و دانیشت. بەوە هەردوو برا ناکۆکەکە دڵیان نەرم بوو و گریان، لەوە بەدوا باشترین پێوەندییان هەبوو.[١]

پرۆفیسۆر ولگرام ئەبرهاد دەڵی" دادوەر لو دەیتوانی سزای توندی هەردوولا بدا کە ڕێساکانی کۆنفۆشیۆسیان لە خۆشەویستیی برایانەدا پێشێل کردبوو، ئەو سزایانەش بەلای دادوەرانی ئەو

سەردەمەوە شتێکی ئاسایی بوو. هیچ دادوەرێک هەوڵی نەدەدا بزانێ کامیان ڕاست و کامیان هەڵەیە. بەڵام ڕەفتارەکەی قازی "لو" هەردووکیانی شەرمەزار کرد و توانی ڕەفتاریان ڕاست بکاتەوە و گێژاوی توندوتیژی ڕابگرێ[٢].

ترۆتسکی کە ئەو کاتە منداڵێک بووە لە کێڵگەکەی باوکیدا دەگێڕێتەوە، لە هەرێمی خرسن لە رووسیای ئیمپراتۆری لە ساڵی ١٨٨٠ ژمارەیەک وەرزێر کە بەشێوەیەکی کاتی لە کێڵگە کشتوکاڵییەکاندا کاریان دەکرد، بۆ دەربڕینی نارەزایی لە خواردنی خراپ، کارێکی لەو جۆرەیان کرد. ترۆتسکی دەڵێ: وەرزێرەکان کێڵگەکانیان بەجێ هێشت و لە دەشتاییەکدا کۆبوونەوە، لەسەر زەوی بەدەمدا پاڵ کەوتن و قاچە لاوازەکانیان بەرز کردەوە و لە چاوەڕوانیی ئەوەدا چی روو دەدا، لەو کاتەدا باوکم کاڵەک و ماسیی وشککراوەی دانێ و ئەوانیش بەدەم گۆرانی وتنەوە گەڕانەوە سەر کار[٣].

لە هاوینی ١٩٧٢ ژمارەیەک لە گیراوانی ئینگلیز و ئەمەریکایی نارەزاییان دەربڕی، ئەویش بە مانەوە بۆ ماوەیەکی زۆر لە سەربانی گرتووخانەکە یان تەنانەت لەسەر کۆگاکانی ئاو و ژیانی خۆیانیان دەخستە مەترسی. ئەوە لە گرتووخانەی فیدراڵی لە شاری دانبوری – کونکتیکتیش رووی دا.

هەوانامەی کتێب

## ٢- ڕۆژووگرتن

زۆرجار وەک رێگەیەک لە رێگەکانی دەستوەردانی دەروونی پەنا بۆ ڕۆژووگرتن دەبرێ. مانگرتن لە هەندێ یان لە هەموو خواردنەکان لەبەر چەند هۆیەک پەنای بۆ دەبرێ، لەوانە تەندروستی، ئاین، سزادان خۆپاککردنەوە یان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەلێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی، کە ئەمەی دواییان بابەتی بایەخپێدانی ئێمەیە:

ڕۆژووگرتن جگە لەوەی رەنگە تەنیا نارەزاییی دەربڕینێکی مەعنەوی بێ، لێرەدا سێ جۆر لە ڕۆژوو باس دەکەین: ڕۆژوو بەمەبەستی پاڵەپەستۆی مەعنەوی، مانگرتن لە خواردن و ڕۆژووگرتنی ناتوندوتیژانە کە گاندی لە هەندێ بۆنەدا پێڕەویی دەکرد.

أ- ڕۆژووگرتن بەمەبەستی پاڵەپەستۆی مەعنەوی:

ئەم جۆرە ڕۆژووە هەندێ خەسڵەتی هاوبەشی لەگەڵ دوو جۆرەکەی تر هەیە و بەتەواوی نابێتە مایەی بەدیهێنانی ئامانجەکانی دەستوەردانی ناتوندوتیژانە، هەروەها جێی نارەزایی (احتجاج) و قایلکردن (اقناع)یش ناگرێتەوە. ڕۆژووگرتن بەمەبەستی پاڵەپەستۆی مەعنەوی، زیاتر هەوڵێکە بۆ دروستکردنی کاریگەرییەکی مەعنەوی لەسەر ئەوانی تر بۆ بەدیهێنانی ئامانجێک، ئەگەرچی وەک مانگرتن لە خواردن هەڵگری سیفەتی پابەند و ناچارکردنی نییە، هەروەها وەک ڕۆژووگرتنی ناتوندوتیژانەش هەڵگری سیفەتی قایلکردن نییە.

زۆر کەس دەڵێن رۆژئاوا لە ڕۆژوو تێ ناگەن، بەڵام ئێمە چەندان رووداو دەزانین کە لە رۆژئاوا

روویان داوە و لە هەندێ حاڵەتدا پێش لە چالاکییەکە ڕێگەی ڕۆژووگرتن لای چالاکەکان نەزانراو بووە، کەچی ئامانجەکان تا رادەیەکی چاوەڕواننەکراو ئەرێنی بوون.

بۆ نموونە لە سالآنی ١٩٦٠ و ١٩٦١دا لایەنگرانی داماڵینی چەکی ناوکی و ئاشتیخوازان لە ئینگلتەرا لە کاتی هەڵمەتی چەک داماڵیندا دژ بەمجۆرە نارەزاییە بوون لەو روانگەوە کە گەلی ئینگلیزی لە ڕۆژووگرتن تێ ناگا، بەڵام کاتێ لە ١٩٦٢ بۆ پاڵپشتیکردن لە بزووتنەوەی داماڵینی یەکلایەنەی چەکی ناوکی، هەروەها لەو ساڵە و ساڵی ١٩٦٣دا بۆ پاڵپشتیکردنی هەڵمەتی بەخشین لە پێناو قوربانییانی برسێتییەکاندا، پێرەوی لە ڕۆژووگرتن کرا، ژمارەی حاڵەتەکانی مانگرتن لە خۆراک بەشێوەیەکی خێرا زیادی کرد و توانی تێگەیشتن و هاوسۆزیی جەماوەر بەدەست بێنێ.[٤]

نموونەکان لەسەر ڕۆژووگرتن بە ئامانجی پاڵەپەستۆی مەعنەوی جۆرەوجۆرن. قەشە پاتریک لەگەڵ شا "تربان ئێف ئەڵستەر" ئەم ڕێگەیەی بەکار هێنا تا وای لێ بکا لەگەڵ کۆیلەکانی بەبەزەیی بێ. هەروەها هەمان ڕێگە لە یەکێک لە شارەکاندا دژ بە بێباوەڕی (هەرتەقە) بەکار هێنرا بۆ ئەوەی وا لە خەڵک بکەن ببنە مەسیحی.[٥]

نیشتەجێگەرە ئەمەریکاییەکان لە چەندان بۆنەدا پەنایان بۆ ڕۆژوو بردووە، لەوانە دانانی رۆژی یەکی حوزەیران وەک رۆژی رۆژووگرتن و لەخۆبووردەیی و نوێژکردن، ئەویش وەک نارەزایی لە دژی ڕێککەوتننامەی بۆستن لە ٢٤ی ئایاری ١٧٧٤. ئامانج لەو کارە لاڵانەوە بوو لە خوای میهرەبان کە بەهانایانەوە بێت و بەر بەلەناوبردنی مافە مەدەنییەکانی ئەمەریکاییەکان و شەڕی ناوخۆ بگرێ. پاش دوو رۆژ فەرمانڕەوا ئەندامانی ئەنجوومەنی بانگ کرد بۆ کۆبوونەوە و بەبڕیاری شا و پەرلەمانی ئینگلتەرا ئەنجوومەنی راوێژکاری[٦] هەڵوەشاندەوە، بەوەیش ڕێگەی لە روودانی کردەوەی دەستدرێژیکارانەی نوێ گرت.

لە هاوینی ١٧٧٤ لە رود ئیلاند[٧] لە پێناو باشبوونی خراپیی بارودۆخی گشتیی وڵات رۆژی نوێژکردن و رۆژووگرتن لە دوورگەکە راگیرا.

لە ١٦ی شوباتی ١٧٧٥ ئەنجوومەنی پیرانی ماساشوستس لە کۆبوونەوەیەکیدا لە کامبرێدج رۆژی نوێژکردن و رۆژووگرتنی راگەیاند و داوای لە خەڵک کرد لە پێناو شا جۆرجی سێیەمدا نوێژ بکەن، بۆ ئەوەی بەوە نیشانی بدەن کە ململانەکە لەگەڵ خودی شادا نییە، بگرە لەگەڵ حکوومەتەکەیدایە.[٨]

لە نیسانی ١٩٦٢ ژمارەیەک فرەنسایی لە پێناو ئاشتی لە جەزائیر رۆژوویان گرت، هەروەها لویس لۆکانی بانگخوازی ئاشتیش لە حوزەیرانی هەمان ساڵ بۆ بەدەستهێنانی دانپێدانانێکی یاسایی بەبانگخوازانی بایکۆتکردنی جەنگ هەمان شتی کرد.[١٠]

دانیلۆ دۆلچی لە کاتی کارکردنیدا لە پێناو زاڵبوون بەسەر هەژاری لە سەقلییە، پەنای بۆ رۆژووگرتنی تاکەکەسی و بەکۆمەڵ برد. کاتێ منداڵێکیش بەهۆی بەدخۆراکییەوە لە کانوونی یەکەمی ١٩٥٢ گیانی لەدەست دا، دۆلچی بڕیاری دا بۆ راکێشانی سەرنج بۆ بێکاری و

نەهامەتییەکانی شاری ترابیتۆ ڕۆژوو بگرێ و ڕەتی کردەوە نان بخوا تا پارەی پێویستی بۆ نەهێشتنی برسێتی کۆ کردەوە.

لە ٣٠ی کانوونی دووەمی ١٩٥٦ دۆلچی بەسەرۆکایەتیی هەزار ماسیگری بێکار ڕۆژووگرتنێکی بەکۆمەڵی لە کەنار دەریا بۆ ماوەی ٤٢ سەعات جێبەجێ کرد، تا سەرنج بۆ دۆخی ئەو ڕاوچییانە رابکێشێ. پۆلیس بلاوەی پێ کردن.[١١] لە ١٦ی کانوونی دووەمی ١٩٦٦یش بۆ نارەزایی دەربڕین لە دژی کارە مافیاییەکان ماوەی هەفتەیەک ڕۆژووگرتنی جێبەجێ کرد.[١٢]

بوودییەکانیش ساڵی ١٩٦٠ لە ململانە ناتوندوتیژانەکانیان لە باشووری ڤێتنام ڕۆژوویان دەگرت، کە هەندێ جار کارەکە بە تاکەکەسی و هەندێ جار لە شێوەی گرووپ گرووپدا و هەندێ جاری تریش هەزاران کەس پێکەوە دەکرا. لە هەندێ بۆنەی دیاریکراودا بوودییە بەساڵاچووەکانیش بەشدارییان کرد. "تریش نات هان" دەڵێ "ئامانجی ڕۆژووگرتن، نزاکردن و پاککردنەوەی دڵ و بەهێزکردنی ویستە، یاخۆ وروژاندنی بایەخدان و هاوسۆزییە لە دڵی خەڵکدا".[١٣]

ب- مانگرتن لە خواردن

مانگرتن لە خواردن جۆری دووەمی ڕۆژووگرتنە، رازینەبوونە بە خواردن بەمەبەستی ناچارکردنی بەرامبەر بۆ جێبەجێکردنی هەندێ داواکاری بەبێ کۆششێکی راستەقینە بۆ گۆڕینی بۆچوونی یاخۆ گۆڕینی "ئەوەی لە دڵیدایە". لەم بوارەدا مانگرتن لە خواردن لە "ڕۆژووگرتنی ناتوندوتیژانە" جیاوازە کە گاندی جێبەجێی کرد، وەک دواتر دەبینین.

مانگرتن لە خواردن هەندێ جار بۆ ماوەیەکی دیاریکراو و هەندێ جاریش بۆ ماوەی دیارینەکراو، یان تەنانەت تا مردن دەبێ ئەگەر داواکارییەکان جێبەجێ نەکران. ئەو گیراوانەی هەست دەکەن هیچ ئامرازێکی سەرکەوتوویان بۆ دەربڕینی نارەزایی لەبەردەستدا نییە جگە لەم رێگەیە، پەنای بۆ دەبەن. نموونەیش لەو رووەوە زۆر و زەوەند و هەمەجۆرە.

بەپێی یاسای ئێرلەندای کۆن ئەو کەسەی دووچاری ستەم یان سووکایەتی دەبێ، پێویستە راستەوخۆ سزای ستەمکارەکە بدا و چاوی لە هیچ سەودا و رێککەوتنێک نەبێ. سزاکەیش دەستبەسەرداگرتنی هەندێ ماڵ و سامانی دیاریکراوە وەک مەڕوماڵات و هی تر.

... سکاڵاکار لە بەرامبەر سکاڵالێکراو رۆژوو دەگرێ، ئەم پرۆسەیە پێش لە جێبەجێکردنی سزاکە پێویست بوو لە بارێکدا سکاڵالێکراو لەسەر ئاستی چین یاخۆ پلەدا لەسەروو سکاڵاکارەکەوە بوایە. سکاڵاکار بەبێ خواردن لە بەردەرگەی سکاڵالێکراودا دەوەستا. زۆرجار خاوەن ماڵەکە بەر لە کۆتاییی پرۆسەکە خۆی بەدەستەوە دەدا. بەڵام ئەگەر سکاڵاکار پاش بەڵێندان بەهەڵگرتنی ستەمەکەی سەری هەر ڕۆژووەکەی نەشکاند، ئەوا هەموو مافەکانی دەسووتێ. هەندێ لە برگەکان ئەوەیان لێ دەخوێنرێتەوە کە پێویستە تا ئەو کاتەی سکاڵاکار مانی

له خواردن گرتووه سکالالێکراویش هیچ نەخوا. ئەوەی وا نەکا شایستەی دادپەروەری نییە نە لەلایەن خوا و نە لەلایەن مرۆڤەوە (یاسای بەریتانیا، بەشی یەکەم لاپەڕە ١١٣)[١٤]. لەو بارەشدا لەگەڵ بایکۆتکردنێکی سەرتاسەریی کۆمەڵایەتی ڕووبەڕوو دەبێتەوە.

هیندیەکان –وەک شیریدها رانی باسی دەکا– بەم شێوەیە پەناگیری و مانگرتن لە خواردن ئەنجام دەدەن:

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا کابرای سووخۆر ئەگەر نەیتوانیایە لە کاتی خۆیدا پارەکەی بگێڕێتەوە، لە بەردەم دەرگەی قەرزارەکەدا دایدەکوتا و دەمی لە خواردن نەدەدا تا پارەکەی بەتەواوی وەردەگرتەوە. ئەو دیمەنە وای دەکرد کەسانی فزووڵی لەو جێیە خڕ ببنەوە، بەم شێوەیەش کابرای قەرزار هەوڵی دەدا بۆ رزگاربوون لەو شەرمەزارییە قەرزەکەی سەری بداتەوە.

شایەرەکانی بەر دیوانی شاهانەی هیندیش هەمان کسمیان هەبوو، کاتێک پاشاکەیان ئامادە نەدەبوو دابەزێتە گۆڕەپانی جەنگ بۆ شەڕکردن، لە بەردەم قاپی کۆشکدا دادەنیشتن و مانیان لە خواردن دەگرت. لە زۆربەی جارەکاندا پادشا بەدەمیانەوە دەهات.[١٥]

لە رووسیاش ژمارەیەکی زۆر پرۆسەی مانگرتن لە خواردن دەخوێنینەوە. گیراوانی سان بتسبۆرگ لە هاوینی ١٨٧٥دا بۆ ماوەیەکی درێژ مانیان لە خواردن گرت. پاش مردنی ژمارەیەکیان، لە تۆڵەی ئەوەدا سەرۆک دەرگای هەواڵگری کوژرا.[١٦]

لە هەمان بەندیخانەدا شۆڕشگێڕی ناسراو سیرگای نیشایف پاش چوار ساڵ مانەوە لە بەندیخانەی تاکەکەسیدا، لە کۆتای ساڵی ١٨٧٧دا مانی لە خواردن گرت لە پێناو دابینکردنی کتێبی نوێ بۆ کتێبخانەکەی بەندیخانەکەی.[١٧]

پیتەر کرۆبۆتکین دەیگێڕێتەوە، لە تەمووزی ١٨٧٨ شەش گیراو وەک نارەزایی لە بەرامبەر بارودۆخی نالەباری بەندیخانەکەیان، تا مردن مانیان لە خواردن گرت.

پاش چەند هەوڵێکی سەرنەکەوتوو بۆ خواردن پێدانیان لە رێی دەرزییەوە، بەرپرسە رەسمییەکان بەڵێنیان دا رێگەی هەندێ گەشتیان پێ بدرێ و زنجیر لە دەست و پێی نەخۆشەکانیان بکرێتەوە. بەڵێنەکانیان جێبەجێ نەکران. بەڵام پاشتر دوای مردنی هەندێ لە مانگرتووان و شێتبوونی دووانیان، گیراوەکان مافی بڵاوکردنەوەی تەختەیان لە حەوشەی بەندیخانەکەدا بەدەست هێنا.[١٨]

پیتەر کروبۆتکین دەڵێ گیراوەکانی ناو قەڵای " پوترس و پۆڵس" لە ساڵی ١٨٧٩ و ١٨٨٠دا مۆڵەتی ئەوەیان پێ درا دوو هەفتە جارێک خێزانەکانیان ببینن، ئەویش لە ئەنجامی ئەو مانگرتن لە خواردنەی کە پێنج شەش رۆژی خایاند و مانگرتووان تێیدا بەرەنگاریی خواردن پێدانیان بە دەرزی دەکرد.[١٩]

ترۆتسکی لە کاتی دەستبەسەرکردنی لە بەندیخانەی خرسن لە ساڵی ١٨٩٨، گیراوە

سیاسییەکانی تری قایل کرد مان لە خواردن بگرن، ئەویش وەک نارەزایی بەرامبەر پێشنیازێکی پۆلیس بۆ کەسوکارەکانیان کە گیراوەکان ئازاد دەکەن ئەگەر توانییان لە هەر چالاکییەکی سیاسی دووریان بخەنەوە، کە ئەوە بەلای ترۆتسکییەوە " سووکایەتی بوو بۆ شەرەفی شۆڕشگێران"[٢٠].

دواتریش لە ساڵی ١٩٢٢ دوو هەزار ئەندامی حزبی مانشەڤیک دەستگیر کران و هەڕەشەی دوورخستنەوەیان بۆ ناوچە دوورەدەستەکانی رووسیا لێ کرا. هەندێکیان مانیان لە خواردن گرت، بەو هۆیەوە رێگە بەژمارەیەکیان درا وڵات بەجێ بێڵن.[٢١]

بەڵام ئەنجامەکان لە هەوڵێکی تری هاوشێوەدا لە پایزی ١٩٣٦ جیاواز دەرچوو. بەگوتەی بدریس بودولاک کە شایەتحاڵ بووە و لە ساڵی ١٩٥١دا شایەتیی داوە، ژمارەیەکی زۆر لە گیراوە ترۆتسکییەکان لە گرتووخانەی فوکورتا، بەبەشداریی چەند گرووپێکی تری سیاسی، کە ژمارەیان دەگەیشتە ٤٠٠ کەس مانیان لە خواردن گرت. مانگرتووان بەیاننامەیەکیان ئاراستەی پۆلیس کرد و تێیدا رژێمیان ریسوا کرد و بە فاشییەت وەسفیان کرد و داواکارییەکانیان خستە روو.

ئەگەرچی زۆر لە گیراوانی تر لەگەڵیان هاوسۆز بوون، بەڵام ژمارەی مانگرتووان زیادی نەکرد، بگرە رووی لە کزی کرد. پاش نێزیکەی دوو مانگ زۆربەیان وایان لێ هات نەیانتوانی بەرەنگاری خۆراکپێدان بە دەرزی بگرن و لە کۆتاییدا تەنیا ٤٠ کەسیان مانەوە کە لە برسا مردن. ساڵی ١٩٣٧ لێژنەیەکی تایبەت لە مۆسکۆوە گەیشت و سەرکردەکانی جموجۆڵەکە راگیران و ژمارەیەکی تریش دواتر بۆ گرتووخانەی کارە قورسەکان دوور خرانەوە. لە کۆتای مانگی شوباتی ١٩٣٨ ژمارەی گیراوەکان لە ٧٠٠ کەس نێزیک بووەوە و لە شێوەی ٨-٩ی ئایارەوە لەداردانی بەکۆمەڵ دەستی پێ کرد و دواتریش درێژەی کێشا.[٢٢]

بزووتنەوەی نیشتمانیی ئایرلەندایی نوێیش شێوازی مانگرتن لە خواردنی بەکار هێناوە، لە ئەیلوولی ١٩١٧ دوو گیراوی ئەو بزووتنەوەیە کە تۆماس ئاش و ئۆستن ستاک بوون مانیان لە خواردن گرت، تا وەک دوو گیراوی سیاسی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ، یان ئازاد بکرێن. بەرپرسانی بەندیخانە بەزۆر خواردنیان دانێ، بەڵام تۆماس ئاش تووشی داڕووخان هات و پاش پێنج سەعات لە گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانە گیانی لەدەست دا.[٢٣]

بەریتانیاییەکان رێوشوێنی تریان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ مانگرتووان لە خواردن پێڕەو کرد، لەوانە رێوشوێنێک کە پێی دەگوترێ " پرۆسەی مشک و پشیلە" کە بەتایبەت لەگەڵ ئەو ئافرەتە ئینگلیزانە بەکار هات کە داوای مافی دەنگدانیان بۆ ئافرەت دەکرد و بۆ ئەو مەبەستە پەنایان بۆ مانگرتن لە خواردن دەبرد. پرۆسەکەش برێتییە لەوەی ئەو مانگرتووەی زۆر لاواز دەبێ ئازاد بکرێ و کاتێ هێزی وەبەردا هاتەوە بگیرێتەوە. لە ساڵی ١٩٢٠وە هیچ قوربانییەک لە مانگرتن نەکەوتووەتەوە.

لە ٥ی نیسانی ١٩٢٠ کە دەیکردە ٢ی فوسح، ١٠٠ چالاکی ئێرلەندایی کە لە گرتووخانەی

ماونتگوی گاول گیرابوون، مانیان لە خواردن گرت و داوایان کرد وەک گیراوی جەنگ مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ، یان ئازاد بکرێن. بونارلاو سەرۆکی ئەنجوومەنی گشتی (عموم) و لۆرد بریفی سیل هەڵوێستی رەسمیی بەریتانیایان لە بەرامبەر ئەو گژبەرییە دەربڕی بەوەی "شتێکی بێ مانایە ئەو پیاوانە ئازاد بکرێن هەر لەبەرئەوەی رازی نین نان بخۆن". بەڵام لە ئێرلەندا پاڵپشتی بۆ ئەندامانی حزبی کاری ئێرلەندایی زیادی کرد و لە ١٣ نیسان بۆ پاڵپشتیکردنی ئەو گیراوانە داوای مانگرتنی گشتی کرا. دەسەڵاتدارانی کاسۆلیکی رایان گەیاند "پێویستە سەرنجی هەموولا بۆ نەهامەتییەکانی ناو گرتووخانەی ماونتگوی رابکێشرێ". پاش ١٠ رۆژ حکوومەت بەبێ هیچ مەرجێک گیراوەکانی ئازاد کرد.[٢٥] بەڵام ماک سوینی سەرۆکی شارەوانیی کورک تیرنس بوو بەقوربانی ئەو هەنگاوە، کە پاش ٧٤ رۆژ رۆژووگرتن گیانی لەدەست دا.[٢٦]

لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٤٤ ژمارەیەک ئەمەریکاییی دژە جەنگ کە لە گرتووخانەی فیدراڵی لویس بۆرک گیرابوون، مانگرتنێکی "گەرۆک"یان لە خواردن راگەیاند، ئەویش بەوەی پێنج پیاو بۆ ماوەیەکی دیاریکراوی رانەگەیەنراو مان لە خواردن بگرن، پاش ئەوە پێنجی تر جێیان بگرنەوە.[٢٧]

لە مانگی ئایاری ١٩٥٨ نێزیکەی ٣٠ هەزار ئافرەتی لەشفرۆش مانگرتنێکی بەکۆمەڵیان لە خواردن راگەیاند، ئەویش پاش ئەوەی بەپێی یاسایەک کە بوونی خانەکانی لەشفرۆشی قەدەغە دەکا، شوێنەکانیان داخرا.

لە مانگی ئابی ١٩٥٩ بەرپرسی کۆگەی یەکێک لە کارگەکانی نیودەلهی، بۆ دەربڕینی نارەزایی بەرامبەر کەمیی مووچەکەی و سەختیی کارەکەی، لە بەردەم ڤێلای خاوەنکارەکەیدا مانی لە خواردن گرت تا مردن.

ج- رۆژووگرتنی ناتوندوتیژانە

جۆر سێیەمی رۆژووگرتن رۆژووگرتنی ناتوندوتیژانەیە کە گاندی کاری پێدەکرد و بەوە رۆژووگرتن لە پێناو ئامانجگەلێکی کۆمەڵایەتی، لە مانگرتن لە خواردن کە سیفەتی پابەندکەری هەیە، جیا کردەوە. لە وەڵامی ئەو قسەیەش کە دەڵێ ئەو رۆژووەی ئەو دەیگرێ ئەو سیفەتەی نییە، گاندی جەختی کرد ئامانجی ئەو قایلکردن و گۆڕینە.

بەبڕوای گاندی رۆژووگرتنی ناتوندوتیژانە ویژدانی ئەو کەسە دەبزوێنێ کە بەخراپی رەفتار دەکا، جا ئاخۆ تاکەکەسێک بێ یان گرووپێک یاخۆ ملیۆنان کەس. ئەوەیش ئازارچێشتنێکی خۆویستانەیە لەو کاتە پەنای بۆ دەبرێ کە هەموو رێگە ناتوندوتیژانەکانی تر شکستیان هێنابێ. رەنگە ماوەیەک بخایەنێ، یان لەبارێکدا ئامانجەکە نەیەتە دی، تا مردنیش درێژە بکێشێ.

گاندی پێی وایە دەبێ چوارچێوەیەک بۆ بەکارهێنانی ئەم جۆرەی دوایی دابنرێ و دژ بەهەموو کەس بەکار نەهێنرێ، بۆ نموونە نابێ دژ بەو دژبەرە بەکار بێ کە بە ئێمە نامۆ بێ و لە دۆستانمان نەبێ. گاندی بڕوای وا بوو ئەوەی هەڵەکە دەکا و ئەوەی رۆژووی ناتوندوتیژانە دەگرێ دەبێ لە

یەکتر نێزیک بن و لە سۆزێکی دووسەرەدا هاوبەشی یەکتر بکەن، ئەوەیش بەلایەوە گرینگە تا ئازارەکە پاساوی هەبێ و قایلکردن و گۆڕان روو بدەن.

بەڵام لە هەندێ بارودۆخی تایبەتدا دەکرێ ئەم جۆرە لە رۆژوو لەگەڵ کەسانی تریش پێڕەو بکرێ، بەتایبەت ئەگەر ئەو سەرکوتکردنەی بەرامبەرەکە ئەنجامی دەدا دەرگەی بە رووی شێوازەکانی تردا داخستبێ. بۆ نموونە ئەو گیراوانەی رووبەڕووی مامەڵەی نامرۆڤانە دەبنەوە دەتوانن رۆژوو بگرن بۆ گۆڕینی ئەو جۆرە مامەڵەکردنە، بەڵام بەبڕوای گاندی ناتوانن رۆژوو بگرن بۆ ئەوەی پاڵەپەستۆ دروست بکەن تا ئازاد بکرێن. هەروەها دەبێ ئەو هەڵەیەی ئەو کەس/ گرووپەی لە رێی رۆژووگرتنەوە پاڵەپەستۆی دەخەینە سەر کردوویەتی، هەڵەیەکی گەورە و زۆر ئازارگەیێن بێ.

گاندی هەروەها بڕوای وابوو پێویستە پێش لە دەستکردن بە رۆژووگرتنی ناتوندوتیژانە، ئامادەکارییەکی رۆحیی جیدیی بۆ بکرێ و رۆژووگرتن تا مردن تەنیا ئەو کاتە پەنای بۆ دەبرێ کە هەموو جۆرەکانی بەرگریکردنی ناتوندوتیژانە شکست دێنن.

لە نموونەکانی پەنابردنی گاندی بۆ رۆژووگرتنی ناتوندوتیژانە، رۆژووگرتنی بوو لە کاتی مانگرتنی کرێکاران لە شاری ئەحمەد ئاباد لە هەردوو مانگی شوبات و ئاداری ١٩١٨، لە پێناو پاڵپشتیکردنی کرێکارە مانگرتووەکان کە خەریک بوو لە بڕیاری مانگرتنەکەیاندا لاوازی رووی تێ دەکردن[٣٠]. دواین رۆژووگرتنیشی لە دەلهی لە کانوونی یەکەمی ١٩٤٨ لە پێناو یەکەتیی هیندۆس و موسڵمانەکان، کە کاری ئاژاوەگێڕی پەرەی سەندبوو، باشترین نیشانەیە لەسەر ئەو بایەخەی گاندی بەمجۆرە رێگەیانەی دەدا.[٣١]

ئەو دەیویست بەو کارەی بەها بۆ ژیانی سەرجەم هیندییەکان بگێڕێتەوە و هەستی برایەتی لە نێوان هیندۆس و موسڵمانەکان برەو پێ بدا.

### ٣- لەدادگەدانی پێچەوانە

رێگەیەکی ترە لە رێگەکانی دەستوەردانی دەروونی، تێیدا ئەو بارودۆخ و رەفتارانەی لە کاتی لەدادگەدانی سکاڵالێکراواندا بەهۆکاری سیاسی یان ئاینی یان هی تر پێڕەو دەکرێ، لە رێی جێگۆڕکێکردنی رۆڵی داواکار و بەرگری بەشێوەیەکی رەمزی و کاریگەر (معبر) پێچەوانە دەکرێتەوە، تێیدا تۆمەتباران دەبنە سکاڵاکار و لەدادگەدانەکە دەبێتە خۆپێشاندانێک لە دژی حکوومەت و لەلایەن سکاڵالێکراوانەوە بەکار دێ بۆ بڵاوکردنەوەی بیروراکانیان و سەرکۆنە و تۆمەتبارکردنی رێژیم. ئەمە پێی دەڵێن لەدادگەدانی پێچەوانە.

ئەم پێچەوانەکردنەوەی رۆڵە لە بارودۆخی سیاسیی جیاوازدا بەکار هاتووە. لە رووسیا، لە هەموو دادگەییکردنە شۆڕشگێڕان ساڵی ١٨٧٧، تۆمەتباران دەیانتوانی بەشێوەک رەفتار بکەن کە ببێتە مایەی راکێشانی سۆز و پاڵپشتیی جەماوەر. یەکەم لەدادگەدانی خۆپێشاندەران لە سان

بیترسبۆرگ، هاوسۆزییەکی زۆری بۆ ئەوانە هێنایە کایە. لە دووەم لەدادگەداندا کە تایبەت بوو بە "گرووپی پەنجا" لە مانگی ئادار لە مۆسکۆ، چاودێران تۆمەتبارانیان بە شەهیدە مەسیحییە بەراییەکان چواند.

لە هەردوو ساڵی ١٨٧٧ و ١٨٧٨ لە سان پترسبۆرگ لەدادگەدانی ١٩٣ ئەندامی بزووتنەوەی "رووکردنە گەل"ی شۆڕشگێڕ، بووە مایەی یەکریزییەکی میللیی گرینگ لە دژی چاودێری توندی رەسمی. بەشێک لەم یەکەتییە بەهۆی گوتارێکی "میشیکین"ەوە بەدی هات، کە یەکێک بوو لە تۆمەتباران و تێیدا باسی فیکر و بەرنامەی ئیشتراکیەتی کرد. لە گوتارێکی تردا میشکین سەرکۆنەی خودی دەستەی دادگەکەی کرد و بە گاڵتەجاڕییەکی بێ کەڵکی لەقەڵەم دا کە زیاتر لە ماڵەکانی لەشفرۆشی مایەی ڕیسواییە. کرفشنسکیی مێژوونووس دواتر نووسی "پاش ئەم وتانە، لەدادگەدانەکە هەڵوەشایەوە".[٣٢]

گاندی لە کاتی لەدادگەدانیدا، ئەگەرچی داوای دەکرد تاوانبار بکرێ، ئەو هەستەی دروست کرد کە تاوانی ئەو تەنیا ئەوەیە ئەو کارە دەکا کە دروستە. لە کاتی لەدادگەدانی لە ساڵی ١٩٢٢ بەهۆی نووسینی سێ وتاری هاندەر لە رۆژنامەکەی "الهند الفتاه"، گاندی داوای لە دادوەرەکە کرد لە نێوان ئەو دووانەدا یەکێک هەڵبژێری: دەستکێشانەوە لە پۆستەکەی ئەگەر باوەڕی بەرێژیم هەیە، یان سزادانی بەتوندترین شێوە و گوتی "شەرمەندانەیە کە مرۆڤ لابەندیی خۆی بۆ حکوومەتێک رانەگەیەنێ کە زیاتر لە هەر رێژیمێکی پێشوو بووەتە مایەی ئازار بۆ هیند".[٣٣]

هەروەها ئەڵمانیاییەکانیش کە لە کاتی جەنگی "روهەر"دا لەلایەن هێزەکانی داگیرکەرەوە دادگەیی دەکران، لەدادگەدانەکەیان قۆستەوە بۆ دەرخستنی ناشەرعیبوونی لکاندنی روهەر لەلایەن فرەنسایی و بەلجیکییەکانەوە.[٣٤] پاش کودەتا سەرنەکەوتووەکەی ساڵی ١٩٢٣ هیتلەر خۆی بەشی زۆری دادگەییەکەی بەڕێوە دەبرد، یەکەمین دادگەییەش بوو کە دەنگی ئەوی گەیاندە دەرەوەی سنووری بڤاریا، مێژوونووسەکەی دەڵێ "لە دواین گوتاریدا بەتەواوی دادگەکەی کۆنترۆڵ کرد".[٣٥]

لەدادگەدانی بەناوبانگی ریشتاگیش لە ئەڵمانیای نازی لە ١٩٣٣، یەکێک لە تۆمەتباران کە شیوعیی بولگاری جۆرجی دیمیتران بوو کە بەرگریی لە خۆی دەکرد، "گورینگ"ی خستە بەر لێپرسینەوە و توانی بەوە ئەستۆپاکی بۆ خۆی و سێ لە هاوڕێیانی لەلایەن دادگەوە بەدەست بێنێ.[٣٦]

نموونەی تر لەسەر لەدادگەدانی پێچەوانە کاتێ دەبێ کێشەکە ئاراستەیەکی سیاسی و ئەخلاقیی هەبێ و کاتێ تۆمەتباران دەتوانن جڵەوی دەستپێشخەری لە دادگەییکەرەکانیان بسەنن. ئەوەیش نیشانەی کاریگەریی دەستوەردانی دەروونییە، تەنانەت کاتێ تۆمەتبار هیچ ئامرازێکی تری لە بەردەستدا نییە.

## ٤- تەنگاوكردنی ناتوندوتیژانە

تەنگاوكردنی ناتوندوتیژانە تەنگاوكردنێكی دەروونییە لە ڕێی پاڵەپەستۆ خستنەسەری تاكەكەسی و بەكۆمەڵ لەسەر كەسێك یاخۆ زیاتر لەوانەی پێوەندییان بەبابەتی كێشەكەوە هەیە. یەكێك لە ئامرازەكانی برێتییە لە "بەدواكەوتن" بەوەی بەو كەسەوە بنووسێیت و لێی جیا نەبیتەوە. یەكێكی تریان برێتییە لە شێوازی "سەرزەنشتكردنی تەنزئامێز" ئەویش بەبانگكردنی ئەو نەیارە و تۆمەتباركردنی.

تەنگاوكردنی ناتوندوتیژانە ئامرازە گشتییەكانی پێوەندیكردنیش بەكار دێنێ وەك پۆستەرات و راگەیاندنی رۆژنامەوانی، ئامانجیشی ناچاركردنی ئەو كەسەیە بۆ راگرتنی ئەو رەفتارەی بابەتی كێشەكەیە، ئەم شێوازانە ئامرازێك نین بۆ گۆرینی بیر و بۆچوون و باوەڕی ئەوی تر.

كارلتون مابی لە لێكۆڵینەوەی لە بەرهەڵستكاریكردنی ناتوندوتیژانەی كۆیلایەتی لە وڵاتە یەككرتووەكان، ئەم رێگەی ناونا تەنگاوكردنی ناتوندوتیژانە[٣٧].

وردەكاریی ئەم شێوازەیش لەلایەن شارل ویبلەوە شی كرایەوە كە ئەمین سندووقی كۆمەڵەی (Nonresistance Society) هەروەها بەشكدار (مساهم) بوو لە رۆژنامەی لیبرایتەردا. ئەو كاتە ئامانج بەرەنگاربوونەوەی كۆیلەگران بوو لە ویلایەتەكانی باكور كە بۆ گرتنەوەی كۆیلە هەڵهاتووەكان و گێرانەوەیان بۆ خاوەنەكانیان لە ویلایەتەكانی باشوور بەكار دەهێنران. پێشنیازەكە لەلایەن لێژنەی ئەهلیی بۆستنەوە تاوتوێ كرا و رەزامەندی لەسەر زۆربەی درا و لەو رۆژنامەیەدا هەروەها لە هەردوو ساڵی ١٨٥٠ و ١٨٥١ لە چەند رۆژنامەیەكی تر دژە كۆیلایەتیدا بڵاو كرایەوە، ئەمەیش دەقی راسپاردەكەیە:

كاتێ رفێنەران دەگەنە هەر شارێك، پۆستەر لە شوێنە گشتییەكان هەڵدەواسرێ تێیدا ناوی ئەو كەسانە و وەسفیان و ئەو كارەی لە پێناویدا هاتوون روون دەكرایەوە. هەروەها خاوەن هۆتێلەكان قایل دەكران كە وەك كەسانی خاوەن پیشەی ناپاكی وەك باخەڵبڕ و جەردە و ئەسپ دزان سەیری ئەوان بكەن، پێشوازی لەو كەسانە نەكەن و بایەخیان پێ نەدەن.

ئەگەر ئەمەیش سەركەوتنی بەدەست نەهێنا، هەندێ لە ئەندامانی لێژنە ئەهلییەكە لە هەمان ئەو جێیە كۆ دەبنەوە كە رفێنەرەكان تێیاندا دەمێننەوە، هەمیشە -بۆ بێزاركردنیان-بەدوایانەوە دەبن و لە كاتی نانخواردندا لە بەرامبەریان دادەنیشن. دوو كەسی بێ چەك شەو و رۆژ چاودێریی دەرگەی شوێنەكە دەكەن و رفێنەرەكە بۆ هەر كوێ بچێ بەدوایەوەن و بە راوچیی كۆیلەكان بانگی دەكەن. هەروەها بەشوێنییەوە دەبن كاتێ دەچێتە هەر فرۆشگە، نووسینگە، گۆڕەپان یاخۆ هەر شوێنێكی تری گشتی. لە دەرەوە چاوەڕوانی دەكەن تا كاتێ هاتە دەرەوە شوێنی دەكەونەوە، ئەگەر یاریدەرێكیشی هەبوو شوێنی ئەویش دەكەون. ئەگەر چووە دەرەوەی شار بەشوێنیدا دەچن، یاوەریی دەكەن و بەسەرنشینانی تر دەڵێن كە ئەوە "راوچیی كۆیلەیە". دەبێ ئەو كەسە یەك سات

نەبینێتەوە تێیدا چێژ لەوە ببینێ کە کارێکی باش دەکا یان دەتوانێ بە نهێنی کار بکا. پێویستە بزانێ ئەو لەلایەن کەسانێکەوە گەمارۆ دراوە کە رقیان لە ئامانجەکانیەتی و سوورن لەسەر ئەوەی کارەکەی شکست پێ بێنن.[٣٨]

مابی دەڵێ ئەم رێگەیە لە ساڵی ١٨٥٠ پێڕەو کرا بۆ پاراستنی ئەو کۆیلانەی لە باکورەوە هەڵاتبوون[٣٩]، وەک لە فیلادلفیا رووی دا کاتێ خاتوو ولسون توانی شوێنی کۆیلە هەڵاتووەکەی بزانێ. ج. میلەر ماکیم کە یەکێک بوو لە چالاکە ناتوندوتیژەکان بەرپرسی نووسینگەی کۆمەڵەی بەنسلڤانیای نەیاری کۆیلایەتی بوو. هەواڵی بیست کە خاتوو ولسون پیاو بەکرێ دەگرێ بۆ گرتنەوەی کۆیلە هەڵاتووەکەی. مایکم وای کرد یەکێک لە نەیارانی کۆیلایەتیی خۆی وەک کۆیلەگر نیشان بدا، خاتوو ولسون بەکرێی گرت و ناوی کۆیلەکەی دایە، ئەویش چوو هەواڵەکەی دایە کۆیلەکە و ئاگەداری کردەوە و یارمەتیی دا خۆی بشارێتەوە. هەروەها چەند لافیتەیەکی دروست کرد کە لەسەریان نووسرابوو "ئاگات لە کۆیلەگران بێ" و لە شوێنە جیاجیاکانی شاردا هەڵی واسی، هەروەها ناوی خاتوو ولسون و کۆیلەکەیشیان لەسەر نووسرا. کاتێ خاتوو ولسون بەمەی زانی وازی لە هەوڵەکانی بۆ گرتنەوەی کۆیلەکەی هێنا و گەڕایەوە ماڵەکەی لە میریلاند.[٤٠]

لە بۆستنیش شارلز هۆبسن لە ڤیرجینیاوە هات تا کۆیلەکەی کە ناوی هنری لانگهورن بوو بگرێتەوە، پاش ئەوەی هۆبسن راگەیاندنێکی لە رۆژنامەدا لەو بارەوە بڵاو کردەوە، بەرهەڵستکارانی کۆیلایەتی بەهەواڵەکەیان زانی. چوون کۆمەڵێ لافیتەیان هەڵواسی کە وەسفی هۆبسن و شوێنی نیشتەجێبوون و نیازی هاتنیان تێدا باس کردبوو. هۆبسن بەمە زۆر تووڕە بوو و بەتەنیا گەڕایەوە ڤیرجینیا.[٤١]

ئەم رێگەیە بە دەگمەنی کاری پێ کراوە، بۆیە ناتوانێ کاریگەرییەکەی بەتەواوی بزانرێ.

## دەستوەردانی جەستەیی

جۆرێکی ترە لە دەستوەردانی ناتوندوتیژانە، ئەویش برێتییە لە چوونی چەند کەسێک بۆ جێیەک کە لێیان قەدەغەیە و رازی نەبوون بەچۆڵکردنی.

### ١- پەناگیری

پەناگیران هەندێ دامەزراوەی دیاریکراو داگیر دەکەن و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو یان دیارینەکراو، جارێک یان لە رێی زنجیرەیەک پەناگیرەوە لەسەر کورسییە بەتاڵەکان و تەنانەت لەسەر زەویش دادەنیشن، ئەویش بۆ کۆسپ بخەنە بەردەم بەرێوەچوونی سروشتییانەی کار و چالاکییەکان. ئامانجیش هێنانە کایەی دۆخێکی نوێیە بۆ کەسانێک کە لەو شوێنانە دوور خراونەتەوە، یان بۆ نارەزایی لە بابەتێک کە پێوەندیی راستەوخۆی بەو دامەزراوە داگیرکراوانەوە نییە. ئەم رێگەیە لە کاتی جموجۆڵەکان لە پێناو مافە مەدەنییەکان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی

ئەمەریکا بەزۆری پەنای بۆ دەبرا.

بەڵام ئەم بیرۆکەیە زۆر لەوە کۆنترە. مابی باس لەوە دەکا لە ساڵی ١٨٣٨ "بزووتنەوەی ئافرەتانی بەرهەڵستی کۆیلایەتی" ستراتیجیەتێکی تێروتەواوی بەکار هێنا کە پەناگیریشی تێدا بوو، بەڵام بەدواداچونی ورد و زانستیی بۆ نەکرا.[٤٢]

لە شوباتی ١٨٤١ لە کۆبوونەوەیەکی کۆمەڵەی ماساشوستس بۆ بەگژداچوونەوەی کۆیلایەتی، ستیڤن فۆستەر کە خەباتکارێکی ناتوندوتیژ بوو، پاش ئەوەی لە ئامرازە سیاسییە ئاساییەکان بێزار بوو، پێشنیازێکی خستە ڕوو کە بەبنچینەی بنەمای پەناگیری و ئامرازە هاوشێوەکانی دادەنرێ و دەڵێ "داوا لە خەباتکارانی سپیپێست دەکەین کە بۆ هەڵوەشاندنەوەی جیاوازیی رەگەزی، لە ئەو هەموو جێیانە ئامادە بن کە لە رەشپێستەکان قەدەغەن، جا چ کنێس بێ، کەنیسە بێ، هەر ئامرازێکی گواستنەوەی گشتی بێ، ئەمە باشترین و سەرکەوتووترین رێگەیە بۆ هەڵوەشاندنەوەی قەدەغەکردنی رەشپێستەکان"[٤٣]

نەیارانی ئامرازە ناتوندوتیژانەکان لەناو کۆمەڵەکەدا لەبارەی ئەم پێشنیازانەوە ناکۆکییان تێ کەوت، تەنانەت ویلیەم لوید گاریسۆن خۆیشی نارەزاییی دەربڕی لەگەڵ ئەوەی بەشداریی هەندێ پەناگیریشی کردبوو، هەر بۆیە پێشنیازەکە شکستی هێنا.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پرەنسیپە چەندان جار جێبەجێ کراوە، وەک لە دواوە دەبینین.[٤٤]

دواتر لە نێوان ساڵانی ١٨٦٩ و ١٩٧٠ جۆرێکی تر لە پەناگیری لە شیکاگۆ جێبەجێ کرا، پاش ئەوەی رەشپێستەکان نەیانتوانی جیاوازیی رەگەزی لە یاساکان و فێرکردندا هەڵبوەشێننەوە، دەبوو منداڵەکانیان بۆ خوێندن بچنە ئەو قوتابخانانەی کە بە "قوتابخانەکانی رەشپێستەکان"، ناو دەبران، لەو کاتەدا خێزانەکان و منداڵەکانیان جۆرێکی نوێی پەناگیرییان پێڕەو کرد و منداڵەکانیان نارد بۆ نێزیکترین قوتابخانە لە ماڵەکانیان. جا لە بارێکدا جیاوازیی رەگەزی یاسا بوو، ئەو رێگەیە بووە مایەی یاخیبوون.

لەگەڵ ئەوەی مامۆستاکان قوتابییە رەشەکانیان نەکردە ژوورەوە، یان وانەیان پێ نەگوتنەوە و ئەرکی ماڵەوەیان بەسەردا نەدان، منداڵەکان "رۆژانە وێڕای ئەو دوژمنکارییەی لەوە دەکەوتەوە، هەر دەچوونە قوتابخانەکە و لە شوێنێکدا دادەنیشتن".

ئیدارەی قوتابخانەکان هەوڵیان دا فرتوفێڵ بکەن، ئەویش بەقبوڵکردنی ئەوانەی تەنیا یەک باپیرەیان رەشپێستە، بەڵام رەشپێستەکان خۆیان بەسەر نووسینگەکانی ئیدارەکان و نووسینگەی حاکمی ویلایەتەکەیاندا دەدا، بەم شێوەیە بنەمای "قوتابخانەی رەش" هەڵوەشێنرایەوە.[٤٥]

ساڵی ١٩٣٨ هیندییە "تیبیوا"کان لە داگیرگە (محمیە)ی "کاس لایک" لە مینیسوتا لە رێی سەرکردەکانیانەوە نارەزاییان دژی بڕیارێکی جۆن کولیە بەرپرسی کاروباری هیندی بە گواستنەوەی نووسینگەی کاروباری هیندی لە داگیرگەکەوە بۆ شاری دولوف دەربڕی.

سـەرکـردەکـان گـوتیـان ئەم کـارە لەگـەڵ سـیـاسـەتی نوێی وڵاتە یەکگرتووەکـاندا لە بواری مسۆگەرکردنی حوکمی زاتیی هیندییەکان ناکۆکە. بەڵام پلانی گواستنەوەی نووسینگەکان هەر بەردەوام بوو. لەو کاتەدا سەدان هیندی بەجلوبەرگی کلاسیکییەوە بەناو نووسینگەکاندا دەهاتن و دەچوون و بە دەوری بیناکەدا بەدەم ئاوازی تەپڵلێدانەوە سەمایان دەکرد. ئەنجا کۆمەڵێک ئافرەت هاتن و چوونە نووسینگەکان. پیاوەکانیش هاتنە ژوورەوە و شوێنەکەیان پڕ کرد و ئەوانەیشی مابوونەوە لە دەرەوە ریزێکی درێژیان پێک هێنا.

کولیە سوور بوو لەسەر بڕیارەکەی، بەڵام هارۆڵد ئیکس وەزیری ناوەخۆ فەرمانی دا راپرسییەک لەناو هۆزەکەدا لەو بابەتەدا بکرێ و راشی گەیاند بە ئەنجامەکەوە پابەند دەبێ.[٤٦]

لە ساڵی ١٩٦٠، پاش شەش ساڵ هەوڵی بێ ئاکام بۆ قبووڵکردنیان لە قوتابخانەی "دان" لە کارۆلینای باکور، ژمارەیەک لە هیندییە ئەمەریکاییەکان لە "کروتانز" پەناگیرییان کرد. لە سەرەتای ساڵی خوێندنی ١٩٦٠–١٩٦١، نۆ قوتابی هەوڵیان دا لەو قوتابخانەیە وەربگیرێن، بەڵام رەت کرانەوە و پێیان راگەیەنرا کە بچن بۆ قوتابخانەی تایبەت بە هیندییەکان کە ٧٠ میل لە شوێنی نیشتەجێبوونیانەوە دوور بوو. لە ٣١ی ئاب حەوت قوتابیی هیندی بە هاوەڵیی دوو پیاو بۆ ماوەی سێ رۆژ لە قوتابخانەی "دان" پەناگیرییان کرد. لە رۆژی سێیەمدا حەوت قوتابی و پێنج پیاو دەستگیر کران. هیندییەکان پاش ئەوەی لە پایزی ١٩٦١ بەڵێنیان پێ درا قوتابخانەیەکیان لە شاری "دان" بۆ بکرێتەوە جموجۆڵەکەیان راگرت.

لە مانگی حوزەیرانی ١٩٦١ ئیدارەی قوتابخانەی هارتنت رای گەیاند ساڵی داهاتوو ٢٠ هیندی لە قوتابخانەی دان وەردەگیرێن.[٤٧]

لە وڵاتە یەکگرتووەکان بەمەبەستی هەڵوەشاندنەوەی جیاوازیی رەگەزی لە چێشتخانەکاندا بەشێوەیەکی بەرفراوان پەنا بۆ پەناگیری دەبرا. پەناگیرەکان ژمارەیەکی زۆر کورسیی بەتاڵیان گرتبوو و رەتیان دەکردەوە شوێنەکانیان چۆڵ بکەن تا ئەو کاتەی وەک یەک خزمەتی کڕیارە رەشەکانیش دەکەن. چێشتخانەکان دادەخران و پەناگیرەکانیش دەستگیر دەکران.

هەروەها "کۆنگرەی یەکسانیی رەگەزی"ش لە ویلایەتەکانی باکور لە ساڵانی ١٩٤٠ و ١٩٥٠دا ئەم رێگەیەی پەسند کرد[٤٨]، لە ساڵی ١٩٦٠ لە باشووریش بەسەرکردایەتیی قوتابیانی پەیمانگەی کارولینا لە گرینسبۆرۆ و کارۆلینای باکور جێبەجێ کرا. کەمێک دوای ئەوە قوتابیانی پەیمانگە و ئامادەییەکان لە باشوور بەبەردەوامی پەناگیرییان لەو چێشتخانانەدا دەکرد کە سیاسەتی جیاکاریی رەگەزییان پێڕەو دەکرد.[٤٩] بەدرێژاییی حەوت مانگ زیاتر لە ٧٠ هەزار رەش و سپی بەشدارییان لە پەناگیریی جیاوازدا کرد و زیاتر لە ٣٦٠٠ کەس قۆڵبەست کران.[٥٠] لە ١١ کانوونی یەکەمی ١٩٦١ دادگەیەکی باڵای ئەمەریکا گرتنی ئەو رەشپێستانەی قەدەغە کرد کە بەمەبەستی بەدەستهێنانی یەکسانی پەناگیرییان دەکرد.[٥١]

دەکرێ پەناگیری لە هەندێ حاڵەتی تریشدا پەنای بۆ ببرێ. لە ٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٤

زیاتر لە ٨٠١ خۆپێشاندەر کە پاڵپشتییان لە بزووتنەوەی "دەربڕینی ئازاد" لە زانکۆی بێرکلی دەکرد، گیران پاش ئەوەی بۆ پاڵپشتیکردنی داواکاریی ئازادیی کاری سیاسی پەناگیرییان کرد.[٥٢]

هەروەها لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٦٦ بە بانگەوازی ئەنجوومەنی قوتابیان، پەناگیرییەکی قوتابیان لە تەلاری ئیدارەی پەیمانگەی شاری نیویۆرک بەڕێوە چوو بۆ داواکردنی گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ بەرفراوانکردنی بەشداریی قوتابیان لە بڕیارە ئیدارییەکانی پەیمانگەکەدا.[٥٣]

لە حوزەیرانی ١٩٦٣ پەناگیرییەکی شەوانە لە بارەگەی لێژنەی شاری بۆستن بەڕێوە چوو، بۆ نارەزایی دەربڕین لە دژی داننەنانی زۆربەی ئەندامانی لێژنەکە بە بوونی جیاکاریی رەگەزی لە سیستمی قوتابخانەکەدا.[٥٤]

ساڵی ١٩٦٤ چەند نوێنەرێکی حزبی ئازادیی دیموکراسی، کە زۆربەیان رەشپێست بوون، داوای ژمارەیەک کورسییان کرد لە کورسییەکانی نێردەی حزبی دیموکراسی لە کۆبوونەوەی حزبی دیموکراسیی نیشتمانیدا. کاتێ داواکەیان جێبەجێ نەکرا، بەپاڵپشتیی چەند نوێنەرێکی تری ویلایەتەکانی تر لە کاتی دانیشتنەکاندا چوونە ناو هۆڵی کۆبوونەوەکە و لەسەر ئەو کورسییانەدا دانیشتن کە داوایان کردبوو. پاش چەند هەوڵێک بۆ گۆڕینی شوێنەکانیان بەزۆر، وازیان لێ هێنرا و ئەندامانی رەسمیی شاندەکە ناچار بوون جێی تر پەیدا بکەن.[٥٥]

جگە لە پەناگیرییەکانی قوتابیان لە زانکۆکان لە ساڵانی رابردوودا، چەندان پەناگیری لە نووسینگەکانی سەرۆک شارەوانییەکان و حاکمی ویلایەتەکاندا جێبەجێ کرا، بەڵام بەتوندی سەرکۆنە کران لەبەرئەوەی بە "پەکخستنی خودی میکانیزمی حوکمڕانی" لە قەڵەم دران.[٥٦]

دۆخێکی جیاواز لە ساڵی ١٩٦٤ دروست بوو. لە ١٩ی ئادار ٥٤ قوتابیی مەغریبی بۆ ماوەی ٢٤ سەعات مانگرتنیان لە خواردن راگەیاند لەناو باڵوێزخانەی مەغریبدا بۆ نارەزایی دەربڕین لە دژی بڕیارەکانی لەداردان و سزا قورسەکان دژ بە بەرهەڵستکاران لە مەغریب. لەسەر داوای دەسەڵاتدارانی مەغریبی دەسەڵاتدارانی سۆڤیەتی لە تەلاری باڵوێزخانەکە وەدەریان نان.[٥٧]

### ٢- پەناگیری بەوەستان

مەبەست لە پەناگیری بە وەستان ئەوەیە ئەوانەی چالاکییەکە دەکەن لە بەردەم دەروازە، یاخۆ نووسینگە یان هەر شتێکی تردا دەوەستن تا مافی چوونە ژوورەوە یان دیمانە یان هەر شتێکی تریان پێ دەدرێ کە لێیان قەدەغە کراوە. ئەم رێگەیە بە تایبەت لەلایەن "خەباتکاران لە پێناو مافە مەدەنییەکان" لە ولاتە یەکگرتووەکانەوە لە پێناو دەستبەسەرکردنی خزمەتگوزاریی یەکسان بۆ هەموو کڕیارەکان لە شوێنە بازرگانییەکاندا ئەنجام دەدرا. بۆ نموونە لە بواری مافی چوونە ناو هۆڵەکانی سینەما و مەلەوانگەکاندا. کاتێ زنجییەکی رەشپێست پلیتی چوونە ژوورەوەی

نەدەدرایە، هەموو چالاکەکان، بەو کەسە خۆشیەوە، پشوودرێژانە لە بەردەم نووسینگەی چوونە ژوورەوەدا کۆ دەبوونەوە و پێیان دادەگرت کە ئەو شوێنە بەجێ ناهێڵن تا مامەڵەیەکی دادپەروەرانەیان لەگەڵدا نەکرێ، دوای ماوەیەک گرووپەکە دەگیران یان شوێنەکە دادەخرا. ئەم کارە بەردەوام دەبوو تا سیاسەتەکە دەگۆڕا و ڕێگە بە هەمووان دەدرا بچنە ژوورەوە.

پەناگیری بە وەستان لە ساڵی ١٩٤٧ لە شاری سەماگەکان لە نیوجێرسی جێبەجێ کرا بۆ کۆتاهێنان بە جیاوازیی ڕەگەزی لە مەلەوانگەکاندا.

ئەندامانی" گرووپی یەکسانیی نێوان نەژادەکان" بە هێمنی لە بەردەم پەنجەرەی پلیتفرۆشەکە بۆ چوونە ناو مەلەوانگەکە دەوەستان، تەنانەت پاش ڕێگەپێنەدانیش بە چوونە ژوورەوە هەر دەمانەوە.

وێڕای لێدانیان لەلایەن پۆلیس و پاسەوانەکانەوە و دەستبەسەرکردنی ناو بەناویان، هەموو ڕۆژ و بەدرێژاییی مانگی هاوین لەو کارە بەردەوام دەبوون[٥٨]. هەواڵەکانی ئەم جموجۆڵە لە ڕۆژنامەکاندا ڕۆڵی هەبوو لە هەموارکردنی یاسای مەدەنی لە نیوجێرسی.[٥٩]

شێوەیەکی تر لە شێوەکانی پەناگیری بە وەستان، لە ساڵی ١٨٣٧ لە کەنیسەکان پێڕەو کرا کە زنجییەکان کورسیی تایبەتیان هەبوو. ئەو کاتە کۆواری "کولورد ئەمێریکان" نووسی: پێویستە ڕەشپێستەکان کە قەدەغەیە لێیان لەو جێیەی دەیانەوێ دابنیشن "لە ڕاڕەوی نێوان کورسییەکاندا دابنیشن و بەبێدەنگی نوێژ بکەن تا قاچەکانیان شەکەت دەبن، پێویستە چەوسێنەرەکانتان هەست بەشەرمەزاری بکەن و دەست لە بیر و بۆچوونە پێشوەختەکانیان هەڵگرن.[٦٠]

**٣-پەناگیری لە هۆیەکانی گواستنەوەدا**

پەناگیری لە هۆیەکانی گواستنەوەدا کە لە وڵاتە یەکگرتووەکان بەناوی "گەشتی ئازادی" ناسراوە، جۆرێکە لە جۆرەکانی پەناگیری لە ئامرازە گشتییەکانی گواستنەوەدا. لە ساڵی ١٩٦٠ لە وڵاتە یەکگرتووەکان بە زۆری لە دژی جیاوازیی ڕەگەزی لەناو پاسەکاندا پێڕەو کرا.

بەپێی ئەم ڕێگەیە دەخوازێ ڕەشپێست و سپیپێستەکان لەو بەشانەی پاسەکەدا بمێننەوە کە بۆ ئەوان تەرخان نەکراوە. ئەم کارانە هەندێ جار لەگەڵ یاساکانی کۆمپانیای گواستنەوە و یاساکانی ویلایەتەکەدا نەدەگونجا. پاش هەڵوەشاندنەوەی یاساکە ئەو جۆرە پەناگیرییە بەمەبەستی جێبەجێکردنی بڕیارەکە درێژی پێ دەدرا.

لە ساڵی ١٨٤١ لە کاتی دەستکردن بەپێڕەوکردنی ئەم جۆرە پەناگیرییە بۆ بەرەنگاریکردنی جیاوازیی ڕەگەزی لە هۆیەکانی گواستنەوە لە نیوئینگلاند، جیاکاری دژ بەکەمینەی ڕەشپێست لەو ویلایەتە زۆر توند بوو. لە ڕەشپێستەکان قەدەغە بوو سواری پاسەکان بن، یان دەخرانە شوێنە دانەخراوەکانی پاسەکان. لە کەشتییە هەڵمییەکانیشدا ژووری تایبەتیان نەدەدرایە، یان لەگەڵ مەڕومالآت ڕێگەیان پێ دەدرا بە سواری سەفەر بکەن.

یاساکانی کۆمپانیاکانی هێڵی ئاسنیش لای خۆیانەوە ڕۆڵیان هەبوو لە هاندانی جیاکاری دژ بە

رەشپێستە "ئازاد"ەكان، بەوەی رێگەیان بە كۆیلەكان دەدا لەگەڵ "گەورە" باشوورییەكانیاندا گەشت بكەن[٦١]. گاریسۆن و خەباتكارە دژە توندوتیژییەكانی ئەندامی بزووتنەوەكەی رابەرایەتیی هەڵمەتی دژ بەم جیاكارییەیان دەكرد، ئەمە جگە لە جۆن كۆلنز و فریدریك دۆگلاس، كە بوو بەپارێزەرێكی بەناوبانگ لە بواری هەڵوەشاندنەوەی كۆیلایەتیدا.[٦٢]

لە هەردوو مانگی حوزەیران و تەمووزی ١٨٤١ و لە كاتی سەردانی دایڤید راگلز بۆ ماساشوستس، كە زنجییەكی نیوچە كوێر بوو لە نیویۆرك و كەسێكی چالاك بوو لە ململانە لە پێناو مافەكانی گەلەكەیدا، نموونەیەكی لە پەناگیری لەناو هۆیەكانی گواستنەوەدا پێشكێش كرد. راگلز كە بە كەشتییەكی هەڵمی لە گەشتێكدا بوو بۆ بۆنانتوكت، سوور بوو لەسەر كڕینی پلیتی نمرە یەك و رازی نەبوو لە پاسێكی سەر بەهێڵی ئاسنیی نیوبدفۆرد كە تایبەت بوو بەسپیپێست دابەزێ. لە هەردوو حاڵەتەكەدا تووشی لێدان هات. رەفتارە ناتوندوتیژانەكەی رێگەی ئەوەی لێ نەگرت پەنا بۆ دادگە ببا. پێداگرییەكەی لەسەر یەكسانی لە خزمەتگوزارییەكاندا لەسەر ئەم رێسایە دامەزرابوو: "مادام من بەرگری لە بنەماكانی یەكسانی لە ئازادیدا دەكەم، كەواتە ئەركی سەرشانمە ئەوەی مژدەی پێ دەدەم جێبەجێی بكەم و لە هەموو كاتێكدا داوای مافەكانی خۆم بكەم".[٦٣]

پاش دیدارێكی بەرهەڵستكاری كە زنجییەكان لە نیوبدفۆرد بە سەرۆكایەتیی دوگلاس پێی هەستان، گارسبون و دوگلاس و نێزیكەی ٤٠ رەشپێست و سپیپێست سواری كەشتییەكی هەڵمی بوون، كاتێ كاپتنەكە رازی نەبوو بكەوێتە رێ تا رەشپێستەكان دانەبەزن، هەندێكیان دابەزین، كاپتنەكە پاشتر قایل بوو بەمانەوەی ئەوانی تر. مابی دەڵێ: " كاتێ كەشتییەكە جووڵا، تیمی خەباتكەرەكان كۆ بوونەوە و نارەزاییان لە دژی سیاسەتی كۆمپانیاكەی گواستنەوە و جیاوازیی رەگەزیی دەربڕی".[٦٤]

ئەم جۆرە پەناگیرییە چەندان جار لە شەمەندەفەرەكاندا لە نیوئینگلاند لە ساڵی ١٨٤١ كرا. سپیپێستەكان لە فارگۆنەكانی سەر بەزنجییەكاندا پەناگیر دەبوون، زنجییەكانیش لە فارگۆنەكانی سپیپێستەكاندا. پەناگیرە رەشپێستەكان رووبەڕووی لێدان دەبوونەوە. جیمس بافوم كە یەكێك بوو لە بەشدارانی پەناگیرییەكە دەڵێ "ئەم كار و كاردانەوانە ئاسۆیەكی لە بەردەم ئەم كێشە رەوایەدا كردەوە. بۆ نموونە لە شاری ڤین، تەنانەت لە شاری سالم كە جیاكاریی رەگەزیی تێیدا لەوپەڕی توندیدایە، خەڵك بە تووڕەییەوە لەبارەی ئەو مامەڵە ئابڕووبەرانەیەی لەگەڵ پەناگیرییەكان دەكرا پرسیاریان دەكرد".[٦٥]

بایكۆتی شەمەندەفەرەكان لە ماساشوستس كرا. مابی دەنووسێ: ئەگەر ئەو رووداوە دڵتەزێنانە نەبوونایە كە لە كاتی پەناگیرییەكاندا روویان دەدا، تەنانەت لەلایەن شۆفێرەكانەوە، دواتر نەدەتوانرا بایكۆت بكرێ".[٦٦]

ئەم بایكۆتكردنە بەدرێژاییی ساڵێكی تەواو لە نیسانی ١٨٤٢ لەلایەن بزووتنەوە دژە

ڕەگەزییەکانەوە پاڵپشتیی بەهێز دەکرا.[٦٧]

هاوکاتبوونی ئەم ڕێگە ناتوندوتیژییە گوشارهێنانە هەروەها بوونی ئەگەری بەهێز بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە یاساکاندا دژ بەجیاکاریی ڕەگەزی، ڕۆڵیان هەبوو لە پاڵەپەستۆ خستنە سەر هەردوو کۆمپانیاکەی هێڵی ئاسن بۆ کۆتاهێنان بەجیاکاری[٦٨]. پەناگیرە ڕەشەکان دەیانگوت تەنیا بۆ ئەوە دەچوونە ئەو فارگۆنانەی لێیان قەدەغە بوون، تا لێیان بدرێ و فڕێ بدرێنە دەرەوە. فریدریک دۆگلاس ساڵی ١٨٤٩ گوتی "ئەم کارانە سنوورێکیان بۆ جیاکاریی ڕەگەزی لە شەمەندەفەرەکاندا دانا، چونکە کۆمپانیاکان هەست بەشەرمەزاری دەکەن".[٦٩]

پاش چەند ساڵێک ئەم جۆرە لە ئەسپ و عارەبانەکانیشدا لە شاری نیویۆرک و فیلادلفیا پێڕەو کرا. ساڵانی ١٨٥٤ و ١٨٥٥ چەند زنجییەک دادگەیی کران بەهۆی ئەوەی مکوڕ بوون لەسەر ئەوەی هاوشێوەی سپییەکان سواری ئەسپ و عارەبانە بن، ئەمە لە ساڵی ١٨٥٨ لە فیلادلفیا ڕووی دا کاتێ شاعیری ڕەشپێستی ناسراو و نەیاری جیاکاریی ڕەگەزی فرنیس وتکنز سوور بوو لەسەر ئەوەی سواری ئەسپ و عارەبانەیەک ببێ کە لە ڕەشپێستەکان قەدەغە بوو. لە کاتی جەنگیشدا بزنسمانێکی ڕەشپێست و ژنەکەی سوور بوون لەسەر ئەوەی لەناو عارەبانەکەدا دابنیشن نەک لە سەرەوەی، سەرەنجام کابرای شوفێر ئەسپەکانی کردەوە و وازی لە عارەبانەکە هێنا.[٧٠]

پاش شەڕی ناوەخۆ، لە ساڵی ١٨٧١ پەناگیرییەک لە شاری لویسڤیل لە ویلایەتی کنتاکی بەڕێوە چوو، کە کۆیلە تازە ئازادبووەکان پێی هەستان. مەسەلەکە لە مانگی کانوونی دووەم دەستی پێ کرد کاتێ ڕۆبەرت فۆکس پارەی پلیتەکەی دا و سوور بوو لەسەر ئەوەی لە بەشی تایبەت بە سپییەکان دابنیشێ و ڕازی نەبوو شوێنەکەی چۆڵ بکا، بۆیە لە عارەبانەکە فڕێ درایە دەرەوە. فۆکس سکاڵایەکی بۆ بەردەم دادگەیەکی فیدراڵی بەرز کردەوە و بردییەوە، بەڵام کۆمپانیای گواستنەوە ناوەخۆییەکە شتەکەی فەرامۆش کرد و لەسەر جیاکاری بەردەوام بوو و ڕازی نەبوو بکەوێتە ڕێ تا زنجییەکان دانەبەزن. پاش ڕاوێژکردن بە بەرپرسانی فیدراڵی و پارێزەرە سپیپێستەکان، سەرکردەکانی زنجییەکان پەناگیرییەکی سەرتاسەریان لە هۆیەکانی گواستنەوەدا ئەنجام دا. لە مانگی ئایار لاوێکی ڕەشپێست کە لە شوێنێکی تایبەت بە سپییەکان دانیشتبوو لەلایەن کۆمەڵێ سپیپێستەوە لێی درا، ئەنجا دەستگیریش کرا و برایە دادگەی شارەکە و دادوەرەکە هۆشداریی دا لە ئەنجامدانی پەناگیریی نوێ. بەڵام هەڵمەتی پەناگیری بەردەوام بوو و وای لێ هات شۆفێرەکان ئۆتۆمۆبێلەکانیان بەجێ دەهێشت. ڕەشپێستەکانیش لە وەڵامی ئەوەدا خۆیان لێیان دەخوڕین، لەو کاتەدا توندوتیژیی سپییەکان دەستی پێ کرد و سەرەتای کاری ئاژاوەگێڕیی نەژادی لە ئاسۆوە دەرکەوت. ڕۆژنامەکانی کنتاکی و زۆر لە سەرکردەکانی سپیپێستەکان سەرکۆنەی ئەو کەشوهەوایەیان کرد. تەنانەت جۆن هارلان کاندیدی کۆمارییەکان بۆ پۆستی حاکم، وێڕای ئەوەی پێشتر لە خاوەن کۆیلەکان بووە، نەیاریی خۆی بۆ جیاکاری

ڕاگەیاند. ئەم ڕووداوانە لەسەر ئاستی نیشتمانی بوونە جێی سەرنج: دەنگۆی ئەوە بڵاو بووەوە کە سەرۆک گرانت ڕەنگە سەربازانی فیدراڵی ڕەوانە بکا، پۆلیسی فیدراڵی و یەکێک لە پارێزەرانی حکوومەتیش پاڵپشتیی زنجیبە ڕەشپێستەکانیان دەکرد. کۆمپانیاکان ئاڵای سپییان بەرز کردەوە و شارەکە بەتەواوی لە جیاکاری لەناو هۆیەکانی گواستنەوە پاک بووەوە.[٧١]

لە ساڵی ١٩٤٦ دادگەی باڵا یاسایەکی دەرکرد کە جیاکاریی ڕەگەزی لە هۆیەکانی گواستنەوەی نێوان ویلایەتەکاندا قەدەغە کرد. جۆرج هاوەرز و بایار ڕستن لە ساڵی ١٩٤٧ یەکەم "گەشتی ئازادی"یان ئەنجام دا کە ژمارەیەکی زۆر پاسیان تێدا بەکار هێنا و کەڵکی لەو مافە وەرگرت کە یاسا نوێیەکە پێی بەخشیبوو.[٧٢]

شەپۆلی "ئازادیی گواستنەوە" لە ساڵی ١٩٦١ لەژێر چاودێریی "کۆنگرەی یەکسانیی نەژادی"دا کە گرووپێکی دژە توندوتیژی بوو کە جایمس فارمەر سەرۆکایەتیی دەکرد، بەهێزەوە دەستی پێ کرد. ئەوە بوو لە ٤ ئایار دەستەیەکی تێکەڵ لە واشنتۆنی پایەتەختەوە بەرەو ئۆرلیانز سەفەریان کرد و تووشی زنجیرەیەکی درێژ گرتن و کاری توندوتیژی بوو و گەشتەکە لە ٢٨ ئایار لە شاری جاکسۆن-میسیسیبی وەستا، پەناگیری لەناو گرتووخانەکان ئەنجام درا. لە یەکی تشرینی دووەمەوە دەبوو ئەو پاسانەی لە نێوان ویلایەتەکاندا هاتوچۆیان دەکرد ئەم لافیتەیە هەڵبواسن: "شێوەی دانیشتن لەم پاسەدا پێوەندیی نە بەنەژاد، نە بەرەنگ نە بەباوەڕ نە بەبنەچەوە نییە، ئەمەیش بە فەرمانی لێژنەی بازرگانیی نێوان ویلایەتەکان".

ساڵی دوای ئەوە، ئەم وشانە لەسەر پلیتەکانی گواستنەوە و لە هەموو وێستگەکانی گواستنەوەشدا نووسرا.[٧٣]

### ٤- پەناگیری لە مەلەوانگە گشتییەکاندا

ئەمەیش ڕێگەیە بۆ بەرەنگاریکردنی جیاوازیی ڕەگەزی لە بەکارهێنانی مەلەوانگە گشتییەکاندا کە پێویستی بە کڕینی پلیت نییە. ئەنجامدەرانی جموجۆڵەکە بەئاسانی دەچوونە ئەو ناوچانەی لێیان قەدەغە بوو، بەچاوپۆشین لە بەربەستە نەریتی یان یاساییەکە، بەشێوەیەکی سروشتی ڕەفتاریان دەکرد و کەنار دەریا و ئاوەکەیان بەکار دەهێنا. دەستەیەکی تێکەڵ لە ڕەشپێست و سپیپێستەکان لە ١٦ی تەمووز تا کۆتاییی هاوینی ١٩٦٠ لە کەناری باشووری شیکاگۆ پەناگیرییان کرد[٧٤]. توانرا ئەم پرەنسیپە لە چەند ناوچەیەکی تری قەدەغەکراو کە بە شوورە یاخۆ پەرژین نەپارێزرابوون، جێبەجێ بکرێ.

### ٥- پەناگیریی جووڵاو[٧٥]

بریتییە لەوەی پەناگیران لە شوێنێک کۆ دەبنەوە کە دەلالەتێکی ڕەمزیی هەیە، یان پێوەندیی بەمانگرتنەکەوە هەیە، بۆ نموونە نووسینگەکانی دژبەرەکە و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو تێیدا دەمێننەوە. بەڵام بەپێچەوانەی پەناگیریی ئاسایی، پەناگیران لە جووڵەیەکی بەردەوامدان: لەناو

بیناکەدا دێن و دەچن و بۆیان هەیە لە کاتی پەناگرتنەکەدا دەر و ماڵ بکەن. ئەم ڕێگەیە وەسف کراوە بەوەی لە توانایدایە ئامانجەکانی ڕووبەڕووبوونەوە و دەستوەردانی ڕاستەوخۆ بەدی بێنێ و پەناگیران تێیدا دووچاری کەمترین سەرکوتکردن دەبنەوە. بوونی ژمارەیەکی زۆر پەناگیری هاتوچۆکەر دەبێتە بەربەست لە بەردەم کارە سروشتییەکانی ناو بیناکەدا.

ئەم ڕێگەیە لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٦٩ لەلایەن ڕەشپێستەکان و لایەنگرانیانەوە لە زانکۆی "تافتس" جێبەجێ کرا، کە ڕێگە بە ڕەشەکان نەدەدرا لە پڕۆژەی دروستکردنی بینایەکی تایبەت بەزانکۆکەدا لە شاری مەدفۆرت–ماساشوستس کار بکەن. پاش ئەوەی هێزەکانی پۆلیس بیناکەیان داگیر کرد، "کۆمەڵەی ئەفریقیایی – ئەمەریکایی" لە ڕۆژی هەینی ٧ی تشرینی دووەم و ڕۆژی دووشەم ١٠ی مانگ پەناگیرییەکی جووڵاوی لەناو بینای ئیدارەی زانکۆکەدا ئەنجام دا.

٤٠٠ قوتابی، ٥٠ ڕەش و ٣٥٠ سپی، هەروەها ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی کۆلێج، سەعات نۆی بەیانی لە بەردەم بیناکەدا کۆ بوونەوە بۆ ئەنجامدانی پەناگیرییەکی جووڵاو. بوونە چوار تیمی یەکسان، ئەرکی هەریەکەیان هەوڵدان بوو لەگەڵ یەکێک لە چوار بەڕێوەبەرەکەی زانکۆکە. بەرپرسانی زانکۆکە ڕێگەیان بەم جموجۆڵە دا و هیچ پۆلیسێکیش لە ناو یان دەرەوەی بیناکەدا نەبینرا. قوتابییەکان بەهێمنی نووسینگەکانی ئیدارەیان داگیر کرد. سەعات نۆ و نیوی بەیانی کۆبوونەوەیەک بەسترا کە نزیکەی ٣٠٠ قوتابی تێیدا بەشدار بوون. گوێیان لە سەرۆکی زانکۆ گرت کە لە وتارێکی نیو سەعاتیدا هەڵوێستی زانکۆکەی ڕوون کردەوە.[٧٦]

قوتابییەکان نیو سەعات بەر لە کۆتاییی دەوام ژوور و بیناکەیان بەجێ هێشت. لە کاتی پەناگیرییەکەدا کارکردن لە تەواوی بیناکەدا ڕاوەستا.[٧٧]

٦– پەناگیری–نوێژ

لەم جۆرە چالاکییەدا کۆمەڵە کەسێک دەچن یان هەوڵ دەدەن بچنە ناو کەنیسەیەک بۆ بەشداریکردن لە ڕێوڕەسمە ئاینییەکاندا، کە بەپێی نەریت یاخۆ یاسا قەدەغەیە لێیان. ئەگەر ڕێگەشیان پێ درابێ و شوێنێکیان بۆ دیاری کرابێ، ئەوان لە جێی کەسانی تردا دادەنیشن.

ساڵی ١٨٤٨ فریدریک دۆگلاس داوای لە سەرجەم زنجییەکان کرد نەچنە ئەو کەنیسانەی بۆ ڕەشەکان تەرخان کراوە و بچنە کەنیسەکانی سپییەکان، ئەویش لە ڕێی "پەناگیریی نوێژ"ەوە وەک ماکبی ناوی نا. دۆگلاس گوتی "پێویستە زنجییەکان بەبێ دوودڵی بچنە کەنیسە و دابنیشن و ڕێگە بە کاهین و شەماسەکان بدەن بەزۆر ڕایان کێشنە دەرەوە، لەبەرئەوەی ئەو کارە دەرفەت بۆ چارەسەرکردنی یەکجارەکیی کێشەی جیاکاری بەشێوەیەکی ئەرێنی دەڕەخسێنێ".[٧٧]

ئەم جموجۆڵە بەکۆمەڵ بەڕێوە نەچوو. بەڵام هەواڵی چەندان حاڵەتی تاکەکەسی لە فیلادلفیا و ویلایەتی نیویۆرک و چەند ناوچەیەکی نیوئینگلاندەوە بڵاو بووەوە. کاردانەوەکان هەمیشە دۆستانە نەبوون: بۆ وێنە لە شاری ڕاندۆلف–ماساشوستس لە دەوروبەری ساڵی ١٨٥٣ ماڵباتێکی

ڕەشپێست کورسییەکی لە کەنیسەیەکی مەعمەدانیی تایبەت بە سپیپێستەکان بەکرێ گرت، دواتر بینی کورسییەکە لە جێگەکەی لابراوە، ئەندامانی ماڵباتەکەیش لەسەر زەوی دانیشتن. ڕۆژی یەکشەمی داهاتوو بینییان ئەو تەختە پلێتانەی زەویی کەنیسەکە لەو جێیەی پێشتر لێی دانیشتبوون، لابراون.

هەروەها لویس تابان بەرهەڵستی جیاکاریی ڕەگەزیی سپیپێست، لە کاتی سەردانی بۆ کەنیسەی مارلبۆرۆ لە ویلایەتی نیویۆرک لە ساڵی ١٨٣٧ لەگەڵ ڕەشپێستەکان قوربانییەکەی خوارد. کاهینی کەنیسەکە سەرەتا شێتگیر بوو بەڵام دواتر ملی کەچ کرد و هەموو نانیان خوارد.

لە ساڵی ١٨٣٨ کاهینێکی سپیپێست لە کاتی وتاردانیدا لە کەنیسەی نیوارک لە ویلایەتی نیوجێرسی، لە سەکۆی وتاردان هێنرایە خوارەوە بەهۆی ئەوەی ڕێگەی بە ئافرەتێکی ڕەشپێست دابوو بێتە ناو کەنیسەکە و لە تەنیشت ژنەکەی دابنیشێ.

سیس گایتس تاکە کۆنگرێسمانی نەیاری جیاکاریی ڕەگەزیش لە ساڵی ١٨٤٠ داوای لە یەکێک لە خەباتکارە ڕەشپێستەکان کرد لە کەنیسەی جینیسی لە تەنیشتی دابنیشێ. ڕۆژی دوای ئەوە ڕۆژنامەی ناوەخۆیی ویلایەتەکە ئەو کارەی بەئابڕووچوون لەقەڵەم دا و تۆمەتباری کرد بەوەی "هەندێ مادە تێکەڵ دەکا کە بەیەک ناخۆن". بەڵام ئەمە نەبووە لەمپەر لە بەردەم هەڵبژاردنەوەی گایتس بە ئەندامی کۆنگرێس.

ساڵی ١٨٤٠ سەرکۆنەی لاوێکی سەر بەگرووپی کویکرزی ئاینی کرا لەبەرئەوەی لە کەنیسەدا لە تەنیشت ڕەشپێستەکان لەو جێیەی بۆیان تەرخان کرابوو دانیشتبوو. گرووپەکەی ئەو کارەیان بە سووکایەتیکردن بە هاوڕێکانی لەقەڵەم دا کە بڕیاریان دابوو هەندێ کورسی بۆ سپییەکان و هەندێکی تر بۆ ڕەشەکان تەرخان بکرێ.

هەروەها هەردوو خوشک ئەنجلینا و سارە گریمکە کە تازە بەتازە چووبوونە ناو گرووپی کویکەرز سوور بوون لەسەر دانیشتن لەگەڵ ئافرەتە ڕەشپێستەکان لە خانەی کۆبوونەوەکان لە شاری فیلادلفیا. هەردوو خوشک لە وەڵامی سەرزەنشتکردنیان لەلایەن گرووپەکەیانەوە گوتیان: "مادام ئێوە خوشکەکانمان دەخەنە دۆخێکی نالەبارەوە، بەئەرکی خۆمانی دەزانین ئەو دۆخە لەگەڵیان بەش بکەین".

لە کەنیسەیەکی زۆرینە سپی لە ڕۆد ئایلەند بەرپرسانی کەنیسەکە ڕازی نەبوون بەکرێدانی کورسیی ژنێکی سپیپێست نوێ بکەنەوە لەبەرئەوەی داوای لە ئافرەتێکی ڕەشپێست کردبوو لە تەنیشتی دابنیشێ، لە کاتێکدا ئەو ئافرەتەیش ئەندامی هەمان کەنیسە بوو، هەر بۆیە ژنەکە چوو کورسییەکی تایبەتی خێوەتگەکەی هێنا و لە ڕاڕەوەکەدا لە تەنیشت کورسییەکەی پێشووی داینا و لەسەری دانیشت.[٧٩]

لە کاتی جموجۆڵە گەورەکە لە پێناو مافە مەدەنییەکان لە ساڵی ١٩٦٠ و لە خەباتیاندا بۆ نەهێشتنی جیاکاری لە کەنیسەکاندا لە باشووری وڵاتە یەکگرتووەکان، ڕەشپێستەکان لە بەردەم

دەروازەی کەنیسەکاندا چۆکیان دادەدا، ئەوەیش بە پەناگیریی چۆکدادان ناسرا، وەک ئەوەی لە شوباتی ١٩٦١ لە شاری ڕۆک هیڵ لە کارۆلینای باشوور ڕووی دا و یەکەم پەناگیریی چۆکدادان لە بەردەم کەنیسەکانی سپییەکاندا ئەنجام درا، بەو هۆیەوە لە کۆی پێنج کەنیسە سێ کەنیسە ڕێگەیان بە چوونەژوورەوەی ڕەشەکان دا.[٨٠] هەروەها لە شاری بێرمنگهام-ئالاباما لە ١٤ی نیسان لە جەژنی فوسح زنجییەکان، پاش ئەوەی کاهینی کەنیسەکە ڕێگەی چوونەژوورەوەی پێ نەدان، لە ماوەی قودداسەکەدا لەسەر پلیکانەکانی کەنیسەکەدا نوێژیان کرد.[٨١]

٧- شاڵاوە ناتوندوتیژانەکان

واتای ئەم ڕێگە ئەوەیە کەسانی خۆبەخش هەڵدەکوتنە سەر شوێنێکی خاوەن بایەخی ڕەمزی یاخۆ ستراتیجی و دەستی بەسەردا دەگرن. ئەم ڕێگەیە زۆرجار سەردەکێشێ بۆ یاخیبوونی مەدەنی و لەوێشەوە ئەگەری ڕوودانی سەرکوتکردنێکی دڕندانە لەلایەن پۆلیس و سوپاوە.

لە هیند، بۆ نموونە، لە کاتی خەباتە مەزنەکەدا لە هەردوو ساڵی ١٩٣٠ و ١٩٣١دا هیندییەکان نووسینگەکانی ئەنجوومەنی پیرانیان داگیر کرد، هەروەها چەند هەوڵێکی ناڕێکخراو بۆ داگیرکردنی تەلارەکانی حکوومەت دران.[٨٢] هەروەها هەڵمەتێک کرا بۆ دەستگرتن بەسەر کۆگەی گەورەی "خوێ"دا: بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک، ڕۆژانە ژمارەیەک لە خۆبەخشەکان بەڕێپێوان و ریزێکی ڕێک بەرەو کۆگەکە دەچوون و داوای خاوەندارییەتییان دەکرد. هەوڵدان بۆ دەستگرتن بەسەر ئەو خوێیەی لەوێ بوو بەشێک بوو لە پرۆسەی بەناوبانگ و بنەڕەتیی خوێ لە خەباتی هیندییەکان لەو کاتەدا. خۆبەخشەکان دووچاری سەرکوتکردنێکی توند بوونەوە.[٨٣]

لە بارێکدا خۆبەخشەکان لەو هەنگاوەیاندا پەنا بۆ توندوتیژی نابەن، ئامانجی شاڵاوەکانیشیان دەستبەسەرداگرتنی ڕاستەقینە نەبوو، بگرە گژبەریکردنی دەسەڵات و ڕێژیمی ئارا و کارپێکردنی میکانیزمێکی دەروونی بوو لە جموجۆڵی ناتوندوتیژانەدا.

لە قۆناغێکی زۆر پێشکەوتووی "یاخیبوون"ی ناتوندوتیژانەدا، حەشاماتێکی زۆر دەتوانن گەمارۆی شوێنێک بدەن و ڕێگە نەدەن دەسەڵاتداران دەستی بەسەردا بگرنەوە، بەتایبەت لە بارێکدا کە فەرمانی توند بۆ سەرکوتکردن یان دەستوەردانێکی بەهێز و چڕی پۆلیس لە ئارادا نەبێ.

ڕەنگە هەندێ جار شێوەیەکی دەستکاریکراو لەم ڕێگەیە بەکار بێ، بەوەی لە باتیی شوێن، دەست بەسەر هەندێ شمەکی دیاریکراودا دەگیرێ، وەک کە لە ١٨ی کانوونی دووەمی ١٧٧٠ لە بۆستن لە کۆڵۆنیی ماساشوستس بای ڕووی دا، ئەویش لە بواری مامەڵەکردن لەگەڵ ٨ بازرگان کە بە ڕێککەوتننامەی هاوردەنەکردن قایل نەدەبوون. ئەو بازرگانانە ڕازی نەدەبوون ڕەفتارەکەیان بگۆڕن و ئەو شمەکانەی هاوردەیان کردبوو بیدەنە لێژنەی پشکنین. ئارسۆر شلیسنگەر نووسی: "زیاتر لە هەزار کەس لە ریزێکی ڕێکوپێک و شکۆداردا بەرەو کۆگە و ماڵەکانی ئەو پیاوانە چوون و

لە ڕێی گوتەبێژێکیانەوە داوایان کرد ئەو شمەکانەی کۆگە کراون بدرێنە لێژنەی پشکنین. تەینا یەک بازرگان بە ئەرێنی وەڵامی دایەوە، ئەویش "کاری" بوو.[٨٤]

### ٨- شالاوە ئاسمانییە ناتوندوتیژانەکان[٨٥]

دەکرێ بەمەبەستی بەردانەوەی بڵاوکراوە یان دیاری یان خواردن بۆ خەڵک، لە ڕێی فڕۆکە یان باڵۆن یان هەر ئامرازێکی تری گواستنەوەی ئاسمانییەوە بچێتە ناو "کایەی ئاسمانی"ی دژبەرەوە، بەبێ ئەوەی پەنا بۆ توندوتیژی یان تێکشکاندن ببەیت (دیارە ئەرکە ئاسمانییەکان بۆ گەیاندنی پێداویستییەکان لە کاتی گەمارۆدا لەمە جیایە). شالاوی بەردانەوەی بڵاوکراوە کاریگەرییەکی گەورەی دەروونیی هەیە، وەک ئەوەی لە کۆتا قۆناغی کودەتای" کاب" رووی دا. ڕۆژی سێشەم ١٦ی ئادار لە ئاسمانی بەرلیندا فڕۆکەیەکی حکوومەتی ئەڵمانیا دەرکەوت کە بەرەو شتوتگارت دەچوو و لەلایەن کودەتاچییەکانەوە پاڵپشتی دەکرا بەمەبەستی بەردانەوەی بڵاوکراوە و لەسەری نووسرابوو" بڕووخێ دیکتاتۆرییەتی سەربازی". عەقید گودسپید دەڵێ "تەنانەت لە گەڕەکە راقییەکانی بەرلینیشدا بە هەڵەداوان رایان دەکرد بۆ پەیداکردنی بڵاوکراوەکە، پاش خوێندنەوەی بەدەنگی بەرز هەلهەلەیان لێ دەدا، بە رادەیەک ئەفسەرانی لێژنەی چاودێری سەر بەهاوپەیمانەکان چوونە بەردەم پەنجەرەکانیان لە هوتێلەکەدا تا بزانن چی بووە.[٨٦]

زۆربەی جاران شالاوە ئاسمانییە ناتوندوتیژییەکان هەندێ کردەوەی بچووکن لە کاتی ململانەیەکی توندوتیژی فراواندا، کە بارودۆخ لەبار نییە، هەر بۆیە ئەنجامێکی ئەوتۆیان نابێ. ئەوە بوو لە کۆتاکانی مانگی حوزەیرانی ١٩٦٥ فڕۆکەکانی ولاتە یەکگرتووەکان گەمە و جلوبەرگیان بەسەر گوندەکانی نێزیک "هانۆی"دا بەردایەوە، تا ئاماژە بدەنە دانیشتوان کە ولاتە یەکگرتووەکان عەزمی جەزمە.[٨٧] هەروەها هەندێ فڕۆکەی تر بەسەر پێگەکانی بەرەی رزگاریخوازانی میللی لە باشوری ڤێتنامدا سووڕانەوە و لە ڕێی بڵندگۆوە کەشوهەوایەکی خێزانییان وەشان دەکرد، تێیدا دایکێکی ڤێتنامی دەڵێ "بگەڕێنەوە ماڵەکانتان". هەندێ بەرپرسی ئەمەریکایی پێیان وایە ئەو کارە بووە مایەی ئەوەی زۆر لە چەکدارانی ڤێتنامی شوێنەکانیان بەجێ بێڵن و لە گۆڕەپانی شەڕ هەڵبێن. ئەوەیشیان ناو نا" شێوە مرۆڤانەکەی تۆقاندن".[٨٨]

### ٩- پەلاماردانی ناتوندوتیژانە

پوختەی ئەم ڕێگەیە ئەوەیە ژمارەیەک خۆبەخشی ناتوندوتیژ بەئاشکرا دەچنە ناوچەیەکی قەدەغە، تا بە ڕێژیمی بالادەست بڵێن کە دان نانێن بەدەستگرتنی بەسەر ئەو ناوچەیە، یاخۆ بەکارهێنانی بۆ ئامانجێکی دیاریکراو.

ئەم ڕێگەیە لە خانەی یاخیبوونی مەدەنیدا حسێب دەکرێ و بەتوندی سەرکوت دەکرێ. پەلاماردانی ناتوندوتیژانەی ناوچەی" گوا"ی هیندی لە ساڵی ١٩٥٥، بۆ گژبەریکردنی مافی پورتوگالییەکان لە دەستگرتن بەسەر ئەو بەشە لە ولاتی هیندیستان، بەناوبانگترین نموونەیە.

نموونەیەکی تر، هەوڵەکانی لایەنگرانی ئاشتییە بۆ چوونە ناوچەیەکی سەربازی لە نبراسکا لە ساڵی ١٩٥٠[٩٠]، هەروەها هەوڵی کۆمەڵێکی تر بۆ دەستگرتن بەسەر ناوچەیەکی تر لە هارنگتون-ئینگلتەرا بەمەبەستی بەکارهێنانی بۆ ئامانجگەلی ئاشتی[٩١].

هەوڵدانی لایەنگرانی ئاشتیش بۆ راگرتنی ئەزموونی ناوکی فەرەنسا لە کانوونی دووەمی ١٩٦٠ لە ویگن-باکوری ئەفریقیا، نموونەیەکی ترە، ئەویش کاتێ لایەنگرانی ئاشتی هەوڵیان دا بچنە ناوچە قەدەغەکە تا رێگەی ئەنجامدانی تەقینەوە ناوکییەکە لە فەرەنساییەکان بگرن (ئەمیش پێی دەگوترێ خۆتێوەردانی ناتوندوتیژانە). بەڵام نەیانتوانی بچنە ناوچەی تەقینەوەکە، بۆیە لە سنووری پەلاماردانی ناتوندوتیژانەدا مایەوە.[٩٢] هەروەها لایەنگرانی ئاشتیی ئەمەریکایی هەوڵیان دا بەر بەئەنجامدانی ئەزموونە ناوکییەکان لە زەریای هێمندا بگرن، ئەویش بەچوونیان بۆ ناوچەی ئۆپەراسیۆنەکە لە هەردوو ساڵی ١٩٥٨ و ١٩٦٢.[٩٣]

**١٠- خۆتێوەردانی ناتوندوتیژانە**

لەم رێگەیەدا چالاکان جەستەی خۆیان دەخەنە نێوان دژبەرەکە و ئامانجی کار یان چالاکییەکەی، هەندێ جار لە نێوان سەرباز و پۆلیس و ئەو خەڵکەی رووبەڕووی دەبنەوە. یان خۆیان دەدەنە بەر ئۆتۆمۆبێلێک، بارهەڵگرێک یان تانکێک.

ئەم رێگەیە جیاوازە لە رێگەی (پەککخستنی ناتوندوتیژانە)، کە دواتر باسی دەکەین، بەوەی ئەم رێگەیە نابێتە بەربەستێکی سەرتاپایی و رێگر کە نەتوانرێ تێ پەڕێنرێ و لاببرێ، چونکە کەس و ئامێرەکان دەتوانن بەئاسانی بەسەر جەستەکاندا پێشڕەوی بکەن، بەڵام لە حاڵەتی پەککخستنی ناتوندوتیژانەدا وەک باسی دەکەین- ئەوە ناکرێ.[٩٤]

ئامانجی خۆتێوەردانی ناتوندوتیژانە قایلکردنی کەسانی پێوەندارە، لە سەربازان و شۆفێران و هی تر، کە پێویستە ئەو کار و چالاکییەی بەلای ئەو گرووپەوە نائەخلاقی و ناڕەوایە رابگرن، یان لانی کەم لەو کارە پاشگەزیان بکەنەوە لەو روانگەی کارەکە بەلای ئەوانەی دەیانەوێ رای بگرن، دەبێتە مەترسی و ئازار.

لە بارێکدا ئامانج لەم رێگەیە سەپاندنی بەربەستێکی مرۆیی رێگر نییە، ژمارەی ئەوانەی لەم جۆرە جموجۆڵەدا بەشدارن گرینگ نییە، تاکە کەسێک یاخۆ گرووپێکی بچووک دەتوانن لەسەر رێی تانکێک یان شەمەندەفەرێکی پڕ لە کەرەستەی جەنگیدا پاڵ بکەون یان دابنشین، بەمەبەستی ئەوەی شۆفێرەکە نەیەتە پێشەوە نەوەک ببێتە مایەی بریندارکردن یاخۆ کوشتنی ئەوانەی دانیشتوون. دەریش کەوتووە کەمیی ژمارەی ئەوانەی بەم جموجۆڵە هەڵدەستن کاریگەریی دەروونی زیاتر دەکا.

براتفۆرد جیاوازی دەکا لە نێوان خۆتێوەردانی تاکەکەسی و خۆتێوەردانی بەکۆمەڵ. لە جۆری یەکەمدا کەسەکە بەشێوەیەکی نیوچە دڵنیا خۆی ڕووبەڕووی مردن یان بریندابوون دەکاتەوە،

چونکە تەنیا کەسێک ڕەنگە شۆفێرەکە نەیبینێ، یان ڕەنگە پێی وابێ جیدی نییە لەوەی دەیکا. هەرچی جۆری دووەمە، ئەو مەترسییەی ڕوو لە تاکەکەس دەکا زۆر لاوازە. بەڵام لیتل پێی وایە جۆری یەکەم کاریگەرترە.

ئەم نموونانەی خوارەوە لە سێ گرووپدا پۆلێن دەکرێن: دەستوەردانی پێوەست بەحاڵەتە کۆمەڵایەتی و پیشەییەکان + دەستوەردانی پێوەست بەکارەکانی پۆلیس و سوپا + دەستوەردانی پێوەست بەوەستاندنی ئۆتۆمۆبێل و ئامێرەکان.

أ- حاڵەتە کۆمەڵایەتی و پیشەییەکان

ژمارەیەک لە خۆپێشاندەرانی دژ بەجیاکاریی ڕەگەزی لە ١٣ی ئایاری ١٩٦٤ بۆ ڕێگرتن لە یارییەکی جامی دیفیس لە نێوان تیپی نەرویج و تیپی باشووری ئەفریقیا کە یاریزانەکانی تەنیا لە سپیپێست پێک هاتبوون، لەسەر زەویی یاریگەی مادسیرود لە ئۆسلۆ دانیشتن.[٩٥]

لە کاتی هەڵمەتەکەی ساڵی ١٩٢٢ لە هیندستان، ژمارەیەک قوتابی بۆ ڕێگرتن لە تێپەڕبوونی هاوڕێکانیان لە هۆڵ و داڵانەکانی زانکۆی کالکوتا دانیشتن. پاش ئەوەی داوایان لە قوتابییەکان کرد نەچنە هۆڵی وانەکان، ڕازی بوون لەلایەن قوتابییەکانەوە کە سوور بوون لەسەر ئەوەی بچنە ژوورەوە، پێشێل بکرێن.

هەمان ڕێگەیش لە خەباتی نیشتمانیی هیند لەلایەن ئافرەتانەوە بۆ قەدەغەکردنی فرۆشتنی مەی-ی ئینگلیزی پێڕەو کرا، هەروەها لەلایەن بانکەشەکارانی ڕاگرتنی هاوکاری لەگەڵ ئینگلیز تا ئەوانەی لە کەرتی گشتیدا کاریان دەکرد و سەر بەحوکمی بەریتانیا بوون، قایل بکەن تا دەست لە وەزیفەکانیان هەڵگرن. دەڵێن ئافرەتە هیندییەکان ئەم شێوازەیان بۆ قایلکردنی مێردەکانیان بۆ مامەڵەنەکردن لەگەڵ ڕژێم بەکار هێناوە.[٩٦]

ساڵی ١٩٥٧ کرێکارانی مانگرتوو لە شاری ریدنگ-بنسلڤانیا لەسەر زەوی لە بەردەم دەروازەی کارگەکەیان ڕاکشان و کرێکارە مانەگرتووەکانیان سەرپشک کرد لە نێوان چوونە ناو کارگەکە بەسەر جەستەی ئەواندا و ڕاگرتنی کارکردن و مانەوە لە دەرەوە.[٩٧]

خەباتکاران لە پێناو مافە مەدەنییەکان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا خۆتێوەردانی ناتوندوتیژانەیان بەشێوەیەکی کاریگەر بەکار هێنا تا خاوەن کارەکان ناچار بکەن تا ژمارەیەکی زیاتر زنجی کار پێ بکەن.

لە ئایاری ساڵی ١٩٦٣ لە فیلادلفیا خەباتکارانی سەر بەهەردوو بزووتنەوەی "ئەنجوومەنی یەکسانیی ڕەگەزی" و "کۆمەڵەی پەرەسەندنی کەسە ڕەنگاورەنگەکان" ڕێگەیان لە چوونە ژوورەوەی کرێکارانی سپی گرت بۆ ناو وەرشەیەکی بیناکردن کە لە هەڵبژاردنی کرێکارەکانیدا جیاکاریی ڕەگەزی دەکا و ئەم ڕێگەیەیان ناو نا "گەمارۆی وەزیفی". ڕووبەڕووبوونەوەی توند لە نێوان کرێکارەکان و پەناگیرەکاندا ڕووی دا.

هەمان ڕێگە بەسەرکەوتوویی لە سان فرانسیسکۆیش تاقی کرایەوە بۆ قایلکردنی خاوەن هۆتێل و بازرگانانی ئۆتۆمۆبێل تا سەدان زنجی لەسەر کار دابمەزرێنن. ژمارەیەک لە پەناگیران حوکمی زیندانیکردنیان بۆ چەند ماوەیەکی درێژ بەسەردا سەپێنرا.

هەروەها ئەم ڕێگەیە لە بەردەم بارەگەی سەرەکیی سەندیکای پیشەسازەکاندا لە شاری نیویۆرک پێڕەو کرا، لە ئەنجامدا گەیشتنە ڕێککەوتنێک بۆ کارپێکردنی ڕەشپێستەکان لە بواری کەرەستە تەندروستییەکان.[98]

هەمان ڕێگە لەلایەن بانگەشەکارانی جیاکاریی ڕەگەزی بۆ قەدەغەکردنی یەکسانیی نێوان نەژادەکان لە باشووری وڵاتە یەکگرتووەکانیشەوە بەکار هێنرا: لە هاوینی ١٩٦٤، لە شاری گرینود-میسیسیپی، ئەندامانی خێزانێکی ڕەشپێست ویستیان بچنە قاوەخانەیەک، بینییان پارێزەرێک لەبەر دەرگە وەستاوە ناهێڵێ بچنە ژوورەوە. ڕۆژی دواتر هاتنەوە و وێنەیەکی یاسای مافە مەدەنییەکانیشیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو، کەچی ئەمجارەیان خاتوونی خاوەنی قاوەخانەکە لە بەر دەرگەکەیدا بە قیژەقیژە کردنیە دەرەوە.[99]

ب- کارەکانی پۆلیس و سوپا

شێوازی خۆتێوەردانی ناتوندوتیژانە بۆ بەرگرتن لە کارەکانی پیاوانی پۆلیس و سوپایشدا پەنای بۆ براوە، نەخاسمە کاتێ دەیانەوێ کەسانێک بگرن یاخۆ لێیان بدەن. زۆرجار بۆ ڕێگرتن لە دەستگیرکردنی زنجییەکی تۆمەتبار بەوەی "کۆیلە"یەکی هەڵاتووە، پەنای بۆ براوە تا یارمەتیی ئەو کەسە بدرێ بۆ هەڵاتن.

ماکبی دەڵێ لە ساڵی ١٨٥١ لە بۆستن لە کاتی جێبەجێکرانی یاسای فیدراڵی لەبارەی کۆیلە هەڵاتووەکانەوە، کرێکارێکی ڕەشپێست لە قاوەخانەیەکدا دەستگیر کرا بەناوی ئەوەی کۆیلەیەکی هەڵاتووە و پەلکێشی دادگە کرا. نێزیکەی ٤٠ زنجی چوونە ناو هۆڵی دادگە و دەستیان بە پێکەنین و هاتوهاوار و ڕاکەڕاکە کرد لەناو هۆڵەکەدا تا تۆمەتبارەکە کەوتە نێوانیان و بەو شێوەیە بردیانە دەرەوە و توانی بچێ بۆ کەنەدا.

هەریەک لە دانیاڵ وبستەر وەزیری ئەو کاتەی دەرەوە و سیناتۆر هنری کلای رایان گەیاند پێویستە یاسا توندگیرتر بێ، بەڵام کۆمەڵەی ئەمەریکایی بۆ هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی پێداگریی کرد کە هیچ چەکێک لەو کارەدا بەکار نەهاتووە و کەسیش ئازاری پێ نەگەیشتووە. هەروەها گاریسۆن ئەو کارەی "هاوڕێ لاتەریکەکانی ئازادیی دادپەروەرانە"ی بە "ئازادکردنی ئاشتییانەی چەوساوەیەک لە دەستی چەوسێنەرەکانی" وەسف کرد.[100]

لە بولگاریا لە سەرەتای بەهاری ١٩٤٣ پاش ئەوەی هەواڵی بوونی پلانێک بۆ گواستنەوەی جوولەکەکان بڵاو بووەوە، ژمارەیەک لە پیاوانی شۆڕشگێڕ لە شاری سۆفیا بانگەوازێکیان ئاراستەی خەڵک کرد بۆ پاراستنی جوولەکە: لە بەردەم ماڵی هاوسێ جوولەکەکانتاندا کۆ ببنەوە و

ڕێگە مەدەن بەزۆر بیانبەن! منداڵەکان بشارنەوە و مەیاندەنە دەست جەلادەکانیان! لە گەڕەکە جوولەکەکاندا کۆ ببنەوە و پشتگیریی خۆتان بۆ جوولەکە چەوساوەکان دەرببڕن"[١٠١]

لە کۆتاییی مانگی ئابی ١٩٦٢ و لە کاتی کێبەرکێی نێوان گرووپە جەزائیرییەکاندا، کە مەترسیی هەڵگیرسانی جەنگێکی ناوەخۆیی لەو وڵاتە تازە سەربەخۆیە لێ دەکرا، لە چەندان حاڵەتدا دەبینین خەڵکە لاتەریکەکە بەجەستەیان ڕێگەکانیان دادەخست و گڕبەریی سەربازەکانیان دەکرد کە چەک لە دژیان بەکار بێنن تا بتوانن بەسەریاندا تێ پەڕن و بگەنە سەربازانی لایەنی بەرامبەر.[١٠٢] هەروەها لە ناوچەی بوغاری لە باشووری جەزائیری پایەتەخت، خەڵکەکە لە نێوان هێزەکانی بن بێللا و هێزەکانی ئۆپۆزسیۆندا دەوەستان و دژ بەهەر شێوەیەک لە شێوەکانی شەڕ خۆپێشاندانیان کرد و "ژمارەیەکی زۆریان لەسەر زەوی ڕاکشان".[١٠٣]

لە حوزەیرانی ١٩٦٥ بەرهەڵستکارە بوودییەکان ڕووبەڕووی سەربازەکان بوونەوە کە لە گەڕانیان بەدوای بەرگریکارانی بوودیدا هەوڵیان دەدا بچنە ناو یەکێک لە پەرستگەکان و بەوەستانیان لەوێ، توانییان ڕێگەی چوونە ژوورەوەیان لێ بگرن.[١٠٤]

ج– وەستاندنی ئۆتۆمۆبێل و ئالیات

خۆتێوەردانی ناتوندوتیژانە هەروەها لە بواری ڕێگرتن لە چوونی ئۆتۆمۆبێل و بارهەڵگر و شەمەندەفەردا کە هەندێ شتیان هەڵگرتووە و ئەنجامدەرانی جموجۆڵەکە ڕازی نابن رادەست بکرێن، پێڕەو دەکرێ، وەک کەرەستەی بیناسازی یان تەنانەت تانک. لە ١١ی شوباتی ١٩٦٣ قوتابییان لە بەردەم پەیمانگەی شاهانە لە نایروبی، کینیا وەستان بۆ راکێشانی سەرنج بۆ ئەو بارودۆخە مەترسیدارەی بەهۆی ڕێکنەخستنی شەقامەکەوە تووشی قوتابیان دەبێ لە کاتی پەڕینەوەدا.[١٠٥]

لە وڵاتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا زۆرجار ئافرەتان لەگەڵ لە ئۆتۆمۆبێلەکاندا لەگەڵ منداڵەکانیان دەوەستان ڕێگەکەیان دەبڕی، ئەویش وەک پاڵەپەستۆیەک بۆ دانانی هێما و ئامرازەکانی سەلامەتی لەوانە هێما تیشکییەکان کە منداڵان و خەڵکیش بپارێزن.

ئەم ڕێگەیە دەکرێ بۆ ئامانجی جۆرەوجۆر و هاوکات لەگەڵ ڕێگەی تر بەکار بێ. بۆ نموونە لە گلاسکۆ–ئینگلتەرا لە ساڵی ١٩٦٣ بەهۆی مەترسییەکانی کەناڵی شارەکەوە بایکۆتی قوتابخانەی گلاسکۆ کرا. لە هەمان کاتدا ٥٠ دایک بەجەستەی خۆیان و منداڵەکانیان و ئۆتۆمۆبێلی منداڵەکان، پردی کەناڵەکەیان لە بەردەم ڕێبواراندا داخست.[١٠٦]

هەروەها لە بالرمۆ–سەقلییە لە ساڵی ١٩٦٣ کرێکارێکی بیناسازی بەدروستکردنی بە جەستەی خۆی و چوار منداڵەکەی بەربەستێکی مرۆیی دروست کرد و یەکێک لە شەقامە قەرەباڵغەکانی قەپات کرد، ئەویش وەک نارەزایی لە دژی ئەو بێکارییەی تێیدا دەژیا و گوتی ئەو بۆ دەستکەوتنی کار مانی گرتووە.[١٠٧]

لە بۆمبای-هیندستان لە کاتی هەڵمەتەکەی ساڵی ١٩٣٠ و ١٩٣١دا "بابو گانو" بۆ ڕێلێگرتنی، لەسەر ڕێی لۆرییەکدا ڕاکشا کە جلوبەرگی بار کردبوو و ملکەچی بڕیاری بایکۆتکردنەکە بوو، لە ئەنجامدا لۆرییەکە شێلای و گیانی لەدەست دا.[١٠٨] نموونەیش لەسەر هەوڵی ڕاگرتنی دروستکردنی بینا زۆرن.

لە ئابی ١٩٥٨ چوار کەس هەوڵیان دا ڕێگە لە چوونە ژوورەوەی چەند بارهەڵگرێک بگرن کە کەرەستەی سەربازییان تێدا بوو بۆ ناو بنکەیەکی مووشەک لە نێزیک شاری شایان-ویومنگ، لەو هەوڵەدا یەکێکیان بەسەختی بریندار بوو.[١٠٩]

نموونەیەکی تر لە ئینگلتەرا: لە کانوونی یەکەمی ١٩٥٨ لە بنکەی مووشەکەکان لە نێزیک شاری سوافهام، خەباتکارانی ناتوندوتیژ لە دوو بۆنەی جیاوازدا لە بەردەم و دواوەی کەرەستەکانەوە ڕاکشان و کرێکارەکانیان سەرپشک کرد لە نێوان ڕاگرتنی کار یان بوونە مایەی بریندارکردنی خۆپێشاندەران یاخۆ کوشتنیان.[١١٠] برینداربوونی سەخت ڕووی نەدا، کارکردن بۆ ماوەیەک وەستا، ڕۆژی دواتر چەندان وتار لە ڕۆژنامەکان بڵاو بوونەوە کە پاڵپشتییان لەو هەنگاوە کرد.

ساڵی ١٩٥٨ لە هەوڵیاندا بۆ ڕێگرتن لە کارەکانی پڕۆژەیەکی دەسەڵاتدارانی ویلایەتی نیویۆرک بۆ گۆڕینی زیاتر لە ٥ ملیۆن مەتر دووجا زەوی، کە نیشتمانی سروشتیی هۆزی "توسکارووراس" بوو، بۆ کۆگەی ئاو، ئەندامانی هۆزەکە لە چەند بۆنەیەکی جیاوازدا پرۆسەی "خۆتێوەردانی ناتوندوتیژانە"یان جێبەجێ کرد. لافیتەیان بەرز دەکردەوە کە لەسەری نووسرابوو "وریابە، تێپەڕین قەدەغەیە، ناوچەیەکی پارێزراوی هیندییە"، یان "ئاخۆ دەبێ هەرچی هەمانە بیبەن؟". لە بەردەم بارهەڵگر و ڕووپێوەکاندا دەوەستان یان لەبەرامبەریاندا لەسەر زەوی پاڵ دەکەوتن. پۆلیس بەتۆمەتی گردبوونەوەی ناڕەوا و هەڵسوکەوتی دژ بەیاسا، سێ کەسی لێ گرتن. هەروەها ڕووبەڕووبوونەوە لە نێوان پۆلیس لەلایەک و ئافرەت و منداڵانی هیندی لەلایەکی تر ڕووی دا، بەڵام جموجۆڵەکە بەبێ توندوتیژی بەردەوام بوو.

لە مانگی ئایاری هەمان ساڵدا، ڕووپێوەکان جارێکی تر هەوڵیان دا بچنەوە ئەو ناوچەیە، هیندییەکان بۆ بەرگرتن لە کارەکانی ڕووپێوکاری بە ڕووی کەرەستەکانیاندا وەستانەوە. دواتر کە ئالیاتەکە بۆ بڕینی شوێنەکە گەیشتنە ئەوێ، کرێکارانی سەر بە دانیشتوانە ڕەسەنەکە ڕازی نەبوون کار بکەن و جارێکی تر کارەکان وەستان. لەم کاتەدا "گروسمان"ی پارێزەری هیندییەکانیش سەرقاڵی شەڕە یاسییەکە بوو.

ئیدمۆند ویلسۆن نووسی "خۆتێوەردانی ناتوندوتیژانەی هیندییەکان و بەرگریی بەڕێز گروسمان لە بەرژەوەندییەکانیان، هێزی دەسەڵاتدارانی کز کرد و کاریگەریی گەورەی لەسەر ڕای گشتی هەبوو". ساڵی ١٩٥٩ هیندییەکان کێشەکەیان بردەوە کاتێ لێژنەی فیدراڵی ڕێگەی بەدەسەڵاتدارانی نیویۆرک نەدا لەو ناوچە پارێزراوە هیندییەدا پڕۆژە ئەنجام بدەن.[١١١]

لە کلیفلند-ئۆهایۆ لە ٧ی نیسانی ١٩٦٤ لە کاتی هەوڵدانی خۆپێشاندەران بۆ ڕاگرتنی

کارەکانی دروستکردنی قوتابخانەیەکی نوێ لە ناوچەیەکی رەشپێستەکان، کە مەبەست لە پرۆژەکە ئەوە بوو چیی تر نەهێڵن رەشپێستەکان بچنە قوتابخانەی سپییەکان و بەوەیش جیاکاریی رەگەزی پتەو بکرێ، قەشەی پرۆتستانتی پروس کلاندەر خۆی هاویشتە بەردەم گرێدەرێک کە خەریک بوو بەسەر جەستەی سێ پێشاندەردا بڕوا کە لەسەر زەوی راکشابوون. شۆفێرەکە پیاوە ئایینییەکەی نەبینی کە تەمەنی ٢٧ ساڵ بوو و کردی بەژێرەوە. بەدوای ئەوەدا توندوتیژی رووی دا.[١١١٢]

لە کاتی داگیرکاریی نازیدا لە شارێکی بچووک لە شارەکانی سلۆڤاکیا، کۆمەڵێ لاو لەسەر هێڵی ئاسنەکە راکشان بەمەبەستی رێگرتن لە کەوتنە رێی شەمەندەفەرەکە کە جوولەکەکانی بۆ گرتووخانەکان دەگواستەوە.[١١٣]

ساڵی ١٩٥٣ رووسیا تانکەکانی لە شاری جینا-ئەڵمانیای رۆهەڵات بەکار هێنا بەمەبەستی بڵاوەپێکردنی حەشاماتێکی ٢٥ هەزار کەسی کە داوای ئازادکردنی ٨ خۆپێشاندەریان دەکرد کە لە کاتی خۆپێشاندانەکەی حوزەیراندا گیرابوون.

ستیفان برانت نووسی "حەشاماتەکە رای نەبوون بڵاوە بکەن. ئافرەتێک لەسەر زەوی دانیشت و شۆفێری تانکەکەی ناچاری وەستان کرد".

بەم رێگەیە و بەدانانی ئۆتۆمۆبێلەکان لە ناوەندی شەقامەکاندا، توانییان بۆ ماوەی نیو سەعات سەربازانی رووسیا بوەستێنن، تا بتوانن بەشێوەیەکی کاتی بکشێنەوە. بەڵام لە کۆتاییدا سەربازەکان توانییان لە رێی تەقەکردن بەسەریاندا خەڵکەکە بڵاوە پێ بکەن.[١١٤]

## ١١- پەککخستنی ناتوندوتیژانە

ئەم رێگەیە هاوشێوەی خۆتێوەردانە، بەڵام لەوەدا جیاوازە کە جەستەکان تەنیا وەک ئامرازێکی دەستوەردانی دەروونی بەکار نایەن، بگرە دەبنە بەربەستێکی مادیش.[١١٥]

ئەم بەربەستە بەشەرییە کاتێ پەنای بۆ دەبرێ کە ژمارەیەکی زۆری خەڵک بەشداری دەکەن، یان کاتێ ئەنجامدەرانی لە جێبەکدا بن رێگە بگرن لە بەردەوامبوونی کارەکە یان پێشڕەوی ئامێرەکان یان پۆلیس و سوپا، تەنانەت لە کاتی بریندارکردنی خۆپێشاندەرانیش، یاخۆ کوشتنیاندا.

وەک رێگەکەی پێشوو، ئەگەری گرتن یان بریندارببوون، یان کوژران لە ئارادایە.

وا باشە ئەم جۆرە رووبەڕووبوونەوەیە زۆر درێژە نەکێشێ، مەگەر:

١- ژمارەی بەشداران زۆر زۆر بن و بۆ ماوەیەکی درێژ لەو حاڵەدا بەردەوام بن و ئەو کەسانە دەسەڵاتیان بەسەر کەسەکان و ئەو چەک و کەرەستانەدا بشکێ کە رەنگە دژبەرەکە بەکاریان بێنێ و نیازی ئەوەی هەبێ.

٢- دژبەرەکە نیازی کوشتنی بەشدارانی هەبێ، جا ئەنجامەکە هەرچی بێ.

٣- ئەگەر بەرپرسانی پرۆسەکان، یان پیاوانی پۆلیس یان سەربازەکان لایەنگری خۆپیشاندەرەکان بن، یان لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەکەدا وایان لێ هاتبێ.

٤- ئەگەر نارەزاییی جەماوەر لە دژی ئەو ستەمەی بووەتە مایەی ئەو جموجۆڵە، یان بەهۆی سەرکوتکردنی خۆپیشاندەرانەوە هێندە بەهێز بێ، وای لە دژبەرەکە کردبێ دەستبەرداری سەرکوتکردنی بووبێ، یان دوای خستبێ.

لە نێوان هەردوو ساڵی ١٨٥٠ و ١٨٥٢ لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا چەندان پێشنیاز لە بواری پێڕەوکردنی "پەکخستنی ناتوندوتیژانە"دا بۆ پاراستنی کۆیلە هەڵاتووەکان خرانە ڕوو. بۆ نموونە "کۆمەڵەی ڕود ئایلاند بۆ بە گژداچوونەوەی کۆیلایەتی" بڕیاری دا لە بارێکدا نەتوانرا حەشارگەیەکی ئارام بۆ ئەو کۆیلەیەی یاداشتی گرتنی هەیە بدۆزرێتەوە، یاخۆ یارمەتی بدرێ تا هەڵبێ، "پێویستە خەڵکێکی زۆر لەوانەی (لێژنەی ئاشتی) پێک دێنن لە دەوری بن، تا لە گرتن بیپارێزن". ویندل فلیپس پێشنیازی کرد کاتێ یەکێک لە هەڵاتووان، لە هۆڵی دادگە بوو "پێویستە سەدان هەزار خەڵک بەشێوەیەکی ناتوندوتیژانە گەمارۆی شوێنەکە بدەن تا بەر بگرن لە گێڕانەوەی بۆ باشوور و ڕای بگەیەنن کە دەسەڵاتداران دەبێ بەسەر سەری ئێمەدا بڕۆن تا بتوانن کۆیلەکە دەربکەن و بیگێڕنەوە".

ڕۆژنامەی ناشیونال ئەنتیسلایڤری ستاندارد نووسی" کۆمەڵێک خەڵکی بێوەی کە ئامادەن قوربانی بە ژیانیان بدەن، دەتوانن کۆیلەیەکی هەڵاتوو بپارێزن تەنانەت لە بەرامبەر هێزە چەکدارەکانیشدا. کارەکە کەسانێکی ناچەکداری دەوێ، کە سوور بن لەسەر ئەوەی بەسەر جەستەی ئەواندا نەبێ، نابێ هیچ کۆیلەیەک پەلکێش بکرێ. دوور نییە دۆخەکە، ئەگەر درێژە بکێشێ، سەر بکێشێ بۆ شۆڕش. ئەمە نەجیبترین شتە کە ڕەنگە لە دنیادا ڕووب دا. ناتوانرێ وێنای ئەوە بکرێ هاووڵاتییانی- سەربازی چەک بەشان، دەتوانن هێرش بکەنە سەر هاووڵاتییان کە وەستاون و بە ئارامی و لێبڕانەوە گژبەریی مەرگ دەکەن، لە ترسی ئەوەی مرۆڤێک لە نێوانیاندا ببرێ و بکرێ بە کۆیلە".[١١٦]

هەمیشە ئاسان نییە جیاوازی بکرێ لە نێوان "خۆتێوەردانی ناتوندوتیژانە" و "پەکخستنی ناتوندوتیژانە"ی وەک لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا دەیبینین.

لە کۆتاکانی مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٥٦ لە هەنگاریا، کاتێ پۆلیس و دوو بارهەڵگری سەر بەسوپای مەجەری هاتن بۆ گرتنی سێ کەس لە ئەندامانی ئەنجوومەنی کرێکارانی کارگەکە، ٧٠٠ ژن و پیاوی لاتەریک دەروازەکانی کارگەی چنینی دانوبیایان داخست.. لە کۆتادا هێزە چەکدارەکان بەبێ تەواوکردنی ئەرکەکەیان شوێنەکەیان بەجێ هێشت.

لە ساڵی ١٩٥٦ لە شاری سوناکاوای ژاپۆن دە هەزار کەس شوێنێکیان داگیر کرد کە تەرخان کرابوو بۆ دروستکردنی بنکەیەکی ئاسمانیی ئەمەریکایی. پاش چەند ڕۆژێک لە پەناگیری، هەموو پرۆژەکانی دروستکردنی بنکەکە هەڵوەشێنرانەوە.[١١٨]

لە برۆلکین-نیـویۆرک لـە ٢٢ی تەمـووزی ١٩٦٣ نێـزیکەی ١٢٥٠ کـەس هەسـتـان بـەراگـرتـنی وەرشـەکانی بینای سـەر بەدامەزراوە گشتییەکان لە هەموو لایەکی شارەکەدا، تا ژمارەیەکی زیاتر زنجی و بۆرتوریکییـەکان بخـرێنە سـەر کار. زیاتر لە ٢٠٠ پەناگیـر دەستگیر کران، لە ناویاندا زیاتر لە ١٠ کاهین و بەرپرسی کەنیسە.

پیتەر کیهس لە ڕۆژنامەی" نیویۆرک تایمز"دا نووسـی "بەدرێژاییی ٨ سەعات چەندان شەپۆل لە زنجی و سپیپێستە لایەنگرەکان پاڵپاڵێنیان بوو بۆ دانیشتن یاخۆ پاڵکەوتن لەسەر زەوی بەرامبەر ئەو ئامێرانەی بەرەو وەرشەکە دەچوون. ئۆتۆمۆبێلەکانی پۆلیس دەیانی لێ هەڵدەگرتن".[119]

لە پـایزی ١٩٦٣ لایەنگرانی جـیـاکـاریی رەگـەزی ترسـی ئەوەیان هـەبوو بەهـۆی ڕێزنەگـرتـنی بڕیارێکی دادگە لەبارەی هەڵوەشاندنەوەی جیاکاریی رەگەزی لە زانکۆی میسیسیپی، پۆلیسی فیدراڵی رووسیا "بارنت"ی حاکم بگرێ.

واسکۆ نووسـی "هەزارانیان لە چواردەوری ماڵی حاکمەکە لەسەر زەوی دانیشتن، تا جەستەیان بخەنە نێوان ئەو و هێزەکانی ئاسایش".[120]

### ١٢- داگیرکردنی ناتوندوتیژانە

داگیرکردنی ناتوندوتیژانە پاش "پەلاماردانێکی توندوتیژانە" یاخۆ" دەستبەسەرداگرتنێکی توندوتیژانە" سەرهەڵدەدا، یان لەلایەن کەسانێکەوە دەبێ کە فەرمانیان پێ کراوە زەوییەکەیان یان خانووەکەیان چۆڵ بکەن. ئەم جۆرە چالاکییە رەنگە ببێتە مایەی یاساشکێنی. قەشە ئەمبروز لە ساڵی ٣٨٥ز لە هەفـتـەی فـوسـحـدا ئەم ڕێگەیەی سەرکەوتووانە تاقی کردەوە، کاتێ گژبەریی فەرمانەکانی حکوومەتی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی بۆ چۆڵکردنی یەکێ لە گەورەترین کەنیسەکانی میلانۆ کرد. وێڕای ئەوەی سەربازەکان گەمارۆی کەنیسەیان دابوو و ئەمبروز لە بەردەم مەترسیی ئەگەری گرتن یاخۆ مردندا بوو. کەچی پەناگیرییەکەی پێنج ڕۆژی لەسەریەکی خایاند. لە کۆتاییدا سەربازەکان کشانەوە و پلانی چۆڵکردنەکە دوا خرا. قەشەکە دەنووسێ "کاتێ سەربازەکان فەرمانەکەیان بیست، رایان کرد بۆ کەنیسەکە تا ماچی ئاشتی بەدەست بێنن".[121]

ساڵی ١٩٢٨ لە هیندستان، لە کاتێ هەڵمەتەکەی باردولیدا، ئەو جووتیارانەی باجیان نەدەدا رازی نەبوون زەوییەکانیان بەجێ بێڵن، کێڵایان و کشتوکاڵیان تێدا کرد و سوور بوون لەسەر ئەوەی زەوییەکە زەویی خۆیانە و بە چاوپۆشین لە باری یاسایی زەوییەکە یان باری یاساییی خۆیان، مافی ئەوەیان هەیە بۆ مەبەستی بنیاتنەر بەکاری بێنن.[122]

لە ئابی ١٩٥٧ ئەندامانی هۆزی موهاوکی هیندیی - ئەمەریکایی لە کەنارەکانی کەنداوی شوهاری نێزیک نیویۆرک کۆ بوونەوە، گوتیان دەسەڵاتداران لە ماڵەکانیان وەدەریان ناون تا ڕێگەی سان لۆرێنسی دەریایی دروست بکەن و ئەو زەوییەی ئێستە داگیری دەکەن بەپێی ڕێککەوتنێک کە لە ساڵی ١٧٠٠ ئیمزا کراوە، موڵکی هۆزی موهاوکە. ژمارەیەک کوخیان دروست

کرد و رایان گەیاند دان بە هیچ رێوشوێنێکدا نانێن بۆ دەرکردنیان، هەروەها دانوستاندن لەگەڵ هیچ بەرپرسێکی ناوەخۆیی یان تەنانەت نوێنەری ویلایەتەکەشدا ناکەن. لەبەرئەوەی ئەوان نەتەوەن، تەنیا مامەڵە لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵدا دەکەن.[١٢٣]

بەڵام وروژێنەرترین داگیرکردنی ناتوندوتیژانە، داگیرکردنی دوورگەی کاتزار بوو لەلایەن هیندییە ئەمەریکاییەکانەوە. لە ١٩ی تشرینی دووەمی ١٩٦٩ ژمارەیەک هیندیی - ئەمەریکایی بەمەلە لە ئاوی سانفرانسیسکۆوە خۆیان گەیاندە کەنداوی ناوبراو، کە گرتووخانە بەناوبانگەکەی حەوت ساڵ بوو داخرابوو. پاش ١١ رۆژ سەد کەسی تریش هاتنە ریزیان. هیندییەکان داوایان کرد دەست بەسەر ئەو شوێنە چۆڵکراوەدا بگرن، ئەویش بەپێی چەند رێککەوتننامەیەکی کۆن کە ئەو ناوچە چۆڵکراوانەی دەکەونە ناو زەوییەکانیانەوە، دەداتە دانیشتووە رەسەنەکانی ناوچەکە. هیندییەکان دەیانویست شوێنەکە بکەنە سەنتەرێکی رۆشنبیری بۆ هیندییە ئەمەریکاییەکان. بەبەردەوامبوونیان لەسەر داگیرکردنی دوورگەکە پێداگیریان لەسەر داواکەیان دەکرد.

دەسەڵاتداران ئاو و کارەبایان لێ برین، بەڵام هیندییەکان بەسوودوەرگرتن لە دوو موەلیدەی کۆن کە لە دوورگەکەدا بوون کاروباری خۆیانیان بەرێوە دەبرد و ئاویشیان بە عارەبانە و تەنەکە دەهێنا. جەماوەر لە هیندی و غەیرە هیندییەکان پشتیوانییان کردن و خواردن و جلوبورگ و داوودەرمانیان دەدانێ. قوتابخانەیەکی بچووک لە دوورگەکەدا دروست کرا و زۆر خێزان "بەرد"ەکەیان کردە ماڵی خۆیان.

بابەتەکە بوو بەجێ سەرنجی بزووتنەوەی هیندی و مایەی شانازی لەو روانگەوە کە جموجوڵێکی سەرکەوتووانەیە بۆ دەربڕینی نارەزایی لەسەر دەستتێوەردانی نەگونجاوی حکوومەتی وڵاتە یەکگرتووەکان لە کاروباری هیندییە ئەمەریکاییەکان. هیندییەکان تا ١٤ی حوزەیرانی ١٩٧١ لە دوورگەکەدا مانەوە، کاتێ هێزە ئەمنییەکان دواین کاروانی خەڵکەکەیان گواستەوە.[١٢٤]

لە ئابی ١٩٦٨ لە چیکۆسلۆڤاکیا، یاسادانەر و بەرپرسانی حکوومی لە نووسینگەکانی خۆیاندا بەپێی توانا کاری ئاساییی خۆیانیان دەکرد وێڕای بوونی هێزە رووسییەکان لە بەردەم باڵەخانە حکوومەتییەکاندا.

رۆژنامەی پولیتیکا لە ٢٤ی ئابدا نووسی: دەروازەکانی بینای سەرەکیی حکوومەت گەمارۆ دراون و تانکەکان لە هەموو لایەکەوە بەرەو بیناکە پێشڕەوی دەکەن. سەربازەکان لە باخچەی بچووکی کلارۆف بۆ تەقەکردن ئامادەن، بەڵام حکوومەت کار دەکا. ٢٢ وەزیر کۆ بوونەتەوە گفتوگۆ دەکەن، بریار دەردەکەن، چالاکییەکانیان بە پەرلەمان رادەگەیەنن و لە پێوەندیدان بەسەرکردایەتیی نوێی حزبەوە.[١٢٥]

هەمان رۆژنامە باسی لەوە کردووە خولی ٢٦مینی نائاساییی ئەنجوومەنی نوێنەرانی چوار رۆژە بەردەوامە:

تەلاری کۆمەڵەی گشتیی چوار رۆژە لەلایەن هێزە بیانییەکانەوە گەمارۆ دراوە. بەڵام

پەرلەمانتاران دەرنەچوون، حاڵەتی جێبەندییان بەسەر خۆیاندا سەپاندووە. زیاتر لە ٢٠٠ پەرلەمانتار لەوێن کە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامان پێک دێنن. لە شەوی یەکەمدا پەرلەمانتارەکانمان لەسەر زەوی خەوتن، شەوانی دواتر جلوبەرگ و پێخەفیان بۆ ئافرەتەکان پەیدا کرد. لە شەودا دەنگی تەقە پەنجەرەکان دەزرینگێنێتەوە. بڕێکی گونجاو لە خۆراکی پاشەکەوت لە چێشتخانەکەدا هەیە.

نە ئەو چەکانەی لەژێر پەنجەرەکاندا کۆ دەکرێنەوە و نە هەڕەشەی گرتن، پەرلەمانتاران ناچاری خۆبەدەستەوەدان ناکا. خولەکە کراوە دەبێ تا چارەسەرێک بۆ پرسی دەستڕێژییەکە دادەنرێ.[١٢٦]

## دەستوەردانی کۆمەڵایەتی

لە پۆلبەندی رێگەکانی دەستوەردانی ناتوندوتیژانەدا دەستوەردانی راستەوخۆ لە بواری هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی و بۆنە کۆمەڵایەتییەکان و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکاندا، گرووپی سێیەمە. جگە لەم حەوت رێگەیە، دەبینین رێگەی تری وەک پەناگیری و هی تریش سەر دەکێشن بۆ دەستوەردانی کۆمەڵایەتی ئەگەرچی مۆرکی دەستوەردانی جەستەیی بەسەریدا زاڵە، هەر بۆیە لێرەدا لە کۆمەڵەیەکی نوێدا ریزبەندی کراوە.

### ١- هێنانە کایەی وێنەی کۆمەڵایەتیی نوێ

لە بارێکدا یاخیبوونی کۆمەڵایەتی بریتییە لە هاوکارینەکردنی کۆمەڵایەتی، بەوەی ملکەچ نەبێت بۆ داوونەریت و رێسا و رەفتارە کۆمەڵایەتییەکان، رێگەیەکی تر بۆ دەستوەردانی کۆمەڵایەتیش هەیە، کە بریتییە لە شوێنکەوتنی چەند هەڵسوکەوتێکی نوێ کە رەنگە رۆڵی ئەرێنییان هەبێ لە هێنانە کایەی وێنەی نوێی کۆمەڵایەتی.

ئەمە دەکرێ لە هەندێ رەفتاری عەفەویی چەند کەس یان گرووپێکدا دەربکەوێ، یان رەنگە کارێکی دیراسەکراو بێ لە چوارچێوەی ئۆپۆزسیۆنێکی رێکخراودا. ئەمەیش وێنەی کۆمەڵایەتیی زۆر و جۆرەوجۆر دەگرێتەوە. بە ئاسانی لەمە تێ دەگەین کاتێ جۆرە هەڵسوکەوتێک وا دەکا رق و نایەکسانی و سڕینەوەی ئەوی تر، بگۆڕێ بەجۆرێکی نوێ لە پێوەندیی کۆمەڵایەتی، کە رێزگرتن و یەکسانی بەسەریدا زاڵ بێ.

ساڵی ١٨٣٠ ئەو ئەمەریکاییانەی داوای هەڵوەشاندنەوەی جیاکاریی رەگەزییان دەکرد، لەگەڵ رەشپێستە بێزراو و دابڕێنراوەکان تێکەڵ دەبوون، هەندێ جار بەعەفەوی و بەبێ مەبەست، هەندێ جاریش لە چوارچێوەی جموجۆڵێکی پلاندار و دیراسەکراودا.

مابی دەڵێ "کۆمەڵەی ئەمەریکایی بۆ ئافرەتانی نەیاری کۆیلایەتی" بڕیارێکی پەسند کرد کە سارە گریمکە پێشنیازی کرد، ئەمە دەقەکەیەتی: "ئەرکی داواکارانی هەڵوەشاندنەوەی جیاکاریی رەگەزییە خۆیان لەگەڵ ئەو ئەمەریکاییە چەوساوانەدا یەکسان بکەن، ئەویش لە رێی دانیشتن

لەگەڵیان لە پەرستگەکان و دەرکەوتن لەگەڵیان لە شەقامەکانمان و پێدانی شوێنەکانی خۆمان پێیان لە پاس و شەمەندەفەرەکاندا. سەردانکردنیان لە ماڵەکانیان و هاندانیان بۆ سەردانکردنمان و پێشوازیکردنیان وەک کە پێشوازی لە هاووڵاتییە سپیپێستەکان دەکەین".[١٢٧]

هەندێ لە داواکارانی هەڵوەشاندنەوەی جیاکاریی رەگەزی بەمە رازی نەبوون، جا چ لە ترسی ئەوە بووبێ کە ئەوە ببێتە مایەی سەرهەڵدانی شەپۆلێکی توندوتیژی دژ بەوان یان دژ بە رەشەکان، یان بەهۆی ئەو قەناعەتەوە بووبێ کە پێی وایە دەبێ "کۆیلایەتی" لە "جیاکاریی رەگەزی" جیا بکرێتەوە. پرسی تێکەڵیکردن لەگەڵ کەسانی ڕەنگاوڕەنگ کێشەیەکی ئاڵۆز بوو، بەرادەیەک خەریک بوو مەترسی بۆ یەکپارچەیی "کۆمەڵەی دژ بە جیاکاریی رەگەزی" دروست دەکرد.[١٢٨]

لە بۆستن و فیلادلفیا و نیویۆرک، ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی کۆمەڵەکە پرۆسەیەکی، " شان بەشان رۆیشتن"یان ئەنجام دا- وەک ماکبی ناوی نا- و بەسادەیی و دەست لەناو دەست لەگەڵ کەسانی رەشپێست و زیاتر لە رەگەزەکەی تر، دەڕۆیشتن. ئەم کارە خەڵکی تووڕە دەکرد، ساڵی ١٨٣٩ سەرۆکی شارەوانیی فیلادلفیا داوای لە"لوکریسیا موت" کرد ئەو کارە نەکا چونکە سووکایەتییە بەسپیپێستەکان، لەبەر ئەوەی مەترسیی سەرهەڵدانی پشێوی دژ بەرەشپێستەکان لە ئارادا بوو، بەڵام گوێی نەدایە.

هەروەها دوکتۆر هنری بودچ پاش لێبوونەوە لە کۆبوونەوەیەک، داوای لە فریدریک دۆگلاس (کە چالاکێکی رەشپێست بوو) کرد بۆ نانی ئێوارە لەگەڵی بچێتەوە بۆ ماڵەوەیان لە شەقامی واشنتۆن، لەگەڵ ئەوەی دەشترسا یەکێک لە هاوڕێکانی بیبینێ. دۆگلاس دواتر گوتی ئەوە یەکەم جار بووە پیاوێکی سپیی وەک مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵدا بکا.

ساڵی ١٨٤٩ دۆگلاس لە کۆواری نورس ستاردا کە خۆی دەری دەکرد نووسی "باشترین رێگە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ناڕەوایی، ئەوەیە وا ڕەفتار بکەی کە بوونی نییە و بە چاوپۆشین لە جیاوازییەکانی رواڵەتی دەرەکیمان تێکەڵ بەیەکتر ببین. ئەم رێگەیەمان بۆ خۆمان کێشاوە و سوورین لەسەر ئەوەی وێرای هەموو مەترسییەکان لەسەری بچین".[١٢٩]

ساڵی ١٨٤٠ لە کاتی ئێوارەخوانی ساڵانەی "کۆمەڵەی ئەمەریکایی بۆ هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی" کە بەتێکەڵاویی رەشپێست و سپیپێستانی دژ بە جیاکاری بەڕێوە چوو، سپیپێستەکان دەستیان دایە ئاژاوەگێڕی. بەڵام هەمان بۆنە لە ساڵانی ١٨٤٧-١٨٤٨ بە ئارامی بەڕێوە چوو.

هەروەها لە کاتی کۆبوونەوەی کۆمەڵەی "کویکرز"، ئیسحاق کوپەر ئەندامی کۆمەڵەکە داوای لە هەردوو میوانەکەی دایڤید ماپس و هاوسەرەکەی کرد، کە لە ئەندامە زنجییەکان بوون، لەسەر مێزەکەی ئەو دابنیشن و بەمیوانەکانی تری راگەیاند، ئەوانەی پێیان خۆش نییە بچنە ریزی زنجییەکان، پێویستە چاوەڕوان بن تا دەستەی یەکەم لە نانخواردن دەبنەوە، بەڵام کەس وای نەکرد.[١٣٠]

چەندان خەباتکاری دژ بەجیاکاریی رەگەزی لە ماڵەکانیاندا میوانداریی خەباتکارانی سەر

بەنەژادەکانی تریان کردووە کاتێ ئەوانە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر، یان لەناو ویلایەتەکانی ئەمەریکادا گوزەریان دەکرد، بەڵام شتەکان هەموو جار بەسەلامەتی تێ نەدەپەڕین: بۆ نموونە لە ساڵی ١٨٤٣ لە شاری بندلتون – ئیندیانا ژمارەیەک سپیپێستی رەگەزپەرست پزیشکێکیان شاربەدەر کرد کە لە میوانداریی فریدریک دۆگلاسدا بوو.[١٣١]

تەنانەت لەناو ئەو کۆمەڵانەیشدا کە داوای هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتییان دەکرد، یەکسانیی کۆمەڵایەتیی نێوان نەژادەکان پەسند نەبوو: بۆ نموونە ولیام شانینگی مژدەدەری ئاینی ئامۆژگاری دەکرد رەشپێستەکان لەو کۆمەڵانەدا وەرنەگیرێن، کار بەم ئامۆژگارییە نەکرا، بەڵام زنجییەکان هەستیان دەکرد بەتەواوی پەسندکراو نین، بەتایبەت لە نێوان ساڵانی ١٨٤٠–١٨٥٠دا.[١٣٢]

هەروەها تێکەڵیی ژن و ژنخوازیش رووی دەدا کە بووە مایەی هێنانە کایەی وێنەی نوێی کۆمەڵایەتی و شکاندنی حەرامکراوە ریشەداکوتاوەکان لە دەروونەکاندا، هەروەک هەندێکیان لە رووی یاساییەوە ناشەرعی بوون، وەک لە ویلایەتی ماساشوستس، تا لە ساڵی ١٨٤٣ ئەو یاسایە هەڵوەشایەوە. هاوسەرەکان زۆرجار دووچاری پاڵەپەستۆ و رێوشوێنی جیاواز دەبوون. وەک ئەوەی دووچاری دوورخرانەوە لە شوێنی نیشتەجێبوونیان، دابڕینی کۆمەڵایەتی، دەستدرێژیی جەستەیی یاخۆ بێکاریی ناچاری دەبوون. لەگەڵ ئەوەیشدا، بەهۆی ئەوەی ژمارەی ئەو کۆیلە نێرینانەی بۆ کەنەدا هەڵدەهاتن لە ژمارەی مێیینەکان زیاتر بوون، ئەو لاوە رەشپێستانە کچانی سپیپێستیان دەهێنا، بەشێوەیەک لە کاتی شەڕی ناوخۆ لە ماوەی یەک ساڵدا ٦٠٪ی هاوسەرکارییەکانی شاری بۆستن تێکەڵ بوون.[١٣٣]

هەر لە پەلوپۆکانی ئەم رێگەیە، پێداگرییە لەسەر یەکسانیی لە شوێنە گشتییەکانی خواردەمەنیدا وەک چێشتخانەکان: ساڵی ١٨٣٧ شارلز رای و فیلیپ بێل خاوەن و بەڕێوەبەری کۆواری Colored Ame-ican بە کەشتییەکی هەڵمی گەشتیان دەکرد. رازی نەبوون چا لە مەتبەخەکەدا بخۆنەوە و سوور بوون لەسەر ئەوەی لە ژووری خواردنەکەدا پێشکێشیان بکرێ، تەنانەت ئەگەر ناچار بن چاوەڕوان بکەن تا یەکەم جار ئەو فەرمانبەرانەی خزمەتی میوانە سپیپێستەکان دەکەن تەواو بن "نامانەوێ بەشداری لە داڕووخانی خۆمان و نەژادەکەماندا بکەین".

لەسەر کەشتییەکی هاوشێوەدا فریدریک دۆگلاس سوور بوو لەسەر ئەوەی لەگەڵ سەرنشینەکاندا نان بخوا، ئەگەرچی هەڕەشەی ئەوەیشی بەزۆر لە کەشتییەکە فڕێ دەدرێتە خوارەوە.

لە ساڵی ١٨٥٧ ژمارەیەک لە نوێنەرانی سپیپێست بۆ کۆنگرەیەکی تایبەت بە هەڵوەشاندنەوەی جیاکاریی رەگەزی، رازی نەبوون بچنە ژووری نانخواردنی هۆتێلەکە تا هاوڕێ رەشپێستەکەشیان، ویلیام ویلز براون لەگەڵیان نەچێ. ئیدارەی هۆتێلەکە لە بڕیارەکەی پاشگەز بووەوە و هەمووان لە چێشتخانەکەدا وەکیەک مامەڵەیان لەگەڵدا کرا.[١٣٤]

ئەم جۆرە چالاکییە ئەوەمان بیر دەخاتەوە کە لە هیندستان روو دەدا لە پێناو هەڵوەشاندنەوەی

بیرۆکەی چینی بێزراوان (المنبوذین) و هێنانە کایەی یەکەتیی کۆمەڵایەتی. ڕۆڵەکانی سەر بە ئاین و چینە جیاوازەکان و چینی بێزراوەکان خوانی هاوبەشیان ساز دەکرد. لەساڵی ١٩٣٠ گورا کە شۆڕشگێڕێکی کۆمەڵایەتیی مولحید و لایەنگری گاندی بوو، دەستی کرد بەسازکردنی ئاهەنگی چا کرد کە ژمارەیەکی زۆر خەڵک لە چین و ئاینە جیاوازەکانی هیندی لەخۆ دەگرت. هەر کەس خواردنی خۆی دەهێنا و لەوێ چێشت لێنان و ئامادەکردن و نانخواردن بەکۆمەڵ بەڕێوە دەچوو بەبێ لە بەرچاوگرتنی چین یان ئاین ئەگەرچی هیندۆسە وشکەبیرەکان ئەم جۆرە کارەیان حەرام دەکرد. هەروەها هەوڵێکی زۆر دەدرا تا ڕاڕاییی هیندۆسەکان بۆ خواردنی نانەکە لەگەڵ کەسانی پلە نزمتر لە خۆیان، دەرەوێنرانەوە.

چەندان هاوسەرکاریی تێکەڵ دەکرا و وەک ڕێگەیەک بۆ هەڵوەشاندنەوەی بنەمای "بێزراوان"، هانی ئەو پرۆسەیە دەدرا. بۆ نموونە نەوەکانی گۆرا هاوسەرکارییان لەگەڵ کوڕان و کچانی سەر بەچینەکانی تردا، تەنانەت چینی بێزراوانیش، دەکرد.[١٣٥]

**٢- زێدەڕەویکردن لە داواکردنی خزمەتگوزاریدا**

واتای ئەوەیە بەمەبەستی سستکردن یاخۆ بەتەواوی پەکخستنی کاری دامەزراوەکان، وەک دامەزراوە حکومیەکان یاخۆ بازرگانیەکان یان دامەزراوەکانی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی، داوای خزمەتگوزاریی زیاتر لە توانای فەرمانبەران بکرێ. ئەم گوشارە، لەلایەن کڕیارەکان، فەرمانبەرانی دامەزراوەکە یاخۆ خەڵکی ترەوە بۆ ئامانجی جیاواز، لەوانە باشکردنی خزمەتگوزاریەکان و زیادکردنی ڕێژەی دامەزراندن لە کار و هەندێ ئامانجی تری سیاسی ئەنجام دەدرێ.

بۆ نموونە لە نەخۆشخانەی لۆس ئەنجلسی حکوومی، لە ساڵی ١٩٦٥ ئەو پزیشکانەی لە کەمیی مووچەکانیان ناڕازی بوون، ژمارەیەکی زۆر نەخۆشیان کردبووە ژوورەوە، بەوانەیشەوە کە پێویستیان بە چارەسەر نییە. ئەوە ناونرا پەناگیری-چارەسەرخوازی. ئامانجی پزیشکەکان بەهێزکردنی هەڵوێستی خۆیان بوو لە دانوستانەکانیاندا. لە ماوەی کەمتر لە ٤ ڕۆژدا نەخۆشخانە سیخناخ بوو لە نەخۆش. ئەم هەنگاوە ٢٥٠ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکایی لەسەر شارەکە کەوت.[١٣٦]

چالاکیەکی هاوشێوە لە ساڵی ١٩٦٧ لە شاری بۆستنیش ئەنجام درا و ناوی "پەناگیریی چارەسەرخوازی بەدرێژایی کات"ی لێنرا. ٤٥٠ پزیشک لە ١٦ی ئایاری ١٩٦٧ جموجوڵەکەیان دەست پێکرد. ئامانج لە پەناگیری-چارەسەرخوازییەکە دەربڕینێکی شانۆییانە بوو بۆ داواکاریی زیادکردنی مووچەی ئەو پزیشکانەی لە نەخۆشخانەی فێرکاریی بۆستن کاریان دەکرد، کە لە هەفتەیەکدا ٦٠ دۆلار بوو.

پزیشکەکان هەستیان کرد مانگرتن لە کارکردن شکاندنی سوێندەکەیانە، بۆیە بڕیاریاندا شێوازێکی تر بگرنەبەر کە ناویان نا "پزیشکیی خۆپارێزیی نایاب" تا نەخۆشخانەکە پڕ ببێ لە نەخۆش. هەر نەخۆشێک ئەوپەڕی بایەخی پێدرا، ئەوەیش پزیشکەکانی ناچار دەکرد بەدرێژایی

کات کار بکەن. دکتۆر فیلیپ کابر دەڵێ "بڕیار ئەوە بوو هەر کەس مافی هاتنەژوورەوەی هەبێ رێگەی پێبدرێ و رێگە بە چوونەدەرەوەی نەدرێ تا بەتەواوی چاک دەبێتەوە".

دوا نموونەی پەناگیری-چارەسەرخوازییەکە کە لە نەخۆشخانەی لۆس ئەنجلسی حکوومی جێبەجێ کرا، پێش هەژدە مانگ ئەنجام درا. پزیشکانی نەخۆشخانەی شاری بۆستن رۆژی شەممە جموجووڵەکەیان وەک ئەزموونێکی "رانەگەیەنراو" و بەخشکەیی، بە ئامادەبوونی ٨٧٤ نەخۆش لە نەخۆشخانەکەدا دەست پێکرد. رۆژی یەکشەم ژمارەکەیان بوو بە ٨٩٠ نەخۆش، دووشەم گەیشتە ٩٢٤، بەیانی سێشەم و پاش راگەیاندنی چالاکییەکە نەخۆشخانەکە ٩٨٢ نەخۆشی تێدا بوو. یەکێک لە پزیشکەکان گوتی "کاتێ ژمارەکە دەگاتە ١٢٠٠ نەخۆش بشۆرەکە ناتوانێ کارەکەی بەتەواوی بکا و چێشتخانەکان ناتوانن لەکاتی دیاریکراودا خواردن دابین بکەن و تاقیگەکان دەبن بەژێر کارەوە، ئەوکاتە بەرپرسانی نەخۆشخانە گوێ بۆ داواکانمان دەگرن".

بەیانیی چوارشەم زیاتر لە هەزار نەخۆشخانە لەناو نەخۆشخانەکەدا هەبوو، پێنجشەم گەیشتە ١٠٧٥ کەس. پزیشک و فەرمانبەرانی نەخۆشخانە حکوومییەکانی تری بۆستن پشتیوانییان لەو جموجوڵەی پزیشکەکان کرد.

پاش نیوەڕۆی سێشەم ئیدارەی نەخۆشخانەکە دژە رێوشوێنی گرتەبەر و رای گەیاند نوێنی پێویستی نییە بۆ نەخۆشە نێرینەکان، ئەویش بە وەرگرتنی نەخۆشی نوێ لەلایەن پزیشکەکانەوە بەدرۆ خرایەوە. هەوڵی دووەمی ئیدارە قایلکردنی سەرۆکی بەشەکان بوو بە وەرنەگرتنی نەخۆشی نوێ، بەڵام ئەوان جەختیان لەوە کرد کە نەخۆشەکان پێویستیان بە چاودێریی باش هەیە.

دواین هەوڵیشی ئەوە بوو رایگەیاند توانای دەستکاریکردنی مووچەی نییە. ئێوارەی پێنجشەم ١٨ ئایار پاشگەز بووەوە و بەڵێنی دا زیادە داواکراوەکە خەرج بکا. هەمان شەو پزیشکەکان کۆتایان بە جموجووڵەکەیان هێنا. چاودێران گوتیان ئەوە "رێگەیەکی سەلامەت و بەکارە بۆ بەدیهێنانی داوای تایبەت بە زیادکردنی کرێ".[١٣٧]

ئەم رێگەیە بە هەندێ دەستکاریکردنەوە ساڵی ١٩٥٤ لەلایەن قوتابییانی ژاپۆنیشەوە جێبەجێ کرا. هەندێ زانکۆ کردبوویان بە نەریت زیاتر لە توانای خۆیان بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانیان، قوتابییان وەردەگرت، ئەویش لەو روانگەوە کە هەموو قوتابییەکان لە یەک کاتدا ناچنە هۆڵەکان. ئەو قوتابییانە بۆ دروستکردنی پاڵەپەستۆ لەسەر زانکۆکە هەڵمەتێکیان رێک خست و ناویان نا "ئامادەبوونی هاوبەش".[١٣٨]

# لە ئەزموونەکانی گەلان لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەدەنیدا

# کارەکانی ناڕەزایی و قایلکردن

جین شارب

١ لە ٢

---

### دەروازەیەک بۆ پاکێجی

### "لە ئەزموونەکانی گەلان لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەدەنیەتدا"

کاری ناتوندوتیژانە لە چەند ڕێگەیەکی زۆر تایبەتدا دەردەکەوێ، کە پێویستە پێش لە چوونە ناو شێوازی کارەکە خۆی و هەوڵدان بۆ لێتێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی عەقڵانییانە جێبەجێکردنی بە کاراییەکی گەورەتر، ئەو ڕێگەیانە بزانرێن.

ئەو ڕێگەیانە بەشێوەیەک داڕێژراون تا بتوانن بەرەنگاریی کۆمەڵێ دژبەر ببنەوە کە بەتوانا و ئامادەن بە بڕیاری توندوتیژانە وەڵام بدەنەوە. ئەم شێوە-کارە وا گریمانە ناکا کە دژبەرانێکی لەم جۆرە لە بەرامبەر جموجۆڵی ناتوندوتیژانەدا لە پڕ دەست لە توندوتیژی بەردەدەن، یان لە ماوەیەکی دوورتردا پەنا بۆ سنووردارکردنی بەکارهێنانی سەرکوتکردنی توندوتیژانە دەبەن.

بەڵام بەکارهێنانی ئامرازە ناتوندوتیژانەکان لە بەرەنگاریکردنی سەرکوتکردندا دۆخێکی نوێ لە ململانە دێنێتە کایەوە، تێیدا هەردوولا دوو شێوە خەباتی دژ بەیەک، یان بڵێین "دوو سیستەمی جیاوازی خۆچەکدارکردن" پێڕەو دەکەن، یەکەمیان دەست بە کاری توندوتیژانە و ئەوی تریان بە کاری ناتوندوتیژانەوە دەگرێ.

لەم جێبەند (سیاق)ەدا لەسەر چالاکانیی ناتوندوتیژ پێویستە دەست بەو شێوە-کارەوە بگرن کە هەڵیان بژاردووە، تا باشترین دەرفەتی سەرکەوتنی بۆ دەستەبەر ببێ.

..................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفوور

سووربوون لەسەر جێبەجێکردنی وێنەی ناتوندوتیژانە بەشێوەیەکی فراوان و متمانەبەخۆ و زیرەکانە، کێشەی زۆر تایبەت بۆ دژبەرەکە دروست دەکا، کە دەبێتە مایەی شڵەژان یاخۆ نائومێدی لەو کاریگەرییەی لە پەنابردنی بۆ هێز چاوەڕوانی دەکا. لەم حاڵەتەدا چالاکان دەتوانن سیاسەتێکی لە شێوەی جیو-جیتسو لەگەڵ دژبەرەکەیان جێبەجێ بکەن، لە هاوسەنگییە سیاسییەکەی بدەن و وا بکەن سەرکوتکردنەکەی بۆ خۆی بگەڕێتەوە و لاوازی بکا. جگە لەمە، ئەگەر چالاکەکان بتوانن لە درێژەی ململانەکەیاندا بە ناتوندوتیژییەوە پابەند بن، ئەوە یارمەتییان دەدا لە زۆر رووەوە پێگەی خۆیان باش بکەن.

هەندێ کەس وا دادەنێن تەکنیکی کاری ناتوندوتیژانە بەحەتمی دەبێتە مایەی لاوازکردنی بەرگریی چالاکەکانی و زیادبوونی ئەگەری سزادانیان، هەر بۆیە بەو بەرەنجامە دەگەن کە ژمارەیەکی کەم پێڕەوی دەکەن.

بێگومان کاتێ چالاکانی ناتوندوتیژ ژمارەیان کەم بێ و لە پشتیوانیکردنی رای گشتی بەهرەمەند نەبن، خۆیان لە دۆخێکدا دەبیننەوە کە توانای بەرگەگرتن لاوازە و ئەگەری دووچاربوونی سزا زیاد دەبێ (بەڵام پەنابردنیان بۆ توندوتیژی لەو جۆرە حاڵەتەدا زیاتر ڕووبەڕووی سزایان دەکاتەوە). بەڵام دۆخەکە جیاوازە کاتێ ئەو چالاکانە بە دەستباری رای گشتی کار دەکەن و دەبنە توێژێکی گەورەی دانیشتوان. لەم حاڵەتەدا رێژەی دووچاربوون دادەبەزێ، هەروەها ئەگەری بەگیرهێنانی تاکەکەسێک و سزادانی، تا رادەیەکی زۆر بەرتەسک دەکرێتەوە، بەڵام رێی تێ ناچێ دژبەرەکە وا بەئاسانی خۆبەدەستەوە بدا.

نابێ روودانی سەرکوتکردن ببێتە مایەی ترس و حەپەسان لای چالاکانی ناتوندوتیژ، چونکە ئەو کارە بەزۆری ئەنجامی داننانی دژبەرەکەیە بەوەی چالاکیی ناتوندوتیژانە هەڕەشەیەکی جیدییە بۆ سەر سیاسەت یان رێژیمەکەی. پێویستە چالاکانی ناتوندوتیژ وەک باجی سەرکەوتن بۆ سزادان ئامادە بن. جیاوازی هەیە لە ئاستی توندیی سەرکوتکردن و شیمانەکانی ئەو مەترسییانەی لێیەوە سەرچاوە دەگرن، بەڵام ئەم مەترسییانە تەنیا تایبەتی کاری ناتوندوتیژانە نییە. رەنگە هەندێ جار مەترسییەکان لەوەوە بێن کە هەردوولا پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن کە هەندێکی هاوشێوە و هەندێکیشی جیاوازە لەوەی چالاکانی ناتوندوتیژ ڕووبەڕوویان دەبنەوە. یەک جیاوازیی هەیە، ئەویش ئەوەیە مەترسییەکان لە کاری توندوتیژانەدا بریتییە لە هەوڵدان بۆ ئازاردانی دژبەرەکە یاخۆ کوشتنی، بەڵام لە حاڵەتی کاری ناتوندوتیژانەدا ئەوە نییە. رەنگە هەندێ کەس بەهەڵە لەمە بگەن و پێیان وابێ ناتوندوتیژی واتای بێدەسەڵاتییە، ئەمەیش راست نییە. ئەم جیاوازییە لە مامەڵەکردن لەگەڵ دژبەر نابێ هەستی دەستەپاچەیی یان بێئومێدی بوروژێنێ، نەخاسمە ئەگەر چالاکە ناتوندوتیژەکە دەرک بەوە بکا کە پابەندبوونی بە ناتوندوتیژی هەلی ئەوەی دەداتێ زیاتر بەسەر دژبەرەکەیدا زاڵ بێ و توندوتیژی دژ بە ناتوندوتیژان کەم بکاتەوە و دەرفەتەکانی سەرکەوتنی زیاتر دەبێ.

ئاشکرایە سەرکوتکردن بە زەرورەت نابێتە مایەی ملکەچکردن، بۆ ئەوەی سزاکان کاریگەر بن دەبێ عەقڵی خەڵک بکرێتە ئامانج و ترس و حەزی گوێڕایەڵیکردنی تێدا بورووژێنرێ. بەڵام لەلایەکی ترەوە، دوور نییە نەترسانی ناتوندوتیژەکان، یاخۆ لابەندیی تەواویان بۆ پرس یان ئامانجێک، وایان لێ بکا وێڕای سەرکوتکردنیش لە خەباتی خۆیان بەردەوام بن (ئەوە لە ململانەی سەربازیدا راستە). کاتێ ناتوندوتیژەکان بەم نەزمە درێژە بە چالاکییەکەیان دەدەن، کێشەکانی دژبەرەکەیان لە چەندان لاوە ئاڵۆز دەبێ، چونکە زۆربەی ئامرازە باوەکانی سەرکوتکردن، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ یاخیبوونی توندوتیژانە ساز کراون. جا لە بارێکدا دینامیکییەت و میکانیزمی ململانەی توندوتیژانە لە دینامیکییەت و میکانیزمی ململانەی ناتوندوتیژانە جیاوازە، پەنابردن بۆ سەرکوتکردن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی چالاکانی ناتوندوتیژ بەرەنجامی تەواو جیاوازی لێ دەکەوێتەوە. بۆ نموونە ئەو پیاوانەی لە کاتی خەباتی ناتوندوتیژانەیاندا زیندانی کراون، وەک گاندی و کینگ و دوپچیک یان ئەو قوتابیانەی پەناگیری دەکەن، هەمیشە لە "ریزەکانی پێشەوە" حسێب دەکرێن و وێڕای ئەوەی لە گرتووخانەشدا بوون، نەتوانراوە لە شەڕەکە بکرێنە دەرەوە.

لە باتیی ئەوەی هەوڵ بدەن خۆ لە وروژاندنی توندوتیژی لابدەن، رەنگە چالاکانی ناتوندوتیژ هەوڵ بدەن رێگەکانی سەرکوتکردنی دژبەرەکە لەبار ببەن، بۆ نموونە وەک ئەوەی گرتووخانەکان پڕ بکەن و بەوەیش بێتوانایی ئەو دەسەڵاتە بۆ حوکمڕانیکردن تەنانەت بەو ئامرازانەیشەوە دەسەلمێنن. رەنگە بەراستی سەرکوتکردنی کاری ناتوندوتیژانە کاریگەریی هەبێ، بەڵام مادام ئەوە رەهنە بەبارودۆخێکی تایبەتەوە، کەواتە دەکرێ وا نەبێ، لەم بارەیشدا دژبەرەکە خۆی لە بەرامبەر چەندان دژواریدا دەبینێتەوە و سەرچاوەی تر بۆ زیادکردنی کێشەکانی دێنە پێش.

دوور نییە کاتێ کاری ناتوندوتیژانە جۆشخواردنێکی نموونەیی لە نێوان جۆری رەفتار و ژمارەی بەشدارانیدا بەرجەستە دەکا و گرووپە ناتوندوتیژەکە لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سەرکوتکردندا، دەتوانێ پارێزگاری لە دامەزراوی و سووربوونی لەسەر ڕێڕەوەکەی بکا، دژبەرەکە هەست بە تەریقبوونەوە بکا کاتێ دەبینێ ناتوانێ سیاسەتەکانی پاساو بدا. هەروەها کاتێ یاخیبوونەکە بەرفراوان بێ یان بوێرییەکی تایبەتی تێدا بەخەرج درابێ، دژبەرەکە ناتوانێ خۆی لێ نەبان بکا بەبێ ئەوەی لە بەردەمیدا بە لاوازی دەربکەوێ و لێرەشەوە سەرکێشی بکا لە بڵاوکردنەوەیدا. لەگەڵ ئەوەیشدا سەرکوتکردن رەنگە نەک هەر ببێتە مایەی بەهێزنەبوونی پێگەی دژبەرەکە، بگرە لەوەش تێپەڕ بکا و لە هەلومەرجێکی تایبەتدا هەندێ هێز ببزوێنێ کە کار لەسەر زیاتر لاوازکردنی بکەن. ئەم کێشانە لەوانەیە وای لێ بکەن ئاواتەخواز بێ کە یاخییەکان لە بریی ئامرازە ناتوندوتیژانەکان، پەنا بۆ ئامرازە توندوتیژانەکان ببەن.

ئەو کێشانەی دژبەرەکە لە بەگژداچوونەوەی کاری ناتوندوتیژانەدا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، تەنیا ئەوە نین کە لە پڕ لەگەڵ ناتوندوتیژییەکە ڕووبەڕوو بووە و بە تەکنیکی کارەکە ئاشنا نییە. شارەزاییی دژبەرەکە، بۆ نموونە بە رێڕەوی کاری ناتوندوتیژانە، بەتەنیا توانای ئەوەی پێ

نابەخشێ کە شکست بە چالاکانی ناتوندوتیژ بێنێ: وەک لە کێشە سەربازییەکاندا روو دەدا، رەنگە هەردوولا لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانیاندا هەوڵ بدەن تەکنیکی ململانەکە بزانن. لەگەڵ زیاتر قاڵبوونیش لە شێوازە ناتوندوتیژانەکاندا رەنگە دژبەرەکە زرنگتر و دوور نییە توندوتیژییەکەیشی کەمتر ببێ، بەڵام گرووپە ناتوندوتیژەکەش رەنگە فێر ببێ چۆن چۆنی زرنگانەتر و کارایانەتر خەبات بکا.

ئەو کێشانەی دژبەرەکە لە مامەڵەکردن لەگەڵ کاری ناتوندوتیژانە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، بەشێوەیەکی سەرەکی پێوەندییان بە دینامیکییەتی تەکینکی کارەکەوە هەیە، کە دەبێتە مایەی جارانکردنی هێز و کاریگەریی تاقمە ناتوندوتیژەکە و هاوکات سنووردارکردنی هێز و کاریگەریی دژبەرەکە.

رەنگە ئەو سەرکوتکردنەی دژبەرەکە لە بەرامبەر چالاکییەکی ناتوندوتیژانەدا پەنای بۆ دەبا بەرتەسکتر بێ لەو سەرکوتکردنەوەی دژ بەیاخیبوونێکی توندوتیژانەدا ئەنجامی دەدا، ئەویش چونکە پاساودانی سەرکوتکردنی توند و دڵڕەقانەی گرووپێکی ناتوندوتیژ زۆر دژوارترە. جگە لەوەیش، زیادەڕەویکردن لە سەرکوتکردندا، لە بریی لاوازکردنی بەرگریکاران، دوور نییە کاریگەریی پێچەوانەی هەبێ و پریشکی بگاتە سەرچاوەکانی دەسەڵاتی دژبەرەکە و لێرەشەوە لاوازکردنی پێگەی دەسەڵاتەکەی. لەم بارەدا رەنگە دژبەرەکە وا بەچاکتر بزانێ کە یاخییەکان لە بریی ناتوندوتیژی، پەنایان بۆ توندوتیژی ببردایە، هیچ بەدووریشی مەبینە بەئەنقەست هەوڵ بدا بەرگریکارەکان بەرەو بەکارهێنانی توندوتیژی پاڵ پێوە بنێ، چ بەهۆی سەرکوتکردنی دڵڕەقانەوە بەمەبەستی بەزاندنی سیستمە ناتوندوتیژییەکە، یاخۆ لە ڕێی دزەپێکردنی سیخوڕی بەکرێگیراوی دنەدەرەوە.

بەڵام ئەگەر چالاکانی ناتوندوتیژ توانییان بە سیستمەکەیانەوە وابەستە بن و درێژە بەو جۆرە خەباتەیان بدەن و بتوانن هەندێ توێژی گرینگی دانیشتوان بێننە ریزەوە، دوور نییە ئەنجامی هەڵسوکەوتەکەیان بگاتە مەودایەکی زۆر دوورتر لە سەرمەشقیی تاکەکەسی و شەهیدبوون. دوور نییە بتوانن زیرەکانە ئیرادەی دژبەرەکە پەک بخەن بەشێوەیەک نەتوانێ تەنانەت لە ڕێی سەرکوتکردنیشەوە درێژە بە پیلانەکانی بدا. دەستگیرکردنی سەرکردەکان بە سادەیی ئەوە دەردەخا کە جموجۆڵی ناتوندوتیژانە دەتوانێ بەبێ سەرکردایەتییەکی راگەیەنراویش بەردەوام بێ. رەنگە دژبەرەکە پەنا بۆ ئەوە ببا هەر جووڵەیەکی نوێ بە نایاسایی دابنێ، بەڵام بەو کارە جگە لە کردنەوەی بوارگەلێکی نوێی گژبەری (تحدی) هیچی تر بەدەست ناهێنێ. دوور نییە بۆی دەربکەوێ کە ئەو لەو کاتەی هەوڵ دەدا لە هەندێ بواری دیاریکراودا گژبەرییەکە سەرکوت بکا، کەچی چالاکە ناتوندوتیژەکان توانیویانە هێزی پێویست کۆ بکەنەوە بۆ فراوانکردنی ئاسۆی هێرشەکەیان لە چەند بەرەیەکی ترەوە بەشێوەیەک ببنە گژبەرییەکی راستەقینە لەسەر دەسەڵات. بەم شێوەیە، لە باتیی ئەوەی سەرکوتکردنی جەماوەری هاوکاری و گوێڕایەڵی بسەپێنێ، بۆی

دەردەکەوێ سەرکوتکردن بەرەتکردنەوەی ملکەچکردن یاخۆ هەڵاتن وەڵام دەدرێتەوە و جار دوای جار ئەوە زیاتر روون دەبێتەوە کە سەرکوتکردن توانای هێنانەکایەی "ملکەچکردن"ی نییە.

زیاد لەمەیش، لە حاڵەتە زۆر نائاساییەکاندا، دوور نییە بەهۆی گژبەریی جەماوەرییەوە هێزە سەرکوتکارەکانی نووچ بدەن: دوور نییە زۆریی ژمارەی بەرگریکاران توانای کۆنترۆڵکردنی لەدەست بدا و سەربازەکانی پەنا بۆ یاخیبوون ببەن. هەموو ئەم کاریگەرییانە کە دەکرێ روو بدەن، چەند نموونەیەکن لە پرۆسەیەک کە دەتوانین ناوی بنێین "جیۆ-جیتسۆی سیاسی".

چالاکانی ناتوندوتیژ بەئەنقەست گژبەریی رکابەرەکەیان لەو ئاستەی توندوتیژی کە ئەو دیاری دەکا رەت دەکەنەوە. توندوتیژی کاتێ بەتوندوتیژی بەرەنگاری دەکرێ، بەهێزتر دەبێ. گرووپی دژە توندوتیژی پێویستی بە بەکارهێنانی توندوتیژی نییە، هەروەک پێویستە لەسەری بەکاری نەهێنێ تا پێگەی دژبەرەکەی بەهێز و خۆی لاواز نەکا. پێویستە ئەندامانیان بە سیستەمی خۆچەکدارکردنی ناتوندوتیژانەی تایبەت بەخۆیانەوە پابەند بن مادام کاری ناتوندوتیژانە کار لەسەر ئەوە دەکا توندوتیژی و سەرکوتکردنی دژبەرەکە روو بکاتە پێگەی هێزی خۆی و لاوازی بکا، لە هەمان کاتیشدا کار بۆ بەهێزکردنی گرووپی ناتوندوتیژەکان بکا، لەبەرئەوەی کاری توندوتیژانە و ناتوندوتیژانە دوو میکانیزمی جیاوازیان هەیە و هەریەکەیان دەیەوێ هێزێکی جیاوازی گۆڕان لە کۆمەڵگەدا بێنێتە کایە، هەر بۆیە پەنابردنی دژبەرەکە بۆ سەرکوتکردن لەبارێکدا تاقمە ناتوندوتیژەکە وابەستە بن بە سیستەمە ناتوندوتیژانەکە و لەسەری بەردەوام و پشوودرێژ بن، بە کردەوە ناتوانێ بەسەر ئەو جۆرە هێزەی چالاکانی ناتوندوتیژ بەرجەستەی دەکەن زاڵ بێ.

هەواڵنامەی کتێب

گاندی بە باسکردنی وێنەی ئەو پیاوەی بە شمشێرەکەی بەتوندی لە ئاو دەدا ئەم هەڵوێستە روون دەکاتەوە و دەڵێ "ئەوە باڵی پیاوەکەیە لەو لێدانەدا تووشی داخزان دەبێ"[١]

ئەمە یەکێکە لەو هۆیانەی لە پێناویدا دەخوازێ چالاکانی ناتوندوتیژ بە سیستەمە ناتوندوتیژەکەیانەوە پابەند بن تەنانەت لە بەرامبەر سەرکوتکردنی وەحشییانەیشدا. کاتێ چالاکانی ناتوندوتیژ سەرکەوتوو دەبن لەوەی پارێزگاری لە دژیەکیی نێوان تەکنیکە توندوتیژەکان و ناتوندوتیژەکان بکەن، ئەو کاتە دەتوانن دەری بخەن کە سەرکوتکردن ناتوانێ جەماوەر بتۆقێنێ و پایەکانی ئەو پاڵپشتییەی دژبەرەکە هەیەتی، تێک بشکێنێ، بەو هۆیەشەوە هێز و توانای لە درێژەدان بەسەرکوتکردن و بەرگریکردن لە ئامانجەکانی و پێگەکەی لاواز دەبێ.

لێرەدا دەگەینە ئەو بەرەنجامەی سەرکوتکردنی گرووپە ناتوندوتیژەکە کە وێڕای ئەوەیش سوورە لەسەر خەبات و پارێزگاری لە سیستەمی ناتوندوتیژی دەکا، رەنگە ئەم کاریگەرییانەی هەبێ:

چەندە دڵڕەقی دژ بەکەسانی ناتوندوتیژ زیاد بکا، رێژیمی دژبەر سووک و بێ نرختر دەبێ و رێی تێ دەچێ هاوسۆزی و پاڵپشتی بۆ لایەنە ناتوندوتیژەکە زیاد بکا و دانیشتوان بەگشتی زیاتر لە دژبەرەکە دوور بکەونەوە و ئامادەیی زیاتریان بۆ چوونە ریزی بەرگری تێدا دروست ببێ.

تەنانەت ئەو کەسانەیش کە پێوەندیی راستەوخۆیان بە کێشەکەوە نییە رەنگە پاڵپشتیی زیاتر بۆ قوربانییانی سەرکوتکردن نیشان بدەن. لەبەرئەوەی رای گشتیی نیشتمانی و نێودەوڵەتی لە گۆڕاندایە، رەنگە هەندێ جار پاڵەپەستۆی سیاسی و ئابووریی گرینگ بسەپێنێ، تەنانەت دوور نییە هاووڵاتییان و بەکرێگیراوان و سەربازانی سەر بە رێژیمیش لەو وەحشییەتەی دژ بە ناتوندوتیژان بەکار دێ وەڕس بن و گومان لە دادپەروەریی سیاسەتی دژبەرەکە بکەن. نیگەرانییە بەرایەکەیان رەنگە ببێتە بەرهەڵستکارییەکی ناوەخۆیی و هەندێ جاریش لە حاڵەتی مانگرتن و یاخیبووندا خۆی دەربخا.

بەم شێوەیە، ئەگەر سیاسەتی سەرکوتکردن بوو بەمایەی زیادبوونی ژمارەی چالاکانی ناتوندوتیژ و فراوانبوونی بازنەی گژبەری، هەروەها بووە مایەی چەکەرەکردنی برێکی پێویست لە بەرهەڵستکاریی ناوەخۆیی لەنێو لایەنگرە کلاسیکییەکانی دژبەرەکە و لێرەشەوە سنووردارکردنی توانای لە ڕووبەڕووبوونەوەی گژبەریەکە، ئەمە بەئاشکرا ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە کە سەرکوتکردنەکە دژی خۆی شکاوەتەوە. ئەمەیە جیو–جیتسو لە جێبەجێکردندا.

سەرکەوتن یان سەرنەکەوتن لەم کارەدا بەندە بەتوانای چالاکانی ناتوندوتیژ لە درێژەدان بە خەباتەکەیان بە بەکارهێنانی "سیستمی خۆچەکدارکردن"ی تایبەت بە خۆیان. ژمارەیەکی زۆر شێواز هەن کە بەهەموویان تەکنیکی کاری ناتوندوتیژانە پێک دێنن. ئەم توێژینەوەیە کار لەسەر پۆلێنکردنی ئەم شێوازانە دەکا.

ئەو پۆلێنکردنە لە چەند روویەکەوە بەکەڵکە. بەپلەی یەکەم یارمەتیمان دەدا بۆ ناسینێکی باشتری سروشتی تەکنیکی ناتوندوتیژانە، هەروەها بە روونی جۆرەکانی و جیاوازییە گرینگەکانی ئاشکرا دەکا. هەندێ لە شێوازەکانی لە بنەڕەتدا کاری رەمزین، هەندێکی تریان ڕاگرتنی هاوکاری لەگەڵ دژبەرەکان لەخۆ دەگرێ، هەندێ شێوازیش دەستێوەردانی راستەوخۆن لە کێشەکەدا. پۆلبەندییەکە هەروەها ئاشکرای دەکا کە شێوازەکانی کارکردن لەو تەکنیکەدا زۆر و هەمەجۆرن[٢]، بەدڵنیاییەوە ئەم خشتەیەی ئێستە هەموویان ناگرێتەوە. جگە لەمە، پۆلبەندیکردن وەک خشتەیەکە تێیدا ئەو ئامرازە بنچینەییانەی کاری ناتوندوتیژانە کە تا ئەمڕۆ بەکار هاتوون تۆمار دەکرێ[٣].

ئەم خشتەبەندییە دەتوانێ یارمەتیی چالاکەکان بدا لەوەی بەپێی دۆخە تایبەتەکان، گونجاوترین رێگە بۆ چالاکییەکانیان هەڵبژێرن. هەروەها رەنگە بیرۆکەیەکیش بداتە ئەو دەستە تاقمانەی کە ڕووبەڕووی بەرهەڵستییەکی ناتوندوتیژانە بوونەتەوە لەبارەی ئەو شێوازانەی کە رەنگە لە دژی بەکار بێن و بەمەیش ئاستی گرژی و توندییەکە کەم بکاتەوە.

ئەو خشتەیە هەروەها یارمەتیی توێژەران و ئەوانەی هەڵسەنگاندن بۆ توانا سیاسییەکانی تەکنیکی ناتوندوتیژانە دەکەن، دەدا بۆ تێگەیشتنێکی فراوانتر لە گەنجینەی ئامرازەکانی خەباتی ناتوندوتیژانە.

لە پۆلبەندیکردنی فراوانی ئامرازەکانی کارکردنی ناتوندوتیژانەدا بابەتەکە بەسەر چەند دەروازەیەکی گشتیدا دابەش کراون بەم سەردێرانە: نارەزایی و قایلکردن، هاوکارینەکردن، دەستوەردان.

لە هەندێ حاڵەتی تایبەتدا رەنگە یەکێک لە ئامرازەکان زیاتر لەگەڵ دەروازەیەکی تردا گونجاو بێ تا ئەو دەروازەیەی لەم توێژینەوەیەدا تێیدا دانراوە. هەروەک لەوانەیە لە هەندێ حاڵەتدا یەکێ لە ئامرازەکان لە رێڕەوی کارکردندا بگۆڕێ بۆ ئامرازێکی تر، بە شێوەیەک هێڵێکی جیاکەرەوە لە نێوانیاندا نەمێنێ. هەروەها رەنگە دوو ئامرازی جیاواز هەبن کە بگونجێ لە هەندێ حاڵەتدا ئامێتە (دمج) بکرێن.

هەروەها نابێ خشتەبەندیکردنی ئامراز و رێگە جیاوازەکان لە هیچ کاتێکدا بەتەواو دابنرێ. بێگومان هەندێ ئامراز هەن بەهیچ شێوەیەک باس نەکراون، هەروەک ئاماژە بەژمارەیەک جۆرەوجۆری نەکراوە کە هەندێ لەو ئامرازانەیان تێدا بەرجەستە بووە کە لەم خشتەیەدا هاتوون. رەنگە لە هەموو ئەوانە گرینگتر ئەوە بێ کە هەندێ شێوەی نوێی کاری ناتوندوتیژانە هەن کە دەکرێ لە رێڕەوی خەباتدا بە بەرنامە یان بە عەفەوی پەرەیان پێ بدرێ.

بۆ نموونە "مانگرتنی پێچەوانە" کە تێیدا خەڵک کارێکی زیادە دەکەن کە لێیان چاوەڕوان ناکرێ بیکەن، تەنیا بیست ساڵێک دەبێ ئەم رێگەیە بەکار هاتووە. ئامانج لە باسکردنی ئەو ئامرازە جیاوازانەی لە بەشەکانی ئەم توێژینەوەیەدا وەک نموونە ئاماژەیان پێ دراوە تەنیا روونکردنەوەیە و بەس، مەبەست ئەوە نەبووە ئەوانە ببنە کۆمەڵێ نموونەی ئامادەی تایبەت بەم ناوچەیە یان ئەو قۆناغە. نموونەکان حاڵەتی "سەرکەوتوو" و "سەرنەکەتووشیان تێدایە، بەڵام بەهەرحاڵ ئاماژە بە هەندێ هەلومەرجی زۆر جیاوازی مێژوویی و سیاسی و کولتووری دەکا، کە تێیاندا تەکنیکی کاری ناتوندوتیژانە بەکار هاتووە.

بەدڵنیاییەوە توێژینەوەی زیاتر نموونەی نوێ لە چەندان حاڵەتدا ئاشکرا دەکا کە ئەم توێژینەوە باسی نەکردوون.

ئەو ئامرازانە چین کە لە حاڵەتێکی دیاریکراودا بەکار دێن و ژمارەیان چەندە؟ ئەمانە پرسگەلێکن تا رادەیەکی زۆر بەپێی ئەم فاکتەرانەی خوارەوە دەگۆڕێن:

– داوونەریتی دانیشتوانە پێوەندارەکان.

– ئاست و قووڵیی زانیاری خەڵک بەگشتی بەشدارانی راستەوخۆ لە کێشەکە و سەرکردەکانیان لەبارەی ئامرازەکانی کاری ناتوندوتیژانە و رادەی ئەزموونیان لەو ئامرازانەدا.

– دۆخی گشتیی کۆمەڵایەتی و سیاسی.

– ئەو پلە لە سەرکوتکردن کە پێ دەچێ خەڵک بەگشتی و چالاکان و سەرکردەکان ئامادەییان تێدایە بۆ بەرگەگرتنی.

- سروشتی ئامانجەکانی دژبەرەکە.
- ئەو سەرچاوانەی خراونەتە ژێر دەسەڵاتی ئەو دژبەرە (لەوانە دەزگای ئیداری و بەکرێگیراوانی سەرکوتکردن و شتی لەو شێوە).
- پلەی ئەو توندوتیژییەی ڕێی تێ دەچێ دژبەرەکە بەکاری بێنێ.
- ڕادەی پشتبەستنی دژبەرەکە بەهەندێ ئەندامی ئۆپۆزیسۆنی ناتوندوتیژ.
- ژمارەی ئەو چالاکانەی بەشداری دەکەن و تێکڕای ئەو پاڵپشتییەی لەلایەن خەڵکەوە لێیان دەکرێ.
- تایبەتمەندیی چالاک و سەرکردەکان.
- سروشتی سکاڵاکە.
- وردەکاریی مادیی ئەو دۆخە دیاریکراوەی توێژینەوەی کارەکەی تێدا دەکرێ.

ئێستەش دەچینە سەر ڕێگەکانی دەربڕینی نارەزایی و قایلکردنی ناتوندوتیژانە.

پەراوێزەکان

(١) م. ک غاندی Non-violence Resistance لا٥٧، هند، چاپی شاتباگراها.

(٢) هەردوو وشەی "شێواز" و "شێوە" بەشێوەیەک بەکار هاتوون دەکرێ جێگۆڕکێیان پێ بکرێ. لە هەندێ حاڵەتی ڕابردوودا ئەو دوو وشەیە بەو شێوەیەی لێرەدا کردوومانە بەکار هاتوون. جوان بوندورانت لە Conquest pf Violence لا٣٦ دەستەواژەی "شێوەکانی کاری ناتوندوتیژانە"ی بەکار هێناوە بۆ وەسفکردنی ئەو دیاردەیەی ئەم کتێبە تاوتوێی دەکا. کارل فۆن کلاوس ویتز On War (نیویورک، بارنز و نوبل، ١٩٥٦/ لەندەن: ڕۆتلیدج و کیگان پۆڵ، ١٩٥٦)، (بەرگی (١) لا١٢٥، ١٦٦، هەروەها بەرگی (٣) لا٤٠٩) ئاماژە بەمجۆرە کارانە لە جەنگدا دەکا کە بەگشتی دەتوانرێ بەراورد بکرێ لە پێوەندیدا بەململانە گشتییەکە لەگەڵ ئەم "شێوانە" کە بە "شێواز"ی کاری ناتوندوتیژانە ئاماژەیان بۆ دەکرێ.

وێڕای بوونی جیاوازیی گەورە لە نێوان ململانەی سەربازی و ململانەی ناتوندوتیژانە، تا ڕادەیەکی بەرچاو لێکچوون هەیە لە ڕۆڵی "شێواز" و "شێوە"کان لە ململانەدا بەگشتی، کە بوار بەوە دەدا هەمان چەمک یان هاوشێوەکەی بەکار بێ. ئەمە جگە لەوەی روونیی لێکۆڵینەوەکەیش ئەوە دەخوازێ.

(٣) ئەم لیستە ڕێگەیانە پێشتر باس نەکراون. بەڵام هەندێ نووسینی پێشوو خشتەبەندییەکی جیاوازیان لەبارەی مانگرتن و بایکۆتکردنە ئابوورییەکانەوە هێناوە و ئەمانەیش لە جێی خۆیان لەم توێژینەوەیەدا ئاماژەیان بۆ کراوە. بەڵام خشتەبەندییەکەی ڕابردوو لەبارەی کاری ناتوندوتیژانەوە وەک تەکنیکێکی گشتیی زۆر سنووردار بوو. بۆ نموونە بڕوانە War without Violence لا٢٨-٦٢. (پازدە ڕێگەن لەوانە (دانوستاندن و ناوبژیوانی) و (خۆپاککردنەوە) کە لەم پۆلبەندییەی ئێرەدا باسمان نەکردوون، ولیندبێرگ، جاکسۆن وایرلیش لە Kamp Uden Vaaben لا١٠ (حەوت ڕێگە، لەوانە (تێکدان) کە لێرەدا جیامان کردووەتەوە، هەندێکیشیان بە تێروتەسەلی باس دەکەین).

## پێشەکی

"نارەزایی و قایلکردنی ناتوندوتیژانە"[١] دەروازەیەکە چەندان رێگە لەخۆ دەگرێ، کە لە بنەڕەتدا هەندێ کاری رەمزین و دەچنە خانەی بەرهەڵستیکردنی ئاشتییانە یان هەوڵی قایلکردنەوە، کارەکە لە دەربڕینی زارەکی زیاترە، بەڵام ناگاتە ئاستی هاوکارینەکردن یاخۆ دەستوەردانی ناتوندوتیژانە. خۆنواندن، شەونخوونی، شەونخوونیکردن بۆ پاراستنی مانگرتنەکە، پۆستەرە هەڵواسراوەکان، ئەڵقە دیراسییەکان، پرسە، کۆبوونەوەی نارەزایی، بەشێکن لەم رێگەیانە.

لە ڕێی ئەم شێوازانەوە چالاکەکان بە سادەیی نیشانی دەدەن ئەوان "دژ" بە پرسێکی دیاریکراون، بۆ نموونە هەڵواسینی پۆستەر دەکرێ دەربڕینی نارەزایی بێ لە یاسایەک کە بڵاوکردنەوەی زانیاری لەبارەی دیاریکردنی وەچەوە قەدەغە دەکا. هەروەک دەکرێ ئەم رێگەیانەی لەم دەروازەیەدا هاتوون "لە پێناو" پرسێکی دیاریکراودا وەگەڕ بخرێن، کە ببنە لۆبییەکی بەکۆمەڵ، بۆ نموونە، بۆ پشتیوانیکردنی یاسایەک لەبارەی هەوای پاک کە هێشتا لە پەرلەمان بە هەڵواسراوی ماوەتەوە، یان بۆ پشتیوانیکردنی کۆمەکیی دەرەکی. لەوانەیە نارەزایی و قایلکردنی ناتوندوتیژانە گوزارشت بێ لە هەستێکی کەسیی قووڵ یان سەرکۆنەکردنێکی ئەخلاقییانە بەرامبەر پرسێکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی. شەونخوونی بۆ نموونە بەبۆنەی هیرۆشیما رەنگە گوناهشۆری (تکفیر) بێ بۆ بۆردمانکردنی ئەو شارە ژاپۆنییە بەبۆمبی ناوکی لەلایەن ئەمەریکاوە. ئەو "پرس"ەی نارەزایانی ناتوندوتیژ بایەخی پێ دەدەن دەکرێ رەفتارێکی دیاریکراو، یاسایەک، سیاسەتێک، حاڵەتێکی گشتی، تەواوی حوکمڕانییەک یاخۆ رێژیمێک بێ.

لەوانەیە کارەکە وەک سەرەتا ئامانجی "کارتێکردنی دژبەرەکە" بێ لە ڕێی سەرنج ڕاکێشان بۆ کێشەکە و بانگەشە بۆ کردنی بەمەبەستی بەدەستهێنانی پاڵپشتییەکی گشتی، کە بەشداری بکا لە قایلکردنی دژبەرەکە بەوەی پێویستە گۆڕان قبووڵ بکا. یان رەنگە ئامانج ئاگەدارکردنەوەی بێ لە مەترسیی پرسەکە و رادەی تووڕەیییەکان بەرامبەر ئەم پرسە کە ئەگەر گۆڕان روونەدا دوور نییە بەرەو ئاڵۆزی و هەڵایسانی زیاتر بچێ. هەروەها رەنگە ئامانجی بنەڕەتیی کارەکەیش "پێوەندیگرتن لەگەڵ خەڵکی گشتی"، تەماشاکەران، یان تیمی سێیەم بێ بەمەبەستی بەدەستهێنانی بایەخدان و پاڵپشتییان بۆ گۆڕانکارییە خوازراوەکە، جا ئەوە چ بە پێوەندیی راستەوخۆ بێ یان لە ڕێی بانگەشەوە. یان دەکرێ ئامانجی کارەکە یەکەم جار "کارکردنە سەر گرووپە ستەمبارەکە بێ" ئەو کەسانەی راستەوخۆ بابەتەکە کاریان تێ دەکا، ئەویش لە پێناو هاندانیان تا خۆیان دەستپێشخەرییەک بکەن، وەک ئەوەی بەشداریی مانگرتنێک یان بایکۆتکردنێکی ئابووری بکەن.

یەکێک لە رێگەکانی نارەزایی و قایلکردنی ناتوندوتیژانە، بۆ نموونە، حەجکردنە کە دەکرێ لەگەڵ جۆرێکی تری کارکردنیشدا ئامێتە بکرێ وەک هەڵمەتی پارە کۆکردنەوە بۆ قوربانییانی

برسێتی. هەندێ لە ڕێگە میانڕۆکانی ئەم دەروازەیە ئامانجیان قایلکردنە لە پێناو ئەوەی لایەنێکی تر کارێکی بەهێزتر بکا. لەوانەیە ئامانج لە بڵاوکراوەکان قایلکردنی خەڵک بێ بۆ بایکۆتکردنێکی ئابووری، هەرچی درێژکردنی دەستی برایەتی و دۆستایەتییە بۆ سەربازانی سوپای داگیرکەر، دەکرێ ئامانج دنەدانی سەربازەکان بێ بۆ یاخیبوون لە فەرماندەکانیان.

ئاشکرایە بەهۆی سرووشتی هاوکارییانەی چالاکییەکە، ڕەفتار لە خۆپێشاندانی هاوشێوەدا سنووری رادەربڕینی کەسی تێ دەپەڕێنێ، بەڵام ڕێگەکانی ناڕەزایی و قایلکردنی ناتوندوتیژانە هەمیشە وەک گوزارشت لە بۆچوون یان هەوڵێک دەمێننەوە بۆ کارکردنە سەر کەسانی تر بەمەبەستی قبووڵکردنی ڕا و بۆچوونێک، یان بۆ ئەوەی دەستپێشخەری بکەن بۆ ئەنجامدانی کارێکی دیاریکراو. بەڵام ئەمە جیاوازە لەو پاڵەپەستۆ کۆمەڵایەتی، ئابووری یان سیاسییانەی لە هاوکارینەکردن و دەستوەردانی ناتوندوتیژانە دەکەونەوە. لە هەندێ هەلومەرجی سیاسیدا هەندێ لە شێوەکانی ناڕەزاییی ناتوندوتیژانە، لەوانە ڕێپێوان، نایاساین. لە هەندێ هەلومەرجی هاوشێوەیشدا ئەنجامدانی، دەبێتە مایەی ئامێتەکردن (دمج)ی لەگەڵ یاخیبوونی مەدەنیدا، ئەگەری ئەوەش هەیە لەگەڵ شێوەی تری هاوکارینەکردنی سیاسیشدا ئامێتە بکرێ.

ئەم ڕێگەیانەی ناڕەزایی و قایلکردنی ناتوندوتیژانە کە پشت بەهاندانی تاک دەبەستن بۆ وەرگرتنی هەڵوێستێکی دیاریکراو، کاریگەرییەکەیان بەشێوەیەکی بەرچاو دەگۆڕێ. دەرکەوتووە هەر ڕێگەیەک باو و بڵاو بووبێ، کاریگەری کەمتر بووە.

هەروەها بارودۆخی سیاسیی زاڵیش لە کاتی جێبەجێکردنی ڕێگەکەدا کار لە رادەی کاریگەریی ڕێگەکە دەکا. بۆ نموونە لە هەلومەرجی باڵادەستیی دیکتاتۆرییەتدا ئەگەری ئەنجامدانی ناڕەزاییی ناتوندوتیژانە کەمتر و مەترسیدارتر و دەگمەنتریشە. بەم شێوەیە، جموجوڵەکە، ئەگەر رووی دا، ڕەنگە درامیتر و زۆر زیاتر جێبایەخی بێ کاتێ ڕوودانی ئەو جموجوڵە باو بێ یان قەدەغە نەبێ و لەژێر ڕەحمی سزاداندا نەبێ. خۆپێشاندانەکانی ناڕەزایی ڕەنگە پێش یاخۆ شان بەشانی چالاکیی هاوکارینەکردن یان دەستوەردانی ناتوندوتیژانە روو بدەن، یاخۆ ڕەنگە بەبێ ئەوانە پێڕەو بکرێ.

کەوابێ ڕێگەکانی کاری ناتوندوتیژانە کامانەن کە دەتوانین ریزبەندییان بکەین بەوەی ناڕەزایی و قایلکردنی ناتوندوتیژانەن؟ ئەم خشتەیە ٥٤ ڕێگە لەخۆ دەگرێ کە لە ١٠ لقی سەرەکیدا ریز کراون.

## لێدوانە رەسمییەکان

لێدوانە نووسراو یان زارەکییەکان چ هی تاکێک، کۆمەڵێک یان دەزگایەک بن، گوزارشتکردنێکی زارەکییە لە رایەک، یان لە نەیاری یان لە نیازێکی دیاریکراو، نەک "کردارێک" کە بچێتە ژێر خانەی ناڕەزایی و قایلکردنی ناتوندوتیژانە وەک پێشتر ناساندمان. بەڵام لەوانەیە ئەم جۆرە لێدوانانە، لە

سایەی هەلومەرجێکی دیاریکراودا جێکەوتێکی گرینگتری هەبێ لەوەی باوە. لەم حاڵەتەدا ئەم کارە دەخرێتە ریزی ئەو دەروازەیەوە. روودان یان روونەدانی ئەمەیش بەندە بەو دۆخە سیاسییەی لە کاتی دەرچوونی ئەو لێدوانەدا زاڵ بووە، هەروەها بە سیفەتی ئەو تاک یان کۆمەڵەی لێدوانەکەی داوە، دیسان لەسەر سروشتی خودی لێدوانەکە و پلەی لایەندی لە کۆمەڵگە سیاسییەکە و رێژەی ئەو مەترسییەی لە لێدوانێکی لەو جۆرە دەکەوێتەوە.

وەک لە زۆربە، یان کۆی چالاکییە ناتوندوتیژانەکاندا باوە، لێدوانەکان بە پلەی یەکەم لەگەڵ یان دژ بەکێشەیەک یان حوکمێک یان رێژیم یان سیاسەت یاخۆ حاڵەتێکە. لێدوانەکانیش فۆرمی جیاواز وەردەگرن، لەو روانگەیەشەوە لە شەش رێگەی دیاریکراودا پۆلبەندیمان کردوون. لێدوانەکان بە پلەی یەکەم ئاراستەی دژبەرەکە، یان تاک یاخۆ گرووپێک دەکرێن کە ئامانج بەدەستهێنانی پاڵپشتی یان قسە لەگەڵکردنیانە، بەڵام لەوانەیە لە هەمان کاتدا شوێنەوار لەسەر جەماوەرێکی بەرفراوانتر بەجێ بێڵێ.

## ١- گوتارە ئاشکراکان

هەندێ گوتاری ئاشکرا لەوانەیە ببنە بەشێک لە کارەکانی نارەزاییی ناتوندوتیژانە. رەنگە گوتارەکان عەفەوی و لە دۆخێکی چاوەڕواننەکراودا بن یان شێوەی گوتاری رەسمی وەربگرن، یان رەنگە ئامۆژگاری بن لە رێورەسمێکی ئاییندا بخرێنە روو. بۆ نموونە ساڵی ١٩٣٤ لەو کاتەی نازییەکان تەنیا کەمینەیەک بوون لە وەزارەتێکی هاوبەندیدا بەسەرۆکایەتیی راوێژکار هیتلەر، ڤرانز ڤون پایینی جێگری دژی نازییەت بوو.

لە هەڵوێستێکی درامی و چاوەڕواننەکراو لە هەلومەرجێکی هاوشێوەدا، پایین لە گوتارێکیدا لە بەردەم قوتابیانی زانکۆی ماربۆرگ لە ١٧ی حوزەیرانی ١٩٣٤ مەترسیی خۆی لە رەوتی رووداوەکان لەو کاتەی هیتلەری پۆستی راوێژکاری وەرگرتووە پێشان دا و داوای کرد بەگێڕانەوەی هەندێ لە ئازادییە زەوتکراوەکان سنوورێک بۆ تۆقاندنی نازییەکان دابنرێ، بەتایبەت ئازادیی رۆژنامەوانی.[٢]

ئەو هەڵوێستەی جێگری راوێژکار خۆی کارێکی بەرهەڵستکارییانەی چاوەڕواننەکراو بوو، بڵاوکردنەوەیشی، وێڕای ئەو سانسۆرەی لەسەری بوو، پاڵپشتییەکی بەرفراوانی لەناو ئەڵمانیا و بایەخپێدانێکی گەورەی لە دەرەوە بەدەست هێنا.

لە بەرلین، لە ١١ی تشرینی دووەمی ١٩٤١ پرۆڤست لیشتنبێرگ کە کاهینێکی کاسۆلیکیی تەمەن ٦٥ ساڵ بوو لە مۆچیارییەکیدا کە لەنێو کاتیدرائیەی قەدیس هیدویگدا پێشێشی کرد رای گەیاند، خوازیارە بەشداریی جوولەکەکان بکا لەو چارەنووسەی تووشی هاتوون و لەگەڵیاندا بۆ رۆهەڵات رابگوێزرێ تا بتوانێ لەگەڵیان بێ و نوێژیان لە پێناودا بکا[٣]. ئاواتەکەیشی هاتە دی.

لە ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٤٣ جۆێف گۆیبلزی وەزیری پڕوپاگەندەی نازی رووداوێکی تری لە



هەواڵنامەی کتێب

یاداشته رۆژانەکەی خۆیدا تۆمار کرد، تێیدا هاتووه "له کاتی بەخاکسپاردنی ئەو قوربانییانەی بەهۆی دوایین بۆردمـانی پایەتەختی بولگاریا کوژران، مـەترانی سۆفیـا گوتارێکی دا و تێیدا به زمانێکی توند هێرشی کرده سەر حکوومەتی بولگاری".[٤]

### ٢- نامەی نەیاری یان پشتگیری

نامه یەکێکه له ڕێگەکانی ئەم دەروازەیه و شێوەی جۆرەوجۆری هەیه. بەپلەی یەکەم ئەو نامه تایبەتانه دەگرێتەوه که ئاراستەی کەسێک یان تاقمێک کراون و هەڵگری بیر و بۆچوونێکی سیاسیی دیاریکراون یان ئامانجێکیان تێدا ئاشکرا کراوه. ئەم جۆره نامانه دەکرێ تاکەکەس یان دەسته و تاقم بیاننووسن و دەشکرێ خەڵکێکی زۆر بەشداری له نووسینی ژمارەیەکی زۆر له هەمان نامه بکەن. هەندێ جار نامه تایبەتەکان به ئەنقەست و لەبەر هۆیەکی تایبەت مۆرکێکی ئاشکرا وەردەگرێ. یان نامەکه وەک "نامەیەکی کراوه" بڵاو دەکرێتەوه که ئاراستەی کەسێکی دیاریکراو کراوه، بەڵام ئامانجی ئەوەیه کار لەو جەماوەره فراوانەیش بکا که دەیخوێنێتەوه.

نامه هەمیشه بایەخێکی مەزنی هەیه، بەشێوەیەک دەکرێ وەک ڕێگەیەک له ڕێگەکانی ناڕەزاییی ناتوندوتیژانه دابنرێ، ئەوەیش دەگەڕێتەوه بۆ پێگه یان ژمارەی ئەو کەس یان کەسانەی نامەکه ئیمزا دەکەن، یاخۆ نامەیەکی هاوشێوه ئاراسته دەکەن، یان لەبەرئەوەی بارودۆخه سیاسییەکه بایەخی ئەو جۆره کارەی زیاد کردووه. بۆ نموونه له هۆڵەندا له کانوونی یەکەمی ١٩٤١ زیاتر له چوار هەزار پزیشک ئیمزایان لەسەر نامەیەک کرد که ئاراستەی ئارسەر سایس-ئینکارت کۆمیسیاری ڕایخیان کرد، تێیدا داوایان کرد دەست له پڕۆژەی دروستکردنی ڕێکخراوێکی سۆشیالیستیی نیشتمانیی زۆرەملێ بۆ پزیشکان هەڵگرن.[٥]

له نەرویجی داگیرکراودا کۆمسیاری ڕایخ جۆزێف تیربۆڤن له ئایاری ١٩٤١ نامەیەکی به ئیمزای نوێنەرانی ٤٣ ڕێکخراو و کۆمەڵه بەدەست گەیشت. نامەکه سەرکۆنەی زنجیرەیەک ڕێوشوێن دەکا که ڕژێمی کیسلینگ گرتبوونیه بەر، دواتریش بەرپرسانی حکوومەت بەگشتی تۆمەتبار دەکا و دەڵێ "وەزیرەکان له چەندان حاڵەتدا چەندان مەرسووم و بڕیاریان دەرکردووه که به زەقی لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتی و یاسای نەرویجی و تێگەیشتنی گشتیی نەرویجیدا له چەمکی دادپەروەری ناکۆکه..".[٦]

هەر له نەرویج له ساڵی ١٩٤٢، جگه له ئەو نامه کەسییانەی مامۆستایانی نەرویجی، که بەدەست کەنیسه و بەڕێوەبەرایەتیی فێرکردن گەیشتبوون و ناڕازیبوونیان به چوونه ریزی ڕێکخراوی مامۆستایانی فاشیزمی نوێ دەربڕیبوو، بەڕێوەبەرایەتییەکه دەیان هەزار نامەی ناڕەزاییيان به ئیمزای کەسوکاری قوتابیانیش بەدەست گەیشت.[٧]

جگه له چەندان نموونەی تر، دەتوانین ناڕەزاییيەکەی بولگاریا دژ به ڕێوشوێنه نازییه دژه سامییەکان له جەنگی جیهانیی دووەم به بەڵگه بێنینەوه. بۆ وێنه، کاتێ "یاسای بەرگری له نەتەوه"

دەرچوو کە دژ بە جوولەکە بوو، بەرهەڵستیی بڕیارەکە دەستی پێ کرد، ئەویش لە ڕێی "شەپۆلی ئەو نامە و برووسکانەی ئاراستەی پەرلەمان و وەزیرەکان و پیاوانی دەوڵەت و سەرکردە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان" دەکران. جگە لەم نامە تاکەکەسییانە، یەکەتیی نووسەرانی بولگاریش نامەیەکی ئاراستەی حکوومەت و پەرلەمان کرد و تێیدا داوای کرد پڕۆژە یاساکە پەسند نەکرێ لەبەرئەوەی دەبێتە هۆی "بەکۆیلەکردنی بەشێک لە گەلی بولگاری و لەکەیەک بە مێژووی بولگاریای نوێوە". هەروەها ئەنجوومەنی جێبەجێکردنی یەکەتیی نووسەرانی بولگاری و ئەنجوومەنی جێبەجێکردنی پزیشکانی بولگاریش بەهەمان شێوە ناڕەزاییان دەربڕی.[٨]

لە مێژووی نوێتریش ئاماژە بەو نامەیە دەکەین کە نوێنەران لە کۆنگرەی نائاساییی حزبی شیوعیی چیکۆسلۆڤاکیا لە ٢٢ی ئابی ١٩٦٨ ئاراستەی ئەلیکسەندەر دوپچکی سکرتێری یەکەمی حزبیان کرد کە لەو کاتەدا لە مۆسکۆ بوو و تێیدا پشتیوانیی خۆیان بۆ دەربڕی.[٩] هەر هەمان ڕۆژ باڵوێزی کۆماری ئەڵمانیای دیموکراتی (ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات) لە پراگ، ڕەتی کردەوە نامەیەکی کۆمەڵەی نیشتمانیی چیکۆسلۆڤاکیا وەربگرێ کە ئاراستەی پەرلەمان و حکوومەتی ئەڵمانیای دیموکراتی کرابوو و تێیدا ناڕەزایی لە دژی بوونی هێزەکانی ئەڵمانیا لەو وڵاتە دەربڕیبوو.[١٠]

دوو ڕۆژ دوای ئەوە لیژنەی جێبەجێکردنی ئەنجوومەنی ناوەندیی سەندیکاکانی کرێکارانی چیکۆسلۆڤاکی نامەیەکی ئاراستەی ئەلیکسەندەر شیلیپینی سەرۆکی ئەنجوومەنی ناوەندیی یەکەتیی سەندیکاکانی کرێکاران لە یەکەتیی سۆڤیەت کرد، تێیدا داوای لە سەندیکا سۆڤیاتییەکان کرد کار بۆ کشانەوەی دەستبەجێی هێزەکانی سۆڤیات و هێزەکانی پەیمانی وارسۆ بکەن.[١١] هەروەها نامەی هاوشێوە ئاراستەی فەرمانبەرانی ڕەسمی و هاووڵاتییانی سۆڤیاتی کراوە، لە نێویاندا نامەیەکی کراوەی سەرۆکی ئەکادیمیای زانستەکانی چیکۆسلۆڤاکیایە بۆ سەرۆکی ئەکادیمیای زانستیی یەکەتیی سۆڤیات.[١٢]

### ٣- لێدوانی ڕێکخراو یاخۆ دامەزراوەکان

لەو لێدوانانە، نامە و لێدوانە ئاینییە کەنەسییە ڕەسمییەکانە. لە کاتی جەنگی جیهانیی دووەمدا و لە فەرەنسای ژێر دەسەڵاتی ڤیشیدا، لە هەردوو مانگی ئاب و ئەیلوولی ١٩٤٢ پیاوانی ئاینی لە دوانگەی کەنیسەکانیانەوە لە تۆلۆز لە ئەبرەشیەی لیۆن، ژمارەیەک لێدوانیان خوێندەوە کە سەرکۆنەی ڕاگواستنی جوولەکەکانیان دەکرد.[١٣]

لە ١٦ی شوباتی ١٩٤١ نامەیەکی چاودێرانە (رعاوی) لە زۆربەی دوانگەکانی کەنیسەکانی نەرویجەوە خوێنرایەوە و بە چاپکراویش بە بەرفراوانی دابەش کرا، تێیدا ناڕەزایی لە دژی پێشێلکاریی فاشییانەی بنەما ئەخلاقییەکان بە چاودێری و دەستێوەردانی حکوومەتی کیسلینگ دەردەبڕی و جەختی دەکرد، پێویستە کاهینەکان پارێزگاری لە نهێنیبوونی دانپێدانانەکانی خەڵک بکەن. نامەکە هانی ڕێژیمی داوە تا "سنوورێک دابنێ بۆ هەر شتێک کە ناکۆکە لەگەڵ سیستمە

پیرۆزەکاندا، کە لە دادپەروەری و راستگۆیی و ئازادیی ویژدان و سینەسافی و کارکردن بەپێی یاسای خوا بۆ ژیاندا بەرجەستە دەبێ".[١٤]

لە مانگی شوباتی ١٩٤٣ کەنیسەی چاککراوی دانیمارکی و کەنیسەی کاسۆلیکی لە هۆڵەندا نامەیەکی ریعاوییان ئامادە کرد کە لێدوانێکی هاوشێوەی تێدا بوو و هانی مەردمی دەدا بۆ یاخیبوونی مەدەنی و هاوکارینەکردن و ئەوەیشی بەئەرکی ئاینیی سەرشانیانی لەقەڵەم دا.[١٥] گۆیبلز دواتر ئەم نامەیەی بە "نامەیەکی چاودێرانەی نائاساییی بێ نرخ"[١٦] وەسف کرد. لەنێو ئەڵمانیا خۆیشدا لە بۆنەی جۆرەوجۆردا پەیامی چاودێرانە دژ بە نازییەت دەخوێنرانەوە.[١٧]

هەرچی لە چیکۆسلۆڤاکیایە، لە رۆژە بەراییەکانی داگیرکردندا لێدوانە ئاشکراکان کە پشتگیرییان لە حکومەتەکەی رژێمی دۆپچیک دەکرد و دژ بەداگیرکردنی چیکۆسلۆڤاکیا بەسەرکردایەتیی یەکەتیی سۆڤیات بوون، زۆر بەربڵاو و گرینگ بوون و لەو هۆکارانە بوون وایان کرد دامەزراندنی رژێمێکی کلک گرێداو لەگەڵ داگیرکەر لەو ماوەیەدا مەحاڵ بێ. لە یەکەم رۆژی بەزاندنی سنوور لەلایەن هێزەکانی پەیمانی وارسۆوە، لێژنەی جێبەجێکردنی کۆمەڵەی نیشتمانی بەیاننامەیەکی ئاراستەی حکوومەت و پەرلەمانەکانی هەر پێنج دەوڵەتە دەستدرێژکارەکە کرد، تێیدا سەرکۆنەی رووداوەکەی کرد و داوای "کشانەوەی دەستبەجێی هێزەکان"ی کرد.[١٨]

هەروەها چەندان دەستە لێدوانی رەسمییان بڵاو کردەوە و تێیدا نەیارییان بۆ پەلاماردانەکە و پاڵپشتیی خۆیان بۆ رژێمەکەی دۆپچیک دەربڕی.[١٩]

### ٤- لێدوانی ئاشکرای ئیمزاکراو

ئەو لێدوانەی بە پلەی یەکەم ئاراستەی خەڵکی گشتی، یان ئاراستەی ئەوان و لە هەمان کاتدا دژبەرەکەش دەکرێ و ئیمزای لایەنگرانی لەسەرە، بەیەکێک لە رێگەکانی نارەزاییی ناتوندوتیژانە و قایلکردنی ناتوندوتیژانە دادەنرێ. ئەوانەی ئیمزایان لەسەر لێدوانەکە کردووە دەکرێ ئەندامانی هەندێ رێکخراو یان پیشە و کاری دیاریکراو، یان سەر بەتوێژی کۆمەڵایەتیی جیاواز بن.

بۆ نموونە لە شاری پتروسبێرگ پاش رووداوەکانی "یەکشەمی خوێناوی" (لە ٩ کانوونی دووەمی ١٩٠٥)، ١٦ ئەندامی ئەکادیمیای زانستەکان رایان گەیاند لەو بڕوایەدان ئەوەی رووی دا جەخت لە پێویستیی گۆڕینی حکومەت دەکا. ٣٢٦ کەس لە مامۆستایانی زانکۆ و وانەبێژانی سەرکردەش چوونە پاڵیان و بە یاننامەیەکیان بەناوی "بەیاننامەی ٣٤٢" بڵاو کردەوە، تێیدا جەختیان کرد، رووسیا لە سوودەکانی فێرکرن بەهرەمەند نابێ تا" مافی یاسادانان و چاودێریکردنی ئیدارە بەنوێنەرانی هەڵبژێردراوی گەل نەبەخشێ".

ئەم بەیاننامەیە ١٢٠٠ کەس لە دیاترین رۆشنبیرانی وڵات ئیمزایان کرد و بە "دیارترین و رەنگە کاریگەرترین رێوشوێن بۆ بزواندنی خوێندەواران و قایلکردنیان بە پێویستیی گۆڕانکاری" وەسف کراوە.

لە چیکۆسۆڤاکیایش دوای ١٤ سەعات لە داگیرکردنی، بەیاننامەیەک بڵاو کرایەوە کە پشتگیریی لە دەسەڵاتە شەرعییەکانی یاسادانان و جێبەجێکردنی وڵات دەکرد و سەرکۆنەی وڵاتگیرییەکەی کرد و بە کارێکی "ناشەرعی" لەقەڵەم دا. بەیاننامەکە ئیمزای ١٤ کەس لە ئەندامانی حکوومەتی چیکۆسلۆڤاکیای لەسەر بوو.

دەسەڵاتدارانی رووسیایی لەو کاتەدا ژمارەیەک لە گەورە فەرمانبەرانیان گرتبوو.[٢١]

## ٥- بەیاننامەی تۆمەتبارکردن بۆ ئاشکراکردنی نیازەکان

هەندێ بەیاننامەی نووسراو کە باس لە سکاڵا یان نیازگەلی ئایندەیی دەکەن لە پێناو گەڵاڵەکردنی دۆخێکی نوێ، بەهۆی گرینگییە تایبەتەکەی و بەقەدەر رادەی وەڵامدانەوەی بۆ پێویستییەکی نیشتمانیی گشتی، یگەریی کارگەورەی لەسەر رەوت و رەفتاری خەڵک دەبێ.

لەو بەیاننامانە بەیاننامەی سەربەخۆیی ئەمەریکا کە کۆنگرێسی دووەمی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە تەمووزی ١٧٧٦ پەسندی کرد. هەروەها "پێڕەوی ئازادی"ی باشووری ئەفریقیا کە کۆنگرێسی گەل لە کیپتاون، جۆهانسبێرگ، باشووری ئەفریقیا لە ٢٥ و ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٥٥ پەسندی کرد.

دوکتۆر ئەلبێرت لۆتۆلی سەرکردەی کۆنگرێسی نیشتمانیی باشووری ئەفریقیا دەڵێ "هیچ بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازی لە ئەفریقیای باشوور بەم ئەندازەیە خەیاڵگەی میلیی داگیر نەکردووە، بە هەڵمەتی گژبەری-یشەوە".[٢٢]

لەو ماوەیەدا بزووتنەوەی دژ بەجیاکاریی رەگەزی پابەند بوو بەشێوازی ناتوندوتیژانە. بەیاننامەکەی "پێڕەوی ئازادی" لیستێکی کاریگەر لە ئامانجی کۆمەڵایەتی و سیاسیی بەرەنگاریکارانی جیاکاریی رەگەزی لەخۆ گرتبوو و گەیشتبووە ئەو بەرەنجامەی بڵێ "شان بەشان بەدرێژایی ژیانمان لە پێناو ئەم ئازادییانەدا خەبات دەکەین، تا ئەو کاتەی ئازادیمان بەدی دێنین".[٢٣]

## ٦- حاڵنامەی بەکۆمەڵ یاخۆ جەماوەری

حاڵنامەی بەکۆمەڵ یاخۆ جەماوەری جۆرە پاڕانەوە و تکاکردنێکە بۆ بزواندنی ویژدان بەمەبەستی لابردنی ستەمێک. حاڵنامەکە لەوانەیە ئیمزای ژمارەیەکی زۆر خەڵک، یان دەستەیەکی کەم لەوانەی بەنوێنەرایەتیی رێکخراو و دەزگا یان بازنەی هەڵبژاردنەوە کار دەکەن، ئیمزا کرابێ.

وا باوە حاڵنامەی تاکەکەس ناکەوێتە خانەی ناڕەزایی و قایلکردنی ناتوندوتیژانە، چونکە بەزۆری تەنیا کۆششێکی کەسییە بەمەبەستی قەناعەت پێکردن، بەڵام هەندێ ریزپەڕیش لەم بوارەدا دەبینین.

لێرەدا لەناو چەندان نموونەدا هەندێ نموونە دێنینەوە کە کەمتر باس کراون، ئەویش بۆ تیشک

خستنە سەر هەندێ لەو هەمەجۆرییەی لە بەکارهێنانی ئەم ڕێگەیەدا هەیە.

نموونەکانی حاڵنامە بۆ مێژووی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیی کۆن دەگەڕێتەوە. لەو نموونانە:

لە نێوان ساڵی ١٨٣ و ١٨٥ زایینی و لە کاتی حوکمڕانیی ئیمپراتۆر کۆمۆدۆسی کوڕی مارکۆس ئۆریلیۆسدا، جووتیارانی کرێگرتە لە یەکێک لە هەرێمەکانی ئیمپراتۆریەتەکە لە ئەفریقیا، لە ڕێی نووسینی حاڵنامەیەک ڕاستەوخۆ بۆ ئیمپراتۆر، داوایان کرد ئەو کارە زیادەیەی بەزۆر پێیان دەکرێ کەم بکرێتەوە. حاڵنامە یاخۆ ئەرزەوحاڵەکەیان لە ڕێی هاووڵاتییەکی ڕۆمانییەوە کە سیفەتی نێردراوی سیاسیی هەڵگرتبوو، بۆ ڕۆما نارد. حاڵنامەکە بەڵگەی ئەوە بوو کرێگرتەکان متمانەیان بە ئیمپراتۆر هەیە، بەڵام لە چەوسێنەرانیان لە بەرپرسانی کشتوکاڵی و بەڕێوەبەرە داراییەکان تووڕە و پڕن. داوایان لە ئیمپراتۆر کرد بە ویژدان مامەڵەیان لەگەڵدا بکا. هەروەها داوای پارێزگاریی Lex Handrianaیان کرد و سووربوونیان لەسەر مافەکانیان ڕاگەیاند. ئەو حاڵنامەیە ئامانجی خۆی بەدی هێنا، بەڵام هەندێ حاڵنامەی تر سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا.[٢٤]

لە مێژووی کۆنیش ئاماژە بەو حاڵنامەیە دەکەین کە دانیشتوانی گوندی ئاگابی لە لیدیا لە ئاسایی بچووک بۆ ئیمپراتۆر سپتیمیۆسیان بەر کردەوە. جووتیارە کرێگرتەکانی ئەو ناوچەیە دوو ئامانجیان هەبوو، یەکەمیان کەمکردنەوەی ئەو ئەرکە شارەوانییانەی بەسەریاندا سەپێنراون لە کاتێکدا ئەوان لە شارەکاندا ناژین، ئامانجی دووەمیش ویژدانخوازی بوو لە هەندێ بواری تردا کە ستەمیان لێ دەکرا. جووتیارەکان هەڕەشەیان لە ئیمپراتۆر کرد کە ئەگەر بەدەم داخوازییەکانیانەوە نەیەت، لە ڕێی کۆچکردنی بەکۆمەڵ لە هەرێمەکەوە، کارکردن رادەگرن.

بەو هۆیەوە داواکانیان لەبارەی سووککردنی باری ئەرکە شارەوانییەکان جێبەجێ کرا.[٢٥]

م.ڕۆستۆتزیف باسی حاڵنامەیەکی تری هەمان ماوە دەکا، کە بۆ ساڵی ٢٠١ز دەگەڕێتەوە. حاڵنامەکە لەلایەن دەریاوانانی "ئیریلایت"ەوە بووە کە پێ دەچێ ئەرکیان گواستنەوەی پیاوان و ئازووقە بووبێ لە وڵاتانی گالەوە بۆ ڕۆهەڵات لە کاتی هەڵمەتی دووەمی پارتۆندا. ڕۆستۆتزیف دەڵێ حاڵنامەکە سکاڵای ناڕەزاییی تاڵی دەریاوانەکانی بەرز کردووەتەوە لەبارەی "ئەو مامەڵە خراپ و دڵڕەقییەی لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکی سەرشانیان بەرامبەر دەوڵەت لەگەڵیان دەکرێ".

هەروەها دەڵێ پێ دەچێ دەریاوانەکان لە سکاڵا لە دوای یەکەکانیاندا هەڕەشەی مانگرتنیان کردبێ، ئەوەیش وای لە سپتیمیۆس کردبێ چاو بەهەندێ لەو دەسەڵاتانەدا بخشێنێتەوە کە بەو توێژە گرینگە دراون و زیادیان بکا.[٢٦]

پاش نێزیکەی هەزار و پێنجسەد ساڵ لەو مێژووە، ئەمەریکاییانی بندەست چەندان حاڵنامەی لەدوای یەکیان بۆ بەرپرسانی بەریتانیایی بۆ هەڵگرتنی ستەم لەسەریان بەرز کردەوە، هەندێ جار لە ڕێی وتاردانەوە لە ئەنجوومەنەکانی کۆلۆنییەکان و هەندێ جاری تریش لە ڕێی بەرزکردنەوەی حاڵنامە لەلایەن هەندێ لە بازرگانەکانەوە. بۆ نموونە لە تشرینی دووەمی ١٧٦٦، لە شاری نیویۆرک ٢٤٠ بازرگان حاڵنامەیەکیان بۆ ئەنجوومەنی گشتیی بەریتانیا بەرز کردەوە، تێیدا

داوایان کرد گۆڕانکاریی بنچینەیی لە هەردوو سیستمی بازرگانی و دەریاوانیدا بکرێ.[27]

هەروەها لە کاتی مشتومڕی نێوان خەڵکە هەژارە گوندنشینەکانی کارۆلینای باکور و ئەو تاقمەی لەو هەرێمەدا دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا گرتبوو، ٢٦٠ کەس لە دانیشتوانی هەرێمی ئانسۆن حاڵنامەیەکیان ئیمزا کرد و بۆ ئەنجوومەنی کۆڵۆنی (مستعمرة)کەیان بەرز کردەوە، تێیدا لیستێک سکاڵایان ریز کرد و داوایان کرد بە ویژدانەوە ئاوڕیان لێ بدرێتەوە و گوتیان "ماوەیەکی زۆرە ئێمە وەک کۆیلە بەبێ رەحمانە دەچەوسێنرێینەوە".[28]

کۆیلە ئەفریقیاییەکانی هەرێمی ماساچوستس بای-یش لە ٢٥ی ئایاری ١٧٧٤دا حاڵنامەیەکیان بۆ جەنەراڵ گایجی حاکمی ناوچەکە و ئەنجوومەنی ناوخۆیی و ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا بەرز کردەوە، تێیدا جەختیان لەوە کرد ئەوانیش وەک باقیی خەڵک مافی ئازادییان لە کۆمەڵگەدا هەیە و داوایان کرد یاسایەک بۆ دەستەبەرکردنی ئەو ئازادییە "کە مافی سروشتیمانە" دابنرێ، بەتایبەتیش پێداگرییان کرد لەسەر ئەوەی منداڵەکانیان کاتێ تەمەنیان دەگاتە ٢١ ساڵ ئازاد بکرێن.[29]

لە سەردەمە نوێیەکانیشدا ناسیونالیستەکان حاڵنامەیان بۆ دەربڕینی نارازیبوونیان بەدەسەڵاتی بیانی بەکار هێناوە، وەک لە فینلەندا و میسر رووی دا، هەروەها لە بەرزکردنەوەی سکاڵا دژ بە رژێمە کۆمیۆنیستەکان. بۆ وێنە، لە ساڵی ١٨٩٨ پێنج هەزار فینلەندایی لە کۆی سێ ملیۆن دانیشتوان، حاڵنامەیەکیان ئیمزا کرد کە نارەزایی لە دژی یاسایەکی رووسیی نوێ دەردەبڕی، کە بەو پێیە لاوانی فینلەندایی لە یەکەکانی سوپای رووسیادا دەکرێنە سەرباز و دەبێ ماوەی پێنج ساڵ خزمەتی سەربای بکەن.[30]

لە میسر، سەرەڕای ئەو گەمارۆیەی بەریتانیاییەکان سەپاندبوویان بەسەر خەڵکدا، دوو ملیۆن ئیمزا کۆ کرایەوە بۆ بەرزکردنەوەی حاڵنامەیەک بەئامانجی ئەوەی ماف بە گەل بدرێ شاندێکی نەتەوەیی سەرپشک بکا بۆ بەشداریکردن وەک شاندی میسر لە کۆنگرەی ئاشتیی ڤێرسای دوای جەنگی جیهانیی یەکەم.[31]

لە کۆماری ئەڵمانیای دیموکراتی، لە ٧ی تەمووزی ١٩٥٣، هەزار و پێنجسەد کارێکاری کارگەی "زیس" لە "جینا" حاڵنامەیەکیان ئیمزا کرد کە داوای ئازادکردنی ئیکهارت فۆرکسیان دەکرد کە دوای راپەڕینەکەی حوزەیران رەشبگیر کرابوو و سێ ساڵ زیندانیی بەسەردا سەپێنرابوو. هەروەها داوای دەکرد لە ماوەی سێ رۆژدا هەموو ئەوانەی بەهۆی مانگرتنەوە گیراون و هیچ تۆمەتێکی تاوانکارانەیان لەسەر ساغ نەبووەتەوە، ئازاد بکرێن.[32]

لە هەنگاریا، دەیان کەس لە نووسەران و هونەرمەندانی دەستەبژێری شیوعی، لە سەرەتاکانی تشرینی دووەمی ١٩٥٦ یاداشتێکیان ئاراستەی لێژنەی ناوەندیی حزبی شیوعی کرد بۆ رێگرتن لە فەرمانبەرانی رەسمی لە پێڕەوکردنی "هەندێ شێوازی نادیموکراسییانە کە ژیانی رۆشنبیریمان فەلەج دەکا" و بەم شێوەیە بۆچوونی خۆیان روون دەکەنەوە: "تاکە رێگە بۆ نەهێشتنی دژوارییەکان

و رزگاربوون له بیر و بۆچوونە هەڵەکان، سازکردنی کەشێکی ئازاد و راستگۆیانە و تەندروست و دیموکراسییە لە سایەی رۆحییەتی حوکمڕانییەکی میللیی راستەقینەدا".

وەک لە رێگەکانی تری ناو ئەم کتێبەدا دیارە، بێ کۆتا نموونە لەوبارەوە هەن.

پێوەندیکردن بەجەماوەرێکی فراوانەوە

هەندێ لە رێگەکانی ئەم دەروازەیە بەپلەی یەکەم بۆ ئەوە ئامادە کراون تا لە رێیانەوە بیر و بۆچوون و زانیارییەکان بگاتە جەماوەرێکی بەرفراوانتر. رەنگە ئامانج کارتێکردنی تاقمە دژبەرەکە، یاخۆ بەدەستهێنانی سۆز و پاڵپشتیی تیمێکی سێیەم بێ (رای گشتیی ناوخۆیی و جیهانی)، یان مەبەست کەمەندکێشکردنی ئەندام و لایەنگری نوێ، یان پاڵپشتیی گرووپە ناتوندوتیژەکە بێ. ئامانج لەم رێگەیانە بەزۆری، بەئەندازەی یەکسان، قایلکردن و نارەزاییە.

ئەم شەش رێگەیەی باس کراون، نموونەی بینراو و زارەکیشیان تێدایە.

### ١– دروشم و کاریکاتێر و هێما

لە بەربڵاوترین شێوەکانی نارەزاییی ناتوندوتیژانە بەکارهێنانی دروشم و کاریکاتێر و هێماکانە، ئەمانەیش دەکرێ لە شێوەی تۆمارکراو، رەنگکراو، وێنەکێشراو، چاپکراودا بێ...

لە هاوینی ١٩٤١ەوە تا ئایاری ١٩٤٢ ژمارەیەک لە لاوانی بەرگریکاری جوولەکە لە بەرلین بەناوی گرووپی "بووم"، کۆمەڵێ چالاکیی هاوشێوەیان ئەنجام دا، بەبێ ئەوەی – وەک پرۆفیسۆر بیر مارک دەڵێ– هیچ ئەندامێکیان دەستگیر بکرێ. "چوونە دەرەوە بەشەو بە دۆڵچەیەک بۆیە و فڵچەیەکەوە پڕ مەترسی بوو. لەگەڵ ئەوەیشدا شەروانانی لاو بە دڵگەرمییەوە لەسەر دیوارەکان بڵاوکراوەیان هەڵدەواسی و وێنەدروشمیان دەکێشا. ئەو کارانەیان بە تاقیکردنەوەی دڵگەرمیی شۆڕشگێڕانەی تاک و باشترین رێگە بۆ بەهێزکردنی ورەی شۆڕشگێڕانە و گیانی فیداکاری لای ئەندامان دادەنا".[٣٤]

ئەو وێنانەی لەسەر دیوار و بەرد و شوورەکان دەکێشران، بەزۆری بۆ دەربڕینی نارەزایی بەکار دەهێنران. لە کاتی داگیرکردنی نازیدا، بۆ نموونە، هێمای HVII بڵاو کرایەوە، وەک ئاماژە بۆ "هاکونی حەوتەم"ی شای دوورخراوەی نەرویج. هەروەها هێمای داماڵینی چەکی ناوکی و خاچی شکاوەی نازی لە زۆر دەوڵەت دەبینرێ.[٣٥]

لە میونیخ لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٤٣ لاوانی سەر بەگرووپی بەرگریکاری "گوڵە سپییەکە" لەسەر دیوارەکان نووسیبوویان "بڕووخێ هیتلەر".[٣٦] هەروەها لە پۆڵۆنیای داگیرکراو لە ساڵی ١٩٤٢ کۆمەڵێ لاو کە ناویان لە خۆیان نابوو "گورگە بچووکەکان" بۆیەیەکیان بۆ رازاندنەوەی بارهەڵگر و ئۆتۆمۆبێل و ماڵە ئەڵمانیاییەکان بەکار دەهێنا کە سڕینەوەی ئاستەم بوو و دروشمی وەک "پۆڵۆنیا هێشتا دەجەنگێ"یان دەنووسی و ئەم دروشمانە هەموو بەیانییەک لە وارسۆ دەبینران. هەروەها وێنەی کاریکاتێری و پۆستەراتیان بەکار دەهێنا. کۆمێنتەرێکی پۆڵۆنیایی بەم

شێوەیە وەسفی چالاکیی ئەو لاوانە دەکا "ئەو تاقمە درِ و بەکارە، کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لەسەر ئاڵۆزبوونی کەشوهەوای سایکۆلۆجیی دژ بەئەڵمان و بەهێزکردنی گیانی بەرگری".[٣٧]

لە چیکۆسلۆڤاکیایش پاش پەلامارەکەی رووسیا لە ئابی ١٩٦٨، یەکێک لە بەربلاوترین ئەو دروشمانەی لەسەر دیوارەکانی پراگ دەبینرا ئەم دروشمە بوو "لینین هەستەوە! بریجنێف شێت بووە"[٣٨]

**٢- بەیداخ و پۆستەرات و رێگەکانی پێوەندیکردنی خۆنوێنی**

ئامرازەکانی پێوەندیکرنی تۆمارکراو و کێشراو و چاپکراو وەک لافیتە و پۆستەرات و ئاماژە خۆنوێنی (استعراضی)یەکان، بەشێوەیەک لەیەک دەچن کە دەکرێ پێکەوە پۆلبەندییان بکەین، بەڵام مەودای هەمەجۆرییان تا رادەیەک فراوانە.

لە کاتی گوتارەکەی سەرۆک ویڵسۆن لە بەردەم کۆنگرێس لە ٤ی کانوونی یەکەمی ١٩١٦ پێنج ئافرەتی ئەندامی "یەکەتیی کۆنگرێس" کە یەکێکە لەو کۆمەڵانەی داوای دەکرد ئازادیی دەنگدان بدرێتە ئافرەت، لە هۆڵی میواناندا لافیتەیەکی زەردیان بەرز کردەوە لەسەری نووسرابوو "جەنابی سەرۆک، چی دەکەی لەگەڵ مافی دەنگدانی ئافرەتان؟"[٣٩]

لە هیندستان بەدرێژاییی ماوەی ململانەکە لە نێوان ساڵی ١٩٣٠ و ١٩٣١دا، شانە شۆستە و تەنانەت شەقامەکانیش وەک رووتەخت بۆ تۆمارکردنی تێبینیی ئاراستەکراو بۆ کۆنگرێسی نیشتمانیی هیندی بەکار دەهێنران.[٤٠]

لە ماوەی جەنگی رۆهەردا شەروانانی بەرگریی ئەڵمانی ئەو بەیاننامە و پۆستەراتانەیان دەدراند کە پاساویان دەدایە داگیرکردنی فەرەنسا و بەیاننامە و پۆستەراتی خۆیانیان لە جێگەیاندا هەڵدەواسی.[٤١] لە رۆتردام لە ساڵی ١٩٤٢ هەندێ پۆستەرات بەدیوارەکانی شاردا هەڵواسران کە هانی خەڵکیان دەدا "کاتێ لە شەقامەکاندا بە جوولەکە دەگەن رێزیان بۆ پێشان بدەن"، جوولەکە ناچار کرابوون ئەستێرەیەکی زەرد بەجلەکانیاندا هەڵبواسن.[٤٢]

هەروەها لە کاتی سەردانی لێژنەی مۆنکتۆن بۆ رۆدیسیای باکور و نیاسلاند لە ساڵی ١٩٦٠، بۆ لە نێزیکەوە بینینی بارودۆخ لەبارەی داهاتووی فیدراڵیەتەوە لە نێوان رۆدیسیا و نیاسالاند و ئاگەدارکردنەوەی بەریتانیا لە ئەنجامەکان، لە شار و شارۆکەکان پۆستەرات بڵاو کرانەوە کە هانی خەڵکیان دەدا بایکۆتی لێژنەکە بکەن، ئەویش پاش ئەوەی ئەفریقیاییە رەشپێستەکان نارەزاییان بەرامبەر لێژنەکە دەربریبوو و بە ئامرازێک بۆ باڵادەستیی ئەورووپایان لەقەڵەم دەدا.[٤٣]

لە شەوی ٢٤ی ئابی ١٩٦٨ هێزەکانی داگیرکەری سەر بە پەیمانی وارسۆ بە شەقامەکانی پراگدا بڵاو بوونەوە بۆ لێکردنەوە و دراندنی بەیاننامە و راگەیەنراوەکانی هێزی بەرگریی نیشتمانی لەسەر دیوارەکان، کە داوایان لە هاوولاتییان دەکرد بەرگری بکەن و لە جێی ئەوە بەیاننامەی داگیرکەریان هەڵواسی.

ڕۆژنامەی سڤۆبۆدا نووسی "ئەوە بێ سوودە! چونکە سبەی بەیانی هی تر هەڵدەواسنەوە، پراگ وەک ئەوەی بوویێتە یەک لافیتە کە هاوار دەکا "داگیرکەران چۆڵی کەن!".[٤٤]

لە وێستگەی شەمەندەفەرەکان لە پراگ دووکەڵکێشێکی درێژ بەم دەستەواژەیە رازێنرابووەوە: "دۆستایەتی، نەک داگیرکردن".[٤٥]

هەروەها لە بەرەبەیانی ٢٥ی ئاب پاسەکان بە شەقامەکانی پراگدا دەسووڕانەوە و نیشانەی " UN:SOSیان هەڵگرتبوو، واتە نەتەوە یەکگرتووەکان فریامان بکەوە. هەروەها ڕووبەرێکی فراوانی رووکاری پێشەوەی دوکانە بازرگانییەکانی ناوەڕاستی شار تەرخان کرابوو بۆ نووسینی تێبینی. لەسەر ئۆتۆمۆبێلێک نووسرابوو "زانکۆی چارلزیان داگیر کرد"[٤٦]

### ٣- بڵاوکراوە و کوڕاسە و کتێب

ئامانجی سەرەکی لە چاپ و دابەشکردنی بڵاوکراوە یان کوڕاسە و کتێب، گوزارشتکردنە لە بیر و بۆچوونێک کە نەیار یاخۆ پاڵپشتی لە سیاسەتێکی دیاریکراوی دەسەڵات، یان سیاسەتی دەسەڵات بەگشتی دەکا، یان رەنگە تەنانەت دژ یان بۆ پاڵپشتیی خودی حوکمەکە ئاراستە کرابێ. لەوانەیە ئەم رێگەیە لە سایەی هەلومەرجێکدا کە سەرکوتکردن و ململانە باڵی بەسەردا کێشابێ بەکەڵک بێ. رەنگە دابەشکردنی بڵاوکراوە بەربڵاوترین رێگە بێ کە دەستە و تاقمە بەرهەڵستکارەکان بەکاری دێنن بۆ پێوەندیکردن بەخەڵکەوە. بەڵام کاتێ "چاودێری" مەرجەکانی دەسەپێنێ، دەکرێ کتێبیش بەکار بێ.

ئەو ئەدەبیاتەی بانگەشە بۆ بەرگری کارا دەکا، کە جیاواز بێ لە تەنیا دەربڕینی بیر و بۆچوونێک لە بابەتێکی دیاریکراودا، لە دەروازەی "هاوکارینەکردنی سیاسی"دا ریزبەندی کراوە، ئەویش لە روانگەی ناوەڕۆک و سەرەنجامی ئەو جۆرە بانگەشانەوە.

لە کاتی ئاهەنگگێڕان بەبۆنەی سەدەمین ساڵوەگەڕی راگەیاندنی سەربەخۆیی لە فیلادلفیا، کۆمەڵێ لەو ئافرەتانەی داوای مافی دەنگدانیان بۆ ئافرەتان دەکرد خۆیان کرد بەهۆڵی ئەنجوومەنەکەدا و بڵاوکراوەیەکیان بەسەر ئەندامان و سەرۆکدا دابەش کرد کە داوای مافەکانی ئافرەتی دەکرد.[٤٧] هەروەها لە بەشی ژێر دەسەڵاتی داگیرکەری نازی لە پۆڵۆنیا، هێزی بەرگری لە ساڵی ١٩٤٢ وەڵامی هەڵمەتێکی پڕوپاگەندەی نازی بۆ ئاشناکردنی پۆڵۆنیاییەکان بە دەسکەوتەکانی ئەڵمانیای دایەوە، ئەویش لە ڕێی ئامادەکردنی ژمارەیەک پۆستەری هاوشێوەی ئەوەی نازییەکان، لەگەڵ گۆڕینی ریشەییی پڕوپاگەندەکە بۆ گاڵتەپێکردنی توند و ژماردنی کارە وەحشییەکان و ئەو لەداردانانەی نازییەکان پێی هەستاون.[٤٨]

نامەکانی ناڕەزایی کە رێکخراوە نەرویجییەکان ئاراستەی کۆمسیاری رایخ جۆزێف تیربۆڤینیان کرد لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٤١دا، لە نەرویج چاپ کرابوون، ئەویش بەپێی ئەو دەقانەی لە ئینگلتەرا بڵاو بوونەوە، کە هەزاران دانەیان لە سەرتاسەری وڵاتدا لێ بڵاو

کرایەوە.(٤٩) بەپێی ڕاپۆرتەکان ئەو نامانە ئاسەوارێکی بەهێز و بزوێنەریان بەجێ هێشتووە.

ساڵی ١٩٤١ و ١٩٤١ چاپ و بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەی جیاواز و کوڕاسە و نامیلکە یەکێک بوو لە بوارەکانی چالاکیی "گرووپی بوم"ی بەرگریکاری جوولەکە لە بەرلین، کە دەیانناردن بۆ ماڵ و نووسینگەکان و بەسەر کرێکاراندا دابەشیان دەکردن و شەوانە لە دیوارەکانیان دەدا[٥٠].

لە میونیخیش گرووپی قوتابیانی "گوڵە سپییەکە" ژمارەیەک بڵاوکراوەی دژ بە نازییەتیان چاپ کرد و لە میونیخ و ژمارەیەک لە شارەکانی باشووری ئەڵمانیا بڵاویان کردەوە. بڵاوکراوەکان بەزۆری دەخرانە سندووقەکانی پۆستەوە. دواتر لە ساڵی ١٩٤٣ وای لێ هات بەئاشکرا لە زانکۆی میونیخ بڵاو دەکرانەوە[٥١].

لێژنەی کاری ڕاستەوخۆی دژ بەجەنگی ناوکی، لە نیسان و ئایاری ساڵی ١٩٥٩، بڵاوکراوەی بەشێوەیەکی بەرفراوان لە ناوچەی نورفولک لە ئینگلتەرا بڵاو کردەوە[٥٢].

لە ڕۆژە بەراییەکانی داگیرکردنی چیکۆسلۆڤاکیادا، بڵاوکراوەی زۆر بڵاو کرانەوە کە داوای ڕۆیشتنی هێزەکانی پەیمانی وارسۆیان لە وڵات دەکرد، پشتیوانییان لە حکوومەتە شەرعییەکە و داوای بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەرانیان دەکرد[٥٣]. لەو بڵاوکراوانەدا هانی هێزەکانی پەیمانی وارسۆ درابوو "وەک دۆست ناوچەکەمان بەجێ بێڵن و دەست لە کاروباری ناوخۆمان وەرنەدەن"[٥٤].

لە بەرامبەردا ڕووسیاش هەڵمەتێکی دابەشکردنی بڵاوکراوەی دەست پێ کرد و بۆ ئەو مەبەستە کۆپتەر و ئۆتۆمۆبێلیشیان بەکار هێنا. ئێزگەی بەرگریی چیکۆسلۆڤاکی بڵاوی کردەوە ئەو بڵاوکراوە ساختانەی ئیمزای ئەندامانی پەرلەمانی چیکۆسلۆڤاکیای لەسەرە، هێزەکانی داگیرکەر بڵاویان کردووەتەوە[٥٥].

کتێبیش لە کاتی ململانەدا بایەخی خۆی هەیە لە دەربڕین و وروژاندنی بیر و بۆچوونەکان و بەشداریکردن لە کار و گۆڕانکاریی فراوانتردا. کتێب لە بارێکدا ئەم کاریگەرییەی دەبێ کە بە ڕەسمی ڕێگەی پێ درابێ، هەروەها کاتێ دەزگای چاودێری فەرمانی قەدەغەکردنی بڵاوکردنەوەی دابێ. لەم بارەی دواییدا کتێب بەدەستنووسی بڵاو دەکرێتەوە، یان بە ئامێری چاپ چاپ دەکرێ، یان بە نایاسایی لە ناوخۆ چاپ دەبێ یاخۆ لە دەرەوە بەقاچاخ دێتە ناوەوە. لەو کتێبانە ڕۆمانی "چار چییە" (ما العمل)ی ن. ج. چیرنشفسکییە کە بیری گرینگی تێدایە لەبارەی پرەنسیپە شۆڕشگێڕییە میللییەکان.

دانەر کتێبەکەی لە زینداندا نووسیوە لە نێوان ساڵانی ١٨٦٢ و ١٨٦٣. بەرپرسی سانسۆر وای زانیبوو فەرمانبەرانی تر خوێندوویانەتەوە بۆیە ڕێگەی بەچاپکردنی دابوو. ڕۆمانەکە بە زنجیرە لە ڕۆژنامەی سۆڤەرمنیکدا بڵاو بووەوە و "نەوەیەکی تەواوی لە قوتابیانی میللی و شۆڕشگێڕ لە بۆتە دا و بوو بەکارنامەی بۆ ڕۆشنبیرە لاوەکان".

ڕۆمانەکە ئاماژەی بەهەندێ چالاکی دا کە پێویستە شۆڕشگێڕەکان ئەنجامیان بدەن و پێداگریی کرد لەسەر پێویستیی بەرەنگاریکردنی دڵێرانەی تاکڕەوی[٥٦].

چەندان کتێب هەن کە ئاسەواری گرینگیان لە ململانە جیاوازە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و ئاینی و سیاسییەکان بەجێ هێشتووە.

**٤- ڕۆژنامە و کۆوارەکان**

ڕۆژنامە و کۆوارە یاسایی و ناساییەکان بەبەردەوامی وەک ئامرازی خستنەڕووی ئەو بیروڕا و پرسانەی بڵاوکەرەوەکانیان باوەڕیان پێیانە، ڕۆڵی بەرچاویان لە مێژووی ململانە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا هەیە. لەوانەیە هەندێ جار دەسەڵاتداران دەرچوونی ئەم بڵاوکراوانە بەنایاسایی دابنێن و لە هەندێ حاڵەتی هاوشێوەیشدا ئەم ڕێگەیە بەیەکێک لە ڕێگەکانی یاخیبوونی مەدەنی دادەنرێ و لە دەروازەی "هاوکارینەکردنی سیاسی"دا پۆلبەندی دەکرێ.

چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و کۆوارە نایاساییەکان ڕۆڵێکی زۆر گرینگیان لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی رووسیا لە سەدەی نۆزدەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا هەبووە[٥٧].

نەرویج لە کاتی داگیرکردنی نازیدا هەڵمەتێکی چالاکیی چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی نایاسایی و بڵاوکراوەی نوێ بەخۆوە بینی[٥٨]، هەندێ دەوڵەتی تری وەک دانیمارک[٥٩] و هۆڵەندا[٦٠] و پۆڵۆنیایش[٦١] حاڵەتی هاوشێوەیان بەخۆوە بینی. لەوانەیە بەئەندازەی ئەوەی هەلومەرجی سیاسی ڕێگە بدا، بۆ دەربڕینی بیروڕا وتار و جاڕدانیش بڵاو بکرێتەوە.

**٥- قەوان و رادیۆ و تەلەڤزیۆن**

لە هەندێ هەلومەرجی تایبەتدا قەوان و رادیۆ و تەلەڤزیۆنەکان لە خۆیاندا دەبنە ئامرازی نارەزایی و قایلکردنی ناتوندوتیژانە. لەوانەیە کاسێت و قەوانەکان لە ڕێی مۆسیقا یان گوتار یان لێدوانەوە بیروڕاکان بگوێزنەوە.

زۆربەی مۆسیقای ڕۆکی ئەمەریکایی لە شەستەکاندا گوزارشتیان لە بەرهەڵستی و بێزاری دەکرد، بۆ نموونە وەک لە گۆرانی "لە بەردەم ڕەشەبادا!"ی بۆب دیلان.

لەو گۆرانییەدا دیلان دەپرسێ:

- چەند جار مرۆڤ دەتوانێ چاو لە ستەم بپۆشێ وەک ئەوەی تێبینیی هیچی نەکردبێ؟
- دەبێ چەند جار زریکەی ناسۆری بەرز بێتەوە تا سەرنجی بدرێتێ؟
- دەبێ چەند کات بگوزەرێ و خەڵک بەدەست دۆخی ئارایانەوە گرفتار بن، پێش لەوەی ئازادی تاقی بکەنەوە؟[٦٢]

ماوەی چەندان ساڵە گرووپە سیاسییە جیاوازەکان قەوانی گۆرانیی خاوەن مەغزای سیاسی دابەش دەکەن. ساڵی ١٩٦٨ لە بەرەبەیانی ٢٤ی ئابدا ژمارەیەکی زۆر کۆپیی قەوانی نوێ لە پراگ

ئامادە بوون بۆ دابەشکردن، کە بەیاننامەیەکی چواردەمین کۆنگرەی نائاسایی حزبی تێدا تۆمار کرابوو کە لە ٢٢ی ئاب دەرچووبوو.

ئەو بەیاننامەیە کە ئاراستەی هاووڵاتییان کرابوو، سەرکۆنەی داگیرکردنەکەی دەکرد و پاساوەکانی سۆڤیاتی بۆ ئەو کارە ڕەت دەکردەوە. داوای ئازادکردنی هەموو بەرپرسانی ڕەسمیی دەستگیرکراوی وڵات و کێشانەوەی هێزە بیانییەکانی دەکرد.

لە بەیاننامەکەدا هاتبوو "چیکۆسلۆڤاکیای سۆشیالیستی قەت ڕازی نابێ بەئیدارەیەکی سەربازیی داگیرکەر یان بەرێژیمێکی خۆماڵیی کلک گرێداو، کە پشت بە هێزەکانی داگیرکەران ببەستێ"[٦٣].

لەگەڵ ئەوەی تەکنیکی پەخشی ئێزگەیی ئاراستەکراو بۆ دانیشتوانە بەرگریکارەکە لەو دەوڵەتانەی لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا داگیر کرابوون باو بوو، بەڵام چیکۆسلۆڤاکیا ئەو وڵاتە بوو پێشکەوتووترین شێوازی بۆ کەڵکوەرگرتن لەم جۆرە پەخشە داهێنا، کە لە ناوەخۆی وڵاتە داگیرکراوەکەوە دەردەچوو.

تۆڕی پەخشی ئێزگەیی نهێنی کە هەندێ جار دەیتوانی بۆ ماوەی دوو هەفتە بەبێ پچڕان بەردەوام بێ، تەنیا بەوەندەوە نەدەوەستا کە زانیاری لەبارەی ئەوەی ڕوو دەدا بگوێزێتەوە، بگرە ئەو سنوورەی تێ دەپەڕاند و بەیاننامەی دژ بەداگیرکەریشی بڵاو دەکردەوە. هەروەها ئێزگەکە داوای ئەنجامدانی هەندێ چالاکیی بەرگریکارانەی دەکرد، بەڵام وریایی دەدا لە بەکارهێنانی توندوتیژی و هانی پابەندبوون بە ڕێبازی ئاشتییانەی لە خەباتدا دەدا، سەرکۆنەی هاوکاریکردنی داگیرکەری دەکرد، وریایی دەدا لە مەترسیی دەنگۆکان و هەندێ ئەرکی کارگێڕیی لە ناکاوی دەگرتە ئەستۆ.

پەخشی تەلەڤزیۆنیش (کە سەرچاوەکەی هەندێ شوقەی تایبەت و شوێنی تری دوور لە ستۆدیۆ باوەکانی ژێر دەسەڵاتی سۆڤیات بوون) تا ڕۆژە بەراییەکانی ئەیلوول بەردەوام بوو[٦٤].

### ٦- نووسینی ئاسمان و نووسینی زەوی[٦٥]

ئەم جۆرە نووسینە برێتییە لە هەندێ وشە یان هێما کە لە ڕێی دوو ئامرازی ڕاگەیاندنی نائاساییەوە، کە زەوی و ئاسمانن، دەگەیەنرێتە خەڵک لە مەودای ڕووبەرێکی بەرفراواندا. لە ١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٩ فڕۆکەیەک نووسینی ئاسمانی ئەنجام دا کاتێ لە ئاسمانی باخچەی گشتی لە بۆستن، ماساچوستس، کە کۆبوونەوەیەکی گەورەی دژ بەجەنگی ڤێتنامی تێدا ساز کرابوو، وێنەی هێمایەکی داماڵینی چەکی ناوکیی دروست کرد[٦٦].

لە کالیفۆرنیا ئیدوین فرایزەری جووتیار کە لە نێزیک سان دیاگۆ دەژیا، بۆ دەربڕینی ناڕەزاییەکەی پەنای بۆ نووسین لەسەر زەوی برد، ئەویش پاش شکستهێنانی هەوڵە نەرمەکانی بۆ ناڕەزایی دەربڕین لە دژی شریخە و گرمەی فڕۆکەکانی فڕۆکەخانەی سەر بە هێزی دەریایی لە

میرامار. فرایزەر هەستا بە هەڵکۆڵینی وشەی "بێدەنگی!" بە گەورەیی لە لەوەڕگای سەر بە کێڵگەکەی، بەڵام ئەویش سوودی نەبوو[٦٧].

لێرەدا باس لە هەندێ هەمەجۆریی مومکین لەم بوارەدا دەکەین وەک ئەوەی لە ڕووبەرێکی دیاریکراودا هەندێ رووەک و درەختی جۆرەوجۆر بچێنی بۆ وێنەکێشانی شێوە خوازراوەکە، یان بەرد و درەختیلەکان لە قەدپاڵی گرد و چیاکان بەشێوەیەک ڕێک بخرێن کە وشەیەکی دیاریکراو یاخۆ هێمایەک بنووسن.

## نوێنەرایەتیکردنی بەکۆمەڵ

لەوانەیە گرووپەکان پەنا بۆ نوێنەرایەتیکردن ببەن لە پێناو پاڵپشتی یان بەرهەڵستیکردنی سیاسەتێکدا، ئەویش بە شێوازی جۆرەوجۆر. لەو پێنج ڕێگەیەی لەم دەروازەیەدا باس کراون چواریان پشت بەئامادەبوونی کەسیی ئەوانەی نوێنەرایەتییەکە دەکەن دەبەستن، بەڵام ڕێگەکەی تریان بەو شێوەیە نییە.

### ١- راسپاردن (انتداب)

دەکرێ لە ڕێی گرووپێکەوە کە خۆبەخۆ دروست دەبێ، یان لە ڕێی نوێنەرانی ڕێکخراوێک یاخۆ چەند ڕێکخراوێکەوە گوزارشت لە ناڕەزایی و رەفز بکرێ. ئەوانە چاویان بەکەسی بەرپرس لە سکاڵاکەیان یان نوێنەرەکەی دەکەوێ، هەندێ جار نوێنەرەکان هەوڵ دەدەن سیاسەتێکی نوێ یان ڕێوشوێنێکی نوێ بخەنە روو یان پەسند بکەن.

نێزیکەی ساڵی ١٨٩٠ لە یەکێک لە هەرێمە نێزیکەکانی پایەتەختی ئیمپراتۆریەتی چین، باجدەران بەهۆی بەدرەفتاریی چەندبارەی باجگرەکەوە کە بەپێی بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی بەشێوەیەکی رەمەکی تێکڕای نرخی ئاڵوێری نێوان دراوی نەختینەی مس و زیوی دەگۆڕی، چەند نوێنەرێکی خۆیان بە کۆمەڵێ بەڵگەنامەوە کە لێژنەیەکی ناوخۆیی ئامادەی کردبوون رەوانەی پایەتەخت کرد. یەکەم شاندی ڕاسپێردراو لە ئەرکەکەیدا شکستی هێنا و هەر ئەندامێکیان بە لێدانی پەنجا دار خەیزەران و غەرامەکردن سزا درا، بەڵام دووەم شاند سەرکەوتنی بەدەست هێنا، باجگرەکە بەفەرمانێک لە کارەکەی دوور خرایەوە و وەرگرتنی هەر پۆستێکی حکوومەتیشی لە داهاتوودا لێ قەدەغە کرا[٦٨].

لە رووسیا، قەیسەر نیکۆلاسی دووەم لە بڕیارێکی ستەمکارانەدا یاسایەکی دەرکرد و بەو پێیە سوپای فینلەندای لکاند بە سوپای رووسیاوە و لە بەیاننامەیەکدا لە ١٥ی شوباتی ١٨٩٩ رای گەیاند مافی ئەوەی هەیە، بەچاوپۆشین لە بیروڕا و بڕیارەکانی ئەنجوومەنی یاسادانانی فینلەندایی، یاسا لەبارەی فینلەنداوە دەربکا. بەو هۆیەوە شاندێکی راسپێردراو کە لە پێنجسەد پیاو پێک هاتبوو ناڕەزایینامەیەکیان برد بۆ قەیسەر کە ٥٢٣ هەزار کەس، واتە نێزیکەی نیوەی

کەسە پێگەیشتووەکانی وڵات ئیمزایان کردبوو، بەڵام قەیسەر پێشوازیی نەکردن[٦٩].

لە یەکی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٥٨ ڕێکخراوێکی لەندەنی بەناوی "لیژنەی جنێڤ بۆ ماڵ" شاندێکی لە ئافرەتان ڕەوانەی جنێڤ کرد بۆ بینینی بەشدارانی ئەو کۆنگرەیەی بڕیار بوو لەبارەی تاقیکردنەوە ناوکییەکان ببەسترێ، بەمەبەستی هاندانیان بۆ دانانی سنوورێکی کۆتایی بۆ ئەو تاقیکردنەوانە[٧٠].

لە مۆسکۆ لە ١٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٣ خۆپێشاندانێک بە بەشداریی ٣٠٠ تا ٤٠٠ قوتابیی ئەفریقیایی دەستی پێ کرد. خۆپێشاندانەکە لە بەردەم کرملیندا لەنگەری گرت و شاندێکی ڕاسپێدراوی قوتابیان ڕوویان کردە وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆ دەربڕینی ناڕەزایی لە جیاکاریی ڕەگەزی لە مۆسکۆ. هەردوو وەزیری ڕۆشنبیری و تەندروستی پێشوازییان لە شاندەکە کرد.[٧١]

لە ٢٤ی ئابی ١٩٦٨ لیژنەی جێبەجێکردنی سەر بەلیژنەی حزبی شیوعیی شاری پراگ، شاندێکی ڕاسپێردراوی ڕەوانەی باڵیۆزخانەی سۆڤیاتی کرد بۆ ئازادکردنی هاوڕێ بوهومیل سیمۆن ئەندامی نوێ و هەڵبژێردراو لە لیژنەی ناوەندی و سکرتێری یەکەم لە لیژنەی شاری پراگ. سەرەتا پاشکۆی باڵیۆزخانەکە گوتی گوایە هیچ لەبارەی سیمۆنەوە نازانێ، بەڵام زۆری نەبرد شاندەکەی دڵنیا کردەوە کە ناوبراو لە دۆخێکی باشدایە و کار بۆ ئازادکردنی دەکرێ.[٧٢]

هەواڵنامەی کتێب

### ٢- خەڵاتی گاڵتەپێکردن[٧٣]

لەوانەیە هەندێ جار ناڕازییان بەمەبەستی گوزارشتکردن لە سکاڵایەکی دیاریکراو، یان ڕەنگە بەمەبەستی هاندانی بۆ هەڵگرتنی ئەو ستەمەی هەیە، "خەڵات"ی گاڵتەپێکردن بدەنە دژبەرەکە. لە تشرینی دووەمی ١٩٦٩ لە ماساچوسیتس لە کاتی بەڕێوەچوونی یەکێک لەو دانیشتنانەی بۆ تاوتوێکردنی پیسبوونی پیشەسازی ساز کرابوو، هەڵمەتی کاری ژینگەیی لە شاری بۆستن خەڵاتی "یەکەم پیسکەری ئەم مانگە"ی بەخشییە کۆمپانیای ئیدیسۆن، ئەو کۆمپانیایەی سکاڵای زۆری لەسەر بوو کە مۆلیدەکانی هەوا زۆر پیس دەکەن.[٧٤]

### ٣- لۆبیی بەکۆمەڵ

کاتێ مەبەست لە "لۆبی" ئەوە بێ دەنگدەر بەتایبەت سەردانی نوێنەرەکەی لە ئەنجوومەنێکی نوێنەرایەتی یان کۆمەڵەیەکی یاسادانان بکا، بۆ ئەوەی لەوێ کار لە دەنگەکەی بکا، ئەوە ئەو کارە تەنیا دەربڕینێکی زارەکییە بیر و بۆچوونێکی دیاریکراوە، بەڵام کاتێ دەبێتە ئامراز بۆ کارێکی بەکۆمەڵ، لەو کاتەدا لۆبی شێوەی کاری یەکگرتوویی ناتوندوتیژانە وەردەگرێ، چونکە جگە لە قەناعەتهێنان بەو ئەندامەی دەستە یاسادانەرەکە، کۆبوونەوەی ژمارەیەکی زۆر خەڵک بۆ خۆی دەبێتە کارتێکی فشار کە بارتەقای خۆپێشاندانە. لەوانەیە ئەم جۆرە کارە شێوەی "لۆبیی گرووپی بچووک" وەربگرێ کاتێ ئەو گرووپە وەک تاک تاکە، یان گرووپ گرووپ و بە ژمارەی گونجاو، بەمەبەستی کارتێکردنی لە بۆنەیەکی دیاریکراو یان بەدرێژاییی ماوەیەک یان لە چەند بۆنەیەکدا،

سەردانی نوێنەرەکەیان دەکەن.

لە بەهاری ١٩٦٦ بە چاودێریی لێژنەی هاوڕێیان بۆ یاسادانانی نیشتمانی، ژمارەیەک کەس و گرووپ هەموو چوارشەمانێک بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک، سەردانی نوێنەرانیان لە ئەندامانی کۆنگرێس و ئەنجوومەنی پیران لە واشنتۆن دەکرد بۆ تاوتوێکردنی سیاسەتی ولاتە یەکگرتووەکان لە ڤێتنام[٧٥]. هەروەها دەکرێ لە پێناو کۆکردنەوەی ژمارەیەکی زۆر خەڵک لە ڕۆژێکی دیاریکراودا پەنا بۆ ڕێکخستنی لۆبی ببرێ. ئەمەیش پێی دەگوترێ "لۆبیی جەماوەری"، لەوانە ئەو "لۆبیی جەماوەری"یە بوو کە بزووتنەوەی دژ بەسیاسەتی جیاکاریی ڕەگەزی بۆ پاڵەپەستۆ خستنەسەر ئەندامانی ئەنجوومەنی گشتیی بەریتانیا لە ٨ی ئاداری ١٩٦٥ ئەنجامی دا. ئەندامانی بزووتنەوەکە ئەندامانی پەرلەمانیان هان دا کار بکەن بۆ ئەوەی هەڵوێستێکی توند دژ بەباشووری ئەفریقیا بگیرێتە بەر، ئەویش بەرێگەی جیاواز، لەوانە قەدەغەکردنی فرۆشتنی چەک بەو دەوڵەتە و بڕیاردان لەسەر سەپاندنی سزای ئابووریی جۆرەوجۆر و ڕێوشوێنی تر[٧٦].

### ٤- شەونخوونی لەسەر پاراستنی جموجۆڵەکە

ڕەنگە پاراستنی جموجۆڵەکە کۆششێک بێ بۆ قایلکردنی خەڵکی تر بۆ ئەنجامدان یان دەستهەڵگرتن لە کارێکی دیاریکراو، هەروەها دەکرێ ڕێگەیەک بێ بۆ دەربڕینی ناڕەزایی لە ڕێی بوونی کەسەکە خۆی لە جێگەیەکی دیاریکراو کە پێوەندیی بە کێشە هەنووکەیییەکەوە هەیە. ئەم ڕێگەیە بە وەستان، یان دانیشتن، یان هاتن و چوون جێبەجێ دەکرێ. "ئێشکچی"ەکە دەتوانێ ئاگەدارینامە هەڵبگرێ یان بڵاوکراوە دابەش بکا، دەشتوانێ ئەوە نەکا. هەروەها دەتوانێ لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکەیدا قسە لەگەڵ کەسانی تر بکا، یان نەیکا.

لە ڕۆژئاوا، بەشێوەیەکی تایبەت، ئەم ڕێگەیە بەگشتی بەستراوە بە مانگرتنەکانەوە، ئامانجیش دڵنیابوونە لەوەی شکستپێهێنەرانی مانگرتنەکە بەکارەکانی مانگرەکان ڕازی نابن، یان ئەوەی کە مانگرەکان پێش لە گەیشتن بە ڕێککەوتنێک ناگەڕێنەوە سەر کارەکانیان.

لوید ج. ڕینۆڵدز کە نووسەرە لە کاروباری ئابووری و کرێکاری لەبارەی ئەو ڕێگەوە دەڵێ "ئەو تەگبیرەی سەندیکاکان دایان هێنا بۆ دوورخستنەوەی کرێکاران لە کارگەیەکی داخراو بەهۆی مانگرتنەوە، بریتی بوو لە هێڵی "ئێشکچییەکان". مانگرەکان پاسەوانیی دەروازەی کارگەکە دەکەن، دێن و دەچن، بەو لافیتانەی هەڵیان گرتوون و بە دەمەتەقێکانیان بەردەوامیی مانگرتنەکە دووپات دەکەنەوە. هەروەها داوا لەو کرێکارانەی دەیانەوێ بێنە ناو کارگەکە دەکەن دەست بەکار نەکەنەوە. کاتێ کرێکاری کارگەکەیش پاش تەواوبوونی نۆبەتەکەی خۆی دەڕوا، لەوانەیە یەکێک لە "ئێشکچی"یەکان بۆ ماوەیەکی کورت هاوەڵیی بکا، تا هەڵی بنێ ڕۆژی دواتر نەگەڕێتەوە سەر کارەکەی.

ئەم ڕێگەیە لە سایەی ئاراستەکردنێکی زیرەکانەدا دەبێتە ئامرازێکی کاریگەر، بەڵام ئەمە بەو

واتایە نییە کە هەندێ جار بەرەو چنگەپرچەیەکی جەستەیی ناخزێ. ئەگەر دەویسترێ جموجۆڵەکە کاریگەریی تەواوی هەبێ، پاراستنی پرۆسەکە پێویستی بەپاڵەپەستۆی ئەخلاقی دەبێ. ئەوە تەنیا ئامرازێک نییە بۆ قایلکردنی ئەوانەی رەنگە شکست بە مانگرتنەکە بێنن، بگرە ئامانج ئەوەیە هەست بە شەرم بکا و تا دەگاتە ترساندنیشی[٧٧].

لە بارودۆخێکی لەم شێوەیەدا، پاسەوانیکردنی جموجۆڵەکە دەبێتە ئامرازێکیش بۆ ئاگەداربوونی خەڵک لە مانگرتنەکە و کێشەکانیان و هاوکات هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی هاوسۆزی و پاڵپشتییان.

دەکرێ ئەم رێگەیە لەگەڵ هەردوو رێگەی "بایکۆتکردن" و "هاوکارینەکردنی سیاسی"دا یەک بخرێ. ئامێتە

هیندستان لە ماوەی خەباتی ناتوندوتیژانەی لە پێناو ئازادیدا بەشێوەیەکی تایبەت ئەم حاڵەتەی بەخۆوە بینی. ساڵی ١٩٣٠ نیشتمانپەروەرەکان هۆڵەکانی دادگەیان خستە ژێر پاسەوانیی خۆیان (کە ئینگلیزەکان سەرپەرشتییان دەکرد) و هانی ئەو خەڵکەیان دەدا کە بۆ داوەریکردن هاتبوون تا روو بکەنە دادگە پێنج قۆڵییەکان کە لە گوند و شارۆکەکاندا دانرابوون و کۆنگرێسی نیشتمانی زیندووی کردبوونەوە. هەروەها قوتابخانە و پەیمانگەکانیش خرانە ژێر پاسەوانی و "ئێشکچی"یەکان هانی قوتابیانیان دەدا بچنە ریزی "دامەزراوەی نیشتمانی"ی سەربەخۆ لە حکوومەتی بەریتانی.

ئەم رێگەیە هەروەها لە بەردەم ئەو دوکانانەیشدا پێڕەو کرا کە ئەو شمەکانەی بەمەبەستی کەمکردنەوەی بەکاربردنیان داوای بایکۆتکردنیان کرابوو، دەفرۆشت. هەروەها بیناکانی حکوومەتیش خرانە ژێر باری پاسەوانیکردن و ئامانجیش لەوە هاندانی ئەو هاووڵاتییە هیندییانە بوو کە وەزیفەی رەسمییان هەبوو، تا لە پێناو رزگارکردنی هیندا دەست لە کارەکانیان هەڵگرن. هەروەها دوکانەکانی فرۆشتنی ئەفیون و خواردنەوە رۆحییەکانیش زۆربەی جار لەلایەن ئافرەتانەوە "پاسەوانی" دەکران تا کڕیارانیان لێ دوور بخەنەوە[٧٨].

هەروەها لەوانەیە "پاسەوانیکردن" رێگەیەکیش بێ بۆ دەربڕینی نارەزایی دژی سیاسەت یان کار یان ئاراستەیەکی سیاسیی گشتیی حکوومەت، یان دژ بەئاراستەی ئەو دەستەیەی نووسینگە یاخۆ سەنتەرەکانی دەخرێنە ژێر باری "پاسەوانیکردن"ەوە.

بۆ یەکەم جار لە مێژووی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا "پاسەوانیکردن" لە بەردەم کۆشکی سپیدا لە ١٠ی کانوونی دووەمی ١٩١٧دا ئەنجام درا، کە ئەو ئافرەتانەی داوای مافی دەنگدانی ئافرەتانیان دەکرد ئەنجامیان دا و چەند رۆژێکی خایاند. ئەنجامدەرانی جموجۆڵەکە دەیانویست دەری بخەن کە سەرۆک ویلسۆن لە بەڵێنەکەی بۆ بەخشینی مافی دەنگدان بە ئافرەتان پاشگەز بووەتەوە. لە مانگی ئاداری ئەو ساڵە نێزیکەی هەزار خانم لە بەردەم کۆشکی سپیدا خۆیان دابەست[٧٩]. لە تشرینی یەکەمی ١٩٥٨ کاتێ سەرۆکی ئایزنهاوەر گەیشتە تەلاری کۆبوونەوە

گشتییەکان لە شاری سان فرانسیسکۆ، ریزێکی ٢٠٠ کەسی سەر بە لێژنەی کارۆلینای باکوری لە بەردەمیدا بینی کە داوای هەڵوەشاندنەوەی چەکی ناوکییان دەکرد[٨٠]. ئارسەر واسکۆ گوتی "کەسوکاری هەندێ لە قوتابییە سپیپێستەکان لە بەردەم قوتابخانەکانی شارەکانی باکوری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دایان بەست، ئەویش بەمەبەستی دانانی سنوورێک بۆ ئەو جیاکارییە رەگەزییەی لە قوتابخانەکاندا هەبوو[٨١].

وەک زۆر لە رێگەکانی تر، رەنگە خۆدابەستن (المرابطە)یش بە کارێکی نایاسایی دابنرێ. هەندێ رژێمی دیموکراسیی پەرلەمانی قەدەغەیان کردووە، وەک بەریتانیا کە نێزیکەی بیست ساڵی پێش ساڵی ١٩٤٦ قەدەغەی کردبوو. مەرسوومی کێشە پیشەییەکان و یەکەتیی کرێکاری کە لە ساڵی ١٩٢٧ دەرچووە و پاش ئەو مانگرتنە دانرا کە لە ساڵی ١٩٢٦ لە بەریتانیا ئەنجام درا، خاڵێکی تێدایە جۆلیان سیمۆنز ئاماژە بەوە دەکا ئەو بەندە بە هەندێ دەستەواژەی تەمومژاوی دابەستنی لە بۆتە داوە بە رادەیەک هەر شێوەیەک لە شێوەکانی دابەستن لە بەردەم مەترسیی دادگەییکردندا دەبێ[٨٢]. ئەو مەرسوومە ساڵی ١٩٤٦ هاتە هەڵوەشاندنەوە.

لەو دەوڵەتانەی لە ئاستێکی گونجاو لە ئازادییە مەدەنییەکان بەهرەمەندن، رێگەی دابەستن بەزۆری وەک ئامرازێکی دەربڕینی نارەزاییە دژ بە سیاسەتی حکوومەت و لە هەمان کاتدا هەندێ حکوومەتی بیانیش. باڵیۆزخانە و کونسوڵخانە و دادگە و دەستەکانی یاسادانان و ئیدارەکانی دەوڵەت و ئاژانسەکان و... هتد دەکرێ ببنە سەنتەری تەوەری نارەزاییەکان کە خۆدابەستنیش دەگرێتەوە. دابەستن بەپێی چەندان هۆکار تا رادەیەکی بەرچاو جۆرەوجۆرە، وەک ئەوەی پێویستە چالاکییەکە چەندە درێژە بکێشێ، پێویستە تا چ ئەندازەیەک قایلکەر یان لەمپەر بێ، ئەمە جگە لە ژمارەی بەشداران کە لە ژمارەیەکی رەمزییەوە دەست پێ دەکا تا دەگاتە جەماوەرێکی زۆر. لە هەندێ حاڵەتی تایبەتدا، دەکرێ (مورابەتە) لەگەڵ رێگەکانی وەک مانگرتن و بایکۆت و رۆژووگرتن ئامێتە بکرێ.

**٥- هەڵبژاردنی گاڵتەئامێز**

دواین رێگە لە نوێنەرایەتیکردنی بەکۆمەڵدا هەڵبژاردنی گاڵتەئامێزە. تاقمێکی نەیار بۆ دەربڕینی نارەزاییی خۆی، پەنا بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی نایاسایی یاخۆ دەنگدانی میللیی راستەوخۆ لەبارەی پرسێکی ناوەخۆیی دەبا. لەوانەیە ژمارەیەک "ناوەندی دەنگدان" دیاری بکا، یان بە رێگەیەکی تر دەنگەکان کۆ بکاتەوە، وەک گەرانی ماڵ بەماڵ. کەمینە گەورەکان، یان زۆرینەکان پەنا بۆ ئەم رێگەیە دەبەن، ئەویش کاتێ کۆت و بەند لەسەر کاری سیستمی هەڵبژاردنی پەرلەمانیی ئاسایی دادەنرێ یان بەشێوەیەک رێگەی بەشداریکردن لە ئۆپۆزسیۆن دەگیرێ، چ بەتەواوی بێ یان بەشێوەیەکی تر. تەنانەت ئەو کەمینانەیش کە سیستمی هەڵبژاردنی کارپێکراو رێگەیان پێ دەدا بگەنە ناوەندی بڕیار، لەوانەیە پەنا بۆ هەڵبژاردنی گاڵتەئامێز ببەن کاتێ هەست

بکەن پێویستیان بە ئامرازی تر هەیە بۆ بادانەوەی خەڵک بەلای پرسەکەیاندا.

ئەم ڕێگەیە لە ساڵانی ١٩٦٣ و ١٩٦٤ لە میسیسیپی تاقی کرایەوە. کۆمەڵەکانی مافە مەدەنییەکان "تۆمارێکی ئازاد"یان کردەوە بۆ هەموو ئەو کەسانەی دەیانەوێ ناوی خۆیان تۆمار بکەن، ئەویش بە چاوپۆشین لەو کۆت و بەندە زۆر و زەبەندانەی بەمەبەستی بێبەشکردنی زنجییەکان لە دەنگدان دانرابوون. لەو ماوەیەدا تەنیا ٧٪ی زنجییەکان لەوانەی گەیشتبوونە تەمەنی دەنگدان، واتە ٢٣ هەزار زنجی، بەشێوەی یاسایی ناویان تۆمار کرابوو بۆ دەنگدان.

نێزیکەی ٨٣ هەزار کەس بەشدارییان لە "تۆمارکردنە ئازاد"ەکە کرد و "ئازادانە" دەنگیان دا بۆ هەڵبژاردنی حاکم و جێگری حاکمی ویلایەتەکە لەناو کاندیدەکانی هەردوو حزبی دیموکراتی و کۆماری و لیستێکی کاندیدەکانی مافە مەدەنییەکان. جایمز فارمەر سەرۆکی پێشووی کۆنگرەی یەکسازیی نەژادی دەڵێ: "ئەوە تەنیا کارێکی درامی نەبوو بۆ ڕاکێشانی سەرنجی نیشتمانی، هەڵبژاردنە گاڵتەئامێزەکە سەلماندی کە ئامرازێکی فێرکردنی نایابە بۆ ڕێپێشاندانی زنجییەکان لە میسیسیپی و هۆشیارکردنەوەیان لەبارەی ڕێگە و ئامرازەکانی دەنگدانەوە"[٨٣].

ئارسەر واسکۆ ئاماژەی بەوە دا ئەگەر ئەو دەنگانە لە بەرژەوەندیی کاندیدی کەمینە بوونایە لە هەڵبژاردنێکی شەرعیدا، بەهۆی زۆرییانەوە دەیانتوانی ئەنجامەکە بگۆڕن. بەم شێوەیە هەڵبژاردنە گاڵتەئامێزەکە "بۆ زنجییەکانی سەلماند کە چ هێزێکن ئەگەر بێتو ڕۆژێ لە ڕۆژان دەرفەتیان بۆ ڕەخسا بەشداری لە سیستمی سیاسیی ئارادا بکەن"[٨٤].

پاش ئەوەی ڕێگە بەحزبی زنجیی دیموکراتی ئازاد نەدرا بەشداری لە هەڵبژاردنە یاساییەکەدا بکا، حزبەکە بڕیاری دا لە پایزی ١٩٦٤دا هەڵبژاردنی تایبەتی خۆی ئەنجام بدا و داوای لە هەموو دانیشتوانی میسیسیپی کرد دەنگ بدەن، بۆ ئەو مەبەستەیش لیستێک کاندیدی ڕاگەیاند کە هەموو ئەو کاندیدانەی لەخۆ دەگرت کە کاندیدکردنیان پەسند بوو، لەگەڵ چەند کاندیدێکی حزبی دیموکراتیی ئازاد کە دەنگی زۆربەی "دەنگدەران"ی بەدەست هێنا کە ژمارەیان دەگەیشتە نێزیکەی ٨٠ هەزار "دەنگدەر". سێ ژنە کاندیدی حزبی دیموکراتیی ئازاد کە سەرلەنوێ لە هەڵبژاردنەکاندا بردبوویانەوە، بەبێهودە ناڕەزاییان لە دژی ئەندامیەتیی هەندێ کاندیدی نیزامی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا دەربڕی و هێرشی توندیان کردە سەر بێبەشکردن لە مافی دەنگدان لە میسیسیپی کە ٤٣٪ی ئەو هاووڵاتییانەی گەیشتوونەتە تەمەنی یاسایی دەنگدان، لە مافی دەنگدان بێبەش کرابوون[٨٥].

## کاری ئاشکرای ڕەمزی

چالاکانی ناتوندوتیژ بۆ گوزارشت لە بۆچوون و خستنەڕووی سکاڵاکانیان، پەنا بۆ چەندان هەڵسوکەوتی ڕەمزی دەبەن. ئەو شێوە-کارانە ساڵانێکی زۆرە باون، ئەو شێوازانەیش لێرەدا باس کراون هەموویان ناگرێتەوە.

### ١- نواندنی ئاڵا و ڕەنگی ڕەمزی

نواندن و پێشاندانی ئاڵای گرووپێکی نیشتمانی، ئاینی، کۆمەڵایەتی یان سیاسی، یان نواندنی هەندێ ڕەنگ کە هێمان بۆ گرووپێکی دیاریکراو، یاخۆ نواندنی ئاڵا یان ڕەنگەکان لەگەڵ شێوەی تری ڕەمزی، بەشێوەیەک لە شێوەکانی ناڕەزاییی ناتوندوتیژانە دادەنرێ. ئەم کارانە بەزۆری هەستە قووڵەکان بزوێنەریانن، یان بەرەنجامی ئەو هەستانەن.

لە کاتی سەردانی ئیمپراتۆر فرانز جۆزێف بۆ پایەتەختی هەنگاری لە ٦ی حوزەیرانی ١٨٦٥، خەڵکی "پیت" سەرەتا ژمارەیەکی کەم ئاڵای ئیمپراتۆریەتیان بەرز کردەوە، لەبەرئەوەی دژ بەباڵادەستیی نەمسایی بوون و داوای حوکمی زاتییان بۆ هەنگاریا دەکرد. پاش ئەوەی پافلی حاکمی دانراو لەلایەن نەمسایییەکانەوە هاتە ناو کێشەکە، شارەکە هەموو ئاڵایان بەرز کردەوە و ئیمپراتۆر لەو کاتەی لە سەردانی پێشانگەی کشتوکاڵیی شارەکە دەردەچوو بەو دیمەنە سەرسام بوو، بەڵام زۆری نەبرد زانی ڕەنگی ئاڵاکە سەوز و سپی و سوورە، کە ڕەنگەکانی ئاڵای ڕەسمیی هەنگاریای سەربەخۆن[٨٦].

ئاڵای ڕەش لە زۆر بۆنەدا وەک هێمای ناڕەزایی و ڕەفز بەکار هاتووە: ساڵی ١٩٢٨ نیشتمانپەروەرانی هیندستان بەکاریان هێنا، کە ڕەتیان دەکردەوە هاوکاریی لێژنەی سایمۆنی سەر بە پەرلەمانی بەریتانیا بکەن کە سەردانی وڵاتەکەی دەکرد[٨٧]. ساڵی ١٩٥٧ کەمینەی تامیل بەکاریان هێنا[٨٨]، لە پاکستانیش ئاڵای ڕەش هێما بوو بۆ سەرکۆنەکردنی لکاندنی کەشمیر بە هیندستانەوە[٨٩].

لە ٢٦ی کانوونی دووەمی ١٩٣٠ نیشتمانپەروەرانی هیند بەبۆنەی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، ئاهەنگیان دەگێڕا و لە ڕێپێوان و ئاهەنگەکانیاندا ئاڵای نیشتمانییان بەرز دەکردەوە[٩٠]. لە کانوونی یەکەمی ١٩٥٦ قوتابیانی زانکۆی جینا لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات بە بەرزکردنەوەی ڕەنگەکانی ئاڵای نیشتمانیی بەریتانیا لە هۆڵی سەمای زستانە، پشتیوانیی خۆیان بۆ شۆڕشگێڕانی هەنگاری دەربڕی[٩١].

ئاڵاکان ڕۆڵی گرینگیان لە ساڵی ١٩٦٣ بینی، ئەویش لە هەڵمەتی بوودییەکان دژ بەدەسەڵاتی دییم لە باشووری ڤێتنام. ناڕەزایییەکانی حکوومەت لەسەر بەرزکردنەوەی ئاڵای بوودی ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو لە سەرهەڵدانی کێشەکەدا. لە ٩ی ئەیلوولی ئەو ساڵە قوتابیانی ناوەندیی "شوڤان ئان"ی کوڕان لە ناوچەی شولون لە سایگۆن کە چینیی زۆری تێدایە، هەستان بە دڕاندنی ئاڵای حکوومەت و ئاڵای بوودییان بەرز کردەوە، بەو هۆیەوە زیاتر لە هەزار قوتابی گیران[٩٢].

لە ڕۆژە بەراییەکانی دەستپێکردنی چالاکیی بەرگریی چیکی ساڵی ١٩٦٨، ئاڵا و ڕەنگە نیشتمانییەکان وەک هێمای بەرگری پێشان دەدران. بەرەبەیانی ڕۆژی ٢١ی ئاب، پاش چەند سەعاتێکی کەم لە داگیرکردنەکە، جەماوەر لە شەقامەکانی پراگدا ئاڵای چیکۆسلۆڤاکیایان بەرز

دەکـردەوە و پەیکەری سـانـت ونسـیـلاس بە ئاڵا رازێنرایەوە، قـوتابـیـان ئاڵایەکی خـوێناوییـان لە گـۆڕەپانی ونسـیـلاس بـەرز کردەوە. دوای چوار رۆژ ئـاڵاکان لە سـەرتاسـەری پراگی پایـەتەخـتـدا دەشـەکانەوە[٩٣].

ئەو ئاڵایانـەی نیشـانـەی هـەندێ رێڕەوی سیـاسـیی تایـبـەتن، هـەندێ جار بـەشـێوەی نائـاسـایی دەخـرێنە روو. لە بەرەبەیانی ١٩ی کـانوونی دووەمی ١٩٦٩ ئـاڵای ڤـیـتکۆنگ بینرا کـە بەسـەر لووتکەی تاوەری ناوەندی لە کاتدرائیەی نوتردام لە پاریس دەشـەکێتەوە، کە بەرزاییـیـەکـەی ٢٤٠ پێیە. درێژیی ئاڵاکە ١٥ پێ و پانییەکەی ٦ پێ بوو. کۆپتەری سەر بە ئاگرکوژاندنەوەی پاریسـیـان بۆ لێکردنەوەی ئاڵاکە بەکار هێنا[٩٤].

## ٢- پۆشینی هێما

کـەسـانێک بۆ دەربڕینی نەیاریی سـیـاسـیـیـان هـەندێ جـار شـتـێکی سـەرنج ڕاکـێش لە جلوبەرگەکـانیـان دەدەن، بۆ وەک لە بەرۆکدانی رەنگێکی دیاریکراو، یان نیشـانەیەک یان گوڵێک و شتی لەو شێوە. سـاڵی ١٧٩٢ لە فەرەنسا لەبەرکردنی "کڵاوی سووری ئازادی" لەلایەن حزبی Sans-culotters وەوە باو بوو[٩٥]. لە جەنگی جیهانیی دووەمدا قوتابیان لە دانیمارک کڵاوی سپی و شینیان لەسەر دەکرد بۆ لاساییکردنەوەی هێمای هێزی ئاسمانیی شاهانەی دانیمارکی، ئەوەیش وەک هێـمـای نـاڕەزاییـیـان بۆ داگـیـرکـردنی نازی[٩٦]. هـەروەها لە نـەرویجیش بـۆ هـەمـان مـەبەست کڵاوی سـوور بوو بەباو[٩٧]. لە ئەڵمانیا و فرەنسـا هاووڵاتیـیانی ناجوولەکە ئەسـتێرەیەکی زەردیان بەخۆوە کرد، ئەویش وەک هاوهەڵوێستییەک لەگەڵ جوولەکەکان، کە دەسەڵاتدارانی نازی ناچاریان کردبوون ئەو ئەستێرەیە لە بەرۆکیان بدەن تا لە باقیی هاووڵاتییان جیا بکرێنەوە[٩٨]. لە هۆڵەندایش خـەڵک بۆ دەربڕینی هـاوسـۆزییان لـەگـەڵ جوولەکە گوڵی زەردیان لە بەرۆکی چاکەتەکانیـان دا[٩٩]. هێماکان لە نەرویج جیاواز بوون، لە نێوان هـەڵگرتنی گوڵێک لە یادی حـەفتا سـاڵەی لەدایکبوونی شـا هاکون، تا هـەڵواسینی پارچە نووسینێک بە بـەرۆکی چاکەتەکانیـاندا کە لـەسـەری نووسـرابوو "هـاوهەڵوێست بمێننەوە"، هـەروەهـا چـەندان جۆری تر[١٠٠].

لە رۆژە یـەکـەمـەکـانی پـاش پـەلامـارەکـەی رووسـیـا، هاووڵاتیـیـان لە پراگ شـریـتـێکیـان بە جلەکانیانەوە دەکرد کە لە سێ رەنگە نیشتمانییەکەیان پێک دەهات[١٠١].

لە باشووری ڤێتنام، شێوەیەکی هـاوێنەی نـاڕەزایی بەکـار هـات، کە پشتی بـەپۆشـینی هێمایەکی دیاریکراو نـەدەبەست، بـەڵکو پشـتـی بـەگـۆڕینی رواڵـەتی تاک وەک ئـامـرازێک بۆ نـاڕەزاییی رەمـزی دەبەست.

لە ساڵی ١٩٦٣ لە کاتی خەباتی بوودی دژ بە حوکمڕانی دییمدا، "ڤوڤـان ماو"ی وەزیری دەرەوە دەسـتی لە پۆستـەکـەی کێشایـەوە و "سـەری تاشی، وەک نـاڕەزایی دەربڕین لـەسـەر ئـەو سـیاسـەتی توندوتیژییەی رێژیمی دەسەڵاتدار پێڕەوی دەکرد".

"تیچ نات هانە" ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە و دەڵێ "دوای ئەوە، چەندان مامۆستا و قوتابیش دەستیان کرد بە تاشینی سەریان. بەدڵنیاییەوە ئەو جموجۆڵەی قوتابی و مامۆستاکان، بە قووڵی لەژێر کاریگەریی ئەو کارەدا بوو"[١٠٢].

هەروەها لەوانەیە شێوەی لەبەرکردنی پارچە جلێک لەلایەن کەسێکەوە و ئەو کاتەی بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە هەڵی دەبژێرێ، گوزارشت بێ لە بیر و بۆچوونێکی دیاریکراو. بۆ نموونە لە ئاهەنگی دەستپێکردنی ئەنجوومەنی چینەکان لە ٥ی ئایاری ١٧٨٩ شای فرەنسا شەبقەکەی کردەوە سەری و وەک باوە پیاوانی ئاینی و خانەدانەکانیش بەدوایدا هەمان کاریان کرد، کەچی نوێنەرانی چینی سێیەم (چینی عەوام) کە بەپێی نەریتی باو دەبێ بە سەرپەتی بمێننەوە، بەڵام "گژبەرییان کرد و ئەوانیش شەبقەکانیان کردەوە سەریان"[١٠٣].

**٣- نوێژ و پەرستن**

هەندێ جار نوێژ و خواپەرستی دەبێتە شێوازێکی ئاینی بۆ ناڕەزاییی سیاسی و سەرکۆنەکردنی ئەخلاقییانەی کارێک. ئەوەیش لە ڕێی ناوەڕۆکی نوێژەکە، کەشە ئاینییەکە یان شوێن و کاتی نوێژکردنەکەوە ڕوون دەبێتەوە.

لە ٢٤ی ئایاری ١٧٧٤ پاش ئاگەداربوونی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ڤێرجینیا لە پلانەکەی بەریتانیا بۆ داخستنی بەندەری بۆستن لە هەرێمی کەنداوی مەساچوسێتس لە یەکی حوزەیرانی ١٧٧٤، ئەنجوومەنەکە بڕیاری دا ڕۆژی یەکی حوزەیران بە "ڕۆژی بەرۆژووبوون و کزکردن و نوێژ" دابنرێ. ئارسەر شلسینڤەر دەڵێ "حاکم دەنمور ترسی لێ نیشت ڕۆژووگرتنەکە پێشەکییەک بێ بۆ ئامادەکردنی خەڵک بۆ قبوولکردنی بڕیارگەلێک کە زیاتر هانی یاخیبوون دەدەن، لەوەیشدا ڕاستی بۆ چووبوو، هەر بۆیە دوو ڕۆژ پاش ئەو ڕاگەیاندنە، ئەنجوومەنی ناوبراوی هەڵوەشاندەوە"[١٠٤].

لە پۆڵۆنیای داگیرکراو، ئەڵمانەکان ساڵی ١٩٤٢ هەموو ئەو پەیکەر و یادگاری (مینۆمێنت)انەیان شکاند کە بۆ زیندووڕاگرتنی یادی هەندێ لە قارەمانانی پۆڵۆنیا دروست کرابوون یان هەندێ ڕووداوی نیشتمانییان یاد دەخستەوە. "پۆڵۆنییەکان بەتێکڕا بە ئاشکرا لە دەوری ئەو شوێنانە کۆ دەبوونەوە کە یادگارییان تێدا بوو، تەنانەت هەندێ کەس لەو شوێنانە نوێژیان دەکرد، ئەوەیش بەرپرسانی ئەڵمانیی شێتگیر کردبوو"[١٠٥].

لە ساڵی ١٩٥٢ لە باشووری ئەفریقیا، لیو کوپەر باس لەوە دەکا ئەو نوێژەی لە چوارچێوەی هەڵمەتی گژبەریکردندا ئەنجام دەدرا، ڕۆڵێکی گرینگی هەبوو لە جموجۆڵەکەدا:

بەم شێوەیە، لە مانگی تەمووز لە "یواتنهاگ" لە کاتی دادگەییکردنی دە بەرگریکاردا، سەدان کەس چۆکیان دادا و دەستیان بە نوێژ کرد، پیرەژنێکی ئەفریقیایی سەرکردایەتیی دەکردن کە شاڵێکی سووری لەبەر بوو.

هەروەها لە ڕۆهەڵاتی لەندەن نێزیکەی ٢٥٠ کەسی ئەفریقیایی کۆ بوونەوە و لە دەرەوەی تەلاری دادگە، کە دادگەیی ٨٥ کەس لە هاوڕێکانیانی تێدا دەکرا کە لە هەڵمەتێکدا بەتۆمەتی نەبوونی مۆڵەتی گەڕان لە شەودا گیرابوون، گۆرانییان دەوت و نوێژیان دەکرد..

نێزیکەی هەزار ئەفریقیایی لە بەردەم دادگەی پۆرت ئەلیزابیس کۆ بوونەوە و لە پێناو تۆمەتبارەکاندا سروودی ئاینییان دەخوێندەوە و نوێژیان دەکرد. لە پۆرت ئەلیزابیسیش نێزیکەی ٥ هەزار ئەفریقیایی لە پێناو سەرکەوتنی هەڵمەتەکەدا نوێژیان کرد، ئەویش پاش ئازادکردنی ٢٥٠ کەس لە خۆبەخشە دەستگیرکراوەکان[١٠٦].

ئەلبێرت لۆتۆلی دەگێڕێتەوە لە ساڵی ١٩٥٩ ژمارەیەک ئافرەتی ئەفریقیایی بەشداریی ڕێپێوانێکیان لە ئیکزۆبۆ دەکرد، پۆلیس فەرمانی پێ دان بڵاوەی لێ بکەن، ئەوانیش "چۆکیان دادا و دەستیان بە نوێژ کرد"، پۆلیسەکان لە جێی خۆیان نائومێدانە دۆش دامان[١٠٧].

لە ١٢ی تشرینی دووەمی ١٩٦١ لە شەقامی ترافلگەر لە لەندەن، لە ساڵوەگەڕی قوربانییانی جەنگدا، ئاهەنگێکی ئاینیی میللی بەهەناسەیەکی دژە جەنگ و لایەنگر بۆ داماڵینی چەکی ناوکی، بەبەشداریی نێزیکەی هەزار کەس بەڕێوە چوو. کۆمەڵەی "کاری مەسیحی" و گرووپی مەسیحیی سەر بە "هەڵمەتی داماڵینی چەکی ناوکی" چاودێریی ئاهەنگەکەی دەکرد.[١٠٨]

لە مانگی ئابی ١٩٦٢ شەش لەوانەی لە بواری مافە مەدەنییەکاندا کاریان دەکرد لەسەر پلیکانەکانی تەلاری هۆڵی شارەوانیی ئەلبانی لە ویلایەتی جۆرجیا چۆکیان دادا و دەستیان بە نوێژ کرد[١٠٩]. لە کاتی هەڵمەتی ساڵی ١٩٦٣دا لە بێرمنگهام لە چەندان بۆنەدا نوێژی بەکۆمەڵ ئەنجام درا.

لە ئەلاباما ئێوارەی یەکشەمە ٥ی ئایار "کەمێک پێش لە خۆرئاوابوون نێزیکەی دوو هەزار زنجی لە کەنیسە هاتنە دەرەوە و بەرامبەر پیاوانی پۆلیس وەستان. هەمووان بەبێدەنگی چۆکیان دادا و یەکێک لە قەشەکانیش بە سەنگینی نوێژی دەکرد و دەیگوت "لێیان گەڕێن با بە ئاو بڵاوەمان پێ بکەن. با سەگەکانیان بەکار بێنن. لە جێی خۆمان نابزوین. خوایە لێیان خۆشبە".

ڕەنگە ئەوە هەستی پۆڵ کونوری بزواندبێ، چونکە ڕێگەی بەزنجییەکان دا هێڵی هێزەکانی پۆلیس تێپەڕێنن و نێزیکەی ١٥ خولەک لە گۆڕەپانێکی نێزیک گرتووخانەی شارەکەدا بەسەر بەرن و لەوێدا نوێژیان کرد و سروودی ئاینییان بەگوێی سەدان خۆپێشاندەری گیراو لە ناوەوەدا چرپاند. پاش ئەوە گەڕانەوە بۆ کەنیسە و رایان گەیاند ڕۆژی دووشەمە کوڕەکان خۆپێشاندان دەکەن[١١٠].

ساڵی ١٩٦٣ لە کاتی خەباتی بوودییەکان دژ بەدەسەڵاتی دییم، وەک ناڕەزاییەکی ڕەمزی دژی حکوومەت، بابی کاسۆلیکی کاو ڤان لوان سەرۆکی زانکۆی هیوی، بەمەبەستی نوێژکردن پێشی قوتابیان کەوت بۆ پەرستگەی تودامی بوودی[١١١]. بوودییەکان لە هیوی و کوانتری (باشووری ڤێتنام) لە حوزەیرانی ١٩٦٦ لە ناوەڕاستی شەقامەکاندا قوربانییان سەردەبڕی و سرووتی

ئاینییان ئەنجام دەدا، ئەمە لە کاتێکدا هێزەکانی حکوومەت بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی شارەکە دەیانویست ئازادیی جموجوڵ لە شەقامەکان قەدەغە بکەن[١١٢]. تیچ نات هان گواستنەوەی قوربانیکردنەکان بۆ شەقامەکان بەمەبەستی ڕێگرتن لە پێشڕەویی تانکەکان لەلایەن ماڵباتەکانەوە بەکارێک دادەنێ کە "کارەساتبارییەکەی کەمتر نییە لە خۆ بەقوربانیکردنەکەی ڕێزدار تیچ کوانگ".

بە رای تیچ، گواستنەوەی ڕێوڕەسمی سەربڕین بۆ شەقامەکان لەلایەن ماڵباتەکانەوە، "بەکارهێنانی بەها نەریتی و هاوسەنگەکان لە بەرامبەر توندوتیژی و بەربەریەت بەرجەستە دەکا"[١١٣]. هەروەها ڕەگەزی کارتێکردنی سایکۆلۆجیی تێدا دیارە. لەو ساڵەدا بۆ دەربڕینی ناڕەزایی لە جەنگ، نوێژ لە سەرتاسەری ڤێتنامدا ئەنجام درا و گوتراوە کە ئەو هەنگاوە "کاریگەریی مەزن"ی هەبووە[١١٤].

لە ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٦٦ پاش تەواوبوونی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پیران، دوازدە ئەندامی کویکرز لە هۆڵی میوانان لە تەلاری ئەنجوومەنی پیرانی ئەمەریکا دیدارێکی ئاینیی کپیان ئەنجام دا، بۆ نوێژکردن و خواپەرستی بەمەبەستی ناڕەزایی دەربڕین لە نەجووڵانی ئەنجوومەن لە کاتێکدا توندوتیژی لە باکوری ڤێتنام تا دەهات زیادی دەکرد. لە ئەنجامی کۆبوونەوەکەدا کە دوو سەعات و نیوی خایاند، بەهۆی ئەوەی هۆڵەکەیان گرتبوو و گوێیان بەفەرمانی چۆڵکردنی نەدا، دەستگیر کران[١١٥].

لە کاتی مانگرتنە گەورەکەی ڕووسیا کە شۆڕشی ڕووسیا لە ساڵی ١٩٠٥ ڕای گەیاند، قوتابیانی نەوجەوان بەشێوەیەکی نێزیک لەو شێوەیەی لە سەرەوە باس کرا گوزارشتیان لە ناڕەزاییی سیاسییان کرد، بەڵام شێوازەکەیان تا ڕادەیەک جیاواز بوو:

"تزارسکوی سیلۆ، ئەو شارۆکە بچووکەی بەتەواوی لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتدا بوو، ئەویش ڕۆژی خۆی هەبوو: قوتابیانی قوتابخانەی ناوەندیی ناوەخۆیی مانگرتنیان ڕاگەیاند و چوونە سەر شەقام و قوتابیانی ناوەندیی کچانیش چوونە ریزیان، هەروەها قوتابیانی قوتابخانەی سەرەتایی بە ڕەتکردنەوەی ئەنجامدانی نوێژی بەیانی هەستی خۆیان دەربڕی، کاتێ نوێژیان بۆ دەخوێنرایەوە دەستیان بە فیکە لێدان دەکرد، کە ئەو وەڵامە لە ڕووسیا نیشاندانی بێڕێزییە"[١١٦].

### ٤- پێدانی شتومەکی ڕەمزی

پێدانی شتومەکێک کە هێما بێ بۆ ستەمێک یان بۆ ئامانجێکی دیاریکراو بە بەرپرسانی پێوەندار، ڕێگەیەکە بۆ پێشاندانی بیر و بۆچوونی کەسانی ناڕەزا.

بۆ نموونە لە شیکاگۆ، ڕێکخراوی "دارستان-پشێوی" کە لە ناوچەیەکدا کاری دەکرد زنجییەکانی هەژارەکانی تێدا نیشتەجێ بوون، دەیویست هانی دالی سەرۆکی شارەوانی بدا بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ باری نالەباری هەرێمەکەیان. بۆ ئەو مەبەستە، وەک سول ئەلینسکی لە

ڕاپۆرتەکەیدا باسی دەکا، بڕێکی زۆر جرجیان لەسەر پلەکانەکانی بینای شارەوانی کۆ کردەوە[١١٧].

بۆ دەربڕینی ناڕەزایی دژی ئەو تاقیکردنەوە ناوکییانەی سۆڤیات ئەنجامی دەدان، لە تشرینی یەکەمی ١٩١٦ لە لەندەن، لێژنەیەک کە لە سەد کەس پێک هاتبوون سەدان شووشەی شیریان کۆ کردەوە و بەخەتی سوور لەسەریان نووسی: "مەترسیدار-چالاکیی تیشکی" و لە بەردەم تەلاری باڵیۆزخانەی سۆڤیاتی دایاننان[١١٨].

سەرۆک کنێدی لە ساڵی ١٩٦٣ ئەو بەڵێنەی بەجێ نەگەیاندبوو کە لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەیدا لە ساڵی ١٩٦٠ دابووی بەوەی جیاکاری لە پرۆسەی نیشتەجێکردندا کە حکومەتی فیدراڵی پاڵپشتیی دەکرد، هەڵدەوەشێنێتەوە. جایمس فارمەر جەختی کرد کە زانیاریی باوەڕپێکراو ئاماژە بەوە دەکا فەرمانی ئیداریی لەو بارەوە هەیە کە تیمی کارکردنی سەرۆک ئامادەیان کردووە، بەڵام لە ساڵی ١٩٦١ەوە بەبێ ئیمزاکردن لە نووسینگەی سەرۆک ماوەتەوە. کۆنگرەی یەکسانیی ڕەگەزیش چووە پاڵ هەوڵەکانی سەرخستنی ئەو پرسە. لەو بارەوە فارمەر دەڵێ "بڕوامان وابوو مرەکەبی قەڵەمەکەی سەرۆک وشک بووەتەوە، هەر بۆیە هەزاران قوتووی مرەکەبمان بۆ کۆشکی سپی نارد"[١١٩].

**٥- خۆڕووتکردنەوەی ناڕەزاییانە**

یەکێک لە شێوە کۆن و دەگمەنەکان بۆ دەربڕینی ناڕەزاییی ناتوندوتیژانە - کە سەرلەنوێ زیندوو کراوەتەوە - ئەوەیە خەڵک بۆ دەربڕینی ناڕەزاییی ئاینی یان سیاسییان، خۆیان لە جلوبەرگەکانیان ڕووت دەکەنەوە. لە کاتی داگیرکردنی Quakers بۆ داگیرگە (مستعمرة)ی کەنداوی مەساچوسیتس لە سەدەی حەڤدەم، خاتوو لیدیا وردیل وەک هەڵوێستێکی ناڕەزایی بەڕووتی چووە ناو کەنیسەی نیوبۆری[١٢٠]. باس لەوە دەکرێ ئەندامانی تایفەی "ڕۆڵەکانی ئازادی" کە دوکهۆبرییەکان لە کۆڵۆمبیای بەریتانیایی لە کەنەدا لەوانن، "بەبێ ژمار نمایشیان بەڕووتی ئەنجام داوە". لە هەندێ حاڵەتدا ژنێک لە بەردەم ماڵەکەیدا جلەکانی دادەکەند و ئاگری تێ بەردەدا، ئەویش وەک ناڕەزایی لە دژی دەستوەردانی بێ پەردەی حکومەت، وەک بۆ نموونە دادگاییکردنی مێردەکەی بەهۆی چالاکییەکانی لەناو هێزی بەرگریدا[١٢١].

کاتێ جۆن دیڤنبایکەری سەرۆک وەزیران بەشداریی گردبوونەوەیەکی سیاسیی دەکرد لە ترایل، لە کۆڵۆمبیای بەریتانیایی لە ٢٨ی ئایاری ١٩٦٢، ژمارەیەک ئافرەتی دوکهۆبری کە پیاوەکانیان بەتۆمەتی ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی دەستبەسەر بوون، کۆبوونەوەیەکیان پچڕاند و بەهۆی ئەو "مامەڵە خراپ"ەی لەگەڵ گرووپەکەیان دەکرێ، دەستیان بە گریان کرد و وەک جۆرێک لە دەربڕینی ناڕەزایی جلەکانیان داکەند.[١٢٢]

یەکێک لە حاڵەتەکانی خۆڕووتکردنەوەی ناڕەزایی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ساڵانی

رابردوودا، ئەوە بوو ژمارەیەک لە لاوانی سەر بەبزووتنەوەکانی نارەزاییی کۆمەڵایەتی و رەتکردنەوەی جەنگ، لە ٥ی شوباتی ١٩٦٩ لە بەردەم گرینڵ کۆلێدج، ئەیوا پێی هەستان و لەو کاتەی یەکێک لە نوێنەرانی گۆواری "بلای بۆی" گوتاری دەدا، وەک نارەزایییەک لە دژی "ورووژاندنی سێکس لە گۆوارەکەدا نواندنێکیان بەرووتی پێشکێش کرد"[١٢٣].

## ٦- لەبەینبردنی شتە تایبەتەکانی خۆ

یەکێک لە رێگە نائاسایییەکانی نارەزاییی ناتوندوتیژانە ئەوەیە کەسێک پەنا بۆ لەبەینبردنی شتە تایبەتەکانی خۆی ببا لە پێناو دەرخستنی توورەییی خۆی لە دۆخێکی دیاریکراو. لەبەرئەوەی لەبەینبردن یاخۆ تێکشکاندن لەوانەیە مەترسیدار بێ، هەر بۆیە هەمووان لە شوێنەکە دوور دەخرێنەوە تا کەس ئازاری پێ نەگا.

لە ئەمەریکا، کۆڵۆنیستە نیشتمانییە بەرایییەکان بە ئاشکرا ئەو نامانەیان لەناو دەبرد کە ناوەرۆکە سیاسییەکانیان بەدڵ نەبوو. کاتێ بازرگانەکانی نیویۆرک لە تەمووزی ١٧٧٠ بڕیاریان دا پابەند نەبن بەو سیاسەتە گشتییەی کە رێگەی بەهێنانی شمەکی بەریتانیایی نەدەدا، نامەیان بۆ فیلادلفیا و بۆستن دەنووسی و تیایاندا بڕیارەکەیان رادەگەیاند. "کاتێ وێنەیەکی ئەو نامانە گەیشتنە پرینستۆن، جایمس مادیسۆن و هاورێکانی جلی رەشیان پۆشی و بەرێزەوە لە دەوری "جەلاد"ێک کۆ بووبوونەوە کە نامەکەی دەسووتاند، بەدەم ئەوەیشەوە زەنگی پەیمانگەکە زەنگێکی خەمناکی لێ دەدا"[١٢٤]. لە بۆستن بازرگانەکان لە هۆتێلی فاینویل کۆ بوونەوە و بەکۆی دەنگ بڕیاریان دا نامەکەی نیویۆرک "پێویستە بە رق و توورەییەوە بدڕێنرێ و فڕێ بدرێ، لەبەرئەوەی شایستەی هیچ بایەخپێدانێک نییە، هەر وایش کرا"[١٢٥].

وەک هاوهەڵوێستییەک لەگەڵ ئەو جموجۆڵەی بۆ جێبەجێکردنی سزای ئابووری دژ بە ئینگلتەرا دەستی پێ کردبوو، بازرگانانی چارلستۆن، کارۆلینای باشوور، کۆمەڵەیەکیان بۆ قەدەغەکردنی بەکاربردنی چای هیندی لە یەکی تشرینی دووەمی ١٧٧٤وە دامەزراند، جا ئاخۆ رسوماتی هاوردەکردنەکەی درابێ یاخۆ نا. هەر بەهاندانی بازرگانەکان قوتابیانی قوتابخانەکان هەڵمەتێکی کۆکردنەوەی چایان لە ماڵەکان ئەنجام دا و لە ٥ی تشرینی دووەم، کە رۆژی پیلانی بارووتەکە بوو، لە ئاهەنگی یادی ساڵوەگەڕی هەوڵی تەقاندنەوەی تەلاری ئەنجوومەنی پەرلەمان لە لەندەن، چاکەسیان سووتاند[١٢٦]. لە ٢ی ئاداری ١٧٧٥ لە بروڤیدانس، دوورگەی رود، لە دووەم رۆژی جێبەجێکردنی قەدەغەکردنی یەکجارەکیی بەکاربردنی چا، ئاگر لە ٣٠٠ رەتڵ (ی ئینگلیزی) چا کە لە ماڵەکان کۆ کرابووەوە، بەردرا[١٢٧].

لە شوباتی ١٧٧٥ لە هەرێمی کەنداوی ماساچوستیس، کۆڵۆنیڵ لیزلی کە ئەفسەرێکی بەریتانیایی بوو، بە دەریادا لە بۆستنەوە چوو بۆ ماربلهید بۆ گێڕانەوەی ژمارەیەک تۆپ کە کۆڵۆنیستەکان بەمەبەستی چاککردنەوەیان بردبوونیان بۆ "سالم":

"کەتیبەکە بەرەبەیانی ڕۆژی یەکشەم بەسەلامەتی لەسەر وشکانی دابەزی، بەڵام لەگەڵ گەیشتنی هەواڵەکە بە نێزیکترین نوێژگە، نوێژکەران هاتنە دەرەوە و لە نێزیک ڕێڕەوێکی ئاو کە ڕێگەی لە کەتیبەکە دەبڕییەوە خۆیانیان دامەزراند و ڕێگەیان نەدا پردە بزۆزەکە دابەزێنرێ، کاتێ لیزلی هەوڵی دا دەست بەسەر چەند کەشتییەکدا بگرێ، خاوەنەکانیان هەستان بە نوقمکردنیان. سەربازەکان بە ڕمەکانیانەوە هێرشیان کردە سەر خەڵکەکە و هەندێکیان بریندار کرد..."[128].

یەکێک لە گرووپەکانی سەر بەتایفەی ئاینیی دوکهۆبەر، بەسووتاندنی ماڵەکانیان وەک نارەزایی بەرامبەر یاساکانی حکوومەت یان سەرکوتکردنی چالاکییەکانی بەرگری، بەناوبانگن[129].

لە ساڵی ١٩١٨ و ١٩١٩ چەند ئافرەتێکی سەر بەحزبی ئافرەت (کە داوای مافی دەنگدانی ئافرەتانی دەکرد) گوتارەکانی سەرۆک ویلسۆن لە واشنتۆنیان سووتاند بەپاساوی ئەوەی، ئەو بەرگری لە ئازادی و دیموکراسی دەکا بەڵام هەموو کۆششی خۆی لە پێناو بەخشینی مافی دەنگدان بە ئافرەتان ناخاتە کار[130].

حاڵەتی تری کاری ڕەمزیش هەن، لەوانە سووتاندنی جلوبەرگی هاوردە لە کاتی خەباتی ناتوندوتیژانە لە هیندستان "وەک گوزارشت لە ڕەتکردنەوەی پشتبەستن بە دەوڵەتانی بیانی و سووربوون لەسەر بنیاتنانی نیشتمانێکی ئازاد و خۆبەس"[131].

هەروەها لەوانە تێکشکاندنی پەیکەری ستالین لە بۆداپێست لە کاتی شۆڕشی هەنگاریدا[132].

ئەم ڕێگەیە لەوانەیە لە هەندێ حاڵەتدا لەبەینبردنی هەندێ بەڵگەنامەش لەخۆ بگرێ کە حکوومەت یان ڕێکخراوێک پێشکێشیان دەکا و داوا لە کەسەکان دەکرێ بیانپارێزن یان بۆ ماوەیەکی زۆر هەڵیان بگرن، وەک مۆڵەتنامەکان و ئەنکێتی ئەندامیەتیی حزبی و پاسپۆرت و ناسنامە و تۆماری بەسەربازکردنی زۆرەملێ (التجنید الاجباري). ئەم شتانە لە واقیعدا بەموڵکی ئەو کەسانە دادەنرێ کە بەدەستیان دێنێ، بەڵام لە ڕووی یاساییەوە هی حکوومەت یان حزب یان هەر دەستەیەکی ترن.

ساڵی ١٩٦٠ پاش دەستپێکردنی هەڵمەتی کۆنگرەی گشتیی ئەفریقیایی دژ بەیاسای مۆڵەتنامەی هاتوچۆ لە باشووری ئەفریقیا، داوای لە کۆنگرەی نیشتمانیی ئەفریقیایی ڕکابەری کرد مۆڵەتنامەکان بسووتێنێ. ئەلبێرت لوتۆلی باسی ڕووداوەکە دەکا و دەڵێ "چیی تر حەز ناکەین کۆت و زنجیرەکانمان لە ماڵدا بهێڵینەوە، بگرە بڕیارمان دا خۆمانی لێ ڕزگار بکەین. من کارتەکەی خۆمم سووتاند، هەروەها کەسانی تریش بەهەمان شێوە کارتەکانیان سووتاند، ئاگرەکە تا دێ کڵپە دەسێنێ"[133].

لە ١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٥ لە کاتی گردبوونەوەیەکی گەورەی ئەوانەی دژ بەجەنگ بوون لە دەرەوەی سەنتەری سەربازیی بەسەربازکردن لە شاری نیویۆرک، لاوێک لە بەرچاوی ژمارەیەک لە هێزەکانی ئاسایشی فیدراڵی سەربازنامە (دەفتەر خدمە)کەی خۆی سووتاند[134]. ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز بڵاوی کردەوە لە کاتی ئەو کۆبوونەوانەی لە ١٦ی ئابی ١٩٦٧ لە سەرتاسەری

ولاتدا بۆ رەتکردنەوەی جەنگ لە ڤیتنام بەڕێوە چوون، لە فیلادلفیا پێنج لاو سەربازنامەکەی خۆیانیان سووتاند، هەروەها ٦٧ لاوی تر لە کەنیسەی ئارلنگتۆن ستریت لە بۆستن سەربازنامەکانیان سووتاند، لە لۆس ئەنجلسیش لانی کەم ٨ لاو سەربازنامەکانی خۆیانیان سووتاند. هەروەها ڕاپۆرتەکان باسیان لەوە کرد لەم شارەی دوایی ژمارەیەک شەڕوانی دێرینیش بڕوانامەی کۆتاهاتنی خزمەتی سەربازیی خۆیانیان سووتاندووە.

ژمارەیەکی زۆر سەربازنامە لە سەرانسەری ولاتەوە بۆ نووسینگەکانی سەربازگرتن یان بۆ بریکارە رەسمییەکان لە ولاتە یەکگرتووەکان گەڕێنراونەتەوە[١٣٥].

### ٧- رووناکیی رەمزی

زۆرجار مەشخەڵ و چرا و مۆم لە کەژاوە و رێپێوانەکانی ناڕەزاییدا بەرز دەکرێنەوە. هەندێ جاری تریش لە وێنەی تری چالاکیی ناڕەزاییدا بەکار دێن.

لە ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٥٣ لە باشووری ئەفریقیا لە ساڵوەگەڕی هەڵمەتی گژبەرییەی ساڵی ١٩٥٢دا، سەرکردەی کۆنگرەی نیشتمانیی ئەفریقیایی ئەلبێرت لوتۆلی داوای لە ئەفریقیایی و هاوپەیمانەکانیان کرد ئاگر بکەنەوە یان مۆم و چرا لە بەردەم ماڵەکانیاندا دابگیرسێن "وەک هێمایەک بۆ ئەو رووناکیی ئازادییەی کە مکوڕین بە زیندوویی لە دڵەکانماندا بیپارێزین، هەروەها وەک ئاماژەیەک بۆ دۆستانی ئازادی کە پێیان بڵێین ئێمە بەدرێژاییی ئەمشەو بێدار دەبین"[١٣٦].

جان پالاش پاش سێ رۆژ لە خۆسووتاندنی وەک ناڕەزایی لە دژی داگیرکردنەکەی سۆڤیات، لە ١٩ی کانوونی دووەمی ١٩٦٩ کۆچی دوایی کرد. بەو بۆنەیەوە ژمارەیەک لە لاوان لەژێر رۆشناییی مۆمدا رێپێوانێکیان بۆ شوێنی رووداوەکە لە گۆڕەپانی وینسیلاس لە پراگ ئەنجام دا. بەبێدەنگی ئالای رەش و ئالای سوور و سپی و شینی چیکۆسلۆڤاکیان بەرز کردبووەوە و بەرەو ئەو نافوورەیە دەچوون کە دەکەوتە گۆڕەپانەکە و پالاش خۆی تێدا سووتاند و دەکەوتە بەردەم تەلاری مۆزەخانەی نیشتمانی کە هێشتا شوێنەواری گوللەکانی سۆڤیاتی پێوە مابوو.

ئەلڤین شوسترە لە ڕاپۆرتەکەیدا بۆ نیویۆرک تایمز دەنووسێ: "سەدان کەس بە خەمناکی دەوری نافوورەکەیان دا، هەندێکیان مۆم و تاجە گوڵینەیان لە تەنیشتی دادەنا، هەندێکیشیان لە دووریی ٥٠ یاردە لە دەوری پەیکەری ونسیلاس کۆ بوونەوە، کە بە یادگارییەکی ناڕەسمی دانراوە بۆ ئەو کەسانەی لە داگیرکردنەکەی ئابدا گیانیان لەدەست دا. پەیکەرەکە خۆیشی بە مۆم رووناک بووبووەوە"[١٣٧].

# مارتن لۆتەر کینگ
# بزووتنەوەی مافەکانی خەڵک

کۆمەڵێ نووسەر

## بەشی یەکەم

" پێویستە فێر بین بەیەکەوە وەک برایان بژین
دەنا هەموومان پێکەوە گێلانە دەمرین" .
مارتن لۆتەر کینگ

### مارتن لۆتەر کینگ .. لە خەونەوە بۆ ڕاستی

لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا یادی مارتن لۆتەر کینگ بە دروستکردنی یادگاربەندی و بەناویەوە ناونانی باخچە گشتییەکان و شەقامەکان، تەنانەت بە جاڕدانی ڕۆژی لەدایکبوونی، کە پازدەی کانوونی دووەمە بە " ڕۆژی پشوو " . هەر لە ساڵی ١٩٨٦یشەوە ناوی کینگ لە لیستی ناوەکانی پیاوە گەورەکانی ئەمەریکا دانرا لە تەک کریستۆفەر کۆلۆمبس و جۆرج واشنتۆن و ئەبراهان لینکۆڵن. سەرەڕای دژایەتیی بەهێز، ڕۆناڵد ریگن توانی بڕیار لەسەر تۆمارکردنی مارتن لۆتەر کینگ بدا لە ڕۆژمێری بۆنەکاندا . ئەمەش لەوانەیە بەبایەخیی ئەم پێشەوا ڕەشپێستە ڕەنگ بداتەوە کە جگە لە ساڵانێکی سنوورداری ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا نەبێ نەژیا، بەڵام بەس نییە بۆ تێگەیشتنی تێکڕای پەیامەکەی و تەنانەت ئەو بەهایەی بۆ ناوبانگەکەی دابوو. مارتن لۆتەر کینگ گەلێک ڕێزلێنانی وەدەست هێناوە و ساڵی ١٩٦٤ پاداشتی نۆبڵی بۆ ئاشتی وەرگرتووە، بەڵام بیست و نۆ ساڵ بەند کراوە و لەلایەن دەزگا هەواڵگرییەکانەوە لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا ڕاو نراوە. ئیدگار هۆڤەری سەرۆکی بەهێز لە ( FBI)ی "نووسیگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی" جار لە دوای جار ویستوویەتی ناوی کینگ و خاوێنیی بزڕێنێ و کار گەیشتە ئەوەی بانگەوازی ئەوە بکەن کە

.......................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە



هەواڵنامەی کتێب



مارتن لۆتەر کینگ

"ناپاکی دژی نەتەوە و گەلە ". کینگ ڕووبەڕووی چەندین تاوانبارکردنی وەک خۆدزینەوە لە باج دان و لاڕێیی سێکسی و پارە دزین بووەوە و بووەتە ئامانجی هەڵمەتێکی پڕوپاگەندەی گەورە کە بەوە پەسنیان داوە کە هاتوچۆی قوتابخانەی ئامادەکردنی کۆمۆنیستیی کردووە، کە لە ڕاستیدا قوتابخانەکە قوتابخانەی هایلاندەری میللی بووە، کە دەزگایەکی پێشەنگ بووە لە خەبات لە پێناوی لابردنی ڕەگەزپەرستی و ئاهەنگی جەژنی بیست و پێنجەمینی دامەزراندنی دەکرد. بەردەوام هەڕەشەی ئاراستە دەکرا کە کەسی خۆی و ئەندامانی خێزانەکەشیان دەگرتەوە. ماڵەکەی دووجار وێران کرا و جار لە دوای جاریش دەستدرێژیی کرایە سەر.

کە کینگ هەڵوێستێکی ئاشکرای دژایەتیکردنی جەنگ لە ڤێتنام-ی پەسند کرد، ئەوەش لە ٤ی نیسانی ١٩٦٧دا، یەک ساڵی ڕێک بەر لە تیرۆرکردنی، ڕای گشتیی ئەمەریکایی دابەش بووبوو، هەندێک لە پارێزگاران تاوانیان دایە پاڵ و هەروەها لیبراڵەکان بە ساویلکەیی و گێلی و تەنانەت بە ناپاکییان تاوانبار کرد. گەلێک لەوانەی لە خەباتیدا بۆ مافە مەدەنییەکان لایەنگیرییان دەکرد سەرزەنشتی دەست لە سیاسەت وەردان و هەوڵی تێکەڵکردنی کاروبارییان کرد. دەبێ لە بیر نەکەین کە مارتن لۆتەر کینگ دوژمنی زۆر و بەهێزی هەبوون. ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی بە هەشت ساڵ دوای مردنی ڕێزی لێ نابێت، کەمتر گەرم نەبوو لە بە توندی جەنگ لەگەڵدا کردندا لە ماوەی سێزدە ساڵی چالاکیدا. لە بەردەمی ئەم هەوڵی لە ئامێزگرتنە بایەخدارە گرینگ ئەوەیە بەردەوام بڵێین کە مارتن لۆتەر کینگ بێگومان پەیامبەری ناتوندوتیژی بوو، لە بنەوە کۆمەڵگەی ئەمەریکاییی ڕەت کردووەتەوە. هەروەک گاندی مارتن لۆتەر کینگ ئەو بایەخ و هێزەی سەلماند کە چالاکیی ناتوندوتیژی هەیەتی لە وەرگێڕانی کۆمەڵدا. " کە بەکردەوە خۆم لە تاقیکردنەوەی خەباتدا ناتوندوتیژی بۆ من لە تەنیا ڕێبازێکی بیرمەندیی دڵنیاکەرەوە پتری لێ هات، بووە شێوەیەکی ژیان، گەلێک لەو گرفتانەی لە چوارچێوەی تیووریدا تەماویم لێ دیار بوون لە چوارچێوەی کردەوەدا شیاوی لێکدانەوە بوون"[١]. بەپێی کینگ هەروەک لای گاندیش چالاکیی ناتوندوتیژی بووە دەربڕینێک لە باوەڕگەلێکی فەلسەفی و دینیی قووڵ. پابەندبوون بەم باوەڕگەلە هەریەکەی لەو دوو کەسە پاڵ پێوە نا تا کۆتا خۆیان لە کار بدەن، بەرەو دوورتر لە نیگەرانی و خۆپارێزی و ترس. لە وەڵامی ڕەخنەگەلێکی زۆر کە ئاراستەی کرا و داوای لێ دەکرد هەوڵەکانی لە تێکۆشان لە پێناوی مافە مەدەنییەکان تەرخان بکا و هەر لە دۆزی جەنگ لە ڤێتنامدا گیر نەخوا، کینگ دەڵێ: "بەدرێژی و سەختی جەنگی ڕەگەزپەرستیم کرد تا جوداکردنەوە لە بڕیارە ڕەوشتچاکانەکاندا پەسند بکەم.. داد دابەشکردنی بۆ نییە. زۆرداری لە هەر کوێیەکدا بێ هەڕەشەیە لە دادوەری لە هەموو شوێنێکدا"[٢].

زۆرداری بەلای کینگەوە چەند ناونیشانێکی هەیە: ڕەگەزپەرستی و ڕەگەزایەتی و هەروەها جەنگی ڤێتنام و هەژاری و دواکەوتن. لە جەنگی شێوە جوداکانی چەوسانەوەدا خۆی خستە بەرامبەر ڕژێمە چەوسێنەرەکان، کینگ لە نیسانی ساڵی ١٩٦٨دا ژیانی خۆی بەوە بەخشی.

لەوانەیە ئەوەی تەقەکەی کردووە یەک کەس بێ بەڵام سوور دەزانین لەلایەن دەزگاوە پشتگیریی لێ کراوە. گوللەکەی تەنیا سەرکردەی بزووتنەوەی ناتوندوتیژیی نەکوشت، بگرە قۆناخێکی مێژووییشی لەناو برد. لەنێو هەموو کەسایەتییە دیارەکاندا کە لە پێناوی یەکسانیی ڕەگەزی تێ کۆشاون، مارتن لۆتەر کینگ بەڕوانگەی سیاسیی ڕوونییەوە تایبەتمەندە. هەموو شێوەیەکی پێکهاتن لەگەڵ داواکاران " دەسەڵاتی ڕەش " و داواکارییە دوورەپەرێز و دابەشکارییەکانیان ڕەت دەکاتەوە، مارتن لۆتەر کینگ مەبەستی نەبوو خۆی لە بواری توندوتیژیی شۆڕشگێرانە بدا ئەوەندەی بە جەختەوە بایەخی بە گەڕان بەدوای ڕێگەچارەی تر دەدا بۆ دابینکردنی دادوەری و ئاشتی و ئازادی.

گی بۆبۆلت

## بەشی یەکەم

## خستنە بەرچاوێکی مێژوویی

چەند وێستگەیەک لە ڕیزبەندیی کاتدا

- ١٥ی کانوونی دووەم ١٩٢٩: مارتن لۆتەر کینگ جونیوز لە ئەتلانتا (جۆرجیا) لەدایک بووە.
- ٢٥ی شوباتی ١٩٤٨: م. ل. کینگ کراوەتە قەشەیەکی " مەعمەدان".
- ١٨ی حوزەیرانی ١٩٥٣: کینگ کۆریتا سکۆت دەهێنێ.
- ١٧ی ئایاری ١٩٥٤: بڕیارێک لە دادگەی باڵاوە کە ڕەگەزپەرستی لە قوتابخانە گشتییەکاندا پێچەوانەی دەستوورە.
- یەکی کانوونی یەکەمی ١٩٥٥: ڕۆزا بارکس، بەرگدروویەکی ڕەشە، ئەوە ڕەت دەکاتەوە لە ئۆتۆبەسدا جێی بۆ پیاوێکی سپی چۆڵ بکا.
- ٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٥: یەکەم ڕۆژی مانگرتنی پاسەکان لە مۆنتیگەمری.
- ٣٠ی کانوونی دووەمی ١٩٥٦: تەقینەوەی بۆمبایەک لە ماڵی کینگ و هیچیان زیانیان لێ ناکەوێ.
- ١٣ی تشرینی دووەمی ١٩٥٦: دادگەی بلاّ جاڕی دا قانوونە ناوەخۆییەکان و قانوونەکانی ویلایەتی ئەلاباما کە پێوەندیی بەڕەگەزپەرستییەوە هەیە لەناو پاسەکاندا پێچەوانەی دەستوورە.
- ٢١ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٦: "یەکخستنی" پاسەکان لە مۆنتیگەمری دوای مان گرتنێک کە ٣٨٢ ڕۆژ بەردەوام بوو.
- ١٠ – ١١ی کانوونی دووەمی ١٩٥٧: جاڕدانی دامەزراندنی: کۆنگرەی سەرکردە دیانەکان لە

باشوور (S.C.L.C) و هەڵبژاردنی کینگ بە سەرۆک.

– ٩ی ئەیلوولی ١٩٥٧: دەنگدانی کۆنگریس بۆ یاسای یەکەمی مافەکانی مەدەنی لە " دووبارە ڕێکخستنەوە " و جاڕدانی پێکهێنانی " لێژنەی مافە مەدەنییەکان " و " بەشی مافە مەدەنییەکان " لە وەزارەتی عەدلدا.

– ٢٠ی ئەیلوولی ١٩٥٨: کینگ لەلایەن دەمارگیرێکەوە لە چەند شوێنێکەوە بریندار دەکرێ و خەریک دەبێ بمرێ.

– ٢ی شوبات تا ١٠ی ئاداری ١٩٥٩: بنەماڵەی کینگ لەسەر بانگهێشتنی نەهرۆ روویان لە هیندستان کرد بۆ خوێندنەوەی هۆیەکانی ئەو ناتوندوتیژییەی گاندی بەکاری هێناوە.

– ١٥ی نیسانی ١٩٦٠: پێکهێنانی S.C.C.C یان Snick لێژنەی ڕێکخستنی قوتابیان بۆ ناتوندوتیژی)، ئەویش بۆ ڕێکخستنی هەڵوێستەکانی نارەزایی لەلای قوتابیانی زانکۆی شۆ (رالیە، کارولاینای باکوری) لە تشرینی یەکەمی ١٩٦٠دا لێژنەکە سیفەتێکی هەمیشەیی وەرگرت.

– ١٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٠: لە کاتی بەشداریکردنی مانگرتنێکی ئەتلانتا، کینگ دەستگیر کرا و خرایە بەندیخانە.

– ٤ی ئایاری ١٩٦١: یەکەم کۆمەڵە لە " ڕاگوزارانی ئازادی " لە پێناوی " یەکخستنی " هۆیەکانی گواستنەوەی نێو ویلایەتەکان، لە واشنتۆنەوە دەرچوو. "کۆنگرەی یەکسانیی ڕەگەزی " یان C.O.R.Eسەرپەرشتیی ڕێکخستنی ئەم کۆمەڵەیەی کرد، دوای ماوەیەکی کەم لە جاڕدانی ناقانوونیی ڕەگەزپەرستی لە وێستگەکانی گواستنەوەی نێوان ویلایەتەکان لەلایەن دادگەی باڵاوە.

– ئەیلوول – تشرینی یەکەمی ١٩٦٢: جایمەز مریدیت یەکەم ڕەشە لە زانکۆی میسیسیپپی تۆمار دەکرێ و دادگەی باڵا تۆمارەکەی پەسند کرد و ژمارەیەک لە نوێنەرە فیدراڵییەکان لەگەڵیدا چوونە زانکۆ.

– ئادار – نیسانی ١٩٦٣: چەندین مانگرتن لە پێرمەنگهام دژی ڕەگەزپەرستی.

– ٢٠ی ئایاری ١٩٦٣: دادگەی باڵا جاڕی دا کە قانوونەکانی ڕەگەزپەرستی لە پێرمەنگهام پێچەوانەی دەستوورە.

– ٢٨ی ئابی ١٩٦٣: " کۆڕەوێک بۆ واشنتۆن "، یەکەم کۆڕەوێکی گەورەی یەکگرتوو، سەرکردەکان دیمانە لەگەڵ سەرۆک کەنەدی دەکەن. کینگ وتارە بەناوبانگەکەی " خەونم هەیە "ی پێشکێش کرد.

– ٢٢ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣: تیرۆرکردنی سەرۆک کەنەدی لە دالاس، تەکساس.

– ١٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٤: کینگ پاداشتی نۆبل ـی بۆ ئاشتی لە ئۆسلۆ، لە نەرویج

وەرگرت.

- ٢١ _ ٢٥ی ئاداری ١٩٦٥: کۆڕەوێک لە سیلماوە بۆ مۆنتیگەمری ٣٠٠٠ کەسی تێدا بەشدار بوو، بەپاراستنی سوپا دەستیان بە کۆڕەو کرد، کە گەیشتنە مۆنتیگەمری ژمارەیان گەییبووە ٣٠٠٠٠ کەس.
- ٦ی ئابی ١٩٦٥: سەرۆک جۆنسون بڕیاری سەرۆکایەتیی بۆ مافی هەڵبژاردنی ئیمزا کرد کە ساڵی ١٩٦٥ دەرکرابوو.
- شوباتی ١٩٦٦: خێزانی کینگ گواستییەوە بۆ گەڕەکێکی هەژاری پێستڕەشەکان (غیتتۆ) لە شیکاگۆ.
- ئاداری ١٩٦٦: کینگ بێکارەکانی کۆ کردەوە بۆ نۆژەنکردنەوەی بینا چۆڵکراوەکان. کە خاوەن موڵکەکان بەدووی کەوتن مانگرتنێکی ڕێکخست بۆ نەدانی کرێ.
- ١٦ی ئایاری ١٩٦٦: کینگ لە کاتی خۆپێشاندانێکی گەورەدا لە واشنتۆن هەڵوێستی ڕەتکردنەوەی جەنگی ڤێتنامی جاڕ دا. پەسند کرا ببێتە سەرۆکی بەشداریی کۆمەڵەی:" پیاوانی ئاینی و عەلمانی کە ڤێتنامیان لا مەبەستە ".
- حوزەیرانی ١٩٦٦: ستۆکلی کارمایکڵ و ویلی ڕیکس (S.N.C.C) بۆ یەکەم جار دروشمی "دەسەڵاتی ڕەش " لە بەردەمی خەڵکدا بەکار دەهێنن.
- ٤ ی نیسانی ١٩٦٧: کینگ لە وتارێکدا هێرش دەکاتە سەر حکوومەت لە ڤێتنام.
- هاوینی ١٩٦٧: ئاژاوەی ڕەگەزپەرستانە لە شارەکانی باکوردا.
- ٢٧ی تشرینی دووەمی ١٩٦٧: کینگ لە ماوەی هەڵمەتێکیدا بەرنامەی کاری " کۆنگرەی سەرکردە مەسیحییەکانی باشوور " (S.C.L.C) ڕادەگەیەنێ ئەوەش لە پێناوی ڕاکێشانی ڕای گشتی بۆ گرفتەکانی هەژارانی ڕەش و سپی بە یەکسانی.
- ٣ی نیسانی ١٩٦٨: کینگ لە مەمفیس " تێنیسی " کوتاری " لەبەر لووتکەی چیایەکدا بووم "ی پێشکێش کرد.
- ٤ی نیسانی ١٩٦٨: مارتن لۆتەر کینگ چەند گوللەیەکی بەردەکەوێ کە لە باڵکۆنی ئوتێلی مەمفیس_دا بووە. ئەوەندەی پێ ناچێ لە نەخۆشخانە بە هۆی برینەکانییەوە ژیان بەجێ دەهێڵێ. دوای ماوەیەک جایمز ئێرڵ بە تاوانی تیرۆرکردنی کینگ دەگیرێ.
- ٥ی حوزەیرانی ١٩٦٨: تیرۆرکردنی سیناتۆر ڕۆبەرت کەنەدی _ی پاڵێوراو (کاندید)ی سەرۆکایەتیی کۆمار لە لۆس ئەنجیلۆس.

## خەباتی ناتوندوتیژیی مارتن لۆتەر کینگ

کریستیان دولۆرم

" مارتن لۆتەر کینگ لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا مۆرکی خۆی لەسەر مێژووی بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکانەوە جێ هێشتووە. بەبایەخترینی ئەنجامەکانی خەباتی ناتوندوتیژیی گەیشتنیەتی بەڕاگەیاندنی ناشەرعیبوونی ڕەگەزپەرستی بوو لە ولاتدا ".

مارتن لۆتەر کینگ لە ١٥ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٢٩دا لە ئەتلەنتا، لە جۆرجیا لەدایک بووە. ئەلبێرتا ویلیامزی دایکی، بەر لە شووکردن مامۆستایەکی فێرکار بوو، کچی ئادام دانیال ویلیامزە، کە لە ماوەی حەڤدە ساڵی بەردەوام قەشەی کەنیسەی ئێببەنەزەری مەعمەدانی بووە و لە بەرگریکردنی ڕەگەزپەرستیدا پێشەنگ بووە: وەک ئەندامێک لە " ڕابیتەی نیشتمانی بۆ پێشکەوتنی پێست ڕەنگینەکان"دا لە پێناوی دابینکردنی قوتابخانەیەکی ئامادەیی بۆ ڕەشەکان تێ کۆشاوە و لە بانگهێشتنیدا بۆ ئەوەی لە ڕۆژنامەیەکی ڕەگەزپەرست دابڕێن. باوکی، مارتن لۆتەری باب_یش قەشە بووە و ئەویش بەرپرسێتیی ئەبرەشییەی لە ساڵی ١٩٣١ەوە وەرگرتووە.




مارتن لۆتەر کینگی باوک لەگەڵ کوڕەکەی بەرامبەر کەنیسەی ئیبنزەر مەعمەدانیە

کەواتە مارتن لۆتەر کینگ لە ژینگەیەکی ئارام لەناو بنەماڵەیەکدا پەروەردە بووە، سەربەچینی مامناوەندی بووە. لە پاڵ ئەوەدا زۆر ئاژاوەگێڕ و هەڵچوو بووە، کینگ منداڵییەکی ئارامی تێراو بە ڕەوشتی ئینجیلیی زانیوە. گێتۆ، یان نە دەستکورتیی زانیوە، نە مشک و موور، نە ئەو زەحمەتییانەی وا پێشتریش و ئێستاش بەشی چەند ملیۆنێکی ڕەشەکانی ئەمەریکایە و هەموو هەلەکانی بۆ تەواوکردنی خوێندن بۆ ڕەخساوە.

باوکی، کە کوڕی کرێکارێک بووە لە کێڵگەیەکدا، زانیویەتی چۆن ڕێی خۆی لە کۆمەڵگەیەکدا دەردەکات و پۆستی بەرپرسێکی ڕوحی وەردەگرێ و ژیانێکی مادیی پەسندی ببێ، مارتن لۆتەری کوڕیش هەستی بەوە کرد کە دەبێ ئەمیش سەرکەوتنێکی وەک ئەو بەدەست بهێنێ.

بە ڕاستیش لاوەکە لە سالانی خوێندندا درەوشاوە بوو، ساڵی ١٩٤٤ چووەتە کۆلێجی مورهاوس لە ئەتلانتا بەنیازی ئەوەی نۆشداری یان پارێزەری بخوێنێ. سەرەڕای ئارەزووی باوک و باپیری بیری لەوە نەکردەوە ئەمیش ببێتە قەشە و ئەو

هەڵچوونە زیادەڕۆیەی دەیبینی باڵی بەسەر ئەو کڵێسانەدا کێشابوو کە بۆ ڕەشەکان تەرخان کرابوو بەدڵی نەبوون بەڵام ئاستی فێرکاریی هەندێک لەو مامۆستایانەی لە ڕستی کەهەنووتیدا بوون بۆی سەلماند کە باڵ بەسەردا کێشانی پیشەی ئاینی دەشێ وەک بیر بەس بێ، کۆتاییی کاروبار ساڵی ١٩٤٧ خستییە سەر گرتنی ئەو ڕێیە، بانگ کرایە بۆ کڵێساکەی باوکی لە ئەتلانتا و بووە یاریدەری قەشە لەو ئەبرەشییەدا.

لە ماوەی درێژەدانی بە خوێندن لە مورهاوس، مارتن لۆتەر کینگ چالاکانە بەشداریی لە "ڕابیتەی نیشتمانیی پێشکەوتنی پێست ڕەنگینەکان " (N.A.A.C.P)دا کرد، کە ڕێکخراوێکە ساڵی ١٩٠٩ دامەزرێنراوە. سەرەڕای ئارامیی ڕێژەیی لەسەر ئاستی مادی، بێگومان بایەخی بەو کەشە نائارامە دەدا کە (زنجییەکان)ی تێدا دەژیان و ویستوویەتی وەک باوکی بارودۆخی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی بگۆڕێ. ساڵی ١٩٤٨ موهاریس ـی جێ هێشت و بەڵگەنامەی لە ئەدەبیاتدا پێ بوو بۆ " پەیمانگەی کرووزی لاهووتی لە تشستیر "، کە یەکێک بووە لە شەش قوتابیی ڕەش لەنێو کۆمەڵێکدا کە لە سەت قوتابی پێک هاتبوو. ساڵی ١٩٥١ بەڵگەی دەرچوونی لە لاهووت وەرگرت و بڕیاری دا درێژە بە لێکۆڵینەوەکانی بدا لە زانکۆی بۆستن، لە پاڵ بەردەوامی لە وانەکانی فەلسەفە لە زانکۆی هارڤارد. لە ١٩٥٣ەوە کاتی بۆ ئامادەکردنی نامەیەک تەرخان کرد بە ناونیشانی: " بەراوردێک لەنێو چەمکی خوا لەلای پۆڵ تیلیش و هێنری نیلسن ویمان ـدا ". لە حوزەیرانی ١٩٥٥دا پلەی لاهووتی بەبەرنامە وەرگرت.

کینگ ڕۆشنبیرییەکی قووڵی بووە و کاریگەریی والتەر ڕۆشنبوش –ی زانای لاهووتی " کۆمەڵایەتی "ی بەسەرەوە بووە، هەروەها کاریگەریی هێنری ـ دێڤید تۆرۆ و هیگڵ و تبلیش و گاندی –شی بەسەرەوە بووە. خۆی بە " شەخصانی "personalism دادەنا و هیچ گومانێکی لەوە نەبووە کە کڵێسا دەبێ دەورێکی کاریگەر لە دابینکردنی دادوەریی کۆمەڵایەتیدا ببینێ. هەروەها مارکس ـیشی خوێندەوە، ئەمەش کارێک نەبوو لەو قۆناخەدا بەئاسانی لە وڵاتە یەککگرتووەکاندا پەسند بکرێ. ساڵی ١٩٥٢ مارتن کۆریتا سکۆت ـی گۆرانیبێژ و پسپۆری زانستی پەروەردەناسی و لە ١٨ی حوزەیرانی ١٩٥٣دا مارەیان بڕی و لە ئەیلوولی ١٩٥٤دا ڕوویان کردە شاری مۆنتیگەمری " ئەلاباما " بۆ نیشتەجێبوون، کە پەنجا هەزار لە ڕەشەکان و هەشتا هەزار لە سپییەکانی تێدا دەژین، کە کینگ جێی " قەشەیەکی بەرگریکار "ی گرتەوە بە چاودێریی یەک لە کڵێسا مەعمەدانییەکاندا کە زۆربەی لایەنگیرانی لە بنەماڵە دەوڵەمەند و ڕۆشنبیرەکان بوون.

## دابڕینی پێوەندی لە مۆنتیگەمری

لە ١٧ی ئایاری ١٩٥٤دا دادگەی باڵا لە وڵاتە یەککگرتووەکاندا بڕیارێکی دەرکرد دەقی ئەوەی تێدا بوو کە لە بواری پەروەردەدا کە مافێکی بنچینەییی مرۆڤە، ڕەگەزپەرستی " جوداوازیی ڕەگەزی " پێچەوانەی دەستوورە. بڕیارەکە وەک ڕووداوێکی بەبایەخ بەشداریی لە کردنەوەی کەلێنێک کرد لە

دیواری کـینەی ڕەگـەزپەرسـتـیی ڕەگ داکـوتـاودا، بەڵام ئاوێتـەبوون " الاندمــاج " هێـشــتــا دوورەدەست بوو بەتایبەتی لە ویلایەتەکانی باشووردا. کینگ بە پێویستی بینی سـەرنجی ڕۆڵەکانی ئەبرەشییەکەی بۆ گرفتەکانی گەلی ڕەش ڕابکێشێ و هانیان بدا بزانن سوود لە مافە مـەدەنیـیـەکـانیـان وەربگرن، بۆیە لە مـاوەیەکی کـورتدا لێژنەیەکی بۆ کاری کۆمەڵایەتی و سیاسی پێک هێنا و بانگی کـردن بچنە پاڵ " ڕابیـتـەی نیـشـتـمـانی بۆ پێشکەوتنی پێست ڕەنگینەکان " کە تا ڕادەیەکی زۆر هاوبەشـیی بگۆڕێ. دەرچوونی بڕیاری دادگـەی باڵادا کـرد، بەڵام لە یەکی کـانوونی یەکـەمی سـاڵی ١٩٥٥دا کارێک هاتە پێشەوە وای لێ کرد پیشەکەی بگۆڕێ.



مارتن لۆتەر کینگی و کووریتای خێزانی

لەو ڕۆژەدا ئافرەتە بەرگدرووەکی ڕەش کە پەنجا ساڵی تەمەن بووە و ناوی خاتوو ڕۆزا بارکس بووە ئەوەی ڕەت کردووەتەوە جێی خۆی لە ئۆتۆبیسدا بۆ پیاوێکی سپی چۆڵ بکا، هەروەک قانوون لە ئەلاباما تۆماری کردبوو. پۆلیس تێکەڵ بوو و یایەکە دەستگیر کرا کە خەریک بووە بخرێتە بەندیخانەوە بەڵام یەک لە شاهێتەکان یەکسەر دەستپێشخەریی کرد و کەفالەتەکەی بۆ دا. کە مارتن لۆتەر کینگ بەوەی زانی و لەگەڵ ڕالف ئەبرناتیی برادەرە قەشەکەی هەر ئەو شەوە بڕیاریدا کۆبوونەوەیەک لە کڵێسادا ساز بدەن، هەموو ئەوانەی کاریان بەدەستەوەیە لە ڕەشەکانی کۆمەڵگەی مۆنتیگەمریدا: لە قەشەکان و پارێزەران و پزیشکان و ئەوانەی سەر بە سەندیکاکان بگرێتە خۆ... ئەندامی سەندیکایەک پێشنیازی بەکارنەهێنانی ئۆتۆبیسی کرد و دوای گفتوگۆ ئامادەبووان پەسندیان کرد. دەبوو قەشەکان لە پشووی یەکشەمەیەکدا بڕیارەکە ڕابگەیەنن و بڕیاریش درا بڵاوکراوەیەک بەسەر ڕەشەکاندا دابەش



لە ساڵی ١٩٥٨ پیاوانی پۆلیس دەستیان گرت بەسەر مارتن لۆتەر کینگ بەتۆمەتی هەڵاتن لە مۆنتیگەمری



خێزانی کینگ لە ئەتلانتا، جورجیا، یووکی و بانی لەملاولای کووریتا، مارتن و دیکستەر و مارتی و وێنەی گاندی بەسەر دیوارەوە دیارە.

بکرێ و داوا بکا ڕۆژی دووشەمەی ٥ی کانوونی یەکەم سواری ئۆتۆبیس نەبن، ئەگەر بۆ چوونە سەر کار یان چوونە قوتابخانە یان بۆ ناوەندی شار بێ.

سەرلەبەیانیی دووشەمە نیگەرانییەک هەموو ناوەندێکی گرتەوە: ئاخۆ ڕەشەکان سواری ئۆتۆبیس ببن یان نا؟ ڕەشەکان سواری ئۆتۆبیس نەبوون و پاسەکان تەنیا بە شوفێرەکانیانەوە بە گشت لایەکی شاردا دەسووڕانەوە، چونکە سپییەکانیش لە گیروگرفت ترسان و سوارنەبوونی پاسەکانیان بەباشتر زانی! لە بەرامبەریشدا ئۆتۆمۆبێلە تەکسییەکان پڕ بوون و شەقامەکان بە پاسکیل و ڕێبوار ئاپۆڕە بوو. هەموو ڕێیان دەکرد، تەنانەت ئەوانەشیان کە دەبوو پازدە یان بیست کیلۆمەتریان بڕیبایە بۆ گەیشتنە سەر کارەکانیان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زەردەخەنەیان دەکرد و چەپڵەیان دەکوتی و قسەیان ئاڵوگۆڕ دەکرد. وەک لەشکرێکی پیادە بوون کە بە یەک جار ڕاپەڕیون! پۆلیس ویستی جموجۆڵ ڕابگرێ... بەڵام سەرکردەکان کێن؟

ئەو ڕۆژە فەرمانێک دەرچوو سزای بڕی دە دۆلار بخرێتە سەر یایە بارکس لەبەرئەوەی بە پێچەوانەی قانوونی جوداوازیی ناوەخۆیی هەڵسوکەوتی کردووە. سەرلەئێوارە کۆبوونەوەیەکی ئاپۆرە بەسترا و مارتن لۆتەر کینگ دوای چەند وتارخوێنێک وتاری خوێندەوە، گوتی: ئەوەندەی بەس بێ زۆر و چەوسانەوەمان بەر کەوت، زۆر خۆڕاگر بووین. لە مەزنیی دیموکراتییەت ئەوەیە مافی نارەزایی دەداتە گەل. ئێمەش ئەم مافە بەکار دەهێنین، بەڵام بەبێ توندوتیژی و کینە. خۆشویستنی ئەوی تر دەبێتە دروشممان ". ئامادەبووان چەند جارێک بە چەپڵە و دروشملێدان قسەیان پێ بڕییەوە و هەموو درێژە بە جموجۆڵ دان و درێژکردنەوەی " دابڕان "ی تا لابردنی ئەو جێبەجێکارییانەی سووککەرەوانەی لە ئۆتۆبیسەکاندا بەسەر ڕەشەکاندا دەسەپێنرێ و دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی نوێ بەناوی " ڕابیتەی پێشکەوتنی مۆنتیگەمری "یەوە ڕاگەیەنرا و کینگیش بەسەرۆک دانرا.

بزووتنەوەکە سێسەد و هەشتا ڕۆژ درێژەی هەبوو! بەرپرسان چەندین جار ویستیان پاڵەپەستۆ

بخەنە سەر کینگ بۆ ڕاگرتنی دابڕانەکە. لە ٢٦ی کانوونی دووەمی ١٩٥٦دا بە بیانووی بەزاندنی تیژڕەویی ڕێپێدراو لە ئاژۆتنی ئۆتۆمۆبێلدا دەستگیر کرا. دوای چوار ڕۆژ دەستدرێژی کرایە سەر ماڵەکەی و هێندەی نەمابوو کاردانەوەیەکی توند لەلای ڕەشەکاندا بورووژێنێ و هاتنە کایەی کینگ نەبووایە کە داوای ناوبژیوانیی ئاوەزی کرد. لە ئاداردا تاوانی هەڵسوکەوتی پێچەوانەی ئەو قانوونانەی دابڕان قەدەغە دەکا درایە پاڵ قەشە و حوکمی سەت و چل ڕۆژ زیندانیکردن و غەرامەی بڕی پێنجسەد دۆلاری بەسەردا سەپێنرا. کینگ ئەم کایەی خەباتەی لە کتێبی (خەبات لە پێناوی ئازادیدا Combats pour La Liberteدا گێڕاوەتەوە.

لە ماوەی چەند مانگێکدا ڕەشەکان پتر لە هەموو کاتێکی ڕابردوو یەکیان گرتبوو و دەستیان بە هاوکاری کردبوو بۆ دابینکردنی هاتوچۆی بە خۆڕایی بە ئۆتۆمۆبێلی تەکسی کە ڕۆژانە چل و دوو هەزار کەسی دەگواستەوە، یانیش پشتگیریی یەکترییان دەکرد کە ڕێ بکەن و ئامادەی ڕێتێچوونی دەستگیرکردنی هەر دەم و ساتێکیان، کۆمپانیای ئۆتۆبیس کە نزیک بوو لە لاتبوون بڕیاری لابردنی جێبەجێکارییە ڕەگەزپەرستانەکانیان کرد. بەڵام کایەکە تەنیا بەم سەرکەوتنە کۆتایی نەهات: لە تشرینی دووەمی ١٩٥٦دا دادگەی باڵا ڕای گەیاند کە ئەو قانوونانەی بەبەرچاوەوە گرتنی ڕەگەزپەرستیی لە هۆیەکانی گواستنەوەدا دەسەپێنێ پێچەوانەی دەستوورە. لە ٢١ی کانوونی یەکەمەوە ڕەشەکان لە توانستیاندا بوو سواری ئۆتۆبیسەکان بن هەر بەو مەرجانەی بۆ سپییەکان هەبوو، ئەوەش بەپێی دەقی قانوونی ڕەتکەرەوەی ڕەگەزپەرستی، بەگوێرەی ڕەشەکان سەرکەوتنەکە لە ئاستی دەست بەسەر پاستیلدا گرتن بوو!.

## فراوانبوونی جموجۆڵەکە

لەوساکەوە مارتن لۆتەر کینگ بووە پێشەوای نیشتمانیی بزووتنەوەی بەرگری، لە کانوونی دووەمی ١٩٥٧دا پێشەوایانی ڕەشەکان لە دە ویلایەتی باشوورەوە کۆ بوونەوە بۆ پێکهێنانی ڕێکخستنێک ناوی لێ نرا: " کۆنگرەی سەرکردە کریستیانەکان لە باشوور " و کینگ –یان بە سەرۆک بۆ هەڵبژارد. کۆنگرە دەستی بەچالاکی کرد بە لێکۆڵینەوە لە پیادەکردنی جیاکاری لە هۆیەکانی گواستنەوە لە شارگەلی جودا جودا سەرەڕای قانوونی نوێ و چۆنیەتیی گەیشتنە بڕیاردانی مافی ڕەشەکان لە هەڵبژاردنەکاندا.

کینگی پێشەوای هەرە دیار لە بزووتنەوەی ڕەشدا، لە ١٩٥٧دا لە چەندین هەڵمەتدا بەشداریی کرد و دەیان هەزار کیلۆمەتری بڕیو دووسەد و هەشت وتاری پێشکێش کرد.

ناوی " مووسای نوێ " و " گاندیی نوێ "یان لێ نا. لە هەموو وتارەکانیدا بەردەوام ئاماژەی بە بەرگری لە مافە مەدەنییەکان دەدا و لە پێناوی بەدەستخستنی ئەم مافانە پێویستە ڕەشەکان دەست بە ڕێز لەخۆگرتن بکەن. لێرەدا وەک بەڵگەی جەماوەریی بەرەو زیاترچووی کینگ دەڵێین (کوام نیکرۆما) لە ئاداری ١٩٥٧دا بانگهێشتنێکی ئاراستە کرد بۆ بەشداربوون لە ئاهەنگەکانی

سەربەخۆیی گانا.

لە گەڕانەوەیدا لە ئەفریقیاوە، هەر دەە ڕێکخراوە تێکۆشەرەکە: " کۆنگرەی سەرکردە کریستیانەکانی باشوور " (S.C.L.C) و " ڕابیتەی نیشتمانی بۆ پێشکەوتنی ڕەنگدارەکان " (N.A.A.P) بڕیاریان دا لە واشنتۆن لە ١٧ی ئایاری ١٩٥٧دا خۆپێشاندانێک ڕێک بخرێ وەک ئاهەنگی سێیەمین ساڵوەگەڕی بڕیاری دادگەی باڵا بەلابردنی ڕەگەزپەرستی لە قوتابخانەکان. لە نێوانی بیست و پێنج هەزار و سی هەزار کەس لە ڕەشەکان و چەند کەسێکیش لە سپییەکان لە بەردەمی پەیکەرەکەی لینکۆڵن ـدا کۆ بوونەوە و گوێیان لە وتارخوێنان گرت جەختیان لەسەر کۆتاییهاتنی ڕەگەزپەرستی کرد و کینگ ـیش تەوەری ڕێزلێگرتن و گەرموگوڕی بوو، دوای نزیکەی مانگێک نیکسن ـی جێگری سەرۆک پێشوازیی لێ کرد لەگەڵ ڕالف ئەبدناشی. لە ٢٣ی حوزەیراندا سەرۆک ئایزنهاوەر پێشوازیی لێ کرد و لە هەردوو بۆنەکەدا لە بەڵێنی ئاڵۆز بەولاوە بەدەرکردنی قانوونێک مافی هەڵبژاردن بدرێ بە ڕەشەکان هیچی تریان دەست نەکەوت، بەڵام بێ ئەوەی، بە هیچ شێوەیەک بشێ ڕاستەوخۆ جێبەجێ بکرێ. شێوەی قسەی کینگ توند و سوور بوو.

لە ئەیلوولی ١٩٥٨دا، لەو مانگەدا کە کتێبی " خەبات لە پێناوی ئازادی "یەکەی تێدا بڵاو کرایەوە هەندێک لە تاکەکانی پۆلیس سووکایەتییان بە کینگ کرد و هەڵسوکەوتی دڕندانەیان لەگەڵدا کرد و دەستگیریان کرد. بەڵام ناسراوێک کەفالەتەکەی لە جیاتیی دا و یەکسەر ئازاد کرایەوە. دوای ماوەیەک ئافرەتێکی ڕەش هەڵمەتی ناوزڕاندن گەرمی کردبووەوە کە قەشەی بە ئامانج گرتبوو و مەبەستی ئەوە بوو بڕوا بەخەڵک بهێنێ کۆمیۆنیستە و بە کەرتە کاغەزێکی تیژ لە سینگی دا و، سەرە کەرتەکە لای خوێنبەریدا وەستا و کینگ بە شێوەیەکی سەرسوڕمێن ڕزگاری بوو لە کاتی سارێژبوونەوەی برینەکانیدا بانگهێشتنێکی لە نەهرۆ وەرگرت، لەگەڵ هاوسەریدا ڕووی کردە هیندستان بۆ ئەوەی شوێنپێی گاندی هەڵبگرێ.

پێشڕەویی بەرەو یەکسانیی ڕەگەز زۆر لەسەرخۆ ڕۆیی، بە تایبەتی لە باشووری وڵاتە یەکگرتووەکان . نزیکە بگوترێ لە هەموو شوێنێکدا بە هەندێک جێبەجێکاریی هێمایی لێ دەگەڕان، وەک دانانی چەند قوتابییەک لە قوتابخانەیەکی گەورە و بە قوتابخانەیەکی یەکگرتوویان ڕاگەیاند. هەر لەم ڕاستییەوە هێندەی نەماوە توانستی بەرگەکردن لەدەست بدەن، لە ١٩٥٩ەوە موسڵمانە ڕەشەکان دەستیان بە جموجۆڵ کرد، کە شێوەی کینگیان ڕەت کردەوە لە ڕووکردنە ویژدانی ئەمەریکاییە سپییەکان و توندوتیژییان پەسند کرد و ئەمەش بەسەرکردایەتیی ئەلیجا محەمەد و بەتایبەتیش مالکۆلم ئێکس، ئەو کەسایەتییە دیارەی ڕەشەکانی ئەمەریکا و لە کۆکردنەوەی جەماوەرێکی گەورەی لایەنگیران و بەتایبەتی لە گەڕەکەکانی گیتۆ ڕەشەکان لە شارە گەورەکانی باکور.

لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٥٩دا خێزانی کینگ مۆنتیگەمرییان بەرەو ئەتلانتا جێ هێشت.

چونکە مارتن لۆتەر دوای ئەوەی بەرپرسێتیی سەرکردایەتیی " کۆنگرەی سەرکردە کرستیانەکان لە باشوور " (S.C.L.C) وەرگرت ئیدی پێی نەدەکرا ئەرکە سەرپەرشتیارییەکەی بەجێ بهێنێ.

## " مان گرتن " و " ڕاگوزارییەکانی ئازادی "

مۆنتیگەمری قۆناخی یەکەمی شۆڕشی ڕەشەکان بوو، لە گرینزبۆرۆ قۆناخی دووەم دەستی پێ کرد. لەو شارەی ویلایەتی کارۆلاینای باکوردا، کە یەکێکە لە دەمارگرژترینی جوداخوازیی ڕەگەزیی ویلایەتەکانە لە ئەمەریکا، لە یەکی شوباتی ساڵی ١٩٦٠ چوار قوتابیی ڕەش چوونە چێشتخانەیەکی تایبەت بە سپییان و ڕەتیان کردەوە کە بچنە دەرەوە. یەک لە ئێستگەکانی ڕادیۆ هەواڵەکەی پەخش کرد و دوای ماوەیەک دەیان قوتابی دەستپێشخەریی پشتگیریکردنی هەڤاڵانیان کرد: مانگرتنەکان دەستی پێ کرد و وەک هۆیەک بێ بۆ ئامادەکردنی جەماوەر.

جموجۆڵ فراوان بووەوە و پتر لە سەد شار و حەفتا هەزار ڕەتکەرەوەی گرتەوە. بەشداران کە تووشی سووکایەتی دەبوون بێدەنگ دەبوون، کە لێ دەدران بەرامبەریان نەدەدایەوە، تەنانەت کیژە ڕەشەکانیش لە هێمنیی خۆیان دەرنەچوون کە هەندێک لە لاوە سپییەکان پرچیان ڕادەکێشان و جگەرە هەڵگیرساوەکانیان لە پشتی ملیاندا دەکوژاندەوە. هەموو هەر نوێژیان دەکرد و بە ئارامی خۆیان ڕادەگرت. پۆلیس سەدان کەسیان دەستگیر کرد. مارتن لۆتەر کینگ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە دەستپێکردنی جموجۆڵ بەرپرس نەبوو، بەڵام لە شوێنێکەوە دەچووە شوێنێکی تر بۆ دەربڕینی پشتگیریی بەرگریکاران و ئارەزووی لە بەشداریکردن لە خۆپێشاندانەکانیان و لەگەڵیشیاندا بەرەنگاربوونەوەی ڕێتێچوونی گیران. کینگ هەڵوێستی خۆی بۆ ڕوون کردەوە و گوتی:" بۆ ئەوەی بەرگریی ناتوندوتیژی واتای هەبێ دەبێ بەرەو ئاشتبوونەوە ئاراستە بکرێ. ئامانجی کۆتاییمان خوڵقاندنی کۆمەڵگەیەکی خۆشەویستی و برایانەیە. ئەگەر ڕێچکەکانی ناتوندوتیژی بە گیانی ناتوندوتیژی دەورە نەدرابێ لەوانەیە بچێتە ناو شێوەیەکی توندوتیژەوە". ئەم شێوە تێکۆشانەی دژ بە جوایەزیی ڕەگەزپەرستییە تا دەهات پەلەتر بەشداریی لە ئاوێتەبوون دەکرد لە چێشتخانەکان و ڕۆخ دەریاکان و حەوزەکانی مەلەکردن و کتێبخانەکان و کتێساکاندا...

ساڵی ١٩٦٠ کۆمەڵە لاوێک لە " کۆنگرەی سەرکردەکانی کرستیانەکان لە باشوور " گردبوونەوەیەکی تایبەتیان پێکەوە نا ناویان لێ نا " لیژنەی قوتابیانی ناتوندوتیژی " (S.N.C.C یان Snick)، ئەم گردبوونەوەیە بەشێوەیەکی تایبەتی کاریگەریی ستۆکلی کارمایکڵ -یان بەسەرەوە بوو، دوای نزیکەی پێنج یان شەش ساڵ پەیڕەوی خۆی گۆڕی و لە ڕێی ناتوندوتیژی دوور کەوتەوە. هەر لەو ساڵەشدا تاوانی خۆدزینەوە لە باج دان ئاراستەی کینگ کرا، بێتاوانیی لەم بارەیەوە دەرکەوت و چەسپا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دۆزەکە کاریکی گەورەی لە دەروونیدا جێ هیشت، سووربوونی پێشەوا لەسەر بانگهێشتن بۆ ناتوندوتیژی و هاندانی کەسانی تری پتر بوو و ئەو بانگهێشتنە بووە تەوەری سەرەکیی ئەو وتارانەی زۆربەیانی لە کتێبی "هێزی خۆشویستن



هەواڵنامەی کتێب

"(La force D`aimer)يدا بڵاو كردەوە.

بەر لە كاتی هەڵبژاردنی سەرۆكایەتی بە مانگێك واتە لە تشرینی یەكەمی ١٩٦٠دا كینگ هێشتا لە بەندیخانە بوو، برادەرانی دۆزەكەیان نایە بەرچاوی كاندیدەكان، نیكسن ـی كاندیدی كۆماری ڕەتی كردەوە یارمەتیی بدا، بەڵام جۆن. ف. كەنەدیـی كاندیدی دیموكراتی بایەخی پێ دا و بە تەلەفۆن پێوەندیی بە كۆرینا كینگەوە كرد و ڕۆبەرتی براشی هەوڵی میانبینیی لەلای ئەو قازی (حاكم)ە كرد كە فەرمانی دەستگیركردنی كینگی دابوو، بۆیە گەلێك لە ڕەشەكان پشتگیریی كەنەدیی كاندیدیان كرد، تەنانەت وەك دەڵێن دوو پێوەندیی تەلەفۆنی زۆرینە كزەكەی پێ دا كە سەركەوتنی پێ بەدەست هێنا.

لە ئایاری ١٩٦١ دا، سێزدە ئەندام لە ڕێكخراو ێكی نوێدا كە ناوی" كۆنگرەی یەكسانیی ڕەگەزی " (C.O.R.E).بوو شێوەیەكی جودایان لە كاردا دەست پێ كرد. شەشیان لە سپییەكان بوون و حەوت لە ڕەشەكان و ڕایان گەیاند كە بە ئۆتۆبیس ڕاگوزارییەك دەكەن بۆ چەندین ناوچەی باشوور وەك نارەزاییەك دژی بەردەوامیی جیاوازیی ڕەگەزپەرستانە، ناوی " ڕێبوارانی ئازادی "یان لێ نرا. ڕاگوزارییەكە بیست و پێنج ڕۆژی خایاند. لەو ماوەیەدا زنجیرەیەك دەستدرێژی و ڕووداوی ئاژاوەگێڕی هاتە كایەوە لایەنگرانی جیاوازیی ڕەگەزی دروستیان كرد و پۆلیس هەوڵی وەستاندنیانی نەكرد: لە ڕێبواران درا و پاسگەلێك سووتێنران. حاكمی ئەلاباما لێپرسراویی ڕووداوەكانی خستە ئەستۆی مارتن لۆتەر كینگ و گوتی: "دەشێ قانوون پێی نەكرێ كەسێكی تر ناچار بكا منی خۆش بوێ، بەڵام دەتوانێ ڕێی لێ بگرێ ئازارم نەدا "، بەڵام جموجۆڵەكە لە هێنانەدیی ئامانیدا سەركەوتوو بوو: لە ٢٢ی ئایاری ١٩٦١دا، لێژنەی بازرگانیی نێو ویلایەتەكان ڕای گەیاند كە هەموو شێوەكانی جیاكردنەوەی ڕەگەزی لەناو هۆیەكانی گواستنەوەی سەر ڕێگەكانی نێوان ویلایەتەكان قەدەغەیە.

تێكۆشان بەردەوام بوو، قوتابییە ڕەشەكان لە شاری ئەڵبانی و لە جۆرجیا لە بەهاری ١٩٦١ەوە لە هەڵچووندا بوون. شەقامەكانی شار خۆپێشاندانی گەورە گەورەی دژی جیاوازیی ڕەگەزیی بەخۆوە بینی، كۆتاییان بە دەستگیركردنی سەتان دەهات. یەك لەو كۆمپانیانەی ئۆتۆبیس كە ڕەشەكان خۆیانیان لێ دابڕی لاتبوونی خۆی ڕاگەیاند، بەڵام ئەنجوومەنی شارەوانیی شار ڕەتی كردەوە لە هەڵوێستی خۆی بێتە خوارێ، كینگ بڕیاری بەشداریكردنی شەڕەكەی دا. لە ١٦ی كانوونی یەكەمی ١٩٦١دا دەستگیر كرا، بە تاوانی " ڕێ لە هاتوچۆ گرتن و بەشداریكردن لە خۆپێشاندانێكی ڕێ پێ نەدراودا". دوای دوو ڕۆژ ئازاد كرا، ئینجا دیسان لە ١٠ی تەمووزی ١٩٦٢دا گیرایەوە و لە ١٢ی تەمووز بەردرایەوە چونكە نەناسراوێك پارەی سزای بۆ دا كە سەپێنرابوو. لە ٢٧ی تەمووز بۆ سێیەم جار گیرایەوە " لەبەر دواخستنی هاتوچۆ و تێكدانی ئارامیی گشتی " ئەوەش لە كاتی شەونوێژێك كە لە خانەی شارستانیدا ئەنجام درابوو. لە بەندیخانەدا كە ئەمجارەیان بەرلە ١٠ی ئاب لێی دەرنەچوو. كینگ نووسیویەتی دەڵێ: "كرێكارە

ڕەشەکان کەمترین ڕادەی کرێ وەردەگرن کە حکوومەتی فیدراڵی سەپاندوویەتی، جگە لەوانەی لە دەزگا سەربازییەکاندا کار دەکەن، دیلکردنی ئابوورییانە ئامانجی ئەم جۆرە جوداییە ڕەگەزییەیە"

لەگەڵ بەردەوامیی نەگەڕانەوەی دەسەڵاتەکان، لاوە ڕەشەکان دەستیان بە بەرپەرچدانەوەی دەستدرێژییەکانی پۆلیس بە بەرد و شووشەی بەتاڵ تێگرتنیان. ئاخۆ ئاگری ئاژاوە لە ئالبانیدا هەڵگیرسا؟ کینگ ترسا و.. بڕیاری ڕاگرتنی خۆپێشاندانەکانی دا و شاری جێ هێشت. ئەمە یەکەم جارە کە تێیدا دەبەزێ. ئەمەریکاییە ڕەشەکان تووشی سەرسامی هاتن و بۆ ساتێک وا زانرا کۆتایی ناتوندوتیژییە.

## منداڵانی پێرمەنگهام

قەشە درکی بەو سنوورە مرۆییانە کرد کە چڕیی خەڵک بەسەر خەونەکانیدا دەسەپێنن، بەڵام بەزینەوەکەی ڕانەگەیاند. ماوەیەک ڕاما و هێزەکانی گەڕاندەوە و لە ١٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٢دا کەنەدیی سەرۆکی کۆمار لە کۆشکی سپیدا پێشوازیی لێ کرد کە وتارێکی پێشکێش کرد کاری هەورەتریشقەیەکی هەبوو تێیدا گوتی: "میلەکانی کاتژمێری مێژوو خەریکە نیوەشەو ڕادەگەیەنێ، لەسەر سەرۆک پێویستە یان بەوەدا بنێ کە جیاوازیی ڕەگەزی لە بوارە گشتییەکاندا قانوونی نییە، پێویستە بانگەوازێکی دووەم بۆ ئازادی ڕابگەیەنێ". نزیکی دەمی ئاهەنگەکانی یادی سەد ساڵەی ئەو ڕاگەیاندنەی لینکۆڵن لە سەردەمی جەنگی جودابوونەوەدا جاڕی دابوو، کە تێیدا بڕیاری ئازادکردنی دیلەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی دابوو کە ژمارەیان گەیشتبووە سێ ملیۆن و



ڕێپێوان لە سیلماوە بۆ مۆنتگمەری ساڵی ١٩٦٥، مارتن لۆتەر گینگ و کووریتای خێزانی پێشڕەوییان دەکرد

سەد و بیست هەزار ، ئەوەش لە یەکی کانوونی دووەمی ساڵی ١٨٦٣ەوە . کەنەدی بە نەرمی و هۆشیارییەوە خۆی لە باسی گرفتەکە لادا. کە مارتن لۆتەر کینگ لە نووسینگەی سەرۆک هاتە دەرەوە درکی بەوە کرد کە دەبێ دیسانەوە بڕژێنەوە سەر شەقام.

کینگ و لایەنگرانی بنەمای جموجۆڵی ڕاستەوخۆیان بڕیار دا و پێرمەنگهامیان بە شانۆی پرۆسەکان هەڵبژارد. ئەو بیرۆکەیەی سەپابوو ئەوە بوو کە دەبێ تەنگژەیەک بخوڵقێنرێ و گرفت لە سیستمی گشتیی خۆپێشاندانەکاندا بکرێ کە تا دەهات پتر دەبوو، تا بتوانن کاغەز بەدەست بخەن دەتوانن خۆیان لە گفتوگۆ بدەن. خۆئامادەکردن بۆ جموجۆڵ چەند مانگێک بەردەوام بوو. کینگ بە شارە دراوسێکاندا گەڕا و ڕێی دا هەندێک لە هەواڵەکان دەربچێ تا خەڵکەکە لەوپەڕی ئامادەییدا بن و دواتریش لە ٣ی نیسانی ١٩٦٣دا لە یەک لە خۆپێشاندانەکاندا داوای لە نیشتمانییان کرد لە پێرمەنگهام " گردبوونێکی خۆشەویستی " پێک بهێنن و هەموو ڕەشەکان و سپییەکان بچنە پاڵ هەڵسووڕاوانی ناتوندوتیژی کە بە شاردا دەسووڕێنەوە. بەداخەوە سپییەکان هەڵوێستێکی سڵکەرەوەی هەبوو و ڕەشەکانیش ڕاڕا بوون لەخۆ لە کایە نوێیەکە بدەن دوای نشوستیی ئاڵبانی. ڕۆژانی یەکەمی نیسان هەندێک سووکە پێکدادانی بەخۆوە بینی، لە ٧ی نیسان ڕووبەڕوو بوونەوە لەنێو پۆلیس و خۆپێشاندەراندا بوو.

بەرپرسی ئاسایشی ناوچەیی، ئۆجین " پۆڵ " کۆنوور لە بەکارهێنانی توندترینی جۆرەکانی هێز خۆی ناپارێزێ. ڕۆژی هەینیی ئازارەکان* مارتن لۆتەر کینگ لەگەڵ ڕالف ئەبرنائی و نزیکەی چل پیاوی ڕەش لە ناوەندی شاردا بەشدارییان لە کەژاوەیەکی تەرمهەڵگرتندا کرد. کە کەژاوەکە ڕەت بوو هەندێکیان دەچەمانەوە و هی تر هاواریان دەکرد "ئازادی گەیییە پێرمەنگهام!". پیاوانی کۆنوور کەچاوە گچکەکەیان گەمارۆ دا. دوای گرتنی کینگ بەشێوەیەکی نهێنی بۆ ماوەی چوار ڕۆژ خرایە ناو زیندانێکی تاریک هەشت کەس لە زێوانە سپییەکان بۆیان نووسی و نارەزاییان بەرامبەر هەڵسوکەوتەکەی دەربڕی، کینگیش بە نامە بەناوبانگەکەی " نامەیەک لە بەندیخانەی پێرمەنگهامەوە " بەرپەرچیانی دایەوە. تێیدا هاتبوو: " ئێوە سەرزەنشتمان دەکەن چونکە بێ قانوونیمان کردووە، من وەک ئۆغستینی چاک وەهام قانوونی زۆردار بە قانوون نازانم. لە بیرتان بێ هەوالانی دانیال ڕەتیان کردەوە کە گوێرایەڵی قانوونەکانی نەبووخودنوسەر بن و یارمەتیی جووەکان لە ئەڵمانیای ژێر حوکمی هیتلەر بەزاندنی قانوون بوو ".

بە کەفالەت کینگ ئازاد کرا تا دەست بکاتەوە بەسەرکردایەتیی ئەو جموجۆڵەی ڕووی لە فراوانبوون کردبوو. بەرپرسێتیی کینگ گەورە بوو. چەند هەزار قوتابییەکی ڕەش ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ کاراکردنی چالاکییەکانیان. خوێنگەرمبوون و ئاماژەیەک نەبێ چاوەڕوانی هیچی تریان نەدەکرد بۆ بەرەنگاربوونەوەی پۆلیس بەڕێ بکەون. بەڵام ئەمە واتە بریندار و لەوانەیە کوژراویش ببێ. سەگە پۆلیسییەکان و دۆنکی و ئاگرپژێن لە هۆیە زانراوەکانی سەرکوتکردن بوون کە چ ئازارێک دەگەیەنن: داخۆ مارتن لۆتەر کینگ دەوێرێ خۆبەختکاریی گەورە ڕابگەیەنێ؟ ڕۆژی

پێنجشەمە لە ٢ی ئایاردا کوڕەکان بە سەتان ڕژانە سەر شەقامەکان و بەگۆرانی و بەهەنگاوی بەترپە بەرەو ناوەندی شار ڕۆیشتن. پیاوانی پۆلیس نزیکەی هەزاری لێ دەستگیر کردن، ئینجا بە ئاگرپژێن و سەگگەل هێرشیان بردە سەر خۆپێشاندەران. پێشتر کەس سەگی وەک ئەوانە زلی نەدیبوو بە تامەزرۆییەوە لەشی ئەو منداڵە گچکانە لەت و پەت بکەن. وێنەگران بڕوایان بەوانە نەکرد کە بینییان. ڕۆژنامەکان و تەونە تەلەڤزیۆنییەکان وێنەی ئەوەی ڕووی دا بۆ هەموو ئەمەریکا گواستەوە. لە گشت لایەکەوە دەنگی نارەزایی بەرز بووەوە داوای فشارخستنە سەر دەسەڵاتەکانی پێرمەنگهام دەکرد. لە ١٠ی ئایاردا ڕێککەوتنێک ئیمزا کرا دەقەکەی سنوور دانان بۆ جیاوازیی ڕەگەزی لە شوێنە گشتییەکانی تێدا بوو و هەروەها ڕێی دابوو ڕەشەکان لە دەزگاکاندا دابمەزرێنرێن و خۆشبوونەوە لە بەندییان و پێکهێنانی لێژنەیەکی نوێنەرهاوسەنگ بۆ پێوەندییە مرۆییەکانی تێدا بوو. ئۆجین کۆنوور لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی شارەوانیدا سەرنەکەوت: ئەوەش کۆتایی دەسەڵاتەکەی بوو. کینگ ئەم ئەزموونە تێکۆشانەی لە کتێبی " شۆڕشێکی ناتوندوتیژ "دا گێڕاوەتەوە.

## من خەونم هەیە

ڕۆژی دواتر، بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم سەرکەوتنە نوێیە، هەندێک لە زیادەڕەوە سپییەکان بەشەو چەند بۆمبایەکیان هاویشتە چەند شوێنێکی جوداجودای شارەکە و (ئاگر لە ئۆتۆمۆبێل و کۆگاکان بەربوو). بەرەبەیان بارودۆخەکە هێور بووەوە، بەڵام ئەمە ئاماژەیەک بووە بۆ بوونی بارودۆخی ئاژاوەی کە پێویستی بە شتێکی زۆر نییە بۆ ئەوەی هەڵگیرسێتەوە. مەترسیی ئەوە هەبوو خەڵکەکە بنەماکانی کینگ ببەزێنن هەرچەندە دوای سەرکەوتنی پێمەنگهام کۆ دەبوونەوە و هاواریان بە دروشم دەکرد و لە لۆس ئەنجیلۆس گوێیان لە وتارەکانی دەگرت هەروەک شیکاگۆ و کۆڕەوی ئازادیدا کە سەرکردایەتیی هەردووکیانی کرد، لە دیترۆیت و واشنتۆن، ژمارەی خۆپێشاندەران لە یەکەمیاندا گەیشتووەتە سەد و بیست و پێنج هەزار و لە دووەمیشیاندا گەییوەتە دووسەد و پەنجا هەزار.

لە ١١ی حوزەیرانی ١٩٦٣دا لە کۆتاییدا کەنەدی بۆ یارمەتیی کینگ ڕاپەڕی: " سەد ساڵ بەسەر ئەوەی لینکۆڵن بەندەکانی ئازاد کرد ڕەت بوو، لەگەڵ ئەوەشدا نەوەکانیان هێشتا لە زنجیرەکانی زۆرداری ڕزگاریان نەبووە. ئێمە مۆژدەی ئازادی بەجیهان دەدەین و لەوەدا دڵسۆزین... داخۆ دەمانەوێ وڵاتمان ببێتە نیشتمانی پیاوە ئازادەکان جگە لە ڕیشیکان و هاونیشتمانی پلە دووشمان نییە تەنیا ڕەشەکان نەبێ؟". مارتن لۆتەر کینگ گەیشتە ترۆپکی مەزنی. زۆربەی هەرە زۆری ڕەشەکان ڕایان گەیاند کە باوەڕیان پێیەتی و سپییەکانیش لەوەدا بەشدارییان کرد، تەمەنی تەنیا سی و چوار ساڵان بوو و بای مێژوو لە دەوروبەریدا هەڵی کردبوو.

"کۆنگرەی سەرکردە کرستیانەکان لە باشوور" (S.C.L.C) بڕیاری زیندووکردنەوەی یادی

یەکەمین سەد ساڵەی لابردنی دیلێتییان دا، ئەوەش بەڕێکخستنی کۆڕەوێک لە ٢٨ی ئابی ١٩٦٣ لە بەردەمی پەیکەرە یادگاریی لینکۆڵن ـی ناوەڕاستی واشنتۆندا بوەستێ. دووسەد و پەنجا هەزار کەس بەشدارییان لە کۆڕەوەکەدا کرد، شەست هەزاریان سپی بوون. لەو بۆنەیەدا کینگ وتارە بە ناوبانگەکەی "من خەونێکم هەیە ".

کۆریتای هاوسەری ئەو ساتەی باس کردووە کە پێشەوای مافە مەدەنییەکانی تێدا دەستی بەسەر شێواز و ورشەی بانگهێشتنی مەعمەدانیدا گرت و دەڵێ: " کە گەیشتە ئەو بڕگەیەی تێیدا جەخت لەسەر داواکردنی ئازادی " ئێستا " و " کارکردن " ئێستا " ترپەی ئاخاوتن کەوتە ناو جەماوەری ئاپۆڕە، بەترپەیەکی ڕێکوپێک دەستی بە هاوار کرد " ئێستا "، بەدەنگەوە هاتنی خەڵکەکە لە دەروونی مارتندا شەپۆلە هەڵچوونێکی ورووژاند، بۆ ترۆپکی نوێی سروشی هەڵگرت. وازی لە وتاری نووسراو هێنا و سنووری کاتی لە بیر چووەوە و بە گەرمی و دەنگێکی ئازاییبەخشی زۆر جوان درێژەی بەوتارەکەی دا کە سنووری ئاپۆڕە زۆر گەورەکەی بەرەو هەموو جیهان تێپەڕاند. ئەو ڕۆژە هەموومان هەستی ئەوەمان لەلا بوو کە وشەگەلی مارتن لە سەرەوە بەسروش هەڵێنجراوە تا هەموو ئەو خەڵکەی لە بەردەمیدا کۆ بووبوونەوە بگرێتەوە. بەڵێ، ئاسمان بەخۆی دەرگەکانی کردەوە و هەموومان هەستمان کرد کە گۆڕاین".

دوای چەند ڕۆژێک بۆمبایەک هاوێژرایە سەر کەنیسەی مەعمەدانی لە پێرمەنگهام بووە هۆی کوژرانی چوار کیژۆڵەی بچووک و برینداربوونی بیست و یەک کەس لە ئامادەبووان. دوای چەند مانگێک لە ٢٢ی تشرینی دووەمدا جۆن کەنەدی کوژرا. خەونەکەی مارتن لۆتەر کینگ چیی لێ هات؟ کۆواری " تایم " ڕای گەیاند کە " پیاوی ساڵی ١٩٦٣ە ". ئەو ساڵەی بەلای کەمەوە نۆسەد و سی خۆپیشاندانی لە سەد و پەنجا شاری باشووردا بەخۆوە بینی و سی و پێنج تەقینەوەی تێدا تۆمار کرا و هەر لە ماوەی ئەو ساڵەشدا کینگ لەنێو نزیکەی بیست و یەک هەزار کەسدا بوو لە ویلایەتەکانی باشووردا دەستگیر کرابوون و هەر لەو کاتەشدا لە ئاستی ئاوێتەبوون و مافەکانی دەنگدەراندا هەندێک بەرەوپێشەوە چوون بەدەست هێنرا و لێژنە نوێنەر یەکسانەکانیش لە سەد شوێن پتردا بەدوای گفتوگۆکاندا چوون.

## پاداشتی ئاشتیی نۆبڵ-ی ساڵی ١٩٦٤

داخۆ ئومێدەکانی ئەمەریکاییە ڕەشەکان لەگەڵ مردنی کەنەدی بزر بوو؟ خۆشبەختانە لیندن ب. جۆنسن کۆششەکانی سەرۆکی پێشووی درێژە پێ دا و لە ٢ی تەمووزی ١٩٦٤دا بڕیاری لەسەر قانوونێکی نوێی مافە مەدەنییەکانی دا، دەقی قانوونەکە ڕەخنەی لە بەشدارینەکردنی ڕەشەکان لە ژیانی سیاسیدا گرت و لە شوێنە گشتییەکانداجیاوازیی ڕەگەزیی قەدەغە کرد و لە دەرچوونییەوە زێدەڕۆییەکانی وەزارەتی فیدراڵی و ئەنجوومەنەکانی یاسادانانە خۆجێیییەکانی لابرد و پێکهێنانی لێژنەیەکی بۆ حاڵەتەکانی جیاییی ڕەگەزی لە بوارە جیاکانی کاردا ڕاگەیاند. هیچ

قانوونێک بەر لەمەیان تا ئەم رادەیە خۆیان لە یەکسانیی رەگەزی نەدابوو. بەڵام رەشەکان لەو دەمانەدا نزیکە لە هەموو شوێنێکدا ئاژاوەیان دەورووژاند: لە نیویۆرک و جێرسی و دیکسمۆر و فیلادلفیا... لامانی گەڕەکەکانی گیتۆلە شارە هەرە گەورەکاندا لە ویلایەتەکانی باکوردا وایان دەنواند سنووری نائومێدییان بەزاندووە. رابردوویان نەبوو پشتی پێ ببەستن و داهاتوویەکیش نەبوو چاویان تێ بڕیبێ. وازیان لە خۆیان هێنا بەرەو توندوتیژیی کوێرانە ببرێن.

لە ئەیلوولی ١٩٦٤دا کینگ لەسەر بانگهێشتنی ویلی برانت سەری لە بەرلین دا و هەروەها پاپا پۆڵس-ی شەشەمیشی بینی.

لە گەڕانەوەیدا پشتگیریی خۆی بۆ جۆنسن ـی کاندید لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیدا ڕاگەیاند و.. بەوەی زانی کە پاداشتی نۆبڵ ـی بۆ ئاشتی بردووەتەوە و لە لە ١٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٤دا لە ئۆسلۆ پاداشتەکە وەردەگرێ.

مارتن لۆتەر کینگ کە هێمای شۆڕشی رەشەکان بوو لە باشووری وڵاتە یەکگرتووەکاندا، بە پاداشتی نۆبڵ بووە هێمایەکی جیهانیی ئەو شۆڕشە و هێمای تێکۆشان لە پێناوی دادوەریدا بە هۆگەلی ناتوندوتیژی. بەڵام ئەو ناوبانگەی کە گەیشتە هەموو لایەکی جیهان .. لەسەر رێسمەی ماڵانی گەڕەکە نەدارەکانی شارەکانی باکوردا دەمرد، کە دانیشتوانی گیرۆدەی خەونێکی تر بوون: خەونی "دەسەڵاتی رەش "، خەونی ژیان لە ئەمەریکایەکی لە سپیی چۆڵدا.

کرێکارە رەشەکان روویان لە شارە پیشەسازییەکان دەکرد لە باکور و خۆرهەڵات کە لە باشوورەوە هەڵدەهاتن و ئارەزووی کارکردنیان دەکرد لە بارودۆخێکی ژیانانەی مرۆیانەتردا، لە گەڕەکی ئەوتۆدا کۆمەڵ دەبوون ژیانیان تێدا بەپەلە دەبووە دۆزەخ. ئاستی فێربوون و مەشقی پیشەیی هێندە نەبوو و رێژەی بێکاریی تێدا بەرز بوو و داهاتیش نزم بوو و شێوەی هاوکاری لە خراپترین دۆخیدا بوو و باری تەندروستیی زۆر کز بوو و چڕیی دانیشتوان بەرز بوو، هەموو ئەمانە وایان کرد گیانی خێزانی لێک هەڵوەشێتەوە و بەرەو رووخان بچێ و... لە کۆتاییشدا شۆڕش نەبێ خەڵکەکە چییان بۆ دەمێنێتەوە؟ و چییان لە بەردەمدایە جگە لە کینەی بەرامبەر بە سپییەکان، لە کاتێکدا باکور بە پێچەوانەی باشوور قانوونی جیاییی رەگەزی نەزانیبوو؟

لە ئاداری ١٩٦٥دا مارتن لۆتەر کینگ دوا سەرکەوتنی لە کۆڕەوی لە سیلماوە بۆ مۆنتیگەمری بۆ گفتوگۆ لەگەڵ والاس ـی حاکمی ئەلاباما بەدەست هێنا، کە سەرەڕای رێنوێنیی حکوومەتی، رەتی کردەوە دەست لە سیاسەتە رەگەزپەرستانەکەی بهێنێ، هەر دەبوو جموجۆڵێکی نارەزایی دەست پێ بکرێ کە لە یەکەم رەوتیدا پۆلیسی ناوخۆیی بە توندی بەرەنگاری بووەوە و ئەوەش بووە هۆی شەست کەس لە خۆپیشاندەران بەشێوەی جۆرەوجۆر بریندار ببن. دوا بەدوای ئەوە مارتن لۆتەر کینگ بانگەوازێکی ئاراستەی هەموو لایەنگرانی مافە مەدەنییەکان ئەمجارەیان بۆ بەشداریکردن لە خۆپیشاندانێکی جەماوەری. لە ٢١ی ئاداردا سی و پێنج هەزار کەس لە حاجییان روویان کردە مۆنتیگەمری! کینگ پێشنیازی ئەوەی کردبوو لەسەر ئاستی نیشتمانی

خۆیان لە بەروبوومی ئەلاباما بەدوور بگرن، بەڵام پێشنیازەکەی سەری نەگرت.

لەوەش خراپتر هەیە! ئەوە ڕوون بووەوە کە لاوە ڕەشەکان بەرامبەر توانستی چالاکیی ناتوندوتیژی گومانیان لەلا پەیدا بووبوو، ژمارەی ئەوانەی بەرپەرچدانەوەی توندی بەرامبەر زۆرداری هەمیشە لە زیادبووندا بوو و بانگیان بۆ تەرخانکردنی " دەسەڵاتی ڕەش " دەکرد. هەر لەو کاتەشدا کە ناتوندوتیژی تێدا ڕێی بە هەندێک چاکسازی دەکرد، بارودۆخەکە لە باکوردا بەرەو خراپتر دەچوو، نەداریی ئابووری زیاتر ڕەشەکانی ناحەز دەکرد لەوەی قانوونە ڕەگەزپەرستانەکان دەیانکرد.

کینگ ڕاستیی بارودۆخی گیتۆی لە باکور نەدەزانی و لە پڕ خۆی لە بەرامبەر ئەمەریکای ڕەشدا بینی کە لە دەستی دەرچووە و هێندەی نەماوە لە جیهانێکی تاواندا بخنکێ و کینگ وای لێ هات کە "ڕەوشتخوازێکی بۆرژوا " بنوێنێ یان ئەو " مام تۆم "ەی دەسەڵاتی سپی بەڕێوەی دەبا و بەکاری دەهێنێ، لە ساڵە کەمەکانی دواى ئەوە ئاگری ئاژاوە هەموو لایەکی ئەمەریکای گرتەوە...

## ڕادیکاڵییەت و... مردن

مارتن لۆتەر کینگ دەیزانی ئومێدگەلێکی گەورە خراوەتە سەر ئەستۆی و نەیدەویست بێئومێدی بکا، دەستی بە گەڕان کرد بە گەڕەکەکانی گیتۆدا، سەرەڕای ئەوەی سەرنجی ڕاکێشا کە تا دێ کەمتر بایەخ بە قسەکانی دەدرێ و وردە وردە ئەوەشی بۆ دەرکەوت گرفتەکە تەنیا لە دڵەکان و دەزگاکاندا نییە، بگرە لە هەڵبژاردە سیاسییەکاندایە. تا ئەوسا بڕوای بە "ڕێژیم "ی ئەمەریکا هەبوو، بەڵام بڕیاری دا دەست بە ڕەخنە لێ گرتن بکا. ڕژێمەکە هەمووی مۆرکی ڕەگەزپەرستیی پێوەیە، ڕەگەزپەرستییەکی زیرەک و ڕۆژانە.

ساڵی ١٩٦٦ مارتن و کۆریتا کینگ بڕیاریان دا بگوازنەوە و لە گەڕەکێکی ڕەشەکاندا لە شیکاگۆ نیشتەجێ بن. کینگ وەک دانیلۆ دۆلسیی کرد لە سقللیە، بێکارانی کۆ کردەوە لە پێناوی نۆژەنکردنەوەی ئەو بینایانەی چۆڵن و کەسیان تێدا نییە. خاوەنەکەی بە دادگا کەوتە دووی. کینگ لەگەڵ ئەو کرێچییانەدا کە سوودیان لە بیناکان وەردەگرت بۆ ئەوەی کرێکان نەدەن. چینە باڵاکان تووڕە بوون چونکە کینگ دەستی بۆ پیرۆزیی موڵکەکانیان درێژ کرد! و کە پێشنیازی بۆ حاکمی شارەکە کرد، هەندێک هەنگاو بنێ کە بە سۆشیالیستانە دانران، ئەم بێزارییەی لێ دووهێندە کرد، ئەویش بەدروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون لە شوێنی جودا جودا و چاککردنی ئاستی گواستنەوەی گشتی و دووئەوەندەکردنی بودجەی ئەو قوتابخانانەی تێکەڵبوونیان بەکردەوە تێدا جێبەجێ کراوە و... ڕووی کردە دادگەی فیدراڵ و داوای دابینکردنی ئاستی هەرە نزمی داهاتی تاک بکرێ، قانوونگەلێک بۆ لابردنی جیاکردنەوەی ڕەگەزی لە فرۆشتنی خانوو و بەکرێدانیاندا، زیاترکردنی یارمەتییە داراییەکان لە بواری فێرکردن "پەروەردە"دا و دابینکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستی و کۆمەڵایەتییەکان... داوای لە (ڕێژیمی) کۆماری کرد ئەوەی بە شەڕوانە کۆنەکانی

دەدا بداتە کۆیلە کۆنەکانیشی. بەڵام ئەم هەموو دەستپێشخەرییانە ئەنجامێکی ئەوتۆیان نەبوو.

هەڵسوڕاوانی " دەسەڵاتی ڕەش " لە سەرەتادا ڕەتیان دەکردەوە هاوکاری لەگەڵ کینگدا بکەن. بەڵام کینگ کۆششی بەردەوامی دەکرد بۆ هاندانیان سەرەڕای ئەو جیاوازییانەی نێوانیان و دواتر هەوڵەکانی سەریان گرت و کینگ لەگەڵیاندا شانازیی بەوزەی داهێنەرانەی " ڕەشەکان " کرد و هەزاران دروشمی سەردیوار دابەش کرا کە دروشمی " ڕەشی جوان "یان دەنواند لە ٤ی نیسانی ١٩٦٧دا کینگ هەڵمەتێکی بۆ ڕاگەیاندنی" بەیانی سەربەخۆیی " ئەنجام دا کە پێوەندیی بەجەنگی ڤێتنامەوە هەبوو، جەختی لەسەر ئەوە دەکرد کە ئەو جەنگە ڕێ لە پیادەبوونی هەوڵی ڕاستەقینە دەگرێ بۆ بەرپاکردنی جەنگی دژ بە هەژاری لە وڵاتە یەکگرتووەکان و هەموو جیهاندا و هەروەها بەپلەی یەکەم کارێکی تاوانکارانەیە.

لە ماوەی هاوینی ١٩٦٧دا مارتن لۆتەر کینگ دووبارە ڕووی لە کلێڤلاند کرد بۆ ئەوەی یارمەتیی کارڵ ستۆکس بدا، کە ڕەشێک بوو خۆی بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی شارەوانیی کاندید کردبوو. بەڵام ئەمەی دواییان لە دۆڕاندنی هەندێک لە دەنگەکانی دەنگدەرە سپییەکان ترسا.. بۆیە بینینی کینگی ڕەت کردەوە و ستۆکس لە هەڵبژاردنەکاندا بردییەوە. لەو دەمانەدا ئاگری ئاژاوە هێشتا لە سووتاندا بوو، قەشە پێشنیازی ڕێچکەکانی ناتوندوتیژیی کرد لە نارەزاییەکاندا. " ڕاگرتنی کار لە شارەکاندا بێ ئەوەی پینا ببرێتە بەر تێکدان کاریگەریی پترە لە ئاژاوە. ئەمە کارگێڕی و پەرلەمان ناچار دەکا لە چارەسەری ڕەگ داکوتاوتر لە ئامادەکاریی پۆلیس بگەڕێن". بۆچوونەکەی وەرنەگیرا، مارتن لۆتەر کینگ نائومێد نەبوو، لەودەمانەشدا لەگەڵ هەندێک لە سەرکردەکان لە بەندیخانە بوو، لەگەڵیاندا دەستی بەئامادەکاری کرد بۆ " کۆڕەوی هەژاران " کە لە هەموو لایەکی وڵاتەوە بەرەو واشنتۆن بەرێ بکەوێ، ئەمەش لە بەهاری ١٩٦٨دا. باوەڕی بە ناتوندوتیژیی بێ سنوور بوو:" لە جیهانێکدا کە تا ئەم ڕادەیە لەلایەن بیر و ڕۆشنبیرییەوە لە توانستی تەکنۆلۆجیاکەی دواکەوتووە، تا ئەو ڕادەیەی وا ئێمە، هەموو ڕۆژێک لەسەر ڕۆخی وێرانکاریی ئەتۆمیدا دەژین، لەسەر ئاستی شیکردنەوەی زەینی ناتوندوتیژی تەنیا وەک هەڵبژاردەیەکی ڕووت نەماوەتەوە: پێویستییەکە لە پێناوی کاردا "، هەروەها دەربڕینێکە لە ڕووکاری ڕادیکالی، کینگ لە نیویۆرک لە یادی (و. س. ب. دوبوا)دا کە ئەمەریکاییەکی ڕەشی دیار بوو، بووە کۆمۆنیست و لە گانا مرد کە بە تاراوگەی خۆی هەڵبژاردبوو. لە ٣١ی ئاداری ١٩٦٨دا لە وارێکدا کە لە کاتدرائیەی ئەنگلیکانی لە واشنتۆن–دا خوێندیەوە دەڵێ: "ڕەشەکانیان ئازاد کرد، بەڵام ئەوەیان نەدایێ کە بتوانن کرێی پاسی پێ بدەن کە دەیانگوازێتەوە ماڵەکانیان ".

لە دەمەدەمی ئامادەکاریدا بۆ کۆڕەوی هەژاران، کینگ بەشداریی لە خۆپێشاندانەکانی کرێکارانی پاککردنەوەدا کرد کە لە مەمفیس " تێنیسسی " مانیان گرتبوو. ئەوانە، زۆربەشیان لە ڕەشەکانن، لە هەشت حەفتەوە مانگرتنیان ڕاگەیاندبوو و ڕووداوی توندی تێ کەوتبوو: مردنی لاوێک پاش بریندار بوونی لە ئەنجامی دەستدرێژیی پیاوانی پۆلیس و گرتنی دەیان کەس.

سەرکردەکانی جموجۆڵەکە نەیاندەزانی باشتر ئەوەیە کۆتاییی مانگرتن ڕابگەیەنن یان بەردەوام بن. کینگ گەیشت، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو کرێکارانەدا بوەستێ لە بارودۆخێکی نیگەراندا بوون. لە ئێوارەی سێی نیساندا لە پەرستگەی ماسۆنی لەناو شاردا قسەی کرد و گوتی: " من وەک هەموو خەڵکی، حەز دەکەم بۆ ماوەیەکی درێژ بژیم، تەمەنی درێژ حەز لێ کراوە، بەڵام من ئێستاکە بیر لەوە ناکەمەوە. چونکە من تەنیا دەمەوێ فەرمانی خوا بەجێ بهێنم. ئەو سەرکەوتنی بەرەو لووتکەی چیای بۆ ڕەخساندم، لەوێوە " خاکی بەڵێن دراو"م بینیوە (...) چاوەکانم بەرزیی هاتنەوەی خودانی بینی ".

پاش نیوەڕۆی ڕۆژی دوایی کینگ لە باڵکۆنی ژووری ئوتێلیدا وەستابوو. قسەی لەگەڵ برادەرێکدا کرد بەسەر شۆستەدا ڕەت دەبوو: (لە دیداری ئەمشەودا " خوایە دەستم بگرە " هەر دەژەنی. لەبەر من بیژەنە). لەو ساتەدا گوێی لە تەقە بوو. کینگ لە ملیەوە بریندار بوو و دوای سەعاتێک ژیانی بەجێ هێشت. ئەمڕۆ چۆن دەتوانین کاری مارتن لۆتەر کینگ هەڵسەنگێنین؟ ئەنجامی سەرەکیی خەباتی لە ئاستی یاسادانانەدا ڕوونە: ڕەشەکان وایان لێ هات توانای گەڕانەوەیان ببێ بۆ قانوونە فیدراڵییەکان و جیاوازیی ڕەگەزی چی کە لە هیچ کوێیەکی وڵاتە یەکگرتووەکاندا بەیاسایی نەماوەتەوە. لە ماوەی پتر لە دە ساڵ کۆمەڵگەی ڕەشی ئەمەریکایی لە یەک ستراجیتییەوە دەجووڵانەوە و ئەمەش وای لێ کرد ببێتە بارستاییەک بتوانێ جڵەوی کاروباری خۆی بەدەستەوە بگرێ کە پێشتر شتی وا نەبووە. ڕاستە کینگ لە ساڵانی دواییی ژیانیدا بەهۆی لێ دوورکەوتنەوەی بەشێک لە گەلەکەیەوە ناخۆشیی دی، بەڵام ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ دواکەوتنی لە دانانی شیکردنەوەیەکی سیاسی بۆ کۆمەڵگەی ئەمەریکایی و چەنکە زووتر ڕاستیی بارودۆخی گیتۆی باکوری درک پێ نەکردووە. لە ڕاستیشدا بەداهاتنی ساڵی ١٩٦٧ و لەگەڵ جەنگی ڤێتنامدا دەستی بە درک پێکردنی ئەوەی کە " خەونەکەی " لەگەڵ کۆمەڵگەی جۆن کەنەدی یان لیندن جۆنسن =دا ناگونجێ. ئەو دەقانەی لە " بۆ کوێ دەچین؟" و " تاکە شۆڕش "دا بڵاوی کردوونەتەوە، شایەتی بۆ گۆڕانی دەدەن. بەڵام، لەلایەکی شیاوترەوە تواوێکدیلر نییە مارتن لۆتەر کینگـی " بە سیاسیکراو " درکی بەوە کردبێ مارتن لۆتەر کینگ لە نێوانی ساڵانی ١٩٥٥ و ١٩٦٤دا بەو توانستی ڕاکێشانی جەماوەرەی بە ئەفسوون و وتارە ئاینییەکانی دەیتوانی چی بکا لەلایەکی ترەوە کێ توانیی لەو باشتر بێ؟ ڕێکخراوی " دەسەڵاتی ڕەش " دوای دەستپێکێکی بەدەنگ وردە وردە بەرەو بێدەنگی چوو، هەروەها ڕێکخراوی " پڵنگە ڕەشەکان "یش چالاکیی کۆمەڵایەتیی هەڵبژارد نەک خۆ لە کێشەیەکی چەکداریی ناکردە بدا...

کینگ بەشداریی لە ڕاپەڕینی نەتەوەی ڕەشدا کرد و پاڵی پێوە نا بچێتە سەر شەقام بۆ ئەوەی جەنگە ڕەواکەی خۆی بکا. هەمیشەش هەر دەری خستووە کە ناتوندوتیژیی کاریگەر دەتوانێ سەربکەوی.



ساڵی ١٩٦٤ مارتن لۆتەر کینگ پاداشتی نۆبڵ بۆ ئاشتی لە ئۆسلۆ وەردەگرێ

بەشی دووەم

## ساڵانی کینگ ١٩٥٥ - ١٩٦٨

### مۆنتیگەمری ١٩٥٥

گی بۆبۆلت

ڕۆژی پێنجشەممە، یەکەم ڕۆژی کانوونی یەکەمی ١٩٥٥، ڕۆزا بارکس–ی خاتوونە بەرگدرووی ڕەشی ٤٢ ساڵە، لە کارەکەی بووبووەوە لە " مۆنتیگەمری فێر "ی یەک لە گەورەترینی کۆگاکانی شار. وەک دابی هەموو ئێوارانێکی لە کلێفلاند ئەڤینۆوە سواری ئۆتۆبیس بوو بۆ ماڵەوە. لەسەر یەکەم کورسیی بەتاڵی یەکسەر پشت ئەو بەشەی "بۆ سپییەکان" تەرخان کرابوو...

لە ١٧ ی ئایاری ١٩٥٤دا، دادگەی باڵا لە وڵاتە یەکگرتووەکان قانوونێکی دەرکرد، تێیدا هاتبوو کە جیاوازیی ڕەگەزی لە بواری فێرکردن (پەروەردە)دا دژی دەستوورە. بە تەئکید ئەوە ڕووداوێکی بایەخدار بووە کەلێنێکی لە ڕێژیمی جیاوازیی چەسپاو کردەوە. بەڵام تێکەڵیی بەکردەوەی گەلی ڕەش هێشتا دوور بوو، بە تایبەتی لە ویلایەتەکانی باشووردا. " ڕابیتەی نیشتمانی بۆ پێشکەوتنی پێست بە ڕەنگەکان " (N.A.A.C.P) کە ساڵی ١٩٠٩ دامەزراوە دەورێکی کاریگەری لە جێبەجێکردنی ئەو سەرکەوتنەدا بینی و پێویست بوو پاڵەپەستۆکەی درێژە پێ بدا بۆ ئەوەی بڕیاری دادگەی باڵا ببێتە کارێکی بڕاوە. لقە ناوچەییەکانی ڕابیتە، یەکسەر لەسەر ئەم بنەمایە

دەستیان بە کار کرد.

لە مۆنتیگەمری ئەلاباما، دەسەڵاتەکانی شار وایان نواند کە ئامادەکارییەکانیان هەر مەبەست نییە. جیاوازی لە قوتابخانەکان و هۆیەکانی گواستنەوە و کۆگا و گەڕەکە نیشتەجێییەکان و ڕێکخراوە پیشەییەکاندا درێژەی ... هەموو شتێک وا ڕێک خرابوو ٥٠,٠٠٠ کەس لە ڕەشەکان، کەمترین ماوە نەبێ ٨٠,٠٠٠ ی سپییەکانیان نەدەبینی.



مارتن لۆتەر کینگ لە بەردەمی ماڵی باب و دایکی لە شەقامی ئۆبێرن، ئەتلانتا، جۆرجیا.

## قەشەیەکی لاوی بیست و چوار ساڵە

مارتن لۆتەر کینگی ٢٤ ساڵە گەیشت، قەشەی تازەی کەنیسەی مەعمەدانیی ڕەش لە دیکستەر ئەڤینۆ، بۆ نیشتەجێبوون لەم ناوەندە کۆمەڵایەتییە ئاڵۆزەدا. هەر لە هەرزەکارییەوە نەیتوانیوە بەرگەی جیاوازی بگرێ. " هەرگیز نەمتوانیوە لەسەر پابەندبوون بە دانیشتنی سەر کورسییەکانی دواوەی ئۆتۆبیسدا ڕابێم، یان لەو پاسانەدا کە بۆ ڕەشەکان تەرخان کراون. بۆ یەکەم جار کە لە چێشتخانەی قیتاردا دانیشتم و خۆم لە پشت پەردەدا بینی، هەست بە پەردەی سەرشۆڕی دایگرتم ئەوە شاردنەوەی تەنانەت سیماکانی کەسایەتیشمی بە ئامانج گرتبوو. وەک هەموو لاوەکان حەزم دەکرد بچمە سینەما، بەڵام من یەک جار نەبێ نەچووم، زۆرم دڵ گوشرا کە خۆم بەناچار بینی لە دەرگەیەکی لاوەکییەوە بچمە ژوورێ و لە شوێنێکدا دانیشتم پڕی بوو لە توێکڵە فستق، چونکە کەس نەبوو خاوێنی بکاتەوە و هیچ خۆشییەکم لە فیلمەکە نەبینی"[١]. کینگ ویستی سەرنجی کەسانی ئەبرەشیە بۆ گرفتەکانی گەلی ڕەش بکێشێ و ڕێنوێنییان بکا بەشێوەیەکی تایبەتی بۆ زانینی سوود وەرگرتن لە مافە مەدەنییەکان، بۆیە بەپەلە دەستی بە پێکهێنانی: " لێژنەی کاری کۆمەڵایەتی و سیاسی " کرد، توانی لەگەڵ " ڕابیتەی نیشتمانی بۆ پێشکەوتنی پێست ڕەنگدارەکان" (N.A.A.C.P) و " ئەنجوومەنی پێوەندییە مرۆییەکان "دا بوار بۆ بوونە ئەندامی ژمارەیەکی زۆر لە ڕەشە دەنگدەرەکان واڵا بکا، ئەبرەشییاتی تر لە مۆنتیگەمری هەوڵیان دا هەنگاوی وەک ئەو بهاون، بە تایبەتی ئەبرەشییەی بەڕێزی ڕالف ئەبرنائی، کە دوای ماوەیەکی کەم بووە یەک لە دۆستە دڵسۆزەکانی کینگ و یەک لە سەرکردەکانی جموجۆڵ.

ئەرکەکە ئاسان نەبوو چونکە بەرایی دەبوو دەست بەلابردنی ئەو دووڕپەرێزییە بکا کە باڵی بەسەر هەموو کۆمەڵگەی ڕەشدا کێشابوو، هەروەها ئەو بایەخنەدانەی لای هەڵبژاردە ڕۆشنبیرییەکەدا هەبوو. "لەوانەشە ئەو دووڕپەرێزییە لەلایەکی تایبەتییەوە _ وەک دووڕەپەرێزیی بۆرژوا _ لە ترس و کاردانەوەی ئابوورییەوە بووبێ. ئەوان پشت بەسپییەکان دەبەستن و ناوێرن نارەزاییەکانیان لەبارەی هەڵوێستێکی ڕەگەزپەستانەی زۆردارەوە دەربڕن، لە ترسی لە دەستدانەوەی کارەکانیان. بەڵام لەوانەشە هاندەری ئەو هەڵوێستانەیان لە گرفتێکی قووڵترەوە هاتبێ، لە گرێی ئەو خۆ بەنزمتر دانانەی بەسەریاندا زاڵە و گەلێک جار لە، لەدەستدانی مرۆ بۆ ڕێزگرتنی خۆیدا ڕەنگ دەداتەوە، بێ ئەوەی هەست بەوە بکەن، گەلێکیان بە کردەوە گومانیان لەوە دەکرد شایستەی باروددۆخێکی بەوێژدانترن. بیرۆکەکانیان و دەروونیان تا ئەو ڕادەیە گوێڕایەڵی سنووردارێتیی ڕێژیمی ڕەگەزپەرستانەیە کە ئەو بارودۆخەی بەسەریاندا سەپێنراوە پەسند بکەن. کارەساتی جیایی بەکردەوە لێرەدا مت بووە کە نەک هەر لەشەکان تێک دەدا بگرە لە ئاستی بیرکردنەوە و دەروونییش دادەگرێ و کەسایەتی وێران دەکا"[٢]

## زانینی چۆنێتیی داواکردنی مافەکان

کەواتە دەبێ کۆمەڵگەی ڕەش لە چنگ ئەو ترسە هەر دەربهێنرێ کە تێیدا نوقم بووە و، شێوازی مۆژدەدەری گەرموگوڕ لەوەدا سەرنەکەوت کە ژمارەیەک لە قەشە ڕەشەکان پەنایان بۆ برد، لەوانەی وەک ڤێرنون جۆنز کە لەپێش مارتن لوتەر کینگەوە سەرپەرشتیی کەنیسەی دیکستەر ئەڤینۆی مەعمەدانیی کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا پاڵنەر بۆ یاخیبوون کەم نەبوون. ڕووداوەکان لە ئۆتۆبیسەکانی شاراندا دووبارە دەبوونەوە، کە جیایی لە تەک سووکایەتیی ڕۆژانەوە دەڕۆی. شوفێرەکان _ کە هەمیشە لە سپییەکان بوون _ جنێویان بە نەفەرە ڕەشەکان دەدا کە بەزۆری دوای ئەوەی پارەی بلیتیان پێشەکی دەدا ناچار دەکران لە دەرگەی دواوە دابەزن و سەرکەون.. ئەمە ئەگەر ئۆتۆبیس نەکەوتە جووڵە و بەجێی هێشتن. ڕەشەکان ناچار دەکران لە تەک ئەو کورسییە بەتاڵانەوە ڕاوەستن کە بۆ سپییەکان دانراون و کە بەشی تەنیا بۆ سپییەکانە " For Whites Only " پڕ دەبوو دەبوو ڕەشەکان جێیان بۆ سپییەکان چۆڵ بکەن.. خۆ ئەگەر ڕەتیان کردەوە هەڵسن و بچنە دواوە تووشی دەستگیرکردن دەبن. کە بە زۆری بێ ئەوەی هیچ بڵێن گوێڕایەڵ دەبوون. بەڵام هەندێک ڕەتکردنی ئەم جۆرە کارەیان ڕاگەیاند، کە قەشە ڤێرنون جۆنز یەکێک بوو لەمانە.

سەرەتای ساڵی ١٩٥٥ کلۆدیت کۆلڤن ـی قوتابی (١٥ ساڵ) لە ئۆتۆبیس دەرکرا و گیرا چونکە ڕەتی کردەوە کورسییەکەی بۆ پیاوێکی سپی جێ بهێڵێ. نارەزایی لەناو ڕەشەکاندا بڵاو بووەوە کە وا دەبینران لە کۆتاییدا بەئاگا هاتبن.

دەنگ بەرزبوونەوە داوای بایکۆتکردنی ئۆتۆبیس دەکرد وەک دەربڕینی نارەزایی. بەڵام وشە

هێورکەرەکانی بەرپرسی کۆمپانیای هاتوچۆ لە خۆشکردنی کەشەکە سەرکەوت.. بێ ئەوەی هیچ گۆڕانکارییەک بەسەر ئەو ڕێژیمە پەیڕەوکراوەی ناو ئۆتۆبیسەکاندا بێت. بەڵام ئەم تاقیکردنەوەیە لە مۆنتیگەمری ترپەیەکی جودای هەبوو: ئەو تووڕەبوونەی ڕەشەکان کە دەمێکی درێژ مت کرابوو دەستی کرد بە خۆدەربڕین..

## ڕووداوەیلی جودا جودا لە مۆنتیگەمری

ڕۆژی یەکەمی کانوونی یەکەمی ١٩٥٥یایە (ڕۆزا بارکس) سواری ئۆتۆبیس بوو و لەسەر کورسییەکی ڕێک پشت ئەو بەشەدا کە بۆ سپییەکان دانراون ئەوەی بە دانیشت. دوای کەمێک شوفێرەکە فەرمانی دایە کورسییەکەی بۆ پیاوێکی سپی جێ بهێڵێ. یایە (بارکس) ئەوەی بە هێمنی و سووربوونەوە ڕەت کردەوە.

شوفێرەکە بەگرتی دا و دواتر بە کەفالەت بەردرا، بەڵام دەبوو ڕۆژی دووشەمە لە ٥ی کانوونی یەکەمدا بچێتە بەر دادگە. زۆربەی دانیشتوانە ڕەشەکان یایە بارکسیان دەناسی کە ئەمینداریێتیی ڕازی لقی ناوچەیی ڕێکخراوی: "ڕابیتەی نیشتمانی بۆ پێشکەوتنی پێست ڕەنگدارەکان" (N.A.A.C.P) ی بەدەستەوە بووە. کینگ کە بەمەی زانی تووڕە بوو و لەگەڵ ڕالف ئەبرنائی ـی هاوڕێیدا هەر ئەو شەوە بڕیاری بانگهێشتنی بۆ کۆبوونەوەیەک دا. خەڵکەکە هەواڵەکەیان بڵاو کردەوە و جەماوەرێکی ئاپۆڕە گەیشتە شوێنی دیاریکراو. قەشە و پزیشک و مامۆستا و پارێزەر و پیاوانی کار و مووچەخۆر و ئەوانەی سەر بە سەندیکاکان... یەک ڕێکخراوی ڕەش نەبوو نوێنەری نەناردبێ. دوای خستنە رووی ڕاستییەکان یەک لەوانەی سەر بە سەندیکاکان بوو پێشنیازی دابڕانی لەگەڵ ئۆتۆبیسەکاندا کرد. دوای گفتوگۆ هەموو پێشنیازەکەیان پەسند کرد و بڕیار درا ڕۆژی دووشەمە لە ٥ی کانوونی یەکەمدا هیچ ڕەشێک سواری ئۆتۆبیس نەبێ.

قەشەکان ئەرکی بەخەڵک ڕاگەیاندنیان لە لێدوانی یەکشەمەدا گرتە ئەستۆ.

کۆمپانیاکانی ئەو تەکسییانەی بۆ ڕەشەکان تەرخان کرابوون ڕازی بوون ئەو ڕۆژە بە نرخی بلیتی ئۆتۆبیس نەفەرەکان بگوازنەوە. بڵاوکراوەیەک چاپ کرا بانگەشەی بۆ خۆپێشاندان



ڕۆزا بارکس هۆی ٣٨٢ ڕۆژ لە ئۆتۆبیس دابڕان بوو لە مۆنتیگەمریدا

تێدابوو و هەزارانی لێ بڵاو کرایەوە. سەرلەبەیانیی دووشەمە ئۆتۆبیسەکان بەبەتاڵی بە شەقامەکانی شاردا دەگەڕان: ئەمە سەرکەوتنی تەواوە! خەڵکەکە ئۆتۆمۆبێلەکانی تاکسی و پاسکیل و تەنانەت گالیسکەکانی ئەسپیان بەکار هێنا.

پیادەکانیش گەلێک زۆر بوون و هەندێکیان ناچار بوون بۆ گەیشتنە سەر کارەکانیان پازدە یان بیست کیلۆمەتر ببڕن. دوای چەند ساڵێک کینگ لەبارەی ئەمانەی نووسی دەڵێ:

" دەیانزانی بۆچی ڕێ دەکەن، سیمایان ئەوەی دەردەبڕی. کە سەیریانم کرد درکم بەوە کرد کە هیچ شتێک لە ئازایەتیی هێمنانە بەسامتر نییە کە ئەوانەی ئازار دەچێژن و قوربانی دەدەن لە پێناوی بەدەستهێنانی ئازادی و سەربەرزیدا ئەوەیان پێوە دیارە"[٣]

لەو ڕۆژەدا پایە بارکس حوکمی دە دۆلار سزای لەسەر درا چونکە قانوونە ناوچەییەکانی جیاییی ڕەگەزیی پێشێل کردووە. لە سەعات سێی پاش نیوەڕۆدا لێژنەی مانگرتن کۆ بووەوە و بڕیاری پێکهێنانی کۆمەڵەیەکی نوێیان دا بۆ بەدواداچوونی جموجۆڵەکە ناوی" ڕابیتەی پێشکەوتنی مۆنتیگەمری" (MIA)یان لێ نا و بە کۆی دەنگ مارتن لۆتەر کینگ بەسەرۆک هەڵبژێررا.

نوکتەیەکی... ڕەش

خاتوونێکی دەوڵەمەند لە کارەکەرە پیرەکەی پرسی، کە خێزانێکی گەورەی

لە مۆنتیگەمری هەبوو، پێی گوت: " لە ئۆتۆبیس دابڕان شتێکی زۆر خراپە، وا نییە؟".

کارەکەرە پیرەکە وەڵامی دایەوە: " بێگومان خاتوونەکەم، بە منداڵەکانی

خۆم گوت دۆزەکە هەمووی هی سپییەکانە و ئێمە.... تەواو نەبووە ل/ ٣١

بۆ ئێوارە کۆبوونەوەیەکی ئاپۆڕە کرا بۆ هەڵسەنگاندنی چالاکیی ئەو ڕۆژە. دوای ژمارەیەک وتارخوێن کینگ وتارێکی خوێندەوە تێیدا گوتی:" ئەم ئێوارەیە کۆ بووینەوە بۆ ئەوەی بەوانە بڵێین کە دەمێکی درێژە چەوساندنەوەمان بەسەردا دەسەپێنن، ئێمە ماندوو بووین، ماندوو بووین لەوەی بەلاوەمان دەنێن و سووکایەتیمان پێ دەکرێ، ماندوو بووین لە هەڵسوکەوتی دڵڕەقانە و سەرکوت کران. لە ماوەی ساڵانێکی دوور و درێژدا سەلماندوومانە کە ئێمە خاوەن وزەیەکی زۆر گەورەی خۆ ڕاگرتنین. لە تایبەتمەندییەکانی دیموکراتییەتە کە هاووڵاتی مافی ناڕەزایی دەربڕینی هەیە لە بەرژەوەندیی ڕاستیدا و ئێمە ئەوە ئەنجام دەدەین بەڵام بەبێ توندوتیژی و کینە. هاندانی لایەکەی تر دەبێ حوکمی ژیانمان بکا ". ئامادەبووان بە چەپڵە و دروشم هەڵدان قسەیان پێ دەبڕییەوە و بڕیار درا لە مانگرتندا بەردەوام بن تا لابردنی سەپاندنی ئامادەکاریی سووکایەتی بەڕەشەکان کردن. ڕۆژی پێنجی مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٥٥ ڕۆژێکی تایبەت بوو لە کۆمەڵگەی ڕەشەکاندا... لە کۆتاییی ئەو ڕۆژەدا مانگرتنەکە لە سەرەتایدا بوو..

## زانینی چۆنیەتیی داوانەکردنی مافەکان

## لەو دەمانەدا کە پێویست بەوە ناکا

١٧٥٠٠ هاونیشتمانی لە ڕەشەکان ڕاهاتبوون بەیانیان و ئێواران ئۆتۆبیس بەکار بهێنن، دوودڵ نەبوون لەوەی بۆ ماوەی ٣٨٢ ڕۆژ پابەندی مانگرتن بن! هەموو جیهان بەبایەخێکی زۆرەوە بەدوای هەواڵی جموجۆڵەکەدا چوون. ڕێکخستنی هۆگەلێکی هاوتەریبی هاتوچۆ بێ لە وردی و ڕێکخستندا نموونەیی بووە. کۆمەڵگەی ڕەشەکان لەو ماوەیەدا ئاشنایەتییان لەگەڵ قۆناخێکی زۆر جوانی هاوکاری پەیدا کردبوو دوور لە هەموو شێوەیەکی دەمارگیری. جموجۆڵی مۆنتیگەمری توانای کۆکردنەوەی مەعمەدانییەکان و میتۆدییەکان و لوتەرییەکان و کالفانییەکان و ئەنگلیکانییەکان و هی تر هەبوو لەوانەی سەر بەچینگەلێکی کۆمەڵایەتیی جودا جودا بوون. بەڵام ئەوانەی دژی جموجۆڵەکە دەجەنگین، بەتایبەتی کۆکلۆکس کلان –ەکان، هەڕەشە و هێرشەکانیان بۆ سەر ماڵان و کەنیسەکان دووبەرابەر کرد و لەو ماوەیەدا ماڵی کینگ تێک درا.

لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٥٦دا دادگەی باڵا لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا ڕای گەیاند کە ئەو قانوونانەی جیاوازی لەناو هۆیەکانی هاتوچۆدا دەسەپێنن دەستووری نین. هەر لە ٢١ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٦ەوە ڕەشەکان لە توانستیاندا بوو تەواوێک وەک سپییەکان سواری ئۆتۆبیسەکان بن، لەژێر پارێزگاریی قانوونی لابردنی جیاییدا. مارتن لۆتەر کینگ کە لەگەڵ ڕێنوێنییەکانی گاندی ئاشنا بوو، زانی چۆن هۆیەکانی ناتوندوتیژی بەکار بهێنێ، نەک تەنیا بۆ بە ئاگاهێنانەوەی ویژدانی نەتەوەی ڕەش، بگرە لە پێناوی ئامادەکردنی گەل بۆ " ئاشتەوایی "ش، دوای دڵنیابوون لە دابینکردنی مافەکانیان لە دەقە قانوونییەکاندا. پێویستە لەسەر ڕەشەکان یەکەم واز لەو هەستە بهێنن کە قوربانین و گەلێکی کۆیلەن و دەبێ لە یەکبوونیانەوە لە هێزی خۆیان بگەن، تا لابردنی چەوساندنەوە و دواتریش دوای ئەوەی لە تەواوی ڕاستیی مرۆڤایەتیی خۆیان تێ دەگەن ، لە یەکسانی لەگەڵ سپییەکان و فێر دەبن چۆن بەهاندەری تۆڵەستاندنەوە خۆشیان نەبنە چەوسێنەر.

لە پێناوی ئەم ئامانجەدا مارتن لۆتەر کینگ و کۆی بەشداران لە جموجۆڵەکەی مۆنتیگەمریدا بەردەوام ڕێنوێنییەکانی ناتوندوتیژییان پیادە دەکرد و مەشق لەسەر بەکارهێنان و هۆیەکانی دەکرد. بەم ڕێگەیەش توانستی ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژیی ورووژاندنیان بەدەست هێنا و ئامادەیی بەجەختەوە بەچڕی بەکارهێنانی ئۆتۆبیسی یەکگرتوو بن. کینگ درکی بەوە کردبوو کە بەپێچەوانەی ئالیەتی ئاسایی توندوتیژی (زۆرداری و ڕاپەڕین و زۆرداریيەکی نوێ) ، ناتوندوتیژی وا دادەنێ مەشقکردن لەسەر شێوەگەلی جودا جودا بەتەواوی ڕێ ناباتە سەر تەنیا هێنانە کایەی وەرگێڕانێکی سادە لە تەرازووی هێزەکان و ڕۆڵەکان، بگرە بۆ بەهێزکردنی دادوەری و دیموکراتییەت. ئەو بڵاوکراوەیەی ئامادەکردنی کۆمەڵگەی ڕەشی بە ئامانج گرتبوو بۆ تێکەڵبوونی ڕەگەزی لە ئۆتۆبیسەکاندا، لەم بارەیەوە واتادارە. (دەقی بڵاوکراوەکە بخوێنەوە).

هەموو ئەم ئامادەکارییە وردانە کۆششیان بۆ ئەوە دەکرد بزووتنەوەی لابردنی جیاوازیی ڕەگەزی بەبێ پێکدادان بەکۆتا بێ.

دوای ئەم یەکەم گەشتە گەورەیە لە ڕێی خەبات لە پێناوی یەکسانیی ڕەگەزی، مارتن لۆتەر کینگ، کە لە بیست و هەشت ساڵەی تەمەنیدا بوو، وەک پێشەوای بزووتنەوەی بەرگری لەلای ڕەشەکان دەرکەوت.

*

## پێشنیازێک لەبارەی ئاوێتەبوونی ڕەگەزیەوە لە ئۆتۆبیسەکاندا

ئەمە حوتوویەکی مێژووییە، چونکە جیاوازی لە ئۆتۆبیسەکاندا بە حوکمی قانوون بووە شتێکی پێچەوانەی دەستوور. لە ماوەی چەند ڕۆژێکی کەمدا بڕیاری دادگەی باڵا لە مۆنتیگەمری جێبەجێ دەکرێ و سەرلەنوێ لە تواناتاندا دەبێ ئۆتۆبیس بەکار بهێنن کە ئەمجارە ئاوێتەبوونی تێدا پیادە دەکرێ.

ئەم کارەمان بەسەردا دەسەپێنرێ، لە هەڵوێستگەلێکدا لەوانەیە هەستیار بن، بەرپرسیاریی پاراستنی لێبووردەیی هێمن و بەرێز بەخۆیەوە دەگرێ شایانی نیشتمانیی باش و ئەوەی سەر بەنەتەوەکەمانن. لە کاتی ڕوودانی هەر توندوتیژییەکدا، بەقسە یان بەکردەوە، ئەوە دەبێ لە دەستکردی ڕەشەکان بێ.

ئەمانە هەندێک پێشنیازن لەوانەیە لە ئەرکە زەحمەتەکەتاندا یارمەتیتان بدا، بیانخوێننەوە و فێریان بن و لە ناختاندا بیانچێنن بۆ ئەوەی بڕیاری ناتوندوتیژیمان بەچەسپاوی بمێنێتەوە.

## ئەمانە سەرەتا هەندێک پێشنیازی مۆرک گشتین

١. هەموو سپییەکان دژی ئاوێتەبوون نین لە ئۆتۆبیسەکاندا. ئەو نیازپاکییانە بەبیر بهێننەوە کە هەندێکیان دەریان بڕی.

٢. لە ئیستا بەولاوە " هەموو " خەڵک بۆیان هەیە " هەموو " کورسییە بەتاڵەکانی ئۆتۆبیس بەکار بهێنن.

٣. یارمەتی لە " ڕووحولقودس " بخوازن و بەڵێن بەخۆتان بدەن ناتوندوتیژی بگرنە بەر، لە قسە و کردەوەدا کە بتانەوێ سواری ئۆتۆبیس بن.

٤. با هەڵسوکەوتتان هێمنی و ڕێزی ڕەشەکانی مۆنتیگەمری بنوێنێ.

٥. لە هەموو بارودۆخێکدا پابەندی قانوونە گشتییەکانی ڕەوشت و ڕەوتی چاک بن.

٦. لە بیرتان بێ ئەمڕۆ تەنیا سەرکەوتنی ڕەشەکان نییە، بگرە هی گشت مۆنتیگەمری و باشووریشە. خۆتان لەهەموو شێوەیەکی بەخۆوەنازین بەدوور بگرن.

٧. هێمن بن و هەر لەو کاتەشدا خەڵکتان خۆش بوێ و شانازی بکەن هەڵەوەڕ مەبن و کامەران بن بێ زیادەڕەوی.

٨. خەڵکتان خۆش بوێ بۆ ئەوەی بەرگەی بەدکاری بگرن و لە کار بگەن بۆ ئەوەی دوژمن بکەنە دۆست.

ئەمانەش هەندێک پێشنیازی مۆرک تایبەتین

١. شوفێر بەرپرسی ئۆتۆبیس و جێبەجێکردنی یاسایە. دەبێ پێشەکی بەمە قایل بن کە یارمەتی دەنوێنێ و ڕێتان دەدا لەسەر یەکەم کورسیی بەتاڵدا ڕۆنیشن.

٢. بە ئەنقەست لە تەک سپییەکەوە دامەنیشن، تەنیا ئەگەر کورسیی تر نەبێ.

٣. لە کاتی دانیشتن لە تەک کەسێکدا ئەگەر ڕەش بێ یان سپی، لە بیر مەکەن بڵێن:" " ببوورە " یان " داوای لێبووردن دەکەم " بە هەستی ڕەوشتبەرزی.

٤. ئەگەر سووکایەتییەکتان ئاراستە کرا بەرامبەری مەدەنەوە و ئەگەر کەسێک بە ئەنقەست پاڵی پێتانەوە نا ئێوەش پاڵ بەکەسەوە نەنێن و ئەگەر لێتان درا لە کەس مەدەن، لە هەموو بارودۆخێکدا بە خۆشەویستی و نیازپاکی بجووڵێنەوە.

٥. لە کاتی ڕوودانی گرفتدا قسە زۆر مەکەن و ئارامیی خۆتان ڕابگرن و هەر دانیشن! ئەگەر پێویستی کرد شوفێر ئاگەدار بکەرەوە.

٦. ئەگەر کەسێکی تر تووشی تەنگەتاوکردن هات لە جیاتیی ئەو بەرگری مەکە، تەنیا نوێژ بۆ چەوسێنەر بکە و بەچەکی ڕەوشت و گیان نەبێ بەرگری لە دادوەری مەکەن.

٧. لە پێناوی بەدیهێنانی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا، لە تاقیکردنەوەی ئەم شێوە نوێ و داهێنەرانەی لەگەڵ تواناکانتان دەگونجێن مەترسن.

٨. ئەگەر کەسێکتان لەو بڕوایەدا بوو کە ئەوەی داوای لێ دەکرێ زۆر زەحمەتە، باشتر وایە حەفتەیەک یان پتر هەر ڕێ بکا. ئێمە بڕوامان بە گەلەکەماندا هەیە.

*

## پێرمەنگهام ١٩٦٣

ڤنسنت ڕۆشل

بزووتنەوەی نیسان – ئایاری ١٩٦٣ کە بەلابردنی جیاوازیی ڕەگەزی لە پێرمەنگهام کۆتاییی هات، بەنموونەیەکی جموجۆڵی ناتوندوتیژی دادەنرێ. شیکردنەوەی بارودۆخی گشتی و هەڵبژاردنی شوێن و کاتی بزووتنەوە و ئامادەکاری و جێبەجێکردن، هەموو مەرجەکان هاوکارییان لە سەرخستنەوەی ئەو ستراتیجییەی دەستی پێ بەکار کرا...

لە هەڵبژاردنی پێرمەنگهامدا مارتن لۆتەر کینگ و بەرپرسانی بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکان چاکیان دەزانی کایەکە زۆر زەحمەت دەبێ. پێرمەنگهام گەورەترین شارێکی پیشەسازیی باشوور بوو. هەروەها ڕەگەزپەرستیی ئەوتۆی تێدایە دەمارگیرترین و ڕادیکاڵترینی هەموو لایەکی وڵاتە یەکگرتووەکانن. بنیاتی سیاسی بەوردی پابەندی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانن. " کاتێکی درێژی بەسەردا ڕەت بووە و مافی مرۆڤ لەو کۆمەڵگەیەدا پێشێل کراوە، خەڵکەکە وایان لێ هاتبوو هەناسەی ترس و چەوسانەوەیان لەگەڵ دووکەڵی کارگەکان هەڵدەکێشا"[١].



هاری بلافۆنتی گۆرانیبێژ بەشدار بوو لە کۆکردنەوەی پارە بۆ ئازادکردنی هەزاران خۆپیشاندەر کە لە هەڵمەتی برمنگهام گیرابوون

چەوساندنەوە و جیاوازی لە پێرمەنگهام هەردووک لە کەسێکدا خۆیان دەنواند کە ئۆجین کۆنور، کە بە " بوڵ Bull" دەناسرا (ئەم وشەیە بە ئینگلیزی واتە: گا) و ئەوساکە لە ئەنجوومەنی شارەوانیدا بەرپرسی ئاسایشی گشتی بووە. ئەم ڕۆژنامەوانە کە پێشتر بەرنامەی وەرزشی لە تەلەڤزیۆندا پێشکێش کردووە، بەبێ سڵکردنەوە ڕەتکردنەوەی بێ سنووری مافەکانی ڕەشەکانی ڕادەگەیاند هەروەها دەسەڵاتی حکوومەتی فیدراڵیشی ڕەت دەکردەوە. یەک لەو کەسانە بوو کە ڕایان دەگەیاند کە بەر لەوەی بڕیاری ئاوێتەبوون لە پێرمەنگهامدا دەدرێ خوێنی لێ دەڕژێ. داخۆ دروشمی جۆرج والاس –ی حاکمی ویلایەتی ئەلاباما ئەوە نەبوو دەیگوت: " ئەمڕۆ جیاوازی، سبەی جیاوازی، هەمیشە جیاوازی! "؟. شاری پێرمەنگهام لە دەست بە سیاسەتی بێ سنووری جیاوازیی گرتندا هەموو شارەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی تێپەڕاندبوو. ئەوانەی بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکانیان بەدەستەوە بوو باوەڕیان بەوە هێنا بوو ئەگەر توانییان جیاوازی لە پێرمەنگهام لاببەن، یەک بەدوای یەک شوێنەکانی تری لە هەموو لایەکی وڵاتدا دەڕووخێ. بەڕاستیش کاتێک مارتن لۆتەر کینگ لە ١٠ی ئایاری ١٩٦٣دا ڕێککەوتنێکی لەگەڵ دەسەڵاتی شارەوانیدا ئیمزا کرد جەخت لەسەر سەرکەوتنی ڕەشەکان کرد، هەزارانێک لە شارانی باشووریش جیاوازییان لابرد.

## ئامادەکاری بۆ جموجۆڵ

کە دەست بە جموجۆڵ کرا پێرمەنگهام بزووتنەوەیەکی بەرگریی لێ بوو قەشە فرێد شاتلزوۆرت سەرپەرشتیی دەکرد. ئەم قەشەیە " بزووتنەوەی ئەلابامای کرستیان بۆ مافەکانی مرۆڤ "(A.C.H.R) دامەزراندبوو کە بەشێک بوو لە ٨٥ بەشی ڕێکخراوی " S.C.L.C" (کۆنگرەی

سەرکردە کرستیانەکان لە باشوور)، مارتن لۆتەر کینگ سەرکردایەتیی کرد. لە ئەیلوولی ١٩٦٢دا کۆبوونەوەی ساڵانەی ڕێکخراوەکە لە پێرمەنگهام بەسترا. بزووتنەوەی فرێد شاتلزوۆرت چەند هەوڵێکی دابوو بۆ لابردنی ئامادەکارییەکانی جیاوازی لە شوێنە گشتییەکاندا، لە سەرەتای ١٩٦٢دا دابڕانێکی لەگەڵ ڕێکخراوی هێلکەی ڕەگەزپەرستاندا ئەنجام دا، بووە هۆی دابەزینی بەڕێژەی نزیکەی لە سەتدا ٤٠ی ناوەندی فرۆشتن.

لە ڕاستیدا هەوڵی لابردنی جیاوازی لە شاری ئەڵبانی ئێجگار پەرت و بڵاو بوو بەجۆرێک کاریگەریی لە دەست دا. لە ئەنجامی هەڵسەنگاندنی جموجۆڵی ١٩٦٢دا، بزووتنەوەی ئەلاباما وای پێ باش بوو شەڕەکە ئاراستەی یەک ئامانج بکەن، جموجۆڵەکە پشتی بە بەکارهێنانی هێزی کڕین لەلای ڕەشەکان وەک فشارێک بۆ لابردنی جیاوازی لە کۆگاکاندا. سەرەتا جموجۆڵ کۆگا گەورەکانی کردە ئامانج کە چێشتخانەی جەمە سووکەکانیشیان تێدا هەیە، سەرەڕای ڕێکخستنی لیستێکی زانیاریی تایبەت بە ئەو شوێنانەی مەبەستن، دەبووایە خۆبەختکار بۆ خۆپێشاندانەکان پەیدا بکرێن و مەشقیان پێ بکرێ، بزووتنەوەکە توانی نزیکەی ٢٥٠ کەس کۆ بکاتەوە ئامادەییان پێشان دا تەنانەت تا پێنج ڕۆژیش لە بەندیخاناندا بن. قۆناخی ئامادەیی هۆیەکانی ناتوندوتیژیشی گرتەوە و هەروەها ئەنجامدانی " مەشق " بۆ ئامادەکردنی خۆپێشاندەران بۆ هەڵوێستەکانی ئەو ڕووبەڕووبوونەوانەی دەشێ تووشیان بێن. دەبوو دەست بە هاتوچۆی ئەو چێشتخانە جەمە سووکانە بکرێ کە بۆ سپییەکان تەرخان کراون لە کۆگا گەورەکانی ناوەندی شاردا و ڕەوشت بەرزانە ڕەتکردنەوەی بەجێهێشتنی شوێنەکان و تووشی گیران بوون بە تاوانی:" سووربوونەوە لەسەر ئەنجامدانی تاوان دوای ئاگەدارکردنەوەشیان ".

قۆناخی دواتر لە جموجۆڵ پێویستی بە بەدەستهێنانی پشتگیریی کەسایەتییە جیاجیاکان لە ماوەی بەشداریکردندا لە کۆبوونەوە گشتییەکاندا، بەتایبەتی لە پێناوی کۆکردنەوەی پارەی پێویست بۆ سزادان بۆ ئەوەی گیراوەکان ماوەی دوور و درێژ لە بەندیخانەدا نەمێننەوە. لەم چوارچێوەیەدا هاری بلافۆنت ـی گۆرانیبێژ چالاکییەکی سەرنج ڕاکێشی ئەنجام دا، لەبەرئەوەی تەوەری جموجۆڵ دەبێ ئەو کۆگا گەورانە بن کە جیاوازی پیادە دەکا، ماوەی وەرزی ڕۆژووگرتن هەڵبژێررا چونکە ڕێژەی فرۆشتنیان تێدا زۆر بەرز دەبێتەوە. هەر لەم ماوەیەشدا قۆناخێکی سەرەتاییی هەڵبژاردنی شارەوانی ئەنجام درا و بول کۆنور یەک لە سێ کاندیدە سەرەکییەکان بوو. ناوی کۆنور لە کایەی دووەمیشدا هەر لە گۆڕێدا بوو. مارتن لۆتەر کینگ نەیویست بزووتنەوەکە بەکار بهێنرێ بۆ ڕێکلامی هەڵبژاردن کە بشێ پشتگیریی کۆنور بکا. بۆیە بەر لە کاتی کایەی دووەم بڕیاری ڕاگرتنی جموجۆڵەکەی دا. بەرپرسانی جموجۆڵ بڕیاریان دا لەم ماوەیەدا لە شار دوور بکەونەوە و سەرلەئێوارەی ڕۆژی دووەمی نیسان گەیشتنە پێرمەنگهام و ڕۆژی سێیەم دەستیان بە هەڵمەتێکی ڕاستەوخۆ کرد لەگەڵ ٦٥ی ٢٥٠ کەسی خۆبەخش. دەبوایە هەڵمەتەکە شەش مانگ درێژەی هەبێ.

لە ماوەی سێ ڕۆژدا ژمارەی گیراوان گەیشتە ٣٥ کەس. بەمەش قۆناخی دووەمی هەڵمەتەکە دەستی پێ کرد کە پێویست بوو کۆڕەوگەلێکی ڕۆژانە ڕێک بخرێ بۆ خانەی شارەوانی. لە ٦ی نیساندا پۆلیس ٤٢ خۆپێشاندەری بە تاوانی " بەشداریکردن لە خۆپێشاندانی ڕێ پێ نەدراودا " دەستگیر کرد. دابڕان لە کۆگاکان لە ناوەڕاستی شاردا ئێجگار کاریگەرە. لە دەی نیساندا دادگە فەرمانێکی دەرکرد کە دەبێ "جمووجۆڵەکان ڕابگیرێن". مارتن لۆتەر کینگ بڕیاری دا لە یاخیبوونی مەدەنیدا پتر بچێتە پێش. دوای دە ڕۆژ لە هەڵمەتەکە لە نێوانی ٤٠٠ تا ٥٠٠ گیراو هەبوو. هەندێکیان دوای ئەوەی کەفالەتیان بۆ درا ئازاد کران ، بەڵام ٣٠٠ گیراو هەر لە بەندیخانەدا مانەوە. لە دوازدەی نیساندا مارتن لۆتەر کینگ و ڕالف ئەبرنائی ـی برادەری گیران. گرتنی کینگ بۆ ماوەی بیست و چوار سەعات تەواوێک بەنهێنی بوو. دوای هەشت ڕۆژ دوای کەفالەت دان ئازاد کرا. کینگ ویستی فشار دووهێندە بکا ئەوەش بە بەشداری پێکردنی لاوان لە چالاکیدا. ڕۆژنامەکان لەبەر بەکارهێنانی منداڵان هەڵمەتە هێرشێکیان بردە سەر بزووتنەوەکە. لە دووی ئایاردا پتر لە هەزار کەس لەو لاوانە خرانە بەندیخانە. بەدرێژاییی ماوەی هەڵمەتەکە لە کەنیسەکانی گەڕەکە ڕەشەکاندا کۆبوونەوەی گشتی دەگیران لە پێناوی قووڵترکردنی پابەندبوون بە ناتوندوتیژی. ٦٥ کۆبوونەوە لە ماوەی ٦ حەفتەدا کرا! گۆرانییەکانی ئازادی دەورێکی گەورەیان لەو کۆڕەوانەدا دەبینی کە بە شەقامەکانی پێرمەنگهامدا ڕەت دەبوون.

دوای نوشوستی لە ئەلبانی کینگ بڕوایەکی لەلا پەیدا بوو کە: " ئەگەر گەل توانی لەناو ڕیزەکانیدا لە سەتا پێنجی لەو کەسانەی پێ کۆ کرایەوە کە ئامادەن بخرێنە بەندیخانە لە پێناوی دۆزێک کە باوەڕیان پێیەتی، هیچ تەگەرەیەک ناتوانێ کۆڕەوەکەی ڕابگرێ"[٢]. ئێوارەی ئەو ڕۆژەی لاوان بەکۆمەڵ بەشدارییان لە خۆپێشاندانەکاندا کرد. بۆ یەکەم جاریش بوو لە مێژووی بزووتنەوەی لە پێناوی مافەکانی مەدەنیدا، بنەماکانی گاندی " بەندیخانەکان پڕ کەن " خرایە بەر تاقیکردنەوە. لە ماوەی هەڵمەتەکەدا ئەو خۆپێشاندەرانەی گیرابوون گەیشتنە ٢٥٠٠ کەس. پۆلیس پاسی نەما گیراوانی پێدا بگوازێتەوە، ئۆتۆبیسە قوتابخانەییەکانیان بەقەرز وەرگرت. لاوە ڕەشەکان لە هەموو شوێنێکدا بەدوای پۆلیسە سپییەکاندا ڕایان دەکرد و تکایان لێ دەکردن دەستگیریان بکەن. هەموو ئامادە بوون زیندانی بکرێن و دەیانزانی بەندیخانەکان پڕ بوون و پۆلیس نازانن لە کوێیان دابنێن.

سەرەتا پۆلیس هەڵوێستی ناتوندوتیژییان هەبوو لە ڕووبەڕووبوونەوەی خۆپێشاندەراندا. کردارەکانی گرتنیش لە چوارچێوەیەکی پەسنددا بە هێمنی ئەنجام دەدرا. بەڵام زۆری پێ نەچوو هێزەکانی سەرکوت کردن نەرمونیانیی خۆیان لەدەست دا و ڕووە ڕاستەقینەکەی خۆیان دەرخست و هۆیەکانی ڕاگەیاندن هەواڵەیلی دڕندانەی پۆلیسیان بۆ گشت جیهان گواستەوە. بەڵام ئەمە ڕێی

لە کەنیسەی سپی نەگرت دژی جموجۆڵەکەی مارتن لۆتەر کینگ بوەستێ. لە بەندیخانەی پێرمەنگهامەوە کینگ نامەیەکی نووسی هەڵوێستی ترسنۆکانەی بەرامبەر زۆرداری شەرمەزار کرد.

ئەوە دەزانرا کە بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکان لەلایەن سەرۆک کەنەدییەوە پشتگیری لێ دەکرێ کە لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٦٠دا بەهۆی دەنگەکانی ڕەشەکانەوە بردییەوە. بەڵام بەڵێنەکانی دەمەکانی هەڵبژاردن لە چوارچێوەی بارودۆخدا زۆر بە شەرمنی مایەوە. دوا بەدوای جموجۆڵی پێرمەنگهام و دوای ئەوەی کارگێریی ئەمەریکایی لێکۆڵینەوەی دۆزی مافە مەدەنییەکانی دواخست، چاوی بە بەرنامەکەیدا گێڕا و پڕۆژەیەکی توندوتیژی لەم بارەیەوە خستە سەرەوەی خشتەی کارەکانی کۆنگرس.

## هێزی ناتوندوتیژی

ئەمە یەکەم جارە سەتان ڕەش دەوێرن ڕووبەڕوو لە بەردەمی پیاوی سپیدا بوەستن، ئەمەش دەستی بە لەقکردنی بۆچوونی هەندێکیان بە بەرزتربوونی سپی بەسەر " کۆیلە "کەدا. بەهۆی ئەمەشەوە بنچینە ئایدیۆلۆجییەکەی جیاوازیش لە قووڵاییەوە دادەخورێ. مارتن لۆتەر کینگ ئەم ڕووبەڕووبوونەوە قارەمانانەیەی نێوانی ڕەشەکان و پۆلیسی پەسن کردووە و دەڵێ:" پاش نیوەڕۆی یەکشەمە چەند سەد کەسێک لە ڕەشەکان بڕیاریان دا کۆبوونەوەیەک بۆ نوێژکردن بکەن لە کەنیسەی مەعمەدانی کە لە تەک بەندیخانەوەیە. کۆڕەوەکە بە هێمنی و ڕێکوپێکی بەرەو کەنیسە بەڕێ کەوت. " بوڵ " کۆنور سەگی پۆلیسیی داگرت و ئاگرپژێنی دایە دەست پیاوانی. کۆنور فەرمانی بە خۆپێشاندەران دا پاشەوپاش بگەڕێنەوە دواوە. شارلز بیلوتزی بەڕێز ڕەوشت بەرزانە فەرمانەکەی ڕەت کردەوە. کۆنور ڕووی لە پیاوانی کرد و هاواری کرد: " بۆ دۆزەخ! ئاگرپژێنەکان بخەنە کار! " و ئەوەی لە ماوەی سی چرکەی دوای ئەوە رووی دا جوانترین شتێک بوو کە پێرمەنگهام لە هەموو مێژوویدا زانیبێتی. پیاوەکانی بوڵ کۆنور وەستان و ئاگرپژێنی بکوژی ئامادەیان بەدەستەوە بۆ بەکارهێنان ڕووبەڕووی خۆپێشاندەران بوونەوە. زۆربەی ئەمانە چۆکیان دادابوو بە هێمنی و جێگیری سەیریان دەکردن. ئینجا لەسەرخۆ وەستان و دەستیان بە پێشڕەوی کرد. پۆلیسەکان کە وەک نوێنراو دەبینران بە ئاگرپژێنە بێ کەڵکەکانیانەوە پاشەکشێیان کرد، لە کاتێکدا سەدان کەس لە ڕەشەکان بەلایاندا ڕەت بوون بێ ئەوەی بایەخیان پێ بدەن و لەسەر کۆڕەوەکەیاندا بەردەوام بوون تا شوێنی دەستنیشانکراو کە وەک بڕیار درابوو کۆبوونەوەی نوێژ بەسترا"[٣].

هێزی ناتوندوتیژی بەشێوەیەکی سەرەکی لە فشارە ئابوورییە بەبایەخەکاندا مت بوو کە هەڵمەتی لێ دابڕان بەسەر کۆگاکانی سەپاندبوو. داهاتی کار لە کارگەکانی پۆڵا بەهۆی دابەشبوونەکانی نێو کرێکارەکان پاشەکشەیەکی ڕاستەقینەی کردبوو.

دواتریش بەشێوەیەکی تایبەتی هەڵمەتی یاخیبوونی مەدەنی بەشێوەیەک جێبەجێ دەکرا کارێکی کرد خەریک بوو کاروبار لەدەست دەسەڵاتەوە دەرچێ. لە حەوتی ئایاردا دەسەڵاتی شارەوانی دەستی بە خوێندنەوەی داواکارییەکانی بزووتنەوەی ڕەش کرد.

" ئەو ڕۆژە هەزاران ڕەش لە شارە سپییەکەدا بڵاو بوونەوە، بەندیخانەکان پڕ بوون، پۆلیس دەستگیرکردنێکی سنوورداری خەڵک نەبێ چیی تری نەکرد، ڕەشەکان لەسەر شۆستە و ڕێگەکاندا، لە بەردەمی کۆگا و دوکاناندا وەستا بوون یان دانیشتبوون، جەماوەرێکی زۆر بوون، برێکی ئێجگار گەورە لە دەموچاوی پێستڕەش، هیچ کارێکی توندوتیژییان ئەنجام نەدا، تەنیا هاتبوونە ئەوێ و دەنگیان بەرز کردبووەوە گۆرانییان دەگوت، ئاوازگەلی ئازادی لەناو شاردا دەنگیان دەداوە. پیاوانی کار ئەوانەی پایەیەکیان هەیە لەم شارە گەورەیەدا حەپەسابوون، لە پڕ درکیان بەوە کرد کە ئی تر ڕاگرتنی بزووتنەوەکە لە تواناداا نییە"[٤].

ڕێککەوتن لە ١٠ی ئایاردا ئیمزا کرا و پەسندکردنی داواکارییەکانی ڕەشەکانی تێدا بوو.

بەڵام لە ڕاستیدا پێویست بوو ڕەشەکان بەسەر تەگەرەگەلێکی لە کۆنەوە ڕەگداکوتاو و چەسپاودا سەرکەون و دواتریش دەبوو چالاکی و ڕیزە هەڵمەتێکی تر ڕێک بخەن. لەو دەمانەدا کینە و ئارەزووی تۆڵەسەندنەوە پەقییەوە و بۆمبا فڕێ درایە سەر ماڵان و سەر کەنیسەکانی قەشە ڕەشەکان. بۆمبایەکیان بووە هۆی کوژرانی چوار کیژۆڵەی بچووک، ئەمە یەکەم جارە ڕەشەکان هەڵمەتێکی لەسەر بەرەیەکی لەم فراوانییەدا دەکەن، بەلای ڕەشەکانەوە شەڕی مافە مەدەنییەکان بە کردەوە دەستی پێ کردبوو و هیچ شتێک نییە بتوانێ ڕێیان لێ بگرێ و سەرکەوتن نزیک بووەوە.

## مارتن لۆتەر کینگ لە ڕووبەڕووبوونەوەی لیبرالییە سپییەکان و کەنیسەی سپیدا

کە مارتن لۆتەر کینگ لە بەندیخانە بوو، دوا بەدوای گەشتی جموجۆڵیدا لە پێرمەنگهام لە نیسانی ١٩٦٣دا، چوار ئوسقوف و حاخام و چوار قەشە لە سپییەکان بەیانێکی گشتییان بڵاو کردەوە چالاکییەکانی بزووتنەوەی تێدا بەیاد دەهێننەوە لە پێناوی مافە مەدەنییەکان. کاری ئەم کۆبوونەوە ماسکۆنییەی لەو بۆنەیەدا دەرکەوت تا ناڕەزایی دەربڕێ بەرامبەر ئەو گرفتانەی لە تێکۆشانی ڕەشەکانەوە دژی زۆرداری پەیدا بوون، شتێکی نامۆ بوو. ئەمە چەند برگەیەکە لەو نامە درێژەی مارتن لۆتەر کینگ لە بەندیخانەکەیەوە لە پێرمەنگهام وەک بەرپەرچدانەوەیەکی دژی بەرانەکە.

" ... ئەی برایانم لە خرستیان و جوو، من قەرزارتانم دان بە دوو شتتان بۆ بنێم، لە سەرەتادا دەبێ دان بەوەدا بنێم من لە ماوەی لەم ساڵانەی دواییدا تووشی نائومێدییەکی گەورە هاتم بەهۆی هەڵوێستەکانی ئەو سپییانەی بۆچوونی لیبراڵییان هەیە. ئەمڕۆش خەریکم دەگەمە ئەو هەڵێنجانە مخابنە کە بەبایەخترین تەگەرە لە بەردەمی ڕەشەکاندا لەسەر ڕێگەی ئازادیدا ئەوانە پێکی ناهێنن کە سەر بە white Citizen Councilers یان سەر بە کۆکلۆس کلان –ن، بگرە ئەو لیبراڵییەی

ڕێژیمی پێ پەسندترە لە دادوەری و ئاشتیی نەرێنی (کە گرژی لە گۆڕێدا نییە)ی پێ لە ئاشتیی ئەرێنی پێ باشترە کە دادوەری سەروەر دەبێ، ئەم لیبرالییەی هەمیشە: " من لە مەبەستتان تێ دەگەم، بەڵام ناتوانم شێوازەکانتان لە چالاکیی ڕاستەوخۆ پەسند بکەم " دووبارە دەکاتەوە و لەو بڕوایەدایە هەر لەم هاوسۆزییە باوکانەیەوە بۆی هەیە خشتەی کۆڕەوی ڕزگاری بۆ ئەوانی تر دەستنیشان بکا و بڕوا بە هەڵەی کات دەکات و واز لە پەن دادانی ڕەشەکان ناهێنێ کە پێویستە چاوەڕێی " کاتێکی گونجاوتر بکەن". ئەو تێگەیشتنە ڕووکەشییەی " نیازچاکان " دەری دەبڕن لە تێنەگەیشتنی ناحەزان گەلێک ئومێدبڕترە. پەسندکردنی شلەتێن لە ڕەتکردنەوەی ڕەها سەرسوڕمێنترە...

" کەنیسە ئومێدبڕی کردم کە چەند ساڵێک لەمەوبەر بۆ سەرکردایەتیی هەڵمەتی ئۆتۆبیسیان دانام لە مۆنتیگەمری، لەو بڕوایەدا بووم پشتگیری لە کەنیسەی سپییەوە بە دەست دەهێنین و قەشەکان و ئوسقوفەکان و حاخامە سپییەکان لە باشوور دەبنە هاوپەیمانە بەهێزەکانمان، هیچی وای لەم شێوەیەیان نەکرد، تەنانەت هەندێکیان چوونە ڕیزی ناحەزانمان و ڕەتیان کردەوە کە ئاراستەی بەکردەوەی بزووتنەوەکە تێ بگەن لە پێناوی ڕزگاریدا و هەوڵی ناو زڕاندنی سەرکردایەتییەکەیان دا. ئەوانی تریش کە زۆرن، لەوان پتر سڵیان دەکردەوە پتر لەوەی ئازا بن و بەبێدەنگی کشانەوە ناو پەرستگاکانیان و دڵنیاییان، لە پشت خامۆشیی جامە ئاوییەکانی پەنجەرەکانیان.

سەرەڕای ئەوەش کە گەیشتمە پێرمەنگهام هێشتا ئومێدەوار بووم کە دۆزە ڕەواکەمان سەرکردەکانی کەنیسەی سپیی هان دەدا بۆ بەجێهێنانی ئەرکی پشتگیریی داواکارییەکانمان و بەرزکردنەوەیان بۆ دەسەڵاتدارە سیاسییەکان. بە ئومێد بووم هەریەکەتان لە هەڵوێستەکەی من گەیشتبێ، بەڵام بۆچوونەکەم ئەمجارەشیان نوشوستیی هێنا.

" زۆر جاری وا هەبوو دەمبیست پێشەوا ڕووحییەکان لە باشوور بڕواداران هان دەدەن قانوونی ئاوێتەبوون جێبەجێ بکەن بەهۆی مۆرکی قانوونییەوە، لە جیاتیی ئەوەی بەپەرۆشەوە چاوەڕێم دەکرد پێیان بڵێن: ئەم قانوونە جێبەجێ بکەن چونکە لەلایەن ڕەوشتەوە ڕاستگۆیە و چونکە ڕەش براتانە ". لە دەمەدەمی بەرگریی ڕەشەکان بەرامبەر زۆرداریی ئاشکرا دەمبینی پێشەوا ڕووحییە سپییەکان بە هەڵەبێژیدا دەچن و تەنیا بەو ڕێنوێنییانەوە خەریک دەبوون کە پەندی ترس لە خوا دادەدەن. لە جەنگەی ئەو شەڕە زۆر گەورەیەدا کە بۆ ڕزگارکردنی وڵات لە زۆرداریی ڕەگەزپەرستی و ئابووری خۆمان لێ دا، دەمبیست هاوار دەکەن کە : "ئەمانە کێشەگەلێکی کۆمەڵایەتین و ئینجیل پێوەندیی پێوە نییە ". درکم بەوە کرد کەنیسە لە دینێکدا نوقم بووە دوورە لە ڕووداو بەشێوەیەکی سەیر شتەکان لێک جودا دەکاتەوە، لە لایەنی نووسین و کردەوەوە، لە نێوان لەش و گیان، پیرۆز و دنیایی (....) دەنگی کەنیسەی هاوچاخ بەگشتی لاواز و بێدەسەڵات بووەتەوە و بە ئاستەم دەبیسترێ یان کەس لێی تێ دەگا! هەروەها زۆرجار کەنیسە ئەرکی پاراستنی بارودۆخی سەروەر

دەپارێزێ! ئەو دەسەڵاتانەی هەرگیز لە بوونی کەنیسە دڵگرانن، لە بارودۆخ ڕازیبوونی بێدەنگ یان ڕاگەیەنراوی کەنیسەوە هەست دەکەن لەلایەن ئەوانەوە پشتگیرییان لێ دەکرێ.

" بەڵام کەنیسە ئەمڕۆ لە هەموو دەمێکی ڕابردوو پتر لە بەردەمی لێپرسینەوەی خوادایە. ئەگەر ئەمڕۆ کەنیسە ئەو گیانی خۆبەختکردنە ناهێنێتەوە بەرچاو، کە مۆرکی خۆی بە کەنیسەی بەراییەوە ناوە. ڕەسەنایەتیی خۆی و لە هەمان کاتیشدا متمانەی ملیۆنان لەدەست دەدات و دەبێتە تەنیا یانەیەکی ونجڕ کە هیچ پێوەندییەکی بەسەدەی بیستەمەوە نابێ. من بەردەوام لاوێلێک دەبینم ئومێدبڕبوونیان بە کەنیسە دەبێتە هۆی لێ دوورکەوتنەوەی تەواو... ".

*

## واشنتۆن ٢٨ی ئابی ١٩٦٣

مارتن لۆتەر کینگ

لە یادی یەکەم سەد ساڵەی لابردنی کۆیلێتیدا، پتر لە ٢٥٠.٠٠٠ کەس، کە پێنج یەکیان سپین، لە بەردەمی پەیکەری سەرۆک لینکۆڵن کۆ دەبنەوە و مارتن لۆتەر کینگ لەوێ وتارە بەناوبانگەکەی " خەونم هەیە " دەخوێنێتەوە، ئەمە دەقەکەیەتی:

من ئەمڕۆ بەوە شادمانم کە هاتوومەتە تەک ئێوە بۆ بەشداریکردن لە گەورەترین خۆپێشاندان لە پێناوی ئازادیدا کە تۆماری مێژووی گەلەکەمان زانیبێتی.

سەدەیەک لەمەوبەر ئەمەریکاییەکی مەزن " بەیانی ئازادکردن "ی ئیمزا کرد و ئەوا ئێمە ئەمڕۆ لە دەوروبەریدا ئەو یادە دەکەینەوە. ئەو بەیانە مێژووییە منارە "ڕووناکی"یەکی زۆر گەورە بوو ئومێدی ئەو ملیۆنان کۆیلە ڕەشانەی ئاگری چەوساندنەوەی زۆردارییان چەشتووە ڕووناک




کۆڕەو بەرەو واشنتۆن، ٢٨ ئاب ١٩٦٣

کردەوە! ترپەی بەرەبەیانی ڕۆژێکی کامەرانی پاش شەوێکی درێژی ئازاراویی هەبوو. بەڵام دوای تێپەڕبوونی سەد ساڵ بەسەر دەرچوونی بەیانەکە ڕزگاریی ڕەشەکان نابینین. دوای سەد ساڵ ژیانی هێشتا بە پێوەندیی جیاکردنەوە و زنجیرەکانی جیاوازیی ڕەگەزپەرستانەوە بەندە. دوای سەد ساڵ دەبینین ڕەشەکان لە ناوەڕاستی بوارێکی فراوانی گوزەرانێکی خۆشی مادیدا لە ژینگەیەکی دوورەپەرێزی هەژاردا دەژین، دوای سەد ساڵ هێشتا ڕەش لە پەڕاوێزی کۆمەڵگەی ئەمەریکاییدا ناخۆشی دەچێژێ و دوورخراوەی وڵاتی خۆیەتی. ئەمڕۆ لەبەر ئەوە کۆ بووینەتەوە، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی کارەساتاوی پەردە لە ڕووی بارودۆخێکی کارەساتاویی سووکایەتیبەخشەوە هەڵماڵین.

ئێمە بەواتایەک نەهاتووینەتە پایەتەخت بۆ ئەوەی چەکی پارە وەربگرین، کاتێک دامەزرێنەرانی ئەم کۆمارە بە دەستەواژەگەلێکی زۆر جوان دەستوور و بەیانی سەربەخۆییيان دانا، ئیمزایان لەسەر چەکێک کرد ببێتە کەلەپوورێک بۆ هەموو ئەمەریکا. ئەم چەکە بەڵێنێک بوو بۆ هەموو خەڵکەکە، بۆ ڕەشەکانیش و بۆ سپییەکانیش بەیەکسانی، بۆ دابینکردنی ئەو مافانەیان کە کەس بۆی نییە بەکاری بهێنێ کە پێوەندیی بە ژیان و ئازادی و کامەرانییانەوە هەیە. ڕوونیشە کە ئەمەریکای ئیمڕۆ لە جێبەجێکردنی ئەم بەڵێنانەدا بۆ نیشتمانییە پێستڕەنگینەکانیدا نوشوستیی هێناوە، لە جیاتیی ئەوەی، هەرچی لەسەرە بیدا، دیارە ئەمەریکا چەکێکی بێ بەهای بە ڕەشەکان داوە، بە دەستەواژەی " چەکێکی بێ بەرامبەر" گەڕاوەتەوە بۆ خۆیان.

بەڵام ئێمە ئەوە ڕەت دەکەینەوە کە بەنکی دادوەری لات بووە. ئەوە ڕەت دەکەینەوە کە ئەو بارمتەیەی بەش بکا لە گەنجینەکانی توانست زۆر گەورەیەی نەتەوەکەماندا نەمابێ. ئێمە هاتووین ئەو چەکە وەربگرین وا دەرگەی ئازادی و متمانە و دادوەریمان بۆ دەکاتەوە.

هەروەها بۆ ئەوە هاتووینە ئەم شوێنە پایە بەرزە کە ئەم ساتە پێویستەی ئێسا بەبیر ئەمەریکا بهێنینەوە. ئەمە کاتی حەسانەوە نییە تا لە گەرموگوڕیمان بگەڕێین سارد ببێتەوە، کاتی پێدانی جێبەجێکاریی هەنووکەییی هێورکەرەوەش نییە. ئەمە کاتی جێبەجێکردنی بەڵێنە دیموکراتییەکانە. ئەمە کاتی ڕاپەڕینە لە ونگەکانی جیاکارییە تاریک و دڵگوشەکانە بەرەو خۆرهەڵاتی دادوەریی ڕەگەزی. ئەمە کاتی دەرکردنەوەی نەتەوەکەمانە لە لمەکانی زۆرداریی ڕەگەزپەرستیی جووڵاوە و چەسپاندنەوەی کۆڵەگەکانی برایەتییە. کاتی هاتووە دادوەری بکرێتە ڕاستییەک بەلای هەموو خەڵکەوە. نەتەوەکەمان ئەگەر پێویستیی ئەم ساتە پشتگوێ بخا ناتوانێ لە مەترسیی ئەرکەکان خۆی دەرباز بکا. ئەم هاوینەی بە ناڕەزایی ڕەوای ڕەشەکان بارگران بوو، بەهاتنەوەی پایزی بە ئازادی و یەکسانیی گەشکەرەوە نەبێ کۆتاییی نایێ. ساڵی ١٩٦٣ کۆتایی نییە، بگرە سەرەتایە. ئەوانەی وایان دەزانی ڕەشەکان تەنیا پێویستییان بە خستنە بەربای هەستە کپکراوەکانیان هەیە و قایل دەبێ، کاروبار کە هاتەوە دۆخی جارانی ئەو بەهەڵەداچوونانەیان دەڕەوێتەوە.

تا ڕەشەکان وەک هاونیشتمانی لە مافەکانیان بێبەش بن، ئەمەریکا حەسانەوە، یان ئارامی

نابینێ، گەردەلوولەکانی شۆڕش تا ڕۆژی هەڵهاتنی دەرکەوتنی دادوەری، واز لە هەڵتەکاندنەوەی بنەماکانی نەتەوەکەمان ناهێنێ.

بەڵام من قسەم هەیە بە خەڵکەکەمی بێژم و من لەبەر ئەو دەرکە سواوەدا وەستاوم کە بۆ تەلاری داد دەچێ: کە هەوڵ دەدەین پایە ڕەواکەمان بەدەست بخەین، نابێ کاری زۆردارانە بکەین و پێویستە، بەخواردنەوەی کاسەی تفت و کینە تێنوێتیمان بۆ ئازادی نەشکێنین.

پێویستە هەمیشە خەباتمان لە ئاستێکی بەرزدا، لە سەربەرزی و پابەندبوون درێژە پێ بدەین. نابێ نارەزاییە بنیاتکەرەکانمان بەرەو توندوتیژی هەرەس بهێنێ. دەبێ بەردەوام هەوڵی بەرەو بەرزی بدەین، تا ترۆپکی مەزنی کە هێزی گیان و هێزی مادیی تێدا دەبن بە یەک. ئەم گیانە تێکۆشەرانەیە جوانەی کۆمەڵگەی ڕەشی پێ تایبەتمەندە نابێ وامان لێ بکا بەگومانەوە سەیری هەموو سپییەکان بکەین. چونکە ژمارەیەکی زۆر لە برا سپییەکانمان و ئامادەیی ئەمرۆیان بەڵگەی قسەکانمە. درکیان بەوە کرد کە داهاتوویان بەچارەنووسی ئێمەوە بەندە.

درکیان بەوە کردووە کە ئازادییان بەشێوەیەکی توند بە ئازادیمانەوە بەندە، لە ماوەی کۆڕەوماندا دەبێ پەیمان بەیەکتری بدەین کە ئەم کۆڕەوە بەرەو پێشەوە دەبەین. ناکرێ پاشەکشێ بکەین. کەسی وا هەیە لە هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکان دەپرسێ: " کەی باوەڕ بەوە دەهێنن؟" هەرگیز باوەڕ ناهێنین تا ڕەشەکان قوربانیی بێڕوویی سەرکوتی دڕندانەی کرێتکەرەوە بێ.

توانستی بێدەنگبوونمان نەماوە، کەچی لە کاتی ڕاگوزاریدا بۆمان نییە لەبەر چارپایە لەو موتێلەی لەسەر ڕێگە گشتییەکاندا بڵاو بوونەتەوە یان لە ئوتێلەکانی شاردا بحەسێینەوە.

توانستی بێدەنگبوونمان نەماوە، کەچی ئەو ڕەشەی بیەوێ شوێنی نیشتەجێبوونی بگۆڕێ لە گواستنەوە لە گیتۆیەکی بچووکەوە بۆ گیتۆیەکی گەورەتر نەبێ هیچی تری پێ ناکرێ. توانای بێدەنگبوونیشمان نەماوە کەچی منداڵانمان دوای ئەوەی بە ساڵدا دەچن وەک پێگەییو هەڵسەکەوتیان لەگەڵدا ناکرێ و هەست بە سووکایەتی پێکردن دەکەن کە دروشمەکانی " تایبەت بە سپییەکان " دەخوێننەوە.

توانستی بێدەنگبوونمان نەماوە، کەچی ڕەشەکان لە مسیسیپپی مافی هەڵبژاردنیان نییە و ڕەشەکان لە نیویۆرک لەو باوەڕەدایە دەنگدانەکەی کارێکی بێ سوودە.

بەڵێ، بەڵێ، چیی تر بەوە ڕازی نین و هەرگیزیش ڕازی نابین، تا ماف تەرخان بکرێ و دادوەری وەک پێل وشک ناکاتەوە.

لە بیرم ناچێتەوە کە هەندێک لە ئێوە لە کارەسات و زەحمەتییەکاندا ژیاون. لەنێویشتاندا هەیە ماوەیەکی زۆر بەسەر لە بەندیخانە دەرچوونیدا ڕەت نەبووە. کەسانی دیکەش لە ناوچەییێلێکیەوە هاتوون تێیدا بەر چەوساندنەوە و ئازاردان و هێرشی دڕندەی پۆلیس کەوتوون، لە پێناوی

ئازادیدا، ئێوە قارەمانی ئازارچەشتنی بنیاتنەرن.

لە کاردا بەردەوام بن و دڵنیا بن کە ئازاری نارەوا ڕزگارکەرەوەیە.

بگەڕێنەوە مسیسیپپی و ئالاباما و کارۆلاینی باشوور و جۆرجیا و لویزیانا، بگەڕێنەوە زنجەکان و گەرەکەکانی گیتۆ لە شارەکانی باکوورماندا و دڵنیا بن ئەم بارودۆخە شیاوی گۆڕانە و دەشگۆڕێ. لە وۆڵی نائومێدیدا بەلارەلار ڕێ ناکەین.

من پێتان دەڵێم برادەرینە، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەمڕۆ تووشی زەحمەتییان دەبین و سبەینێ ڕووبەڕوویان دەبینەوە، من هەمیشە خەون دەبینم کە کوڕانی کۆیلە کۆنەکان و گەورەکانی کۆیلە کۆنەکان ڕۆژێک لە ڕۆژان لەسەر مێزی برایەتیدا لەسەر گردەکانی جورجیای پەمبەیی دادەنیشن. خەون دەبینم ویلایەتی مسیسیپپی کە زۆرداری و چەوساندنەوە دەستیان بەسەردا گرتووە، بە کەشە مرۆ خنکێنەکانیانەوە ڕۆژێک دێ دەبێتە مێرگێک لە ئازادی و دادوەری.

خەون دەبینم چوار منداڵەکەم ڕۆژێک دێ لە ناو نەتەوەیەکدا دەچین لەسەر ڕەنگی پێستەکانیان لێیان ناپێچرێتەوە، بەڵکو لەسەر بەهای ڕەوشتیان. من خەون دەبینم... خەون دەبینم ڕۆژێک دێ لە ئالاباما، بەو ڕەگەزپەرستە دزێوانەی تێیدان و بەو حاکمەی بە وشەگەلێکی ڕێ لە قانوونەیلی فیدرالی و لابردنی ئەم قانوونانە گرەوە نەبێ، هیچ لێدووانێک نادا، تەنانەت لە ئەلاباماش منداڵە ڕەشە گچکەکان و کیژۆڵە سپییە بچووکەکان چوون خوشک و برا بەتەبایی دەژین.

من ئەمڕۆ خەون دەبینم... خەون دەبینم ڕۆژێک دۆڵ بەرز دەبێتەوە و گرد و کێو نزم دەبن و شوێنە سەختەکان تەخت دەبن و ڕێگە پێچاوپێچەکان ڕاست دەکرێنەوە و بەرزیی خوا دەردەکەوێ و هەموو مرۆڤێک دەیبینێ. ئومێدمان وایە.

بەم دڵنیاییە دەگەڕێمەوە باشوور، بەم دڵنیاییە دەتوانین لە کێوی نائومێدیدا بەردی هیوا بچێنین. بەم دڵنیاییە دەکارین لێک دوورکەوتنەوەی تیژ لە نەتەوەکەماندا بە سیمفۆنیایەکی برایەتیی زۆر جوان وەربگێڕین. بەم دڵنیاییە دەتوانین پێکەوە کار بکەین و پێکەوە نوێژ بکەین و پێکەوە خەبات بکەین و پێکەوە بچینە بەندیخانە و پێکەوە بەرگری لە دۆزی ئازادی بکەین و ئێمە دەزانین ڕۆژێک دەبێ ئازاد دەبین.

لەو ڕۆژەدا هەموو خەڵک ئەم وشانە بە گۆرانی دەڵێن کە واتایەکی نوێ بەخۆوە دەبینێ:

" ئەی وڵاتم تۆ، خاکی ئازادیی سازگاری، بۆ تۆ گۆرانی دەڵێم.

ئەو زەوییەی باپیرانم لەسەریدا مردن، ئەو خاکەی کۆچبەران شانازییان پێوە کرد،

لە هەموو نشێوێکی چیاکانتەوە با زەنگی ئازادی لێ بدرێ! ".

ئەگەر گریمانەی ئەوە دەکرا ئەمەریکا ببێتە نەتەوەیەکی مەزن، با ئەوە ببێتە ڕاستی.

با زەنگی ئازادی لەسەر گردەکانی نیوهامشایەری ئێجگار جوانەوە لێ بدرێ!

لە دوندەکانی کێوەکانی ویلایەتی نیویۆرکی مەزنەوە لێ بدرێ!

با له لووتکه بەرزەکانی ئالیگانیز له پێنسلڤانیا لێ بدرێ!

با له بەرزاییەکانی کۆلۆرادۆی بەردینی به بەفر داپۆشراودا لێ بدرێ!

با لەسەر لێژاییە ڕێکوپێکەکاندا له کالیفۆرنیا لێ بدرێ!

بەڵام ئەمە هەموو شتێک نییە. با زەنگی ئازادی لەسەر هەموو گردێک و هەموو بانێکی مسیسیپپیدا لێ بدرێ! و له هەموو لێژاییەکی چیاکانیدا زەنگی ئازادی لێ بدرێ!

که ڕێ به زەنگی ئازادی دەدەین له هەموو دێیەک و هەموو گوندێک و هەموو شارێک و هەموو ویلایەتێکدا لێ بدرێ، ئەوا پەلەمان له هاتنی ئەو ڕۆژە کرد که هەموو خەڵکی ، له ڕەش و سپی و جوولەکه و بتپەرست و پرۆتستانت و کاتۆلیک لەسەری کۆکن و پێکەوە وشەگەلی سروودە ئاینییە زنجییە کۆنەکه دەڵێنەوە:

" له کۆتاییدا ئازاد بووین، ئازاد بووین له کۆتاییدا، بەرزی بۆ خوای مەزن که توانای بەسەر هەموو شتێکەوەیە، ئازاد بووین! ".

پەراوێزەکانی بەشی یەکەم:

١. له وتارێکەوە ساڵی ١٩٦٠ له " The Christian Century "دا به ناونیشانی " ڕێگەی بەرەو ناتوندوتیژیم "و، له کتێبی " La force d`aimer "دا، مارتن لۆتەر کینگ، بڵاوکراوەکانی Casterman، ١٩٦٤.

٢. هەڵوێستی کینگ له جەنگی ڤێتنام له کتێبی " La Seule Revolution "دا بڵاو کراوەتەوە، بڵاوکراوەکانی Casterman، ١٩٦٨.

* ئەم وتارە له ژمارە ٢٦ی کۆواری Alternatives non violentes وەرگیراوە، که له تشرینی دووەمی ١٩٧٧.
rue Paul Appell, 42000 Saint-Etienne.A.N.V.16

پەراوێزەکانی بەشی دووەم:

١. Combats pour la liberte` (شەڕگەلێک له پێناوی ئازادیدا) مارتن لۆتەر کینگ، ١٩٥٨-Petite Biblio theque Payot، ل / ١٥.

٢. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل/ ٣٥.

٣. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل/ ٥٧.

پەراوێزەکانی بەشی سێیەم:

١. شۆڕشێکی ناتوندوتیژی Revolution non-violente، مارتن لۆتەر کینگ، منشورات Payot.

٢. هەر ئەو سەرچاوەیە.

٣. هەر ئەو سەرچاوەیە.

٤. هەر ئەو سەرچاوەیە.

هەولێر ئەندێشە

# گفتوگۆیەک لەگەڵ
# جاک لینهارت

سازدانی: هاشم ساڵح

* پێم وابێت تۆ هاوڕێی "لوسیان گۆڵدمان" بوویت؟

– بەڵێ بەدرێژای چەند ساڵێک یاریدەری ئەو بووم، دواتریش لێرە لە خوێندنگەی خوێندنی باڵای زانستە کۆمەڵایەتییەکان جێگەیم گرتەوە.

* لە حەفتاکاندا "گۆڵدمان" ئەستێرەی بەختی لە گەشانەوەدا بوو، پاشان بایەخ و گرینگی لە کایەی رەخنەی ئەدەبیدا دای لە کزی... ئێمە دەزانین ئەو بە بوونیاتگەریی مێژوویی نێوبانگی پەیدا کرد، کە تێکەڵەیەکە لە مارکسیزم (بەتایبەت لۆکاچ) لەگەڵ دەروونناسی (بەشێوازی جان بیاجێ). پرسیاری من ئەوەیە: گرینگترین خەسڵەتەکانی ئەم بنیاتگەرییە مێژووییە چییە؟

– ئەمە پرسیارێکی زۆر ئاڵۆزە. دەکرێت لە چەندین رووەوە وەڵام بدرێتەوە. سەرەتا دەتوانین باس لە تایبەتمەندییەکانی تیۆریای بنیاتگەری مێژوویی بکەین و پاشان بە میتۆدەکانی تری وەک: (بونیادگەری فۆرمالستی یان میتۆدی دەروونشیکاری و ...هتد)، بەراوردی بکەین. حەز دەکەم ئەوەش بڵێم میتۆدی بنیاتگەری مێژوویی، لەو کاتەدا هاتە ئارا کە "گۆڵدمان" ویستی لە یەک تیۆریادا دوو شت پێکەوە کۆ بکاتەوە. یەکەمیان تاوتوێکردنی تێکستە لەگەڵگرینگیدان بە فۆرم (گۆڵدمان زۆر گرینگیی بەمە نەدەدا، بەڵام دژیشی نەبوو. بۆ خۆی زیاد لە جارێک باسی لەمە کردووە).گرینگینەدانی بەم لایەنە، مانای ئەوە نییە کە ناکۆکییەکی تیۆری لە نێوان ئەم و زانستە فۆرمالیستییەکانی تری وەک زانستی گێڕانەوە و زانستی ماناگەری بنیاتگەریدا هەیە.

هەرچی دووەمیشیانە، بایەخدانی رەخنەگرە بە کێشە گەورەکانی گەشەی هزر، بەتایبەت ئەوەی

.................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: شوان ئەحمەد

پێوەندیی بە لایەنی کۆمەڵایەتی یاخۆ لایەنی سیستمە فەلسەفییە مەزنەکانەوە هەیە. کەواتە تایبەتمەندیی سەرەکیی بنیاتگەری مێژوویی لەوەدایە، توانای کۆکردنەوەی فۆرمی دەق و ئەو لایەنە کۆمەڵایەتی و مێژووییەی هەیە کە تەوقی هەموو تێکستێکی داوە.

"گۆڵدمان" لە سەرەتای شەستەکاندا بە ناچاری و بێ ویستی خۆی، ڕووبەڕووی بنیاتگەریی فۆرمالیستی بووەوە کە ئەو کات لە فرەنسا و جیهاندا لە هەڵکشاندا بوو. ئەم بەریانە دەیویست لە ڕێی تێزە رادیکالیەکانیەوە، بەرهەمی ئەدەبی لە هەموو شێوازە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکان و بگرە لە هەموو ئەو شتانەی پێوەندییان بە ماناوە هەبوو دابـبڕێت! پەڕگیری بنیاتگەرە فۆرمالیستەکان گەیشتبووە ئاستێکی ترسناک، بەڵام دەتوانم بڵێم هەندێک لەوانە ئێستا لەو بۆچوونە پەڕگیرانەیان پاشگەز بوونەتەوە، بۆ نموونە "تزڤیتان تۆدۆرۆڤ".

* بەڵێ، من بۆ خۆم ماوەیەک بەر لە ئێستا بینیم و ئەوەم تیا بەدی کرد...

– "تۆدۆرۆڤ" تەواو پەشیوان بووەتەوە و دەیەوێت دەستبەرداری هەموو ئەو میتۆدە بێت. هەڵەی ئەمانە لەوەدا بوو نەیاندەزانی کاری ئەدەبی زیاد لە ڕەهەندێکی هەیە و پێویستە لە یەک کاتدا ئەو ڕەهەندە جیاجیایانە تاوتوێ بکرێن. من پێم وایە ئەوەی لە کاری "گۆڵدمان"داگرینگە، ئەوەیە ئەو ئیرادەی پێکەوە گرێدانی سەرجەم ڕەهەندە جیاجیاکانی کارێکی ئەدەبیی هەیە. من بۆ خۆم هەمان ڕێچکەی "گۆڵدمان"م گرتووەتە بەر. ئەو کارەشی پازدە ساڵ بەر لە ئێستا لەبارەی "ئالان ڕۆب گرێ"وە ئەنجامم دا، قەناعەتی تەواوم پێی ماوە و لێی پەشیمان نیم. لەم کارەدا منگرینگیی تەواو زۆرم بە ڕەهەندی زمانەوانیی ئەدەب دابوو، هاوکات تایبەتمەندیی دەقی ئەدەبیم هەر بەتەنها نەدەگێڕایەوە بۆ مێژووی فەلسەفە یاخۆ مێژووی ئایدیۆلۆجیاکان، بگرە دەقی ئەدەبیم لەناو مێژووی شێوازە ئەدەبییەکاندا سەیر دەکرد. ئەوەندەی پێوەندیی بە خۆمەوە هەبێت، من پێم وایە لە تێکستی ئەدەبیدا، دیالەکتیکێکی دوالیزمی هەیە. دیالەکتیکێکی ناوەکی هەیە، بەڵام ئەمە ڕێگە لەوە ناگرێت کەگرینگی بە لێکدانەوەی مێژوویی و کۆمەڵایەتیش بدەین بەشێوەیەکی بەرفراوان، لەبەرئەوەی لە دەرەوە چواردەوری دەقیان گرتووە. پێم وایە تا ئێستاش بنیاتگەری مێژوویی ئامادەگیی خۆی هەیە، لەبەرئەوەی تیۆریایەکی شێلگیرە و فرە ڕەهەندیشە. من بۆچوونم وایە، تەنانەت ئەگەر ئەمڕۆ کارشناسانی ئەدەب "گۆڵدمان"یشیان بیر نەمابێت. لێرەدا دەمەوێت باس لە خاڵێکی تریش بکەم، ئەویش بەشداریی تایبەتی خۆمە لە بواری سۆسیۆلۆجیای ئەدەبدا. بۆچوونی من لەبارەی میتۆدی کۆمەڵناسی ئەدەبەوە ئەوەیە ئەم میتۆدە هەر بەتەنها لێکۆڵینەوە نییە لەبارەی هەلومەرجی خوڵقاندن و بەرهەمهێنانی تێکستی ئەدەبییەوە، بگرەگرینگی بە تاوتوێکردنی ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی دەقیش دەدەم و ئەمەش لەژێر ناوی سۆسیۆلۆجیای خوێندنەوەدا چارەسەر دەکەم.

* مەبەستت تیۆریای وەرگرتنە (یان چۆنیەتیی وەرگرتنی کاریکی ئەدەبییە لەلایەن خوێندەوارانەوە)، بەو شێوەیەی کە "هانس یاوس"ی ئەڵمانی باسی دەکات؟

– نەخێر، من زاراوەکانی قوتابخانەی "یاوس" یان قوتابخانەی "کۆنستانس" یاخۆ قوتابخانەی ئەڵمانی بەکار ناهێنم، ئەویش لەو رووەوەی کە مەسەلەکان جیاوازن و یەک جۆر نین. بۆ نموونە ئەو تیۆریای وەرگرتنەی قوتابخانەی ئەڵمانی فۆرمەلەی کرد، تیۆریایەکە خوێنەرێکی ئایدیالی لە رێی تێکستەوە دەخولقێنێت. بەواتایەکی تر ئەوان دەیانەوێت ئەوە ببینن کە چۆن چۆنی لایەنی شێوازگەری و رەوانبێژیی دەقێک، دەتوانێت گریمانەی خوێنەرێکی دیاریکراو یان شاراوە بکات. گرووپی قوتابخانەی "کۆنستانس" گرینگی بەم خوێنەرە دەدەن و خۆیان لە قەرەی لێکۆڵینەوەی مەیدانی نادەن، تا بزانن خوێنەر چۆن بیر دەکاتەوە و چاوەڕوانی چی لە بەرهەمی ئەدەبی دەکات.

من بۆ خۆم ماوەی بیست ساڵێکە خەریکی توێژینەوەی مەیدانیم لەبارەی خوێندنەوەوە، مەبەستم لەمەش ئەوە بوو بزانم تێکستی ئەدەبی لە ئاکامی خوێندنەوەوە دووچاری گۆڕانکاری دێت. بێگومان بۆ ئەوەی بەمەش بگەم، دەبوو هەوڵێکی زۆر بە خەرج بدەم و دەست بە پشکنین و گەڕانێکی ئاڵۆز بکەم. یەکەم هەوڵم لەم بوارەدا لەگەڵ گرووپێکی لێکۆڵینەوەی تۆکمەدا بوو، گەڕانەکەشمان گەڕانێکی بەراوردکارییانە بوو کە فەرەنسا و هەنگاریای گرتەوە. مەبەستمان لەو کارەش بەو جۆرە ئەوە بوو بزانین چۆن دوو کولتووری جیاواز مامەڵە لەگەڵ یەک تێکستدا دەکەن. بەم دواییانەش لێکۆڵینەوە مەیدانییەکەمان فراوانتر کرد و سێ وڵاتمان هەڵبژارد، ئەوانیش (ئەڵمانیا، فەرەنسا، ئیسپانیا) بوون، تا بزانین خوێنەران ئەو کتێبە لەو سێ وڵاتەدا چۆن دەخوێننەوە و چۆنی دەبینن.

* کام کتێب؟

– کتێبی (پەڕاوی مەزن)، (ئەمە رۆمانێکی لاگۆسا کریستۆفە کە خانمە نووسەرێکی هاوچەرخە و لە وڵاتی سویسرادا دەژی). لەم لێکۆڵینەوە مەیدانییەماندا هەوڵمان دا ئەوە ئاشکرا بکەین، چۆن خوێنەری هەر وڵاتێک لەو سێ وڵاتە سیستمێکی تایبەتیی خۆی لە تێگەیشتن و هەڵسەنگاندن هەیە کە جیاوازە لەوانی تر. لێرەوە دەچمە سەر پرسیارە تیۆرییە گشتییەکە و دەڵێم: "ئەگەر ویستمان لە ئەدەب تێ بگەین وەک پرۆسەیەکی ئەفراندن و خوێندنەوەی زیندوو لە کۆمەڵگەیەکدا، ئەوا پێویستە لەسەرمان گەشە بە دیدگایەکی سۆسیۆلۆجی بدەین کە تەواوی قۆناغەکانی ئەو پرۆسەیە بگرێتەوە". واتە نابێت ئێمە لە رێی نووسەری دەقەکەوە سەیری دەق بکەین و مامەڵەی لە تەکدا بکەین، بگرە دەبێت لە گۆشەنیگای خوێنەرانیشەوە ئەو کارە بکەین. ئەوەی ئێستا لەبارەی خوێندنەوەوە ئەنجامی دەدەین، ناکۆک نییە لەگەڵ ئەوەی "گۆڵدمان" دەیکرد، یاخۆ ئەوەی من جاران و لە سەرەتای دەست بە رەخنەگرتنمدا دەمکرد، بگرە ئەوەی دەیکەین تەواوکاری لایەنە

جیاجیاکانی پرۆسەی رەخنەی ئەدەبییە.

* ئەم قسانەت پرسیارێکی ترم لا دروست دەکات... ئێمە دەزانین رۆمانی نوێ لە پەنجا و شەستەکاندا گەیشتە ترۆپک و لەو ماوەیەشدا جۆرە تەرێزکردنێک لە رۆمانی کلاسیکیی حیکایەتئامێز دروست بوو، بەڵام ئەمڕۆ دەبینین رۆمانی نوێ لە پاشەکشەدایە و گەڕانەوەیەک بۆ فۆرمی کلاسیکیی رۆمان نووسین لە ئارادایە (بەتایبەت فۆرمە بەلزاکییەکەی کە ئالان رۆب گریێ لە شەستەکاندا هێرشی دەکردە سەری و تانەی لێ دەدا). کەواتە لە ماوەی بیست ساڵدا، جەماوەری فەرەنسا دووجار چەشەی ئەدەبی گۆڕانکاریی بەخۆیەوە بینی؟

– یەکەم شت رێگە بدە با وشەی (جەماوەر) بخەمە نا دوو کەوانەوە، لەبەرئەوەی چەندین جۆر لە (جەماوەر)مان هەیە. تەنانەت لە یەک وڵاتدا چەندین جۆر لە چەشە و حەز و داواکاریمان هەیە. ئەو پرسیارەی تۆ دەیکەیت پێوەندیی بەمەوە هەیە: ئاخۆ گۆڕانێک لە خواستی خوێنەران و جەماوەردا هەیە، ئاخۆ جەماوەر پێداویستییەکانی گۆڕیوە و لە ئەدەبدا بۆ پێداویستی و شتی تر دەگەڕێت؟ دەبێت بە ئەرێ وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، گەر بێتو لەو شێوازە بڕوانین کە رەخنەی فەرەنسی لە ئێستادا باسی ئەدەبیی پێ دەکات (بۆ نموونە رەخنەی رۆژنامەوانی). ئەم رەخنەیە گەشەسەندنی رۆمانی نوێ و هەڵکشانی رەخنەی بنیاتگەری و فۆرمالیستی لە شەستەکاندا بەیەکەوە گرێ دەدات، بەڵام ئێستا دەبینین هەردووکیان لە پاشەکشەدان. من بۆ خۆم دڵنیا نیم لەوەی جەماوەری فەرەنسا بەگشتی لە شەستەکاندا، داوای رۆمانی بەبێ حیکایەت کردبێت. بە واتایەکی تر پێم وانییە رۆمانی نوێ رۆژێک گەیشتبێتە قۆناغی بەمیللیبوون. رۆمانی ئەو قۆناغە وەکی باسمکرد پێوەست بوو بەئاقارێکی فیکری و رەخنەییی فۆرمالیستییەوە، رەنگە خەڵکانێکی زۆریش وەکی جاران لەسەر هەمان چەشە و حەزی ئەدەبی مابنەوە (بابڵێین چەشەی بەلزاکیانە بۆ رۆمان)، بەڵام لە بەرامبەریشدا خەڵکانێک هەبوون کە بە پێشڕەو و رۆشنفکر ناودەبرێن، بایەخیان زیاتر بە لایەنە قورس و رۆشنبیرییەکانی ئەدەب داوە. ئەم توێژە لە خوێنەر و رەخنەگرانی پسپۆڕ، لە ئێستا ئارەزووی گۆڕینی چەشە و حەزەکانی دەکات – راستیی پرسیارەکەی تۆش لێرەدایە–، ئەمە راستە. کەواتە دیاردەکە بەشێوەیەکی سەرەکی پێوەندیی بە رەخنەگران و دەوروبەریانەوە هەیە. ئەوا ئێستا حەزیان بەوەیە لەو ئاقاری ئەزموونگەرییە دوور کەونەوە کە لە شەستەکاندا لە ئارادا بوو، لە بەرامبەریشدا بگەڕێنەوە بۆ فۆرمە هەرە تەقلیدییەکانی رۆمان و ئەدەب.

تەنانەت "ئالان رۆب گریێ" خۆشی خەریکە لە بۆچوونەکانی پێشووی واز دێنێت و بایۆگرافیا دەنووسێت. راستە ئەوەی دەینووسێت بایۆگرافیایەکە تایبەتمەندیی خۆی هەیە و کەمتر تەقلیدییە، بەڵام .. تەنانەت "فیلیب سولرز"ی پیری ئەزموونگەر و تەلیعییەکانیش، ئێستا بووەتە پیری کۆنسێرڤاتیڤەکان! (پاشەکشەیەکی ئایدیۆلۆجیی تەواو).

* تۆ پێت وایە ئەم بزاوتی پاشەکشەکردنە، پێوەندیی بەو رەوتەی ئێستای کۆمەڵگەی فرەنسییەوە هەبێت بەرەو موحافیزکاری و گەڕانەوە بۆ بەها کلاسیکییەکانی وەک: (بەهای خێزان و ژن و ژنخوازی و ترادیسیۆنی ئەخلاقی و مەسیحییەت)؟

– ئەستەمە پێوەندیی راستەوخۆ و دەستبەجێ لە نێوان هەردوو دیاردەکەدا دروست بکرێت. تەنیا دەتوانین تێبینیی جۆرێک لە هاوکاتی بکەین لە نێوان گەڕانەوە بۆ مێژوو (واتە گەڕانەوە بۆ خود و خودگەرایی)، پاشان لە نێوان پاشەکشەی بزاوتە کۆمەڵایەتییەکان کە خاوەنی ئایدیۆلۆجیا و یۆتۆپیای گەورە بوون، بەڵام پێویستە بزانین ئەوانە کێن کە بە فیعلی ئەم بزاوتە قەرەیان دەکەوێت. ئاخۆ قەرەی زۆربەی خەڵک دەکەوێت وەکی ئەوەی خوێندنەوەی رۆژنامەکان پێمانی دەڵێن؟ یاخۆ گۆڕانی ئایدیۆلۆجیاکان تەنیا لای ئەنتلجنسیا رەنگ دەداتەوە؟ نازانم. ئەوەی دەیزانم ئەوەیە لەگەڵ ئەو بۆچوونەی تۆدا کۆک بم کە رێککەوتێک لە رووی کاتەوە لە نێوان هەردوو دیاردەکەدا بێت. دەشتوانم سەرنجی ئەو گۆڕانکارییانەی ئێستای کۆمەڵگەی فرەنسی بدەم کە بەپێی نموونەگەلێک روو دەدات کەمتر یۆتۆپیترە لەوانەی رابردوو، واتە کۆمەڵگە زیاتر بووەتە پراگماتی و کەمتر خەون دەبینێت. رەنگە هۆکەشی بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کۆمەڵگەی فرەنسی خەریکە خۆی لە ئایدیۆلۆجیا قوتار دەکات. سەردەمی ئایدیۆلۆجیا چەپڕەوە مەزنەکان بەکۆتا هات.

* ئاخۆ ئەوە پێوەندیی بە دارمانی کۆمۆنیزمەوە هەیە لەو وڵاتانەی سەر بە بلۆکی خۆرهەڵات بوون؟ یان ئاخۆ مارکسیزم وەک فیکر ئەو رووداوانە کاریگەرییان لەسەری دەبێت؟

– بێگومان، ئەوە شتێکە هەر لە ئێستاوە ڕوو دەدات و دەیبینین. ئەوەتا مەرجەعیەتی مارکسیزم لە فرەنسادا بووەتە شتێکی تەواو پەراوێزکەوتوو، بگرە هەندێ جار وەک ئەوەی هەر نەبێت وایە. ئەڵبەتە "مارکس" خۆی وەکی بیریارێکی مەزن دەمێنێتەوە، سەرەڕای ئەوەی واقیع تیۆریاکەی یاخۆ بەشێکی زۆری تیۆریاکەی بەدرۆ خستەوە. لە پەنجاکاندا مەرجەعیەتی فیکریی مارکسیزم بە تەواوەتی هەژموونی خۆی سەپاندبوو، بەڵام لە شەستەکانەوە (ڕیالیزمی سوسیالستی) لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا دووچاری تەنگژە بوو، ئەمە ئەگەر باس لەو تەنگژە سیاسییانەش نەکەین کە پێوەندییان بە ستالینییەت و مێژووی هەنگاریا و... هتد، هەبوو.

من بۆ خۆم هەفتەی ڕابردوو لە هەنگاریا گەڕامەوە، ئەوەی سەیرە و هاوکات مایەی نیگەرانیشە، ئەوەیە تۆ ئێستا لە هەنگاریادا ناتوانیت باس لە "جۆرج لوکاچ" بکەیت، یان تەنانەت ناویشی بهێنیت! ئەگەرچی بۆ خۆی بەرچەڵەک هەنگارییە.. خۆ سەبارەت بە مارکسیزم، ئەوە هەر باسی مەکە. ئەمە بۆت ئاشکرا دەکات ئەوان تا چەندە بێز لە ڕابردوویان دەکەنەوە و چەند پێی جاڕس دەبن. ئەم دیاردەیە زۆر سەیرە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا کەمێک مایەی نیگەرانییە. "لۆکاچ"

بیریارێکی گرینگە، تەنانەت ئەگەر لەگەڵیشیدا ناکۆک بین. من دەزانم کەسانێکی پسپۆڕ هەن لە هەنگاریا، حەز دەکەن بەهێمنی و بەشێوەیەکی بابەتییانە باس لەم مەسەلانە بکەن، بەڵام ئەمە لە ساتەوەختی ئێستادا مەحاڵە. ڕەنگە دوای چەند ساڵێکی تر بتوانین باس لەوە بکەین. هەنووکە مارکسیزم قورساییی خۆی لەدەست داوە. من ناڵێم "لۆکاچ" هەموو بایەخ و گرینگیی خۆی دۆڕاندووە. بێگومان من خۆم لەگەڵ زۆرێک لە بیر و بۆچوونەکانیدا نەبووم، بەڵام گرینگیی شێوازی تایبەتی ئەو لە مامەڵەکردنی دەقی ئەدەبیدا، ڕەنگە تا ئێستاش کۆمەکمان بکات بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ڕەخنەیی. من لە ژیانمدا پەرگیر نەبووم، لەبەر ئەوە حەز ناکەم بەرد بگرمە نووسەری مەزن. دەشێت لەگەڵیان ناکۆک بین و بەرپەرچیان بدەینەوە، بەڵام تەشەر لێدان و وێڵکردنیان کارێکی دروست نییە. ڕەنگە ئەمڕۆ لە فەرەنسادا مارکسیزم بەلای هیچ کەسێکەوە گرینگیی نەبێت، بەڵام لەوانەیە پاش چەند ساڵێکی تر بۆی بگەڕێینەوە، کە بێگومان گەڕانەوەکە بە شێواز و ڕێگەیەکی تر دەبێت.

* پرسیارێکم هەیە لەبارەی یەکێک لە تێرمە گرینگەکانی "لوسیان گۆڵدمان"ەوە، ئەویش تێرمی (نووسەری دەستەجەمعییە – Lauteur Callectif)، کە مەبەست لێی ئەوەیە نووسەر گوزارشت لە خۆی ناکات، هێندەی تەعبیر لە سەرجەم چینە کۆمەڵایەتییەکەی دەکات؟

– پێم وانییە "گۆڵدمان" تێرمی (نووسەری دەستەجەمعی) بە مانا حەرفییەکەی و وەکو خۆی بەکار هێنابێت. ئەوەی ئەو باسی دەکات ئەوەیە نووسەر ناتوانێت دنیابینییەکی تۆکمە لەسەر بنەمایەکی فەردی بنیات بنێت، چونکە ئەو پێی وایە دنیابینی بەرهەمێکی تاکەکەسی نییە، بگرە دەستەجەمعییە. ئەو پرسیارەی ئێستا دێتە پێشێ ئەوەیە کە چۆن لەم تێرمە سێنتراڵە (دنیابینی)، لای "گۆڵدمان" تێ بگەین؟ دنیابینی بەو پێیەی فۆرمێکە تێڕوانینێکی هەمەلایەنمان لەسەر واقیع و پێوەندیی نێوان فەردەکان و شێوازی کۆمەڵگە و لەبارەی سروشتی خوایەتی و... هتد، بەردەست دەخات. ئێمە چۆن لەم ئاستە سۆسیۆلۆجیەوە (واتە لەم ئاستە دەستەجەمعییەوە)، بگوازینەوە بۆ ئاستی مومارەسەی تاکەکەسی، تاکە کەس بەو سیفەتەی نووسەرە. نووسەر کاتێک کارێکی ئەدەبی دەنووسێت بە تەنیا خۆی دەینووسێت، نەک ئەو گرووپە بینووسێت کە نووسەر یەکێکە لەوان. دەبێت ئەمە ڕوون و ئاشکرا بێت. نە "گۆڵدمان" و نە منیش، پێچەوانەی ئەمەمان نەوتووە، بەڵام لێرەدا دیالەکتێکێک لە نێوان نووسەر و هەلومەرجی بەرهەمی ئەدەبیدا دروست دەبێت کە دەتوانێت جیهانبینی بخوڵقێنێت (واتە دیدێکی گشتگیر و تۆکمە لە ڕێی کارە ئەدەبییەکەوە لەسەر جیهان و کۆی شتەکان دروست بکات). لێرەدا بە فیعلی ڕەهەندێکی دەستەجەمعی هەیە کە دزە دەکاتە ناو بەرهەمە ئەدەبییەکە، ئەویش لە ڕێی فۆرم و شێوازی داڕشتنەکەیەوە.

ئێستا ئەو پرسیارەی دەبێت بکرێت ئەمەیە: ئەو دزەکردن و تێکەڵبوونە چۆن ڕوو دەدات؟ ئەمە

مەسەلەیەکی زۆر دژوار و ئاڵۆزە، لەبەرئەوەی پێویستی بە شیکارییەکی دەروونی هەیە (هەر لەبەر ئەمەشە گۆڵدمان دەگەڕێتەوە بۆ لای جان بیاجێ، یەکێک لە گەورە پسپۆڕانی دەروونشیکاری. بیاجێ کۆمەک بە گۆڵدمان دەکات لەو ڕووەوەی کە یارمەتیی دەدات بۆ ئەوەی چۆن بتوانین لە مومارەسەی فەردیماندا وتەزاکانی پراکسیسی کۆمەڵایەتی بخوازین، ئەویش بۆ خاتری بیرکردنەوە و پراکتیزەکردن و تێکەڵبوون). ئێمە وەک تاکەکەس بە خۆمان بزانین یان نا، لە پراکسیسی کولتووری و کۆمەڵایەتیی ئەم یان ئەو گرووپ شت وەردەگرین.

بێگومان نووسەر کاتێک دەنووسێت گوزارشت لە شتێکی کەسێتی و تایبەتیی خۆی دەکات، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە خەڵکانێکی تریش هەن لەناو هەمان هەلومەرج و سیاقی کۆمەڵایەتیدا دەژین و بە هەمان ئەو تێزە و بۆچوونانەی ئەویش ئاشنان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانن وەک ئەو بنووسن. لەناو ئەوانەدا یەکێک لە هەموویان بلیمەتتر دەبێت و لێرەشدا نووسەری داهێنەر بەرهەمێک پێشکێش دەکات کە خەسڵەتێکی تایبەتی هەیە و تەواو جیاوازە، ئەگەرچی وەک ئەوانی تر سەر بەهەمان ژینگەیە. ئەمە چۆن ڕوو دەدات؟

کەواتە پێویستە لێرەدا ڕوون و ڕەوان بین: نووسەری دەستەجەمعی بۆ کاری ئەدەبی شک نابەین، وەکی ئەوەی هەندێک سەردەمانێک پێیان وابوو. نووسین پرۆسەیەکی فەردانییە، بەڵام لەگەڵ شێوازی ئەو بیرکردنەوەیەی لای گرووپێک یان چینێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو هەیە، لە پێوەندیدایە. هەر کاتێکیش ئەم جەمسەرانە بەیەک گەیشتن و فۆرمێکی یەکگرتوویان پێک هێنا، ئەوا ئەو کات ئەوە دروست دەبێت کە "گۆڵدمان" بە دنیابینی ناوی دەبات. لای "گۆڵدمان"یش سێ تێرمی گەورە هەن کە برێتین لە (خوا، مرۆڤ، جیهان)، بۆ دیاریکردنی دنیابینی.

* لێرەدا جیاکاری لە نێوان نووسەری مەزن و نووسەری گچکەدا دروست دەبێت، تەنیا ئەوانەی مەزنە نووسەرن کە دەتوانن تۆکمەییەکی تەواو بە کارەکانیانەوە دیار بێت و دنیابینیی ڕاستەقینە بەرهەم بهێنن؟

– بێگومان. "گۆڵدمان" ئەوانە بە نووسەری گەورە و بلیمەت ناودێر دەکات کە بەشێوەیەکی سەیر دەستیان بەسەر کارەکانیاندا دەشکێت.

* بەڵام لەوانەیە نووسەری مەزن کاتێک دەنووسێت خیانەت لە بۆچوونە تایبەتییەکان و ئەو قەناعەتانە بکات کە بڕوای پێیانە و دڵخوازی خۆین، بۆ نموونە "بەلزاک" لە ڕووی کەسێتی و سیاسییەوە کۆنسێرڤاتیڤ بووە، بەڵام نووسینەکانی پڕیەتی لە بۆچوونی پێشکەوتنخوازانە؟

– ڕاستە. تۆ لێرەدا ئاماژە بۆ لێکۆڵینەوەکەی "لۆکاچ" دەکەیت لەبارەی "بەلزاک"ەوە کە هەموو لێی ئاگەدارین. "لۆکاچ" لەوێدا جۆرە ناکۆکییەک لە نێوان بۆچوونە سیاسییەکانی "بەلزاک" لە

ژیانی رۆژانەیدا، لەگەڵ دەقە ئەدەبییەکانیدا دەدۆزێتەوە. "بەلزاک" لە دەقەکانیدا ڕەخنە لە بۆرژوازیەت دەگرێت. من نازانم ئەگەر خولیای ئەو بە چڕی ڕەخنەگرتن بووبێت لە بۆرژوازیەت، بەڵام ئەوەی دەیزانم ئەوەیە ئەو بۆ نموونە لە رۆمانی (جووتیاران – Lespaysans)دا، نیشانمان دەدات چۆن سەرمایەی بۆرژوازیەت کە خەریکە دەست بەسەر زەویوزاری کشتوکاڵیی فرەنسادا دەگرێت، پرۆسەیەکە لە واقیعدا چینی جووتیاران لەناو دەبات و ماڵوێرانیان دەکات، بەبێ ئەوەی هیچ گرانتییەک و هیچ بەرامبەرێکیان بداتێ، وەکی ئەوەی سیستمی دەرەبەگایەتیی پێشوو پێی ڕەوا دەبینین. کەواتە بەڕای من کێشەکە ئەوە نییە بزانین ئاخۆ "بەلزاک" لە نێوان بەرهەمەکانی و بۆچوونەکانیدا کەوتووەتە ناکۆکییەوە، بگرەگرینگ ئەوەیە کە "بەلزاک" خوێندنەوەیەکی زۆر وردبینانە و ژیرانەمان، لەبارەی هەلومەرجی ئابووری و سیاسیی ئەو سەردەمەی فەرەنساوە پێشکێش دەکات.

"بەلزاک" دیدگایەکی زۆر ورد پێشکێش دەکات و ڕەنگە بەلای کەسێکی وەک "لۆکاچ"یشەوە دیدگایەکی پێشکەوتنخوازانە بێت. لەبەرئەوەی "لۆکاچ" لەگەڵ خۆیدا دەیوت: "بەلزاک ڕەخنە لە بۆرژوازیەت دەگرێت، کەواتە پێش ڕۆژگار و سەردەمی خۆی کەوتووە، بەمجۆرە کەم تا زۆرێک لە مارکس دەچێت کە گەورەترین ڕەخنەگر بوو لە بۆرژوازیەت و سەرمایەداری"، بەڵام من بۆ خۆم دەتوانم مەسەلەکان بەشێوەیەکی جیاوازتر ببینم لەوەی "لۆکاچ". دەتوانم بڵێم: "بەلزاک بە ڕوونی و بێ ڕەتوش بۆرژوازیەت دەبینێت، نەک لەبەرئەوەی کەسێکی پێشکەوتنخوازە، نەخێر بە پێچەوانەوە، لەبەرئەوەی ئەو لە ڕێی گرووپ و هێزە کۆنەکانەوە بیر دەکاتەوە کە مەبەست لێی سیستمی دەرەبەگایەتیی کۆنە. ئەو سیستمەی بۆرژوازیەت هات و ڕای ماڵی". دەکرێت ئەم قسانەش بۆ "تۆکفێل"یش ڕاست بن.

"تۆکفێل" کاتێک کەوتە ڕەخنەکردنی کۆمەڵگەی لیبرالی ئەمەریکی، لە ڕێی کۆمەڵە بەهایەکەوە ئەو ڕەخنانەی ئاراستە کرد کە لە دەرەوەی کۆمەڵگەی ئەمەریکی خۆی بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە وەک بیریارێکی پێشەنگ لێی دەڕوانین کە پێش زۆرێک لە ڕەخنەگرانی سیستمی سەرمایەداری کەوت کە لە دوایدا هاتن! شایەنی باسە "تۆکفێل" بۆ خۆی ئەرستۆکراتییەتێکی گەورە بوو، لە دیدگایەکی ئۆرستۆکراتییانەشەوە سەیری بۆرژوازیەتی دەکرد. ئەوەی گرینگە لێرەدا ئەوەیە "بەلزاک" و "تۆکفێل"، لە خاڵێکدا یەک دەگرنەوە و کۆ دەبنەوە کە دەکەوێتە دەرەوەی بۆرژوازیەت. هەر لەبەر ئەوەشی لە دەرەوەیدان، ئەوان دەتوانن زۆر بە چاکی بیبینن. گەر بهاتبایە و لە ناوەوەیدا بوونایە، ئەوا بەو ڕوون و ڕەوانیە نەیاندەبینی. ئەوە بوونیانە لە دەرەوە کە ئەو دیدگا سۆسیۆلۆجی و ڕەخنەییەیان پێ دەبەخشێت. لەو قۆناغ و سەردەمەدا کارێکی ئاسان نەبوو مرۆڤ بتوانێت هەڵگری دیدگایەکی لەو جۆرە بێت، دەرهەق بە چینێکی کۆمەڵایەتی کە لە سەرتاسەری ئەوروپادا، لە هەڵکشان و گەورەبووندا بوو.

ئەوانەی دیدگای ڕەخنەییان هەبوو لە بەرامبەر بۆرژوازیەتدا، یان سەر بە چینی کرێکاران و

پرۆلیتاریا بوون (ئەگەر وامان دانا پرۆلیتاریا لەو کاتەدا دیدگای خۆی هەبووبێت کە من لای خۆمەوە بەڕاستی نازانم، لەبەرئەوەی هێشتا ساوا بوو)، یان دیدگای ئەو چینە کۆنە بوو کە لەسەر لێواری گلۆربوونەوەدا بوو (بۆ بەلزاک و تۆکڤێل، ئەم بۆچوونەیان دروستە). سەروەختێک کە چینی ئۆرستۆکراتیەتی فرەنسی لە سەرەمەرگدا بوو، نوێنەرەکانی کەم تا زۆر، تا ئەو کاتەش دەیانتوانی بە چاکی بزانن چی لە کۆمەڵگەدا ڕوو دەدات. دەیانزانی بۆرژوازیەت لە هەوڵی گۆڕینی دنیادایە و لە هەوڵی ئەوەدایە گەمە باوەکەی کۆمەڵگە بگۆڕێت و ئەوانە قوت بدات کە لە خۆی بێهێزتر و لاوازترن (بە تایبەت جووتیاران). من لای خۆمەوە بۆ ئەم مەسەلانە چەمکی پێشکەوتنخواز و کۆنەپەرست بەکار نابەم، بەڵام باس لە هەلومەرج دەکەم کە دەشێت لە ڕێگەیەوە دیدگایەکی قووڵتر و سۆسیۆلۆجیانەتر بۆ مەسەلەکان پەیڕەو بکەین. ئەمە هەموو شتەکانە بێ زیاد و کەم.

## ڕێبازەکانی تری ڕەخنەی ئەدەبی (دەروونشیکاری)

* پرسیارگەلێکی ترم هەیە کە زۆر گشتین لەبارەی ڕێبازەکانی ترەوە، بۆ نموونە سەبارەت بەو ڕەخنە ئەدەبییە چی دەڵێیت کە پشت بە تیۆریای دەروونشیکاری دەبەستێت؟ ئاخۆ ئەم ئاقارەش لە تەنگژەدایە وەکی ئەوەی کە پشت بە مارکسیزم دەبەستێت؟ پاشان ڕات چییە بەرامبەر بە کارەکانی "شارول مۆرۆن"؟

– لە ڕاستیدا ئەو ڕەوتەی "مۆرۆن" گرتییە بەر، بەداخەوە کەس نە شوێنپێی هەڵگرت و نە هەواداری بۆ دروست بوو. لە بەرامبەردا قۆناغی دوای ئەوە (واتە لە شەست و حەفتاکاندا)، دەبینین دەروونشیکاری لەژێر کاریگەری "لاکان" و تیۆریاکانی ئەودا بوو. ئەم ئاقارە شتێکی ئەوتۆی لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا پێشکێش نەکرد کە شایەنی باس بێت. من لە بەرامبەر دەروونشیکاریدا زۆر دڵڕەق و سەختگیرم. پێم وایە دەروونشیکاری ئەرکی خۆی بەجێ نەهێنا لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا و بە درێژایی بیست ساڵی ڕابردووش، لە ئاست چاوەڕوانییەکانماندا نەبوو. هەندێ جار وا هەست دەکەم دەروونشیکاری تەنیا بە دووبارەکردنەوە و جوینەوەی بیر و بۆچوونەکانەوە خەریک بووە. ئەمڕۆکەش وەک زانستێک، نەک ئامرازێکی چارەسەرکردن –، لە دۆخێکی ناهەمواردایە و وەکی جاران خەڵک ئەو گرینگییەی پێ نادەن، بێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کاردانەوە و پەرچەکردارەکان لە دژی قوتابخانەی لاکانیزم و پەرتبوونی گرووپەکەی. پێم وایە "لاکان" بە مەبەست ئەو هەموو تەمومژ و ئاڵۆزییەی لە کارەکانیدا بەکار هێناوە. حەز ناکەم زۆر باسی بکەم، چونکە لە ڕاستیدا بەلامەوەگرینگ نییە.

* بەهەرحاڵ بابەتی ئێمە "لاکان" نییە، بگرە پێوەندیی بەرهەمی ئەدەبییە بە میکانیزمە دەروونییە قووڵەکانی داهێنەرەکەیەوە، لەم ڕووەوە پێت وانییە کە گەورە داهێنەران کەسانی نێرڤۆسی بن؟

– ئەمە وایە و گومانی تێدا نییە، بەڵام کاتێک باس لە ڕەخنەی ئەدەبی دەکەین، کێشەکە لەوەدایە چۆن چۆنی ئەم شتانە بەیەکەوە گرێ بدەین. کێشەکە ئەوەیە بزانین ئاخۆ ئەوەی دەروونشیکاری لەبارەی ناخی مرۆڤایەتییەوە دەیڵێت، یارمەتیمان دەدات بۆ تێگەشتن لەو کارە ئەدەبییانەیگرینگن بەلامانەوە. من دەڵێم: "کارە ئەدەبییەکان بەو پێیەگرینگن بەلامانەوە کە هەندێک لە گشتگیری و گەردوونگەراییان تێدایە، گەر وا نەبووایە ئەوا مێژوو و سەدەکانیان نەدەبڕی و بە ئێمە نەدەگەیشتن، نەک لەبەرئەوەی تایبەتمەندیی شەخسییان هەیە". لێرەوە ئەوەی زۆر شەخسییە لە کاری ئەدەبیدا (واتە ئەوەی پێوەندیی بە گرێ کەسییەکانی داهێنەرەوە هەیە)، شتێک نییە زۆر بەلای ئێمەوەگرینگ بێت. ئەمەش مانای ئەوە نییە ئێمە بوونی پێوەندی لە نێوان ئەفراندنی ئەدەبی و نێرڤۆسی فەردیدا ڕەت دەکەینەوە.

من وای بۆ دەچم دەتوانین دیاریکردنێکی کلینکی (یان پزیشکی) پێشکێش بە کارێکی ئەدەبی بکەین، بەڵام ئاخۆ ئەم دەستنیشانکردنە بەشێک لە کۆی ئیشەکە دەگرێتەوە کە عادەتەن بە زۆرترین ژمارەی خەڵک دەگات؟ لێرەدا هەندێ گومانم هەیە. من لە ماوەی پێشوودا لەگەڵ چەند دەروونشیکارێکدا کارم کردووە و داکۆکیم لەو تێزەیە کردووە کە دەڵێت: "پێویستە لەسەر دەروونناسی و کۆمەڵناسی شان بە شانی یەکتری بڕۆن، لە پێناو شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی دیاردە ئینسانییەکاندا".

پێویستە هاوکاریی یەکتری بکەن، بۆ ئەوەی ئاشکرای بکەن نووسەری مەزن ئەو نووسەرەیە کە وڕێنە و گرێ دەروونییەکانی دەگەیەنێتە ئەوەی، بەشێوەیەکی سەرکەوتوو لەگەڵ بونیادی کۆمەڵایەتیدا ئاوێزان بێت و تێکەڵ بەیەکتری بن. کەواتە من لەگەڵ ئەوەدا بووم جۆرێک لە گونجاندن لە نێوان (بونیادی دەروونی، کەسێتی، تایبەتی) لەگەڵ ئیشکالیەتە کۆمەڵایەتییە گشتییەکاندا هەبێت، بەڵام ئەمڕۆکە لەسەر هەمان کار بەردەوام نیم، نەک لەبەرئەوەی هەست دەکەم ئەوە هەڵەیە، بگرە لەبەرئەوەی زۆر چاوەڕوان بووم دەروونشیکاریش بۆ خۆی بەسەر ئیشکالیاتەکانی تردا بکرێتەوە و هەر تەنیا بە کێشەی نۆرڤۆیسی تاکەکەسییەوە گیر نەخوات. چاوەڕێم دەکرد دەروونشیکاری بتوانێت گوتار و نۆرڤۆسی نەخۆشەکانی بخاتە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی زۆر بەرفراوانترەوە، بەڵام ئەفسووس ئەوە ڕووی نەدا.

* دەتوانیت چەند نموونەیەکمان پێ بڵێیت لەمەڕ ئەدەبیاتی دەروونشیکاری کە بەسەر ئەدەبدا پراکتیزە کراوە؟

– وەڵامدانەوەی ئەمە قورسە. هەمیشە شتیگرینگ و سەرنج ڕاکێش لە کارەکانی "شارل بودوان" و "ماری پۆنابرت" و ... هتد، هەیە. ئەمانە لە یەکەمین ئەو کارانەن کە لە ڕێیانەوە دەروونناسی بەسەر ئەدەبدا پراکتیزە کراوە. دواتر سەرەی کارەکانی "شارل مورون" دێت کە پێشتر باسمان لێ کرد. بەلای منەوە ئەمەیان زۆر دەوڵەمەندترە و جێی ڕەزامەندییە. پاش

"مورون"، "ئەندرێ گرین" دێت کە هاوڕێیەکی خۆمە، بەڵام کارەکانی ئەم زۆر سنووردارە. من هەر ئەمەندەم لە بیرە و لێرەشدا دەگەڕێمەوە سەر ناڕەزاییی پێشووم و دەڵێم: "مادامەکی دەروونشیکاری ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە ئەو مرۆڤەی چارەسەری دەکات، بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی بێت، ئەوا ئەو دەزگا تیۆرییەی نوقسان دەبێت کە بواری ئەوەی بداتێ ئەدەب وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ببینێت، بە ڕادەی ئەوەی کە دیاردەیەکی فەردییە".

* ئەوەی سەرنج ڕاکێشە لای "مورون" ئەوەیە کە خەریکی شیکردنەوە و لێکدانەوەی نووسەر یان شاعیر نییە، بگرە بە تاوتوێکردنی کار و تێکستەکانیانەوە خەریکە، لەم بوارەشداگرینگی بەو خواستە وڕێنەئامێزانە دەدات کە بەسەر بەرهەمی شاعیرێک لە شاعیرانی وەک: "بۆدلێر یان ڕامبۆ یاخۆ مالارمێ"دا زاڵە، لە ڕێی ئەم پرۆسەیەشەوە ئەوە ئاشکرا دەکات کە پێی دەڵێت (ئەفسانەی کەسێتی)، ئەو ئەفسانە تایبەتییەی بەسەر نووسەرێک لە نووسەراندا زاڵە؟

– چەمکی (ئەفسانەی کەسێتی) زۆر سەیر و سەرنج ڕاکێشە، لەبەرئەوەی ناکۆکییەکی تێدایە. واتە لە یەک کاتدا هەم ئەفسانەییە و هەم شەخسی. ئێمە دەزانین ئەفسانە هەرگیز شەخسی نییە، بگرە دەستەجەمعییە. من پێم وایە پێگەی (ئەفسانەی کەسێتی) لای "مورون" زۆر بەپێگەی (دنیابینی) دەچێت لای "گۆڵدمان" و بریتییە لە بەشە کۆمەڵایەتییەکەی ناو خەیاڵدانی تاکەکەس. پێم وایە گەر بمانەوێت دیدگای دەروونشیکاری فراوانتر بکەین، دەبێت قەناعەت بەوە بکەین لای هەر تاکەکەسێک شوێنگەیەک هەیە کە شتەکان تیایدا بەیەکتری دەگەن و مرۆڤ بۆ حسابی تایبەتیی خۆی و بەپێی هەلومەرجێکی دیاریکراو فۆرمەڵەی دەکات، ئەمەش بە چەند ڕەگەزێکی تر ئاوێتە دەکات کە لە دەرەوە وەریان دەگرێت. بەڕای من ئەو ڕەخنەگرەی لەم بوارەدا لەپێش ئەوانی ترەوەیە تەنیا "جان پۆل سارتەر"ی فەیلەسووفە، لە کتێبە قەوارە گەورەکەیدا (ابله العائلة). لەو کتێبەدا بە لێکۆڵینەوەی "فلۆبێر"ەوە خەریکە و "سارتەر" ئەم ڕێبازەشی بە (دەروونشیکاری وجوودی) ناودەبات.

سەرچاوە: هاشم صالح: الفکر الاوروبي الحدیث- دار الریاض، الطبعة الاولی، ١٩٩٤.

هەولێرنامەی کوردی

# محەمەد ئوزۆن..
# بەرهەمگەلێکی کۆڵەوار!

نزار ئاگری

ساڵی ١٩٨٥ بە زمانی کوردی کتێبێک بە ناوی (tu –تۆ)وە بڵاو کرایەوە. لەژێریدا نووسرابوو رۆمان، نووسەر "محەمەد ئوزۆن". شوێنی چاپ و بڵاوکردنەوەی: ستۆکهۆڵم لە سوێد. پێشتر کەس ناوی نووسەرەکەی نەبیستبوو. بڵاوبوونەوەی کتێبەکە شتێکی دڵخۆشکەر بوو، چونکە تێکستێکی ئەدەبیی لەو جۆرە بەگژ ئەو سانسۆرەدا دەچووەوە کە تورکیا بەسەر هەموو ئەو شتانەی، پێوەندییان بە زمان و کولتوور و هونەری کوردییەوە هەبوو، سەپاندبووی. هەروەها لەبەرئەوەی کتێبەکە (وەکی لەبارەیەوە دەوترا)، قەڵەمبازێکە لە بواری هونەری رۆماننووسین بە زمانی کوردی، بەو پێیەی بە ستایلێکی مۆدێرن نووسراوە. پاشان رۆمانەکانی تری "ئوزۆن"ی بەدوادا هات: (مەرگی پیرەمێردێکی پیاوچاک، تارمایی خۆشەویستی، رۆژێک لە ژیانی عەبدال زەنکی، بیری چارەنووس و.. هتد). دەقی یەکەمین رۆمانی (tu –تۆ) بە هەوڵی خوێندکارێکی ناشی دەچوو. دەقێک بوو پڕ لە هەڵەی لۆجیکی و دارشتن و شتی تر. مایەی سەرسوڕمان بوو کە دەیانوت ئەم دەقە دەقێکی مۆدێرنە..

دواتر توانیم سێ رۆمانەکەی تریش بخوێنمەوە: (تارمایی خۆشەویستی، عەبدال زەنکی، بیری چارەنووس) کە هەموویان ژیاننامەی چەند کەسایەتییەکی ناسراوی کوردن. ناوەڕۆکی ئەم سێ رۆمانە، دەقاودەق لە دیکۆمێنت و سەربوردە واقیعییەکانەوە وەرگیراون. ئەڵبەتە کارێکی خراپ نییە نووسەر لە بەرهەمەکانیدا، سوود لە رووداوە مێژووییەکان و کارەکتەرە واقیعییەکان وەربگرێت. رۆماننوسی بەتواناش ئەوەیە، دەتوانێت کڵێشەی دەقێک بکێشێت کە ئەو رووداو و کارەکتەرانەی تێدا بتوێنێتەوە و بە شێوەیەکی ئەوەندە تازە لەگەڵ رووداوەکانی دەقەکەدا تێکەڵ بن، وەک ئەوەی ناوەڕۆکی تێکستەکە هیچ پێوەندیی بە سەرچاوەی رووداو و کارەکتەرە ئەسڵییەکانەوە نەبێت.

..........................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: شوان ئەحمەد



جاک لینهارت

"محەمەد ئۆزۆن" باس و خواسی زۆری لەسەر "عەبدال زەنکی و مەمدوح سەلیم و جەلادەت بەدرخان" کۆ کردووەتەوە، بەڵام نەیتوانیوە ئەو هەواڵ و زانیارییانە بکاتە باکگراوندێک بۆ ئەو رۆمانانەی دەیاننوسێت. ئەوەی ئەو کردوویەتی، ڕیزکردنی ئەو زانیاری و باسوخواسانەیە کە لە دیکۆمێنتە نووسراوەکاندا هاتووە، یاخۆ لەو خەڵکانەی بیستووە کە قسەیان بۆ کردووە، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی و مێژوویی ڕاستەوخۆ.

بەمجۆرە "ئۆزۆن" دەستی کرد بەوەی، خۆی وەکی ڕۆماننووسی یەکەمی کورد نیشان بدات. لەم پێناوەشدا و بۆ تۆخکردنەوەی زیاتری ئەو وێنەیە لەسەر خۆی، هەوڵێکی زۆری بەخەرج دا. لەم هەوڵە بەردەوامەشیدا، دەیویست ئەدەبی چەوساوە و سەرکوتکراوی کوردی نیشان بدات. ئەمەشی بۆ چووە سەر، کاتێک دەزگاکانی ڕاگەیاندن وەک تاکە نوێنەری شەرعیی ئەدەبیی نوێی کوردی، گرینگییان پێ داو ڕۆشناییان خستە سەری.

وا دیارە ناوەندە رۆشنبیرییەکانی وڵاتانی ئەسکەندەناڤی و بەتایبەتیش سوێد، سوورن لەسەر ئەوەی هاوسۆز بن لەگەڵ هەموو گرووپێکی چەوساوە و زوڵم لێکراودا. بۆ ئەم مەبەستەش "محەمەد ئۆزۆن"یان بەچاکترین کەناڵێک زانیوە، تا لە ڕێی ئەوەوە داکۆکی لە گەلێکی بەش مەینەتی وەک کورد بکەن، هەر بۆیە دەزگاکانی پەخش و بڵاوکردنەوە و وەرگێڕکارانی سوێدی لە وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەی کتێبەکانیدا هاوکاری بوون.

"محەمەد ئۆزۆن" دەچووە هەر شوێنێک، وەک قسەکەر بەناوی کولتوورێکەوە کە لە بەردەم هەڕەشەی قڕکردندایە، پێشوازیی لێ دەکرا و گرینگیان پێ دەدا. لەگەڵ بایەخدانی زیاتری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەپرسی کورد لە ڕووە ئینسانییەکەیەوە، گرینگیدان بە ڕووە سیاسی و نەتەوەیی و کولتوورییەکانیش زیادی دەکرد. "ئۆزۆن" ئەمەی بە هەلێکی مێژوویی بۆ خۆی زانی و زۆر زیرەکانە، ئەو چرکەساتە و بوونی خۆشی لە وڵاتێکی ئەسکەندەناڤیدا کە هاوسۆزییەکی تایبەتی بۆ کورد هەیە، قۆستەوە و بە یەکجاری خۆی ئیعلان کرد.

لەم سەروبەندەدا ناوەندە کولتووری و سیاسییەکانی سوێد و وڵاتانی تریش، ئەو کەسەیان تێدا دۆزییەوە کە بۆی دەگەڕان. ئەدیبێکی تێکۆشەر کە بەرجەستەی خواست و ویستی گەلێک دەکات، خۆی لە بەردەم پرۆسەی پاکتاوکردن و سڕینەوەی مێژووییدا ڕاگرتووە و بەرخورد دەکات. وەک ئاشکراشە واقیع و هاوکات مێژوش، سڵ لە بۆشایی دەکەنەوە و حەزی پێ ناکەن. هەر بۆیە "ئۆزۆن" و ئەو ناوەندانەش، ئەو بۆشاییەیان بەدی دەکرد و دوودڵ نەبوون لە پڕکردنەوەی. ئەو ناوەندانە بایەخیان بە ناوەڕۆکی ئەو شتە دەدا کە "ئۆزۆن" دەیویست لە تێکستەکانیدا باسی لێ بکات: (کێشەی کورد و ئەو زوڵم و ستەمەی لێی دەکرا). زۆرێکی زۆریش پێیان وابوو ئەو شتانەی ئەو باسیان دەکات، بەسن بۆ ئەوەی گرینگی پێ بدرێت.

بۆ سەوداکردن لەگەڵ نووسینەکانی "ئۆزۆن"دا، ڕەهەندی سیاسی و پڕوپاگەندە پشکی شێریان

هەبوو. بەو جۆرەش سەیری تێکستەکانی دەکرا کە دەفتەرێکی تۆمارە و تەعبیر لە واقیعی حاڵێک دەکات کە ئەوانی تر دەخوازن پێی ئاشنا بن و شتی لەبارەوە بزانن. لە کاتێکدا بە دەگمەن نەبێت، ئاوڕ لە لایەنی ئەدەبی و هونەریی ئەو نووسینانە نەدراوەتەوە. ئەوان بەئامرازەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، توخنی نووسینەکانی نەکەوتن، بەڵکو بە کەرەستەی سیاسی خەریکی تاوتوێکردنی بوون. ئەمەش وای کرد ئەو بۆچوونە بە ئاسانی تێ پەڕێت کە گوایە بەرهەمەکانی "ئوزۆن" لەسەرزەمینی ڕۆمان و هونەر ڕادەوەستێت. بەمجۆرە بەهانەی سیاسی، بوو بەپاسپۆرتی نووسینێک بە ناوی ئەدەبەوە.

پاساوهێنانەوە بە خەباتکردن لە پێناو زمانێکی مافخوراو و زوڵملێکراودا، بەس بوو بۆ ئەوەی بە ئاسانی هەموو شتێک پەسند بکرێت. لێرەوە "ئوزۆن" بوو بەو منداڵە نازدارەی دەبوو بە نەرمونیانی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، لەبەرئەوەی ئەو نووسەرێکە و مەرگەساتی کورد نیشانی جیهان دەدات. ئەمەش ئەو دەستەواژە بەردەوامە بوو کە دەوترایەوە، بەرامبەر بەوەی "ئوزۆن" لە کایەی ئەدەبی کوردیدا دەیکرد. لەلایەکی ترەوە ئەو وتارانەی لەبارەی ڕەوشی گوزەرانی کوردەوە دەینوسی، وای کرد گرینگیی زیاتر و زۆرتری پێ بدرێت.

ناوبانگی "ئوزۆن" لەوێوە سەرچاوەی گرت کە ئاماژەیە بۆ واقیعێکی تاڵ و دژوار، زیاد لەوەی ئاکامی بایەخ و گرینگی ئەو شتانە بێت کە دەینوسین. ئەو لایەنانەشی گرینگییان پێ دا و پشتگیرییان لێ کرد، بەهای هونەری و ستاتیکی نووسینەکانیان بۆ گرینگ نەبوو، ئەوەی ئەوان بایەخیان پێ دەدا ئەوە بوو کە ئەو سیمبولی واقیعێکە، دەبێت هاوسۆز بن لەگەڵی و بەزەییان پێیدا بێتەوە. پێ دەچێت "ئوزۆن"یش ئەمەی بەهەل و دەرفەتێکی باش زانیبێت کە دووبارە نابێتەوە.

هەر بۆیە ئەو شتانەی دەینووسی لەژێر بەیداخی ئەدەبی مۆدێرنی کوردیدا بڵاوی دەکردنەوە، بەمەش خۆی بۆ ئەوە ئامادە دەکرد تا ببێتە سەرمەشق لەو نوێگەرییەدا. لەو ڕۆمانانەی "محەمەد ئوزۆن" نووسیونی، ڕووداوی واقیعی لە پلەی یەکەمدا دێت و دوا قسەش بۆ ئەو کارەکتەرە ڕیالیستییەیە کە ڕەگ و ڕیشەی لەناو پێدراوێکی جوگرافی و مێژوویی دیاریکراودایە.

زۆربەی ڕووداو و کارەکتەرەکان (بگرە هەموویان)، خاوەنی پێگەیەکی دیاریکراو و شوێنێکی واقیعین. هەروەها لە کاتێکی واقیعیشدا دەگوزەرێن کە بەموو لێی لانادەن. واتە دەتوانین بڵێین ئەوانە ڕۆمانگەلێکی سەد دەرسەد واقیعین، بەڵام واقعی بونیان واقیعیبوونی ڕۆمان نییە، بگرە واقیعیبوونێکی فیعلییە. واتە ڕووداو و کارەکتەرەکان بوونێکی واقیعییان هەیە و بەمەزەندەی خۆمان و دوور لە سیاقی ڕۆمان، دەتوانین لێیان دڵنیا بین و بیانناسینەوە. بۆ نموونە لە ڕۆمانی (tu –تۆ)دا نووسەر ژیاننامەی خۆی دەگێڕێتەوە، هەروەک بۆ خۆشی دەڵێت: "لە ڕۆمانی سێبەری خۆشەویستیدا، چیرۆکی مەمدوح سەلیم بەگ باس دەکات و لە عەبدال زەنکیشدا، سەربوردەی ئەو گۆرانیبێژە میللییەی کورد دەگێڕێتەوە. هەروەها بیری چارەنووس، باس لە ژیان و کارەکانی

جەلادەت میدحەت بەدرخان دەکات".

کەچی بە خەڵک و خوای دەوت: "ئەو هونەرێکی مۆدێرنی ڕۆماننووسینی لە ئەدەبی کوردیدا هێناوەتە ئاراوە، زمانێکی ڕۆماننووسینی دانسقەشی فۆرمەلە کردووە کە بەر لەو کەس پەی پێ نەبردووە). با ئەمە لای خۆمان هەڵگرین و لە بیرمان بێت کاتێک دەمانەوێت ڕۆمانەکانی بخوێنینەوە، ئەویش لەبەر ڕۆشنایی ڕۆماندا، وەک هونەرێکی ڕەگ داکوتراو لە زمان و لە خەیاڵدا.

"محەمەد ئۆزۆن" بە جۆرێک باس لە کایەی ڕۆشنبیریی کوردی دەکات کە زۆر لە هەوڵی سەرکردەیەکی سیاسییەوە نزیکە و دوورە لە هەوڵی کەسێک، خولیای ئەفراندن و داهێنانی هەبێت. ئەمەش وای لێ دەکات بە شێوەیەک ڕەفتار لەگەڵ ئەدەبی کوردیدا بکات، وەک چۆن سەرکردەیەکی کورد مامەڵە لەگەڵ فەزای سیاسیی کوردیدا دەکات.

ئەوەتا خۆی وەک سەرکردەیەکی جەماوەری نیشان دەدات و قسە بۆ خەڵکانێک دەکات کە ڕووی دەمیان لە بۆچوون و مۆجیاری و ڕێنوێنییەکانیەتی: "ئومێدەوارم بتوانم لە داهاتوودا، گوزارشت لە خواست و ویستی ژنان و کرێکاران و جووتیاران و بێنەوایان بکەم. من قەرزارباری ئەوانم، بەڵام پێویستە ئەوانیش بزانن کە منیش لە خزمەتیاندام". هەر کەسێک دیقەت لەم وتانە بدات، دەستبەجێ تێ دەگات دواجار ئەمانە هەر قسەن و هیچ ناگەیەنن.

مانای چی ئەو گوزارشت لە خواست و ویستی کرێکاران و جووتیاران دەکات؟ ئاخۆ ڕاپۆرتگەلێک لەبارەی بارودۆخی ئەوانەوە دەنووسێت و دەیداتە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ؟ ئاخۆ هەڵمەتێکی چاکسازی دەست پێ دەکات، لە پێناو چاککردنی هەلومەرجی ژیانیاندا؟ بەڵام بەو پێیەی ئەو (ڕۆماننووس) و (شاعیرە)، ئەوا بە زۆری مەبەستی ئەوەیە کە ئەو (ڕۆمان)ێک یان (چامە)یەک لەبارەیانەوە دەنوسێت و ئەوانیش دەبێت تۆزێک دان بەخۆیاندا بگرن، چونکە هێندە نابات لە فۆرم و دوو توێی (ڕۆمان) و (چامە)یەکدا، ئازادییان دەسگیر دەبێت و سەرفراز دەبن.

شتێک لە مەسەلەی "محەمەد ئوزۆن"دا مایەی سەرسوڕمانە، ئەوەیە کە نووسەرێکی گەورە و گرانی وەک "یەشار کەمال"، چووەتە ڕیزی ئەوانەی ستایشی دەرکەوتنی (ڕۆماننووسێکی گەورەی کورد) دەکەن و بە باڵایدا هەڵدەدەن. "یەشار کەمال" بێ ئەوەی هیچ لە نووسینەکانی "ئوزۆن"ی خوێندبێتەوە و بەپشتبەستن بەو شتانەی "ئەو" لەبارەی خۆیەوە دەیانڵێت، دەکەوێتە ستایشکردن و دەسخۆشیکردن لە هەوڵ و بەرهەمەکانی هاوڕێکەی.

لەناو هاوڕێیاندا زۆر شتێکی باوە نووسەرێکی گەورە، پەنا بەرێتە بەر ئەوەی ستایشی زۆری ئەو شتانە بکات کە هاوڕێیەکی تازە پێگەیشتووی دەینووسێت. لە کاتێکدا ئەو نووسەرە مەزنە بە سادەیی و لە ڕووی خۆشەویستییەوە ئەو شتانە دەڵێت، کەچی نووسەرە تازە پێگەیشتووەکە ئەوە دەکاتە بەڵگەیەکی زیندوو، لەسەر دەگمەنی و نایابیی ئەو شتانەی دەیاننووسێت.

ئەو قسەیەی "یەشار کەمال" دەبێتە چەکێکی حازربەدەست و "محەمەد ئوزۆن"، بە ڕووی ڕەخنەگرانیدا هەڵی دەبڕێت. بەهەرحاڵ نووسینی بەپێز و جوان، پێویستی بەگەواهیدانی هیچ کەس نییە. ئەم دەرگە و ئەو دەرگە وەکی دەرۆزەکەرێک ناگەڕێت، تا ڕەواج پەیدا بکات و بخوێنرێتەوە. ڕەنگە "یەشار کەمال" چەند بڕگە و لاپەڕەیەک، یان کۆی تێکستێکی بە زمانی تورکی خوێندبێتەوە (نازانم ئەگەر تارماییی خۆشەویستی کرابێت بە تورکی)، بەڵام وەک عادەتی خۆی لە وەسفکردنی کارەکانی "ئوزۆن"دا ڕۆ چووە. بۆ نموونە "عەبدال زەنکی" زۆر بە "هۆمیرۆس" دەچوێنێ! "هۆمیرۆس" جیهانی بە (ئەلیادە و ئۆدیسە) ڕازاندەوە، ئیتر "هۆمیرۆس" لە کوێ و "عەبدال زەنکی" لە کوێ، کە زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستان خۆشیان نایناسن؟

نابێت ئەوەمان لە یاد بچێت کە "یەشار کەمال" چ توانایەکی ئەفسووناوی و میتۆلۆجی بە قارەمانی ڕۆمانەکانی دەبەخشێت (حەمەدۆک، سلێمانی بێ پشت و پەنا و گیا نامرێت و.. هتد). وا دیارە قەڵەمەکەی لە وەسفکردنی "ئوزۆن"دا زۆر زیاتر لەوە ڕۆشتووە، تا ئەو ڕادەیەی بە هەریەک لە "پوشکین" و "گۆگۆڵ" بەراوردیان دەکات. ئەو "گۆگۆڵ" و "پوشکین"ەی زمانێکی نوێ و ستایلێکی مۆدێرنیان لە شیعر و ڕۆماندا داهێنا. "یەشار کەمال" تەئکید لەوەش دەکاتەوە کە (تەنیا گەورە نووسەران دەتوانن زمانێکی وا بێگەرد بخوڵقێنن). بۆچوونێکی لەم جۆرە بۆ زمانێک کە "یەشار کەمال" خۆی پێی ناخوێنێتەوە، فەرامۆشکردنێکی ترسناکی واقیعە و ڕادەربڕینێکی بێ سەروبەرە لەسەر شتەکان.

"یەشار کەمال" لە کاتێکدا زمانی کوردی بەرز دەنرخێنێ و پیاهەڵدەدات (زمانی وڵاتی میسیۆپۆتامیا) وەکی خۆی دەڵێت، هاوکات سەرکۆنەی ئەو حاڵەتە دەکات کە نووسەرانی کورد حاشا لە ئەسڵی خۆیان دەکەن و بە تورکی دەنووسن، ئەوا لەناو ئەم جۆش و خرۆشە ویژدانییەدا، خۆی لە بیر دەچێت.

ئەگەر "ئوزۆن" وەکی "یەشار کەمال" باسی دەکات، توانیبێتی بەو زمانە دەوڵەمەندە ئەو تابلۆ قەشەنگانە بنەخشێنێت، ئەوا مرۆڤ لەو هۆکارە دەپرسێت کە ڕێگە بە خودی "یەشار کەمال" خۆی نادات، تا بەو زمانە بنووسێت کە بە منداڵی فێری بووە. ڕەنگە "یەشار کەمال" لەو کاتەدا زۆر بەجۆش بووبێت تا دەسگیرۆییی "ئوزۆن" بکات کە گەنجێتیی خۆی بیر هێناوەتەوە.

ئەگەر "یەشار کەمال" بە چارەکی ئەوەی "محەمەد ئوزۆن" هەڵەی لە زمانی کوردیدا کردووە، ئەو لە زمانی تورکیدا بیکردایە، ئەوا خەڵکی تورکیا دەستبەرداری کتێبەکانی دەبوون و وازیان لە خوێندنەوەی دەهێنا.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی (الحیاە)، ٧/١١/٢٠٠٧.

# پێوانە ئایدیالیستەکەی عێراق
# ٢٨-٢٩-٤٢

ئولریش لادورنەر

کاتێک ئەمەریکاییەکان کەرکوکی باکوری عێراق بەجێ دەهێڵن، توندوتیژی پەرە دەستێنێت. سەردانێک بۆ لای کوردەکان، عەرەبەکان، تورکمانەکان، کە هەموویان شەڕ لەسەر خاوەندارێتیی ئەم شارە دەکەن.

کاتێک سەربازە ئەمەریکاییەکان لە شاری کەرکوک دەکشێنەوە، لەپاش خۆیان ژمارەیەکی ئەفسووناوی بەجێ دەهێڵن، کە بریتییە لە : ٤٢–٢٩–٢٨. ئەمە ئەو ژمارەیەیە کە ڕێژەی نەتەوەکان




..............................................................................

وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە : ئەردەڵان عەبدوڵڵا

دیاری دەکات. کە پێویستە سەرۆکی پۆلیسی کەرکووک، ئاگای لەم ژمارەیە بێت، بەتایبەتی کاتێک پۆلیسەکانی دادەنێت. ڕێژەی ٤٢ ٪ پۆستە حکوومەتییەکان بۆ کوردەکانە، ٢٩٪ ی بۆ عەرەبەکانە و، ٢٨٪ی بۆ تورکمانەکانە.

هەروەک " رەحمان" کە کوردێکە لەم شارەدا گوتی: دیارە ئەمە کارێکی ئاسایی بۆ بەڕێوەبردنی ئەم شارە. لە کاتێکدا رەحمان دەڵێت: هەرچەندە من تورکمانێکی چالاک و پسپۆڕم پێ باشترە لە کوردێکی خراپ، یان گەر عەرەبێکی خراپ لە پۆستێکی حکوومەتیدا بێت، کوردێکی پسپۆڕم پێ باشترە کە لە پۆستەکەیدا دابنیشێت.

بەڵام سەرۆکی پۆلیسی شاری کەرکووک، هیچ گوێ بەم نیقاشاتانە نادات، چونکە ئەو مەسەلەی گرینگتری لەپێشە و خەمی کێشەی گەورەتریەتی. هەر دوێنێ پۆلیسەکانی تەقەیان لە دوو پیاو کردووە، کە ویستوویانە پەلاماری کڵێسایەکی مەسیحییەکانی کەرکووک بدەن و کڵێساکە بتەقێننەوە، ئەم بەیانیشە دوو بۆمب لەناو شاری کەرکووکدا تەقینەوە.

پێ دەچێت کاتە ناخۆشەکانی کە پڕ بوون لە توندوتیژی لە کەرکووک بەتایبەت لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٥ تا ٢٠٠٨، کە هەموو شارەکەیان هەژاندبوو، بەسەرچووبێت. بەڵام هێشتا لەژێر ئەم زەوییەوە، ترسی ئاگرێکی گەورە دەکرێت. لە هەر وەختێکیشدا، ئیحتیمالی تەقینەوەی ئەم ئاگرە هەیە.

رەحمان دەڵێت : لەم حاڵەتە تایبەتییەدا، ئێمە پێویستیمان بە باشترین پیاوی کارگێڕ هەیە، بەلای منەوە ئاساییە سەر بە کام نەتەوەیە بێت. بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە رەحمان ئەم پیاوانەی دەست ناکەوێت. لێمان پرسی ئاخۆ ناکرێت ئەم ڕێژەیە بگۆڕێت ؟. یان ئەمە ڕێژەیەکی نەگۆڕە ؟. رەحمان لە وەڵامدا گوتی : تەنیا خوای گەورە دەتوانێت ئەم ڕێژەیە بگۆڕێت !.

رەحمان گوتی : ئەمەریکییەکان ڕێک وەکو ویستی خوا، حوکمی ئەم شارەیان دەکرد. ئەوان ئەم ڕێژەیەیان دانا. دیارە ئێمەش دەتوانین بیگۆڕین، گەر تۆزێک مێشکمان بێت !. بەڵام ئەمەریکییەکان ئێرەیان بەجێ هێشت و ڕۆیشتن. لەو کاتەشەوە نەتەوە جیاوازەکانی کەرکووک خۆیان لە یەکتری توند دەکەنەوە، زۆرجاریش بۆمب لە دژی یەکتری دەتەقێننەوە.

کاتێک رەحمان باسی ئەمەریکاییەکانی دەکرد، زۆرجار بە دڵتەنگییەوە دەیگوتەوە " ئەوان لێرە بوون". بەڵام ئەوان ئێرەیان بەجێ هێشت، بەمەش کۆتایی بە مێژوو هات. لە راستیشدا ئەمەریکییەکان کەمێک هاوکارییان کردوون، ئەوان لە ڕێگەی فرۆکەکانیانەوە یارمەتییان دان لە جەنگی دژ بە تیرۆریست، هەروەها چەک و ئۆتۆمۆبێلیی باشیان پێ دان. بەڵام لە راستیدا، کشانەوەی ئەمەریکاییەکانیش هیچ کاریگەرییەکی وا گەورەی لێ نەکردوون. " ئێمە خۆمان دەتوانین پارێزگاری شارەکەمان بکەین." هەروەک سەرۆکی پۆلیسی شاری کەرکووک گوتی.

# پاشماوه بەجێماوەکانی زلهێزە جیهانییەکە

ئەمەریکاییەکان سەربازگەیەکی گەورەیان لە ناوەڕاستی شارەکەدا بەجێ هێشتووە. هێشتاوەکو دیوارێکی چەند مەتر بەرز بەدەوری ئەم سەربازگەیەوە وەکو خۆی ماوەتەوە. لەناو سەربازگەکەشدا چەند بلدۆزەرێکیش خەریکی تەختکردنی چەند پارچە زەوییەکی بەردەڵان و خراپن. ئەمەش یەکێکە لە پاشماوە بەجێماوەکانی زلهێزە گەورەکەی جیهان لەم شارەدا.

جگە لەمەش، ژمارە ئەفسووناوییەکەشیان بەجێ هێشتووە، کە پێرفێکت "کامڵ" نییە، بەڵام میتۆدێکی باشە، بۆ هێشتنەوەی پالانسێک لە نێوان نەتەوە جیاوازەکانی ئەم شارە. بەڵام هەتاوەکو ئەمڕۆش پرسیارێکی گرینگ و ئاڵۆز لەم شارەدا هەیە، ئاخۆ کێ خاوەنی کەرکووکە؟.

وەڵامی زلهێزەکە بۆ ئەم پرسیارە ئەمە بوو : ئەم شارە موڵکی هەمووانە، لەم شارەدا کۆمەڵێک ئێتنی و ئاینی جیاواز دەبێت پێکەوە بژین. بەڵام ستیلەکەی ڕێژیمی سەدام حوسێن، پاشماوەیەکی ئێجگار خراپی بەجێ هێشتووە، ئەویش برێتییە لەوەی : دەسەڵات جیا ناکرێتەوە. یان دەبێت هەمووی وەربگرین، یان هیچمان ناوێت. ئەم لۆجیکەش ئێستا جارێکی تر خەریکە لە بەغدادەوە سەرهەڵدەداتەوە. لەوێ " بەغدا" شەڕێکی خەست لە نێوان " شیعە و سونە" مەزهەبەکانە لەسەر دەسەڵات هەیە. هێشتا کەسیش نازانێت داهاتووی ئەم شەڕە چۆن دەبێت. بەڵام ترسێکی زۆریش هەیە، کە وڵاتەکە تووشی شەڕێکی ناوەخۆیی گەورە بێتەوە.

بەڵام چۆن دەتوانین نەهێڵین ئەم شەڕە دروست بێت؟، دەبێت ئاگەداری چی بین، ئاخۆ دەتوانین لە کەرکووکەوە فێر بین؟. ئەم شارە هەموو شتێکی هەیە، کە دەتوانێت عێراق دەوڵەمەند و بەهێز و خۆشگوزەران بکات. لەم شارەدا نەوتێکی ئێجگار زۆر هەیە، هەروەها لە کۆمەڵێک نەتەوە و ئاینی جیاواز پێک هاتووە. بەڵام لە دەرەوەی ئەم شارەوە، ئێران، عەرەبستانی سعوودی، تورکیا، سووریا، شەڕێکی خەست لەسەر ئەم شارە دەکەن و چاویان تێ بڕیوە.

کەرکووک برێتییە لە عێراقێکی بچووک، ئەویش وەکو عێراق بەدەست توندوتیژییەوە دەناڵێنێ، هیچ وڵاتێکی رۆهەڵاتی ناڤینیش، هێندەی عێراق بەدەست توندوتژییەوە ناڵانێت، هەر بۆیە کەرکووکیش دەماری مێژوویی ئەم توندوتیژییە دەگرێتەوە خۆی. هەر هەوڵێکی کۆنترۆڵکردن یان گۆڕانکارییەک، ئاماژەیەکی بچووکە بۆ دەسەڵات و مێژووی ئەم شارە.

لە دەروازەی شارەوە، سوپای ١٢ عێراقی وەستاوە. ئەوان ئەو ئۆتۆمۆبێلانە دەپشکنن، کە دەچنە ناو شارەوە. بەڵام ئەوان کەمتر بەدوای تیرۆریستانەوە دەگەڕێن، بگرە زیاتر دەیانەوێت ئەوە پێشانی بەغدا بدەن، کە ئەمان خۆیان کۆنترۆڵ و حوکمی شارەکەیان دەکەن.

کوردەکان نایشارنەوە، کە دەیانەوێت ئەم شارە بگەڕێننەوە بۆ سەر ناوچە ئۆتۆنۆمییەکەی " حکوومەتی هەرێمی کوردستان ". ئەمەش ئامانجی سەرەکیی پارتە کوردییەکانە. ئەوان دەڵێن،

هەر دەبێت واش بێت، دیارە ئەوەش زیاتر بەپشتبەستن بە سەرچاوە مێژووییەکان کە ئەم مافەیان دەداتێ. زۆرینەی دانیشتوانی کەرکووک لە کورد پێک هاتووە. بەڵام سەدام حوسێن، ڕێگەی خۆش کرد بۆ کۆچبەرە عەرەبەکان کە لە باشووری وڵاتەوە بۆ باکور بێن، دیارە ئامانجی سەرەکیی لەم سیاسەتەش ئەوە بوو، کە دیمۆگرافیی شارەکە بگۆڕێت، بۆ ئەوەی نەوتی کەرکووک ببێتە موڵکی عەرەب.

لە کۆتاییی جەنگی کەنداودا ساڵی ١٩٩١، کوردەکان ڕاپەرینێکیان لە دژی سەدام حوسێن کرد، پاشان توانییان شاری کەرکووک بگرن. ئەمەش زیاتر بۆ ئەوە بوو، کە باری خراپی شارەکە باشتر بکەن. لێ سەدام حوسێن، زۆر دڕندانە ڕاپەرینەکەی سەرکوت کردەوە. کاتێکیش ساڵی ٢٠٠٣ ڕژێمی سەدام حوسێن، بە زۆری لەشکری ئەمەریکی رووخا، کوردەکان جارێکی تر بەپەلە خۆیان کردەوە بە شارەکەدا، بۆ ئەوەی کەرکووک وەکو مافی خۆیان دابنێن. کوردە ئاوارەکانی ئەم شارە، گەڕانەوە ماڵی خۆیان. بەڵام ئەم بارە نوێیە، نارەزاییی لای عەرەبەکان دروست کرد. ئەوان دەڵێن : پارتە کوردییەکان پارە و پرۆژەی زۆریان هێناوەتە شارەکەوە، بۆ ئەوەی باری دانیشتوانی شارەکە بگۆڕن و بە ویستی ئەوان بێت.

بەڵام هەروەک لە راستیشدا دەردەکەوێت، کە ئەمڕۆ کوردەکان زۆرینەی دانیشتوانی کەرکووک پێک دەهێنن. ئەمڕۆ پێشمەرگە " سەربازی لەشکری کوردی" لە هەموو شوێنێکی شارەکەدان. دیارە راستە زۆر پۆستی گرینگیان لە دەستدا نییە، بەڵام ئەوان لە هەموو شەقام و کونج و قوژبنێکی ئەم شارەدا بوونیان هەیە. پێشمەرگە ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە کوردەکان نایانەوێت واز لە مافی خۆیان لەم شارەدا بهێنن. بەڵام هەتاوەکو پێشمەرگەش لەم شارەدا هەبێت، عەرەبەکانیش هەر بە گومانەوە سەیری کوردەکان دەکەن. هەر بۆیە ئەوان زیاتر دڵیان بە سوپای عێراقی خۆشە، کە لە دەرەوەی شارەکە بازنەیەکی کێشاوە و سوپاکەی تێدا جێگیر کردووە. کە ئەمەش وای کردووە ببێتە هیوایەکی بچووکی عەرەبەکانی ئەم شارە. گومان لە یەکتریکردن و بێ باوەڕی، وەکو ژەهرێک بەئاسمانی ئەم شارەدا بڵاو بووەتەوە، کە دەتوانێت لە هەر کاتێکدا فوو بکات بە خۆڵەمێشێکی کوژاوە و ئاگرێکی گەورە لەم شارەدا بنێتەوە.

ئێمە سەردانی ماڵێکمان کرد، کە خاوەنەکەی عەرەبێکی سونی بوو، ناوی شێخ عەبدوڕەحمان مونجیب عوبەیدی بوو، کە ماڵەکەی دەکەوێتە ناوەڕاستی شاری کەرکووکەوە.

ئەو لە خانوویەکی گەورەدا دەژی، کە چەندین ژووری تایبەتی بۆ میوانان هەیە، کە تێیدا جێگەی چەندین کەس دەبێتەوە. شێخ گوتی : "ئەو مێژوویەی کە کوردەکان باسی لێوە دەکەن، گوایە ئەوان زۆرینەی ئەم شارەیان پێک هێناوە، هیچ ڕاست نییە. گەر کوردەکان کەرکووک بگەڕێننەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، ئەوا عەرەبەکان بەهیچ شێوەیەک ڕازی نابن. هەروەها ئەوان ئامادەن لە دژی ئەم کارە، بەهەموو شێوەیەک بوەستنەوە."

شێخ هیچ ترسی نەبوو لەوەی، کە بەئاشکرا ئەم بۆچوونەی دەربیڕێت. دەشتوانین باوەڕی پێ بکەین، بەدڵنیاییەوە دەبێت لاکەی تریش ئەم ڕاستییە بزانێت، هەر بۆیە نابێت کارێکی ئاوا ئاڵۆز، هەروا بە ئاسانی جێبەجێ بکرێت. مێژووی ئەم شارەش، فێری وانەیەکی گرینگی کردوون. هەروەک شێخ گوتی

"ئێمە ناتوانین ئەوان لەناوبەرین، هەروەها ئەوانیش ناتوانن ئێمە لەناوبەرن. ئێمە هەردووکیشمان پێکەوە ناگونجێین."

## ئەم شارە دەبێتە عێراقێکی نوێ ؟!

عوبەیدی کابرایەکی خاوەن ئەزموونە و، هەر بۆیە لە گۆترە قسان ناکات. هەر بۆیە ماڵەکەی لە هەموو لایەکەوە میوان ڕووی تێ دەکات و، هەر زووش بووە بنکەی سەرەکیی عەرەبە سونە نارازییەکانی شارەکە. پێ دەچێت شێخ عوبەیدی، لە ساڵە قورسەکانی شاری کەرکووکدا، ڕۆڵێکی گەورەی بینیبێت، هەر بۆیە ئێمە ئەم ڕاستییەمان لە قسەکانیدا بۆ دەرکەوت، هەروەها ئەو دەسەڵاتێکی گەورەشی بەسەر خەڵکی خۆیدا هەیە.

ئەو کابرایەکی ٣٥ ساڵانەی مێوانداری کردبوو، کە کرێکارێکی کشتوکاڵییە، ناوی " کەمال قادوری محەمەد" بوو. ئەو کرێکارە بە عوبەیدیی ڕاگەیاند، کە هێشتا لەناو کەرکووکدا، نەتەوە جیاوازەکان شەڕیان هەیە. کەمال قادوری، پیاوێکی باڵابەرز و کەتە و بەهێز بوو، بەڵام ئەو دەبێت لەلایەن هاوڕێکانییەوە بیپارێزن، ئەو هێشتا جەستەی بەدەست ئازارەوە دەناڵێنێت. ئەو بۆی گێڕاینەوە، کە پیاوانی ئاسایشی کوردی، کە بە " ئاسایش" ناسراوە، لەلایەن تیپێکی ئاسایشەوە، دوێنێ لە بەردەم ماڵەکەی خۆی گیراوە و خستوویانەتە ناو ئۆتۆمۆبێلێکەوە و بردوویانە بۆ زیندانێکی تایبەتی و شەو زۆر ئازار و ئەشکەنجەیان داوە.

ئاسایش ویستوویانە بە زۆر زانیاریی لێ وەربگرن. لەو کاتەدا کە قادوری برینەکانی سەری پێشان داین، یەکێک لە عەرەبەکان هاواری کرد : "ئەمەیە ئەو عێراقە نوێیەی کە باسی لێوە دەکەن." ئەو مەبەستی لە عێراقی پاش کشانەوەی هێزە ئەمەریکییەکان، کە پێیان وایە کەرکووکی تەسلیم بە کوردەکان کردووە.

لە پەنا شەڕی نەتەوەکانی ناو شارەکە، سونەکان شەڕ لە دژی هێزە داگیرکەرەکانیش دەکەن. چەکدارە سونییەکان زیاتر پێک هاتوون لە خەڵکانی سەر بە خێڵەکەی سەدام حوسێن، تیرۆریستەکانی سەر بە گرووپی " القاعیدة" و، چەند هاوپەیمانێکی تریان. ئەمانە هەتاوەکو ئەمڕۆش هەر لە شارەکەدا ماون، خۆیان لەناو گەڕەکە عەرەبنشینەکاندا قایم کردووە.

کارکردنی "ئاسایش" لەم شارەدا، کارێکی نایاساییە، هەروەک سەرۆکی پۆلیسی کەرکووک گوتی. چونکە " ئاسایش"، ڕێکخراوێکی چەکداری کوردییە، کە لە دەرەوەی سنووری کوردەکانەوە

کار دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا لەناو کەرکووکدا، بەرپرسە حکوومەتییەکان کاریان لەگەڵ دەکەن. کێ دەتوانێت لە دژی ئەمان ڕاوەستێت ؟ دیارە گەر کەسێکیش بێت، ئەوا دیسانەوە شەڕ و توندوتیژی دروست دەبێت. بەڵام سەرۆکی پۆلیسی کەرکووک گوتی، کە " ئاسایش" بۆ ئێرە گرینگە و پێویستییان پێیەتی. چونکە ئەوان "واتە ئاسایش"، زانیاریی زۆری لەبارەی تیرۆریستەکانەوە پێ دەدەن. ئەوان پارەیان هەیە و سیخوڕی خۆیان لەناو ئەم گرووپانەشدا هەیە. بەم شێوەیەش پۆلیسی عێراقی، لەگەڵ ڕێکخراوێکی چەکداری کوردی کار دەکات، کە ئەمەش تەنیا بەپێی یاسایەکی تایبەت بەم شارە، دەتوانرێت ئەم کارە جێبەجێ بکرێت، تەنیاش لەم شارەدا ئەم کارە ڕوو دەدات.

بەڵام یاسا و دەسەڵات، لە عێراقدا دوو شتی زۆر جیاوازن. بۆ نموونە چارەنووسی زیاتر لە ٣٠٠ عەرەب، کە لە ماوەی ساڵێکدا دیار نەماون، هەروەک شێخ عوبەیدی بۆ ئێمەی باس کرد. سەرۆکی پۆلیسی کەرکووک، کە ماوەیەکی زۆرە خەریکی گەڕان بەدوای ئەم کەسانەوەیە، هەر بۆیە لەبارەی ئەم مەسەلەیەوە، لەگەڵ ئاسایشدا گفتوگۆ دەکات. پێ دەچێت ئەوان " مەبەستی ئاسایشە" لەو بارەیەوە زانیارییان لا بێت، چونکە لە ڕاستیدا ئەوان زۆر شت دەزانن.

لە کەرکووکدا، هێزی سەربازیی ١٢ و پێشمەرگە، پۆلیس، ئاسایش، هەموویان دەبینرێن. دەبێت زۆر ئاگەداری جلوبەرگ" ئونیفۆرم"ەکانیان بین چونکە لە یەکتری جیاوازن، هەروەها لە ڕووی مێژووشیانەوە زۆر جیاوازن.

لە بەردەم شارەوانیی کەرکووکدا، کە بە شوارییەک گیراوە و کۆمەڵێک هێزی سەربازی بەرگریی لێ دەکەن. لەناو هۆڵەکانی شارەوانیدا، کارمەندەکانی فایلیان بەدەستەوەیە، خەڵکانێکی زۆریش لە بەردەمیان وەستاون، کە بە دەموچاویاندا دیارە، ماوەیەکی زۆرە ڕاوەستاون. بەشێکی زۆریان نارەزایی دەردەبڕن و دەڵێن، ماوەی چەندین مانگە، گەرەکەکانیان هیچ کارەبایان نییە، هەندێکی تریان دەڵێن، ئاوی خواردنەوەمان نییە، خەڵکانێکی تریش هاتوون کاری بازرگانییان هەیە.

سێ پیاو لە شارەوانیی کەرکووک حوکم دەکەن " سەرۆکی شارەوانی ناوی " حەسەن توران"ە، کە تورکمانە. جێگرەکەی " ڕێبوار تاڵەبانی، کە کوردە. جێگری دووەمیشی، ڕەکا جبووری، کە عەرەبە." ئەمەش ڕێژەیەکی سەیرە. دیارە دیدی ئەوان بۆ داهاتووی کەرکووک، جیاوازە. تورکمانەکە دەخوازێت، کەرکووک ببێتە هەرێمێکی ئۆتۆنۆمیی تایبەت و سەربەخۆیی خۆی هەبێت. بەڵام کوردەکە، دەخوازێت، کەرکووک بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان. عەرەبەکەش دەخوازێت، کەرکووک ببەسترێتەوە بە بەغداوە.

### پارە دەتوانێت چارەسەر بێت

هەرچەندە ئەوان بۆچوون و شوێنی جیاوازیان هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شارەکە دەبەن بەڕێوە.

ئەوان شـەقام، قـوتابخـانە، نەخۆشـخـانە  دروست دەکەن. ئەوان کـەناڵی ئاوەڕۆ بۆ گـەڕەکەکـان دروست دەکەن، خـەریکی لابردنی پاشەڕۆ و خـۆڵی شارەکەن. هـەر ئەوانیشن کە مۆڵەتی بازرگانی بەخـەڵکی دەدەن، کـار بۆ بێکاران دابین دەکـەن، ئەوان لە هەلومـەرجـێکی نائارام و پشـێویدا  زۆر بەزەحمەتی کار دەکەن. هـەر لەبەر ئەوە، هـەرسێ پیاوەکە یەکانگیرین.

ئەوەی بە پلەی یەکەم کە دانیشتوانی شاری کەرکووک پێویستییانە " ئارامی و ئاسایشـە".  گـەر تۆ لـە تورکـمـانێک  بپرسـیت، هـەر ئەمـەی دەوێت، کـوردێک و عـەرەبێکیش، تەنیـا و تـەنیـا پێویستییان بە "ئارامی و ئاسایشە.".

لێرەدا ئارتکیلێکی دەستووری هەیە کە پێی دەڵێن ئارتیکلی "مادەی ١٤٠" ی دەستوور. کە تێیدا هـاتووە، پاش ئەوەی ئامارێکی دانیشتوان دەکرێت، ریفراندۆمێک لەبارەی چارەنووسی شـارەکەوە دەکـرێت. بەڵام هـەتاوەکـو ئێـسـتـاش ئەم ئارتیکلە جـێبـەجێ نەکـراوە و بەکـار نەهێنراوە. دیارە ئـامـارێکی دانیـشـتـوان، دەبێـتـە هـۆی نانەوەی دووبەرەکی لە شـارەکەدا، ریفـرانـدۆمـێکیش  دەبێـتـە هـۆی وێرانکردن و نانەوەی ئاژاوەیەکی گەورە لە شارەکەدا.

بەم شـێوەیە شـارەوانیی کەرکـووک کـار دەکـات. هـەریەکـە و ڕێگەچارەی تایبـەت بەخـۆی هـەیە بۆ کێشـەکـان، بەڵام کـەسـیش ڕێگەچارەی نییە بۆ هـەمووان. بەڵام ئاخـۆ  ئێـمـە دەتوانین سێ ئاشـتی دروست بکـەین ؟.  زۆر سـەیرە هـەر هـەموویان بۆ وەڵامـدانەوەی ئەم پرسـیـارە یەکـانگیـرن. ئەویش ئەوەیە : ئەو بڕە پارەیەی کە شارەکە لە بەغداوە بۆی دێت، پێویستە زۆر، زۆر بێت.

کوردەکە دەڵێت : پێویستە بەغدا شـەش ملیـاردمان بۆ بنێرێت. تورکمـانەکە دەڵێت : ٤,٥ ملیـارد دۆلار، عـەرەبەکـەش دەڵێت، پێویسـتـیـمـان بەچەندین ملیـارد هـەیە. بـەهـەرحـاڵ ئەمـەنـدە بێت، کـە بتوانێت ژیانی باش و گونجاو  بۆ  ١,٣ ملیۆن دانیشتوانی  ئەم شارە دابین بکات.

دەتوانین بلـێین، پێ دەچێت بتـوانیت  هـەمـوو گـومـان، ڕق و، بێ باوەڕی، تـرس، کـە بۆ مـاوەی چەندین ساڵە لەم شارەدا کۆ بووەتەوە، هەموو ئەمانە لەژێر " شـاخێکی پارەدا" بشاریتەوە.

سـەرچاوە: ڕۆژنامەی تسایتی ئەڵمانی.

چەند دێرێک لەبارەی نووسـەرەوە:

ئۆلریش لادورنـەر  Ulrich Ladurner ڕۆژنامـەنووسـێکی نـەمسـاییـە. سـاڵی ١٩٦٢ لەدایک بـووە. زانسـتـی سـیـاسـیـی لە زانکۆی ئیـسنـەبورگ خـوێندووە. لـە سـاڵی ١٩٩٩ەوە لە ڕۆژنـامـەی " Die Zeit " ئـەڵمـانی کـار دەکـات. لەپاش ڕووداوەکـانی ١١ سـێپتـەمبـەرەوە، لەو  وڵاتانە کـار دەکـات، کـە شـەڕی دژە تیـرۆری تێدا کـراوە، وەکو ئەفغانیستان، عێراق، ئێران، پاکستان."

# کاروانی ئاشتی

عەبدوڵڵا ئیبراهیمی

٤/١١/ ١٩٨٤، ڕۆژێکی ساو و خۆشی پایزی کوردستان بوو. ئاسمان هێندە بێگەرد بوو کە تەنانەت تۆزێکی زۆر کەمڕەنگیشی نەنیشتبووە سەر. من ئەو کاتە، بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی نەغەدە بووم. پاش دامەزراندنی بنکەیەکی کاتی بۆ کۆمیتەکەمان لە گوندی بۆڵێی دۆڵی شەهیدان لە بناری قەندیل، لەگەڵ ١٤ پێشمەرگەی هێزی ئەفشین، بڕیارماندا بچینەوە لای هێزەکەمان لە ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا. هەموو ئامادەکاریی پێویستمان بۆ سەفەرەکەمان کردبوو. هەڵوایەکی زۆر، خورما، چەند قوتوو کاڵباس و هێندێک کاکڵەگوێز و نان و پەنیر و... تێشووی ڕێگەمان بوو. ئەسپێکی شێمان پێ بوو. بۆ ویش کا و جۆی پێویستمان بۆ یەک دوو ڕۆژ ئامادە کردبوو. بەیانی زوو چەک و ڕەختمان لەخۆ بەستو ئەسپەکەمان بار کرد و پاش ماڵاوایی لە پێشمەرگەکانی بنکە، بەرەو ڕەزگە و مارەدوێ وەڕێ کەوتین. ئێمە هیچمان ئەزموونی باشمان نەبوو بۆ بارکردنی یەکسم، هەر بۆیەش چەند جاران بارەکەمان کەوت و بەهەزار کێشە لێمان ناوە. ئێوارێ درەنگ گەیشتینە مارەدۆ. کاروانێکی قاچاخچییان لەوێ باری خستبوو. ئەوانیش وەک ئێمە دەبوو خۆ لەچاوی پاسدارانی ئێران بشارنەوە. ئەوانیش دەبوو وەک ئێمە ئەو هەموو ڕێیە پڕ مەترسییەیە ببڕن، ساڵ نەبوو چەند کەسێک لەو کڵۆڵانە تووشی بۆسەی جاش و پاسدار نەبن و نەکوژرێن. ئێمە و ئەوان هەرکاممان بەهۆی سروشتی کارەکەمان، هاوڕێیەکی باش بووین بۆ یەکتری. هەر ئەو سروشتە تایبەتەش لەو سەفەرەدا دەیکردینە هاوچارەنووس. هەردوولا، گیانمان لەسەر لەپی دەستمان بوو. ئێمە بەدوای وەدەستهێنانی مافی بەئازادی ژیان بۆ گەلەکەمان و ئەوان بەدوای پاروە نانێکدا بۆ ماڵ و منداڵیان. دڵمان پێ خۆش بوو کە ئەو جار کەسانێک ڕێنوێنمانن، کە شارەزای هەموو پەناو پەسێوی ڕێگەکەن. ئێمە دەبوو بەئاڵیەمەڕاندا بڕۆین و لەوێڕا بچینەوە سەر رووباری کەڵوێو بپەڕینەوە شاخەکانی ئەوبەری. ئەو بەشەی ڕێگەکە، شوێنێک بوو کە هیچ کام لە ئێمە پێشتر پێیدا نەچووبووین، هەر بۆیەش بوو کە بە هاوڕێیەتیی ئەو پۆلە قاچاخچییە شاگەشکە بووین. بەڵام لەوبەری چۆمی کارمان پێیان نەدەما و بەهەموو کون و

کەلێنەکانمان دەزانی.

٥/١١/ ١٩٨٤، بەیانی زوو هەستاین تا خۆمان بۆ ڕێگەبڕینێکی دژوار ئامادە بکەین. ئەسپەکەمان شەوێ بەرەڵڵا بووبوو. چەند پێشمەرگەیەکم بۆ گرتنەوەی ناردن. تا گرتیانەوە زۆر درەنگ بوو. قاچاخچییەکان کە پێش ئێمە وەخۆکەوتبوون، لەسەرمان ڕانەوەستان. کوتیان ئێمە ناتوانین زۆر ڕاوەستین. ئاماژەیان بەبستوویەک کرد، دوور لە مارەدوێ دیار بوو. کوتیان هۆوە سوێسنێ و ئاڵیەڕەشە. کانییەک لەسەر باسکەکە، لە قەراغ ڕێگەیە، لەوەی پشوویەک دەدەین و نانێک دەخۆین. ئێوەش دەمان گەنێ. پاشان لەسەر ڕێگەکە هێندێک ڕێنوێنییان داینێ و ماڵاواییان کرد و بەجێیان هێشتین. ئەوڕۆش وەک ڕۆژی پێشوو ئاسمانێکی شینی بێگەرد لەسەر سەرمان بوو. بارمان لێ ناو وەڕێکەوتین. لە ڕێیە چەند جارێک باری وڵاخەکەمان خواربوو و بەلادا هاتوو ڕاستمان کردەوە و ئەوە کاتێکی بەرچاوی لێکوشتین. چێشتانێ وە باسکەکە هەڵگەڕاین. کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆیە گەیشتینە سەرەتای دارستان لەنێو قەدی بستووەکە. هەورێکی خەست لەسەر سەرمان پەیدابوو. ترووکەترووکەی بەفر دەستی کرد بەهاتنەخوار. دەنگەکانی وەک تووکی سپیی سەر گوڵی هێندێک ڕووەکی کوێستان دەچوون کە بەدەم بایەکی سووکەوە لە فڕین و بڵاوبوونەوەدا بوون. ئێمە زۆرمان گرینگی پێنەدا، چونکە ساڵان نەمان دیبوو بەفر ئەودەمانە دەست بەبارین بکا. کاتژمێر دەوری یەک و نیوی دوای نیوەڕۆ بوو کە گەیشتینە سەر کانیەکە. هەوا کەمێک ساردی کردبوو. تروکەی سووک و پووش ئاسای بەفر وردەوردە دەهاتەخوار، بەڵام ئەوەندە نەبوو کە زەوی بگرێ. کاروانەکە ڕۆیشتبوو. دانیشتین، هێندێک هەڵواو کالباسمان خوارد و ئاوێکمان خواردەوە. لووتکەی چەکوچ، کە بنکەی پاسدارانی لێ بوو، لە بەرچاومان بوو. هەستاین و بەرەو دۆڵی کۆگێ شۆڕبووینەوە. بەفر وردەوردە توندی کرد، تاگەیشتینە سەر چۆمی بنی دۆڵەکە و پەڕینەوە، بەفر تاگوێزینگانی داگرتین. بایەکی توند هەڵی کرد و کردی بەکڕێوە و باسریشک. کەمێکی تریش ڕۆیشتین، بارینی بەفر و هاتنی بایەکە ئەوەندە خێراییی بەخۆیەوە گرت، کە جێ پێی ئەوەی پێش خۆمانمان لێ ون دەبوو. تازە گەڕانەوەشمان بەبەرژەوەندی خۆمان نەدەزانی، چونکە لەبەر کڕێوە سەرمان لێ دەشێوا و دەترساین ڕێ هەتلەکەین. بەهیوای خۆشکردنی هەوا بەدۆڵەکەدا هەڵکشاین. ئەو دۆڵە بەهەورازێکی توند، تەواو دەبوو، کە دەیبردینەوە سەر باسکێک ڕاست لەسەر سنووری دەست کردی کوردستان لەنێوان ئێران و عێراقدا. ئەسپەکەمان ڕێگەی لە بەفرەکەش دا باش دەبڕی، توورەکەی کا و جۆشمان دەسەری کردبوو، تا هێزی لێ نەبڕێ و سەرماشی نەبێ، بەڵام پێشمەرگەکان وردەوردە خەریک بوو بەهۆی کڕێوەی توند و بڕینی بەفری تا ئەژنۆیان و هەورازی ڕێگە، بڕستیان لێ دەبڕا. لە نێوقەدی هەورازەکەدا خالید قارەمانی لەپێ پەڕی، سواری ئەسپەکەمان کرد. بەحاڵ خۆی ڕا دەگرت. کاتژمێر ٦ی ئێوارێ گەیشتینە میلەی نیشانەی سنوور لەسەر باسکەکە. هێچ نیشانەیەک لە ڕێگە دیار نەبوو. ڕوومان دەدەشتی وەزنێ بوو. با لەپشت سەرمان ڕادەهات. دەرفەتێکی لەبار بوو بۆ ئەوەی بارودۆخەکەی خۆمانی تێدا هەڵسەنگێنین. لە سەرەخۆبوونەوەی بارینی بەفر و لای هاتنی بایەکە، دەرفەتی چاوەدێریی ناوچەی پێشچاومانی

بەدوور بین پێدابووین. لە دەستی ڕاستمان، دۆڵێک بەرەودەشتی وەزنێ دەچووەخوار. لە زارکی ئەو دۆڵەدا کەلاکە ماشێنێک کەوتبوو. ئەو کەلاکە ئی سەرەتاکانی شەڕی پێشمەرگە و میری بوو. لووتکەی سەر چەکوچ، کە دەیڕوانیە سەر دۆڵەتوو و تاکلکەی دەربەندیشی لێ ڕا دیار بوو، کەوتبووە پشت شانی ڕاستمان، بەڵام تەواوێک لێمان دوور و تاڕادەیەک نەدیویش بوو. بەلای دەستی چەپماندا باسکێک بەرەو کۆتایی دۆڵی وەزنێ دەڕۆیشت. وەک بیستبوومان، ڕێگەی قاچاخچییەکان بە بەرقەدی ئەو باسکەدا دەڕۆیشت، بەڵام لەبەر ئەو بەفرە قورسەی کەوتبووە سەری دیارنەبوو و خەریک بوو تاریکیش دادەهاتوو سەرەدەرمان بۆ هیچ کوێ دەر نەدەکرد. ئەو باسکەی بەتەنیشت دۆڵی دەستی ڕاستماندا بەرەو دەشتی وەزنێ دادەبەزی، بەلای چەپیدا دەیڕوانیە سەر تۆپخانەی قورسی ئێران لە دەشتی وەزنێ. دیدەوانانی ئەو تۆپخانەیە لەسەر قوتکەی چەکوچی دامەزرابوون و لەوێڕا لە کاتی پێویستدا دەیانتوانی خاکی کوردستانی باشووری لە ناوچەی ڕانیە و قەڵادزێ پێتۆپباران بکەن. لەوبەری دەشتی وەزنێش، گوندی کونەمشکێمان دەدیت، کە کەوتبووە داوێنی زنجیرە تەپۆڵکەیەک. بنکەیەکی گەورەی پاسدارانی ئێران لە پشتی ئەو گوندە لەسەر تەپۆڵکەکان بوو. دووکەڵی ئاگری نێو ماڵەکانی کونەمشکێ، لەو سەرما سەختە و لەو لێقەوماوییەدا، کەڵکەڵەی لادانە گوندەکە و خۆگەرمکردنەوە و حەسانەوەیەکی تێروتەسەلی دەخستە دڵی ئێمەی لەسەرمان کەسیرەبوو، بەڵام کێشەکە ئەوە بوو، کە نەماندەزانی کێلەگوندەکەدایە. جلەکانمان بەو هەموو بەفرەی پێماندا باری بوو، تەواو خووسابوون و بەسەرمای سەر باسکەکەش، ڕچابوون. لەوکاتەدا لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانیشدا لە شەڕێکی براکوژیدا بووین. دەمانزانی بنکەیەکی گەورەی پێشمەرگەی ئەو حیزبە لە کونەمشکێیە. کەوابوو نەماندەتونی بچینە گوندەکە. هەموومان بێتوانا بووبووین و نەماندەتوانی بەرگەی تووشبوونی شەڕێکی کوتوپڕ بگرین. تەنیا ڕێگەی بەردەممان ئەوەبوو کە بەدۆڵی ماشێنە سووتاوەکەدا بچینەخوارێ. تا تاریک داهات، گەیشتینە بنیدۆڵەکە. ئەو دۆڵە پڕ بوو لە بنچکە تیروێ. تیروێ دەوەنێکی جەنگەڵییە لە وێنەی بیچۆم. بەرێکی سووری وردی هەیە کە ناخورێ. دارچکەکەی زۆر چەورە و بەتەڕیش بەسێنەیی ئاگر دەگرێ. خێرا بڕێکی زۆرمان لکی تیروێ کۆ کردەوە و بە یاریدەی هێندێک بەڵگەنامەی حزبی کە لەکیفەکەی مندا بەوشکی مابوونەوە، ئاگرێکمان کردەوە. لە قەراغ ئاگرەکە، نایلۆنێکمان ڕاخست و جێگەیەکمان بۆ خالید لەسەر سازکرد. تا دەهات زیاتر باری جەستەییمان تێکدەچوو. وردەوردە بڕستمان لێ دەبڕا. کڕێوە هەر بەتوندی بەردەوام بوو. ئەو خالیدەی هەرگیز چاوی لە گوللە نەترسا بوو، ئەو خالیدەی کە هەموو کات لە ڕیزی یەکەمی هێرش بۆ سەر دوژمنانی کورد و کوردستاندا بوو، ئێستا بێ هێز و داماو لەژێر کڕیوەدا لەپێ کەوتبوو و چرای ژیانی لە بەرچاوی هاوسەنگەرانی تادەهات کزتردەبوو. ئێمەش هیچکاممان هێزێکی ئەوتۆمان تێدا نەمابوو. تا کاتژمێر ١٢ی نیوە شەو بەنۆرە تیروێمان دێناو ئاگرەکەمان گەش ڕادەگرت. دەمانزانی بەکوژانەوەی ئەو ئاگرە، چرای ژیانی ئێمەش دەکوژێتەوە. دەبوو تا سیوادی بەیانی هەرچۆنێک بێ خۆ ڕاگرین. بڕیارمان دابوو بەداهاتنی

سەرەتای ڕۆژ، لە کلکەی پشتی تۆپخانە تێپەڕین و پێش ئەوەی کڕێوەکە کزبێتەوە و دوژمن بتوانێ بمانبینێ، بەرەو سەرچاوەی دۆڵی دەشتی وەزنێ وەڕێ کەوین، تا بەڵکو لەوێڕا بگەینە هەوارگەکانی پشتی ئاڵیەمەران و ڕێگەیەک بۆ خۆپاراستن لە دوژمن و چارەیەک بۆخۆمان بدۆزینەوە. دوای ١٢ی شەوێ ئیتر خەرێک بوو بەتەواوی لەپێ بکەوین. پێشمەرگەکان توانای کۆکردنەوەی تیروێشیان دەخۆدا نەدەدیت، ئەمن باری جەستەییم لە زۆرانیان خراپتر بوو، بەڵام بەهۆی بەرپرسیاریەتیەکەم، دەبوو زیاتر دەخۆ نووسێم. خۆم بەقوربان دەکردن، لەبەریان دەپاڕامەوە، هانم دەدان و چەند جارانیش بەتەنێ بۆ کۆکردنەوەی تیروێ چووم و نەمهێشت ئاورەکە بکوژێتەوە. پێشمەرگەکان کە دەخۆیان ڕانەدەدیت چیی تر بجوڵێنەوە، کەدەیان دیت بەتەنێ بۆ کۆکردنەوەی سووتەمەنی دەچم و نایەڵم ئاورەکە بکوژێتەوە جارجار غیرەتیان دەدا بەرخۆ و دەچوون هێندێک ئاوردوویان دێنا.

١٩٨٤/١١/٦، بە کوێرەوەری و سەگەمەرگی هەرچۆنێک بێ خۆمان تا دەوری شەشی بەیانی ڕاگرت، جا هەستاین و خۆمان کۆکردەوە. مانەوەمان لەو شوێنە چیی تر نەدەگونجا. هەر تا ئەو کاتەش زۆر بەخت یاوەرمان بوو کە دوژمن پێی نەزانی بووین. خالیدمان سواری ئەسپەکە کرد و وەڕێ کەوتین. هەوا بەتەواوی ڕووناکی کردبوو، کە گەیشتینە سەر تەپۆڵکەیەکی بچووک لە ڕووبەڕووی کونەمشکێ. تارمایی گوندەکە لە ئێمە ڕا دیاربوو. بەهۆی کڕێوەکەوە وا دیار بوو کەس لە شوێنی حەسانەوەی خۆی وەدەر نەدەکەوت. هەموو دنیا دەتکوت چۆلە و هیچ جووڵەوەرێک لە هیچ کوێ نەدەهاتە بەرچاو. تەنیا جووڵەوەری ناوچەکە ئێمە بووین و بای بەهاژەهاژ و بەفری بەدەمیەوە. بێگومان ئەگەر کەسێکیش بەدەرەوە با نەیدەتوانی لەبەر کڕێوە بمانبینێ. بڕێک بەرەو بناری شاخ و بۆ لای سەرەوەی دۆڵەکە هەڵکشاین، تا لە دێ نەدیوبووین. جۆگەلە ئاوێک بەئەسپایی ڕێگەی خۆی دەبڕی و نەدەربەستی سەرما و کڕێوە بوو و نە ئەو ڕێونکردووە سەرگەردانەی دەدیتن، کە بەتەنیشتیدا تێدەپەڕین. ئەو سەرگەرمی کاری سروشتیی خۆی بوو و ئەو جموجۆڵە نامۆیەشی بۆ گرینگ نەبوو کە لەوکاتە بێجێیەدا لە کەناری لە گۆڕیدا بوو. بڕیارماندا بەرەو کۆتایی دەشت و سەرباسکەکانی سنووری هەڵکشێین و تا دەتوانین، پێش خۆشکردنی هەوا خۆ لە مەترسیی دوژمن دوورخەینەوە و بگەینە جێ هەوارەکانی سەرەوەی وێندەرێ، بەو هیوایەی بتوانین ئاور دوویەک بدۆزینەوە ئاورێک بکەینەوە بتوانین پشوویەک بدەین و بیرێک لە حاڵی خۆمان بکەینەوە و چارەیەک بدۆزینەوە و هەر نەبێ بەزەلیلی نەکەوینە بەردەستی دوژمن.

پاش ڕێ بڕینێکی زۆر، لە کاتێکدا کە پێمان وابوو ئیتر لە مەترسیی دوژمن تاڕادەیەک دوورکەوتووینەوە، تووشی شوێنەواری پڕبووەوەی چەند جێ پێیەک بووین، کە بەحاڵ لەنێو بەفرەکەدا دیاربوون. تەزوویەکی خۆشی و هیوا بەدڵماندا خوشی. هیوای ئەوەی لەوانەیە چەند ڕێبوارێک ببینینەوە و ڕێنوێنییان لێ بخوازین، لە ناخماندا جێگیر بوو. چاومان بەدەوروبەری

خۆماندا گێڕا، بەڵام بەسەرسامییەوە، هەر زوو لە نیشانەکانی دەوروبەر ڕا، تێگەیشین ئەوانە هەر شوێن پێی خۆمانن و هاتووینەوە ئەو شوێنەی دەوری کاتژمێر و نیوێک پێشتر بەجێمان هێشتبوو. بیرم کردەوە"باشە خۆ ئێمە بەرەو هەوراز هەڵکشاین، ئەدی چۆن ئاوا داپەڕیوینەتەوە خوارێ؟" زۆرمان بیرکردەوە بەدەوری خۆماندا ڕوانی، تا بزانین هەوراز کوێیە و نشێو کامەیە. ئەوجار ئاراستەیەکی ترمان گرت و زۆرمان حەولدا هەڵەی پێشوو دووپاتنەکەینەوە، زۆر وریابووین کە دامێنەودامێنی باسکە شاخەکەی تەنیشت خۆمان بگرین، تا تووشی تۆپخانەی دوژمن نەبین، بەڵام دیسان هەر هاتینەوە شوێنی خۆمان. بەتەواوی گێژ و داماو بووبووین. ئەوجار گوتمان با جۆگەکە بکەینە ڕێنوێن و بۆ لای سەرچاوەی بڕۆین و ئاوا لە دەشتاییەکە دوورکەوینەوە. چاومان لە ئاوی جۆگەکە کرد، کە بەوردە شەپۆلی پێکهاتوو لە با، داپۆشرابوو. ئاراستەی ئاوی جۆگەکەمان بەچاو بۆ دیاری نەکرا، چونکە با دەرفەتی پێ نەدەداین. ئەوجار بیرم کردەوە بە چەند پەڕەکایەک ئاراستەی ئاوەکە تاقیکەینەوە. دوو سێ پەڕەکامان دە ئاوەکە خستنو بەوردی سەرنجماندا ڕەوتەکەی. لە کۆنەوە کوتراوە ئاو و ئاوەدانی. ئەوجار بەهیوای گەیشتن بەئاوەدانییەک، کە بێگومان دەبێ لەسەر ڕێگەی ئەو جۆگە بێ، ویستمان بۆ لای خوارێ داکشێین. دەمانزانی ئەو ئاوە ناچێتەوە نێو کونەمشکێ، کەوابوو، دەگەیشتینە ئاواییەک کە بتوانین یاریدە لە خەڵکەکەی بخوازین. بەبۆچوونی خۆمان و بەئاراستەی جۆڵانی پەڕەکایەکاندا بەرەو نشێو وەڕێکەوتین، بەڵام چی وای پێ نەچوو کە بە سەختییەکەی ڕا، دیاربوو هەورازە. تێگەیشتین کە چونکە بایەکە بەپێچەوانەی ڕەوتی ئاوەکە دەهات، پەڕەکایەکانیشی پێ‌هەڵا بردوون و ئێمە وامان زانیوە بەرەوخوار دەچن!

کاتژمێر١٢ی نیوەڕۆیە، ئیتر بەتەواوی لاواز و گێژ و سەرگەردان بووبووین. شەوی پێش کرێوەکەش کەم خەوتبووین، بۆ بەیانیەکەشی لە کاتژمێر چوارەوە هەستابووین. گەڕان بەدوای ئەسپەکەدا و باربەستنەوە و کێشەی ڕێگە و کوێرەوەریی ٢٤کاتژمێر کرێوەی توند، کە سەرجەم دەی کردە ٣١ کاتژمێری بێ بڕانەوە، بەبێ خەو و وچان، هێز و گوڕی بەتەواوی لێ بڕیبووین. گەڕاینەوە لای خوارێ و تارمایی گوندمان لێوە دیارکەوت. لە هەندێک شوێندا، ئاو لەژێر بەفرەکەدا وەستابوو. لاقمان تێدەکەوت و پێڵاوەکانمان پڕ بووبوون لە ئاو. نەبی عەجەم کە لەو سەفەرەدا دەگەڵمان بوو، لینگەکەوشێکی لە بەفردا لێ ونبوو. بەلاقێکی بێ پێڵاویشەوە لەگەڵمان دەسووڕاوە، بەڵام بۆنی هیچ گلەیییەکی لێ نەدەهاتوو بەوپەڕی خۆڕاگرییەوە هاوڕێیەتیی دەکردم. ئەو لەسەر ئەو بارودۆخەی خۆشی ڕا زۆر دەخەمی مندا بوو و بستێک لێم دوور نەدەکەوتەوە.

کاتژمێر ١ی دوای نیوەڕۆیە، هەوا کەمێک ڕوونی کرد، ئێمە لە نیزیکەی ٥٠٠ میتریی گوند ڕاوەستابووین، کرێوە لە پشت سەرمانەوە دەهاتوو ڕووی دەگوندەکە بوو، کە بەبەرقەدی باسکە شاخێکەوە، پاڵی لێ دابووەوە و بێدەنگ و بێ خەم و بێئاگا لە ڕووداوەکانی دەوروبەری، لە خەوێکی قووڵدان و قوم بووبوو. ئاراستەی بایەکە وابوو کە ئەگەر کەسێک بەهەڵکەوت لە

گوندەکەدا لە ماڵیش هاتبادەرێ، نەیدەتوانی بمانبینێ. تەپۆڵکەیەکی تاڕادەیەک بەرز، بەتاک لەلای دەستی چەپمان هەڵکەوتبوو. دوای وی دۆڵێکی نەدیو لە گوند، بەرەو جەنگەڵەکانی لای ئاڵوەتان هەڵدەکشا. هیوامان وا بوو کە بتوانین بەوێدا بگەینە جەنگەڵ و لەنێو دارانەدا ئاورێک بکەینەوە و وچانێک بدەین و تاڕادەیەک بحەسێینەوە. چەند کەسێک لە پێشمەرگەکان، ئیتر بڕستی ڕێگە بڕینی لەوە زیاتریان تێدا نەمابوو. خالید قارەمانی لە زمان کەوتبوو، ڕەحمانە چکۆلی کادیری دەرمانیشمان خەریک بوو لەپێ دەپەڕی. سێ پێشمەرگەی تریشمان، توانایەکی وایا تێدا نەمابوو. خالیدمان لەسەر زەوی ڕاکشاند و ئەو چوارەشمان ڕاسپارد کە ئاگایان لێی بێ و بچن لە گوندی ڕا چەند کەسێک بێنن بۆ بردنەوەی. ئەگەر تووشی پاسدارانیش بوون، بڵێن هاتووین خۆ بەدەستەوە بدەین، بەڵام تووشی کرێوەبووین. چەکی ئەو پێنجانەمان دەتێڕی ئەسپەکە نا، چونکە لێیان بووەبووە بار. ئاوا ماینەوە دە کەس. ئەوجار بڕیارمان دا بچینە پشت تەپۆڵکە بەتاکەکە و پشوویەک بدەین و ئەگەر لە ناکاو خۆشی کرد، لە گوندڕا دیار نەبین و چاوەدێرییەکی دۆخەکەش بکەین. تا گەیشتینە تەپۆڵکەکە، کە مەودای ٢٠٠ میترێک لێمان دووربوو، دوو کەسی تریشمان، چەکیان داناو چوونەوە، ئەسپەکە بەدابەزینی خالید، بارەکەی سووک بووبوو، بەشی هەرەزۆری تێشووی ڕێگەشمان لە تێڕەکە دەرێنا بوو و خواردبوومان. تەنیا کۆڵەپشتییەکان و تفەنگە زیادییەکانمان دە تێڕەکەدا بوون. لە ڕۆیشتنیشدا بۆ خۆمان بەنۆرە وەپێشی دسەکەوتین و ڕێگەمان بۆ دەشکاند. ئاوا نەمانهێشتبوو ئەویش لەپێ بپەڕێ، چونکە گیانێکی خواشمان بەویوەبوو و بارێکی قورسی لە سەرشانی سووک کرد بووین. هەر کەسیش زۆر ماندوو دەبوو، بۆ حەسانەوەیەک تفەنگەکەی خۆی بەئەسپەکە دەسپارد. تا ئێستا هیچ هەواڵێکمان لە ڕەفیقانی ڕۆیشتووڕا بۆ نەهاتبووەوە. لە پشت گردەکەش ڕاپێش کاتژمێر سێی ئێوارێ، سێ کەسی ترمان ڕۆیشتن. ماینەوە پێنج کەس. چیی تر مانەوەمان لەوێ بە بەرژەوەند نەزانی، پەڕینەوە نێو دۆڵەکەی ڕووبەڕووی گردە تاکەکە. لەوێ پاش خواردنی هەندێک خورما و هەڵواو کالباس، هەستاین و بەهیوای گەیشتنە جەنگەڵ وەشاخی هەڵگەڕاین، بەڵام چەندی خۆمان ماندوو کرد نەمانتوانی لەنیوەی بەرقەدی کۆتاییی دۆڵەکە زیاتر بچینە سەر. پاش چەند حەولێکی بێئاکام، پێشمەرگەیەکی خەڵکی شنۆیە، بەناوی محەمەدی زیبایە، لە دەوری سێ و نیوی ئێوارێ لەنێو دۆڵەکە بەجێی هێشتین. هەر کەسێکی دەمان ناردەوە ڕاماندەسپارد بە کەس نەڵێ کەسی ترمان لە دەرێماوە. ئاوا بەمنەوە چوارکەس ماینەوە.

نەبیعەجەم، پێشمەرگەیەکی تورکی خەڵکی ورمێ بوو. چەند کەسێک لە پێشمەرگەکانی کۆمیتەی شارستان کە قینی شەڕی نەغەدە و کوشتاری بەکۆمەڵی قارنێ و قەڵاتانیان لەبیر نەدەچووەوە، زۆریان بە قسەی ناخۆش و لاتاو ئازار دەدا. وای لێ هات کە پێش ئەو سەفەرەمان، ڕۆژێکی پێی گوتم: "کاک عەولا، ئیتر ناتوانم ئاوا هەڵکەم و بڕیارم داوە بچمەوە و خۆم بدەمەدەست، بەڵام دڵنیابە هەرگیز خەیانەتتان پێ ناکەم. ئەمن زۆر شازەزای هەڵسوکەوتی بووم.

بەتەواوی لێی دڵنیابووم. ئەو هیچ شوێنەوارێک لە ترس و بەزین بە ڕوخساریەوە دیار نەبوو. چەندجار دەیپرسی "کاک عەولا چ بکەین؟" دەم کوت: "ئێوە ئازادن چ بکەن، ژیانی خۆتان بەئی منەوە مەبەستنەوە، بەڵام ئەمن حەولی خۆم هەر دەدەم، یا دەردەچم، یا دەمرم" جوابی دەدامەوە: "باشە با پێکەوە بمرین!".

محەمەدە قەڵەوە، پیاوێکی بەخۆوە و هاوتەمەنیمنبوو. ئەو زۆر بەتاقەت و خۆڕاگر و زەحمەت کێش و کەم چاوەڕوانی بوو. بۆ حزب، خۆی لە هیچ کارێکی سەختی جەستەیی نەدەپاراست. خوێندەواریی نەبوو و خۆی دەباسی سیاسی هەڵنەدەقورتاند. کوردێکی ساف و سادە و بێخەوش بوو.

مراد کوڕێکی دەوری ١٧ساڵان بوو. پاش شەهیدبوونی محەمەدی برای، کە سەرلکێکی قارەمانبوو، بووبووە پێشمەرگە. کوڕێکی لە بەردڵان و بەورە و لەسەرەخۆ و بێ چاوەڕوانییەکی زیادی بوو. کاری خۆی بەرێکوپێکی دەکرد و هەرگیز گوێم لێ نەبوو لەو سەفەرەدا بۆڵەیەک بکا. زۆری پێخۆش بوو شتفێربێو زۆرمان خۆشدەویست.

پاش ڕۆیشتنی محەمەدی زیبایە، چەندجاری دی حەولمان داو تا نیزیکی سەر باسکە شاخەکەی لای چەپی دۆڵەکە ڕۆیشتین، بەڵام چیی ترمان بڕنەکرد. دەوری کاتژمێر پێنجی ئێوارێ هەوا خۆشی کرد، ئێمە تا ئەو کاتە دوایین حەولی خۆمان بۆ وەسەرکەوتن دابوو، بەڵام هیچمان بۆ نەکرابوو. ناچار هاتینەوە خوار و لە سیلەیەکی ئەو باسکەی دۆڵەکەڕا کە دەکەوتە لای کونەمشکێ بەماتەماتە چاوێکمان لە ئاوایی کرد. کەس بەدەرەوە نەبوو. لەوێ لەنێو بەفرەکەدا چاڵێکمان سازکرد و خۆمان تێدا حاشاردا. جارجارەش بەپارێزەوە بەنۆرە چاوەدێریی گوندەکەمان دەکرد. بەفری قورس لای شاخی لێ بڕیبووینەوە، ئیتر هیوامان بە وەسەرکەوتن نەما. بڕیارمان دا تا هەوا تاریک دەبێ، هەر لەوێ خۆمان مات بکەین. ئەوجار داپەڕینە خوارەوەی گوند و بەجادەی ئاڵوەتاندا ڕێوڕێ بڕۆین، تادەگەینە دارستانەکەی ڕووبەڕووی ئاڵوەتان و لەوێ بیرێکی تر لە حاڵی خۆمان بکەینەوە. کاتژمێر شەشی ئێوارێ، دیتمان قەرەباڵغێک لە دێ پەیدابوو، ژمارەیەکی بەرچاو خەڵک بۆ لای ئێمە دەهاتن. بەدووربین لێمان ڕوانین. چەکداریان دەگەڵ دیارنەبوون. وامان زانی خەڵکی ئاوایین. محەمەدە قەڵەوە حاڵی لە هەموومان شڕتربوو. گوتمان "تۆ بەرەو پیریان بچوو، ئەگەر خەڵکی ئاساییی بوون، ئێمە ئاگەدارکەوە، ئەگەریش دوژمنیان دەگەڵ بوو، بڵێ هاتووم خۆم بەدەستەوە بدەم و باسی ئێمە مەکە!" محەمەد بەلاکەلاک وەڕێ کەوت. هەر کە گەیشتە خەڵکەکە، تێیوەرهاتن، لەو کاتەدا چەند چەکدارێکمان دەگەڵ دیتن. دڵم داخورپا. پێم وابوو پێلانێک بۆ گرتنی ئێمە لە گۆڕێدایە. من، بەرپرسی کۆمیتەی شارستان بووم، بێجگە لەوەش تا ئەو کاتە، دەورەیەک ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی بووم، ماوەیەکیش بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی پیرانشار بووم، ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی نەهێنیی حیزبم لە نەغەدە و پیرانشار دەناسین. ماوەیەکی زۆریش وەک جێگری کۆمیسیۆنی ماڵی و بەرپرسی بەشی ماڵیی حیزبی دیموکراتی

کوردستانی ئێران کارم کردبوو. ماوەیەکیش ئەندامی کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەی حیزب بووم. بەو هۆیانەوە نەهێنییەکی زۆری حیزبم لە بەردەستدابوو. بەپێی بڕیاری دەوڵەتی کۆماری ئیسلامیش، هەموو ئەندامانی کۆمیتەی مەرکەزی، بڕیاری ئیعدامیان لەسەر بوو. ئەمن لەو کاتوساتەدا، کوژرانم زۆر بەلاوە گرینگ نەبوو، چونکە ئەگەر ئەوکاتیش نەکوژرابام، پێم وانەبوو، بەودۆخەی تێیدابووین، هیوایەکی ئەوتۆ بە ڕزگاربوونمان هەیە، بەڵام کە چارەنووسی پڕ کارەساتی شەهید کەماڵی دەبباغیم دەهێناوە بەرچاوم، هەموو لەشم دەلەرزی. شەهید کەماڵ، ئەگەر لەبیرم بێ، لە ساڵی ١٩٨١ لە کرماشان ڕاپۆرتی لێدراو گیرا. ئەو پاش ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر، ناچار کرا دان پێدانانی تلوێزیۆنی بکاو پاش تۆبە پێکردنێکی بەزۆری و کەسایەتی شکێنییەکی قێزەون، گوللەباران کرا. گێرانی منیش، بێجگە لە دانی نەهێنییەکی زۆر بەکۆماری ئیسلامی و بەدبەختکردنی خەڵکێکی زۆر لە پیرانشار و نەغەدە، تێکشکانی کەسایەتی و سەرەنجام ئیعدامی بەدوادووە بوو. کۆماری ئیسلامی پاش دامەزرانی، چەند کەسێکی لە بەرپرسانی ساواکی شا کوشتن و هێندێکیش بەدەستی ژمارەیەک لە شەریکە ئاخوندەکانیان هەڵاتن و چوونە ئەورووپا، بەڵام ڕێکخراوەکەی، هەروەک خۆی هێشترایەوە و بوو بەئیتتیلاعات و زۆر شێوەی سەیروسەمەرەی نوێشی لە ئەشکەنجەدا داهێنان. لە سەردەمی شادا، کەسێکی سیاسی کە دەگیرا، لەژێر ئەشکەنجەدا دان پێدانانی لێ وەردەگیرا، پاشان دادگایی دەکراو ئەگەر بڕیاری کوشتنی درابا، گوللەباران دەکرا، دەنا چەند ساڵ زیندانی بەسەردا دەسەپاو ئیتر وەک بەندیی سیاسی دەمایەوە و پاش تەواوبوونی ماوەی حوکمەکەشی بەر دەدراو خەریکی ژیانی خۆی دەبوو، بەڵام ئەوەی کەوتبابەردەستی ئەشکەنجەگەرانی کۆماری ئیسلامی، پاش لێ دەرکێشانی زانیارییەکان و تۆبە پێکرنێکی ئابڕووبەرانەش، هێشتا کاری تەواو نەبوو. زۆر لەو کەسانە، زۆرجاران بەبیانووی جۆرەوجۆر کەوتوونەتەوە بەر ئەشکەنجەو پاشان دادگاییکراون و سزای تریان بەسەردا سەپاوەتەوە، زۆر کەس هەبوونە کە پاش تەواوبوونی سزای دیاریکراویش بەرنەدراون و بەدادگاییەکی ڕواڵەتی لەدار دراون. ئەوانە هەمووی لە چرکەیەکدا بەمێشکمدا هاتن. خێرا دەمانچەکەم دەرهێنا، بڕیارمدا ئەگەر زانیم دەگیرێم، خۆبکوژم. دەمانچەکە ئاوێکی زۆری تێچووبوو، چەخماخەکەی کارینەکرد، حەولمدا تفەنگەکەم ساز بکەم، ئەویش هەر بەو هۆکارە سوارنەبوو، ناچار بەهەموو هێزمەوە پێلاقەیەکم بەچەخماخەکەیدادا، بەری پێم ژانێکی گورچوو بڕی تێوەستا، بەڵام تفەنگەکەش سوارنەبوو، ئەویش بەهۆی ئەو تەڕاییەی چووبووە ناوی، بووبووە پارچەیەک سەهۆڵ. بڕیارم دابوو ئەگەر چەکدارەکان دوژمن بوون پەلامارێکی چاوەڕوان نەکراویان بدەم، تا یا چەکێکم دەستکەوێ یا خۆیان پێ بەکوشتدەم. ئەزموونی لەو شێوەیەم لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا دیبوون. وەبیرمهاتەوە کە لە پیرانشار عەولا سەرلانکێک هەبوو. ئەو لەگەڵ ساواکدا زۆر تێکەڵاو بووبوو. بەئاشکرا جاسووسیی بۆ دەکرد و بەشانازییەوە دەمانچەی دەوڵەتی لەخۆ دەبەست. پاش دەورانی شاش لەگەڵ موقبیلی ناوێکی بەرپرسی ئیتتیلاعاتی کۆماری

ئیسلامی لە پیرانشار، خۆیرێکخستبوو. ڕۆژێکی بەهۆکارێکی نادیار، موقبیلی بە سەرباز و پاسدارێکی زۆرەوە لە ناکاو دێتە گوندی ئەندێزێو گەمارۆی ماڵە کاک عەولا دەدا. ژمارەیەک پاسداریش لە بەردەرگە و سەردیوار و بانی ماڵی کاک عەولا دادەنێو بۆ خۆی دەچێتە ژووریّ و دەمانچە لەسەر کاک عەولا ڕادەگرێو دەیەویّ قۆڵبەستی کا. کاک عەولا هەرچەندی دەپاڕێتەوە، کەلکی نابێو دەزانیّ کە هەر بیبەن تازە ناگەڕێتەوە، ناچار لە پڕڕا دادێتە دەستی موقبیلی و دەمانچەکەی لیّ دەستیّ نێو تەقەی لیّ دەکا و دەیکوژیّ. پاسدارەکان بەو ڕووداوە وەها دەتاسێن و نایەنەوە سەرخۆ، تا کاک عەولا دەر دەپەڕێو خۆ دەگەیەنێتە کەندێکی بەردێو بەرەو ناوچەی بەردەستی پێشمەرگە دادەپەڕیّ، وەخۆنایەنەوە. ئەوجار لە هەموو لایەک ڕا بەهەموو جۆرە چەکێک و تەنانەت لە پادگانی پەسوێشڕا کە لە دوورایی دەوری ٢ کیلۆمیترەوە دەیڕوانیە سەر گۆڕەپانی ڕووداوەکە، بە تۆپ و خومپارە (هاوەن) دەست دەکەنبەتەقە، بەڵام وەبەر نایەت و خۆی دەگەیەنێتە پێشمەرگان و دەرباز دەبیّ!

لەو ساتەدا هەموو ئەوانەم لە چەند چرکەیەکدا وەک فیلمێکی ترسناک، هاتنە بەرچاو. دەنگی محەمەدە قەڵەوە وەخۆی هێنامەوە: "کاک عەولا وەرە مەترسێن، خۆمانەن!" ناچار چووینەپێش. ژمارەیەک لە خەڵکەکە بەپیرمانەوە هاتن، وەک برایەکی چەند ساڵان لە دووری پێماندانووسان. بەگەرمی دەباوەشیان گرتین و ماچیان کردین. یەکێکیان زۆر بەمێهرەبانییەوە کوتی: "ئێمە پێشمەرگەی پارتین، لەناو دیّ دەمێنینەوە، بنکەی پاسدارەکان لەسەر باسکەکانن، نایەنە نێودیّ. مەترسێن، هەمووومان تێدا بچین نایەڵین موویەک لەسەرتان کەم بێتەوە!". بەو قسانە و بەو پێشوازی و بەخێرهێنانەوە گەرمە، دڵمان هێندێک ئارام بووەوە. زانیمان لانی کەم لە کاتی ئێستادا نیازێکی خراپیان نییە. محەمەدیان لە کۆڵیّ کرد، چونکە لە پیّ پەڕی بوو. ئەمن و نەبیو مرادیش ڕەگەڵیان کەوتین. بردیانینە ماڵێک. هەریەکەی دەستێک جلکی خاوێنی کوردییان بۆ هێنابن. تفەنگ و دەمانچەکەیان لیّ وەرگرتم. بەوە دڵم تاڕادەیەک ترسا، بەڵام ئەوان کوتیان نیگەران مەبە بۆت خاوێن دەکەینەوە و دەتدەینەوە. ئەمنیان ناردە دیوێکی چۆل تا جلکە تەڕەکانم بگۆڕم. جلکە خووساوەکانم دانان و ئی وشکم کردنە بەر. بردیانینە ژوورێکی تر. هۆدەیەکی گەورە بوو. کوورەیەکی بەگرفەگرف تێدا دایسا. نەیان هێشت لە کوورەکە نیزیک بینەوە. تەشتێکیان پڕ لە ئاوی سارد هێنا. گۆرەوی و زەنگاڵەکانیان پیّ داکەندین و کوتیان: "لاق و دەستتان دەوئاوەی نێن!" ئەوجار وردەوردە ئاوە ساردەکەیان بەتاڵ دەکرد و کتری ئاوی کوڵیویان لەسەر کوورەکە هەڵدەگرت و زۆر لەسەرەخۆ و وردەوردە دەتەشتەکەیان دەکرد و لێکیان دەدا. ئەوە شێوەیەکی زۆر لێزانانە بوو بۆ گەرمکردنەوەی دەست و پێی سەرمابردوومان. پاش خاوبوونەوەی لاق و دەستمان بردیانینە نیزیک کوورەی گەرم. گیانێکمان هاتەوەبەر. دەمانچەکەشمیان بەئیشکی و خاوێنی بۆ هێنامەوە. بەڵام تفەنگەکانیان ڕاگرتبوون. پشوویەکم هاتەوەبەر. هەستم بەحەسانەوە کرد. چاوێکم لە دەست و لاقم کرد. هەرتک قامکی چووکەی لاقم خوێنێکی زۆریان لە تەنیشتیّ ڕا تێچزابوو.

هەواڵنامەی کتێب

دوایە پێیان گوتم: "ئەگەر یەکسەر هێشتبامان بێنە بەرکوورە، لەوانە بوو لاقتان سەقەت بێ! "
ئەوجار پیاوێکی تاڕادەیەک بەتەمەن هاتەژوور. خۆی ناساند: "بەخێربێن! من مەلا قادرم، بەرپرسی پێشمەرگەکانی ئێرەم. هیچ نیگەران مەبن، پاسدارەکان هەموو بنکەکانیان لەسەر باسکەکانی دەوری ئەو دێیەن. نێودێ تەنیا پێشمەرگەی مەی لێن. ئێوە بران و میوانی ئێمەن. هیچ نیگەران مەبن. بەڵێنتان پێ دەدەم ئەگەر تەنیا یەکێکیشمان مابێ، نایەڵین خوێن لە کەپۆی هیچتان بێ. یەک دوو ڕۆژ میوانمان دەبن تا جوان دەحەسێنەوە. ئەوجار دەتان نێرینەوە بنکەکانیی خۆتان. سبەینێش خۆبشۆن و جلکەکانتان بکەنەوە بەرتان، تا بزانین کەنگێ لە بارە بۆ بەڕێکردنەوەتان. پێشمەرگە هیلاکەکەمان بردە لای دوکتۆری پایەگا. بەداخەوە چی دەگەڵ نەکراو شەهید بوو. بەپاسدارەکانمان کوتووە ئێوە پێشمەرگەی پارتین و دەکرێوەدا ونبوون". پاشان مەلا قادر من و نەبی عەجەمی بردەوە ژووری خۆی و کوتی: "ئێوە ئەم شەو لێرە دەخەون!" پاشان دەستمان کرد بەقسان. پاش ئەوەی خۆم پێناساند، کوتی: "ببوورن کە زووتر نەهاتینە یاریدەتان! پێشمەرگەکانی ئێوە تاقولۆق دەهاتن. هەمووش بێ چەک بوون. هەرچی دەشهات دەیکوت کەسی ترم لەگەڵدا نییە! لە پێشدا پێنج، پاشان دوو و دوو، پاشان یەک و دوای ئەوانیش محەمەدی زیبایە. زانیمان ڕاستی ناڵێن. سوێندمان بۆ محەمەد خوارد کە ناتاندەینە دەستی دوژمن، ئەوجار محەمەد پێی کوتین کە ئێوە چوارکەستان ماون، بەڵام بەرپرسەکەیان زۆرکەللەشەقە و بەهیچ شێوەیەک خۆبەدەستەوە نادا و ئەگەر بۆ لایان بچن تەقەتان لێ دەکەن. ئێمەش کە لە شەڕی براکوژی بێزارین و نەماندەویست بەهۆی ڕووداوێکی ئاوا دەستمان بەخوێنی یەکتر سوور بێتەوە، لەسەر ئەوە ساغ بووینەوە کە ڕاوەستین تا ڕۆژ درەنگ دەبێ و ئێوە بەتەواوی واتان لێ دێ کە دەستتان بۆ نەکرێتەوە، ئەوجار هیمدادیتان بۆ بنێرین. ئەوە بوو کە بەو درەنگە هاتین!"

ئەو شەوەم بە دڵەخورپەوە بردە و سەر. دڵم هەر ئۆقرەی نەدەگرت. بڵێی ڕاستمان دەگەڵ بکەن؟ چ دەبێ ئەگەر لە سەرەوەی خۆیان ڕا دەستوورێکی تریان بۆبێ؟ چۆن دەتوانن نافەرمانی بکەن؟ چ دەبێ ئەگەر دەستەڵاتەکە بەتەواوی لە دەست وان دەرچێ؟ چ دەبێ ئەگەر جاسووسێک دزەی کرد بێتە نێویان و ڕاپۆرتمان لێ بدا؟ ئەو پرسیارانە و هەزاران پرسیاری تری لەو جۆرە، شەوەکەیان لێ کردمە جەهەننەمێکی وا کە سەرەڕای ئەو هەموو ماندوویەتییە، بەشی هەرە زۆری کات بەدەمانچەی ئامادەوە دەجێدا ڕاکشابووم. کاک قادر و پێشمەرگەیەکی تری پارتی، لەگەڵمان دەوژوورەدا بەئارامی خەوتبوون و موویان لێ نەدەبزووت. ئەو شەوەمان بەهەر جۆرێک بێ تێپەڕ کرد. بەیانی زوو پێش هەمووان هەستام و دموچاوم شوشتن. نان و چای بەیانیمان خوارد. هەوا ساو بوو. گەرمای گیانبەخشی خۆر کەشێکی دڵڕفێنی دا بووە زەوی، بەڵام دڵی من هەر لە خرتوپرتدا بوو. لەو بارودۆخە نادیارەدا کە من و هاوەڵانم گرفتاری بووبووین، ژیان هەر تامی تاڵی تێدا بەدی دەکراو هەموو خۆشییەکانیش بۆ من تاڵ و ژەهراوی بووبوون. وەک ئەوە بوو بەدەستی بەستراو دەقەفەسێکدا بم و هەردەم چاوەڕوانی کێردی سەربڕ بم. ڕاستە کاک مەلا قادر و هەموو هاوڵانی ڕەفتارێکی زۆر مەردانە و میهرەبانانەیان هەبوو، بەڵام من هەر لە چارەنووسمان

دڵنیانەبووم. دوای نانی بەیانی شوێنی خۆش و شوشتنیان نیشان داین. هەموو خۆمان شوشت. جلکەکانیشمان شوشتن و هەڵمان خستن. هەوا وا خۆش بوو، کە دەتکوت ئەو کرێوە و باتۆفەی دوێنێ هەر رووشی نەداوە. جموجڵی نێو گوند هیچ دیاردەیەکی نامۆی پێوە دیار نەبوو. هەموو شتێک ئاساییی دەهاتە بەرچاو، بەڵام من هەر حەجمینم نەبوو، هەموو کات ئاگام لە خۆم بوو و دەمانچەکەم یەک چرکەش لە خۆم دوور نەدەکردەوە. بڕیارم دابووم بەهیچ شێوەیەک بەزیندوویی نەکەومە بەردەستی دوژمن. دوای نانی نیوەڕۆیە، مەلا قادر پێی گوتم: "سەرووی خۆمان ئاگەدار کردووەتەوە، قەراروایە ئەم شەو کادیرێک لە ڕاژان ڕا بێت، هێندێک قسەتان بۆ دەکا و دوایە بەرێتان دەکەینەوە!" ئەوە هێندەی تری تووشینیگەرانی کردم. ڕووم دە خوا لێخۆشبوو مەلا قادر کرد و گوتم: "کاک مەلا قادر! من لەنیازپاکیتاندا هیچ گومانێکمنیە، بەڵام دەزانم ئێوە سەربەحیزبێکن، کە بەداخەوە چەندساڵێکە لەگەڵ حیزبەکەی ئێمە لە شەڕێکی براکوژیدایە. باوەڕم بەتەواوی بەبەڵێنەکانتان هەیە. ئێوە ئەوپەڕی پیاوتی و مەردایەتیی خۆتان دەرهەق بەئێمە نواندووە. زۆر مەمنوونین وماڵتان هەزار جار ئاوەدان بێ. ئەگەر بمێنم، هەرگیز ئەوەم لەبیر ناچێ، بەڵام باش دەزانم ئێوەش هەموو دەستەڵاتتان بە دەستی خۆتاننیە. ئەوە هات و بڕیاری بەدەستەوەدانمان درا ئێوە چتان پێ دەکرێ، یا ئەگەر دوژمن سۆسەی کرد، چتان لە دەست دێ؟ ئەمن تەنیا داوایەکم لێتان هەیە. ئەگەر بەهەر هۆکارێک بڕیاری بەدەستەوەدانمان درا، بمکوژن و بڵێن پەلاماری داوین و کوشتوومانە. با بەزیندوویی نەکەومە بەردەستیان!" خوا لێخۆشبوو مەلا قادر زۆر لە سەرەخۆ و بەدڵنیاییەوە گوتی: "کاک عەولا! هیچ نیگەران مەبە، دڵنیام سەرکردایەتیمان بەدەستەوەتان نادات! ئەوجار هەروەک لە سەرەتادا بەڵێنمان پێ داون، تا یەک کەسمان بمێنێ نایەڵین موویەک لە سەرتان کەم بێتەوە!"

نانی شەوێمان خوارد، ڕەخت و تفەنگەکانیان بۆ هێناینەوە. چەکەکانمان خاوینکردنەوە و ئامادەمانکردن. هەموومان ئامادە و چاوەڕوان دانیشتین. جاری ئاوا، چاوەڕوانی و دانیشتن، هەر کاتژمێرێکت لێ دەکاتە شەو و ڕۆژێک و وا دەزانی کات هەر برانەوەی بۆنیە. تا بووبە کاتژمێر١٢ی شەوێ، ئەو دنیام بەچاوی خۆم دی! ئەوجار خوا لێخۆشبوو مەلا قادر لەگەڵ خۆیدا بردمیە ژوورێک. پیاوێکی ڕێکوپێک دانیشتبوو، پێکیان ناساندین. ناوی مامۆستا حەسەن بوو. گوتیان لە ڕاژان ڕا هاتووە. پاش هێندێک دوان و گلەیی ڕابردوو لە یەکتر و وەڵامدانەوە و ڕوونکردنەوەی پرسیارەکان، گوتی: "کاک مەسعوود نایەوێ شەڕی نێوانمان چیی تر درێژەی هەبێ. هەر ئێستا دستەیەک پێشمەرگەتان ڕەگەڵ دەخەین، تا لە مەترسی دەرباز دەبن. بەپەنا تۆپخانەی ئێراندا دەچن، بەڵام نیگەرانمەبن، ئاگەدارمان کردوونەوە کە دەستەیەک پێشمەرگە بۆ ئەو دیو بەرێ دەکەینەوە و تۆپخانەکە ڕێگری تێپەڕبوونتان نابێ." وەڵامم دایەوە: " سوپاستان دەکەم و ئەو چاکەشم هەرگیز لەبیر ناچێتەوە، دڵنیام حزبەکەی ئێمەش دژی ئەو شەڕەیە، چونکە هەر کوردی پێ ماڵوێراندەبێ و دوژمنانمان پێ شاد دەبن." هەموو شتێک بۆ ڕۆیشتنەکەمان

ئامادە کرابوو. دەستەیەک پێشمەرگە ئامادەبوون. ماڵاوایيمان خواست و وەڕێکەوتین. چۆمێک ل هێنیزیک تۆپخانەکە لەسەر ڕێمان بوو. پێشمەرگەکان نەیانهێشت بۆ خۆمان لێی بپەڕینەوە، چونکە بۆ لاقە سەرما بردووەکانمان زیانی هەبوو. هەموومانیان بەکۆڵ پەڕاندینەوە. لە هەورازەکە وەسەرکەوتین، کە گەیشتینە سەر باسکی کێوەکە، ڕێگەیان بەرەو دۆڵەتووپێشاندا و بۆ خۆیان گەڕانەوە. ئێمە برێک ڕۆیشتین، بەڵام ترساین دیسان ڕێگەمان لێ بشێوێ و تووشی کێشە بین، پێشمەرگەیەکمان بەدوای پێشمەرگەکانی پارتیدا ناردەوە، لەسەر چۆمەکەڕا، پێشمەرگەیەکیان بەناوی مستەفا ناو دەشتی بۆ ڕێنوێنی بۆ ناردینەوە کە تا دەمانباتە نێو دۆڵە توێ لەگەڵمان بێ. کاک مستەفا بەجلکی ئاسایی و کۆن و بەبێچەک وەپێشمان کەوت و بردینیە نێو گوند. لەوێ بەشۆڕای گوندەکەمان ئەسپارد و ڕامان ئەسپارد بەیانی بەڕیی بکەنەوە ئەو دیو. وامان نیشاندا کە لە خەڵکی ئەو دیوە و بۆ ڕێنوێنی وەپێش خۆمان داوە، تا کەس نەزانێ پێشمەرگەی پارتییە، و ڕامان ئەسپاردن کە نابێ کەس بزانێ لەگەڵ ئێمەدا بووە. بەیانی هەستاین و نانمان خوار و تەرمی شەهید خالیدمان لەسەر ئەسپەکە دابەست و تفەنگەکانمان دەتێرەکەنا تا دیار نەبێ و پاسداران کە لە بنکەی خۆیان لەسەر باسکەکانی دەوری گوند بوون، نەزانن پێشمەرگەین. ئەو گوندە لەسەر سنووری ناوچەی بەردەستی پێشمەرگە بوو و دەمان زانی پێویست ناکا چەکەکانمان بەدەستەوە بن. ئەوە بوو بەیانی پاش تاوهەڵات، وەک خەڵکی گوند بەرەو دەراوی دۆڵەتوو وەڕێ کەوتین. ڕێگەکە بەستبووی و بە جێسمی ولاخان قووڵکەقووڵکە بووبوو. من تا ئەو کاتە لەبەر بیر ئاڵۆزی و دۆخە هەستیارەکەم، هەستم بە باری نالەباری لەشم نەکردبوو. بەری پێم بەسەرما وا تێکچووبوو کە هەرجارەی لاقم لەسەر زەوی دادەنا دەتگوت چەند چەقوویان بۆ دە ڕێگەکە چەقاندووم و ژانێکی زۆر توند دای دەگرتم و خەریک بوو دڵم بوەستێنێ. هەرچۆنێک بوو بەو ئازار و ئەشکەنجەیە ڕێگەمان پێوا تا گەیشتینە بنکەی کۆمیتەی سەردەشت لە کونەماری.

بەیاریدەی پێشمەرگەکانی سەردەشت، تەرمی خالیدمان بەشێوەیەکی شیاو ناشت و چوومە دەفتەری سیاسی لە گەورە دێو ڕووداوەکەم بەوردی بۆ گێڕانەوە. هەر بەو بۆنەیەشەوە دەفتەری سیاسی بەیاننامەیەکی لە ڕادیۆ بڵاوکردەوە و سپاسی ئەو هەڵوێستە جوامێرانەی کرد. بەڵام لەبەر پاراستنی بەرژەوەندیی پارتی، ناوەکەی بەڕەمز هێنان. ئەوە بوو بەسەرەتایەک بۆ سەرهەڵدانی ئاشتی و دوای ئەو ڕووداوە ئیتر هەرچەند بەشێوەیەکی نافەرمیش بێ، ئاشتی لە نێوان هەردووک حیزبی کوردستانی جێگیر بوو و سەرەتایەکی باش دامەزرا بۆ پێک هاتنەوەیان و دامەزرانی دۆستایەتی و ئاشتییەکی بەردەوام لە نێوانیان.

ئەمن کە سەرما زۆری کار تێ کردبووم بۆ چارەسەر چوومە خەستەخانەی حیزب، کە ئەو کاتی لە کارێزە بوو. سێ مانگێکی کێشا تا چاکبوومەوە و چوومەوە بنکەی کاتیی کۆمیتەی شارستان....

٢١٠٢/٦/٣ – هەولێر

هەواڵنامەی کتێب

# ترس

گی کورنوو

**دووەمین تەڵە.. هەمووان دەترسن شتێک لە دەست بدەن!**

ئەو شتەی لەمەڕ هێزە بنیاتییەکانەوە باسمان کرد، پاڵمان پێوە دەنێ ئەو پرسانەش بخەینە روو کە پێوەندییان بە فاق و تەڵەوە هەیە، ئەو تەڵانەی رێگە لە هێزەکانی ژیانمان دەکەن و ئاستی سوودوەرگرتنمان لەو هێزانە کەم دەکەنەوە. پێشتر باسی یەکەمین تەڵەمان کرد، واتە باسی خۆپەرستیمان کرد، هەروەها ئاماژەمان کرد بەهەستەکانی گرینگیدانی لە ڕادەبەدەر بەخود، هەروەها پێوەندی بەو کەسایەتییەی کە لە خۆمانەوە دروستی دەکەین. بۆ بەدواداچوونی ئەم داوایە دەتوانین تێبینیی ئەوە بکەین یەکەمین تەڵە دەبێتە هۆی دروستکردنی دووەمین تەڵە کە ئەویش ترسە.

ترس پێوەستە بە خۆپەرستییەوە، لەبەرئەوەی دروستبوونی پرۆسەی ترس یارمەتیدەری هەیە، ئەو کاتانە هەست بە ترس دەکەین، ئەگەر بزانین شتگەلێک لە دەست دەدەین، ئەو شتانە لە دەست دەدەین کە بەدەستمان هێناون، جا چ ئەو شتە ئۆتۆمۆبێلێ بێ،ماڵێک بێ، ئەشقێ بێ بۆ منداڵ و هاوسەر و یان توانا و چێژی تایبەت بێ. هەرکە خۆمان بە خاوەنی شتێک زانی و بۆ پاراستنی کەسایەتیی خۆمان سوودمان لێ بینی، لەو حاڵەدا ئەو دڵەڕاوکێیە دێتە ڕێمان کە ئەگەر هاتوو ئەو شتانەمان لە دەست دا چی روو دەدا؟ ئەم ترسە دەبێتە هۆی گرژبوون و خۆخواردنەوە و بەرگریکردن لەخۆ، بەرەنجامی ئەمەش دەبێتە هۆی پچڕاندنی گشت پێوەندییەکان لەگەڵ هێزەکانی ژیاندا.

لە پێناوی حەزەکانماندا هەمیشە شتێکی شارەوە هەیە وەک دڵشکان و پێوەندی و برینەکانی رابردووی. ترس هۆکاری زنجیرە ئەو پەرچدانەوانەی مەرجدارانەی هۆشمەندین. ئەو ترسە دەمانبەستێتەوە بە حەزەکانمان، بەو پاداشتە شاراوانەی چاوەڕوانیانین. ئێمە دەخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە و تووشی ئیفلیجبوونمان دەکات. ئەگەر شتێ هەبێ بە ئەندازەی حەزە ناهۆشمەندەکان

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: سەلاح حەسەن پاڵەوان

بمانکاتە قوربانی، ئەو شتە ترسە. لە راستیدا ترس سەرچاوەی شتێکە کە دەمانبەستێتەوە، لە کۆتاییدا سەرچاوەی شتێکە کە زیان بە ژیانی تایبەتی و کۆمەڵایەتیمان دەگەیەنێ.

ئەم بەشە تەرخان دەکەم بۆ زاراوەی ترس. چەند هەنگاوێک لە قارەمانی ئەفسانەکان دوور دەکەوینەوە. لە راستیدا بەپێی یاسا ئەو قارەمانانە نابێ بترسن. لە زۆر رووەوە هۆکاری ترس لەواندا بەشێوەیەکی نهێنی کاری خۆی دەکات. قارەمانێک ئەگەر بەرامبەر بەترس بێتە چۆک، ئەوە پێی ناگوترێ قارەمان. ئەو خوایانە خوا نین ئەگەر هاتوو دەنگی ناڵینیان بەرز کردەوە و بکەونە دڵەڕاوکێوە! لە راستیدا ئامانج ئەوەیە نیشان بدەین کە هەر هەمان ئەو ترسە رووکەشیانە کاتێ بەسەرماندا زاڵ دەبن، بەردەوام کاریگەرییان دەبێت لەسەر کارەکانی رۆژانەمان. ترسی پیسبوونی جلەکانمان بە نموونە دەهێنمەوە. رەنگە بکرێ بگوترێ پلەی ئەم شێوە ترسەش ئەوەندە لە ژیانماندا بچووک نییە، ئەم جۆرە ترسە زۆرتر دڵتەنگی کردووین و گەیاندووینەیتیە ئاستی نائارامی. بیرم دێ منداڵ بووم ناچار بووم پارێزگاریی پاکوخاوێنیی جلەکانم بکەم. بۆیە لە ئەنجامدا پێویست بوو ئەو شوێنەی کە دەمەوێ لێی دانیشتم زۆر بەوردی هەڵی بژێرم. زۆرم حەز لە بەفر و گەڵای پایز بوو، تا ئێستەش بۆنی ئەو گەڵا وشکانە کە ئەو کات لە باخچەدا کۆیان دەکردەوە لە لووتم جیا نابێتەوە. بۆ منداڵ هاوهەنگاوی و یەکبوون لەگەڵ سروشتدا زۆر گرینگە. بەڵام دەترساین جلەکانمان پیس بن.

کاتێ گەورە بووم هەروەک جاران حەزم پاکوخاوێنی بووم. هەرگیز لە سروشت لەسەر سەوزەگیاکان رانەدەکشام. بەردەوام جلەکانم پاکوخاوێن بوون، بەڵام هەستی منداڵی و دەروونی خولقێنەری من، ئازاریان بەدەست ئەو پاکوخاوێنییەوە چەشت.

لە دوایین گەشتی بەکۆمەڵمان بۆ میسر، یەکێک لە هاوگەشتیارەکانمان پاش ٢٠ ساڵ دووبارە دەگەڕایەوە بۆ وڵاتەکەی میسر. لە پڕ لە دڵەوە حەزی کرد لەسەر رووی زەویی پەرستگەکە راکشێ و لە رووبەری زادگای خۆیەوە نێزیک بێتەوە. زۆر ئیرەییم بەو کابرایە برد، بەڵام لە ترسی ئەوەی جلەکانم پیس نەبن، هەرگیز ئامادە نەبووم ئەو کارە بکەم. باشە ئەگەر جلەکانم پیس دەبوون چی رووی دەدا؟ ئەگەر ناچار بوومایە تەواوی ئەو رۆژە بەجلی پیسەوە بسوڕێمەوە چی رووی دەدا؟ بەبڕوای من وەک سەرۆکی گرووپێک، پیسیی من کاریگەرییەکی خراپی دەبوو لەسەر گرووپەکە. باشە ئەگەر وێنەی من زەربەیەکی دەخوار چی دەبوو، ئاخۆ بڕوا بەخۆبوونم نەدەهاتە خوارەوە؟ بەم شێوەیە دەتوانی بەردەوام پرسیاری لەم شێوە بکەی. دەبینی ئەو ئەنجامەی لە ترسێکی سادەوە دروست دەبێ، وەک ترسی ئەوەی جلەکانت پیس بێ، چ عاقیبەتێکی هەیە. با ئێستە ئەو دڵەڕاوکێیانەی لە ترسی نەبوونی هاوڕێ دروست دەبن بەرجەستە بکەین!

## کۆمەڵەی هەموو ترسەکان

هەرچەندە لە ژیانی تاکەکەسیی خۆم و لە نووسینی ئەم کتێبەدا پێش دەکەوم، زیاتر تێ دەگەم تا چ ئەندازەیەک من دوورم لەوەی بتوانم بەسەر ترسەکانمدا زاڵ بم. دەگەڕێم بۆ ئەوەی بزانم

هەنگاوی دووەمم لە کوێ دانێم، ڕەنگە ئێوەش هەروەک من هەمان ئامانجتان هەبێ. هەروەک لە بەشی یەکەمدا گوتم، داواتان لێ دەکەم یارمەتیدەرم بن لە روونکردنەوەی نموونەکانم. تکاتان لێ دەکەم لە خۆتان بپرسن: "ئەگەر هەموو شتەکانم باشتر روون کردەوە چی روو دەدا؟ ئەو ئیدیعایەم نییە کە بەسەر هەموو ترسەکانمدا سەرکەوتووم، چیی تر ئەسیری حەزەکانم نیم، هەروەها هاوکات بەخۆشییەوە لە هەمان کاتدا لەگەڵ هێزەکانی ژیاندا هاتوومەتە کەڵەکە سەما. سەرقاڵی ئیشی خۆمم. پرسیاری ژیان لە خۆم دەکەم و داواکاریشم ئێوەش هەر هەمان شت بکەن. لە واقیعی من و بۆچوونی کتێبەکەدا، کارگە و شوێنێ دەبینم کە لەوێدا هەر کەسێ بتوانێ بەبێ هەستکردن بە گوناه و شەرم، ئەو شتەی لە ژیانی رووی داوە، بیهێنێتەوە پێش چاوی خۆی و لەوەوە شتێک فێر بێت و بۆ کەسانی تری روون بکاتەوە. ئەمەش یەکەمین هەنگاو دەبێ بەرەوە پێشکەوتنی کەسایەتیی خۆت.

کاتێ خۆمان دەخەینە پێستی کەسایەتییەکی ئەفسانەییەوە، هەر زوو بۆمان دەردەکەوێ ترسی ئەو کەسایەتییە ئەفسانەییە تا چ رادەیەک لە ترسی ئێمە دەچێ. تا چ ڕادەیەک بوونمان ئەو ترسەی قبووڵ کردووە و لەگەڵ ئەو ترسەدا یەکی گرتووە. بەڵام دەبێ ئەم ترسانە بخەینە ژێر پرسیارەوە. لەبەرئەوەی خۆم بەشداریی یەکێک لەو کارگەیانەم کرد، کە لەوێدا بەشداران داوایان لێ دەکرێ پێڕستێک لە ترسەکانیان ئامادە بکەن. من لەو گرووپەدا لە گرووپی حەڤدەیەم بووم. سەرەتادا هەروەک ئێوە پێم وابوو لە شتگەلێکی زۆر ناترسم. بۆ من سەخت بوو ژماردنی ئەو ترسانە، بۆ نموونە ترسی پیربوون، ترس لە مردن، ئەسڵەن ئەو گومانەم نەبوو پاش ٢٠ خولەک کارکردن لیستێکی ئاوەها درێژ دروست بێ.

وردە وردە پەیم دەبرد بە راستیی بۆچوونی ئەو کەسانەی لەسەر ترس کاریان دەکرد. کەم کەم تێ گەیشتم ترس هۆکاری سەرەکی و کلیکی هەڵکردنە لەگەڵ ژیاندا. ئەمەش منی بردەوە بۆ وەبیرهێنانەوەی کتێبێک بەناوی مێشکی مرۆڤە خۆجێی هیندییە سوورەکان، لە تەمەنی لاویدا ئەو کتێبەم خوێندبووەوە. لە سەرتاسەری ئەو کتێبەدا جەخت دەکرێتەوە سەر پرسی ترس. خراپ نییە ئەگەر تەماشایەکی ئەو پێڕستە بکەین کە ئامادە کراوە. بەدڵنیاییەوە تێ دەگەیت ئەو پێڕستەی جێگەی سەرنجە، هێشتا کەموکووڕیی تێدایە. لەو کاتەوە تا ئێستە ئەو پێڕستەم درێژتر کردووەتەوە.

## پێڕستی ترسەکان

ترس لە خۆشویستن، ترس لە بوونی خۆشەویست، نەبوونی خۆشەویست، بڕیاردان، هەڵەکردن، ناجەماوەریبوون، کورتی لە دڵنەواییدا، کەمیی پێوەندیی سێکسی، نەزانین، بێتوانایی، ژیان، نەمان لە جیهان، نەبیتە جێگەی سەرنج، نەخۆش کەوتن، ناڵین بەدەست ئازاری جەستەوە، رەتکردنەوە، درک نەکردن، گۆڕان، لەدەستدان، بێچارەبوون، خۆشحاڵبوون، ڕووبەڕووبوونەوە، قبووڵکردنی بەرپرسیارێتی، ترس لەوەی نادادوەریت بەرامبەر بکرێ، مار و دووپشک و ئاژەڵانی

تر، شتە نوێکان، ژیان، نەبوونی ئازادی، هیچێتی، تۆمەتبارکردن، نەزانی، قسەکردن، چاوپێکەوتن، جوێنخواردن، شەڕکردن، بێپارەیی، بێکاتی، سوودوەرگرتنێکی خراپ لە کات، لەوەی بەگرنگ تەماشا بکرێی، دەستدرێژیکردنە سەر، بەخراپ بەکارهێنانی کەسانی تر، بەکارهێنانی کەسانی تر، بەکارهێنان لەلایەن کەسانی ترەوە، سەرنەکەوتن، نەبوونی، رووتبوون، گۆرانی گوتن، رووکراوەیی، پیربوون، سەررووتانەوە، قەڵەوبوون، چرچبوونی پێستی دەموچاو، پیسبوون، پیسێتی، رووتانەوەی برۆ، هەڵسوکەوتی بێمێشکانە، نواندنی پەرچدانەوە، سستبوون، گریان، دانپێنان بە وابەستبوون، پشتبەستن بە کەسێک، خۆپەرستی، لەدەستدانی هاوڕێیان، لەدەستدانی خزم و کەسوکار، خنکاندن، تەنیابوون، هەڵبژاردن، سەرکەوتنی زۆر، هەستیاربوون، کەوتنەژێر کاریگەرییەوە، خۆڕزگارکردن، سستیی بینین، چاویلکە لە چاوکردن و شتی تریش.

ئەم پێڕستە چەند سەیروسەمەرەیە. ئەگەر دەتانەوێ پێڕستێک لەمەڕ ترسەکانی خۆتان ئامادە بکەن. ئەو کات بۆت دەردەکەوێ تا چ ڕادەیەک تۆ گەمەیەکی ئاسانی بەدەست ترسەکانی خۆتەوە. ئەگەر حەوسەڵەی ئەوەشت نییە، دووبارە ئەو پێڕستەی سەرەوە بخوێنەرەوە و ئەوەی پێوەندیی بە تۆوە هەیە تۆماری بکە. ئەمە گەمەیەکی سەرنج ڕاکێشە، دڵنیام لەوەی تا سنوورێکی زیاد ئەو ئارەزووە لە ناخی ئێوەدا دروست دەکات بۆ ئەوەی ئازادییەکی راستەقینەتان لا دروست بێ. بێگومان ئەگەر ترسی تر نەدۆزینەوە.

## زنجیرەی هەرەمی ترسەکان

بێگومان ئەو ترسانەی لە سەرەوە باسمان کردن، هەموویان هەمان کاریگەرییان بەسەر تاکێکەوە نییە. لەبەر ئەو هۆیەش ئۆپەرێتۆرەکانی کارگەکە ئێمەیان هان دا تا ئەو ترسانە لە کاتی چەند راهێنانێکی هەمەچەشندا پلەبەندی بکەین. گرووپێک لەو ترسانەن ترسگەلێکن لە پڕ روو دەدەن، پێوەندییان بە هەستەکانی ئێمەوە هەیە، وەک رووتانەوەی قژی سەر یان سستبوونی بینایی، یان هەڵەکردن و بریندداربوون. هەندێکی تر لەو ترسانە پێوەندییان بە "کرۆکی بوونەوە" هەیە، دەگەڕێنەوە سەر دەروونی مرۆڤ، ئەو ترسانە پێوەستن بە هێزەکانی ژیان و بنیاتەکانەوە. بۆ نموونە ترس لە نەبوونی خۆشەویست، تەنیایی، بێتوانایی لە دەربڕینی بۆچوونەکانت، ترس لەوەی کەسێکی بێکەڵک بی، ترس لەوەی وەک دۆڕاوێک لە ژیان بێیتە پێش چاو. ئەمەش مانای وایە ئەو شتەی بەراستی دەمانەوێ ببین نیمانە. لە یەکەمین بینیندا وا پێ دەچێ ئەم ترسانە هەر زوو لەناوبچن، لەبەرئەوەی پێوەندییان بە رووداوی رۆژانەوە هەیە. بەڵام ئەو ترسانە تۆڕێک لە دڵەڕاوکێی هەمیشەیی پێک دێنن و بەگشتی ژیانمان دەگرنەوە.

دواجار هەندێ ترس هەن "بوونگەرین". پێوەست نین بە رووداو و پلە و پایەی ژیانمانەوە. وا پێ دەچێ ئەو ترسانە هەر لەگەڵ لەدایکبوونماندا لەدایک بن، واتە لەو کاتەی لە منداڵدانی دایکمانەوە دێینە دەرێ و پێ دەخەینە بوونەوە و بەئەزموونی جیابوونەوەدا تێ دەپەڕین. ئەم ترسانە رووکەشی

نین، لەبەرئەوەی هەمیشە لەگەڵمانن و پایەی هەموو ترسەکانن. لە هەمان کاتدا پێوەندییان بەو کاریگەرییانەوە نییە کە لە هەلومەرجەکانەوە دروست دەبن. ئەم ترسانە لە سەرتاپای بوونماندا بریتین لە کۆمەڵی دڵەڕاوکێی قووڵ.

لە رووی کردارەوە دەبینین ئەو ترسانەی رووکەشین و پێوەندییان بە رووکەشییەوە هەیە، لەو ترسانەمان دەپارێزن کە قووڵترن. با بگەڕێمەوە سەر ترسی (پیسبوونی) جلەکانم، ئەم ترسە بۆ خۆی ترسێکی رووکەشییە. ئەوەی لەم ترسەدا خۆی حەشار داوە هاتنە خوارەوەی بڕوابەخۆبوونە لە ئەنجامی گرینگیپێدانی خەڵک بە بارودۆخی جلوبەرگ. ئەو شتەی لە چالاکییەکی گرینگتردا ناکۆکی دروست دەکات، واتە خوێندنەوە و ڕابەرایەتیی گرووپەکەیە. ئەم ترسە تۆزێ شێوازێکی قووڵ و بوونگەراییانەی هەیە، دەبێتە هۆی شاردنەوەی ترس لە جیابوونەوە و وێرانکردن.

بەڵام پەرچدانەوەی واقیعی پێچەوانەی ئەوەیە، ترسی سەرەتایی و بنیاتی وێرانبوون دەبێتە هۆی دروستکردنی دڵەڕاوکێ و ترسی بێتوانایی لە وانەگوتنەوە و ترسی پشتگوێخستن، کە لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی لەدەستدانی رووکەشی دەرەوە کە خۆی لە پیسبوونی جلوبەرگدا دەبینێتەوە.

با نموونەیەکی تر بهێنینەوە. وای دانێ تۆ ئامادەییەکی زۆرت لە رووی سترانبێژییەوە تێدایە، بەڵام دایک و باوکت هەست بەو شتە ناکەن، هەڵچوونێکی زۆر بۆ سەرنج ڕاکێشانی دژەکانت و دەربڕینی ئەو شتەی کە هەتە، ئەم دووانە دوو شتن زۆر لە کرۆکیبوونی تۆوە دوورن. ئەمڕۆ لە ئازارێکدا دەژیت، لەبەرئەوەی لەگەڵ هێزی ژیانی بنیاتی خۆتدا لە ناکۆکییەکدای. تا کات بەرەو پێشەوە بڕوات، ئەو ناکۆکییە توندوتیژتر دەبێ. ترس لە خراپ سترانبێژی یان بە هەڵە وتنی سترانێک و ڕووبەڕووبوونەوەی گاڵتەجاڕی، وای کردووە بێ ئاگا بی لەو نیگەرانییەی کە خەریکە ژیانت تەژی دەکات لە خاڵیبوون. لە کۆتاییدا ترسە رووکەشییەکان بوونەتە هۆی ئەوەی ترسی راستەقینە بەبێ تێبینی بمێنێتەوە واتە ترس لە مردن بە هۆی نەدۆزینەوەی ئەشقەوە.

تەنیا ئەو کاتانە دەگەینە نێو تۆڕی ئەم ترسانە ئەو کاتانەی لە ناخی خۆماندا پەیمان بە واقیعییەتی ئەو ترسانە برد. کاتێ لەو ترسانە بەئاگا دێینەوە کاریگەرییەکانیان کەم دەبنەوە. لە هەمان کاتدا ئەگەر توانیمان لە ترسە رووکەشییەکان زیاتر بڕۆینە سەرەوە ئەوە دەتوانین کاریگەریان کەم بکەینەوە و ئەو هێزانەش بخەینە روو کە دەبنە هۆی هێنانە جۆش و خرۆشی هێزەکانی ژیانمان. لە کاتێکدا ئێمە پەی بەو راستییە دەبەین کە بە لەناودانی ترسە رووکەشییەکان، ڕووبەڕووی ترسە قووڵەکانی ناخیبوونی خۆمان دەبینەوە. رەنگە بۆ تۆ ئیتر بوونت بە گۆرانیبێژێکی بەناوبانگ کاتی بەسەرچووبێ، بەڵام بەدڵنیاییەوە لە کۆڕ و کۆبوونەوەی هاوڕێیان و خێزاندا هێشتا ئەو بوارە ماوە.

تا زیاتر لە ترسەکانمان بەئاگا بینەوە، زیاتر ڕووبەڕووی خۆشییەکان دەبینەوە، لەبەرئەوەی زیاتر وەڵامی هەڵچوونەکانی ناخمان دەدەینەوە و کەمتر ملکەچی ترسە رووکەشییەکان دەبین. دەربڕینی هەڵچوونە ژیارییەکان هاوکات دەبێ لەگەڵ ساتەکانی خۆشحاڵیدا، لە حاڵێکدا ترسە

رووکەشییەکان لەگەڵ خۆشییە هیچ و بێمانا و ئازار و ژانە زۆرەکاندا هاوزان، ئاخۆ گرفتەکە لە ئەسڵدا سترانبێژییە؟ دووبارە پرسی کەسایەتی و تاکایەتی دێتە گۆڕێ، ئەگەر مەبەستەکە ئەمەگناسی بێ لەگەڵ ئەو هاوزایەدا، واتە بتەوێ بە دڵنیاییەوە گوێگرێکی زۆرت هەبێ وەک سترانبێژێ.

## کەسایەتی و تاکایەتی.. کەسایەتی وەک قەڵغانێ کار دەکات

ئەگەر کەمێک کاتی خۆت تەرخان بکەی بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو ترسانەی لە ئەنجامی برینەکانی رابردووەوە دروست بوون، ئەو کاتە نهێنییەکتان لا ئاشکرا دەبێ و بەئاگا دێیتەوە لە تۆڕێک نیگەرانی کە ئامانجیان پارێزگاریکردن بووە لە تۆ، بەمەستی دوورخستنەوەت لە ئەزموونە نەرێنییەکان (سلبییەکان). لە راستیدا ئەمانە جۆرێکن لە قەڵغانی دەروونی، بەڵام پرسەکە ئەوەیە ئەم ترسانە لە کۆتاییدا زیانت پێ دەگەیەنن. بۆیە لە کۆتاییدا دەبێتە گەمەیەک بەدەستی کۆمەڵێ ترسەوە ئەو ترسانە لە خزمەتی دوورخستنەوەتن لە لێدانە ئەگەرییەکان نەک لە خزمەتی هەڵچوونە خوڵقێنەرەکان.

ئەو قەڵغانەی لە ترسەکانەوە دروست بووە، نیشانەی ئەوەن کە کەسایەتیی ئێمە لەسەر بناغەی ئەو پەرچدانەوانەیە دروست بووە کە لە هەڵسوکەوتە ئەنتۆلۆجییەکانماندا شێوەی گرتووە. کەسایەتیی ئێمە بۆ پارێزگاریکردن لە خودی ئێمە لە دنیای دەرەوە شێوەی گرتووە، بەم شێوەیە ئەم قەڵغانە بۆ شێوە بەندیخانەیەک گۆڕاوە و ئێمەی نووش کردووە و لە بوونی خۆمانی دوور خستووەتەوە. ئەوەمان بیر چووە کە سنووری ئێمە بە شێوەگرتنی کەسایەتی دەستنیشان ناکرێ. وێنەیەکی سادە دەخەینە روو. کاتێ رووداونی ئۆتۆمۆبێلێک روو دەدا، یەکسەر پڕ دەدەیتە ئەندامەکانی خۆت تا بەشەکانی جەستەتان دژ بە لێدان بپارێزی، پاش ئەوەی ترسەکە دەڕەوێتەوە، دەکرێ بەشێک لە لەشتان هەر بەگرژی بمێنێتەوە، ئەگەر بۆ ماوەیەکی زۆر ئازارێک لە ئەنجامی ئەو رووداوە لە لەشتاندا بمێنێتەوە، ئەوە ئەو ئازارە کۆت و زنجیر دەخاتە دەست و ئیتر بە ئازادی و دڵنیایی ناتوانی هەناسە بدەیت.

یەکەمین لێدان، بووەتە هۆی دروستکردنی جۆرە رەفتارێک کە پێی دەگوترێ رەفتاری بەمەرجبوون، بەردەوام بۆ ئەو رەفتارە دەگەڕێیتەوە، بەبۆچوونی خۆتان ئەم گەڕانەوە بەردەوامە شتێکی سروشتی دەبێ. بەرنامەی ئەم کارەش بەم شێوەی خوارەوە داڕێژراوە: ئۆتۆمۆبێل یەکسانە بە ئەگەری رووداونی کارەسات، ئەمیش یەکسانە بە ترس، ترسیش یەکسانە بە شان بەرزکردنەوە و سەر بردنەپێش و هەناسەسواربوون. لە دەروونناسیدا بەم حاڵەتە دەگوترێ پەرچدانەوەی مەرجداری.

هەر بەزوویی پەی بەوە دەبەیت کە باری ئاسایی تۆ جیاوازیی هەیە لەگەڵ ئەم حاڵەتی گرژبوونە کە لە ئەنجامی رووداوی ئۆتۆمۆبێلدا دروست بووە، ئەمەش تۆ دەپارێزێ لە بەردەم ئەگەری دووبارە

رووداوەی رووداوێک. کاتێ هەست دەکەیت ئازارێک لە گەردنتدایە یەکسەر بۆ ئەم مەبەستە دەچیتە لای دوکتۆر، ئەویش هۆکاری ئەو ژانە بۆ رووداوێکی کۆن دەگەڕێنێتەوە. پاش ئەوە تۆ دووبارە دەگەڕێیتەوە لای ئەو رووداوە کە لە رابردوودا رووی داوە، ئەو کاتە بەئاگا دێیتەوە و توانای ئەوەت دەبێ ئەو ترسە بۆ خۆت چارەسەر بکەی کە لە رووداوی پاشدا ئەگەری رووداني هەیە. رەنگە بە راهێنانی ئارامهێنەر و رزگاربوونی گونجاو بتوانی چارەیەک بۆ خۆت بدۆزیتەوە. هەموو ئەمانە یارمەتیت دەدەن، جارێکی تر بە شێوەیەکی ئاسایی هەناسەیەکی پڕ دڵنیایی هەڵکێشیت و بگەڕێیتەوە بارە ئاساییەکەی خۆت.

دەبینی هەموو شتەکان چۆن روون دەبنەوە. دەبێ ژیانی خۆت لەگەڵ رووداودا رابهێنی. رەنگە رۆژێ بەئاگا بێینەوە و بزانین تووشی شێرپەنجە، خەمۆکی، یان نەخۆشیی دەروونی بووین و لە خۆمان بپرسین بۆچی؟ بگەڕێین بەدوای هۆکارەکانی ئەو رووداوانە. بەڵام بەگشتی هۆکارەکان پێوەست نابن بەهۆی پیربوونمانەوە یان رووداوێکی هۆشمەندانە نین. رەنگە بەگشتی رووداوی وەک ئەوانە لە سەرەتای تەمەنی منداڵی و رەنگە لە کاتی لەدایکبوونماندا روو بدەن. بێگومان ئەو کاتە دەڵێی ئەمانە هەر هەموویان قسەی شیکەرەوەیەکی دەروونین کە دەیەوێ رابردوومان وەبیر بێنێتەوە. لە راستیدا هەر ئەو رابردووەیە کە "بەرنامەڕێژی" رەفتارەکانی ئێستامانە. پاش هاتنە دەرەوە لە منداڵدانی گەرموگوڕی دایک، لە جیاتیی ئەوەی بێیتە نێو دنیایەکی پڕ لە خزمەت و گرینگیپێدان، هاتوویتەتە رووبەرێکی توند و ساردەوە. ئەم رووداوە رێک وەک رووداوی ئۆتۆمۆبێلەکەیە، دەبنە هۆی بەدیهێنانی ناکۆکییە ئەنتۆلۆجییەکان. هەروەک ترسی لەدەستدانی بەهەشت، کە بەرەنجامی هەمان ئەو مەرجدارییە و تەواوی رەفتارەکانی بەرگریکردن و پارێزگاریی ئێمەیە کە لە سەرەتاکانی ژیاندا هەمانبووە. ئەگەر لەو کاتەدا دایکی تۆ قوناخێکی ئاڵۆزی بەسەر بردبێ و نەیتوانیبێ وەکو پێویست چاوەدێریت بکات، ئەوە هەمیشە وێنەی ئەو دایکە بەردەوام لەگەڵ ترسەکانی تۆدا ئامادە دەبێ. ئیتر وردە وردە ئەم وێنەیە بەسەر هەموو ژناندا دەسەپێ و دەبێتە هۆی ئەوەی تۆ ترسێکی بەردەوامت لە ژنان هەبێ.

رەنگە ئەمانە لە تۆدا ببنە هۆی بەدیهێنانی رەفتار و ئاکاری هەمەچەشن، شەپەنگی ئەو لە میهرەبانییەکی زۆرەوە تا توندوتیژی و دوژمنی بڵاو بێتەوە. ئامانجی هەموو ئاکارەکان ئەوەیە لەگەڵ کەسێکدا نەکەویتە دەستەویەخە کە ئەو کەسە لە هەموو کەس زیاتر دەتوانێ ترسی بوونی ئێوە وریا بکاتەوە تا نەکەوینە نێو پێوەندییەکی بەردەوام لەگەڵ ئەو ترسەدا. ئەم ئاکارانە لەگەڵ ترسە رووکەشییەکاندا ون دەبن، ئەو ترسانەی پێوەستن بە پێگەکانەوە، وەک ترس لە نەبوونی ئاووهەوایەکی ژیانداری، یان ترس لە خۆدەرخستن بەرامبەر بە ژنان.

دەبینی چۆن کەسایەتی شێوەی خۆی دەگرێ، لە هەمان کاتدا بەناونیشانی وێنە و قەڵغان کاری خۆی دەکات. سەرەتا شێوە دەگرێ لە رێگەی پێشاندانی پەرچدانەوە بەرامبەر بە رووداوەکان و ئازارەکانی تاکەکەسی و پاشان بەسوودوەرگرتنی زیاتر لە رەفتارە بەرگرییەکان. بە

دووبارەبوونەوەی هەمان ئەو چالاکیی بەرگریکردنە، پەرچدانەوەی مەرجداری لە بوونماندا دەردەکەوێ کە جۆرە "بەرنامە" یان نەخشەیەکە بە شێوەیەکی هەمیشەیی و هۆشمەندانە پەرچ دەداتەوە. دووبارەی دەکەمەوە و دەڵێم ئێمە کاتێ ئەوە دەکەین هەرگیز ئەو هەستەمان لا نییە کە ئێمە رۆڵێک دەبینین، یان هەڵبژاردنی کارێکی ترمان لە بەردەستدایە، لەبەرئەوەی ئەم جۆرە پەرچدانەوانە بەشێکن لە سروشتی ئێمە. بەجۆرێک لەگەڵ ئەو برە پەرچدانەوانە یەک دەگرین، وا هەست ناکەین لەوان زیاتر هیچ شتێکی تر لە بەردەستدا نییە. لە راستیدا کارێکی ئازاراوییە کاتێ ئەوەمان قبووڵ بێ کە کەسایەتیی ئێمە، رێک وەک نەخشەیەکە ئێمە لەسەر گۆرەپانی جیهاندا جێبەجێی دەکەین. ئەڵبەتە دەتوانم تا رادەیەک بەئاسانی ئەم داوایە و پرسی تاکەکەسی قبووڵ بکەم، لەبەرئەوەی پێم وایە قبووڵکردنی ئەوە دەبێتە هۆی گەشەکردنی دەروونیم. ئەگەر نەتوانین تایبەتمەندییەکانی کەسایەتیمان بخەینە ژێر پرسیارەوە، ئەو تایبەتمەندییە کەسایەتییانەی هەندێکیان بە میراتی وەرمان گرتووە و هەندێکیشیان لە منداڵییەوە فێریان بووین، ئەوە مانای وایە هیچ هیوا و ئومێدێکمان بۆ چاکبوونەوە نابێ. ئەوە ناچار دەبین بەجێبەجێکردنی چارەنووسێ، کە دەبێتە هۆی تێکشکان و بەدبەختیمان. لە بەرامبەر ئەمەشدا ئەگەر بتوانین بەرامبەر بەماهیەتی ئەو نەخشانەی جێبەجێیان دەکەین وەئاگا بێینەوە، ئەوە ئەگەری گۆڕان دێتە ئاراوە و زیاتر ڕووبەری هیوای خۆشبەختییەکی فراوانتر دەبینەوە.

## کەسایەتی تەنیا بەشێکە لە ئێمە

ئەم کەسایەتییە تەنیا بەشێکە لە ئێمە و دەبێ جیاوازییەکانی لەگەڵ تاکدا دەستنیشان بکەین. هەروەک چۆن لە بەشی پێشتردا جیاوازیی نێوان ئارەزوو و هێزەکانی ژیانمان دەستنیشان کرد. بۆ ئەوەی زیاتر لەمە تێ بگەین، وای دانێ تۆ پاڵەوانێکی و بەشداریت لە کێبەرکێیەکی یاریی شەقێنی کۆشکی پاشایەتی کردووە. بەرگری لە کەرامەت و ئالای خۆت دەکەیت، "ئازایەتی و چاونەترسی" دەنوێنی، جوانی و شکۆت تێدایە و لە رێگەی پاڵەوانێتییەوە خۆشەویستیی خۆت بۆ وڵاتەکەت نیشان دەدەی. بەڵام دواجار لە شوێنی خۆتدا تاکێکی و پێوەندیت بە جیهان و هەمووانەوە هەیە، هەڵچوونی خۆت پێشان داوە و هەست بە شادییەکی مەزن دەکەی.

وای دادەنێین لە ساتی گەمەکردنەکەدا- حەز بکەی دەستخۆشیت لێ بکرێ. ئەو کاتە خۆت لەگەڵ کەسانی تردا بەراورد دەکەیت و دەست بە بڕیاردان دەدەی  و حەز دەکەی لە هەمووان باشتر بی. تاکایەتی بەرەو کەسایەتیت دەبا. ئەمجارەیان ترس و ئارەزووەکان ئێوە دێنێتە جووڵە. وردە وردە دەبییە گەمەی ئەو ترس و ئارەزووانە. بەهەمان رادە ئازایەتی دەنوێنی و هەر هەمان ئەو هێزەت هەیە کە پێی دەوترێ هێزی ژیان. ، بەڵام ئەمجارەیان حەز دەکەیت دەستخۆشیت لێ بکرێ. بەدەمێکی پڕ لە "خۆشتان بوێم" دەڕۆیتە پێشێ نەک دەمێکی پر لە "خۆشم دەوێن".

نموونەیەکی زۆر جیاواز بهێنینەوە تا بگەینە بۆچوونێ لەسەر ئەو تاکەی لە ئەنجامی ناکۆکیی

کەسایەتی دروست دەبن. بڕوانە سەگ، هیچ سەگێک شەرم لە سەگێکی تر ناکات و پەرۆشی وێنەی خۆی نییە. درەختانیش هەروان. هەر بۆیە کۆبوونەوە لەگەڵ ئاژەڵان لە سروشتدا ئەوەندە گرینگە نەبێتەوە، دەبێتە هۆی ئەوەی بەگرنگی نەڕوانیتە خۆت. ئەڵبەتە سەگ ناتوانێ سەمفۆنیا بنووسێ، هەر لەبەر ئەمەشە تاک دەبێ ئاگای لە بوونی خۆی بێ و بڕێ وزەی ئازاد، یان ئەو شتەی ئێمە پێی دەڵێین ئیرادە لە بەردەستیدا بێ.

دووبارە ئەم پرسە لە رووی دەروونناسییەوە دەخەینە روو. هۆشمەندی (من)، هەڵگری شێواز و سەرچاوەیەکی دەروونییە ئەو توانایەمان پێ دەبەخشێ کە بڵێین "من، خۆم"م و وێنەیەکی زەینیم لەمەڕ خۆمەوە هەیە. ئەم (من)ەش کەوتووەتە سەنتەری مەیدانی هۆشمەندی زەینی و تاکایەتیمەوە، ئەو بوارەش دەرەخسێنێ تا تاکایەتیی من بەدەرکەوێ، بڕواتە پێشێ و نەشونما بکات. ئەم (من)ە نەک تەنیا ناوکی هۆشمەندیمانە، بگرە رەگەزێکە لە رێگەی ئەوەوە دەتوانین دەروونی خۆمان بناسینەوە، ئەوەی دەمێنێتەوە بەشی سەرەکی پێوەست دەبێ بە ناهۆشمەندییەوە. واژەی ناهۆشمەندی بەمانای لە دەرەوەی پەراوێزی هۆشمەندیدا.

ئەڵبەتە دەتوانین بەنابەجێ کەڵک لە من وەرگرین. کاتێ بەمەبەستی جەختکردنەوە لەسەر کەسایەتی زیاد لە پێویست ئەو (من)ە بەکار دێنین، ئەوە دەکەوینە نێو داوی خۆپەرستییەوە. لەم ساتەدا کەسایەتی دەکەوێتە بەرداوەری و دەبێتە سەرچاوەی بنەڕەتی. بەم شێوەیە ئیگۆ (من) دەبێتە بنکەی خۆسەنتەربینین. شایانی باسە کە ئیگۆ بەمانای خۆسەنتەربینی نییە. ئەگەر ئەم دووانە وەک یەک تەماشا بکەین، دووچاری هەڵەیەک دەبین، ئەو هەڵانەش لە کوێدا بازاڕیان گەرمە؟ بێگومان لە بازاڕگەرمی شتە مەعنەوییەکاندا. ئەوان باس لە "شکانی خۆیان" دەکەن. ئەو تاکانەی "خود"ەکانیان شکاوە، چارەی دەردیان لە نەخۆشخانەی دەروونییەکانە. ئەوانەی بەدەستی نەخۆشیی دەروونییەوە دەناڵێن، خۆیان وەک مەسیح دێتە پێش چاو، یان وەک ژۆل سیزارن خۆیان دەبینن. دڵنیان لەوەی کە مەسیح یان ژۆل سیزارن و پێ لەسەر ئەوەش دادەگرن.

شێوەی گەڕانەوەیە بۆ "من-خود"ە، کە دروستکەری پرسەکەیە، نەک بوونی من یان خود. ئەگەر من نەبێ، تاکایەتی نییە و گەورەیش نییە.

کارل گۆستاف یۆنگ یەکێک لە پێشڕەوانی ئەم بیرە، پێشنیازی تیۆری تاکایەتیی کرد. لە روانگەی ئەوەوە، تاکایەتی پرۆسەیەکە لەوێدا تاک بەراستی بۆ تاکێک دەگۆڕێ. ئەو بوونەوەرەی "تاکایەتی"ی دۆزیوەتەوە، ئاگەداری هەموو ڕەهەندەکانی بوونی خۆیەتی. (من)ی ئاگایی یان ئەو پلە و پایەی بواری ئەوەی پێ دەدا وشەی (من) بێنێتە سەر زار، بەراستی سەنتەری بوونی ئەو نییە. وا هەست دەکات سەنتەرێکی تر لە دەروونی ئەودا کار دەکات کە هەمان ئەو خودە یان تەوەرەی من-خودە. یونگ دەیڕوانییە گەشەکردنی خود وەک شێوەیەک لە ناکۆکی، هەروەها پێشوو وابوو ئەمە داهێنانەترین شێوەی بوونە بۆ دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ ئەو شتەی پێی دەگوترێ تاک، ئەڵبەتە بە ئاگەداربوون و وریایی لەمەڕ نێزیکی و لێکچوون لە نێوان ئەو خودە و هەمووان و

هەموو جیهان. بەبڕوای یۆنگ، تاکایەتی لەسەر بناغەی پێوەندی لەگەڵ جیهان و هەمووان دادەمەزرێ. ئەو هەڵچوونانەی کە لە هەریەک لە ئێمەدا هەیە و شێوەیەکە و لەلای زۆربەی مرۆڤەکانی جیهان هەیە.

دەمەوێ جەخت بکەمەوە سەر گرینگیی جوومگەیی و دژایەتیی ئەم شێوە دەستکەوتنەی ئاگایی. کاتێک مرۆڤ وردە وردە پەی بە تایبەتمەندێتیی راستەقینەی خۆی دەبا و وردە وردە دەبێتە "تاک"ێک، ئەم تاکایەتییە دەبێتە کۆمەڵە شێوەیەکی مومکین بۆ بەدەرخستنی هێزەکانی ژیان. لە هەمان کاتدا بوونی منی تاک لەودا شتێکی بنەڕەتییە و تەنیا رێگەیەکیشە بۆ گەیشتن بەناخی خۆی. هەروەک گوترا، لە تەنگژەیەکی ئاڵۆزی دەروونیدا، من دەکوژێتەوە و لەناودەچێ. شەپۆلەکانی ئۆقیانووس جیهانی تاکایەتی لە خۆیدا نقوومی دەکات. بە پێچەوانەوە لە دەردی تێکچوون و پەژارەی دەروونی یان دەمارگیریدا، (من) ئینکاریبوونی هەمووان دەکات.

(خود) و (من) هەردووکیان تیۆریەکن. ناتوانرێ ئەو تیۆرییە جێبەجێ بکرێ. بەڵام هەرکە شێوەی بیرکردنەوەی ئاسایی وەلاوە نرا، هەستی ژیان و خۆشی بەدەردەکەوێ. لە ئەنجامدا لەبەر ئەم بەڵگەیە ئەم تیۆرە جێگەی سەرنجە، ئەو بوارە دەرەخسێنێ، تا دەست وەردەینە نێو رەهەندە هەرە راستەقینەکانی تاکایەتییەوە.

رەنگە تێبینیی ئەوەت کردبێ، لە کاروانی گەشەکردن و پێگەیشتندا، ئەگەر بتەوێ لە پاشاندا لەگەڵ کەسایەتیی خۆتدا بگونجێی رێگری زۆرت بۆ دروست دەبن. وەک ئەوە وایە قارەمانەکەی ئێمە لە مەیدانی یاریی شەقێندا بە قەڵغانی کەسێکی تر خۆی فەرز بکات. وەک ئەوە وایە ئەکتەرێک کە لەسەر شانۆ دەیبینی، ئەوەی لە بیر چووبێ لە دەرەوەی شانۆ رۆڵێکی تری هەیە تا بیگێڕێ.

ئەم کارە هیچ دادوەرییەک هەڵناگرێ، مەسەلەکە پێوەندیی هەیە بە ژیان و پەرچدانەوەکانمان لە ژیاندا . بەڵام کاتێ بەتەواوی خۆمان لەگەڵ پەرچدانەوە بەرگریکارییەکانی خود جووت دەکەین، ئەو کاتە ئەسیری کەسایەتیی خۆمان دەبین. ئەمانە دەبنە رێگر لە بەردەم رۆیشتنمان بەدووی هێزەکانی ژیاندا، ئەو هێزانەی کە تێرکەری تاکایەتیمانن. هەر کاتێک لە ترسی ئەوەی کەسانی تر ئەو کارەی دەیکەی پێیان باش نەبێ، پشتت کردبێتە خۆشی و هەڵچوونەکانی خۆت، ئەوەت بیر نەچێ ئەوەی دەیڵێین تۆ تێی دەگەیت.

بەکورتی دنیای دەرەوە کارمان تێ دەکا و کەسایەتیمان دروست دەکا، ئەو کەسایەتییەش لە رێگەی چاکترین بەرکەوتنە پێویست و ناپێویستیانەوە بەدی دێت کە لە خۆماندا شکی دەبەین. هەروەک بینیمان، کەسایەتیی ئێمە لە رێگەی کۆمەڵێ پەرچدانەوەی مەرجداریی شێوەگرتوو لە رابردووەوە دروست بووە و وەڵامێکە بۆ برینەکانی منداڵی. قەرەبووکردنەوەیەکی چالاکانەی برێک لە نەبوونییەکان ئەو بوارە دەرەخسێنێ کە پارێزگاری لە خود بکەین و بۆ ماوەیەکی درێژ بە زیندوویی بمێنینەوە. لە ناوەڕۆکدا کەسایەتی برێتییە لە کۆمەڵێ بیروباوەڕ و بڕوابوون و لە زۆر

رووەوە سنووردارکەر و ناهۆشمەندانەن.

کەسایەتی بەرەنجامی کاردانەوەی یەکبوونە لەگەڵ ئەو پەرچدانەوە یەک بەدوایەکانەی کە بۆ ڕەنگدانەوەی مەرجداری دەگۆڕێن. ئەم کاردانەوەیە کە ناسنامەی کەسایەتی پێک دێنێ، لەژێر کاریگەری ترسێکی قووڵ و ناهۆشمەندایە. هەر هەمان ئەو ترسانەیە هەڵمان گرتووە، ترس بەرامبەر بەنەبوون، نەبوونی، بزووتنی ژیان، ترس لە مردن، ترس لە مەحاڵبوون لە هەموو شتێک و لە جیهان، ترس لە هیچێتی. ئەم ترسە، واتە نەبوون بە کەسێک لە نێوان ئەو هەموو کەسانە-دەبێتە هۆی دەرخستنی حەزی بوون بەکەسێ و لە چاوەڕوانی ئەوەی لەلایەن کەسانی ترەوە پشتگیریی ئەم کەسایەتییە بکرێ و دەستخۆشیی لێ بکرێ. لەوە دەترسین لە چاوی کەسانی تردا ئەگەر ئێمە کەسێ نەبین، ئەوە کەسایەتیمان لە دەست بدەین.

جارێکی تر دووبارەی دەکەمەوە تاکایەتی لە کەسایەتیدا کورت ناکرێتەوە. تاکایەتی بەتەواوی لە کەسایەتیدا دەرناکەوێ. تاکایەتی لە تێکڕاییدا ڕادەگەیەنرێ. تاکایەتی واتە بوونی هێزێکی زیندووی تێکڕایی، کەچی لە کاتێکدا کەسایەتی وێژەی ترس و حەزەکانە. لە حاڵێکدا کەسایەتی پێویستی داخستنی دەرگەکانە بە ڕووی خود و هەروەها گرژبوونەوەیە، تاکایەتی نیشانەی کراوەیی تاکە بە ڕووی سروشتی پێکهاتنی ئەو.

چێژە قووڵەکانی تاکێ پێوەستە بە تاکایەتیی ئەوەوە، لەبەرئەوەی هەریەک لە ئێمە خاوەنی ڕێگەی تایبەت بەخۆمانین بۆ دەرخستنی بوون و هاوجۆشیمان لەگەڵ جیهاندا. کاتێ کەسایەتی کرایەوە، دەتوانێ لە خزمەتی هێزی تاکایەتی-جیهانی بێ، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بەدۆزینەوەی قەڵغانی ترس و پارێزگارییەکان، هەر ئەو کەسایەتییە مرۆڤ لە سروشتی بنیاتی خۆی جیا دەکاتەوە. ئەم پرسە کاتێ دەخرێتە روو، ئەو کاتەی ئەم کۆمەڵە پەرچدانەوە مەرجدارانە دەگەنە جۆرێک لە سەربەخۆیی و ئێمەش بەتەواوی لەگەڵ ئەودا خۆمان جووت دەکەین.

دیسان پێم وایە ئەم جیاوازییەی نێوان من و خود، نێوان واژەی "کەسایەتی" و "تاکایەتی" پێویستی بەبیرکردنەوەیە. دەبێ وردە وردە جێگیر بێ. لە ڕوانگەی منەوە، ئەم تیۆرە زۆر بەسوودە. هەر ئەمەش من بۆ لای یۆنگ دەباتەوە. ئەمانە شێوازگەلێکی بەسوودن و ئومێدێکن کە شیکردنەوەی دەروونیی کلاسیکی پێشکێشی ناکات. لەبەرئەوەی تەنیا سەرقاڵ دەبێ بە کەسایەتی و ئەنجامەکانییەوە.

## تاکایەتی و تێکڕاییبوون

با چەند وشەیەک لەبارەی تێکڕاییبوونەوە بڵێم، ئەو وشەیەی زۆرجار بەکاری دێنم. بەبڕوای من زۆر گرینگە، لەبەرئەوەی ئەو توانایەم پێ دەبەخشێ خێراتر هەنگاو بنێم و زیاتر گۆمەز بنێمەوە. تێکڕاییبوون جووڵانێکە دەبێتە هۆی جموجۆڵ خستنە نێو جیهانەوە، ئەم جووڵەیە جووڵەیەکی پڕ ژیانە. بەڵام ئەم تێکڕاییە تەنیا دەکرێ لە ڕێگەی دیاردە تاکایەتییەکانەوە ببینرێ. لە ڕێگەی

تێکڕاییەوەیە بەرامبەر بەم دژایەتییە مەزنە بەئاگا دێینەوە: شتەکان، گیا، ئاژەڵان و مرۆڤەکان کاتێک لە یەکتریش دەچن، جیاوازیشیان لەگەڵ یەکتریدا هەیە. جۆرێک لە هەست و بڕوای دەروونیمان بەم تێکڕاییە هەیە. لە یەکێتی و گۆڕاندا هەست بە بارودۆخی خود دەکەین. یەکبوون لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی کە هەیە. ئاخۆ ئەو ترسەی زۆر بەقووڵی چووەتە ناخمانەوە، ترسی ئەوەی تاکایەتیمان لەنێو تێکڕاییدا بتوێتەوە ترسێکی بێ بناغە نییە؟ لە ڕاستیدا ژیان لە دیاردە تاکایەتییەکان پێک هاتووە و لەلایەن تێکڕاکانەوە بەڕێوە دەچێ. ئەم هێزەی ژیان لە هەریەک لە گەردیلەکانی بوونماندایە. بۆیە لێرەوە دەتوانین پێشنیازی ئەو تیۆرە بکەین کە کەسایەتی شتێکی نەمر نییە و لەناودەچێ، بەڵام تاکایەتی شتێکی نەمرە.

ئاخۆ تاکایەتی بۆ ئەوە دروست نابێ تا دووبارە بگەڕێتەوە بۆ جیهان و بۆ لای تێکڕاکان؟ دەکرێ بگوترێ لە ناواخنی هەر تاکێک، یان چاکتر بڵێین لە ناوەخنی هەر خانەیەکدا، جێپێی جیهان و تێکڕاکان هەیە. بۆ نموونە ئەو ئاومیوەیەی لە گیانی هەر سێوێکی هەڵواسراودایە و کە بە لقی درەختێکەوە شۆڕ بووەتەوە، لە هەمان کاتدا جەوهەری هەموو سێوێک و هەموو درەختێکە، ئەگەر ئەو ئاومیوەیە لەناوبچێ، درەختەکە و سێوەکەش لەناودەچن.

دەکرێ لەم کاتەدا ئەم تیۆرە بخەینە ڕوو کە ڕێگەی کامڵبوونی مرۆڤ لە سروشتدا هەمان ڕێگەی کامڵبوونی گیاکانە. ئێمە دەزانین پاش یەکەمین تەقینەوەی مەزن، تەنیا کۆمەڵێ پارچەی پەرش و بڵاو بە ئاسماندا مانەوە. وردە وردە ئەم پارچانە کۆ بوونەوە و کۆمەڵەیەکیان پێک هێنا. بەدرێژاییی ڕۆژگار ئەو پارچە پەرش و بڵاوانە بوون بە کۆمەڵەی گەورەتر و قەبارەکەیان مەزن بوو و توانییان دیاردەیەکی قورستر بهێننە ئاراوە.

ئەریش نۆمن، مرۆڤناس و دەروونناس، هەر بەهەمان ئەو ڕێگەیە پەیدابوونی ئاگایی لای مرۆڤ ڕوون دەکاتەوە. بەپێی تیۆرییەکەی ئەو، لە کۆرپەڵەدا پارچەگەلێک لە مادەی عەقڵی هەیە. بەمانایەکی تر دڵۆپگەلێ لە بیر، هەستە ئاڵۆزەکان، ڕووناکیگەلێک زۆر بەسەختی دەبینرێ، ئەمانە وردە وردە کۆ دەبنەوە، تا ئەو کاتەی (گردبوونەوە لە دەوری سەنتەری) من، هۆشمەندی پێک دێنن. بەمجۆرە دەتوانرێ ئاگایی لە خودەوە دروست بێ. پلە بەپلەی جیابوونەوەی نێوان ئاگایی و من، لەژێر کاریگەری ڕەگەزێکی سەنتەریدا بە ئەنجام دەگات، ئەو ڕەگەزە سەنتەرییەش (خود) خۆیەتی. (خود) وەک هێزێکی دەسەڵاتداری نەبینراو لە ناخی جەستەدا دەبێتە هۆی زامنکردنی شێوەگیری و بەرقەرارکردنی دەزگا دەروونییەکان، ئەو دەزگایەی لەلای هەر تاکێکی جیاواز یەک شێوەی هەیە.

پێویست بەوە ناکات شوێنێک لە بەرچاو بگرین بۆ ئەم (خود)ە یان تایبەتی بکەین بە تاکەکان. لە فیزیکدا قسە لەسەر دیاردەی بینراو دەکرێ، بۆیە کاتێ گرووپێ دێنینە پێش چاوی خۆمان گرووپێک لە مادەی فیزیکی یان ڕۆحی، سەرەتا نازانین چ سیفەتێک لەمەڕ خود دەتوانێ پێشان بدات. ئەم سیفەتانە بە گەورەبوونی گرووپەکە یان کۆمەڵەکە دەردەکەون. کە ڕاگەیەنەری هێزی بنیاتی ڕێنوێنیکەری گەشەکردنن، ئەو هێزەی تەنیا ئەو کاتە دەکرێ ببینرێ کە شێوە مادییەکەی

ئاشکرا بوو. ئەمە لە بواری دەروونی مرۆڤیشدا هەر بەو شێوەیە.

هەر بەو جۆرەی کە دەنکە تۆیەکی درەختی سنەوبەر زامنی بەدیهێنانی درەختێکی گەورەی سنەوبەرە، هەرواش خانەیەکی بەچاونەبینراوی مرۆڤێ، تەواوی زانیارییە پێویستییەکانی تێدایە لەمەڕ گەورەبوون و پێکهاتنی بەشەکانی لەشی مرۆڤ وەک گەورەبوون و پێگەیشتنی جەستە و کارکردنی مێشک. ئەم خانەیە هەموو ئەو زانیارییانەی تێدایە، بەپێی ئەو زانیارییانە تەواوی بوونەوەرەکان وەک مرۆڤ  بەیەک شێوە بیر دەکەنەوە، هەست دەکەن، درک دەکەن و سیمبول دروست دەکەن. بەم زانیارییانە دەگوترێ نموونەی بنەچەیی (Archetype) بە سەرچاوە هەمەچەشن ئەندامە جۆرەوجۆرەکانی خود زامنی گەشەکردنی تەواوی دەزگا دەروونییەکانن.

ئەگەر لێکچوونێک لە بنیاتی دەروونی هەموو مرۆڤەکان دەبینین، دەبێ ئەوە بڵێین ئەم بنیاتە لە هەر تاکێکدا ڕەنگدانەوەیەکی هەیە لەگەڵ تایبەتمەندییە تاکایەتییەکانی ئەو کەسە، بێ هیچ دوودڵییەک ئەمەش ڕەنگدانەوەی شتێکە لە ئاستی دەرووندا ڕوو دەدا. سەرباری ئەوەی هەر هەموویان هەمان سیفەتیان هەیە، بەڵام جیاوازییان لەگەڵ یەکتریشدا هەیە. سروشت بە بەرژەوەندییەکی تێکڕایانە هەر هەموو تاکەکانی دروست کردووە.

بەهەر ڕێگەیەک بێ، ئێمە لە قۆناغێکداین واتە لە قۆناغی کۆتاییداین، لەم قۆناغەدا تەنیا توانای ئەوەمان هەیە بوونی (من) ببینین، یان بینینی بوونی سەرچاوەی ئاگاه لە خود. بەتێبینیکردنی ئەم دیمەنە دەتوانین پێشنیازی تیۆری یەکوزەیی بکەین، ئەو تیۆرییەی هەموو ئەم گەشەکردنانە ڕێنوێنی دەکات. لە ڕاستیدا هەروەک پێشتر گوتم، ئەم (من)ی هۆشمەندە هەمان ئەو شتەیە کە پێی گەیشتووین.  لە کۆتاییدا ڕووبەڕووی هۆکارێکی دەروونین کە لە ئێستەدا زۆر تاکایەتییە. ڕەنگە هەستکردن بەمە کە بنیاتە تێکڕاییەکان لە پشتەوەی ئەوەوە دەردەکەوێ، ئاسان نەبێ. هەروەک گوتم توانای بینینی تێکڕایمان نییە و لە کۆتاییدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە هەیە و یان هەست بە پاشماوەکانی کرداری بوونی ئەو لە خۆماندا دەکەین.

لە دەروونی تێکڕایبووندا. جۆرێک هەڵچوون چاوەدێری شێوەگیری تاکایەتیمان دەکات، هەمان ئەو هێزەیە کە پێی دەگوترێ وزەی پاک. ئەم هێزە نابێ بەهەڵە لەگەڵ ترسگەلێکدا پێکەوە کۆ بکرێنەوە کە دەبنە هۆی پەیدابوونی کەسایەتی. هێزی پاک یەکێکە لە مەزنترین هێزە مرۆییەکان. مانای وایە ئەم هێزە سەرکوتکراو نییە و نوێنەری چارەنووسێکە کە دەبێ جێبەجێ بکرێ. بمانەوێ و نەمانەوێ دەبێ کەسێکی جیاواز بین لە کەسانی تر، هەروەک چۆن بوون بە ژن یان پیاو هەڵبژاردنی لە دەستی ئێمەدا نییە. ئەم هێزە تایبەتییە یەک لە دوای یەکە، گەواهییە لەسەر گەشەکردنە ئاڵۆزەکانمان. لە مێژووی گەشەکردندا تۆمارمان دەکات. بەڵام ئەم گەشەکردنە ئاڵۆزانە بێماناشن: دەکرێ پلاتفۆرمی بەرزبوونەوەی خۆی بێ، یان قوفڵی دەرگەی زیندانی کەسایەتی بێ، لەبەرئەوەی ئاگایی لای تاکە جیاوازەکان دەکرێ هەندێ جار هۆکاری خولقاندنی شێواوی بێ.

ئەم جیاوازییە کە دەردەکەوێ و هەستی پێ دەکرێ، دەکرێ ببێتە هۆی ئازار و دەستبەسەری.

هەر بۆیە تواناکان کەم دەکاتەوە – لەبەرئەوەی ناکرێ هەموومان لووت و دەمێکمان هەبێ لەیەک بچێ، خاوەنی یەک شێوە و یەک تایبەتمەندی بین– لەوێوەیە کە سەرەڕای ئەوەی ئاگەداربوون لەمەڕ جیاوازییەکان لە پشتەوەی گرفتەکانی دەوروبەرەوە شێوەی خۆیان بەدەست دێنن، بەڵام زۆرجار بەهەڵە مێژووە کورتەکەی ئەم گرفتانە لەگەڵ کەسایەتیی خود وەردەگرین. ئاشکرایە ئەم دووانە یەک شت نین. تەنانەت ئەگەر بەریەککەوتنە نەرێنییەکانیش نەشبوایە، ئێمە لە چاو کەسانێکی تر تاکێکی جیاواز دەردەچووین و ئاگاییی ئێمە لەگەڵ کەسانی تردا فەرقی دەبوو، بەڵام ئەگەر بێبەشی نەبوایە، رەنگە ئاگاییمان بەهێزتر دەبوو بۆ پێکەوەبوون لەگەڵ هەمواندا تا جیابوونەوە و ژیان بەتەنیایی.

## مێژووی ترسە دەروونییەکانمان.. ترسە کەسایەتییەکان

دەتوانین بەشێوەیەکی بەرفراوانتر بڵێین مرۆڤ لە کاتی تەنگژەی دۆزینەوەی تاکایەتیی خۆیدا، ڕووبەڕووی لێکدانگەلێک دەبێتەوە کە لەو کاتەدا کەسایەتیی خۆی پێک دێنێ. کەسایەتی رۆڵێکی پارێزکارانەی هەیە و گەشەکردنیشی کارێکە هەر دەبێ روو بدات. ئەوەی کە پێویست نییە، ئەگەر بکرێ ئەم ناوەی لێ بنرێ، بەدەستهێنانی کەسایەتی نییە، بگرە پێشتر ئەو کردارانەی کە پێوەندییان بە یەکەتی و هاوتاسازییەوە هەیە و بەرەنجامی ترس دروست دەبن، دەبنە هۆی ئەوەی ئەم (من)ە لە جیاتیی ئەوەی نوێنەری تاکایەتی و دەربڕی هێزە ژیانی و شادییەکانی ژیان بێ، خۆی لەگەڵ ئەم لێکدانانەدا یەکدەخات. پاشان ئەو کەسایەتییە لەنێو شوناسنامەیەدا دەست بەسەر دەبێ، دەبێ لە دوایدا بخرێتە ژێر پرسیارەوە.

یان بەشێوەیەکی تر ژیان خودی خۆی، وەک شێوەیەکی ناوکۆیی فۆرم دەبەخشێتە کەسایەتی، ئەم بەخشینەش بەمەبەستی وەڵامدانەوەیەک بۆ ئەم لێکدانانە. بەڵام ئەم کەسایەتییە لە کاتێکدا دەخنکێ، ئەو کاتەی (من) بەمەبەستی دەستنیشانکردنی شووناسنامەی خۆی بۆ مێژووی خێزانی بگەڕێتەوە. هەر لەبەر ئەم هۆیە دەبێ ئەو کەسایەتییە شی بکرێتەوە، واتە خۆی بە بەشێک لەو مێژووە نەزانێ.

وتن لە کردار ئاسانترە. هەروەک بینیمان، بێ ئەوەی ئاگەدار بین، دەترسین ڕووبەڕووی ئەو ترسانەی خۆمان بینەوە، وەک ترس لەوەی تەنیا بین، یان ترس لەوەی ڕووبەڕووی نەبوونی ببینەوە. هەر بەمەبەستی پارێزگاریکردن لە خود، لەم شێوە ترسانە کەسایەتییەکمان دروست کردووە، ئەو کەسایەتییە پەنا دەباتە بەر ترسە رووکەشییەکان و ئێمەش دەکاتە کۆیلەی خۆی.

ترسە رووکەشییەکان وەک ترس لەوەی کەسانی تر حوکممان بەسەردا بدەن، یان ترس لە نەبوونی خۆشگوزەرانیی پێویست، ئەمانە بەرامبەر کۆمەڵێ ترسی قووڵ دەمانهێڵنەوە و زۆر بەجوانی کۆنترۆڵی گەشەکردنمان دەکەن. ئەو بەنداوانەی بەم شێوە ترسانە دروست دەبن، ئێمە بەرامبەر ئافاتە مەزنەکان دەپارێزن، لە ناخماندا شتێک پشتی بەوە بەستووە. لەبەر ئەو هۆیە

کەسایەتیی خۆمان ناخەینە ژێر پرسیارەوە لەبەرئەوەی دەترسین لەوەی ڕووبەڕووی تەنیایی ببینەوە، یان نیشانەکانی ژیان لە دەست بدەین. لە ڕاستیدا بەجێهێشتنی ترسە بچووکەکان لە پێناوی ترسە گەورەکاندا شتێکی ئەوەندە خۆش نییە، بەڵام ئەمە ڕێگەیەکە هەر هەموومان دەیگرینە بەر و ناچارین بیگرینە بەر.

## قۆناغی سەرەتاییی کامڵبوون

ترسەکانمان پێوەندییەکی نێزیکیان بەگەشەکردنی هۆشیاریی زەینیمانەوە هەیە. تیۆری (بالین)ی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئێمە هەر لە ساتی تۆوەوە ئاگاییی زەینیمان نییە. ئەم ئاگاییە بەشێوەیەکی شاراوە هەیە و چاوەڕوانی هەلومەرجێکی گونجاوە بۆ نەشونماکردن. لەو قوناغەدا ئێمە لە دنیایەکی تاک و تەنیا و تا ڕادەیەک بێ هیچ کەموکووڕییەکین و لەگەڵ دایکدا پێکەوە بەردەوامی بە ژیان دەدەین. لەنێو ئاوی هاوڕێمنداڵدا (وێڵداش) خەریکی مەلەکردنین، لە شوێنێکی گەرموگوڕداین و خواردن دەخۆین و لە باشترین هەلومەرجدا خۆشەویستیمان پێ دەبەخشرێ. ... دەروونناسان ئەو شوێنەیان شوبهاندووە بە بەهەشتی ونبوو و ئێمەش ناهۆشمەندانە حەز بەگەڕانەوە بۆ ئەو جیگەیە دەکەین. بەم قۆناغە دەڵێن قۆناغی کامڵی و هێزی سەرەتایی. لەوێدا هەمووان یەکن و ئێمە هەمووانین. بۆیە دەبێ بێ هیچ دوودڵییەک لە جێگەیەکی تردا بگەڕێین بەدوای ژێدەری ئەم بارە شێوە بەهەشتییە. هەروەک پێشتر وەبیرم هێنایەوە، توێژەرەوان ئەوەیان نیشان داوە، کە ژیانی زۆربەی منداڵان هەر لە سەردەمی تۆوە خەوشدار بووە بە بڕێک ناکۆکییەوە. لە یەک کاتدا لەدایک بوون هەم ئازادی و هەم جیابوونەوەیە، دەبێتە هۆی ناهاوسەنگردنی ئەو قۆناغە سەرەتاییەی کە هیچ ناتەواوییەکی تێدا نەبووە. هەرچی کەس هەیە بێ ئاگایە لە لەدایکبوونی خۆی، بەڵام کاریگەری ئەم یەکەمین جیابوونەوەیە بەرووکەشی هەر لە ئێمەدا دەمێنێتەوە. (ئۆتۆ رانک)ی دەروونناس، پێی وایە ئەو جیابوونەوەیە وەک لێدانێ وایە.

بێ هیچ دوودڵییەک دەتوانین لەدایکبوون بەقاودانێکی (دەرکردنێکی) قووڵ بزانین. ئەم جیابوونەوەیە لەدایک سەرباری دوورکەوتنەوە لەو دەوروبەرەی کە بەتەواوی دڵڕازیکەرە، کاریگەرییەکی ناپاکی هەیە بۆ سەر کەسایەتی و لەوێدا سەرچاوەی ترسی بوون، واتە ترس لە قاودانێک (دەرکردنێک) بەبەردەوامی ئەگەری گەڕانەوەی هەیە. بەم زەینەوە دەتوانین چاکتر پەی بەو رەنگدانەوانەوە بەرین کە تایبەتن بە گەڕان و پشکنین بەدوای ئاسایشدا، ئەو ئاسایشەی لە ئەنجامی گۆڕانێکی گەورەدا لە ناخی هەریەک لە ئێمەدا روو دەدا. چاکتر دەتوانین درک بە ماهییەتی مەسەلەی وابەستەییی سۆزداریی کەسانێک بکەین کە سەرباری ئەوەی خراپ لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ، کەچی بیر لە جیابوونەوە ناکەنەوە. ئەم کەسانە دەزانن پاش ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تەنیایدا، دووبارە ترسە کۆنەکەی جیابوونەوە لە ناخیاندا سەرهەڵدەداتەوە.

بەم شێوە دەتوانین هەست بەدەرکەوتنی هەندێ لەو ناکۆکییە ناهۆشمەندانە بکەین، کە لای کەسانێ دەبینرێ. دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ هەمووان‌دا ئەگەر دڵنیایی ئەوەمان بداتێ کە خۆشبەختی بریتییە لە کردنەوەی دەرگە بە ڕووی کەسانی تر، ئەوە هاتنە ژیانەوە فێری ئەوەمان دەکات، ئەم کرانەوەیە دەمانخاتە بەردەم ترسی جیابوونەوە.

چاکەکاریی دایک و باوک، سەرنجی دایک، گەرموگوڕیی مرۆڤانی دەوروبەر، ڕێز و کرداری چاکە، ئەمانە چ لەنێو خێزان و چ لە سەرتاسەری گۆی زەویدا، دەبێ یارمەتیی ئەوەمان بدات تا بتوانین بەبێ پێکدادانێکی زۆر قوناغی گواستنەوە تەواو بکەین، گواستنەوە لە منداڵدانی دایکەوە تا ناخی خێزان. بێگومان ئەنجامدانی کارێکی ئا لەم شێوەیە بەردەوام ئاسان نییە. دایک و باوک هەرچییەکیان پێ بکرێ ئەنجامی دەدەن، بەڵام شتگەلێک هەیە دەکرێ ڕوو بدات، وەک وەپیرنەچوونەوە لە کاتی خۆیدا، دواکەوتن لە ئامادەکردنی پێویستییەکان، بەجێهێشتن، هەروەها کورتکرداری لە بەدیهێنانی ئاسایشدا، ئەمەش ئەو پەیامە بە منداڵ دەگەیەنێ کە ئەو لە دنیایەکی تردا دەژی.

بەم شێوەیە تاقیکردنەوەی یەکەمین جیابوونەوە، هەر لە سەرەتاوە، دەبێتە هۆی گرژی و خۆخواردنەوە، هەروەک بڵێی کۆرپەلە بەشێوەیەکی غەریزی تێ دەگا، ئەگەر دووبارە بەدوای کرانەوەدا بگەڕێ، لەو میانەدا هەر خۆی بەتەنیا دەمێنێتەوە. بەدەربڕینێکی تر ئەمە خۆی لە خۆیدا تاقیکردنەوەی پاڵەپەستۆیە پێش ڕوودانی پاڵەپەستۆکە.

ئەم پاڵەپەستۆ بنیاتییە لە ناهۆشمەندی دەمێنێتەوە و زۆر بەدەگمەن لێی ئازاد دەبێ، یان هەرگیز ئازاد نابێ. بەدرێژاییی ژیان، ئەم پاڵەپەستۆیە دەبێتە سەنگەری سەرەکی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و شکستهێنان بە هەستەکانی تەنیاییی دەروونی. ئەو تەنیاییەی دەبێ ئەزموون بکرێ پێش دۆزینەوەی هەستی هاوکاری لەگەڵ مرۆڤایەتیدا. لە ڕاستیدا کەسێک بەمەبەستی گەشەکردن، نابێ تەنیا ترس تێ پەڕێنێ ، بگرە دەبێ ڕووبەڕووی ئەو ترسە دەروونییەی خۆشی ببێتەوە. هەر ئەم ترسەشە لە چیرۆکە ئەفسانەییەکاندا لە شێوەی ئەژدیها و دەعجانی سەیردا وێنا دەکرێ، بۆ ئەمەش دەبێ پاڵەوان ڕووبەڕووی ئەوە ترسە بێتەوە و شکستی پێ بهێنێ.

پەیڕەوانی (تێماوی دەروونی) کە پاش ویلهلم رایش سەریان هەڵدا، بۆ نموونە کەسێکی وەک (ماری لیز لابەنتە) سوودیان لە وشەی "زرێ" وەرگرتووە بۆ وەسفکردنی گەشەکردنی بەرگی پارێزگارانە کە بۆ هەمیشە دەبێتە ڕێگر لە بەردەم ئەوەی بەرکەوتنمان لەگەڵ ترسدا هەبێ. (ماری لیز لابەنتە) باس لە (زرێ)ی کەسێک دەکات کە هیچ خۆشەویستییەکی پێشان نەدراوە، یان باس لە (زرێ)ی کەسێکی بێهیوا و زۆر شێوەی تری (زرێ) دەکات. (زرێ)کانی ئێمە لێکچوواندنیان هەیە لەگەڵ ئەو شێوە ژیانەی کە تێیدا دەژین، ئەو (زرێ)یانە نیشانەی کەسایەتیی ئێمەن، ئەوانە وەک قەڵغانێکن پارێزگاریمان دەکەن، لە هەمان کاتیشدا دەبنە ڕێگر لە بەردەم هێزەکانی ژیانمان.

## بەرگریکردن لە خود بەرامبەر بە هەستی قاودان (دەرکردن)

ئەو تێبینییانەی لەلایەن توێژەرەوەکان لەمەڕ ژیانی کۆرپەلە ئەنجام دراوە، گەواهین لەسەر ئەو ترسە سەرەتاییانەی کە دروست دەبن بەرامبەر بە تەنیایی. ئەم لێکۆڵینەوەیە بەو تیۆرە گەیشتووە کە کۆرپەلە هەرکە لەدایک دەبێ، دەست دەکات بە بەرگریکردن لە خۆی بەرامبەر بەهەستی قاودان (دەرکردن) و جیابوونەوە. هەموو هەوڵەکانی خۆی دەخاتە گەڕ تا بتوانێ لە دنیای تەنیاییدا بژی. ئەم تیۆردارنەرانە لەبارەی ئەم بەشەی ژیانی کۆرپەلەوە قسە لەسەر بیرە سەرەتاییەکانی منداڵ دەکەن، بەمەبەستی بەخشینی مانایەک بە تێبینییەکانیان. منداڵ بەمەبەستی پاراستنی تەواوی یەکەتیی بنیاتی خۆی لەگەڵ جیهاندا، لە رووی زەینەوە خۆی بە بەشێک لە دایک یان بەشێ لە مەمکی ئەو دەزانێ. یان هەر دایک بەبەشێک لە خۆی دەزانێ. لە زەینی ئەودا ئەم دووانە یەک شتن و لە یەکتری جیا نابنەوە. بەڵام درەنگ یان زوو، نائارامی و پێکدادانی ژیانی منداڵ دەست پێ دەکات و ناشتوانێ خۆی لێ لابدات، وەک بەپیرچوونەوەی درەنگ، دیاریکردنی کاتی شیردان، شووشەی شیری زیاد لە پێویست گەرم، هەموو ئەمانە هۆشداری بە منداڵ دەدەن کە چیی تر هێزی رەها نییە و لە ئەنجامدا جیهان پاشکۆی ئەو نییە. هەریەک لەم پێکدانانە، هەڕەشەیەکن بۆ سەر ئەو دنیا خەیاڵییەی بۆ خۆی دروست کردووە کە بەمەبەستی دواخستنی هەنگاوهاویشتن بۆ نێو دنیای دووانە و جیاواز یان دنیای تۆقین و ترسەکان. دواجار ناتوانێ ئینکاری ئەوە بکات هیچ نەبێ لەم دنیایەدا دوو بوونەوەری جیاواز هەن.

بەو بۆچوونە دڵی خۆی دەداتەوە کە ئەگەر لە دنیادا دوو کەس هەبێ، ئەوە هیچ نەبێ ئەو کەوتووەتە نێو سەنتەری ئەو دنیایە و هەرچی شت هەیە بەدەوری ئەودا دەسوڕێتەوە. بەڵام ئەم خەیاڵەش هەر زوو بێ ئەوەی بتوانێ بەری بگرێ تێک دەشکێ. دەبێ هەر زوو لەوە بگات کە ئەگەر دەتوانێ ببێتە سەنتەری جیهانی دایکی، دایکیش بەرژەوەندی و حەزەکانی خۆی هەیە کە ئەویش باوکە. لە زەینی منداڵی بچووکدا دەکرێ باوک رەقیبێکی ترسناک بێ و هەڕەشەیەک بێ لەسەر پێوەندیی جووتانەی ئەو و دایک.

بەناچاری ئامادەبوونی باوک و بەردەوامیی سێینەی خێزانی بەسەر ئەودا زاڵ دەبێ. بەم شێوەیە منداڵ بۆی دەردەکەوێ چیی تر ئەو کەسێک نییە لە حاڵەتی تەنیاییدا لەگەڵ دایکدا بژی، پێوەندیی دوولایەنە نامێنێ و لە جێگەی ئەو پێوەندیی سێ لایەنە دروست دەبێ. سەرباری ئەوەش بۆی دەردەکەوێ کەمتر بووەتە جێگەی سەرنج، لەبەرئەوەی هەندێ جار گرینگیی پێ نادەن و دەیخەنە لاوە. باوک و دایک بەشێوەیەکی سەربەخۆ لە دەرەوەی ئەودا بوونیان هەیە. بۆ نموونە رۆژێکی پشوو سەرلەبەیانی وەک هەمیشە رێگەی نادەن بێتە ژوورێ. بەهەرحاڵ هەر منداڵێ رووبەڕووی ترسی بەرەڵاکردن دەبێتەوە، کە دەبێ لە سەرچاوە دەروونییەکانی خۆیدا بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارە بگەڕێ.

# پێوەندیی ئەخلاق
# بەبڕینی بەشەکانی جەستەوە

نەوال سەعداوی

چەرمەسەرییەکانی گەل تێ دەپەڕن، بەبێ ئەوەی کەس ئاگەداریان بێت. میدیاکان هەموویان تووشی پەتای هەڵبژاردنەکان بوون، وای لێ هاتووە کە هەڵبژاردنەکان بوونەتە ئامانجێکی گرینگ، وە کورسیی حوکمیش ئامانجێکی تایبەتە بۆ هەمووان.

هەموویان کێبەرکێیانە بۆ خزمەتکردنی میسر، لەبەر خاتری گەلی میسری بەشەوان ناخەون، بە ملیۆنان پارە بۆ پڕوپاگەندەی هەوایی خەرج دەکەن، نازانم کەی دەتوانین، گوریسی پێوەندیی نێوان هەڵبژاردن و دیموکراسی بپچڕێنین؟.

ئاخۆ بەگۆڕینی دەموچاوی سەرۆکی دەوڵەت و ڕێژیمی حاکم، دەتوانین دیموکراسی چێ بکەین؟. لە کاتێکدا کە هێشتاوەکو دەستوور نەگۆڕاوە و کار بە دەستوورە کۆنەکە دەکرێت؟.

هەروەها پەروەردە و ڕۆشنبیری و میدیاش هێشتا نەگۆڕاوە. لە هەمان کاتیشدا، هێشتاوەکو عەقڵیەتەکەش لەناو نەریتە کۆنەکاندا داخراوە، وە کۆیلایەتیش لەناو ناخی خەڵکی و دەزگاکاندا، بەتوندی ڕەگی خۆی داکوتاوە.

هەموویان لەبەر خاتری گەلی میسری شەڕی یەکتری دەکەن، لە کاتێکدا کە گەلی میسریش لە دەرەوەی گەمەی هەڵبژاردنەکانە، گەلی میسری لە دەرەوەی سیاسەتە، کەواتە گەلی میسری کێییە؟.

چەرمەسەریی منداڵێکی میسری، لە کاتێکدا کە ڕۆژنامەکان لەسەریان نووسی، هیچ کاردانەوەیەک یان هەڵوێستێکم نەبینی لەوانەی کە کێبەرکێ دەکەن بۆ خزمەتکردنی گەلی میسری، یان یەکێک لە چالاکوانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان نەهاتە گۆ، هەواڵەکە تێپەڕی، وەکو ئەوەی بڵێیت کە هیچ شتێک ڕووی نەدابێت.

..............................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە : ئەردەڵان عەبدوڵڵا

پەتای هەڵبژاردنەکانیش بەردەوامە و، خەڵکیش لە ژیانی خۆیان بەردەوام بوون، بێ ئەوەی هیچ بیر بکەنەوە، یەک خانەی بچووکی مێشکیان نەجووڵا بۆ ئەوەی کەمێک بیر بکەنەوە، هەموویان شەڕ دەکەن بۆ ئەوەی نان و شەکر و چاییان دەست بکەوێت.

" محمد عمره" منداڵێکە تەمەنی ساڵ و نیوێکە، ئەندامێکی لەشی لەدەستچوو، کە لە دیدی خەڵکییەوە بە گرینگترین ئەندامی لەشی مرۆڤ دێتە ژماردن. ئەو ئەندامەی لەشی پێوەستە بە سیفاتی پیاوانەوە و منداڵ دروستکردنەوە. لەوانە بێت ئاسایی بێت گەر پیاو گورچیلەی لەدەست بدات، یان قاچی یان هەردوو چاوی لەدەست بدات، چونکە هەر سیفاتی پیاوانەی هەیە و بە پیاوی دەمێنێتەوە، بەڵام گەر ئەم ئەندامەی لەشی لەدەست بدات چی ڕوو دەدات ؟.

لەدەستدانی ئەم ئەندامەی لەشی پیاوان، لە دیدی خەڵکییەوە مانای کارەساتێکی گەورە دەگەیەنێت. محەمەدی منداڵ بەشێوەیەکی تەندروست لەدایک بوو، هەروەها جەستەشی بەکامڵی تەندروست بوو، هەروەک لە دەفتەری نەخۆشخانەی منداڵەکە لە ناوچەی " کرداسة" ساڵی ٢٠١٠ نووسراوە.

لێ جەهل و دواکەوتوویی و نەزانینی باوک و دایکی وای کرد، کە ئەم منداڵە هەموو تەندروستی و خۆشیی ژیانی بدۆڕێنێت. وە بەم شێوەیە منداڵەکە کەمئەندام و دڵتەنگ بوو. لە بەرچاوی خەڵکیش، هەموو سیمایەکی پیاوانەی لەدەست دا.

بەڵام بۆچی؟. چونکە دوکتۆرەکە لە کاتی خەتەنەکردنی منداڵەکەدا، هەموو ئەندامەکەی لەشی بڕی.

دایکی پێغەمبەری جوولەکە " مووسا" ئامادە نەبوو منداڵەکەی خەتەنە بکات، هەر بۆیە خواش لێی تووڕە بوو، هەر بۆیە ئەویش یەکسەر بەردێکی بەدەستەوە گرت و گۆشتە زیادەکەی ئەندامی منداڵەکەی بڕی. هەروەک لە کتێبی پیرۆزی " تەورات"دا هاتووە :

(لەو کاتەدا کە خوا ئەو خوێنەی بینی کە لە جەستەی منداڵەکەوە دێت، ئارام بووەوە. هەر بۆیە لەپاش ئەم ڕووداوە پەیمانێکی پیرۆز لە نێوان خوا و گەلی هەڵبژاردە " شعب المختار*" بەسترا، کە دەبێت ئەوان گۆشتی زیادەی منداڵەکانیان ببڕن، لە بەرامبەردا خواش بەڵێنی زەوینی پیرۆز " فەلەستین"ی پێ دان."

هۆشیاریی گەلی جوولەکە بەرز بووەوە و توانی پێش بکەوێت و، بەشێکی زۆریش لە نەریتە کۆنەکانی لەناوبەرێت، یەکێکیش لەو نەریتە کۆنانە، مەسەلەی خەتەنەکردنی منداڵانە، ئەویش زیاتر لەبەر خاتری تەندروستیی جەستەیی و حاڵەتی دەروونی و کۆمەڵایەتیی پیاوان.

بەڵام گەلی میسری هیچ هۆشیار نەبووەوە و لە ترسی ئەم نەشتەرکارییانە تێ ناگات، ئەویش چونکە ژمارەیەکی کەمی دوکتۆرەکان لەم بارەیەوە خاوەنی مەعریفەیەکی باشن، گەر دوکتۆرێکیش بزانێت، ئەوا ناوێرن بیڵێت و مەسەلەیەکی حەساس بورووژێنێت کە پێوەندیی بە بەشێکی

کۆمەڵگەوە هەیە " منداڵان"، کە لە هەڵبژاردنەکاندا خاوەنی دەنگ نین.

باوک و دایکی ئەم منداڵە بەستەزمانە، وەکو ملیۆنان کەسی تری گەلی میسری، ژیانی منداڵەکانیان دەخەنە حاڵەتێکی ترسناکەوە، ئەویش لەژێر ناوی " الطهارة، پاکیزەییەوە". زۆرجار ئەم نەشتەرکارییانە دەبنە هۆی لەدەستدانی گیانی منداڵەکە یان دەبێتە هۆی ئەوەی کە تووشی کەمئەندامی یان نووقسانیان بکات و تووشی چەندین کێشەی جەستەیی و دەروونییان دەکات، کە هەتا لە ژیاندا ماون پێوەی دەناڵێنن.

ئەوەی جێگەی تێڕامانە، لەبارەی ئەم بابەتانەوە بێدەنگییەکی بەرچاو دەبینین، زۆر بەدەگمەنیش باسی ئەم مەسەلانە دەکرێت. ئەو دوکتۆرەی لە " کرداسة"، شوێنی نیشتەجێی منداڵەکە، بە مەقەستەکەی دەستی، ئەندامێکی منداڵەکەی بڕییەوە، ئەو دەیویست تەنیا گۆشتە زیادەکە ببڕێت. لێ دوکتۆرەکە جاهیل بوو یان بێ ئاگا بوو یان هیچ ئەزموونی لەمبارەیەوە نەبووە. چونکە لە کۆلێجی پزیشکی، هیچ ڕاهێنانێکی لەبارەی نەشتەرکاری " خەتەنەکردنەوە" نەکردووە.

ئاخر چونکە دوکتۆرەکان " خەتەنەکردن" بە کارێکی هیچ و بێ بایەخ دادەنێن، هەر بۆیە ئەم کارانەیان بۆ برینپێچە ژن و پیاوەکان واز لێ هێناوە، یان زۆرجار بۆ سەرتاشەکانی بەشی تەندروستی بەجێ دەهێڵن.

لەلایەن ئەوانەوە، دوکتۆرێکی بەڕێز دەبێت نەشتەرکاریی گەورە بکات، وەکو نەشتەرکاریی " گورچیلە، یان گەدە، یان ریخۆڵە، یان مێشک". لەبەرئەوەی عەقڵی مرۆڤ لە چاو تەمەنیدا، بەشێوەیەکی هێواش پێش دەکەوێت. حکوومەتەکان و دەوڵەتەکانیش دەیانەوێت کۆنترۆڵی عەقڵی خەڵکی بکەن، بۆ ئەوەی زیاتر بیانچەوسێننەوە.

هەروەک رۆژنامە میسرییەکان دەڵێن، باوکی منداڵەکە چووە لە بنکەی پۆلیسی" کرداسە" شکاتی دوکتۆرەکەی کردووە، بەڵام دادوەر شکاتەکەی پشتگوێ خستووە، بە بیانووی ئەوەی کە هەڵەی دوکتۆرەکە ، پەیوەندیی بە " قدر، ناوچاوانەوە" هەبووە. بە واتایەکی تر، هەڵەی دوکتۆرەکە پەیوەندیی بە ئیرادەی خواوە هەبووە. هەر بۆیە دوکتۆرەکە باوکی منداڵەکەی بە " کافر و بێ ئیمان " تاوانبار کردووە. پاشان باوکی منداڵەکە چووە بۆ لای دادوەر، کەچی دادوەر باوەڕی بەقسەی باوکەکە نەکردووە و بگرە باوەری بە قسەی دوکتۆرەکە کردووە، چونکە کابرایەکی خوێندەوارە و لە چینێکی بەڕێزە، بەڵام باوکی منداڵەکە، کابرایەکی ئاساییە، ئەو کەسانەی کە هیچ بەهایەکیان نییە " وەکو گەلی میسری "، کە تەنیا لە وتاری پاڵێوراوەکان لە کاتی هەڵبژاردندا لەلای گەلی میسری بەنرخە.

باوکە هەژارەکەی منداڵەکە، دەیویست دڵی خۆی خۆش بکات بەوەی کە پێش جەژن دوکتۆرەکە منداڵەکەی خەتەنە بکات. دوکتۆرەکە داوا لە باوک و دایکی منداڵەکە دەکات کە لە ژووری نەشتەرکاری بچنە دەرەوە، بۆ ئەوەی ئەو چەرمەسەرییە نەبینن کە تووشی منداڵەکەیان دێت. پاشان خێزانەکە منداڵەکە لەگەڵ خۆیان دەهێننەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام پاش خەتەنەکردنەکەی،

منداڵەکە تووشی پەتا دەبێت و هەر دەگرییی چونکە ئازاری زۆرە.

پاشان باوکی منداڵەکە پەیوەندی بە دوکتۆرەکەوە دەکات و باسی رەوشی خراپی منداڵەکەی بۆ دەکات. دوکتۆرەکەش دەڵێت : " ئەوە شتێکی ئاساییە." بەڵام رەوشی خراپی منداڵەکە، وا لە باوکی منداڵەکە دەکات، کە پێشانی دوکتۆرێکی تری بدات. کاتێک دوکتۆرە نوێکە، راستییەکی تاڵی بۆ دەردەکەوێت، کە منداڵەکە تەواوی ئەندامەکەی لەشی لە کاتی خەتەنەکردنەکەدا براوە و نەماوە. وە گەر بیەوێت ژیانی منداڵەکەی رزگار بکات، ئەوا دەبێت نەشتەرکارییە تر بۆ منداڵەکەی بکات، کە بری ١٠ هەزار " جنیەی میسری" تێ دەچێت.

پاشان باوکە هەژارەکە منداڵەکەی دەباتە نەخۆشخانەی " قصر العین"ی خۆرایی، لەوێش دەبێتە کەرەستەی خاو بۆ خوێندکارانی کۆلێجی پزیشکی، تا خۆیان فێری ئەزموون و زانستی پزیشکی بکەن. پاشان دوکتۆرەکان و باوکەکەی هیوابڕاو دەبن و هیچ هیوایەک نابێت بۆ چارەسەرکردنی منداڵەکەی.

جێگەی ئاماژەیە، لە ساڵی ٢٠٠٨وە بەپێی یاسای میسری، خەتەنەکردنی کچان تاوانە، ئەمەش پاش ئەوەی کە چەندین کچ، لە ئەنجامی خەتەنەکردنەوە، تووشی بەربوونی خوێنی کوشندە بوون، کە وای کرد ژیانیان لەدەست بدەن، لەوانە منداڵێک بەناوی " بدور"، کە پێشتر وتارێکم لەسەر نووسی.

بەڵام خەتەنەکردنی منداڵانی " کوڕ" هەتاوەکو ئەمڕۆ بەردەوامە، لەگەڵ ئەوەی کە منداڵان تووشی ئازار و چەرمەسەریی گەورە دەبن و کەسیش گوێ بەم بابەتە نادات. لە هەمووی کارەساتبارتر ئەوەیە، کە خەڵکانێک هەن دەیانەوێت بانگەڕێننەوە بۆ دواوە و، رێگە بدەن کە کچانیش خەتەنە بکرێن، ئەمیش لەژێر ناوی " پاراستنی ئەخلاقەوە ".

بەڵام ئاخۆ " ئەخلاقی " جوان لە رێگەی پەروەردەیەکی راست و دروستەوە دەست دەکەوێت، یان لە رێگەی برینی بەشێک لە جەستەی منداڵەکانمانەوە بەدەست دەهێنرێ ؟!.

---

* گەلی هەڵبژاردە " شعب المختار" مەبەستی لە گەلی جوولەکەیە. جوولەکەکان لەو باوەڕەدان کە لە لایەن خواوە بەباشترین گەل هەڵبژێراون. وەرگێڕ.

سەرچاوە:

سایتی حوار المتمدن. نوال سعداوی. علاقة الأخلاق بقطع أجزاء من الجسم؟

هەولێر نامەی پێشڕەو

# شیعر لە دەروازەی هەزارەی سێیەمدا

حەمەفەریق حەسەن

ئێمە لەم وتارەدا باس لە شیعری رامبۆ، ڤیرلێن، کیتس و بایرۆن و ئاراگوون ناکەین. هەروەک باسیش لە ڕەونشادەیلی وەک جزیری، خانی، نالی، مەحوی، مەولەوی و گۆرانیش ناکەین. بگرە مەبەستمان پێ شیعری دوای ڕاپەڕینە، کە زێدەگۆیی نییە ئەگەر بڵێم شاعیرانی ئەم دوو دەیەیەی دوایی، چەندین جار هێندەی هەموو شاعیرانی کلاسیک، لە باباتاهیرەوە بۆ هێمن شیعریان بەرهەم هێناوە. بەڵام چۆن شیعرێک؟

ئەمڕۆ شیعر لە بەرانبەر ئەدەبی گێڕانەوەدا، بە چیرۆک و ڕۆمانەوە، بە تایبەتی لە بەرانبەر ڕۆماندا لە پاشەکشەدایە. ئەمە ڕایەکی بێ بەڵگە نییە. بگرە لەسەر زەوینەی واقیع وەها کەوتووەتەوە. ئەوەتا لە کن خۆیشمان ئەم شاعیرەیان ڕۆمانی شیعری دەنووسێت، ئەویان ڕۆمانی ئاسایی و ئەوی تریان ساتیرە چیرۆک دەنووسێت. هەیشیانە لێبڕاوە هەر نەبێت ڕۆمان وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی. وەک هێژایان کەریم دەشتی، هیوا قادر، حەمەسەعید حەسەن و عەبدولقادر سەعید و چەندانی تر. هەیانە ماوەیەکە بە جیدی مژووڵی چیرچیرۆک نووسینە، وەک عەباس عەبدوڵڵا، یووسف، کە ئەمەیان کورتترین ژانرێکە سەر بەئەدەبی گێڕانەوە بێت. ئەم بادانەوەیە، ڕەخنەگرانیشی بە هەمان ئاقارەدا بردووە. هەندێکیان جاران، کە سەرقاڵی توێژینەوەی شیعر بوون، نها خەریکی بەشوێندا چوونی ڕۆمانی ئەو ڕۆماننووسانەن، کە جاران شیعریان نووسیوە، بێ گوێدانە ئاستی بەرهەمەکانیان.

برەوی ڕۆمان بەڕادەیەکی ئەوتۆیە، نووسەر هەن هێشتا زمانی کوردی بەباشی فێر نەبوون، کەچی دێن بەڕاست و چەپدا لەسەر ڕۆمانە نەبەکامەکان دەنووسن. ئەم دیاردەیە، لەپێش هەموو شتێکدا نیشانەی گرینگیدانە بە ئەدەبی گێڕانەوە.

پێ دەچێت یەکەم شاعیری لای خۆمان، کە دەستی دابێتە چیرۆکنووسین دوای ئەحمەد موختار جاف، کامەران موکری بووبێت. هەروەک پێ دەچێت یەکەم شاعیری لای خۆمان، کە هەستی بە

پاشەکشەی شیعر کردبێت، دڵشاد مەریوانی بوو‌بێت. ئەویش وەک نزار قەبانی هێشتا دوامای سەدەی بیستەم بوو هەستی بەم دیاردەیە کرد. بۆیە دڵشاد شان بەشانی شیعر کەوتە نووسینی چیرۆکان. ئەوەندە هەیە نزار قەبانی لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا بە ئاشکرا جاڕی مەرگی شیعری دا.

بەهەرحاڵ شاعیرەیل هەن چیرۆکان دەگێڕنەوە، واتە ئەوان لە شیعرەوە بایانداوەتەوە سەر ژانری چیرۆک. ڕەخنەگریش هەن جاران گرینگییان بە توێژینەوەی شیعر دەدا، کەچی ماوەیەکە لەسەر چیرۆک و ڕۆمانیش قسان دەکەن. ئەم بادانەوەیە لەلایەن ڕەخنەگرانەوە. لە خۆیدا داننانە بەپاشەکشەی شیعر، لەسەر حیسابی بەرەوپێشچوونی چیرۆک و ڕۆمان.

دەزگە لەپێشەکانی چاپ و پەخش، وەک ئاراس و سەردەم هەتا ڕۆمان وەستابێت شیعر چاپ و بڵاو ناکەنەوە. ئەوان گرینگیی پتر بەئەدەبی گێڕانەوە دەدەن هەتا شیعر. بەم پێیە دەزگە فەرهەنگییەکانیش شیعریان بەهەند نەگرتووە. خوێنەری کامڵ و هۆشیاریش زیاتر بەدەنگ ڕۆمانەوە دەچن هەتا شیعر، وەلێ نزیکەی سی ساڵێک لەمەوبەر ئەم هاوکێشەیە پێچەوانەی ئێستا بوو.

ئاخۆ شاعیرەیلی کورد شیعریان خەتم کردووە و خەیاڵدانیان چکی کردووە، یان هێشتا فرە باسەیلی تر و بابەتەیلی تری جوان ماون بەشیعر نەکراون؟ بەهرەی شیعر هەیە، واتە شیعر چک ناکات، وەک چۆن بەهرەی شێوەکاری و نواندن و هونەری حەوتەم چک ناکەن. ئێستایش وەک سەردەمی جزیری و نالی و گۆران، شیعر لە خەیاڵدانی مروڤە هەستیارەکاندا دەست دەکەون. وێڕای ئەوەی شیعر لە هەر کارێکی هونەری و غەیرە هونەریدا، وەک پەیکەرسازی، تەلارسازی و تەنانەت شیعر لە خەونی مرۆڤیشدا ئامادەیە. هێشتا زۆر دۆخەیل و باسوخواسیش ماون بەشیعر بکرێن، بەڵام ئەو بابەتەیل و باسوخواسانە وەک شیعری زەنگ (شیعری خالیس) دەرناکەون، بگرە نەهۆ شیعر ماڵی ڕاستینەی خۆی بۆ نێو وێنەی جووڵاو و نێو پێکهاتەی ڕۆمان، چیرۆک، شانۆ و کەڤاڵەیلی شێوەکاری گوێزاوەتەوە کە چیرۆک و ڕۆمانیش زۆر بەئاسانی بە وێنەی جووڵاو دەکرێن و دەبنە سینەما و دراما. ئەمڕۆ لە تەواوی دنیادا زمانی وێنەی جووڵاو، کە پێکهاتەی سینەما و دراما تەلەڤزیۆنییەکانە، بەسەر ژانرەیلی تردا زاڵە. شیعریش بۆی هەیە بخزێتە نێو وێنەوە و جوانتری بکات. دەتوانین بڵێین وێنەی جووڵاو یەکێکە لەو ڕەگەزە هەرە بەهێزانەی، کە لەم سەردەمەدا جێی بە ژانری شیعر لێژ کردووە، لە ڕاستە شەقامەوە فرێی داوەتە نێو کۆڵانە تەنگەبەرەکانی دواوە، کە دەرناچن.

ڕاستە زۆربەی نووسەرانی ئەدەبی گێڕانەوە، سەرەتا بە شیعر دەستیان پێ کردووە، بەڵام ئەو لێکدانەوە و بۆچوونە کۆنە ڕاست نییە، کە دەڵێت، گوایە ئەوانە بەیەکجاری دەستبەرداری شیعر نووسین بوونە. بگرە هەموو ئەو نووسەرانە، تەنیا لە شیعری زەنگ (الشعر الخالص) دوور کەوتوونەتەوە. ئەوان بەشێوە و ستایلی خۆیان شیعریان گوێزاوەتەوە بۆ نێو ڕۆمان، چیرۆک، شانۆ و سینەما، کە لەو شوێنانەدا، شیعر جوانتر و کاریگەریشی لەسەر زەین و ویژدانی بینەر، یان خوێنەر زیاترە.

کەرەسەی شیعر لە کایەکانی ژیاندا ئامادەیە، لە ڕەوت و تافەی ڕووباردا، لە چریکەی بانگخۆشکە و سرووەی شەماڵدا هەیە، کاتێک دەبێت بەمیوانی چڕە دارستانێک، یان بەسەر پەڵەیەک ئاوەنیای سەوزدا ڕەت دەبێت. وێڕای ئەوەی هەتا گۆرانی و سروود هەبن، شیعری سروود و گۆرانییش دەمێنن. وەلێ پێ ناچێ چیی تر قەسیدە بتوانێت پارێزگاری لە ئۆرت و ئیعتیباری جارانی خۆی بکات. چونکە شیعری ئەم سەردەمە زۆرجاران هەر خەیاڵی ڕووتە، فرێ بەسەر ژیان و واقیعەوە نییە. برێک جاران خەیاڵی لێ دەبێتە وەهم. مرۆڤی سەردەمی گلۆبالیزەیشنیش ئەدەبێک، یان شانۆ و سینەمایەکی گەرەکە، بە ئاوایەکی کۆنکریتی باس لە کێشەکانی ژیانی ئێستا و داهاتووی بکات. دەسا ئەم ڕەگەزە هێشتا لە سینەما و شانۆدا ماوە، بۆیە شانۆ و سینەما و زنجیرە دراماکان وەک جاران و پتریش جەماوەریان هەیە. با ئەوە ڕوون بێت، کە ئەوەی هەندێک لە شاعیران دەینووسن وەهمە نەک خەیاڵ، کە هەودایەکیان نێوانە.

پێشتر وتمان هەتا گۆرانی مابێت ئەوا شیعری گۆرانییش دەمێنێت. بەڵام لە یادت بێت، کە شیعری گۆرانی ڕەگەزی گێڕانەوەی تێدایە. شیعری گۆرانی بەزۆری کورتە درامایەکە، بەزمانی وێنەی شیعری حیکایەتی خۆشەویستیی دڵدار و دولبەرێکمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە لە بنیاتدا وەک چیرۆکە. سەرەتا و گرێ و کۆتاییی هەیە. واتە لێرەدا شیعر چووەتە خزمەتی گێڕانەوەوە. ئاواز و مووسیکیش، بەهاوکاریی دەنگێکی مرۆڤانەی بەجۆش و خرۆش، نەمریی بەشیعرەکە بەخشیوە.

شاعیر هەیە خۆی گرفت بۆ شیعرەکانی چێ دەکات. کاتێک ئەو لەنێو کێشە گچکەکانی ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا نوقم دەبێت، کێشەگەلێک کە پێوەندیی ئەوتۆیان بەئێمەی خوێنەرەوە نییە و چێژیان بۆ ئێمە تێدا نییە. بە شێوەیەکی تر بڵێین، ئەو شاعیرە نەیتوانیوە کێشە تایبەتییەکانی خۆی بگشتێنێت. ئەوەتا ئەم وڵاتەی ئێمە پڕ بووە لە دیوانە شیعری ئاست نزم. بێ ئەوەی هیچ پێگە و جێگەیەکی شایستە بە نووسەر ببەخشن و ئەسەرێک لە دوای خۆیان جێ بێڵن. د. جابر عصفور پێی وایە: "هاوتەریب لەگەڵ وەڵامی ئەم ژانرانەدا بەرانبەر بە واقیع، گۆڕانکارییەک لە ڕیزبەندیی ژانرە ئەدەبییەکاندا ڕووی داوە. شیعر خەریکە شوێن و جێگەی خۆی، بەتایبەتی بۆ چیرۆک و ڕۆمان چۆڵ دەکات." لە قسەکانی کاک "عصفور"ەوە تێ دەگەین، کە شیعر وەک جاران ناتوانێت وەڵامی کێشەکانی ناو واقیعی ژیان بداتەوە. پێ دەچێت هەتا زانست و تەکنۆلۆجیا بەرەوپێش بچن، تاکەکان کەمتر حەوجەیان بکەوێتە شیعری زەنگ.

ئەگەر قسە لەسەر ئەوە بێت گوایە شاعیرەیلی کوردیش شوێنپێی شاعیرەیلی خۆرئاوا و ناوچەکەیان هەڵگرتووە و پشتیان کردووەتە شیعری ستوونی، لێرەیشەوە لە ڕەگەزە گرینگەکانی شیعر دوور کەوتوونەتەوە، ئەوا ئەم دۆخە بۆ پرسی چیرۆک و ڕۆمانیش هەمان شتە. چونکە نها زۆرێک لە مەرجەکانی ڕۆمان نووسین وەک خۆیان نەماون. کەواتە لە پای چی ئێستا شیعر وەک جاران لە سەرەوەی ڕیزبەندیی لیستی ژانرەکاندا نییە و لە سۆنگەی چییەوە پێگەی خۆی لەدەست داوە؟ وەڵامی دروست بۆ ئەم پرسیارە ئەوەیە، شاعیرەیل هەن، لەبن دروشمی نوێخوازیدا

شیعریان لە هونەر ڕووت کردووەتەوە. لەلای هەندێک، چەمکی شیعر لەنێو پەخشانە شیعردا ون بووە. بۆیە شیعر نووسین تەواو ساکار و ئاسان بووە، کارێکیش بەو ڕادەیە ئاسان بێت، هەر خوێندەوارێک بێت ڕۆی بنێت، ئەوا ئەو ئۆرت و ڕێزەی نامێنێت.

چیرۆک و ڕۆمانی نوێ سوود لە شیعر، شانۆ، سینەما، ڕۆژنامە و هونەری شێوەکارییش وەردەگرن. بۆیە ئاساییە ئەگەر شاعیر ڕوو بکاتە، چیرۆک و ڕۆمان و لەو بوارانەدا بەختی خۆی تاقی بکاتەوە، کە خوێنەری زیاتریان هەیە. هەرچی ڕۆمانە بە ڕاشکاوی باس لە تابووەکانی وەک ئیرۆتیکا، ئاین و سیاسەت دەکات، کە ڕەنگە شیعر، بەو ڕاستەوخۆیی، ڕەهایی و درێژییەی ڕۆمان بۆی نەلوێ تیشکیان بهاوێتە سەر و بەتانیاندا بێتە خوار.

ئەوەتا وێڕای توندڕۆیی توندڕەوان و کولتووری دواکەوتووی ڕۆهەڵات و پێشێلکردنی مافەیلی مێیینەکان، ڕۆمان دەتوانێت بە سەرکەوتوویی و بە شێوەیەکی کۆنکریتی، دەم لە هەموو ئەو بابەتانەوە بدات، نەک بە هێما و لابەلا وەک شیعر. واتە کام بابەتەی ورووژاندنی لە کۆمەڵدا بڤە و قەدەغەیە، ڕۆمان و چیرۆک پێی دەوێرن و خۆیانی لە قەرە دەدەن. بەچڕیش ڕۆشنایی دەخەنە سەر لایەنە تاریکەکانی. ئێمە لە هەر کوێیەکی ئەم دنیایەدا بژین، ئەوەندەی لە ڕێی ڕۆمانەوە دەزانین چی لە کۆمەڵی پاشڤەڕۆ و داخراوی سعوودیە و ئەفغانستاندا ڕوو دەدات ناتوانین چارەکی ئەوەیش لە ڕێی هیچ ژانر و کەناڵێکی ترەوە، بە ژانری شیعریشەوە ئەو دۆخە بزانین. وەلێ زمانی شیعر لەم سەردەمەدا، ڕۆمان و چیرۆکی لە جاران دەوڵەمەندتر و جوانتر کردووە. بواری دەربڕینیشی لەپێشدا فراوانتر کردووە. واتە خوێنەری زیاتریشی بۆ ڕۆمان پەیدا کردووە.

لەلای خۆمان وا چاوەڕوان دەکرێت، دوای مەرگی چەند چەند شاعیرێکی ناسراو، کە بە ژمارە لە پەنجەی دەستێک تێناپەڕن، چیی تر دەزگەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە، دیوانە شیعر چاپ نەکەن. کۆوار و ڕۆژنامەکانیش لە فارگۆنی دواوەی خۆیاندا شیعر بار نەکەن. چاوەڕوان دەکرێت لە بیست سی ساڵی داهاتوودا، شیعر جێی خۆی لە لاپەڕەی کۆوار و ڕۆژنامەکانەوە بۆ فەیسبووک و ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان بگوێزێتەوە. واتە شیعر لە کاغەزییەوە ببێت بە ئەلیکترۆنی. وەکو تر ببێت و بە ئەدەبی بۆنەکان. لە نەورۆز و ئەنفال و ساڵوەگەڕی کیمیابارانداا، فیستیڤاڵ بۆ شیعر ساز بکرێت. ئەوسا ئەوانەی خوێنەر و نووسەری شیعر بن، ڕوو دەکەنە تۆڕەیلی ئینتەرنێت. کە بڵاوکردنەوەی شیعر لەوێدا خەرجییەکیان لەسەر ناکەوێت.

لەلایەکی ترەوە پێم وایە ئەو سەردەمە بەسەرچووە، کە شیعریش وەک باروت بۆ شۆڕش و شۆڕشگێڕان پێویست بێت. شیعر هەژاران تێر ناکات و جووتیاران بەشۆڕشگێڕ ناکات. ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە ئێمەی خوێنەر، یان وەرگر پێشتر ئەوەمان نەزانیبوو، کە شاعیرەیلیش وەک مرۆڤی ئاسایی بەئاسانی لە بەرانبەر پارە و دەستکەوتدا دەنوشتێنەوە و لە ئاستی پلە و پایەدا قەڵەمەکانیان لە گۆ دەکەون!

شیعر ئەو بایەیە، کە دەتوانێت تەنیا پەردەی پەنجەرەکان بلەرێنێتەوە. وەلێ ناتوانێت ماڵی

زۆرداران بڕووخێنێ. چیی تر شیعری ئاگراوی ناکارێ بەهار بێنێتە چۆکان. دەنگی شیعری شۆڕشگێڕ نەگەیشتە گوێی نەوەی نوێ و کاری تێ نەکرد. تەنانەت ئێستا فەڵەستینییەکانیش موویان بە شیعری شۆڕشگێڕی نابزوێ!

ڕۆمان و چیرۆک دروشم بەرز ناکەنەوە. ڕۆمان ڕووبەرێکی فراوانی بەدەستەوەیە. لەوێدا دەکارێ ڕۆشنایی بخاتە سەر جومگە لاوازەکان. ڕۆمان دەستی کراوەترە. نوشوستییەکان پەردەپۆش ناکات و پەنجە دەخاتە سەر زامەیل و فێڵە سیاسییەکان قاو دەدات و بەگژ گەندەڵیدا دەچێتەوە. ڕۆمان چاکتر پێی دەکرێت ئاوەز بجووڵێنێت و بیخاتە سەر ڕاستەڕێی هزرین و بیرکردنەوە. ئەگەر شیعر مامەڵە لەگەڵ سۆزدا بکات ئەوا ئەدەبی گێڕانەوە بە گشتی مامەڵە لە تەک مێنتاڵدا دەکات. لەم سێ دەیەی ڕابردوودا، بارتەقای سەدان ساڵی سەدەکانی ڕابردوو گۆڕان ڕووی داوە. ئایدیۆلۆجیای زەبەلاح و دەوڵەتەیلی زەبەلاح هەرەسیان هێنا، کە ئیلهامگەێنیی زۆرێک لە شاعیرەیل و نووسەرەیلی دنیای ڕۆهەڵات بوون. ئەمەیش هۆکارێکی تری پاشەکشەی شیعر بوو.

بەناوی مۆدێرن و دوای مۆدێرنەوە، شیعر بە ڕادەیەک لە ڕەگ و ڕیشەی خۆی دوور کەوتووەتەوە، دیوارێک لە نێوان شیعری ئێستا و شیعری ڕەسەنی کوردیدا بەرز بووەتەوە. چیرۆک و ڕۆمانیش گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، وەلێ بەو ڕادەیەیش لە هونەری گێڕانەوە بەتاڵ نەبوونەتەوە. شیعر ڕووخساری ناناسرێتەوە. کە شیعرە، بەڵام ڕۆمان بەو هەموو گۆڕان و پێشکەوتنەی وا بەسەریشیدا هاتووە، هێشتا بەئاسانی دەناسرێتەوە. ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی گێڕانەوە وەک خۆیان ماون و هێشتا ڕۆمان ژانرێکە سەر بەئەدەبی گێڕانەوەیە.

شیعر دەست لەسەر (من) دادەگرێت. منێک کە گوزارشت لە زاتی شاعیر دەکات، کە شاعیر لەوێدا تاکێکە خۆی بە چەقی گەردوون دەزانێت. تەواو پێچەوانەی منی لەمەڕ چیرۆک و ڕۆمان، کە گوزارشت لە زاتی نووسەر ناکات. بگرە (من) لەوێدا ڕاناوێکە لەلایەن نووسەرە بە پەسند زانراوە و گێڕانەوەی حیکایەتی پێ بسپێرێت، لە کاتێکدا منی شاعیر، بە زۆری باس لە تەنگژەکانی ناخی خۆی، نامۆیی و بێتاقەتیی خۆی دەکات، کە ئەو لە هیچ سەردەمێکدا بەم ڕادەیەی ئێستا بە خەمە کەسەکییەکانی خۆیەوە سەرقاڵ نەبووە. واتە تەنگژەکە لەلایەک لای شاعیر و لە ناوەخۆی شیعر و ئامرازەکانی شیعردایە، لەلایەکی ترەوە لە دەرەوەی شیعریشدایە. سەردەمێک بوو، هەم ئێمەی خوێنەر، هەمیش ڕەخنەگر ئومێدی گەورەمان بە ژانری شیعر هەبوو. ئێمە ئەرکی زۆریان بەکۆڵی شیعر و بەسەر شانی شاعیریشدا دابوو، وا دیارە ئێمە زێدەڕۆییمان لەو ئەرکانەدا کردبوو.

ڕۆمان و چیرۆک مێژوویەک دەنووسنەوە، کە مێژوونووسان لەبەر هەر هۆیەک بووبێت خۆیان لێ بواردووە و نەچوونەتە ژێر باری. ڕۆمان و چیرۆک گومان لە تەواوی ئەو پڕۆژانە دەکەن، کە بەبێ کەموکووڕی خۆیان لای ئێمە دەخەنە ڕوو.

لەسەرێکی ترەوە تەنگژە لە بواری ڕەخنەشدا هەیە، کە ئەمەیان هەر بەشیعر تایبەت نییە بگرە هەموو بوارەکانی ئەدەبی گرتووەتەوە، جێی وتنە خێڵەیلی گچکەی ئەدەبی لەم دەڤەرەی ئێمەدا

کوارگ ئاسا هەڵتۆقیون و سەریان بەیەکدا کردووە، بە ڕاست و چەپدا وەک دەستیاو، بێ بنەما بە شان و باڵی بەرهەمی یەکودوودا هەڵدەدەن. خۆ ئەگەر هەر شاعیر و چیرۆکنووسێک سەر بەخێڵە ئەدەبییەکەی خۆیان بێت، ئەوا هەڵی دەنێن و سەری دەیگەیەننە پەڕەکەی ئاسمان. نووسەری تاینیش پەڕ و باڵی لێ دەڕوێت و پرۆڤەی فڕین دەکات، کە ئەو هێشتا فێری زۆرێک لە وردەکارییەکانی شیعر نەبووە. هەندێک جاران لە نەدیتە، واتە هێشتا شاعیر، یان نووسەر بەرهەمەکەی خۆی بڵاو نەکردووەتەوە، کەچی ڕەخنەگری خێڵ کەوتووەتە پەسندان و بەباڵابڕینی.

ڕەخنەکان وێڕای ئەوەی بێ بنەما و دەستیاون، ڕەخنەی ڕۆژنامەن و قووڵبوونەوەیان تێدا نییە. ڕەخنەگرەکانیش هێشتا نەبوون بە ناوەیلی ئەوتۆ جێی متمانەی نووسەرە جیدییەکان بن. ئەوەندە هەیە دەتوانن خوێنەری ئاسایی ببەن بەفێڵدا و خۆڵ بکەنە چاوی. شاعیرە هەڵنراوەکانیش ڕۆژانە بەباڵای ئەو نووسەرانەدا هەڵدەدەن گوایە ئەوان توێژەری شارەزا و بلیمەتی سەردەمی خۆیانن.

دیارە کاری وەها بە چاکەی فەرهەنگی ئێمە ناشکێتەوە و لەم ناوەدا بەرهەمە نایابەکان زیانیدە دەبن. خۆ ئەگەر بهاتایە ژمارەیەکی بەرچاو توێژەری بەدەربەست و شارەزا لە گۆڕەپانەکەدا چالاک و ئامادە بوونایە، ئەوا ڕێیان پێشانی زۆرێک لە شاعیرە لاوەکان دەدا. وێڕای ئەوەی زۆرێک لەوانەی وا کڵاوی شیعریان لەسەر نراوە، توانای ڕاستینەی خۆیان بۆ دەردەکەوت و خۆیان پاشەکشەیان دەکرد و دەچوونەوە کار و کاسبیی خۆیان. بەڵام ژمارەی ڕەخنەگری بەدەربەست لە چاو ئەو ژمارە زۆرەی شاعیردا بەراورد ناکرێت.

لەلایەکی ترەوە، وەک چۆن زۆرێک لە حیکایەت و ئەفسانەی دنیا هەن، تەواو لەیەک دەچن. مەگەر ئەوەندە هەبێ کات و شوێنی سەرهەڵدانیان جیاواز بێت. نەوەیەکی شاعیریش لەم باشووری کوردستانە پەیدا بوونە دەڵێی بە قەڵەمێک لەسەر یەک پارچە کاغەز شیعر دەنووسن و بە یەک مێشکیش بیردەکەنەوە. ئەوان لێبڕاوانە یەکودوو پاتە دەکەنەوە. لە کاتێکدا هونەر لە جیاوازیدایە نەک لە لاساییکردنەوەدا. پێم وایە لە هەر زەمان و زەوینێکدا، ئەگەر بەرهەمی دە نووسەر لەیەک چوون، ئەوا نۆیان زیادە. ئەمڕۆ ژمارەی ئەو شاعیرانەی، کە دەتوانن جیاواز بنووسن ئەوەندە کەمن، بە گۆڕەپانەکەوە دیار نین.

بەم پێیە بێت، ئەم هۆکارانە بەسەریەکەوە گەلەکۆمەکێ لە ژانری شیعر دەکەن، ئەگەرچی ئێستایشی لەگەڵدا بێت، لە قۆناغەکانی خوێندنی زمانی کوردیدا، گرینگییەکی ئەوتۆ بە ئەدەبی گێڕانەوە نەدراوە و هێشتا لە پرۆگرامەیلی خوێندندا، ژانری شیعر بە کۆن و نوێیەوە، ڕۆشنایی زۆرتری لەسەرە.

سلێمانی – ٢٠١٢/٤/١٧

سەرنج: ئەم بابەتە لە فیستیڤاڵی نەتەوەییی شیعری کوردیدا (هەولێر ١٥– ٢٠١٢/٥/١٧) خوێندراوەتەوە.

# چاوپێکەوتنێک لەگەڵ
# نووسەری میسری بەها تاهیر

سازدانی: کارێن کرویگەر

### دەست لە شۆڕشەکەمان مەدەن !

نووسەر و وەرگێڕ و دەرهێنەری شانۆیی میسری بەها تاهیر، رۆڵێکی گەورەی لە رووخانی ڕێژیمی حوسنی موبارەکدا گێڕا. لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ رۆژنامەی فرانکفورتە ئەلگەماینە تسایتوونگ بەها تاهیر لەبارەی سانسۆر و ئەدەب و هەڵبژاردنەکانی میسرەوە دەدوێت.

بەها تاهیر لە ساڵی ١٩٣٥ لەدایک بووە، هەموو ڕووداوە گرینگەکانی میسری بینیوە، سەرەتا وەکو رۆژنامەنووسێک پاشان وەکو نووسەرێک کە خەونی سیاسیی گەورەی هەیە. هەروەها بەشداریی لە دامەزراندنی بزاڤی " کفایە، بەسە"ی جەماوەری کرد، کە داوای رووخانی رێژیمی حوسنی موبارەکی دەکرد و بەردی بناغەی شۆڕشی بیست و پێنجی یانوەری دانا.

لە شاری لایبزیگ بینیم لەوێ رۆمانە نوێکەی " Die " ی پێشکێش دەکرد و کە تازە کراوە بە ئەڵمانی، هەژی گوتنە ئەم رۆمانە ساڵی ٢٠٠٨ خەڵاتی جیهانیی رۆمانی عەرەبیی بەدەست هێناوە. بەها تاهیر کەسێکی رووخۆش و هێمن و بەڕێزە، لەگەڵیدا کەمێک پیاسەمان کرد و رۆیشتین بەڵام دواتر لە قاوەخانەیەک دانیشتین، چونکە ئازارێکی زۆری لە ئەژنۆکانیدا هەیە، زۆری پێ ناخۆش بووە، کە لە کاتی شۆڕشی میسریدا نەیتوانیوە هەموو رۆژێک بچێتە مەیدانی تەحریر، هەرچەندە چەندین ساڵە چاوەڕێی رۆژێکی ئاوای کردووە.

* بەڕێز تاهیر، رۆژی چوارشەمەی بیست و سێی ئایاری پێشوو، هەڵبژاردن دەستی پێ کرد بۆ ئەوەی سەرکۆمارێکی نوێ بۆ میسر هەڵبژێرێت. بۆ یەکەمین جاریش لە مێژووی میسردا، دوێلێکی تەلەڤزیۆنی لە نێوان پاڵێوراوەکاندا هاتە ئەنجامدان، ئاخۆ

.........................................

وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا



ئەمەت بینی؟.

– بەدڵنیاییەوە، هەموو میسر لە بەردەم شاشەکانی تەلەڤزیۆن دانیشتبوون، قاوەخانەکان زۆر قەرەباڵغ بوون، چونکە خەڵکی زۆر تینووی سیاسەتێکی شەفافن، ئەمەش هیچ وەختێک لە میسردا بوونی نەبووە.

* لەم هەڵبژاردنەدا سێزدە کاندید بەشدارن، بەڵام بۆچی هەلی بەشداریکردن لە دوێلێکی تەلەڤزیۆنی تەنیا بە کاندیدی لیبراڵی عەمرو مووسا و کاندیدی ئیسلامی عەبدول مونعیم ئەبوفەتوح دەدرێت؟.

– چونکە دەگوترا ئەو دووانە بەرزترین ڕێژەیان لە لیستی کاندیدەکانەوە هەیە، بەڵام ئەمە ڕاست نییە، پێ دەچێت ئامانج لەم دوێلە ئەوە بووبێت کە ئەم دووانە بکەنە گرینگترین کاندیدی هەڵبژاردنەکان.

* ئاخۆ حەز دەکەیت کامیان ببێتە سەرۆکی نوێی میسر؟

– هیچ کامیان، من پێم وایە حەمدین سەباحی لە هەموویان باشترە، لەبەرئەوەی کەسێکی عیلمانییە و هەموو کاتێکیش دژی ڕژێمی حوسنی موبارەک خەباتی دەکرد. هەرچەندە ژنەکەم زمانی عەرەبی نازانێت، لێ کاتێک جارێکیان ئەوی بینی قسە دەکات، پێی گوتم: سەیری سیماکان و وێنەکانی دەموچاوی بکە، ئەو کەسێکی باش دیارە، بەڵام نایباتەوە چونکە دەوڵەمەند نییە.

* ئاخۆ ئەمە پێوانەیە؟

– بەدڵنیاییەوە! تەواوی قاهیرە پڕ کراوە لە پلاکارتی هەڵبژاردن، بەڵام هەتا جارێک دەموچاوی سەباحی دەبینم، دەبێت زۆر هەوڵ بدەم هەتا دەموچاوی بدۆزمەوە.

* کێ خەرجی پلاکارتەکانی ئیخوان موسلمین دەدات؟

– ئێمەش هەموومان حەز دەکەین ئەوە بزانین. ئەوان دەڵێن گوایە ئەم پارەیە لە دەنگدەرانەوە دێت، بەڵام من هەتاوەکو ئێستا پارەی یەک پلاکارتی سەباحیم نەداوە.

* پێ دەچێت سعوودییەکان بن؟

– ئەو قسەیە هەیە، هەروەها ئەو قسەیەش هەیە کە گوایە لایەنگرانی حوسنی موبارەک پارەیەکی زۆر بۆ کاندیدەکانیان خەرج دەکەن. کەسیش نازانێت لەم هەڵبژاردنەدا پارەکە لە ناوخۆوە دێت یان لە دەرەوە، ئەمەش ترسی خستووەتە دڵی خەڵکییەوە.

* مەحموود پاڵەوانیی رۆمانی " Die " بەهۆی ئەوەی دەیەوێت رەوشە سیاسییەکان بگۆڕێت، تووشی بێئومێدی و بێهیوایی بووە، ئەو دەیەوێت بارە سیاسییەکە بگۆڕێت بەڵام فەشەل دەهێنێت. لە ساڵی ٢٠٠٨دا ئەم رۆمانەت نووسیوە، کە ئەمەش وەکو پێشبینییەکە بۆ رەوشی ئێستایە؟

– پێ دەچێت ئەوە راست بێت، بەڵام ئاخۆ هەموو کاتێک ئەدەب پێشبینیی نەبووە؟.

* هەموو حەماسە شۆڕشگێڕییەکە بووەتە بێهیواییەکی گەورە، ئاخۆ ئێوەش تووشی بێهیوایی بوون؟

– نەخێر، چونکە لە مێژوودا بۆمان دەردەکەوێت کە هەموو شۆڕشێک خاڵی بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی هەبووە، ئەم حاڵەتەش لە شۆڕشی میسریدا هەیە. ئێمە هێشتا لە سەرەتای شۆڕشەکەین، لەبەر ئەوە نابێت هەموو کاتێک حوکمی لەسەر بدەین، چونکە ئێمە تووشی ئازارێکی زۆر ناخۆش دەبین لەگەڵ هەموو نشووستێکدا، لە کاتی سەرکەوتنیشدا زۆر گەشبین بین و وەکو شێت هەڵدەپەرین، بەدڵنیاییەوە ئەمەش لەگەڵ مندا روو دەدات.

* ئێوە هەموو ژیانتان سیاسی بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاخۆ ئەم حاڵەتە بەم شێوەیە نارەحەتتان دەکات؟

– من کاتێک شۆڕشەکە سەری هەڵدا زۆر دڵخۆش بووم، من لەو چەند هەفتانەدا زۆر خۆشی و شادیم بینی کە بەشێوەیەک کە بەشی تەمەنێکی زۆرم دەکات، بە دڵنیاییەوە من موبالەغە ناکەم. بەڵام پاشان کێشەکان سەریان هەڵدا، ئەویش لەبەرئەوەی کە شۆڕش پراکتیکی نوقسانە.

* ئاخۆ ئەمە ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە پێشەوایەک نییە؟

– دیارە ئەمە لەلایەکەوە شتێکی پۆزەتیڤ بوو، هەر ئەمە خۆی لە خۆیدا شتێکی پۆست مۆدێرنی بوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکانێکی زۆر سواری قیتاری شۆڕش بوون و ویستیان خۆیان بکەنە رابەریی شۆڕشەکە، لە ئیسلامییەکانەوە بیگرە تا سوپا و ئانارشیستەکان" ئاژاوەگێڕ". خۆشبەختانەش شۆڕشگێڕەکانی یەکەمین ساتی شۆڕش هێشتا ماون، کاتێک کەسێک بیەوێت شۆڕشەکەیان بدزێت، ئەوا ئەوان بەرگریی لێ دەکەن، تەنانەت ئامادەن خوێنی خۆشیان لەو پێناوەدا بەخت بکەن.

* بەڵام هەتاوەکو ئێستاش دیسانەوە لە شەقامەکانی میسردا خوێن دەڕژێت، ئاخۆ خەڵکی هێشتا لە تۆڕی ئینتەرنێتدا مەوعیدی خۆپێشاندانەکان دادەنێن؟

– نەک تەنیا ئەوە، بگرە زۆرجار ئەوە روو دەدات کە دوژمنانی شۆڕش بەناوی ساختەوە دێنە

سایتە تایبەتییەکانی شۆڕشەوە. ئێستا ناتوانین لە ناوی ئەو کەسانە دڵنیا بین و بزانین کێن. لێ ئەوەی کە گرینگە، ئەوروپایی و ئەمەریکاییەکان وازمان لێ بهێنن.

* بۆچی دەبێت رۆئاوا وازتان لێ بهێنن؟

– لە هەموو شۆڕشێکی ئێمەدا کە تا ئێستا رووی دابێت، ئەوان تەداخولیان کردووە و هەموو شتێکیان تێک داوە. کاتێک شۆڕشی ئەمجارەیان دەستی پێ کرد، ئەمەریکا و ئەوروپا لە سەرەتادا لەگەڵ حوسنی موبارەک بوون. لێ کاتێک بۆیان دەرکەوت کە ناتوانن شۆڕشەکە ڕابگرن، لە پڕ رۆئاوا پشتگیریی لێ کردین. بەڵام ئاخۆ هەڵوێستی راستەقینەی رۆئاوا چی بوو؟ وە ئاخۆ بەرژەوەندییان چی بوو؟. من ناتوانم وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەمەوە.

* زۆرێک لە رۆئاوادا پێیان وایە کە دیموکراسی لەگەڵ ئیسلامدا نایەتەوە؟

– ئەمە شتێکی پڕوپووچە، چونکە لە تورکیا و مالیزیا پێچەوانەی ئەم بۆچوونەیە. پێ دەچێت دەبێت هەموومان ببین بە بودی، چونکە وابزانم ئەمەیان لە هەموو شتێک ئاسانترە.

* ئاخۆ شۆرش هیچ گۆڕانکارییەکی لە کاری نووسەردا ئەنجام داوە؟

– تۆ دەزانیت من سێ سەردەمی سیستەمی سانسۆرم دیوە، هەموویان یەک لە دوای یەک خراپتر بوون. لە سەردەمی مەلیک فاروقدا ئەو شتانەی کە سانسۆر حەزی پێیان نەبوو، لایدەبردن، پێ دەچوو ئەو شتەی کە لابراوە، ڕستەیەک بێت یان لاپەڕەیەکی تەواوەتی. لە سەردەمی ساداتدا ئەو بنەوایەی کە پێڕەو دەکرا ئەوە بوو، کە خەڵکی دەتوانێت چی حەزی پێ دەکات بڵاوی بکاتەوە و چاپی بکات، بەڵام دەبێت بەرگەی بەرەنجامەکانیشی بگرێت، واتە زیندانیکردنی یان پارەی کارەکەی نادەن، ئەمەش مانای ئەوەیە، کە درەنگ یان زوو دەبێت واز لە کارەکەی بهێنێت.

* ئێوە کاتی خۆی وەکو وەرگێڕ چوون بۆ سویسرا، بەڵام پاش هەشت ساڵ گەڕانەوە..

– .. من ناشیرینترین و قێزەونترین جۆری سانسۆرم بینی، مەبەستم سانسۆری جەماوەرە کە هەتاوەکو ئێستاش بەردەوامە. سیاسەتی حوسنی موبارەک برێتی بوو لەوەی، دەیگوت، وازیان لێ بێنن چی دەڵێن با بڵێن، بەڵام گەر کەسێک تێکەڵاوی سیاسەت بکات، ئەوا لەوانە بێت لە هەلومەرجێکی تایبەتیدا ژیانی لەسەر دابنێت . لەبەر ئەوە کەسێک بۆ خۆی چاودێریی خودی خۆی دەکات و دەبێتە سانسۆری خۆی، وە هەر خۆشی سنوور بۆ خۆی دادەنێت، ئەمەش لە هەمووی خراپترە. بۆ نموونە نەجیب مەحفووز کاتێک ئیسلامییەکان ساڵی ١٩٩٤بە چەقۆ پەلاماریان دا. کەسێک دەتوانێت تووشی زیندانیکردن ببێت، لەوانەشە کرێی کارەکەشت وەرنەگریت، بەڵام سانسۆری جەماوەر لەوانە بێت تووشی کوشتنت بکات. ئەمەش شەڕێکی گەورەیە، هەر بۆیە



منیش پشتگیری لە حەمدین سەباحی دەکەم، چونکە بەرگری لە کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات.

* ئاخۆ چ شتێک ناتوانیت بینووسیت؟

– من هەموو شتێک دەنووسم، هیچ وەختێکیش ملکەچ نابم، من مردنم لە ملکەچی پێ خۆشترە. لێ من دەزانم کە هەندێک نووسەر هەن، لە قەبارەی ئەم ترسە ئاگەدارن و، تەنانەت نامەی هەڕەشەئامێزیشیان پێ دەگات، ئەمەش کاریگەری دەبێت بەسەر کارەکانیانەوە، هەر بۆیە ئەوان دەگۆڕێن.

هەواڵنامەی کتێب

* چۆن دەگۆڕێن؟

– دەبنە کەسانی دینی، یان بەلایەنی کەمەوە لە پڕێکدا خۆیان بەو شێوەیە دەردەخەن.

* ئاخۆ هیچ کتێبێک هەبوون کە گرینگ بوون بۆ شۆڕش؟

– لەم بارەیەوە دەتوانم بڵێم نووسەرەکان لە کتێبەکان گرینگتر بوون. گەنجەکانی مەیدانی تەحریر باوەڕیان بەچەند نووسەر و شاعیری تایبەتی خۆیان هەبوو. بە نیسبەت شۆڕشگێڕەکان ئەو نووسەر و شاعیرانە، تەنیا ئەوان لەم وڵاتەدا بە ڕاستگۆ دەزانن، چونکە ئەوان بەشدارن لە دروستکردنی بەها پیروز و گرینگەکانیان. هەر بۆیە جۆرە هەستێکیان لەلا دروست کردوون، وەکو ئەوەی بڵێیت هەردووکیان لە یەک کەشتیدا دانیشتوون.

* ئەی ئەوانە کێن؟

– ئەمەل دنقل کە شاعیرێکە لە هەمان نەوەی منە و لە ساڵانی هەشتاکاندا کۆچی دوایی کرد، هەموو خەڵکی لە مەیدانی تەحریر شیعرەکانی لەبارەی ئازادییەوە دەگوتەوە. هەروەها ئەبنودی یان سەید حیجاب بۆ شۆڕش زۆر گرینگ بوون، بەدڵنیاییەوە نەجیب مەحفووزیش. بەڵام واز بێنە با من لێرەدا شتێکی ترت بۆ باس بکەم، هەرچەندە زۆر دڵنیاش نیم لەوەی کە ڕاست بێت، لە پێنج ساڵی پێشوودا بەر لە سەرهەڵدانی شۆڕش، فرۆشی کتێب لە میسر سێ ئەوەندەی پێشوو زیادی کردووە، ئەم زیادبوونەش هەتاوەکو ئەمڕۆش بەردەوامە، هەرچەندە کتێب خوێندنەوە لە گێتیی عەرەبیدا زۆر بڵاو نییە. لێ خەڵکی لەناو ئەدەبدا ئەو ڕاستییانە دەرک پێ دەکات، کە عادەتەن لە واقعیدا لێی قەدەغە دەکرێت.

* ئەی نووسەرە گەنجەکان؟

– زۆر نووسەری گەنج دیار نییە، بەتایبەت ئەوانەی کە بۆچوونێکی ڕەخنەئامێزیان لە کۆمەڵگەی میسری هەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر دەبێت ناوی عەلا ئەسوانی بهێنین.

* بنووسی ڕۆمانی "عمارە یعقوبیان"؟

– بەڵێ، ئەم ڕۆمانە گوزارشت لە وێنەیەکی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەی میسری دەکات، لەم ڕۆمانەدا گەندەڵییە سیاسییەکان کەشف دەکات، باسی لە چۆنێتیی بەکارهێنانی ئاینی دەکات بۆ هەندێک کاری شەیتانە. هەروەها ئەسوانی یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی بزاڤی "کفایة" و بەبەردەوامیش لە مەیدانی تەحریر بوو.

* ئاخۆ ئێوەش چوون بۆ مەیدانی تەحریر؟

– من یەکێک بووم لەو کەسانەی کە هەر لە سەرەتاوە دژی حوسنی موبارەک خۆپێشاندانم دەکرد، بەڵام کاتێک ڕەوشەکە پێ گەیشت و تەواو گەرم بوو، قاچم هەموو شتێکی لێ تێکدام و هەموو پلانەکانمی هەڵوەشاندەوە، چونکە من بەتەواوەتی نەمدەتوانی بڕۆم بەڕێگەدا، لەبەر ئەوە تەنیا دوو یان سێ جار توانیم بچمە مەیدانی تەحریر. هەر جارێکیش چووبێتمە ئەوێ، زۆر بەگەرمی پێشوازییان لێم کردووە. تەنانەت ئەو کتێبانەشی لەو کاتانەدا لەبارەی شۆڕشەوە دەنووسران، هەموویان ئاماژەیان بە ڕۆڵی من دەکرد، لە دروستکردنی ئۆپۆزیسیۆن لە ساڵانی پێش سەرهەڵدانی شۆڕش. باوەڕم پێ بکە زۆر زۆر دڵخۆش دەبووم و شەرەفێکی گەورەش بوو بۆم، گەر بمتوانیبایە لە کاتی سەرهەڵدانی شۆڕشدا ڕۆڵێکی گەورەتر بگێڕم. بەڵام بەداخەوە ئەمە ڕووی نەدا، چونکە قاچم هیچ یارمەتیی نەدام بۆ ئەوەی بەشداریی خۆپێشاندان و کاری جیاوازی تر بکەم.

* لە مەیدانی تەحریر چۆن پێشوازییان لێ دەکردن؟

– بەخۆشحاڵییەوە پێشوازییان لێ دەکردم، ئەمەش منی زۆر دڵخۆش کرد. دیارە بۆ من زۆر ناخۆش دەبوو، گەر گەنجەکان وا هەستیان بکردایە کە من پشتگیرییان ناکەم. لێ من زۆر هەست بە تاوان دەکەم، چونکە نەمتوانی بەشێوەیەکی تەواوەتی بەشدارییەکی ڕاستەقینانە بکەم، ئەم هەستەش هەتا ماوم ئازارم دەدات.

* ئێستا ئیخوان موسلمین هێزێکی گەورەن لە میسر؟

– ئەمەش خەتای ڕۆئاوایە.

* ڕۆئاوا؟!

– بەڵێ!. لە ساڵانی شەستەکاندا زۆرێک لە گرووپی ئیخوان موسلمین چوون بۆ ئەمەریکا و ئەوروپا، ئەو کات ئەوان دژی جەمال عەبدولناسر و بزاڤی ناسیۆنالیستی بوون، ئەمەش بەدڵی وڵاتانی کەنداو و ڕۆئاوا بوو، ئەوان پێشوازییان لێ کردن و لە ئامێزیان گرتن. بەم شێوەیەش ئیخوان مسلمین توانی پارەیەکی زۆر کۆ بکاتەوە، ئەوان ئێستا زۆر دەوڵەمەندن و بەپارەکانیان دەتوانن شۆڕشێکی دژە شۆڕش دروست بکەن.

* ئاخۆ ئەمە جارێکی تر نامانگەڕێنێتەوە بۆ بابەتی، کێ تەمویلی پلاکارتی هەڵبژاردنەکان دەکات؟

– بەڵێ، لەوانە بێت.

* ئەی باشە چی دەبێت گەر هاتوو سەرۆکی نوێی میسر لە ئیخوان موسلمین بێت؟

– ئەو کاتە ڕەوشەکە تەواو ترسناک دەبێت، چونکە سوپا ئەم ڕەوشەی بەدڵ نابێت. چونکە لە میسردا تەنیا یەکێک هەیە، هەردوو بەرەش دەیانەوێت دەستی بەسەردا بگرن، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی کارەساتێکی گەورە.

* ئەی باشە نووسەران دەبێت چی بکەن؟

– ئێمە لە خەبات بەردەوام دەبین هەرچەندە ئێمە شەهیدێکی زۆرمان لەم پێناوەدا داوە، بەڵام بەردەوام دەبین و ناگەڕێینەوە بۆ دواوە. میسری نوێ لەسەر شانی ڕۆشنبیرەکان دروست بووە. بەهیچ شێوەیەکیش ناگەڕێینەوە بۆ دواوە، چونکە خوێنێکی زۆرمان ڕشتووە.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی فرانکفۆرتە ئەلگەمایندە تسایتوونگی ئەڵمانی

Finger Weg Von unserer Revolution!.www.Faz.net.22.05.2012



هەواڵنامەی کتێب

# ئەمین مەعلوف
# ئەو دەنگە رۆهەڵاتییەی کە رۆئاوا گوێی لێ دەگرێت

ئەردەڵان عەبدوڵڵا

لەم مانگەدا کۆمەڵێک هەواڵ سەردێری رۆژنامە و کۆوارەکانی رۆئاوا بوون. وەکو هەموو جارێک هەواڵی کوشتن، کاری تیرۆریستی، هەڵبژاردنی ساختە، شەڕی ناوەخۆیی...هتد، بە کورتییەکەی هەموو هەواڵی ناخۆش بوون. لە میسر ئیسلامییەکان دەنگی شەقامیان داگیر کرد، عەسکەریش پەرلەمانی هەڵوەشاندەوە، کەسیش نازانێت پرۆسەی هەڵبژاردن و دیموکراسیی میسری بەرەو کوێ دەچێت. بەهاری عەرەبی شەقامەکانی سووریای خوێناوی کرد، رۆژ نییە هەواڵی کوشتوبڕی خەڵکی بڵاو نەبێتەوە و بەعسیش هەر خۆی بەحاکم دادەنێت و نەیارانیشی بە پیاوی بێگانە. بەهاری عەرەبییش، رەنگێکی خاکی و ئیسلامیی لەخۆ پۆشیوە، کەسیش نازانێت ئاخۆ رێگە بە ڕەنگەکانی تر دەدرێت سەوز ببن یان نا؟. باش بوو یەکێک لە پیرەپیاوانی ئال سعوودیش کۆچی دواییی کرد، لێ پیاوێکی پیرتر جێگەی گرتەوە. با باسی عێراقیش نەکەین، خوا پەنامان بدات کەس نازانێت بەرەو کوێ دەچێت و لە کام هەواری رۆم و عەجەمدا دەگریسێتەوە.

بەڵام لەناو ئەم هەموو هەواڵە ناخۆش و جەرگبڕانەی رۆهەڵاتدا، هەواڵێکی خۆش لە رۆئاواوە هات بۆ رۆهەڵات. بوون بەئەندامی یەکێک لە پیاوە رۆهەڵاتییەکان لە ئەکادیمیای فرەنسی، یەکێک بوو لە هەواڵە گرینگەکانی ئەم مانگە. بەتایبەت لە ڕووی فەرهەنگییەوە زۆر گرینگییان پێ دا، لە هەمان کاتیشدا خۆشحاڵییەکی گەورەشی خستە دڵی رۆهەڵاتییەکان بەگشتی و لبنانییەکانیش بەتایبەتی.

لێ با سەرەتا بەوە دەست پێ بکەین و لە خۆمان بپرسین، ئاخۆ ئەم هەواڵە هێندە گرینگە کە ئێمە خۆمانی پێوە هیلاک بکەین و وتارێکی بۆ دابین بکەین؟. بەڵێ، چونکە ئەمە هیوایەکی گەورەیە بۆ گەیشتنی دەنگی عەقڵ و ئەدەب و زاڵبوونی بەسەر دەنگی فیشەک و دڵڕەقی و شەڕ.

ئەمین مەعلوف، کە رۆماننووس و رۆژنامەوان و بیرمەندێکی فرەنسی بەرەگەز لبنانییە، یەکێکە لە دەنگە ناسراوەکانی رۆهەڵات لە رۆئاوا بەتایبەتی لە فرەنسا. ئەم بیرمەندە ساڵانێکی زۆرە،



ژیانی خۆی بۆ دیالۆگی ڕۆهەڵات و ڕۆئاوا و ڕووخانی ئەو دیوارەی نێوان ئەم بەرەیەی کردووەتە پیشەی خۆی، هەروەک لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانیدا ئەم ڕاستییەی گوت[1].

## Académiefrançaise ئەکادیمیای فرەنسی چییە؟

ساڵی ١٦٣٥ بە فەرمانی مەلیک لویسی سێزدە ئەکادیمیای فرەنسی دامەزرا. ئامانجی سەرەکیی ئەم ئەکادیمیایە گرینگیدان بە زمانی فرەنسی و داڕشتنی وشە و گراماتیکی زمانی فرەنسی بوو٢. بەڵام پاشتر ئەم ئەکادیمیایە (پەیمانگایە) بوو یەکێک لە سیمبولە گەورەکانی کولتووری فرەنسی. ئەم ئەکادیمیایە سەرەتا لە ٣٤ ئەندام پێک دەهات، بەڵام پاشتر کرا بە ٤٠ ئەندام. هەتاوەکو ئەمڕۆش کۆی ئەندامانی گەیشتوونەتە ٧٠٠ ئەندام. واتە لەو کاتەوە هەتاوەکو ئەمڕۆ، تەنیا حەوتسەد کەس، شەرەفی بەئەندامبوونیان لەم ئەکادیمیایە پێ بەخشراوە.

ئەندامانی ئەم ئەکادیمیایە سەرەتا تەنیا شاعیر و نووسەران بوون، لێ پاشان جەنەراڵ و دوکتۆر و زانای (فیزیکی و کیمیایی و زانستەکانی تریش) ڕێگەیان پێ درا کە بەشدار بن لەم ئەکادیمیایە. ئەم ئەکادیمیایە ئەمڕۆ زیاتر سەرپەرشتیی کاری کولتووری و دیالۆگی ئاینی و

بەخشینی خەڵاتی ساڵانە لە بواری ئەدەبیدا، دەکات.

بەڵام یەکێک لەو رەخنانەی کە لەم لە ئەکادیمیایە دەگیرێت ئەوەیە، کە کۆمەڵێک بیرمەند و نووسەری ناسراوی گەورەی فرەنسی، شەرەفی ئەندامبوونیان پێ نەدراوە لەوانە : (بەلزاک، بۆدلێر، زۆلا، ڤلوبێر، رۆسۆ، سارتەر، کامۆ)، کە ئەمانەش ناوی دیاری فرەنسین و جێگە پەنجەیان بەسەر کولتووری فرەنسی و جیهاندا دیارە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ئەکادیمیایە سەنتەرێکی گەورەی کولتوورییە لە جیهاندا و شەرەفی ئەندامبوون تێیدا، گرینگی و بایەخێکی زۆری هەیە.

ئەمین مەعلوف دووەمین عەرەبە لەپاش نووسەری فرەنسی بە رەگەز جەزائیری (ئاسیا جەبار)، کە دەبێتە ئەندامی ئەکادیمیای فرەنسی. دیارە جاران تەنیا فرەنسییە ئەسڵییەکان بۆیان هەبوو ببنە ئەندامی ئەم ئەکادیمیایە، بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا کۆمەڵێک کەسی بیانی توانییان ببنە ئەندامی ئەکادیمیا لەوانە (هیکتور بیانکوتی ) کە بە رەگەز ئەرجەنتینییە، (فرانسواتشنگ) کە بە رەگەز چینییە.[٣]

## ئەمین مەعلوف کێیە ؟

ئەمین مەعلوف لە ٢٥ فێبراوەری ١٩٤٩ لە نزیک بەیرووت لەدایک بووە. باوکی رۆژنامەنووس بووە و دایکیشی مامۆستای زانکۆ و وێنەکێش و شاعیرەیەکی ناسراوی لبنانی بووە. بنەماڵەی باوکی لە ئەنتاکیای تورکیاوە هاتوون، دایکیشی خەڵکی تەنتای میسرییە. باوک و دایکی مەسیحی بوون.[٤]

بەحوکمی ئەوەی لە خێزانێکی هۆشیار و رۆشنبیری مەسیحی بووە، هەر بۆیە دەتوانێت خوێندنێکی باش تەواو بکات. سەرەتا لە قوتابخانەی یەسوعییەکان لە بەیرووت دەخوێنێت. دیارە ئەم قوتابخانانە مسیۆنێرە فرەنسییەکان دایانمەزراند. زیاتر خوێندنگەیەکی ئاینی بوو، وەلێ زمانی فرەنسی و کولتووری ئەوروپایشیی تێدا بڵاو دەکرایەوە. زۆرێک لە سیاسەتوانان و کەسانی ناوداری لبنانی، لەم قوتابخانەیە خوێندوویانە.

پاشان ساڵی ١٩٦٦ دەچێتە زانکۆی (قدیس یوسف) کە ئەمیش زانکۆیەکی مسیۆنێرە فرەنسییەکانە. لەوێ ئابووری دەخوێنێت. پاشانیش لە (مدرسة الاداب العلیا الفرنسیة)، کۆمەڵناسی " سۆسیۆلۆجی " دەخوێنێت. دیارە مەعلوف لە سەردەمی لاویدا زۆر هۆگری بیری چەپ بووە، نابێت ژ بیر بکەین ئەو ساڵانە بە سەردەمی زێڕینی چەپ دادەنرا لە جیهاندا و، زۆربەی گەنجانی جیهان، هۆگری بیری چەپ بوون.

پاش ئەوەی زانکۆ تەواو دەکات لە تەمەنی بیست و دوو ساڵیدا لە رێگەی سلیم نصری هاورێیەوە (ئەندرییە) دەناسێت و هەر لە هەمان ساڵدا خێزان پێک دەهێنێت. پاشان دەچێتە رۆژنامەی بەناوبانگی لبنانی و عەرەبییەوە (الانهار) کە سەرنووسیارەکەی رۆژنامەنووسی ناوداری

گەورەی عەرەب (غسان تونی) دەبێت، ئەمیش دۆستێکی نزیکی باوکی دەبێت. لەوێندەر لە بەشی ئابووریی رۆژنامەکە کار دەکات. پاشان دەچێتە (الانهار العربي دولي)، کە رۆژنامەیەکی تایبەتە بە سیاسەتی عەرەبی و جیهانی سەر بەرۆژنامەی (الانهار)ە. هەتاوەکو ساڵی ١٩٧٦ لەوێندەر کار دەکات.

بەڵام پاشتر بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕی نێوەخۆی لبنانییەوە، وەکو هەزاران لبنانیی تر رێگەی هەندەران دەگرێتە بەر و لبنانی دایک بەجێ دەهێڵێت. سەرەتا دەچێتە قوبرس و پاشانیش لەوێوە دەچێتە وڵاتی فرەنسا و، لەوێندەر دەمێنێتەوە و هەتاوەکو ئەمڕۆش هەر لەوێ دەژی.

## گەیشتن بە فرەنسای وڵاتی دووەمی لبنانییەکان

دیارە فرەنسییەکان چووبێتنە هەر وڵاتێکەوە هەوڵیان داوە کولتووری خۆیان بەسەر ئەو وڵاتەدا بسەپێنن. هەندێک جار لە رێگەی دروستەوە، زۆرجاریش بەتۆپزی کولتووری فرەنسییان بەسەر ئەو وڵاتانەدا سەپاندووە، بۆ نموونە (جەزائیر).

لێ فرەنسییەکان لە لبنان لە رێگەی دروستەوە هەوڵیان داوە کولتووری خۆیان بەسەر ئەم وڵاتەدا بسەپێنن. هەر بۆیە لبنانییەکان هەتاوەکو ئەمڕۆش زۆر شەیدای فرەنسا بەگشتی و پاریس بە تایبەتین. زۆربەی لبنانییەکان فرەنسا، بە وڵاتی دووەمیان دەزانن.

ساڵی ١٩٧٦ کاتێک ئەمین مەعلوف دەگاتە پاریس، لەوێندەر دەچێت لەگەڵ کۆواریی (ئیکۆنۆمیا) کار دەکات. کە کۆوارێکی ئابوورییە. پاشان دەچێت لە کۆواریی (ژون ئەفریک، ئەفریاکی گەنج) کار دەکات و پاشانیش دەبێتە سەرنووسیاری ئەم کۆوارە. دیارە ئەم کۆوارە زیاتر گرینگی بە ئەفریقیا دەدات، بەتایبەت ئەو وڵاتانەی کە پێشتر کۆڵۆنیای فرەنسا بوون. جێگەی گوتنە ئەم کۆوارە، وەکو چەکێکی ناسکی فرەنسییە لە ئەفریقیادا بەکاری دەهێنێت.

## ئەمین مەعلوف و کاری رۆژنامەوانی

دیارە ئەمین مەعلوف لە جیهانی پان و بەرینی رۆژنامەوانییەوە، خۆی خستە ناو زەریای ئەدەب. سەرەتای ژیانی بەکاری رۆژنامەوانییەوە خەریک بوو. سەرەتا لە رۆژنامە بەناوبانگەکەی (الانهار) ی بەیرووتییەوە دەستی پێ کرد. پاشانیش تێکەڵی سیاسەتی عەرەبی و نێودەوڵەتی بوو. کاتێکیش گەیشتە پاریس لە هەردوو کۆواریی (ئیکۆنۆمیا و ژون ئەفریک) کاری کرد.

دیارە مەعلوف جگە لەوەی لە بواری ئابووریدا زۆر شارەزا بوو، لە سیاسەتی نێودەوڵەتیش ئاگاییەکی باشیشی هەبوو. لە گەشتی رۆژنامەوانیدا، کۆمەڵێک وتاری نایابی نووسیوە. هەروەها وەکو رۆژنامەوانێکیش، لەسەر کۆمەڵێک جەنگی گەورەی جیهان نووسیویەتی و تێیدا ژیاوە، لەوانە (جەنگی ڤێتنام، عێراق و ئێران، لبنان و، رۆهەڵاتی ناڤین ).

ئەمین مەعلوف لە بواری رۆژنامەوانیشدا، جێگە پەنجەی دیارە و خەرمانێکی باشیشی لەم

بوارەدا تۆمار کردووە.

## وازهێنان لە کاری ڕۆژنامەوانی و خۆتەرخانکردن بۆ ئەدەب و فیکر

لە سەرەتای ساڵانی هەشتاوە مەعلوف خۆی تێکەڵی جیهانێکی تر دەکات، کە زۆر لە جیهانی ڕۆژنامەوانییەوە دوور نییە، ئەویش جیهانی ئەدەبە. لە ساڵانی هەشتاوە مەعلوف هەوڵ دەدات وردە وردە لە جیهانی ڕۆژنامەوانی دوور بکەوێتەوە و خۆی بۆ ئەدەب تەرخان بکات.

لە ساڵی ١٩٨٤ یەکەمین ڕۆمانی بەناوی (جەنگی خاچپەرستی لە دیدی عەرەبەوە) دەنووسێت. ئەم کتێبە زیاتر لە مێژووەوە نزیکە و کەمتر لە ڕۆمان دەچێت. مەعلوف دەیەوێت باسێکی گرینگ و قۆناغێکی ئاڵۆزی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، جارێکی تر شرۆڤەی بۆ بکات و، ئەوروپاییەکان لە دیدی عەرەبەکان لەبارەی ئەم قۆناغە گرینگەوە ئاشنا بکات. دیارە مەعلوف لەم کارەیدا زۆر سەرکەوتوو دەبێت، هەر بۆیە بۆ چەندین زمانی جیهان وەردەگێڕێت، ئەمەش هاندەرێکی باش دەبێت، بۆ ئەوەی مەعلوف بەتەواوەتی ژیانی خۆی بۆ ئەدەب تەرخان بکات.[٥]

## ئەو بابەتە گرینگانەی کە ئەمین مەعلوف باسیان لێوە دەکات

ئەمین مەعلوف زیاتر خۆی بە کۆمەڵێک بابەتەوە خەریک کردووە و، ئەو بابەتانەش بوونەتە ناسنامەیەک بۆ هەموو کتێبەکانی. من لێرەدا هەوڵ دەدەم بەکورتی باسی هەندێک لەو بابەتانە بکەم.

هەولێرنامەی کتێب

١. ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا:

هەر لە یەکەمین کاریەوە مەسەلەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، بابەتی سەرەکی بووە لای ئەمین مەعلوف. لە ڕۆمانی (جەنگی خاچپەرستەکان لە دیدی عەرەبەوە)، مەعلوف هەوڵ دەدات جارێکی تر ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بەیەکتری بناسێتەوە و، پێناسەیەکی مرۆڤانە بۆ ئەو پەیوەندییە مێژووییەی نێوان ئەم دوو بەرەیە بکات[٦]. لە هەمان کاتیشدا مەعلوف دەیەوێت لە ڕێگەی ئەدەب و دیالۆگەوە، پردێک لە نێوان ئەم دوو بەرەیەدا دروست بکات و، ئاوێک بکات بەسەر ئەو مێژووە خوێناوییەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا. بۆ مەعلوف بابەتی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، پانتایەکی گەورەی لە کتێبەکانیدا داگیر کردووە و بووەتە ناسنامەیەک بۆ هەموو کارەکانی ئەم نووسەرە.[٧]

٢. کۆچ و کۆچبەران:

بابەتێکی گرینگی تر کە ئەمین مەعلوف خۆی بۆ تەرخان کردووە، ئەویش بابەتی کۆچ و کۆچبەرانە. مەعلوف لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە وڵاتی خۆی بەجێ هێشتووە و ڕووی لە وڵاتی فەرەنسا کردووە. ئەو وەکو نووسەرێکی بێگانە، هەوڵی داوە جیهانی کۆچ و کۆچبەران بە ڕۆژئاوا

بناسێنێت. هەوڵی داوە لە کلیلە ئەفسووناوییەکەی ئەدەبەوە، دەرگە داخراوەکانی جیهانی کۆچبەران بکاتەوە و، هاووڵاتییانی ئەوروپا میوانداریی ئەم جیهانە نامۆیە بکات.

٣. نەتەوە و ئاینە جیاوازەکان:

لبنان وڵاتێکی رۆهەڵاتە کە خاوەنی مۆزایکێکی (ئێتنی و ئاینی) گەورەیە. لەم وڵاتەدا کۆمەڵێک ئاین و مەزهەبی جیاوازی دەژین: (مەسیحی، موسڵمان، دورزی، پێشتر جوولەکەش). مەسیحییەکانیش بەسەر چەند مەزهەبێکی جیاوازدا دابەش بوون (کاتۆلیکی، پرۆتستانی، ئەرتەدۆکسی). بەهەمان شێوەش موسڵمانەکانیش بەسەر (سونی مەزهەب و شیعە مەزهەب) دابەش بوون. لە رووی نەتەوەییشەوە کۆمەڵێک نەتەوەی جیاواز تێیدا دەژی. (مارۆنی، عەرەب، کورد، ئەرمەنی، ئاشووری، عەرەبی سووریایی، عەرەبی فەڵەستینی). دیارە بوونی ئەم مۆزایکە ئاینی و ئێتنییە، ڕەوشێکی سیاسیی ئاڵۆزی لەم وڵاتەدا دروست کردووە، کە لە ساڵانی حەفتادا بوو بەهۆی دروستبوونی شەڕێکی خوێناوی و ناوخۆیی لەم وڵاتە جوانەی رۆهەڵاتدا.

ئەم مۆزایکە رۆهەڵاتییە، کاریگەری زۆری بەسەر کارەکانی مەعلوفەوە هەیە، بەتایبەتی لە رۆمانی تاشە (بەردەکانی گانیوس)دا، زۆر بەجوانی ئەم بابەتەی وروژاندووە. جێگەی گوتنە ئەمین مەعلوف ساڵی ١٩٩٣ لەبەر ئەم رۆمانەی خەڵاتی Prix Goncourt وەرگرت، کە بە گەورەترین خەڵاتی فرەنسی دێتە ژماردن.

٤. نۆستالۆژیا:

بابەتێکی گرینگی تر کە پانتاییەکی گەورەی لە کتێبەکانی ئەمین مەعلوف داگیر کردووە، بابەتی نۆستالۆجیایە. لە بەشێکی زۆری رۆمانەکانی مەعلوفدا، گەڕانەوە بۆ " جاران، سەردەمی زوو"، بوونی هەیە. مەعلوف هەوڵ دەدات لە ڕێگەی نۆستالۆجیاوە، کۆمەڵێک پرسی گرینگ بوروژێنێت، بەتایبەتی پرسی مێژوو، رۆهەڵات و رۆئاوا. ئەو نۆستالۆجیا وەکو ئامرازێکی گرینگ بەکار دەهێنێت. بە دڵنیاییەوە هەموو کەسێک خاوەنی نۆستالۆژیای تایبەتی خۆیەتی، لێ مەعلوف هەوڵ دەدات نەک تەنیا نۆستالۆجیای خۆی، بگرە هەوڵ دەدات نۆستالۆجیای رۆهەڵات بەگشتی باس بکات و بیکاتە بابەتێکی گرینگی رۆمانەکانی. ئەمەش بەتایبەتی لە رۆمانە بەناوبانگەکەیدا (Die Häfen der Levante بەندەرەکانی لاڤێنت ) دەردەکەوێت[٨].

## شێوازی نووسین

نووسەرانی تر بەو شێوەیە قسە دەکەن دەنووسن، بەڵام من بەو شێوەیەی کە بێدەنگم دەنووسم.

بۆ یەکەم جار کە رۆمانێکی ئەمین مەعلوفم خوێندەوە، شێوازی نووسینەکەیم زۆر بەدڵ بوو. دەتوانم بڵێم یەکێک لەو هۆکارانەی کە وای لێ کردم ئەم چەند دێرەش لەسەر نووسەر بنووسم، ئەو شێوازە تایبەتەی نووسەر بوو. ئەمین مەعلوف بە شێوازێکی زۆر ئاسان و خۆش دەنووسێت،

بەشێوەیەک کە هەموو خوێنەرێک دەتوانێت رۆمانەکانی بخوێنێتەوە. ئەو هێندە بە زمانێکی ئاڵۆز و فەلسەفیی وشک نانووسێت، هەتا وا لە خوێنەر بکات بێزار بێت. لە کاتێکدا لە بەشی زۆری رۆمانەکانیدا، (فیکر و فەلسەفە) میوانی بەردەوامی رۆمانەکانیەتی.

## کاریگەری کاری رۆژنامەوانی بەسەر رۆمانەکانیدا

ئەوەی جێگەی سەرنج و تێڕامانە کۆمەڵێک نووسەر و رۆماننووسی ناوداری جیهان، پێش ئەوەی تێکەڵی جیهانی رۆمان و چیرۆک نووسین بن، سەرەتا بە کاری رۆژنامەوانییەوە خەریک بوون. بۆ نموونە مارکیز سەرەتا کاری رۆژنامەوانیی دەکرد، لێ پاشان تێکەڵی جیهانی ئەدەب بوو، لەم بوارەشدا گەورەترین سەرکەوتنی بەدەست هێنا. ئەمین مەعلوفیش بەهەمان شێوەیە سەرەتا خەریکی رۆژنامەوانی بوو، لە چەندین رۆژنامە و کۆواری جیاواز کاری کرد، پاش درەنگ وەختێک خۆی تێکەڵی جیهانی ئەدەب کرد. بەڵام ئەویش وەکو مارکیز توانی لەم بوارەدا سەرکەوتنی گەورە بەدەست بهێنێت.

جێگەی گوتنە لە بەشێکی زۆری کارەکانی ئەمین مەعلوفدا، کاریگەری زۆری رۆژنامەوانیی پێوە دیارە. زۆرجار وەکو ریپۆرتاجێکی رۆژنامەوانی، دەتوانێت بەجوانترین شێوە وەسفی کارەکتەر و ناوچە و شوێنە جیاوازەکان بکات. ئەمەش خاڵێکی بەهێزی تری ئەم کەڵەنووسەرەیە.

## بەرهەمەکانی ئەمین مەعلوف

دیارە ئەمین مەعلوف خاوەنی چەندین رۆمان و کتێبی هزری گرینگە. کە بەشێکی زۆری ئەم رۆمانانەشی بۆ زمانەکانی تری جیهان وەرگێڕاون. مەعلوف خۆی تەنیا بە زمانی فرەنسی دەنووسێت. دیارە ئەمەش خاڵێکی بەهێزی تری بەم نووسەرە بەخشیوە، چونکە وای لێ کردووە کە بەرهەمەکانی یەکسەر لە زمانێکی زیندووی جیهانەوە بڵاو بکرێتەوە. ئەمەش یارمەتیی زۆری نووسەری داوە، بۆ ئەوەی کتێبەکانی بەئاسانی بۆ زمانەکانی تری جیهان وەربگێڕێت.

جێگەی گوتنە بەشی زۆری بەرهەمەکانی نووسەر، لەلایەن دەزگای پەخشی (دار الفارابی)یەوە، دەکرێنە عەرەبی و لە جیهانی عەرەبیدا بڵاو دەکرێنەوە.

گرینگترین بەرهەمەکانی نووسەر بەزمانی عەرەبی ئەمانەن[٩]:

* الحروب الصليبية كما رآها العرب – عرض تاريخي (١٩٨٣)
* ليون الأفريقي – رواية (١٩٨٤)
* سمرقند – رواية (١٩٨٦)
* حدائق النور – رواية (١٩٩١)
* القرن الأول بعد بياتريس – رواية (١٩٩٢)

* صخره طانيوس – رواية (١٩٩٣)
* سلالم الشرق أو موانئ المشرق – رواية (١٩٩٦)
* رحلة بالداسار – رواية (٢٠٠٠)
* الحب عن بعد – مسرحية شعرية (٢٠٠١)
* الهويات القاتلة – مقالات سياسية (١٩٩٨ و ٢٠٠٢)
* بدايات – سيرة عائلية (٢٠٠٤)
* الأم أدريانا – مسرحية شعرية (٢٠٠٦)
* خلل العالم – مقالات سياسية (٢٠٠٩)

## پێش کۆتایی

بەدڵنیاییەوە قسەکردن لەبارەی بیرمەند و نووسەرێکی گەورەی وەکو ئەمین مەعلوفەوە وشە و لاپەڕەی زۆری دەوێت. چونکە ئەم ڕووناکبیرە مەزنەی ڕۆهەڵات، لە زۆر بواردا جێ پەنجەی دیارە، هەر بۆیە کراویشە بە ئەندامی ئەکادیمیای فرەنسی. هیوادارم لە داهاتوودا زیاتر لەبارەیەوە بنووسم و، گەر دەرفەتیشمان هەبوو، بتوانم یەکێک لە بەرهەمەکانی وەرگێڕمە سەر زمانی کوردی، بۆ ئەوەی خوێنەری کوردی زیاتر ئاشنای جیهانی ئەمین مەعلوف بێت.

سەرچاوەکان :


١. أمين معلوف أول كاتب لبناني في الاكاديمية الفرنسية. سايتى العربية. ٢٠١٢/٦/١٧
2. www.Wikipedia.deutsch.org.Academiefrancaise
٣. الكاتب اللبناني الفرنسي أمين معلوف يدخل الأكاديمية الفرنسية.. سايتى فرانس , ٢٤
4. Amin maalouf.www.Wikipedia.deutsch.org
٥. سايتى تايبەتى ئەمین مەعلوف.www./maalouf.narod.ru
6. Der Heilige Krieg der Barbaren. Die Kreuzzüge aus der Sicht der Araber. München:Diederichs, 1996
7. Nomaden der Existenz.www. Faz. Net
8. Die Häfen der Levante (OT 1996 Les échelles du Levant).- Frankfurt a.M.: Suhrkamp, 1997
٩. أمين معلوف www.Wikipedia..org

# کورتەیەک لەمەڕ
# گۆڤەندی شازادەکان

فەزل شوکر

جلوبەرگ و پۆشاکی داپۆشراو بەزێڕ و گەوهەر و چەندین خشڵی گرانبەهای تر، دانانی قاڵبە کێکی گەورە و درێژ بەقەد باڵای هەموو میوانەکان، ئاهەنگی هەفتانەی پێشوازی، دروستکردنی ستادیۆمێکی وەرزشی تایبەت، داپۆشینی شەقامەکان بە ملیۆنان گوڵ، رازاندنەوەی کەژاوەکان بە شەتڵە گوڵی رەنگین، ئەوانە سیما و بەرنامە و چەند نموونەیەکە لە ئاهەنگ و شێوازی زەماوەندی شازادە و شاژنەکان. ئەگەرچی قسە و دەنگۆی واش زۆرە کەوا لە ئاهەنگی شاهانەی ئەو سەردەمە پارەی کەمتر بۆ ئاهەنگی شازادەکان تەرخان دەکرێت، بەڵام هێشتا ملیۆنان دۆلاریش هەر سەرف دەکرێت و ئاهەنگەکان جێگەی بایەخ و نیگا و ئارەزووی خەڵک و میدیاکانیشە.

ئاشکرایە و زۆربەمان ئەوە دەزانین کەوا لە ئاهەنگی زەماوەندی خدێویی میسر پارەیەکی زۆر سەرف کرابوو، بۆیەش کۆشکی پاشایەتی زۆر قەرزار دەبن، ناچار دەبن، نیوەی بەش و سەرمایەی کەناڵی ئەلسویسی ستراتیجی بۆ دەفرۆشن.

دەزانن کە ماری ئەنتوانێت لە رۆژی زەماوەندەکەی نەدەکرا بزانرێت رەنگی کراسەکەی چ رەنگە، چونکە هەمووی بە گەوهەر و ئەڵماس داپۆشرابوو، یان کە شازادە ئارسەر و بووکەکەی کاترین دەگەنە ناو کاتدرائیییەکە جلی هەردووکیان یەکپارچە بە زێڕ داپۆشرابوو. لەو ئاهەنگانەی ئەودەمانەش دەکرێت کە لە بەرچاوی میدیای جیهانی نمایش دەکرێت و دەبینرێت، پارەیەکی زۆری بۆ تەرخان دەکەن. وا لە خوارەوە هەندێ نموونەی زەماوەند و ئاهەنگ و پارە سەرفکردنەکانی کۆن و نوێ تۆمار دەکەین، سەرەتا با لە ئاهەنگی شازادەی بەریتانی ولیامەوە کە لە ٢٩ی ئەپریل ٢٠١١ کرابوو دەست پێ بکەین.

.................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی

## شازادە ولیام و کیت میدلتۆن

ئەگەرچی هەموو وردەکارییەکانی ئاهەنگەکە بڵاونەکراوەتەوە، بەڵام بەپێی راپۆرتە رۆژنامەوانییەکان فاتوورەی هاوسەرکارییەکەیان گەیشتووتە نزیکە ٤٣ ملیۆن دۆلار، بۆیەش گوتراوە کەوا خۆشەویستیی شاهانە بەخۆڕایی ناکرێت و نابێت. پەیڤدارە رەسمییەکانی ئەو وڵاتە رادەگەیەنن کەوا لەبەر تەنگژە ئابوورییەکەی بەریتانیا و ناوچەکە، نەکرا لەو ئاهەنگە شاهانەدا پارەی زۆرتر سەرف بکرێت و هەموو لایەکیش لەو ئاهەنگەدا دەستیان بە پارەکانیانەوە گرتبوو، بۆیەش بووک و زاواکە ئاهەنگی مانگی هەنگوینییەکەیان ئاسایی بەڕێ دەکەن.

لەگەڵ قسەکردن و دەنگۆی خۆتوندکردن لە مەسرەفەکانی ئاهەنگەکە زانیارییەکانی ناو کڵێسای ویستمنیستر کە ئاهەنگەکەی تێدا دەکرێت، کە بە گوڵ و گوڵزارەوە دەڕازێتەوە و نزیکەی هەشتسەد هەزار دۆلار بۆ کڕینی گوڵەکان تەرخان کرابوو، پێشوازییەکەش لەناو کۆشکی باکینگهام دەبێت، کە ژمارەی نۆزدە هۆڵ دەبێت، شێوازێکی زۆر نوێ بوو، کە بۆ یەکەم جارە لە ڕازاندنەوەی ساڵۆنەکە پەیڕەو کرابوو، کە ئەو شێوە رازاندنەوەش هیچ جاری تر نەکراوە. سەبارەت بە هوتێلەکان، بووک و زاوا و بنەماڵەکەیان سێ رۆژ لە هوتێلی گورینگی ناودار دەمینێنەوە و میوانە رەسمییەکان و بێگانەکانیش کە ژمارەیان دەگەیشتە هەزار و نۆسەد کەس لەناو هوتێلەکانی شاردا جێگەیان بۆ گیرابوو، بۆ ئەو ئاهەنگەی لە کۆشکی باکینگهام بۆ پێشوازییەکان تەرخان کراوە کە بە گوڵ رازابووەوە و پارەی سەد و پەنجا هەزار دۆلاری بۆ شیرینەمەنی و کێکی میوانەکان تەرخان کرابوو، شمپانیاکەش پارەکەی گەیشتووەتە شێست هەزار دۆلار.

## شازادە شارلز و دیانا سبنسر

لە رۆژی ٢٩ی مانگی یۆلیۆی ساڵی ١٩٨١ شازادە جێنشینی بەریتانیا شارلز و دیانا سبنسر هاوسەرکارییان کردبوو، چاودێران وتبوویان کەوا ئاهەنگەکەیان لە مێژووی هاوچەرخی وڵاتدا زۆرترین پارەی بۆ سەرف کراوە، کە پارەکەی گەیشتبووە نزیکەی دوو ملیۆن دۆلار، ئەوەش بەپێی ئەو تەنگژە و هەڵاساوی کە هەیە دەگاتە نزیکەی پێنج ملیۆن دۆلاری ئیمڕۆ، کێکی ئاهەنگەکە بە چل هەزار دۆلار کڕابوو، کە بەرزیی قاڵبەکەی مەترێک و نیو بوو، گوڵ و رازاندنەوەکانیش نزیکەی سەد هەزار دۆلار و سەد هەزار دۆلاریش بۆ پێشوازییەکانی ئاهەنگ و زەماوەندەکە تەرخان کرابوو. ئەنگوستیلەی دەستی بووکیش کە بەئەڵماس و یاقووت بووە، بە شێست هەزار دۆلار بووە، هەر ئەو ئەنگوستیلەش بوو کە لە رۆژی نیشانەکە شازادە پێشکێشی بووکەکەی کردبوو. کراسەکەی بەری بووکیش، زۆر نازدار و ناوازە بووە کە درێژییەکەی بیست و پێنج پێ دەبوو، ئەوەش بەدرێژاییی کاتدرائیی‌ەکە بوو.

ئەو زەماوەندە لەسەر ئاستی هەموو جیهان لەبەر شاشەی تەلەڤزیۆنەکان زۆرتر لە حەوتسەد و پەنجا ملیۆن کەس سەیری نمایش و ئاهەنگەکەی کردبوو. هەر بۆ دەستەخوشکەکانی کە هاوشانی بووکەکە بوون پێنج کراس دروست کرابوو، کە بە دە هەزار دۆلار دورابوون، پاش ئاهەنگەکە بووک و زاوا ماوەی هەنگوینیی خۆیان کە دوو هەفتە بوو بەڕێ دەکەن، لەسەر پاپۆڕی پاشایەتیی مەزنی بەریتانیا و شەشسەد هەزار دۆلار مەسرەفیان بووە.

## شازادە ڤیکتۆریا و دانیال ویستلینگ

لە رۆژی ١٩ی یونیۆی ساڵی ٢٠١٠ جێنشینی کۆشکی پاشایەتیی سوێد شازادە ڤیکتۆریا و راهێنەرەکەی دانیال ویستلینگ زەماوەند دەکەن، ئاهەنگی ئەو شازادەیە و ئەو کوڕەی کە لە وەچەی پاشایەتی نەبوو، پاش ئاهەنگەکەی جێنشینی بەریتانیا شازادە شارلز و دیانا گەورەترین ئاهەنگی هاوسەرکاری بووە لە جیهان، کە نزیکەی شازدە ملیۆن دۆلار مەسروفی بووە. لەو ئاهەنگەدا هەزار و دووسەد کەس لەوانە شەش پاشا و نۆ شاژن داوەت کرابوون، کە لەناو کاتدرائییەکەی ستۆکهۆڵم دەبینران، لە کاتی هاتن و بەڕێکردنی ئەو بووک و زاوایە و لە بەردەم کڵێساکە زۆرتر لە ٢٥٠ هەزار کەس ئامادە بوون، شارەکەش بە شاشەی گەورە کە لە زۆر شوێنە گشتییەکان دانرابوون سەیریان دەکردن، تەواو شەقام و کەنارەکانیشیان بە گوڵ و ئاڵای وڵات رازاندبووەوە.

سەرەتا پاشای وڵاتەکە بەو هاوسەرکارییە و بەبڕیاری کیژەکەی رازی نەبوو، کە کیژەکەی شوو بە یەکێک لە خەڵکی سادەی میللەت بکات، کەسانی شارەزا لە ڕێوڕەسمی پاشایەتی دەڵێن کە باوکەکە زۆر بە ڕێوڕەسمەکە دڵی خۆش نەبووە، بۆیەش خۆی هاوشانی کیژەکەی کردووە، نەک زاواکە بۆ چوونە ناو کڵێساکە کە لەناو سوێد و لە مەراسیمەکانی پاشایەتی وا باو بووە. کە ئەو پارە زۆرەش لەو ئاهەنگەدا سەرف کراوە حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن ناڕەزاییان هەبوو، بەردەوامیش گلەییان هەیە لە زۆریی ئەو پارەیەی لە بودجەی حکوومەت دەدرێتەوە ئەو بنەماڵەیە.

## شازادە ئەلمهتەدی و سارە ساڵح

لە رۆژی ٩ی سپتەمبەری ساڵی ٢٠٠٤ شازادە ئەلمهتەدی جێنشینی سەڵتەنەتی برونای لە تەمەنی حەڤدە ساڵی لەگەڵ سارا ساڵحی کیژێکی ناو چینەکانی میللەت هاوسەرکاری دەکەن. ئاهەنگەکە لەناو کۆشکی نور ئیمانی سوڵتانی کرابوو، دوو هەزار کەس لەو ئاهەنگەدا داوەت کرابوون، کە لە هەموو وڵاتانی جیهانەوە هاتبوون، چەندین سەعات ئاهەنگەکە بە هەڵدانی یاریی ئاگرین بۆ ئاسمان و تەقینەوە دەستی پێ کردبوو، پارەی ئاهەنگەکە نزیکەی شەش ملیۆن دۆلار بووە و کەژاوەکە بە کاروانێک ئۆتۆمۆبێل بووە، کە لە نزیک کۆشکەوە بووک و زاوایان هەڵگرتبوو، کە ژمارەیان سەد ئۆتۆمۆبێلی جۆری لیموزین بووە، خانەوادەی زاواش پێشوازییان لە مێوانە

بێگانەکان کردبوو، لە میوانە ناودارەکانی ئەو ئاهەنگە جێنشینی ژاپۆن شازادە نارو هیتو ئامادە بووبوو.

## پۆلیس و ئاهەنگی زەماوەندەکان

کە شازادە شارلز لەگەڵ هاوسەرەکەی کامیلیا لەناو ئۆتۆمۆبێلەکەیان رۆلز رایسدا بوون، خەڵکێکی تووڕە و نارەزا هێرشیان دەکەنە سەر و رەوشەکە ئاڵۆز دەکەن. تا لە دیسمبەری ساڵی ٢٠١١ لە کاتی ئاهەنگی ولیام و بووکەکەی ئاژاوەیەک دروست نەکەن، بەرپرسانی ئاسایشی لەندەن بیر لە نەخشەسازیی پاراستنی کەژاوەکە دەکەنەوە، کە هیچ جۆرێ رێککەوت بۆ ئەگەر رووداني کاری نەخواستراو نەدەن، بۆیەش مەشق لەسەر هەموو شیمانەکان دەکەن، تا لە کاتی گەیاندنی شازادە ولیام و بووکەکەی بۆ کڵێسای وسیمنیستر و گەڕانەوەیان بۆ کۆشکی باکینگهام هیچ ئاژاوەیەک روو نەدات، بۆ ئەوەش پۆلیس کاری پاراستنی زۆر وردی دارشتبوو، بەرپرسی یەکەمی پۆلیسی لەندەن کە سەرپەرشتیاری پرۆسەکەی کردبوو، دڵنیاییی راگەیاندبوو.

لەو ساڵانە زۆر رووداوی نەخواستراو قەوماوە و بوەتە مایەی نیگەرانی لە خۆپێشاندان و کۆبوونەوە گشتییەکان و ئاژاوەی تێ کەوتووە، لەو ماوەیەدا لەسەر بەرزبوونەوەی باجەکان لە مارسی ٢٠١١ ئاژاوەیەک روو دەدات، یان تەقینەوەکەی بەردەم هوتێلی ریتر و شێواندنی بەردەم بانکە سەرەکییە گەورەکانی ناو لەندەن و کۆگاکانی فۆرتمن وماسون کە هاموشۆکەرەکانی خەڵکە سامانداڕەکانی جیهانن، بۆیە پۆلیس لەو زەماوەندە و لە کۆبوونەوە میللییەکانی تری ناو لەندەن ئاگاییی زۆری ساز کردووە، زۆریش دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس تاوانبار دەکەن کەوا لە چارەسەرکردن و بەدەنگهاتنەوەیان لە کاتی هەڕەشەکان ساردن و هیچ دەسەڵاتیان نییە، چونکە دەنگۆی ئەوە هەبووە کەوا دەیانەوێ زەماوەندە پاشایەتییەکانی ئەو دواییە شڵۆق بکەن، بەڵام برودهیرست بەرپرسە باڵاکەی ئاسایشی لەندەن ئاگایی بڵاو دەکاتەوە کەوا دەتوانن رووبەرووی هەموو هەڕەشەی تێکدەر و تیرۆریستەکان ببنەوە و بواری داوە دەزگاکانیان خەڵکەکە بپشکنن و ئۆتۆمۆبێلەکان سەیر بکەن و رێگە و بوارەکانیش دابخەن. بۆ زەماوەندەکە نزیکەی هەزار و نۆسەد میوانی ناوداری جیهان هاتبوون، لەوانە پاشا و سەرۆک و شازادە و جێنشین و چەندین وەزیریش، دیارە کە ئەوانەش لەو رۆژانە لە لەندەن دەبن و بەشداریی بۆنە میللییەکە دەکەن، بۆیەش ناکرێ دەستدرێژییان بکرێتەوە سەر و ئامادەبوونیان لە زەماوەندی پاشایەتی ئازار بچێژن و نارەحەت بکرێن، ئێمە بەهەموو شێوەیەک کار دەکەین میوانەکانمان کە لەسەر ئاستی باڵای جیهانیش سەلامەت بن.

بەرپرسە باڵاکەی پۆلیس ئەوەشی ئاشکرا کردبوو، کەوا پۆلیس چەند قەناسێک لەسەربانە بەرزەکانی سەر ئەو شەقامانەی کەژاوەی بووکێنیی پاشایەتی پێیدا گوزەر دەکات داناوە، هەروەها ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی ئاسایشمان بەجلی مەدەنی رەوانەی ناو خۆپێشاندانەکان کردووە، کە

مەبەستیانە کەژاوەکە بشێوێن.

## شازادە بافلوس و ماری شانتال میلر

شازادە بافلوس جێنشینی یونانە لە تاراوگە، هاوسەرەکەی ژنێکی ساماندار و ملیۆنێری بەڕەچەڵەک ئوکوادورییە وێنەکێش و دیزاینەر و مودەسازە و زووتر کتێبی بۆ منداڵان نووسیوە، لە ١ی مانگی یولیۆی ساڵی ١٩٩٥ لە لەندەن ئاهەنگ و زەماوەندەکەیان کردووە کە هەشت ملیۆن دۆلاری تێ چووە، ئەوە پارەیەش لە بازاڕی ئیمڕۆ و لەگەڵ بوونی تەنگژە ئابوورییەکە دەکاتە یازدە ملیۆن دۆلار. ئێوارەکەی و پێش ڕۆژی ئاهەنگەکە بەئامادەبوونی هەزار و دوو کەس خوانێکی گەورە لەناو ڕەشماڵێکی گەورە کە بۆ ئەو مەبەستە و لەسەر شێوازی پەرستگەی بارسینون خوا کۆنەکانی ئەسینا ساز کرابوو، هەر بۆ ئەو ئاهەنگەش سەد هەزار گوڵیش لە ئوکوادورەوە هێنرابوو. لەبەرئەوەی چرا و گڵۆپی زۆریان لەو ئاهەنگەدا داگیرساندبوو، بۆیە پۆلیسی لەندەن داوا دەکات، ئاهەنگسازەکان ڕەزامەندیی دەسەڵاتی کارەبا و سەرکردایەتیی ئاگرکوژێنەوەی فڕۆکەخانەی هیترۆی نزیک شوێنەکە وەربگرن.

کراسی بوکێنییەکە بە ٢٢٥ هەزار دۆلار دروست کرابوو، ماوەی چوار مانگ کاریان لەسەر کردووە و دوازدە قردێڵە و کەشەشەییان بۆ کردبوو. پاش ئاهەنگەکە بووک و زاوا و میوانەکان لەناو قاڵبە سەرەکیی کێکە کە لە هەشت چین دروست کرابوو بەرێ دەکەون، لەگەڵ ئەو قاڵبە گەورەیەش سێسەد قاڵبی تری کێک لەسەر مێزی میوانەکانیش دانرابوو.

## محەممەدی شەشەمی پاشا و سەلما بنانی

دەڵێن شێواز و ڕێوڕەسمییەکەی ئاهەنگی پاشای مەغریب زۆر لە داوونەریتە باوەکانی پاشایەتیی بەزاندبوو، ئەو خۆی داوا و خوازبێنییەکەی لە ئەندازیاری کۆمپیوتەر سەلما بنانی لە ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٠١ کردبوو، لە مانگی مارسی ساڵی ٢٠٠٢ بەرەسمی هاوسەرکاری پاشایەتی ڕادەگەیەنن، هەر بۆ شکاندنی داوونەریتەکانی پاشایەتی لەو بۆنەیەدا ناو لە بووک دەنێن شکۆداری خاوەن شکۆی پاشایەتی. لە مانگی یولیۆی ساڵی ٢٠٠٢ ئاهەنگەکە ساز کرا و کە تێدا دیسان زۆر لە ڕێوڕەسمییە باوەکانیان بەزاند و چیی تر وردەکارییەکانی ئەو پرۆسەیە بەنهێنی نەبووە، ئاهەنگەکەش زۆر تایبەتی نەبووە، لەو ئاهەنگەدا گەورە کەسایەتییە جیهانییەکان ئامادە بووبوون، لەوانە سەرۆکی پێشووی ئەمەریکی بیل کلنتۆن. لەو ئاهەنگەدا زۆرتر لە هەزار و چوارسەد سوارچاکی مەملەکەتەکە بە سواربازی بەشدار بووبوون، هەر لەو بۆنەیەش پاشا لێبووردنی بۆ زۆرتر لە هەشت هەزار گیراوی مەملەکەتەکەی دەرکردبوو.

## شازادە فیلیپ و ئۆرتیز رۆکاسولانۆ

پاش دوو هەفتە لە تەقینەوەکەی میترۆی مەدرید، کە تێدا ١٩١ کەس بوونە قوربانی، کەواتە لە ٢٢ی مایوی ساڵی ٢٠٠٤ ئاهەنگی زەماوەندی شازادە فیلیپ جێنشینی ئیسپانیا و بێژەری تەلەڤزیونی ئۆرتیزا کرابوو، ئەو ژنە تەڵاقدراویش بوو، ئاهەنگەکە لەناو کاتدرائییەی مودینای پایەتەختی مەدرید کرابوو، کە تێدا زۆرتر لە هەزار و پێنجسەد کەس ئامادە بوون و لە هەموو گۆشەیەکی ئەو جیهانە داوەتی ئاهەنگەکە کرابوون. بەپێی ژمارەکان دیار بووە کەوا کاتدرائییەکە بە زۆرتر لە ملیۆن گوڵ رازابووەوە، ناوچەکەش بە بیست هەزار سەربازیش چاودێری کراوە. لەگەڵ بوونی هەموو پێداویستییەکانی پاسەوانی جەنەراڵێکی خانەنشین دەست بەچەکەوە توانی بگاتە ناو کاتدرائییەکە، ئەگەرچی داوەتیش نەکرابوو. بەرپرسانی ئاسایشی شوێنەکە وتیان ئەو پیاوە دەست بەچەکەوە زیانی بە کەس نەگەیاند و دەستی نەوەشاند، بەڵام بەبۆچوون و ستوونێکی رۆژنامەی تورونتو سان کە نووسیبووی گەیشتنی ئەو پیاوە بۆ شوێنەکە ناڕەحەتییەکی زۆری بۆ بەرپرسانی ئاهەنگەکە خوڵقاندبوو.

بەبۆنەی پرۆسەی هاوسەرکارییەکە خوان کارلۆس و شاژن سۆفیا یەکێکیان پێش زەماوەندەکە و ئەوی تریان پاش زەماوەندەکە ئاهەنگێکیان بۆ میوانە رەسمییەکان کردبوو، لەو دوو ئاهەنگەدا زۆرتر لە هەزار شووشە شمپانیا خواردبووەوە. تەنیا مەسرەفی ئاهەنگی زەماوەندەکە دەگاتە پێنج ملیۆن دۆلار، هەموو مەسرەفی هاوسەرکارییەکەش گەیشتبووە ٢٩ ملیۆن دۆلار.

## شازادەی ئینگلیزی مارگرێت و شازادەی نۆرگاندی شارلز

هەموو کتێبە مێژووییەکان ئاماژە بەوە دەدەن کەوا مەسرەفی ئاهەنگی هاوسەرکاری ئەو دوو شازادەیە مارگرێت و شارلز لە هەموو ئاهەنگەکانی تری پاشایەتی لە جیهان گرانتر و پڕ مەسرەفتر بووە، بەپێی پارەی ئەو زەمانە پارەکە دەگاتە ٣٢٥ ملیۆن دۆلار و ئاهەنگەکە چوار رۆژی خایاندبوو، کە بە شەو بە رۆژ بووە و لە ساڵی ١٤٦٨ کراوە. کە هەواڵی مەسرەفەکە دەگاتە پاشای ئەودەمانەی فرەنسا لویسی یازدەم زۆر نیگەران دەبێت، چونکە ئەو هاوسەرکارییە پێوەندیی نێوان ئینگلیز و نۆرگاندی پتەو و گەرم دەکات، چونکە یەکەتیی ئەوانە بەهێزترین بنەماڵەی پاشایەتیی هەموو ئەوروپا بوو. لە یادی ئەو پرۆسەیە و لەبەر گرینگیی پرۆسەکە ساڵانە لە شارە سەرەکییەکانی وڵاتدا یادی ئەو بۆنە دەکەنەوە، کە تێدا شەڕەشیر لە نێوان سوارچاکە ناسراوەکانی وڵاتەکەیان دەکەن.

ئەو بابەتە لە مانگی ئەپریل ٢٠١١ لە رۆژنامەی ئەلقبسی کوێتی بڵاو کراوەتەوە.

# کۆمیدیای ئەنتیک گاڵتەئامێز نەبووە

هانس رۆلاند جۆنسۆن

ئەریستۆ لە یەکێک لە نووسینەکانیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە مرۆڤ (تاکە بوونەوەرێکی زیندووە پێی دەکەنێت) ئەم وتەیەی ئەریستۆ بۆ جۆرە هاوبەشییەک لە گاڵتەوگەپ و نوکتە و قسەی ڕەخنەئامێزی کۆمیدی ڕامان دەکێشێت، کە بە درێژاییی مێژوو لە هەموو کولتوورەکاندا هەبووە و هەیە. بۆ نموونە ئێستا ئێمە بەهەمان شت پێی دەکەنین، کە خەڵکی لە سەردەمی گرێکەکان، سالانی سەدەی ١٧٠٠-ەکان، یان لە چاخەکانی ناوەڕاستدا پێی پێ کەنیون.

(ماری بێرد) پسپۆڕێکی ئینگلیزییە لە بوارەکانی لێکۆڵینەوەی سەردەمی گرێک و ئەنتیک، دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە گرێکییەکان لە ساڵەکانی ٣٠٠ ی بەر لە زایندا، ئەنتۆلۆجیایەکی گاڵتەوگەپیان بلاو کردووەتەوە زیاتر لە ٢٦٠ نوکتە و ڕەخنەی کۆمیدیئامێز و قسەی نەستەقی لەخۆ گرتووە، ئەم نوکتە و گاڵتەوگەپانە هەر هەموویان بۆ رۆژگاری ئەمڕۆمان دەگونجێن و هەندێک لە هونەرمەندە (ستانداپ) کۆمیدییەکانی ئەمڕۆ لە نمایشەکانیاندا بەکاری دەهێنن.

ئەگەر خودی ئەم ئەنتۆلۆجیایە لەلای زۆربەمان نەناسراو بێت، ئەوە شانۆنامە کۆمیدیا پڕ لە ڕەخنە و گاڵتەوگەپەکانی ئەرستۆفانیس لای زۆربەمان ناسراون.[1] ئەرستۆفانیس لە کۆتاییی ساڵەکانی ٤٠٠ و سەرەتاکانی ٣٠٠ی بەر لە زایندا، شانۆنامەکانی نووسیوە، لە کۆی بەرهەمەکانی تەنیا یازدەیان بە تەواوەتی بەدەستمان گەیشتوون.[2]

شانۆنامە کۆمیدیاکان، بەشێوەیەکی گشتی هەمان سترکتوری شانۆنامە تراجیدییەکانیان هەیە، مەبەست لە هەمان سترکتور ئەوەیە کە شانۆنامەکە یان نمایشەکە، بەهاوبەشی کۆرس؛ سەرەتا ئەکتەرەکان لە دیالۆگەکانیاندا لەگەڵ یەکتری و دواتریش کۆرس گۆرانی دەڵێن و سەما دەکەن. ئەوەی کۆمیدیاش لە تراجیدی جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە ناوەڕۆکی شانۆنامە تراجیدیاکان

........................................

وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: دانا ڕەئووف

چیرۆکەکانیان لە میتۆلۆجیا دێرینەکانەوە وەرگرتووە و بابەتەکانیان گوزارشت لە کەسایەتیی پاڵەوان، پادشا و خواوەندەکان... هتد دەکەن و زیاتر بەرجەستەی جیهانی گرێکییەکان لە دەرەوەی سنوورەکانی ئەسیناوە دەکەن، بەڵام کۆمیدیا باسی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ئاسایی، لە خۆشی، ناخۆشی و گیروگرفتەکانیان، بەتایبەتی لەو ڕۆژگارەی ئەسینادا، کردووە. لەبەرئەوەی کۆمیدیا باسی خەڵکی ئاسایی و گیروگرفتی ژیانی ڕۆژانە و هەندێک جار ڕووداوی ڕاستەقینەی خەڵکی ئەو ڕۆژگارەی کردووە، بۆیە دەبێتە دۆکیومێنتێکی چڕ و دەوڵەمەند و گرینگ بۆ تێگەیشتن و زانینی چۆنیەتیی گوزەران و ژیانی خەڵکی و جۆری بیرکردنەوەیان، لەو ڕۆژگارەی گرێکییەکان بەگشتی و شاری ئەسینا بەتایبەتی. هاوتەریب لەگەڵ بەشێک لە دیالۆجەکانی ئەفلاتووندا، ئەو پرسیارە خۆی قوت دەکاتەوە، کە ئێمە لەنێو تێکستەکانی ئەنتیک-دا، دەتوانین بەم شێوەیە لە ژیانی گرێکییەکان نزیک ببینەوە. لەبەرئەوەی کۆمیدیاکانی ئەرستۆفانیس، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی ئەو ڕۆژگارەن و پابەندن بەکەسایەتی و ڕووداوەکانەوە، لەوانەیە بۆ بینەرێکی ئەمڕۆ شانۆنامە کۆمیدیاییەکان، بە بەراورد لەگەڵ شانۆنامە تراجیدیاییەکان، کە باسی کەسانێک دەکەن کە لەو ڕۆژگارەدا ژیاون، یان ڕووداوێک کە زۆر تایبەتمەند بووە بەو ڕۆژگارە، گران بێت، چ بۆ خوێندنەوە و چ بۆ بینین.

هەموو ئەو شانۆنامانەی ئەرستۆفانیس کە بەدەستمان گەیشتوون، جگە لە دوو شانۆنامە کە لە کۆتاییی تەمەنیدا نووسیونی؛ لە کاتی شەڕی سی ساڵەی نێوان ئەسینا و سپارتا، ئەو شەڕە خوێناوییەی لە ساڵی ٤٠٤ی بەر لە زایندا بەکەوتنی ئەسینا بەکۆتا هاتووە، نووسیونی. هەر لەبەر ئەوەشە، ئەرستۆفانیس لە زۆربەی شانۆنامەکانیدا، باسی شەڕ و ئاشتی دەکات و خەونی ئاشتی و کۆتاییهاتنی شەڕ بابەتێکی سەرەکی و لە بەرچاوی شانۆنامەکانیەتی. بۆ نموونە لە شانۆنامەی Acharnerna کە یەکێکە لە دێرینترین کۆمیدیاکانی شارستانیەتی ئەوروپا بەتەواوەتی بە دەست ئێمە گەیشتبێت، لەم کۆمیدیایەدا جووتیارێکی گوندنشین بەناوی (دیکیە ئێوپۆلیس) دەتوانێت خۆی بەتەنیا لەگەڵ سپارتەدا پەیمانێکی ئاشتی مۆر بکات. لە شانۆنامەی (ئاشتی)یشدا، کارەکتەری سەرەکیی ئەم کۆمیدیایە دەچێتە سەر (ئۆلیمپن) تا خواوەندی ئاشتی، کە لەو شوێنەدا بەند کراوە ڕزگار بکات.[٣] بەڵام دیارترین شانۆنامەکانی ئەرستۆفانیس، لەم بوارەدا شانۆنامەی (لیسیستراتا) Lysistratیە، لەم دەقەدا ئەرستۆفانیس سێکس و جووتبوون لە نێوان ژن و پیاودا، دەکاتە چەکێکی گرینگی وەستانی شەڕ؛ ژنان مانگرتنێکی تەواوەتی ڕادەگەیەنن و پیاوەکانیش ناچار دەکەن، لە ڕێگەی ئەوەوەی کە تا شەڕ بەتەواوەتی نەوەستێت و ئاشتی بڵاو نەبێتەوە، بە هیچ شێوەیەک نەچنە لای مێرد و پیاوەکانیان و جووت نەبن لەگەڵیاندا.

لەناو بەرهەمەکانیشیدا تەنیا شانۆنامەی (بۆقەکان)ە کە باسی شەڕ ناکات، ئەم شانۆنامەیە ساڵێک بەر لە چەک دانان و کەوتنی تەواوەتیی ئەسینا نووسراوە.‹٤› (بۆقەکان) بەراوردکارییەکی ورد، شایستە و بە بەهای نێوان ئێسخیلوس و یۆربیدس-ە ، تراجیدیاکانیان دەخاتە ژێر تیشکی

ڕەخنە و شاکارەکانیان بەراورد دەکات. هەرچەندە شانۆنامەکە بەزمانێکی ساکار و ڕاستەوخۆ نووسراوە و چەندین دیمەنی کۆمیدی و گاڵتەوگەپ لەخۆ دەگرێت، دنیایەکی فەنتازیئامێزیش دەخوڵقێنێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر سەختە ئەم شانۆنامەیە لەم ڕۆژگارەی ئێمەدا نمایش بکرێت، هۆکاری سەرەکی و گرینگیی نمایشنەکردنی (بۆقەکان) دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە شانۆنامەکە بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بەزانیاری و قووڵبوونەوەیەکی تەواوەتی دەبەستێت سەبارەت بە بەرهەمە تراجیدییەکانی ئەم دوو نووسەرە و ستایلی کارەکانیان، ئەمە جگە لە ڕەوتی ژیانیان کە توخمێکی سەرەکییە.[5] لەوانەیە ئەم هۆکارانەش لەگەڵ ئاستی هۆشیاری و زانیارییەکانی بینەری ئەمڕۆ نەگونجێت و هەموو کەسێک ئەو تێگەیشتن و لێکۆڵینەوە قووڵەیان سەبارەت بەو سەردەمە دێرینە و نووسەرەکانیان نەبێت. بەڵام لە هەندێک نمایشی (بۆقەکان)دا بە تایبەتی ئەو نمایشانەی کە لەم سەردەمە و لە لەندەن پێشکێش کراون، ئامادەکردنێکی وردیان لە شانۆنامەکەدا کردووە و هەوڵیان داوە لەم ڕۆژگارەی نێزیک بخەنەوە؛ بۆ نموونە ئێسخیلۆس و یوربیدس–یان گۆڕیوە و لە بریی ئەوان بەراوردکارییەکە لە نێوان شەکسپیر و بەرناردشۆدا بووە، بەم چەشنەش لە بینەری ئەمڕۆی ئینگلیزی و ڕۆحی ئەم چەرخە نزیک بوونەتەوە.

لە شانۆنامەی (باڵندەکان)دا کە زیاتر لە هەموو بەرهەمێکی تری ئەرستۆفانیس بەنەفەسێکی شیعریی بەرز و زمانێکی قووڵی پڕ لە وێنە نووسراوە، دوو کەسایەتیی دانیشتووی شاری ئەسینا، داوا لە باڵندەکان دەکەن کە لەگەڵ ئەوان مامەڵەکەتێکی تایبەتمەند بە خۆیان لەناو هەورەکان دروست بکەن، هەروەها شانۆنامەی (پلوتۆس) کە یەکێکە لە دوا بەرهەمەکانی، جۆرێکە لە ئامۆژگاری و بەرجەستەکردنی مۆراڵ و ڕێگە پیشاندان، بۆ نموونە ئەرستۆفانیس لەم شانۆنامەیەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات و ئەو پرسیارە دەورووژێنێت، ئەگەر دەوڵەمەندەکان کوێر نەبوونایە و چاو و ویژدانیان کراوە بوایە، ئەوا دیاری و پاداشتەکانیان دەبەخشییە ئەو کەسانەی کە پێویستیانە و شایەنی ئەوەن.

لەم چەند ساڵەی دواییدا چەندین کتێبی دانسقە لەسەر ئەرستۆفانیس و شانۆنامەکانی، بۆ نموونە، ڕۆڵی کۆمیدیایەکی سیاسی لە کۆمەڵگە و سیاسەتی ئەو ڕۆژگارە و پێگەی ئەرستۆفانیس بڵاو کراونەتەوە، لەناو ئەو کتێبانەدا کتێبی (ئەرستۆفانیس: سێکس، گاڵتەجاڕی و سیاسەت) لە نووسینی نیکلاس هۆڵتسباری، پرۆفیسۆری فەلسەفەی کلاسیکی لە زانکۆی میونیش جێگەی ئاماژە و لەسەر وەستانە.[6] ئەوەی جێگەی سەرنجە، لەم کتێبەدا لێکۆڵینەوەی بنەما کۆمیدییەکانی ئەرستۆفانیس دەروازەیەکە بۆ فەلسەفەی گرێکی و لە هەمان کاتدا تیشک خستنە سەر ئەو دید و ڕەخنە ساتەوەختە و هەنووکەییانەیە کە شیکردنەوەیان گرانە و پێویستی بە لێکۆڵینەوە و ڕۆچوونە خوارەوەیەکی قووڵ هەیە. ئەم نووسەرە دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە بنەما کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی شانۆنامەکانی ئەرستۆفانیس، لە کۆنتێکستەکانی خۆی و زەمەن و دەوروبەرەکەیدا ڕوون دەکرێنەوە، هەر لەبەر ئەوەشە کۆمیدیاکانی ئەرستۆفانیس لە دەروازەکانی نزیک بوونەوە بەو

سەردەمەوە، وامان لێ دەکەن ئاسانتر تێیان بگەین و لە هەمان کاتدا سەیرکردن و خوێندنەوەشیان، وەک کۆمیدیا خۆشتر و پڕ لە خەندەتر دەبێت.

لەم کتێبەی نیکلاس هۆڵتسباریدا، شیکردنەوەکە بەو ئاراستەیەدا دەڕوات کە ئەرستۆفانیس بە پلەی یەکەم مەبەستی ئەوە بووە بینەران بهێنێتە پێکەنین. ئەم بۆچوونەش چەندین کێشە و گرفت دەخولقێنێت، بۆ نموونە پەیام و ڕۆڵی کۆمیدیا هاوشان دەبێت لەگەڵ جۆرە (فاش)ێک کە هیچ جۆرە گرفتێک، ڕەخنە و پەیامێک لەخۆ ناگرێت و تەنیا پێکەنین و تەهریج دید و بنەماکانی ئەم جۆرە کۆمیدیا (فاش)ە پێک دەهێنێت. فاش بنەما سەرەکییەکانی کۆمیدیا، خستنەڕووی گرفتە کۆمەڵایەتی، سیاسی، خودییەکان و پەردە هەڵماڵینی بارودۆخە نالەبار و دژوار و چەوتەکان، بەشێوەیەکی کۆمیدی لەخۆ ناگرێت، بەڵکو زیاتر لە دنیایەکی گاڵتەئامێزی پێکەنیناوی، بەبێ هیچ پەیامێک دەسووڕێتەوە. هەرچەندە ئەرستۆفانیس (فاش)یشی نووسیوە و چەند دانەیەکیشی بەدەست ئێمە گەیشتوون و پارێزراون، لەوانە:

a la Georges Feydeau بەڵام ئەرستۆفانیس توانیویەتی لەم (فاش)ەدا لەسەر چەندین ئاست ڕەخنە و گاڵتەی کۆمیدی لە ڕووی سیاسەت، ئیرۆتیک و دیمەنی پڕ لە جۆش و خرۆشەوە ئاوێزانی بەرهەمەکەی بکات، هەروەها بە زمانێکی لیریکی و لە هەمان کاتدا توندوتیژەوە، دیمەن بە دیمەن شانۆنامەکەی داڕشتووە و وێنەیەکی قووڵ و لە هەمان کاتدا ساکار و پڕ لە چێژی (فاش)مان پێشکێش دەکات.

نیکلاس هۆڵتسباری لە لێکۆڵینەوەکەیدا جەخت لەسەر ئەو ناو و کەسایەتییانەی لەو سەردەمەدا ژیاون دەکاتەوە، کە ئەرستۆفانیس لە کۆمیدیاکانیدا بەکاری هێناون و دەیانکات بە نوکتە و ڕەخنەی توندی گاڵتەئامێزیان لێ دەگرێت، زۆرجار وا ڕێک کەوتووە کە ئەو کەسانەی بەو شێوەیە هێرشیان کراوەتە سەر، لەناو بینەراندا دانیشتون و سەیری شانۆنامەکەیان کردووە. بێگومان تیرە ژەهراوییەکانی ئەرستۆفانیس هەمیشە گیراوەتە سیاسەتوان، سەرکردە سەربازییەکان، شانۆنامەنووسەکان، کاربەدەستانی باڵای وڵات و کەسە دیار و ناسراوەکانی ئەو ساتەی ئەسینا، بەتایبەتی ئەو کەسانەی کە ستایلی ژیان و گوزەران و کەسایەتییەکانیان جیاواز بوون و هەوڵیان داوە لە خەڵکی ئاسایی جیاوازتر بژین.

نیکلاس هۆڵتسباری بۆ لێکۆڵینەوەکەی پەنا دەباتە بەر لێکۆڵینەوەکانی نووسەرێکی تر بەناوی (ماڵکۆم هیس) و باسە ناوازەکەی (کۆمیدیای سیاسی لەلای ئەرستۆفانیس)

Political comedy in Aristophanes ئەم نووسەرەش پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە ئامانجی کۆمیدیای گریکی تەنیا ئەوە بووە خەڵکی بخاتە پێکەنین. ئەرستۆفانیس لە ڕەخنەکانیدا چەندە توندوتیژ بووبێت، چەندە مەسەلەی دەسەڵاتی خستبێتە ژێر پرسیارەوە و پەردەی لە ڕووی سیاسەتوانەکان هەڵماڵیبێت، دواجار ئامانجەکانی هەر ئەوە بووە بینەران بخاتە پێکەنین. پیاوی دەوڵەت و سەرکردەیەکی سەربازی بەناوی (کلیۆن)ەوە، بەشێوەیەکی بێ بەزەیی کەوتووەتە بەر

شالاوی شانۆنامەکانی سەرەتا و دەستپێکی بەرهەمەکانی ئەرستۆفانیس، تەنانەت دوای مردنیشی وازی لێ ناهێنێت، ئەم (کلیۆن)ە لە ساڵی ٤٢٢ی بەر لە زایندا، لە یەکێک لە بەرەکانی جەنگدا کوژراوە. ئەرستۆفانیس بەشێوەیەکی بەردەوام گاڵتە بەم کەسایەتییە (کلیۆن) دەکات و ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر ڕەحمەتی ڕەخنە و تەنانەت جنێوەکانیشییەوە.

یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی تێز و بۆچوونەکانی نیکلاس هۆڵتسباری و کتێبەکەی (ئەرستۆفانیس: سێکس، گاڵتەجاڕی و سیاسەت) ئەوەیە کە ئەو هۆکارانە ڕوون ناکاتەوە بۆچی ئەرستۆفانیس هەندێک لە سیاسەتوانەکان ڕیسوا دەکات و هێرشی توندیان دەکاتە سەر، بەڵام بەهیچ شێوەیەک لە هەندێکی تریان نزیک نابێتەوە و ناویان ناهێنێت. هەرچەندە هەندێک لە جنێو و گاڵتەکان بێ کینەیە و هیچ ڕقێکیان تێدا نییە، بەڵام لەلایەکی ترەوە ڕەخنەکانیش یەک لایەنەیە و بە شێوەیەکی تەواوەتی حیسابیان بۆ کراوە، شتێکی سەیرە گەر لە پشت ئەم هێرش و ڕەخنە و جنێوانەوە، مەبەستێکی سیاسی نەبووبێت. ئەرستۆفانیس هەمیشە پەیامی سیاسیی خۆی هەبووە، لە یەکێک لە کۆمیدیاکانیشیدا ڕەخنەیەکی توند لە جەماوەری ئەسینا دەگرێت، لەبەرئەوەی دەنگیان داوە بە کلیۆن، هەرچەندە ئەو، واتە ئەرستۆفانیس لە شانۆنامەی (ئەسپ سوارەکان)دا پەردەی لەسەر هەموو کەموکووڕی و هەڵەکانی کلیۆن هەڵماڵیوە. ئەرستۆفانیس لەم شانۆنامەیەدا، وێنەیەکی ساکار و خراپی کلیۆن-ی وەکو (پێستە خۆشکەر) کێشاوە (کلیۆن ئەم پیشەیەی لە بنەماڵەکەیانەوە بۆ ماوەتەوە و لەم ڕووەشەوە بازرگانیی پێستەی کردووە) ئەمە جگە لەوەی وێنەیەکی کاریکاتێری، لە چەشنی سەرکردەیەکی بێ کەڵک و مەترسیداری ئەسینا دروست کردووە. نیکلاس هۆڵتسباری هیچ بەهایەک بۆ ئەم پەیامە سیاسییەی ئەرستۆفانیس دانانێت و دەڵێت: کلیۆن وەک هەموو ئەو سیاسەتوانانەی بەر لێشاوی ڕەخنە کەوتوون، ئەو ڕەخنە و گاڵتەوگەپانەیان بە سنگێکی فراوانەوە وەرگرتووە و لەگەڵیا پێ کەنیون. بەڵام کلیۆن بەو ڕەخنانە بێزار بووە و ئاماژەی ئەوەی کردووە کە ئەرستۆفانیس هەموو سنوورەکانی بەزاندووە، هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە دواتر ئەرستۆفانیس ڕادەکێشێتە بەردەمی دادگە، بەتایبەتی لەبەرئەوەی ئەرستۆفانیس و لە یەکێک لە شانۆنامەکانی سەرەتای ڕەوتی نووسیندا، بەناوی (بابلییەکان)ەوە، هێرشێکی توندی کردووەتە سەر.[٧]

لەم باسەدا جێگەی سەرنجە بزانین ئەرستۆفانیس لە شانۆنامەی (هەور)دا چۆن باسی سوکرات دەکات. ئەرستۆفانیس لەم شانۆنامەیەدا وێنەی سوکراتێکی فەیلەسووف و قوتابییەکانی، وەکو کۆمەڵە کەسێکی سەیر و مەخسەرە و گێل بەرجەستە دەکات: سوکرات دەبێتە ئەو پیاوە زانستە سوفوستائییەی کە زۆربڵێیە و قسە زۆر دەکات، بەبێ ئەوەی هیچ بڵێت و خۆی و قوتابییەکانی لە کۆمەڵە دیمەنێکی کۆمیدی شپرزە ئاسا و سەرلێشێواودا دروست دەکات. سوکرات لە وتاری بەرگرییەکەی خۆیدا، کە لەساڵی ٣٩٩ی بەر لە زایندا، لە بەردەم دادگەدا (ئەو دادگەیەی کە دواتر بەبڕیاری مەرگی سوکرات بەکۆتا هاتووە) هەر وەکو ئەفلاتوون دواتر بڵاوی

کردووەتەوە، وتوویەتی: سوکرات دوو جۆر دادوەری گشتیی هەبووە، یەکێکیان ئەوانە بوون ئەویان ڕاکێشاوەتە بەردەم دادگە، ئەوانەشی کە هەر لە دەمێ ساڵەوە ئەویان تاوانبار کردووە. سوکرات لێرەدا مەبەستی لە شانۆنامەی (هەور) بووە کە لەوێدا وەکو فیگورێک خولقێنراوە قسەی بێ مانا دەکات، تەنانەت خۆشی نە دەزانێت چی دەڵێت و نە ئاگەداریی ئەو شتانەشە کە باسیان دەکات. ئاشکرایە سوکرات و ئەفلاتوون هەستیان بەو تۆنە زبر و ڕەخنەئامێزەی هێرشی نووسەرە کۆمیدیاکان کردووە، هەروەها ئەو کەسانەشی دواتر سەیری ئەم مەسەلانەیان کردووە و لێی ورد بوونەتەوە، درکیان بەهەمان شت کردووە، هەر بۆ نموونە تەنیا چەند ساڵێک لەمەوبەر و لە کۆواری Magazine Litteraire ئەم مەسەلەیە لە وتارێکدا بەناوی (سوکرات بەدەستی ئەرستۆفانیس مردووە؟) وروژێنراوە.

خاڵێکی تری لاوازی لێکۆڵینەوەکەی نیکلاس هۆڵتسباری ئەوەیە کە کۆمیدیای گریکی، بەتایبەتی لە ئەسینا بە تراجیدیا بەراورد دەکات، بێگومان ئەم بەراوردکارییە لە هەندێک لایەنەوە شتێکی ڕاستە، بەڵام تەنیا لە هەندێک لایەنەوە. پێناسەکردن و دەستنیشانکردنی کۆمیدیا وەکو (خوشکی بچووکی) تراجیدیا، کەمکردنەوەی بەهاکانی کۆمیدیایە، چونکە جیاوازییەکان لە ڕووی چۆنیەتییەوە (چۆنایەتییانە) نییە، بەڵکو مەسەلەکە زیاتر لە ڕووی ستایل و شێوازەوەیە. هەڵبەتە لێک جیاکردنەوە و جیاوازییەکی توندی بەم شێوەیە، بینەرانی شانۆی ئەسینای ئەو کاتەی تووشی نارەزایی و سەرسڕمان کردووە.

لە کاتی فیستیڤاڵەکانی دیۆنیسیۆسدا، کە لە نێوان مانگی سێ و چواری هەموو ساڵێکدا کراوە، لە پێنج شانۆنامەی کۆمیدی کەمتر نمایش نەکراوە، هەروەها سێ ساتیریش (زیاتر نمایشی گەمە و گاڵتەوگەپ بوون و لە میتۆلۆجیاکانەوە سەرچاوەیان وەرگرتووە) ئەمە شان بەشانی ئەو نۆ شانۆنامە تراجیدیانەی تر کە لە ماوەی سێ چوار ڕۆژی فیستیڤاڵەکەدا نمایش کراون.‹٨› لە زۆر ڕووەوە کۆمیدیا شتێکە کە تراجیدیا ئەوە نییە، لەبەرئەوەی تراجیدی لەلایەکەوە لە داستان و میتۆلۆجیاکانەوە وەرگیراون و بنەمایەکی پڕ لە ڕاز و نهێنی لەخۆ دەگرێت و دیدێکی مێتا-فیزیکییان هەیە، لەلایەکی تریشەوە کێشە و دەستەویەخەی مرۆڤی پاڵەوان ئاسا، لەگەڵ چارەنووسی خۆیدا دەخاتە ڕوو، بەڵام کۆمیدیا بەتەواوەتی پابەندە بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ئەسیناوە. تراجیدیا کۆمیدیایە و کۆمیدیاش تراجیدیایە و بەپێچەوانەشەوە، ئەم دوو شێوازە دراماتیکییە، واتە تراجیدی و کۆمیدی تەواوکەری یەکترین و پێکەوە بەرجەستەی هەموو ژیانی واقیعی و ڕاستەقینەی ئەسینان، لەسەر ئاستێکی بەرز و نزم، لەلایەنی ڕۆحی و میتۆلۆجیا و دەنگۆی بێ بناغە، تا دەگاتە سەر مەسەلە ڕاستەقینەکان و ئەو شتانەشی کە بینەران تامەزرۆین، دەکەن.

هیچ شتێک نییە کە خەڵکی ئەسینا خۆیانیان تیا نەدۆزیبێتەوە، هەروەها هیچ شتێک لەو شانۆنامانەدا نەبوون کە لە فیستیڤاڵەکانی دیۆنیسیوسدا نمایش کراون، لە دەرەوەی واقیع و

ئەزموون و ژیان و بۆچوونەکانی بینەران و خەڵکی ئەسیناوە بووبێت. شانۆی گرێکی، بەتایبەتی لە ئەسینا، لە ساڵەکانی ٤٠٠ ی بەر لە زایندا، تراجیدی، کۆمیدی یان گەمەی ساتیر پێکەوە، وێنەیەکی گشتگر و تەواوەتی گەردوون و کۆمەڵگەی گرێکی بووە.[٩] ئێمە ئێستا لەم زەمەنەدا، بەشێوەیەک لە شێوەکان دەتوانین دووپاتی ئەو وتەیەی فیکتۆر هیگۆ بکەینەوە کە دەڵێت "هەمان هێزی هەناسەدان کە لە هەناوی تراجیدیاکانی ئێسخیلۆسدایە، لە هەناوی کۆمیدیاکانی ئەرستۆفانیس-یشدایە"

ئەریستۆ لە کتێبی هونەری شیعرەکەیدا (پۆیەتیکا) مەبەستی ئەوە بووە (لەوانەیە ئەم کتێبە لە کۆتاییەکانی ساڵی ٣٠٠ ی بەر لە زایندا نووسرابێت) تراجیدیا باسی ئەو کەسانە دەکات کە لە ئێمە باشترن، بەڵام لەوانەیە بەو ڕادەیە باش نەبن، چونکە بەهۆی کارێکی هەڵەوە تێک دەشکێن و بەتەواوەتی خراپ دەبن.[١٠] بینەران لەو هاودەردی و هەست و سۆز و ترسانەی کە لە بینینی نمایشە تراجیدیاکانەوە، لەناوەوەیاندا سەرهەڵئەدات و دەورووژێت، پاکژ دەبنەوە (کاتاریس)[١١] "کۆمیدیاکانیش خستنەڕوو و پێشاندانی ئەو مرۆڤانەیە کە خراپن، بەڵام نەک ئەوانەی کە هەر زۆر بێ کەڵکن /.../ ئەو گاڵتەئامێزییە شتێکە کە بە هەڵە دەکەوێتەوە – ئەوە دزێوییە بەبێ ئازار و بەبێ وێرانکاری."

نووسینەکانی ئەریستۆ لەم بارەیەوە بە تەواوەتی نەگەیشتوون بەدەستمان، بەڵام لە دوو توێی هەندێک تێکست و نووسینی تری ئەریستۆوە، دەگەینە بەرەنجامی لێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بە کۆمیدیاش. هەر لەم دەروازەیەوە، لەوانەیە بگەینە ئەو بەرەنجامەی کە ئەریستۆ مەبەستی بووە بڵێت: کۆمیدیا چێژ و پێکەنین دەبەخشێت بەبینەرەکانی، لەم ڕێگەیەشەوە دەمانگەیەنێتە کاتاریس، واتە پاکژبوونەوە، بە ڕەچاوکردنی گەڕانەوە بۆ هەست و سۆزەکانمان. بەلایەکی تردا ئەریستۆ ئەوەمان فێر دەکات کە تراجیدی و کۆمیدی، هەردووکیان هەست و سۆزێکی قووڵ و گەورە لە دەروونماندا، لە بێ ئاگایی ماندا بە ئاگا دەهێنێتەوە و ئەو هەستە توندوتیژەی، کە لە ناوەوەماندایە و ئێمە نامانەوێت بەردەوام بە شێوەیەکی جێگیر بوونی هەبێت، لە ڕێگەی کارە هونەرییەکانەوە ڕزگارمان دەبێت لێیان. شیکارییەکانی ئەریستۆ بۆ کۆمیدیا هەمان شیکاری و لێکۆڵینەوەکانیەتی بۆ تراجیدیا و بەهەمان ئاراستە کاری کردووە، هەرچەندە ئەریستۆ ئەو دوو شێوازەی هونەر بە تەواوکەری یەکتری دادەنێت و هەر لەبەر ئەوەشە وەکو دوو دیوی یەک چالاکی، چالاکییە گشتگرەکانی دراماتیک ناوزەدیان دەکات.

لەگەڵ ئەوەشدا کە لێکۆڵینەوەکەی نیکلاس هۆڵتسباری لە زۆر ڕووەوە بەشێوەیەکی باش نووسراوە، بەڵام کۆمیدیای گرێکی تەنیا وەکو ئامرازی چێژ وەرگرتنێکی ساکار، لە پەڕاوێزی کۆمەڵگەدا دادەنێت، بەم شێوەیە تێزەکانی خۆیمان سەبارەت بەکۆمیدیای ئەرستۆفانیس، لە دید و بۆچوونێکی کۆنەوە پێ دەفرۆشێتەوە. ئەم بۆچوونە ساکارەش وێنەیەکی گشتگر و ڕاست نابەخشێتە ئەو سەراپاگیری و مەودا قووڵەی کە لەو هونەرە بەرزە کۆمیدی و گاڵتەوگەپەی

ئەرستۆفانیس-دا هەیە. لە کۆتاییدا تەنیا شتێک کە لەم بارەیەوە ئاماژەی بۆ بکەم، ئەوەیە کە زۆر زەحمەت و دژوارە لەم خوێندنەوەیە بگەیت و بزانیت نووسەر مەبەستی چییە و بۆچی؟ هەر وەکو ئەفلاتوون نووسیویەتی "ژنە خواوەندە هەوەسبازەکان کاتێک بەدوای پەناگەیەکی نەمردا گەڕان، ڕۆحی ئەریستۆفانیس-یان دۆزییەوە."

سەرچاوە:

SvD, Understrecket. Den antika komedin var ingen fars av Hans-Roland Johnsson, 2012

پەڕاوێزەکانی وەرگێڕ

١- ئەرستۆفانیس لە ساڵی ٤٤٥ پ.ز لەدایک بووە و لە ساڵی ٣٨٥ پ.ز یشدا کۆچی دوایی کردووە. ئەم نووسەرە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ٤٢٧ پ.ز دا یەکێک لە شانۆنامەکانی نمایش کراوە. کۆنترین شانۆنامەشی کە دەست ئێمە کەوتووە، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ٤٢٥ پ.ز، ئەم شانۆنامەیەش یەکێک لە کارەکتەرەکانی ناوی (یوربیدس)ە، وەک ئاماژەیەک بۆ نووسەری تراجیدیای گریکی یوربیدس.

٢- ئەو شانۆنامانەی ئەرستۆفانیس کە بە دەست ئێمە گەیشتوون و پارێزراون بریتین لە: خەڵکی ئەفارینا، ئەسپسوارەکان، هەور، زەردەواڵە، جەژنی تسمۆفۆریا، بۆقەکان، پەرلەمانی ستات، پلوتۆس، لیسیستراتا.

٣- ئۆلیمپن: ماڵی خواوەندی گریکەکان کە بەسەر ترۆپکی چیای ئۆلیمپۆس-ەوە بووە، لە هەمان کاتدا مانای جیهانی خواوەندەکانی گریکییە کۆنەکانیش دەگەیەنێت.

٤- شانۆنامەی (بۆقەکان) یەکێکە لەو شانۆنامانەی کە ئەرستۆفانیس توانا و سەلیقەی یوربیدس دەخاتە تەرازووی ڕەخنە و بەراوردکاری و تەنانەت دانپیانانیشەوە. ئەم شانۆنامەیە نیشانەیەکی گەورەی ڕەخنەی ئەدەبی و شانۆیی گریکلاندە کە دوای مردنی هەرسێ شاعیری گریکی: ئێسخیلوس، سۆفۆکلیس و یوربیدس نووسراوە. ئەرستۆفانیس شانۆنامەی "بۆقەکان"ی لە کاتێکدا نووسیوە کە گۆڕەپانی پێشبڕکێکان بەهۆی مردنی شاعیرە مەزنەکانەوە بۆشاییەکی گەورەیان دروست کردووە، ئەرستۆفانیس هەستی بەو بۆشاییە کردووە و لە دەروازەی شانۆنامەکەیەوە ڕۆڵی ئەو شاعیرانەی بەرز نرخاندووە. شانۆنامەی بۆقەکان هەڵسەنگاندنێکی شانۆیی و وردی توانای شانۆنامەنووسیی هەرسێ شاعیرە مەزنەکەی تراجیدیای گریکە. ئەرستۆفانیس لەم شانۆنامەیەدا زیاتر بەراورد لە نێوان ئێسخیلوس و یوربیدس-دا دەکات، بەڵام یوربیدس و سۆفۆکلیس-یش بەشێکی ئەو بەراوردکارییەن. ئەرستۆفانیس بۆ یەکەم جار لەم شانۆنامەیەدا دان بە توانای یوربیدس و ڕۆڵی شانۆنامەکانی و هێزی تراجیدیاکانیدا دەنێت، لە بەرەنجام و کۆتاییی شانۆنامەکەیدا بەم شێوەیە پلەی شاعیرەکان دەستنیشان دەکات: ئێسخیلوس پلەی یەکەم، سۆفۆکلیس دووەم و یوربیدس پلەی سێیەم.

٥- شانۆنامەی بۆقەکان لە ساڵی ٤٠٥ پ.ز دا پێشکێش کراوە و پاداشتی یەکەمی بەدەست هێناوە، دواتر بەهۆی سەرکەوتنی نمایشەکەوە بۆ چەندین جار لە ئەسینا پێشکێش کراوەتەوە.

٦- ئەم کتێبە ٢٤٠ لاپەڕەیە و لە ساڵی ٢٠١٠دا لە دەزگای C H Beck بەئەڵمانی بڵاو کراوەتەوە.

٧- ئەم شانۆنامەیە فەوتاوە و نەگەیشتووە بەدەستمان.

٨- (بیترستراتۆس) یەکەم فەرمانڕەوا بووە کە بڕیاری دامەزراندن و سازدانی فیستیڤاڵ و پێشبڕکێ هونەرییەکانی نێوان شاعیرە تراجیدییەکانی داوە، بۆ ئەم مەبەستە هەموو ساڵێک لە ئەسینا ڕۆژەکانی جەژنی دیۆنیسیۆس، خواوەندی شانۆ و بەروبووم تەرخان کراوە بۆ ئەو دیاردە گرینگە، دوای دەرکردنی ئەم بڕیارە و پەسندکردنی لەلایەن ئەنجوومەنی شاری ئەسیناوە، یەکەم شانۆگەری لە ساڵی ٥٣٤ پ. زدا نمایش کراوە. ئەم ریتواڵ و فیستیڤاڵە شانۆییە لە وەرزی بەهاردا ساز کراوە و دە ڕۆژی خایاندووە، شانۆنامەکانیش لە سێ ڕۆژی کۆتاییدا پێشکێش کراون. لە سەرەتادا تەنیا تراجیدیاکان بەشدارییان کردووە، بەڵام لە ساڵی ٤٨٦ پ. ز. ەوە ڕێگە بە شانۆنامەنووسە کۆمیدییەکانیش دراوە بەشداری بکەن. بەهۆی بەشداریی شاعیرە کۆمیدیاکانەوە، هەندێک ڕێسا و بنەمای تر بۆ تێکڕای نووسەرەکان دادەنرێت تا پەیڕەوی بکەن. بۆ نموونە شانۆنامەنووسە کۆمیدییەکان بوارێکی زیاتریان هەبووە بۆ گوزارشتکردن و جۆری دەربڕینەکانیان، بەڵام شانۆنامەنووسە تراجیدییەکان ئەو بوارەیان نەبووە. کۆرسی ناو شانۆنامە کۆمیدییەکان توانیویانە و بۆیان هەبووە ڕاستەوخۆ ڕوو بکەنە بینەران، ڕەوتی شانۆنامەکە ڕابگرن و ڕای تایبەتی خۆیان سەبارەت بە مەسەلەیەکی هەنووکەیی، لە ڕووی ڕامیاری، ئابووری، هونەری، ڕۆشنبیری ... هتد دەرببڕن و دواتر بگەڕێنەوە ناو ڕووداوەکانی شانۆنامەکە.

٩- ئەریستۆ لە کتێبەکەیدا هونەری شیعر (بۆیەتیکا) ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە شانۆگەری بەهەردوو جۆرەکەیەوە؛ تراجیدیا و کۆمیدی، لە هونەری شیعرەوە سەریهەڵداوە.

١٠- بەپێی هەندێک سەرچاوە بەشی دووەمی کتێبی هونەری شیعر لەبارەی کۆمیدیاوە بووە، بەڵام ئەو کتێبە فەوتاوە و نەگەیشتووەتە دەستمان.

١١- کاتاریس، پاکژبوونەوە یان قوتاربوون، وشەیەکی یان چەمکێکی گرانە و چەندین شیکردنەوەی بۆ کراوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هەموو پسپۆڕ و لێکۆڵەرەوان لەسەر ئەوە ڕێکن کە مەبەست لە پاکژبوونەوەی دەروونە لە ترس و بەزەیی، ئەمەش بەهۆی پێشاندانی بەرهەمە تراجیدیاکانەوە. بۆ گەیشتن بەم مەبەستەش پێویستە تراجیدیا خورپە یان ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراو، گۆڕانکاری و جۆرە کارەساتێک لەخۆ بگرێت.



ئەفلاتۆن



ئەرستۆ



دیمەنێک لە شانۆنای "بۆقەکان"



ئەرستۆڤانیس



دیمەنێک لە شانۆنامەی "هەورەکان"



دیمەنێک لە شانۆنامەی "باڵەکان"

# شۆڕشە مەزنەکەی عەرەب
# ١٩١٦-١٩٢٥

سەلاح ئەلئیمام

٢ لە ٢

### ڕۆئاوا وڵاتـــەکان دابـــەش دەکات و
### بەرهەڵستکارەکانیش پان دەکاتەوە

کە تورکەکان دەڕۆن، فرەنسییەکان بەپێی ڕێککەوتننامەی سایکس پیکو کار دەکات و کەنارە سووریاییەکە بەش بەش دەکەن، تا کارگێڕی کەنارە سووریاییەکە و ناوچەکانی لە ڕێککەوتنەکەدا باس کراوە بکەوێتە بن دەستیان، لە ڕۆژی ٣٠ی سێپتمبەری ساڵی ١٩١٨ بەبێ ئاگاییی عەرەبەکان ئیدارەی ناوچەی شام دیار دەکەن، بەوەش دەسەڵاتی باڵاش دەکەوێتە بن دەستی ماریشال لنبی، ئینجا راوێژکاری فرەنسی وەک راوێژکاری سیاسیی تایبەت دەستبەکار دەبێت تا راوێژ لە ئیدارەی ناوچەی کەنارەکانی سووریایی بکەن، راوێژکارییەکەش مافی دانانی موڵکیەتی لە ناوچەکە دیار دەکەن، ئەوانیش فەرمانبەرەکان دادەنێن، بەرپرسیاریەتیش درابووە مسیو جۆرج بیکوی مەندوبی سامی فرەنسی لە خۆرهەلات، ئەویش لەگەڵ هاوڕێیەکەی سایکس وڵاتانی عەرەبییان بەش کردبوو. لە ڕۆژی ٢٢ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٨ و بەپێی ئەو ڕێککەوتننامەیە وڵاتی سووریا کرابووە سێ هەرێم، بەشی یەکەمی لە فەڵەستینەوە هەتا رووباری ئوردن بوو، لەوانە لیوای قودس و نابلس و عەکا دەکەوێتە بن دەستی ئیدارەی ئینگلیزی، جەنەراڵ بولز وەک حاکمیش دانرابوو. دووەمیان ولایەتی کۆنی سووریا دەگرێتەوە، ئەوەش لەبن دەستی ئەمیر فەیسەڵ دەمێنێتەوە. هەرێمی سێیەمیش کە ناوچەکانی چیای لبنان و لیوای بەیرووت و

..............................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی

تەرابلس و لازقیە و ئەنتاکیە و ئەسکەندرویە و حەلەب، ئەوانەش دەکەوێتە بن دەستی فرەنسییەکان. لە رۆژی ٥ی ئوکتۆبەر جەنەراڵ لنبی دەگاتە دیمەشق، هەروەها جێگرەکەی مەندوبی سامی فرەنسی دەگاتە ئەو شارە، ئەویش نارەزاییی دەبێت لەسەر دانانی شوکری پاشای ئەیووبی وەک حاکمی بەیرووت، بەڵام ئەمیر فەیسەڵ پێی دەڵێت کەوا دانانی حاکم تەنیا دەسەڵاتی سەرکردەی گشتییە. لە رۆژی ٩ی نۆڤمبەری ساڵی ١٩١٨ ئاڵای عەرەبی لەسەر بارەگەی حوکم لە بەیرووت دادەگیرێت و ئاڵای فرەنسی بەرز دەکرێتەوە، بەیانییەکەی وەک پشتیوانییەک تیمێکی سەربازی دەگاتە بەیرووت، لە ١١ی نۆڤمبەر فرەنسییەکان شاری لازقییە دەگرن و لە رۆژی ٢٤ی نۆڤمبەر ئەسکەندرونە و لە ٧ی دیسمبەریش شاری ئەنتاکیەش دەگرن.

## کۆنگرەی سوڵح

لەودەمانەش کۆنگرەی ناسراوی سوڵحیش دانیشتنەکانی لە فرەنسا دەبەسترا، شەریف ئەلحوسێنیش داوا لە ئەمیری فەیسەڵی کوڕی دەکات بەشداریی کۆبوونەوەکە بکات، ئەویش لەودەمانە لە قاهیرە بوو، دەچێتە بەیروت و بە پاپۆڕێک بەرەو مرسیلیا لە ٢٢ی نۆڤمبەر دەڕوات. حکوومەتی ئینگلیزی وەک دۆستی شەریف ئەلحوسێن پێوەندییان پێوە دەکات و لەگەڵ فرەنسییەکان پێناوی دەکات و دۆستی دێرینیان لورانس کار دەکات تا حکوومەتی فرەنسی بوار بدەن ئەمیر فەیسەڵ بگاتە پاریس و لە دانیشتنی کردنەوەی کۆنگرەکە لە رۆژی ١٨ی ینایری ساڵی ١٩١٩ ئەمیر وەک نوێنەری حکوومەتی عەرەبی بەشدار بێت، کە تەنیا رۆستەم بەگ حەیدەری لەگەڵدا بوو، بۆیە دەیەوێ وەک نوێنەری وڵاتانی هاوپەیمانان دابنیشێت! ئینگلیز و فرەنسییەکان کۆششیان دەکرد دۆزی وڵاتانی عەرەبی دوور بێت لە کارنامەی کۆنگرەی سوڵحی پاریس، بەڵام بەناچاری بۆ رازیکردنی سەرۆکی ئەمەریکایی ویڵسون، نوێنەرەکەیان لە رۆژی ٣٠ی ینایری ساڵی ١٩١٩ دۆزەکەیان خستە بەرنامەکان، واتە بەر لە ١٢ رۆژ لە بەستنی کۆنگرەکە، ئەوەش بە بڕیارێکی نوێنەرەکانی ئەمەریکا و ئیتاڵیا و ژاپۆن بووە، کە تێدا بڕیار دەدەن ئەرمینیا و وڵاتانی عەرەبی لە تورکیا جیا دەکەنەوە و لەناو هاووڵاتییانیش ریفراندۆم بۆ مافی چارەی خۆنووسینی تێدا بکرێت.

## فەیسەڵ - وایزمان

لە رۆژی ٦ی فبرایری ساڵی ١٩١٩ ئەمیر فەیسەڵ و لورانسی عەرەب دەچنە کۆنگرەکە بۆ باسکردنی دۆزی عەرەب، بە زمانی عەرەبیش ماوەی ٢٠ دەقە قسەی کردبوو، لۆرانس قسەکانی بۆ دەکردە ئینگلیزی، هەموو داواکانی سەبارەت بە دانپێدانان بە وڵاتانی عەرەبی وەک یەکەیەکی جوگرافیی سەربەخۆ بە سەرۆکایەتیی خاوەن شکۆ ئەلحوسێنی کوڕی عەلی داوا دەکات.

ئەوەی شایانی باسە کەوا فەیسەڵ لەودەمانەی لە کۆنگرەکەدا بوو، لەگەڵ دوکتۆر حاییم وازیمانی سەرۆکی ڕێکخراوی زایۆنیزمی جیهانی دیمانەیان دەبێت و بەیەکەوە ڕێککەوتنی ماوە درێژ مۆر دەکەن، تێدا جوولەکە مافیان لە فەڵەستین جێگیر دەبێت، ئەوەش یەکێک بوو لەو ڕێککەوتننامەی کە دەوڵەتی عیبری لە فەڵەستینی پێ دادەمەزرێت، کە بڕگەکانی لەو بەندانە پێک هاتبوو:

یەکەم: هەموو ئاسانکارییەک بۆ کۆچکردنی جوولەکە بۆ فەڵەستین ساز دەبێت، بە مەرجێک مافی جووتیارەکان و پاڵە عەرەبەکانیش مسۆگەر بکرێت و یارمەتییان بدرێت ڕەوشە ئابوورییەکانیان گەشەدار بێت.

دووەم: یاسا و سیستەمێک دابنرێت کە ئازادیی هەموو ئاینەکان بپارێزێت، پاڵەپەستۆ نەکرێتە سەر هیچ لایەنێک لە کاتی جێبەجێکردنی سرووتە ئاینییەکانیان، هەموو کەسێک لە پەیڕەوکردنی مافە مەدەنی و سیاسییەکانیان ئاستەنگیان نەیەتە پێش.

سێیەم: ڕێکخراوە زایۆنیزمەکە لێژنەیەک ڕەوانەی فەڵەستین دەکات هەتا لە ڕەوش و ئیمکانیاتی ئابووریی ناوچەکە بکۆڵێتەوە و هەموو چالاکییەکانی ئەو لێژنەیە لەبن دەستی وڵاتانی عەرەبییەوە بێت، لێژنەکە بۆ بوارسازییەکانی گەشەکردن لە هەموو بوارەکان توێژینەوەیەک ئامادە بکات.

## گەڕانەوەی فەیسەڵ بۆ شام

فەیسەڵ دەگەڕێتەوە و کۆنگرەکەش لەسەر دوارۆژی وڵاتانی عەرەبی بەردەوام بوو، لەسەر داوا و سووربوونی وڵاتە یەککگرتووەکان، کۆنگرەکە بڕیار دەدات لێژنەیەکی دەولی لە وڵاتانی هاپەیمان پێک بێت بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر دۆزەکانی ناو ئاسیای بچووک، ئەو بڕیارە بە دڵی فرەنسییەکان نەبوو، بۆیە دەنگی بۆ نادەن و نوێنەرەکەیان وا دەزانێت کەوا ئەو بڕیارە پەلەی لێ کراوە و دانوستاندنی زۆرتر دەویست بۆیە ڕەخنەیان گرتبوو.

فەیسەڵ لەناو سووریا شار بە شار دەگەڕا، لە گەڕەکەکان وتاری پێشکێش دەکرد، لەگەڵ فرەنسییەکان دانوستاندنی دەکرد، کاتی گەیشتنی لێژنەی لێکۆڵینەوەکەش نزیک دەکەوتەوە، دەبوایە نوێنەری ڕەسمیی میللەتی عەرەبی سووریایی لەو دانوستاندنە هەبێت و گوێ لە داواکانیان بگیرێت، بۆیە شازادە فەیسەڵ داوا دەکات لەناو دیمەشق نوێنەرەکانی خۆیان دەستنیشان بکەن و قسە لەسەر چارەنووسی خۆیان لە سووریا بکەن و باس لەوە بکەن، کام جۆرە حوکمیان لە وڵاتدا پێ باشە، داواکانیان پێشکێش بەو لێژنە دەولییە بکەن، ئیتر بۆ ئەو مەبەستە و بەپێی یاسایە تورکییە کۆنەکە لە ڕۆژی ٧ی یونیۆدا لە باڵەخانەی یانەی عەرەبی لە دیمەشق کۆنگرەکەیان بۆ دانان بەرنامە و داواکارەکانیان بەستبوو، وەک هەموو جارێکی تر ئەمیر بەوتارێکی گەرمی خۆی کۆنگرەکەی دەکاتەوە.

## داواکارییەکانی وڵات

لە رۆژی چوارشەممی ١٠ی یونیۆی ساڵی ١٩٩١ وەفدە ئەمەریکییە چاوەڕوانکراوەکە دەگاتە یافا، فرەنسییەکان لەودەمانەدا دەیانویست بەهەر شێوەیەک بێت دڵی سوورپاییەکان کەمێکیش بێت بۆ خۆیان رابکێشن، بەڵام نەکرا سۆزیان بجووڵێنن و لەوەیان هەرەسیان هێنابوو. زۆربەی خەڵکی فەڵەستین و باشووری سووریا کۆنگرەی سوورپایی گشتی دەکەنە نوێنەری خۆیان، نوێنەرەکانیان بە پیاوانی لێژنەکەیان وتبوو: بڕۆنە دیمەشق و دیمانەی کۆنگرەکە بکەن، ئەوان بەناوی ئێمە قسە دەکەن.

لە رۆژی ٣ی یولیۆی ساڵی ١٩١٩ سەرۆکی کۆنگرەی سوورپایی بە سەرۆکایەتیی وەفدێکی ٢١ ئەندام سەرۆکی لێژنەکە دەبینێت و داواکاری میللەتەکەی لە بەردەم دادەنێت، کە تێدا هاتبوو: رازیبوون لەسەر سەربەخۆیی وڵاتەکە، دامەزراندنی حکوومەتێکی پاشایەتیی مەدەنی، نارِازیبوون لەسەر بڕیارەکەی کۆنگرەی سوڵح بەمانەوەی وڵات لەژێر ئینتیداب، فرەنسا هیچ مافێکی بەسەر سووریاوە نابێت و نایەوێت بە هیچ شێوەیەک دەستیان لەو حوکمی وڵاتدا هەبێت، قبووڵیشمان نییە فەڵەستین ببێتە وڵاتێکی نەتەوەییی جوولەکە، داواش دەکەن عێراق سەربەخۆ بێت و لە نێوان سووریا و عێراقیش هیچ بەربەستێک نەبێت. هەموو پەیمانە نهێنییەکانیش هەڵبوەشێتەوە کە داواکارە وڵاتەکە دابەش بکەن، بە هیچ شێوەیەک دان بەو وڵاتە دابەشکراوانەش نەهێنن. پاش ئەوەی لێژنەکە کارەکانی لە دیمەشق تەواو دەکات سەردانی بەعلەبەک و دواییش بەیرووت دەکات، لەوێ لە گەڕەکەکان دەسووڕێتەوە، کە تێدا کۆدەنگی خەڵکەکە رەفزکردنی ئینتیدابی فرەنسی بوو، لێژنەکە دەگەڕێتەوە شام و ٤٢ رۆژ دەمێنێتەوە، لەوێ نزیکەی ٣٦ شار و شارۆکە دەبینێت، ١٨٦٣ سکاڵانامەی وەردەگرت کە ٧٥,٥٪ هەمان ئەو داوایانەیان تێدا بوو کە کۆنگرە سوورپاییەکە بڕیاری لەسەر دابوو.

فرەنسییەکان لە میللەتی سوورپایی بێ ئومێد دەبن، بۆیە بەرەو لەندەن بەڕێ دەکەون، لەوێ هەڵمەتێکی توند دژ بە حکوومەتی بەریتانی لە رۆژنامەکاندا بەرپا دەکەن و داوا دەکەن ئەو پەیمانەی سەبارەت بە سووریا مۆریان کردووە جێبەجێ بکرێت، بۆیەش رۆژنامەی تایمزی بەریتانی داواکار دەبێت فرەنسییەکان رازی بکەن و داواکارەکانیان مەیسەر بکەن.

لەودەمانەی رۆژنامەکانی بەریتانی کۆششیان دەکرد ئینگلیزەکان بەرەو فرەنسییەکان نزیک بکەنەوە، لە لبنان فرەنسییەکان بەشێوەیەکی تر پڕوپاگەندەیان بۆ پارچە پارچەکردنی ناوچەکە بڵاو دەکردەوە، بۆیەش توانییان کار لە ئەنجوومەنی ئیدارەی لبنان بکەن لە رۆژی ٢ی مایۆی ساڵی ١٩١٩ بڕیارێک بۆ فراوانکردنەوەی سنووری لبنان دەربکەن و ئینجا ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەبن پارێزگاری فرەنسییەکان، ئەو بڕیارەش ئاراستەی کۆنگرەی سوڵح دەکەن. ئینجا فرەنسییەکان پاڵەپەستۆ لە باتریکی موارانەکان ئەلیاس حویک دەکەن سەردانی پاریس بکات،

لەوێ داوای دامەزراندنی دەوڵەتی گەورەی لبنان لەبن فەرمانڕەواییی فەرەنسییەکان بکات، لەودەمانەشدا جۆرج لوید سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا لە ١٠ی سپتەمبەری ساڵی ١٩١٩ بە برووسکە داوا لە ئەمیر فەیسەڵ دەکات لە رۆژی ١٦ی سپتەمبەر بگاتە لەندەن، فەیسەڵ پاش چەند سەعاتێک لە وەرگرتنی برووسکەکە سەفەر دەکات. ئەو لە بەنداوەکەی ئەسکەندەریە سواری پاپۆڕێکی بەریتانی دەبێت، پاپۆڕەکەش لەناو دەریا ماوەیەک رادەگرێت و بە مەبەست لە گەیشتن بە پاریس دوا دەکەوێت، رۆژی ١٩ی سپتەمبەر کە دەگاتە ئەوێندەرێ کۆنگرەکە هەموو کارەکەی تەواو کردبوو، ئەو لەوێ ڕووبەڕووی سیاسەتێکی نوێ دەبێتەوە، کەوا هەردوو حکوومەتی فەرەنسی و بەریتانی رێک دەکەون، بەوەش فەرەنسا وەک داگیرکەر و بەپێی رێککەوتنامەی سایکس پیکۆ دەمێنێتەوە.

ئەوەش پەیامێک بوو کەوا پیاوانی شام لە خۆیان تێ بگەن و بزانن چییان بۆ داڕێژراوە، بۆیە بەرەنجام بیر دەکەنەوە سوپایەکی گەورە بۆ دژایەتیی فەرەنسی و بەریتانییە هاوپەیمانییەکانیان ساز بکەن، داواش دەکەن هاتنە ناو ریزەکانی ئەو سوپایە سەربەستانە بێت، بەڵام کە هەست دەکەن ئەگەر بە شێوەی ئارەزوومەندانە بێت، خەڵکێکی زۆر کەم روو لەناو سوپاکە دەکەن، بۆیە بڕیار دەدەن سەربازییەکە بکەنە ئیجباری و رێژەی تەمەنی بیست ساڵەش دادەنێن.

## پڕۆژەی فەیسەڵ- کلیمنسوو

لەودەمانە فەرەنسییەکان سنووری سێ گوندیان لە ناوچەی حمس گرتبوو، سێ هەزار سەربازیش دەچێتە ناو بەعلەبەک، لەو رەوشەدا ئەمیر فەیسەڵ لە رۆژی ٦ی ینایری ساڵی ١٩٢٠ لە پاریس بەرەو بەیرووت دەردەچێت و بەرنامە پڕۆژەیەکی لەگەڵ فەرەنسییەکان پێ دەبێت. کە دوایی بە پڕۆژی فەیسەڵ- کلیمنسوو ناسرا، کە تێدا دان بەبوونی راوێژکاری فەرەنسی لە سووریا دادەنێت، کە هەردوو کارگێڕی مەدەنی و سەربازییەکە بگرێتەوە، دەوڵەتی سووریاییش لەلای حکوومەتی فەرەنسی لە پاریس نوێنەریان دەبێت. خاوەن شکۆش ئەمیر فەیسەڵیش دان بە سەربەخۆییی لبنان لەبن ئینتیدابی فەرەنسادا بنێت. لە رۆژی ٢٦ی ینایردا حکوومەتێکی نوێ لە سووریا بە سەرۆکایەتیی ئەمیر زید و بە نازناوی سەرۆکی ئەنجوومەنی هەردوو کارگێڕییەکە دەبێت، لە ٦ی مارسدا بەڕەسمی لە یانەی عەرەبی و بەئامادەبوونی ئەمیر فەیسەڵ دانیشتنی رەسمیی کۆنگرەی سووریایی دەکرێتەوە.

## کۆنگرەی سان ریمۆ

لە ٧ی مارسی ساڵی ١٩٢٩ سووریا وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ بە سنووورە سروشتییەکەی خۆیەوە رادەگەیەندرێت، خاوەن شکۆ فەیسەڵی کوڕی ئەلحوسێن وەک مەلیک دادەنرێت، ئەوەش لەسەر

چەندین ئاستەوە دەنگۆیەکی زۆری دەبێت، بەڵام ئیدارەی لبنان یەکێک لە ناڕەزاییەکان بوو، لە رۆژی ١٢ی مارس سکاڵایەک لە بەردەم جەنەراڵ جورو دادەنێن، دانانی مەلیک فەیسەڵ بە پێشێلییەک بۆ سەر سەروەری و مافەکانی لبنانی دەزانن، وا دەزانن بەوەیان دەست لە کاروباری لبنان وەردەدەن، چونکە لەودەمانە لبنان بەشێک بووە لە سنووری سووریای مەزن.

ئینجا باتریک جورو ئەویش لەلای خۆیەوە لەسەر بڕیارەکەی کۆنگرەی سوورییایی لەسەر دانانی فەیسەڵ وەک پاشای ناڕەزایی رادەگەیەنێت، داواشی کردبوو هاوپەیمانان بەچاوی ئینسافەوە بڕوانە نەتەوەی لبنانی، ئینجا شارەوانیی تەرابلسیش ناڕەزاییەک لەسەر بڕیارەکەی کۆنگرەی سوورییایی دەردەبڕێت، داواش دەکات سووریای مەزن بکەوێتە بن رەوشی پارێزگاریکردنی فرەنسییەکان. بۆیەش پیاوانی دەسەڵاتی فرەنسی داوای وتارخوێنەری مزگەوتەکان دەکەن و داوایان لێ دەکەن چیی تر بەناوی خاوەن شکۆ فەیسەڵ پاشاوە وتارەکانیان لە مزگەوتەکان پێشکێش نەکەن و لە جیاتیی ئەوە ناوی خەلیفەی عوسمانی محەمەد وەحیدلدینی شەشەم بهێنن، ئەوەی سەرپێچیی ئەو فەرمانەشی کردبوو دەگیرێت، لەو رۆژانەدا کۆنگرەی سان ریمو لە رۆژی ٢٦ی ئەپریلی ساڵی ١٩٢٠ لە ئیتاڵیاوە سووریا لەبن ئینتیدابی فرەنسی و عێراق و فەڵەستینیش لەبن ئینتیدابی ئینگلیزی دادەنێن و هەر لەو کۆنگرەیەشدا بڕیاری جێبەجێکردنی پەیمانی لۆڤەریش دەدەن.

لەو رۆژانەش لیوا نووری سەعید لەگەڵ کۆلۆنیل تولای ئەفسەری پێوەندییەکانی فرەنسی بەئاگایی مەلیک فەیسەڵ دەگەنە بەیرووت، لەگەڵ جەنەراڵ جورو دانوستاندن دەکەن، ئەویش ئاگەدارییەک بۆ مەلیک فەیسەڵ بەو نوێنەرانە رەوانە دەکات، داوای لێ دەکات بەبێ هیچ مەرج ئینتیدابی فرەنسی قبووڵ بکات و دەستی دەسەڵاتی فرەنسی لە سووریا ئازاد بکات، هەموو یاساکانی تەجنید هەڵوەشێنێتەوە و هێزە نیزامییەکانیش بەرەڵڵا بکات، ئەوانەی دژایەتیی فرەنسایان کردووە رادەستیان بکات، بۆیەش داوا دەکات بەر لە رۆژی ١٨ی یولیۆ بەڕەسمی رەزامەندیی ئەو لەسەر ئەو داوایانەی پێ بگات، ئەگەرنا بەشێوەیەکی سەربازی سووریا دابەش دەکەین. لەودەمانەش هێزە فرەنسییەکان لە چەندین ناوچەدا پەرتەیان لێ کردبوو، چەندین پێگەشیان گرتبوو، مەلیک فەیسەڵیش تەنیا دەسەڵاتی ئەوەی هەبوو نامە و برووسکە یارمەتیی ناڕەزاییەکان بگەیەنێتە سەرۆک و پاشاکانی ئەوروپی، ئینجا لە رۆژی ١٧ی یولیۆش بەفەرمی وەک رەزامەندییەک ئاگەداری جەنەراڵ جورو دەکاتەوە، ئەوەش یەک رۆژ پاش کۆتاییی مۆڵەتەکە بووە. ئیتر جەنەراڵ جورو لە رۆژی ١٢ی یولیۆ ١٩٢٠ بڕیارەکەی ئەنجوومەنی ئیدارەی لبنانی هەڵدەوەشێنێتەوە.

## داگیرکردنی دیمەشق

بەر لە رازیبوونی حکوومەتی پاشایەتی بە ئاگەدارکردنەوەی فرەنسییەکان لەناو جەماوەرەکەدا شەپۆلێکی توندی نارەزایی لەناو شەقامی شارەکاندا بەرپا دەبێت، تێدا نارەزاییش لەسەر بڕیارەکانی فەیسەڵ و حکوومەتەکەشی رادەگەیەنن، لە رۆژی ١٩ی یولیۆ و پاش ئاگەدارکردنەوەی فرەنسییەکان پاشا سوپاکەی هەڵدەوەشێنێتەوە و بڕیاریش دەدات بۆ ماوەی دوو مانگ دانیشتنەکانی کۆنگرەکەش راگیرێت، بەوەش ناو دیمەشق رەوشێکی نالەبار و ئاژاوە دەگرێتەوە و شەوێکی خەمگینی بەسەر دیمەشق تێ دەپەڕێت. کە حکوومەت هەموو مەرجەکانی جەنەراڵ جورو قبووڵ دەکات، دەبوایە هێرشی سوپای فرەنسی بۆ سەر دیمەشق بوەستێت، بەڵام دیارە کەوا سوپاکە بەرەو دیمەشق دەجووڵایەوە، بۆیە پاشا هەست دەکات کەوا هاوپەیمانەکان فێڵیان لێ کردووە و هەڵیان خەڵەتاندووە و بۆیە تەنیا بواری شەڕی لەپێشدا دەمێنێت و شەڕەکەش رادەگەیەنێت، لەناو هەموو کۆڵانەکانی دیمەشق بانگەوازی شەڕەکە رادەگەیەنێت و هاواری شەڕەکەش بڵاو دەبێتەوە، داوا لە هاووڵاتییان دەکەن بەرگری لە شارەکەیان بکەن، بۆیەش هەزاران کەس دەگەنە مەیدانی شەڕەکان لە میسلۆن.

## شەڕەکەی میسلۆن

یوسف عەزمە بۆ بەرگریکردن لە دیمەشق بەرنامەیەکی دانابوو، کە تێدا چەند قەڵای لە دەوری گوندی مجدل عەنجر دانابوو، کە دەیڕوانییە دەشتاییەکانی بیقاع، تا گەیشتنی سوپای فرەنسی بۆ دیمەشق بەرگریی تێدا بکەن، بەڵام بەر لە کۆتاییی ئاگەدارکردنەوەکە سوپاکەی ئیزن دانابوو، شەڕوانەکان گەڕابوونەوە ماڵەکانیان، بۆیە لە رۆژی شەڕەکەدا لە ١٢ی یولیۆ تەنیا ٦٠ سەرباز لەو مۆڵگەیەدا مابوو، ئەوانەشیان لە میسلۆن ساز کردبوو، ئەگەر سوپاکەی هەڵنەوەشاندرابوایەوە، هەرگیز جەنەراڵ جورو جورئەتی ئەوەی نەدەکرد بەئاسانی بەرەو دیمەشق هێرش بکات. لەناو کۆڵانەکانی دیمەشق بانگەوازی خۆبەختکردن بڵاو دەبێتەوە و بوقی شەڕەکەش لە کەندەکەی ئەلحەریر لێ دەدرێت و بەرەو میسلۆنیش رێ دەکەن، کە لەلای خۆرئاواوە تەنها ٢٨ کم لە دیمەشقەوە دوور بوو. ئینجا خەڵکە خۆبەختکەرەکان بە ژمارەی سێ هەزار کەس دەگەنە مەیدانەکە و بە تفەنگە کۆنەکانیان کە لە پاشماوەکانی سوپای تورکی دەستیان کەوتبوو، بەوەش بە سەرپەرشتیی یوسف عەزمە ساز دەبن بۆ بەرگری و شکاندنی سوپایە فرەنسییەکە.

لە بەیانیی رۆژی شەمووی ٢٤ی یولیۆ تۆپخانەی فرەنسی بەچڕی مۆڵگەی گیانفیداییەکانی بۆردمان دەکات، دەیان فڕۆکەش بۆردمانی ناوچەکانی دەکرد، لەولاشەوە ژمارەیەکی زۆری دەبابەش پێشڕەویی دەکرد، پیادەی فرەنسییش بواری خۆش بوو تا بچێتە پێشەوە، بەڵام گیانفیداییەکان ڕووبەڕوویان دەبنەوە، یوسف عەزمەش بە دووربینەکەیەوە لە بەرزاییەکەوە

سـەیری مـەیدانەکەی دەکـرد، بۆیەش زوو بە دەسـتـرێژییـەک لە گوللـەی خـەسـتـەوە یـەکسـەر ئەو دەکوژرێت، لەو ڕۆژەدا ٨٠٠ سـەربازی کە دەکاتە چارەگەی سـوپایە عەرەبییەکە دەکوژرێن، هـەر لە سـەعاتەکانی یەکەمی شەڕەکاندا گۆڕەپانەکە پڕ دەبێت لە بریندار و کوژراوی سـووریایی، هەندێ لە سـەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەدەن کەوا قوربانییەکانی ئەو شـەڕە گەیشـتبووە ١٥٠٠ کەس. لە سـەعات چواری ڕۆژی یەکشـەمی ٢٥ی یولیۆی ١٩٢٠ سـوپای فرەنسی دەگاتە ناو دیمەشق، وەک نارەزاییـیـەک و پرسـەدانانیش هـەمـوو دەرگـە و دوکـانەکـانی شـارەکـە داخـرابوو، بەیانیـیـەکـەی سەرۆکی هەڵمەتی فرەنسییەکە وتارێکی بۆ خەڵکەکە دابوو، کە ئەمەش دەقەکەیەتی:

ئەمـیـر فـەیسـەڵ بوو، ئەو وڵاتەی بەرەو ئـەو شـەڕ و مـاڵوێرانییـە برد، بۆیەش دەسـەڵاتەکـەی لێ دەستێنینەوە و بڕیاریش دراوە بە دە ملیۆن فەرەنگ بەرەنجامی ئەو کەلاوەبوون و ماڵوێرانییەش کە لە ئەنجامی چەتەگەرییەکانی سـوپاکەی ئەو کە لە ناوچە خۆرئاواییەکان دووچاری هاتووە سزا بدرێت، سوپای سووریاییش لە چەک داماڵدرێت.

ڕۆژی ٢٧ی یولیۆ کۆلۆنێل تولا سـەرۆکی دەسـتـەی ڕاژەی فرەنسـیـەکانی دیمـەشق ئەو نامـەیە دەداتە پاشاکە:

من شـەرەفی ئەوەم پێیە، کەوا بڕیارەکەی حکوومەتی فـرەنسی بە خـاوەن شکۆتان رابگەیەنم، کەوا داوا دەکات بەپێی توانا لە دیمەشق بڕۆنە دەرەوە و هێڵی ئاسـنی حیجاز خۆت و خێزانەکەت و دارودەسـتـەکـەتان بۆ دەرچوون بەکـار بهـێنن، بۆیە ئەو ترێنەی بەیانی ٢٨ی یولیـۆ لە سـەعـات پێنجی ئێوارە دەردەچێت دەتوانن پێی بڕۆن. کە مـەلیک فـەیسـەڵ لە دیمـەشق دەردەچێت مـەندوبی سامی فرەنسی دەبێتە سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتەکان، هەر ئەویش سەرۆک وەزیران و وەزیرەکان دادەنێت، هـەر ئـەویش یاسـا و بنچـینەکـان دادەڕێژێت، ئیـتر ئەو پڕۆژە کۆلۆنیـزمـە کۆنـەکـانیـان جێبەجێ دەکەن و شام دابەش دەکەن.

لە ڕۆژی ٢٠ی سـپـتـەمـبـەری سـاڵی ١٩٢٠ جـەنەراڵ جـورو لە کـۆشکی حرەشـەوە راگـەیاندنی دەوڵەتی لبنانی گەورە رادەگەیێنێت، کە تێیدا بەیرووت دەکەنە پایەتەخت و بە لێکدانی هەردوو ئاڵای لبنان و فرەنسییە ئاڵایەکی نوێ بۆ لبنان بەرز دەکەنەوە، کە لە بەیەکەوەلکاندنی سـەیدا و سوور و مـەرجعیون و تـەرابلس و عـەکا لە ویلایەتی بـەیرووت و بیقـاع و هـەر چوار بەشـەکـەی بەعلەبەک و بیقاع و راشیە و حاسبیا و رووبەرەکەی لە ٣٥٠٠ کم٢ دەگاتە ١٠٤٥٢ کم٢ و سەرژمێرییـەکەی لە ٤١٤ هـەزار کەسـەوە دەگاتە ٦٢٨ هـەزار کـەس. لە ڕۆژی ٢٣ی مایوی سـاڵی ٦٢٩١ ئەنجوومـەنی نوێنـەرەکـان دەسـتـوورەکـە رادەگـەیەنن و کـۆمـاری لبنای لە ١ی سـپـتـەمـبـەری سـاڵی ١٩٢٦ رادەگەیەندرێت.

لە ٢٠ی یولیۆی ساڵی ١٩٢٠ بە سەرۆکایەتی جەنەراڵ دی لامـوت بەبێ شـەڕ و کوشتار سوپای فرەنسی دەچێتە ناو حـەلەب و کـامیل پاشـاش وەک والیی شـارەکـە دادەمـەزرێت و دەکـەوێتـە بن

دەستی فرەنسییەکان.

لە رۆژی ٢٣ی سپتەمبەری ساڵی ١٩٢٠ کونسوڵی سامی بڕیارێک بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێک بۆ عەلەوییەکان دەردەکات، کە تێدا شاری لازقییە ببێتە پایەتەختەکەی و کۆنە لازقییە و قەزاکانی سەهیون و جبلە و بانیاس و بەشێک لە قەزای ترابلس و بەشێک لە حمایان لەو سنوورەدا بێت. هەتا رۆژی ٣ی دیسمبەری ساڵی ١٩٢٠ حکوومەتە سوورياييیەکە بەناوی حکوومەتی سووریایی دەمێنێتەوە هەتا جەمیل ئالالشی لە سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران دەست لەکار دەکێشێتەوە، لە جێگەکەی ئەو حەقی ئەلعەزم دادەنێن، ئەویش بڕیار دەدات وەزارەتەکان بکاتە بەڕێوەبەرە گشتییەکان و ناویش لە خۆی دەنێت حاکمی دەوڵەتی دیمەشق، فرەنسییەکانیش دان بەو گۆڕانە دەنێن و دیمەشق دەبێتە یەکێک لەو پایەتەختانەی لەودەمانە دیار بوون. بەڵام دەرکەوتنی چەند شانەیەکی نیشتمانی فرەنسییەکان شۆک دەکات، زۆریش بەوە نیگەران و پەرێشان دەبن، بەتایبەتی پاش ئاژاوەکەی حوران، کە تێدا دەستەیەک لە نیشتمانپەروەرەکان هێرش دەکەنە سەر ئەو ترێنەی ژمارەیەک وەزیر و سیاسەتوانەکانی هاوپەیمانی فرەنسییەکانی لەناودا بوو، کە تێدا هەموویان نارەحەت و شپرزە دەکەن، دواییش هێڵە ئاسنەکانی ناوچەکەش هەڵدەتەکێنن و هێڵەکانی پێوەندییەکانیش دەپسێنن، بەڵام فرەنسییەکان بە پشتیوانیی فڕۆکەوە دەگەنە درعا و بزاڤەکە دەشکێنن و زۆریان دەکوژن و دەگرن، هەندێکیان لە دادگە سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەردەکەن. لە باکوری سووریاش دەستی چەکدار بۆ دژایەتیکردنی فرەنسییەکان ساز دەبێت کە سەرکردایەتی لەلایەن ئیبراهیم هنانو بووە، چیای زاویە دەکەنە بنکەی هەموو چالاکییەکانیان، لە چەندین شەڕدا فرەنسییەکان دەبەزێنن، ناوچەیەکی زۆریش دەکەوێتە بن دەسەڵاتی ئەوان، لەوانە شاری لازقییەش دەگرن، بەڵام سوپای فرەنسی بە زرێپۆش و فڕۆکەکانیان بە دڕندەییەوە ئەو بزاڤانە دادەمرکێنن.

## پلانگێڕییەکان رابوونەکە لەبار دەبات

لەو بەشەدا لایەنێکی ئاڵۆزی شۆڕشە مەزنەکەی عەرەب باس دەکەین، کە چەندین پاشاکان دژ بە بەرژەوەندییە میللییەکان و دژ بەشۆڕشەکان وەستان، لەو کۆنگرانەی لەناو کۆشکە گەورەکاندا کراون، چەندین بەرنامەسازیی شۆڕشەکانی هەڵتەکاندووە، لەوانەش دۆڕاندنی فەڵەستین بووە.

لە شەڕەکەی بەلقان کە تێدا تورکەکان سەردەکەون کۆنگرەیەکی دەولی بەناوی لۆزانی لە سویسرا لێ دەکەوێتەوە، ئەوەش وەک کۆنگرەی سوڵح لە پاریس، وەفدە سوورياييیەکە ئەوە بە هەل دەزانن بچنە لۆزان، لەوێ دۆسیەکەیان نمایش بکەن، بەڵام بواریان نادەن لە چالاکییەکانی کۆنگرەکەدا بەشداری بکەن. کە لە سپتەمبەری ساڵی ١٩٢٣ کۆمەڵەی نەتەوەکان کۆبوونەوەی ساڵانەی خۆی ساز دەکات، لەوێ وەفدی سووریایی داواکانیان پێشکێش دەکەن، بەڵام هیچ جۆرە

وەڵامێکیان دەست ناکەوێت، بۆیەش لە ساڵی داهاتووش دووبارە داواکە پێشکێش دەکەنەوە بەو هیوایەی وەڵامی داواکانیان وەربگرنەوە، بەڵام وەفدە سوورییایییەکە لەناو بازنە بەتاڵە داخراوەکاندا دەخولێنەوە بۆ وەرگرتنی پشتیوانییەکی دەولی، بۆیەش شۆڕشە مەزنەکە هەڵدەگیرسێت.

## حزبی میللەتی سوورییایی

لە دیمەشقەوە وەفدێک بە سەرۆکایەتیی گەورە پیاوان بەرەو بەیرووت بەڕێ دەکەون بۆ دیمانەی مەندوبی سامی فەرەنسا و لە ڕۆژی ١٧ی ینایری ساڵی ١٩٢٥ مەندوبەکە دەبینن و داوای میللەتی سووریایی پێشکێش دەکەن، تێدا داوا دەکەن سنوورەکەیان بگەڕێتەوە وەک ڕۆژانەی بەر لە ڕوودانی شەڕی یەکەمی جیهانی، وەک گەڕانەوەی دەوڵەتی عەلەوییەکان، درووزەکان، جبل لبنان، لیوای ئەسکەندرونە، تا بەیەکەوە وڵاتەکە ساز بکەنەوە، هەروەها داواش دەکەن موعتەمەدی فرەنسی بۆ کاروباری وڵاتەکەیان هەڵوەشێتەوە و کۆچی ئەرمنەکانیش بۆ وڵاتەکەیان ڕابگرن. مەندوبە سامییەکە جەنەراڵ سرایل بەسۆزەوە گوێ لە داواکەیان دەگرێت، داواشیان لێ دەکەن ریزەکانی پتەو بکەن و لەگەڵ نوێنەرە ڕەسمییەکانی ئەو وڵاتە نوێیانە هاوکاری بکەن. ئیتر دوایی حەلەبیش وەک دیمەشقییەکان وەفدێک بۆ لای مەندوبی سامی ساز دەکەن، مەندوبەکەش ئەو قسانەی بە وەفدە دیمەشقییەکە وتبوو، هەمان ئامۆژگاریی ئەوانیش دەکات. لەودەمانەش هەنگاوێکی نوێ دێتە ئاراوە ئەویش دامەزراندنی حزبی میللەت بوو، ئەوەش پاش داگیرکردنی سووریا یەکەم حزبی سیاسی بوو بۆ سەرکردایەتیی بزاڤی نیشتمانی و ڕێکخستنی بزاڤەکە دادەمەزرێت، کە سەرۆکایەتیی لەلایەن عەبدوڕەحمان شاهبندەر بوو.

## ئەلئەترەش سەرکردایەتیی شۆڕشەکە دەکات

پێوەندیی نێوان شۆڕشەکانی چیاکانی درووز و سەرکردەکانی بەرهەڵستکاری ناو دیمەشق گەرم بوو، بەیەکەوە کۆک بوون لە دژایەتیکردنی داگیرکەرانی بێگانە لە وڵات و بەنهێنی ئەمیر ئەحمەد ئەلئەترەش و دوکتۆر شاهبندەر یەکتریان دیبوو، بەیەکەوە پەیمان دەدەن بەرگری بکەن و خەباتیان هاوڕێیەتیی تێدا بێت. لە ڕێگەی جاسووسییەکانیانەوە فرەنسییەکان دەزانن کەوا شۆڕشگێڕە درووزەکان و بەرهەڵستکارانی دیمەشق دیمانەیان بووە، بۆیە جەنەراڵ سرایل لە ڕۆژی ٢٦ی ئۆگستی بڕیار دەدات سەرکردەکانی حزبی میللەت بگرێت و دەستنووسەکانیان دەست بەسەردا بگرێت و یانەکەیان دابخات، درووزەکان بڕیار دەدەن بۆ پشتیوانییان بەرەو دیمەشق هێزەکانیان بەڕێ بکەن و شۆڕش هەڵگیرسێنن. شۆڕشەکە بە بانگەوازی سوڵتان پاشان لە بەیانی ٢٣ی ئۆگستی ساڵی ١٩٢٥ بۆ هەموو سوورییاییەکان بڵاو دەکرێتەوە، کە تێدا داواکار بووە جیهاد و شۆڕش لە پێناوی ئازادییەکان هەڵبستنەوە:

ئەی عەرەبە سووریاییەکان... دیارە کەوا کۆلۆنیزمەکان وا سامانەکانمان دەبەن، لە نێوان هاوولاتییانی یەک وڵاتدا تۆی ناپەسند دەڕوێنن، بۆیەش میللەتەکەمان لە نێوان تایفە و نەتەوە و دەوڵەتۆکەکان دابەش دەکەن، بەوەش بواری ئازادییە ئاینییەکان و هزرییەکانیشمان نەماوە، بازرگانییەکانمان بەستراوەتەوە و سەفەریشمان هەتا بۆ هەرێم و ناوچەکانی خۆشمان چاوی لەسەرە... بۆیە هاوولاتییە نیشتمانپەروەرەکان داواتان لێ دەکەین دەست بدەنە چەک و راپەڕن.

فرەنسییەکانیش بە فڕۆکەکانیانەوە نامەی کاغەزیان لە ئاسمانەوە بۆ خەڵکەکە فڕێ دەدا، تێدا خەڵکەکەیان ئاگەدار و هۆشیار دەکردەوە، لەلایەن خۆشییەوە ئەلئەترەش خەڵکەکەی هۆشیار دەکردەوە و بانگەوازەکانی بەرپەرچ دەدایەوە، بۆیەش لە دیمەشق و لە درعا فرەنسییەکان بۆ بەرگری خۆیان ساز کردبوو، وێستگەکانی هێڵی ئاسنی حورانیان پتەو کردبوو، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شۆڕشگێڕەکان هێزەکانیان بەرەو باکور و باشوور رەوانە کردبوو، ئیتر بەو شێوەیە کەشەکانی هەڵگیرسانی شۆڕشەکە لەباردا بوو.

## شەرەکان لە هەموو گۆشەیەکدا

لەودەمانە بە نیازی کوشتن، پەلامار دەکەنە سەر جەنەراڵە فرەنسییەکە و کە تێدا هاورێیەکەی بریندار دەبێت، بۆیەش فرەنسییەکان گوندی مرجانییە دەسووتێنن کە رووداوەکەی تێدا قەومابوو، پاشان سوپاکە لە گوندی مسیفرە جێگیر دەبن، لە رۆژی ١٧ی سپتەمبەر شەڕێکی ڕووبەڕوو دەقەومێت، سەرەتا شۆڕشگێڕەکان سەردەکەون، بەڵام دوایی فڕۆکەکان بەشداریی شەڕەکان دەکەن، بەوەش شەڕەکە ئاراستەکەی بەرەو قازانجی فرەنسییەکان دەشکێتەوە. شەڕەکان دەگاتە سویدا و عری و مجمیر و رساس، لەبەر دژواری و چڕیی ئاگری چەکی فەرەنسییەکان شۆڕشگێڕەکان زیانی زۆریان بەردەکەوێت، ئینجا شەڕەکە دەگاتە حما، کە بە فڕۆکە و تۆپەکان زۆر وێران دەکرێت، فرەنسییەکان سیاسەتی سووتاندن و کاوڵکردنی لە حما پەیڕەو دەکەن.

## کاولکردنی دیمەشق

ژمارەی بەشدارانی ئەوانەی شەڕی فرەنسییەکانی دەکرد زۆرتر دەبوو، ژمارەیەک پۆلیس و درەک خۆیان دابووە دەست شۆڕشگێڕەکان، لەگەڵ پێشڕەوایەتیی شۆڕشگێڕەکان، فرەنسییەکان بە ژن و بە پیاوەکانیانەوە بەرەو گەڕەکی ساڵحییە رادەکەن، لەوێش فرەنسییەکان سەنگەرەکانیان توند دەکەن و بەتێلبەند دەگرن، تۆپیش دادەنێن و دەبابەکانیان ریز دەکەن و گەڕەکەکەش دەدەنە بەر تۆپ و بە تەواوی کاولی دەکەن، بۆیەش شۆڕشگێڕەکان لە شارەوە بەرەو غوتە پاشەکشە دەکەن. تۆپبارانی دیشمق لە رۆژی ١٨ی ئوکتۆبەری ساڵی ١٩٢٥ یەکێکە لە رووداوە دیارەکانی شۆڕشەکە، بۆیەش لەسەر ئاستی جیهانیش دەنگی دایەوە. بۆیە جوفینیل چەندین پڕۆژە و بەڵێن

دەدات، ئەوانیش هیچیان بەرهەمیان نابێت، لەو بەڵێنانە کاردانەوەیەکی چاکە دەرنەدەکەوت و هەموو پڕۆژەکانی هەرەس دەهێنن، دووبارە شەڕەکان دەگەڕێتەوە ناو شارەکان. لە ڕۆژانی شەڕی دووەمی جیهانیدا سووریا دەکەوێتە بن دەسەڵاتی حکوومەتی فیشی فەرەنسییەکان کە لایەنگیریی نازییەکانی دەکرد، لەناو خاکی سووریاش شەڕی دژوار لە نێوان هێزەکانی حکوومەتی فیشی و هێزەکانی فەرەنسای ئازادیی بەریتانی ڕوو دەدات، ئەوەش کە هاوپەیمانەکان سووریا لە ساڵی ١٩٤١ داگیر دەکەن بەکۆتا دێت و بەڵێن بە سووریا دەدەن پاش تەواوبوونی شەڕەکە سەربەخۆییی تەواو بە وڵاتەکە دەبەخشن.

## داگیرکردنی عێراق

ئینگلیزەکان لە مانگی نۆڤمبەری ساڵی ١٩١٤ پەلاماری عێراق دەدەن و لە ڕۆژی ٧ی نۆڤمبەردا ئینگلیزەکان دەگەنە ناو فاو و داگیری دەکەن، دوایی عەبادان و پاشان بەسراش لە ڕۆژی ٢٣ی نۆڤمبەر دەگرن و حکوومەتێکی تێدا دادەمەزرێنن، ئینجا وڵاتەکە دەکەنە مەڵبەندێکی سەربازی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای تورکی، ئیتر ئینگلیزەکان شارەکان هەموو دەگرن. لە موندروس لە ڕۆژی ٢٠ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٢٠ ئاگربەسێک لە نێوان تورک و هاوپەیمانەکان دەبەسترێت، ئەوەش بوارێکی باش بوو تا ئینگلیزەکان پێگەی خۆیان بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی ئینگلیزی ساز بکەن، ئەوەش دەبێتە فاکتەری هەڵگیرسانی شۆرشی عیراقی لە ٣٠ی یونیۆی ساڵی ١٩٢٠. عێراقییەکان چاوەڕێی چارەسەری کێشەکەیان بوون کە بڕیارەکای کۆنگرەی سان ریمو دەردەچێت بەوەش عێراق دەکەوێتە ژێر ئینتدابی بەریتانی. کە ئینگلیزەکان کوڕی زانا ئیمام ئەلشیرازی و هاوڕێیەکانی دەگرن و لە عێراق دووریان دەخەنەوە، ئەوەش کۆبوونەوە و ناڕەزاییی لێ دەکەوێتەوە، بۆیەش پیاوانی عەشیرەتەکان شۆڕشەکە هەڵدەگیرسێنن و بڵاوکراوە بۆ ڕاگەیاندنی جیهاد و شەڕکردنی ئینگلیزەکان بڵاو دەکەنەوە، ئەوەش لەسەر داوای هەموو سەرۆک عەشیرەتەکان خۆیانەوە بوو، بە جیهاد لە پێناوی خوا و نیشتمان دەزانن. ئیتر ئەوە چەند شەڕێکی لە ناوچەکانی نەجەف و رومیسە و روستمییە و دیوانیە و سەماوە و چەند شاری تری لێ دەکەوێتەوە، شەڕەکان دەگاتە کوفە و ناوچەکانی سەرووی ڕووباری فورات و کەرکووک و هەولێر، ئینجا دەگاتە هەموو شارەکانی تریش.

## حکوومەتەکەی گەیلانی

لەودەمانە ونستۆن شرشل وەزیری موستعمەرەکانی بەریتانی بوو، تۆماس ئیدوارد (لۆرنسی عەرەب) ڕاوێژکاری ئەو بوو، ئیتر دانوستاندن لە نێوان شرشل و فەیسەڵ دەست پێ دەکات، هەردوولا ڕێک دەکەون کەوا بەریتانیا دان بە سەربەخۆییی مەملەکەتی عێراقی دابنێت و یارمەتیی عێراقییەکانیش بدات بۆ دامەزراندنی حکوومەتێکی نیشتمانی، هەردوولاش ڕێککەوتنامەیەک بۆ

بەرژەوەندیی هاوبەش ئیمزا دەکەن، کە تێدا بەریتانییەکان چەند دەسکەوتی ئابوورییان دەبێت. بەریتانیا مەندوبێکی نوێی سامی لە عێراق دادەنێت، ئەویش سیر برسی کوکسە، ئەوەی لە ١١ی سپتەمبەری ساڵی ١٩٢٠ دەگاتە بەغدا و پاش چەند رۆژێک لە گەیشتنی بڵاوکراوەی دامەزراندنی حکوومەتێکی نوێ بڵاو دەکاتەوە، کوکس لە رۆژی ٢٧ی سپتەمبەر حکوومەتێکی نوێ بە سەرۆکایەتیی عەبدوڕەحمان گەیلانیی نەقیبی شەریفەکانی بەغدا دادەمەزرێنێت. پاش چەند مانگێک شرشل لە ٩ی مارسی ١٩٢٠ لەگەڵ لۆرانس دەگاتە قاهیرە، پاش دوو رۆژ وەفدێکی عێراقی بە ئەندامیەتیی کوکس و هەندێک لە وەزیرەکان دەگاتە خزمەتی ئەو، لە کۆبوونەوەکەدا بڕیار دەدەن بەزووترین کات هەموو گیراوەکان ئازاد بکەن، بەتایبەتی ئەوانەی لە خۆپێشاندانەکاندا گیرابوون.

## عەبدوڵڵا لە ئوردن

لەودەمانە و لە مەیدانێکی تر ئەمیر عەبدوڵڵای برای مەلیک فەیسەڵ چالاکانە رۆڵی دەگێڕا، ئەو لەودەمانە وەزیری دەرەوە بوو لە حکوومەتی حیجاز، لەگەڵ باوکی شەریف ئەلحوسێن کێشەی دەبێت، بۆیە واز لە وەزارەتەکە دەهێنێت و مەککە جێ دەهێڵێت و دەچێتە شاری موعان لە ئوردن، کە بەشێک بوو لە مەملەکەتی حیجاز، لە مانگی سپتەمبەر ١٩٢٠ بە گەرمی پێشوازیی لێ دەکرێت و ئەوەش لە دیمەشق دەنگۆیەکی زۆری لێ دەکەوێتەوە، لەودەمانەش لە ئەنجامی شەڕەکەی میسلۆن هێشتا خوێن دەڕژا و میللەتی سووریایی بۆ سەربەخۆییەکان و خوێنی شەهیدەکانی دەگریا، بۆیە خەڵکە روو لەو دەکەن و لەو کۆ دەبنەوە، ئەوانەی لە شام رایان کردبو لە میسر و فەڵەستین دەگەڕێنەوە بن ئاڵاکەی ئەو. پەیدابوونی ئەمیر عەبدوڵڵا لە ئوردن وا دەکات فرەنسییەکان خۆیان کۆ بکەنەوە و لە شاری درعا و بەدرێژاییی سنووری حوران سوپا کۆ دەکەنەوە و سەنگەر ساز دەکەن و بوارەکانی بەرگری ئامادە دەکەن و سەربازەکان چەکەکانیان تیژ دەکەنەوە، بۆیەش نامە بۆ ئینگلیزییەکانیش دەنووسن لە بزاڤی ئەمیر عەبدوڵڵا هاوکارییان بکەن و بزاڤەکەی لە گۆشەیەکی تەسکدا گۆشەگیر بکەن. ئینگلیزییەکانیش لەو رەوشە و بوونی ئەمیر عەبدوڵڵا و پێوەندیکردن بە گەورە پیاوەکان نیگەران دەبێت، ئەو دەمانە دەگوترا کەوا ئەو بزاڤە ئینگلیزەکان لەو ناوچەیە دەردەکات، لەناو وڵاتیش لە خۆرهەڵاتی ئوردنیش رەوشەکە ئارام نەبوو، حکوومەتی هەرێمەکە کێشەیان زۆر بوو، ئەو رەوشەش بۆنی شەڕی ناوەخۆی لێ دەهات، بۆیە دەبوایە کۆشش بکەن ئەو کێشەیە بنبڕ بکەن.

## ئیمارەتی خۆرهەڵاتی ئوردن

کە ونستۆن شرشلی وەزیری موستەعمەراتی ئینگلیزی لە رۆژی ٩ ی مارس ١٩٢٠ گەیشتبووە شۆستەی بەنداوی ئەسکەندریە، ئەمیر عەبدوڵڵاش بە ترێن لە موعانەوە بەرەو عەمان دەڕۆیشت،

لەوێش ژمارەیەک کەسایەتی دەبینێت، ئینجا بەرەو قودس بەڕێ دەکەوێت و ڕۆژی ٢٧ی مارس دەگاتە ئەو شارە و بەیانییەکەی شرشلیش دەگاتە قودس، بەیەکەوە کۆبوونەوەیەکی ڕەسمی دەکەن بۆ دانوستاندن لەسەر دامەزراندنی ئیمارەتی خۆرهەڵاتی ئوردن بە سەرۆکایەتیی ئەمیر عەبدوڵڵای کوڕی ئەلحوسێن عەلی ئەلهاشمی، ئەوەش بوارسازێک دەبێت بۆ یارمەتیدانی بەریتانییەکان بۆ دابینکردنی ئاسایشی ناوچەکە، لە کاتی پێویستیش پرس بە مەندوبی بەریتانی لە عەمان بکەن و بەریتانییەکان دوو بنکەی فڕۆکەوانیی تێدا دابنێن. پاش کۆتاییی کۆبوونەوەکە ئەمیر عەبدوڵڵا بۆ وەرگرتنی ئیمارەتە نوێیەکەی بەرەو عەمان بەڕێ دەکەوێت، پاش دانوستاندن لە ٢ی یولیۆ بە سەرۆکایەتیی ڕەشید تایع حکومەتێکی نوێ رادەگەیەنێت.

## سازکردنی پلان

بەریتانیا یەکبوونی خۆرهەڵاتی ئوردن و فەڵەستین بە شێکێکی ئینتدابی دەزانی کە پێشکێشی کۆمەڵەی نەتەوەکانی کردبوو بۆ دروستبوونی ئەو دوو هەرێمە، کۆمەڵەکەش لە ٢٤ی یولیۆی ساڵی ١٩٢٢ شێکەکە مۆر دەکات و بەوەش فەڵەستین بەپێی بڕگەکانی بەڵێنی بەلفۆر دەبێتە وڵاتی نەتەوەییی جوولەکە. لە ڕۆژی ٦ی ئوکتۆبەری ١٩٢٢ ئەمیر عەبدوڵڵا لەگەڵ سەرۆک وەزیرەکانی لە عەمانەوە بەرەو لەندەن بەڕێ دەکەوێت، لەگەڵ حکوومەتی ئینگلیزی دەکەوێتە دانوستاندن، بەیەکەوە لەسەر چەند خاڵێک ڕێک دەکەون، لەلایەن بەریتانییەکان وەک باڵادەستی سەر فەڵەستین ئەمیر عەبدوڵڵا دەکرێتە سەرپەرشتیاری ئەو بەشەی بە خۆرهەڵاتی ئوردن دەناسرا، پاش ئەوەی دوایی سنوورەکەی بۆ دیار دەکەن و بۆ باشترین بەڕێوەبردنیش یاسا و ڕێنوێنییەکانی خۆجێیەتی بۆ دیار دەکەن، بە مەرجێک لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا دژایەتیی تێدا نەبێت.

لە ٢٤ یولیۆش هەردوولا ڕێک دەکەون لەسەر ئەوەی بەریتانیا دان بە پاشایەتیی شەریف ئەلحوسێن لەسەر حیجاز و مەلیک فەیسەڵ مەلیکی عێراق و حکوومەتێکی سەربەخۆش لە خۆرهەڵاتی ئوردن بە سەرۆکایەتیی ئەمیر عەبدوڵڵا بنێت.

کە ئەمیر عەبدوڵڵا بۆ چوونە حەج وڵاتەکە جێ دەهێڵێت، بە دوورکەوتنەوەی ئەو وڵاتەکە دووچاری ڕوودانی ئاژاوەی زۆر دەبێت، کە ئەو لە ١٩ی ئوگستی ساڵی ١٩٢٤ ئەمیر دەگەڕێتەوە، حکوومەتی بەریتانی هۆشدارییەکی دەداتێ کە تێدا چەند داواکاریی تێدا بوو پێشکێش دەکات، لەوانە بەریتانییەکان چاودێریی دارایی بەبێ مەرج و پێشینەکانەوە بکات، نوێنەرایەتیی عەشیرەتەکان هەڵوەشێنێتەوە، لەبەرئەوەی حکوومەکە دەستووری بوو، بۆیە ئەمیر بەرپرسی ئیدارەکە نابێت، ئەمیریش هەموو مەرجەکان قبوڵ دەکات. لەودەمانە شاری عەقەبە لەبن دەستی حکوومەتی حیجاز بوو، بۆیەش ئەمیر عەبدوڵڵا داوا لە باوکی دەکات ئەو عەقەبە و مەعانی ڕادەستی بکات، باوکی بەوە ڕازی دەبێت، بەوەش لە مانگی یولیۆدا شاری عەقەبە دەکەوێتە ژێر

فـەرمـانڕەوای مـوڵكەكـانی ئیـمـارەتی خـۆرهەڵاتی ئوردن، ئەوەش لەســەر پێـشنیـاز و داوای بەریتانییەكان بوو، چونكە شوێنەكە بایەخێكی سەربازی و سیاسیی هەبوو، ئەوەش بە ئاهەنگێكی رەسمی لە رۆژی ١٦ی یولیۆ بەڕێوە دەچێت.

## پەیمانی چۆكپێدانان

هەردوو حكوومەتی ئوردن و حكومەتی قودس دانوستاندن دەكەن، تێدا هەردوولا رێككەوتننامەیەك مۆر دەكەن، ئەوەش هەموو عەرەبێكی بەغیرەت تووڕە دەكات، كە تێدا ئەمیر عەبدوڵڵا رازی بووە كەوا ئیمارەتی خۆرهەڵاتی ئوردن هەموو مووچەكانی موعتەمەدی بەریتانی و فەرمانبەرەكانی بدات، خاوەن شكۆش ئەمیر عەبدوڵڵا هەوارێك بۆ نیشتەجێبوونی بەریتانییەكان ساز بكات، هەردوو دەسەڵاتەكەی یاسادانان و ئیدارە بە ڕێنوێنییەكانی موعتەمەدە بەریتانییەكە بێت، وشەی فەڵەستینیش ئەو پارچەی هەرێمە مونتدەبە دەبێت، كە دەكەوێتە خۆرهەڵاتی رووباری ئوردن، ئەمیریش بەڵێن بدات هیچ فەرمانبەرێك بەبێ رەزامەندیی حكوومەتی بەریتانی دانەمەزرێنێت، هەروەها ئەمیر بەڵێنیش بدات لە ڕێنوێنییەكانی مەندوبی سامی خۆرهەڵاتی ئوردن لە هەموو كاروبارەكان سەربارەت بە ئیشوكارەكان دەرنەچێت، سەبارەت بە بودجەی ساڵانەش پرس بە خاوەن شكۆی بەریتانی بكرێت، واتە مەسەلەی دەركردنی هەر دراوێكی ئوردنی، ئەمیر سەبارەت بە هەموو ئەو جۆرە یاسایانە پرس بە بەریتانیا بكات. هەر لە بەندەكانی رێككەوتننامەكەدا هاتووە كەوا بەریتانیا هێزەكانی خۆی لە ئیمارەتی خۆرهەڵاتی ئوردن دەهێڵێتەوە. حكوومەتی ئوردنیش هەموو مەسرەفەكانی ئەو هێزانە بكات، خاوەن شكۆ ئەمیر عەبدوڵڵا لەسەر ئەو هەموو بەند و بڕگە توندكارە زاڵمانە رازی دەبێت.

## ناڕەزاییی وڵاتپارێزەكان

ئەو رێككەوتننامەیە ناڕەزاییـیەكی زۆری لەلایەن هاووڵاتییانەوە لێ دەكەوێتەوە، بۆیەش بڕیار دەدەن لە عەمان لە رۆژی ٢٥ی یولیۆی ساڵی ١٩٢٨ بە ئامادەبوونی ١٢٠ رووناكبیر و سیاسەتوان كۆنگرەیەك دەبەستن، لەوێ رادەگەیەنن كەوا ئەوان هەموو بڕگەكانی رێككەوتننامەكە رەفز دەكەن، بەیەكەوە لەسەر دانانی بەڵگەنامەیەكی نیشتمانی كۆك و ساز دەبن، كە تێدا هەموو داواكارەكانیان رادەگەیەنن، ئەوەش بەپێچەوانەی هەموو بڕگەكانی رێككەوتنەكەی ئەمیر و بەریتانییەكان دەبێت.

بۆیەش خەڵكە وڵاتپارێزەكە نامەیەكی ناڕەزایی دەدەنە سیر جۆن تشانسلوری مەندوبی سامی بەریتانی فەڵەستینی عەمانی، كە تێدا تووڕەییی خۆیان لەسەر هەموو وردەكارییەكان دەردەبڕن، باس لەوە دەكەن پارەیەكی زۆر لە دەزگاكانی جاسووسی سەرف دەكرێت و پارەیەكی زۆریش لە

سازکردنی کۆشکەکەی موعتەمەدی بەریتانی سەرف دەکرێت، لە بەرامبەر ئەوەشدا هێشتا حکوومەتی رەسمیی ولاتیش باڵەخانەیەکی شیاوی نییە، خەڵکەکە زادی رۆژانەیان نییە. لە کۆنگرە نیشتمانییەکە لێژنەی راپەڕاندن رادەگەیەندرێت کە داوا دەکەن هاوولاتییان بایکۆتی هەڵبژاردنەکان بکەن، نامەیەکی نارەزاییش رەوانەی کۆمەڵەی نەتەوەکانیش دەکەن، بەڵام هەڵبژاردنەکە کرا و ئەنجوومەنی یاسادانیش کۆ دەبێتەوە و تێدا رێککەوتننامەکەی نێوان بەریتانییەکان مەلیک عەبدوڵلا پەسند دەکەن. لێژنەکەی راپەڕاندن لەسەر نارەزاییەکانیان بەردەوام دەبن، بۆ دژایەتیکردنی حوکمی بەریتانییەکان لە ولاتەکە کارکەر دەبن، راش دەگەیەنن کەوا ئەوان دان بە شەرعیەتی ئەنجوومەنی یاسادانان نانێن و لە هەموو چالاکییەکانیان رازی نین، داواش دەکەن لە رۆژی ١٥ی مارسی ١٩٣٢ چوارەم کۆنگرەیان ببەستن، کە تێدا رێککەوتننامەکە دووبارە رەفز دەکەنەوە، ئەو فەرمانبەرانی هێنراونەتە ولات دوور بخرێنەوە و هەموو یاسایە رێزپەڕەکانیش هەڵوەشێنەوە، دژایەتیی هەموو ئەوانە بکەن کە دەیانەوێ زایونیزم بهێنە ناو خۆرهەلاتی ئوردن.

لێژنەکە کۆنگرەی پێنجەمیان لە عەمان دەبەستن، تێدا حکوومەتێکی نیشتمانی رادەگەیەنن و هەموو بەندەکانی رێککەوتننامەکەش هەڵدەوەشێنەوە، نارەزاییش لەسەر هەڵسوکەوتی زایونیزمەکان لە خۆرهەلاتی ئوردن پیادەی دەکەن، چەند داواکاریی نیشتمانی رەسەنیش نمایش دەکەن، لەناو ئەو کەشە نارەزاییيە گەرمەدا ئەمیر عەبدوڵلا لە رۆژی ٣ی یونیۆی ساڵی ١٩٣٤ لە عەمانەوە بەرەو لەندەن بەرێ دەکەوێت، تا بەریتانییەکان رازی بکات بەندەکانی رێککەوتننامەکەیان هەموار بکەن، بەلام پاش گەڕانێکی زۆری ناو ولاتانی ئەوروپی هیچ لایەنگیرییەک بۆ داواکەی نادۆزێتەوە و ناتوانێت هیچ دەسکەوتێکیش بۆ ولاتەکەی دەستبەر بکات.

رەوشەکە لە خۆرهەلاتی ئوردن هەتا رۆژی هەینی ٢٠ی یولیۆی ساڵی ١٩٥١ ئارام نابێت، لەودەمانەش مەلیک عەبدوڵلای کوڕی ئەلحوسێن بۆ نوێژی رۆژی هەینی سەردانی مزگەوتی ئەقسا دەکات، لەوێ پیاوێکی فەلەستنی بە ناوی مستەفا شوکری کە پیشەی بەرگدروو بوو، سێ گوللە لەسەری مەلیک دەدات و دەیکوژێت. وتیان ئەو پیاوە جەرگی دەسووتا کە دەیبینی جوولەکە ولاتەکەی دەدزن، بۆیە تەقەکانی کردبوو، لەودەمانەش ئەمیر ئەلحوسێن کە پاشان دەبێتە پاشای ئوردنی لەگەڵدا بوو، ئەویش گوللەیەکی بەرکەوتووە، بەلام بەوە بەختیار بووە کەوا گوللەکە بەر ئەو مەدالیایە کەوتبوو کە لە ملی دابوو، بەوەش لە مردن دەربازی بووە.

بە زنجیرە لە رۆژنامەی ئەلجریدەی کوێتی لە مانگی ئۆگستی ٢٠١١ بلاو کراوەتەوە.

هەوارگەی کتێب

# هێما ئەفسانەییەکان لە تابلۆکانی ڕۆستەم ئاغالەی هونەرمەندد

جاسم عاسی

کەڤالەکانی ڕۆستەم ئاغالەی هونەرمەند بەهەمەڕەنگی و دەوڵەمەندی لە مانادا دەناسرێنەوە. هەروەها بەتواناییان لە بەرجەستەکردنی فیگەرەکاندا، نەخوازە لە دۆخەیلی جێبەجێکردنی تابلۆکانی پۆرترێتدا، دەبینین بەتوندی دەستی لەسەر شلەی ڕۆنەکە داگرتووە، شوێنەواری لەسەر شێوەی ڕوخسار و سیمای بەرجەستەکردنی ئەوی لەسەر ڕوخسارە، لە بینای دەروونیدا جێ هێشتووە و وێنەی ئەو نەخشەیە دەکێشێت کە نموونەکەی لەسەرە. هەرچی هەمەڕەنگییە هونەرییەکانیەتی، ئەوا لە نێوان میتۆدی گوزارشتکردندا دابەش دەبێت، کار لەسەر هەڵکردنی (تماهی) جەستە دەکات لە کاتی ئەو هەڵکردنەی گوزارشت لە پەرۆشییەکەی دەکات، جا ئیتر جەستەی نێرینە بێت، یاخۆ مێیینە.

گرینگ ئەوەیە جووڵەکەی سەبارەت بەبینای دەروونیی نموونەکە ئاماژە بەئالوودەیی و گوزارشتی زیندوو دەدات. بەڵام بۆ نموونە مامەڵە لەگەڵ سروشتدا دەکات، ئەمەش لە کاتی ئەوەی بنەما ئیستاتیکییە ڕەنگدەرەوەکان فەراهەمی دەکەن لەو هەمەڕەنگییەی لە سروشتی ژیانی شاخاوی و دەشتەوە وەرگیراوە، کە وا لە تەماشاکەر دەکات بەدواداچوونی هەبێت بۆ جوانکارییەکانی شوێن لە بەرجەستەکردنی عیشقی بۆی.

سروشت لە کوردستاندا ئەم هێما ئیستاتیکییانە فەراهەم دەکات، بەشێوەیەک هونەرمەندەکە بتوانێت ڕەقیی بەردەکە بشکێنێت، بەخستنەسەری جوانیی سروشت بەشێوە زەردهەڵگەڕاوەکەی.

ئێمە لە هەوڵی یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هونەری ئاغالەداین، کە لەسەر شێوازەیلێک دەستەبەری دەکات زۆربەی زۆریان میللی و ناسراون، لە ڕێگەی پراکتیزەکردن و سەوداسەرییەوە، تاکو دەبنە هێمای ئەفسانەیی. چونکە هۆشیاری بەئەفسانە لە بنەمادا لە هەستکردنەوە هاتووە

---

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل

بەجوانیی فۆلکلۆر و توانای نواندنی چەمکەکان. هەروەها لە کاتی چوونە ناویەکی هونەرییەوە لە گوزارشتکردندا پێوەندییە ئەفسانەییەکان بوونیان دەبێت، ئەوە مرۆڤە ئەفسانەی خۆی دەخوڵقێنێت لە ڕێگەی هەستی ناسکییەوە، یەکەم لە مامەڵەکردنیدا لەگەڵ بووندا، پاشان توانای لە کردنەوەی تێکەڵبوون لەگەڵ دیاردەکاندا، دووەم بەشێوەی سرووتی گونجاو لە نواندن و بەجێهێناندا، لەگەڵ ئەوەشدا چەمک و بنیاتێلێکی لەبەر دەکات، کە بەرمەبنای پێوەندی لەگەڵ واقیعدا بەگشت دیاردەکانییەوە بگێڕێتەوە. ئا لێرەوە دەبینین ئەفسانە چەمک و بیر و زمانە.

هونەرمەندیش لەودەمەوەی لە ئەشکەوتەکاندا خۆی دەشاردەوە، تەنیا بەرۆژی نیوەڕۆ بۆ ڕاو دەردەچوو، داهێنەری ئەم بابەتانەیە. ئەو مامەڵەی لەگەڵ ئاوەزیدا کردووە ئەودەمی ڕووبەڕووی دیاردەکان بووەتەوە، بە بەکارهێنانی دیوار بۆ ڕەنگدانەوەی بینینی، دیوار ڕووپەڕە مرۆڤ بۆ نووسینەکانی بەکاری هێناون. لە بەراییدا شێوە و وێنە و هێڵی جوانکاریی هونەری بوو. کە ڕەنگدانەوەی توانای مرۆڤ بوو، لە هەڵبژاردنی ئەو ڕەنگانەی سروشت و جووتبوونی خۆیان پاراستووە بۆ بەرجەستەکردنی شێوە، کە لە گوزارشتکردندا سیماکانیان ڕوونن. دوور نییە ئەو هێڵ و ڕەنگە بەیەکداچووانە ئەو توانایەیان پێ بەخشیبن.

ئاغالەی هونەرمەند لە کاتی بنیاتنانی بیناکەیەوە مامەڵە لەگەڵ ئەفسانەدا دەکات، بەپشتبەستن بەئاوەزی میللیی سەرەتایی لە خودی تەکنەلۆجی و توانا هونەری و جوانکارییەکەیدا ون دەبێت، کە گونجانی ڕەنگەکان بەپلە هارمۆنییەکان دەردەخات، بیرگەی بۆ لە زاخاو داوە، کە توانای دیالیکتیکی لە بەرجەستەکردن و نواندندا بەپراکتیک دەبەخشێت. ئێمە بەدوای توانایەکەوەین بەهێزی مەزراندنی خەیاڵ لە بەرژەوەندیی واقیعی جیا دەبێتەوە. ڕووی تابلۆکەشی لە کارەکانیدا دەڵێی دیوارێکە وێنە و هێماکان ئاوێزانی یەکتر دەبن، کەچی لەگەڵ یەکتردا تەبان و پێکەوە هەڵدەکەن، تاکو شێوەیەک لە پێکەوە گونجان و هارمۆنیا بەرهەم بهێنن. ئەفسانە لای ئەو بەرهەمی لێکدانەوەی بیرەوەرییە لەگەڵ ناسیاو و ژێرخانی هۆشیاریی بزووتنەوەی مێژوو. ئەم ژێرخانەش لە پراکتیزەکردنەوە هاتووە منداڵی دەیگێڕێتەوە. ئەرنەست هەمەنگوای ئەوەی گوتبوو، کە باشترین ئەزموون بۆ نووسەر ژیانی ناسەقامگیرییە لە تافی لاویدا... ئاغالەش لەمیانەی پێشەکییەکەیەوە بۆ ئەلبوومی (من ناوم ئاغالەیە)دا خۆی لە قەرەی ئەم منداڵییە داوە لە زاخاودانی بەهرەی هونەرمەنددا.

من کە بەدواداچوونم هەیە بۆ ئەم جۆرە سەرەتایانە، درک بەکاریگەرییەکەی دەکەم بەسەر داهێنەرەوە، بابزانین سەبارەت بەمنداڵییەکەی چی دەڵێت:

"هەرگیز ڕۆژانی منداڵیم بیر ناچێتەوە، هەمیشە لە مانگەکانی هاویندا لەسەر ڕێگەکانی گوندی شوکێر خۆم بۆ کارکردن ئامادە دەکرد، زۆر پەرۆشی شارەکەم بووم، گوێم بۆ هاڕەی ماشێنی ئۆتۆمۆبێلەکان و با و زریان ڕادەدێرا...". تا ئەو شوێنانەی سوودیان بۆ کاریگەرییەکانی منداڵی

هەیە لە ژیانی هونەریدا، چونکە لە بناغەدا قسە لەگەڵ هەستی جوانکاریی پەنهان دەکات لە خودی ئەو لاوەدا، نەخوازەڵا هەینێ چالاکییە هونەرییەکانی لە کاتی ڕۆیشتن بۆ پەیمانگەی هونەرە جوانەکاندا بەرجەستە دەکات. ئەو کۆمەڵێک وەسف بۆ ئەزموونەکەی بەکار دەهێنێت، کە گرینگییەکەیان لە کاریگەری بەسەر ئەزموونە هونەرییەکەیەوە دەبینم، لەوانە:

"وەکو هونەرمەندێک بەلامەوە گرینگە بزانم چۆن و کەی و چی وێنە بکێشم" پاشان "هەندێک جار لە بەرژەوەندیی شێوەدا تەرخانی دەکەم" هەروەها "لای من کاری هونەری بووەتە بەشێک لە شەڕفرۆشتنی شیمانەکراو" لە دواییدا گوزارشت لە کاریگەری بەمنداڵی تێپەڕینی خۆبەخۆ دەکات، چونکە "ڕێگەیەکە بۆ زانینی پێوەندیم بەچەمکە جیاوازەکانەوە، وەکو ئازادی و تێکشکان و هیوا و سووربوون لەسەر داهێنان، وێڕای هەندێک جار ئاستەنگەکان و بواری ژیان.... ئەوە کلیلی ژیانە، هەروەها ئاماژەی سەد لە سەدیشە بۆ فڵچەی ڕەنگەکانم و کاراکتەرە چاوەڕوانکراوەکانم لە داڵانەکانی داهێناندا".

بەمە دەکرێ بڵێین وەڵامەکانی هونەرمەند لە میانەی ئەو تابلۆیانەیەوە، کە پسپۆڕیی هەمەڕەنگیان تێدان، مامەڵە لەگەڵ بیرەوەریدا دەکات، بەو حسێبەی کانییەکە و چک ناهێنێت.

ئەفسانە یەکێک لەو هەوڵانەیە بۆ کردنەوەی گرێی تێکئاڵان لە بووندا، کە کەڤاڵەکانی مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە. هەروەها ئەو شێوازەیە کە شتی ڕۆژانە و میللیی ئەوانگەل دەکات بەسەیروسەمەرە و فەنتازیا، بۆ شێوەیەک لە شێوەکانی ئەفسانە لەمیانەی تابلۆ هونەرییەکەوە.

بەو مانایەی ئەزموونی لەم بوارەدا هەوڵێکە بۆ بەئەفسانەکردنی واقیع و بنیاتنانی ناوکی ئەفسانەیەکی دیاریکراو لە ڕێگەی کەڵەکەبوونێکی چەندایەتییەوە بۆ کەڵەکەبوونی چۆنایەتی.

### فیگەرەکان بەرەو پێوەندییەکانمان دەبەن

لە تابلۆی (لاپەڕە٤)دا مامەڵە لەگەڵ ئەفسانەدا دەکرێت لە ڕێگەی بنیاتنانی کەشێکی داهێنراو بۆ ڕەگەزەکانی سروشت، ئەمەش بەفەراهەمکردنی پێوەندیی خودیی بابەتی لە نێوان شتەکان و ئەوانەی تابلۆکە پێک دەهێنن لە فڵچە و کوڵۆن و لووتکەی چیاکان و زەویی ڕەنگاوڕەنگی پڕ لە گوڵی هەمەجۆر.

ئا لێرەدا پرسیارێک دێتە کایەوە، چۆن پێوەندیی ئەفسانەیی لە نێوان ئەم شتانەدا دروست دەبێت؟

من وای دەبینم یەکەم پێوەندییەکە لەسەر بنەمای نزیکبوونەوەی ژینگەیی ئەم پێکهاتانەدا بنیات دەنرێت، پاشان پێوەندیی ئیستاتیکی بەپلەی دووەم. لەمەوە بنیاتێکی یەکگرتوو دروست دەبێت، ئەم بنیاتە لە بناغەدا ئەنجامەکانی لە میانەی پێوەندیی لایەنەکانییەوە پێک دێت،

پێوەندییەکان ئاماژەیان تێدایە، خەسڵەتی خۆیی هەر پێکهاتەیەک ئاراستەیان دەکات. بۆ نموونە پەپوولە پێکهاتەی خۆی هەیە، هەروەها سەوزاییی زەوی وەک ئەمە و گوڵ و گوڵزار لە میانەی ڕەنگەکانەوە بەشی خۆیان دەکەن.

هەرچی کۆڵمەکانن ئەوا گۆڕانی خۆیان لەو خستنەسەرانەوە وەردەگرن کە ڕەنگی گرتوون. بەمە یەکگرتن لە نێوانیاندا پاساوێکی ئیستاتیکی فەراهەم دەکات بۆ بوونی نزیکایەتییەکی خۆیی لە نێواندا. کۆڵۆمەکان کە ملکەچی خستنەسەری شێوەیی و ڕەنگ بوونە، ئەوەیە کە بینا و شێوەی ئەفسانەیی دەپووکێنەوە، مەبەستم (بەئەفسانەکردنی شتەکان) و بەرزکردنەوەیەتی لە واقیعی باوەوە بۆ سەکۆی جوانیی ئەفسانەیی. کە هەمان کارە مرۆڤی بەرایی پێی هەڵدەستا ئەودەمی دیواری ئەشکەوتەکانی پێ دەڕازاندنەوە.

ئەو کۆڵەکە یا ستوونانە وێنەیلێک بەرهەم دەهێنن بینای چیرۆک و ئەفسانە لە خۆ دەگرن، چونکە لە بناغەدا پشتیان بەهێمای ئەفسانەیی بەستووە، وەک بازنە و خاڵ و سێگۆشە و شێوەی دەموچاو.

هەموو ئەمانە دەچنەوە سەر گێڕانەوەی ئەفسانەیی، دەکرێت گەلێک حەکایەت بەبیر خۆ بهێنرێنەوە، چونکە لە بنەچەدا پێکهاتووە لە کۆمەڵێک کۆد.

لە تابلۆی (لاپەڕە ٥)دا هونەرمەند هەمان پێوەندی لە نێوان پێکهاتەی تابلۆکەیدا بنیات دەنێت. کە درەختێکە، دوور نییە درەختی بەهەشت بێت، بەڵام بێ ئادەم و حەوا.

هونەرمەند هەوڵی داوە لە دەلالەتێکی ئەفسانەییەوە هێما بۆ درەختەکە دابنێت، داوونەریتی سرووتی دادەنێت، تاکو بیکاتە هێمایەک بۆ سەرهەڵدان و بەخشندەیی لە پێکهاتە ژینگەیی و ئیستاتیکییەکەیدا. کەچی هونەرمەند زەوییەکەی بەڕەنگی سوور ڕاخستووە، کە ڕەنگی خوێنە.

بەمە لە جێڕەوتە هێڵییەکەیدا لە مەبەستەکەی بایداوەتەوە، لەبەرئەوەی هێمای بەخشندەییە، بۆ کردنی بەهێمای مەرگ. بەمە جۆرە لادانێکی لە مەبەست بۆ هێما ئەفسانەییەکە بەدی هێناوە، ئەویش بەلادانی حەکایەتەکە بەرەو ئەنجامی کەوتنی ئادەم و حەوا بۆ سەر زەوی.

ئەم ئەفسانەیە گەلێک بەرهەمی داهێنان کاریان لەسەر کردووە، لە هۆشیارییەکی ئەفسانەیی و دەلالەتی بوونییەوە. هونەرمەند ناواخنێکی بەدەستەوەیە لە میانەیەوە سەبارەت بەپرسی تەفرەدان کۆشاوە، ئەمەش خوێندنەوەیەکی کەسێنییە و مەرج نییە پابەندی بن. ئەو هەردوو لای (مێیینە و نێرینە)ی لە پرسی تەفرەدانەکەدا تاوانبار کردوون، یاخۆ وەکو ئەفسانەکە باسی لێوە دەکات، سێوە حەرامکراوەکەی خواردووە، ئەویش سێوی زانینە، ئەوە بوو جیهانیان بۆ بەدەرکەوت.

ئا لێرەدا هونەرمەند درک بەڕەوتی ئەفسانەکە دەکات، وەلێ پابەندی وردەکارییەکانی نییە، هێندەی پابەندی ئاکامەکانیەتی. واتا ڕوودانی یەکەمین تاوانی کوشتن لە مێژوودا و تەفرەدانی

مێیینە لە نێوان برایان (قابیل و هابیل)دا. واتا دەرگەی مێژووی ئەفسانەیی بوون لە ڕێگەی دەستکردن بەکوشتن و مردنەوەیە لە ئەنجامی ململانێی نێوان ژینگەی شوانکارەیی و ژینگەی لادێدا. واتا لە نێوان سەقامگیری و بەرهەمهێنان و کۆچکردن و شوانکارەیی و لەوەڕدا. ئەمەش پێوەندیی بەبەرهەمهێنەری ژیارییەوە هەیە لەگەڵ ئەو پارادۆکسەی لە نێوان کۆچەری و ژیارەوە ڕوو دەدات. ئەم بادانەوەیە لەسەر ئەفسانە نیشانەی کارکردنی هزرێکی ڕووبەر فراوانە.

لە تابلۆی (لاپەڕە ٩٩،١٠٠)دا، هێماکان بە یەکتردا دەچن، تاکو وێنەیەکی گوزارشتخوازی دروست بکەن، بەپشتبەستن بەگێڕانەوە. لە یەکەمیندا دەبینین هێماکان دەلالەت لە پیت و فەڕ دەدەن، وەک گا و باڵندە و خەڵک. ئەم بەرزبوونەوەیە لە نێوان لاپەڕەکانیدا گێڕانەوە هەیە، لە بەیەکگەیشتنێکی گەرمەوە لە نێوان مێیینە و نێرینەدا دەست پێ دەکات، ڕەنگە ئەوە حەکایەتەکە بێت وایان لێ بکات لێک نزیک ببنەوە، چونکە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی هەیە تا دەگاتە دەرگە و پەنجەرەکان، کە ئاماژەن بۆ چاوەڕوانی و کرانەوە.

گشت ئەمانە لە ناوەڕاستی خەرمانەیەک لە نەخش و زەنگیانەسازی و ڕازاندنەوەدا بەدوای یەکتردا دێن، لەگەڵ دەرکەوتنی هێما ئەندازەییەکان، کە بەدەلالەتە ئەفسانەییەکانی پڕ دەبێت و ئەم ئاماژانەش بەسەر هاوتاکانیدا دەبەخشێتەوە.

ئەو چینانەی تابلۆکەی لەسەر کێشراوە جەخت لەسەر سەمتێکی داستانی دەکات، لە هەر هێما و شێوەیەکدا بینای دیارکراو بۆ پەرداخکردنی مانا بنەڕەتییەکە وەردەگرێت.

وا دیار دەدات بیرەوەریی تابلۆ بەچینەکانییەوە نیشانەی هێزی بیرەوەرین، لەگەڵ جەنجاڵبوونی بەوێنە. چونکە بیرەوەرییەکی بەرهەمهێنە، لە تابلۆکەی تردا هاوتاییەک لە نێوان باڵندەکە لە سەرەوە و ڕوخساری کیژەکە لە ناوەڕاستدا کەڵەکەبوونێک نیشانەی بزرییە دەبینین. ئەم کارەش لە بنیاتنانی تابلۆکەدا بەهۆی هەوڵی بەئەفسانەکردنی شتەکان و هێماکانەوە ئەنجام دراوە، هەروەها خستنەسەری جووڵەیەکی نوێ لە دیدی خۆییەوە، کە مەبەستەکان پێشدەخات، چونکە ملکەچی گۆڕانی زانستی دەکات.

## پێکهاتە ئەفسانەییەکان

لە هەندێک لەو تابلۆیانەی کار لەسەر ئەفسانە دەکەن، دەبینین لەگەڵ هەندێک هێمای جێگیر لە ئەفسانەکانی گەردوون و بووندا هاوشان دەبن. لە تابلۆی (لاپەڕە ١٠)دا ئافرەت لە دۆخی چاوەڕوانیدایە. کۆمەڵێک لە فیگەر و هێما ناواخنی بیرەوەرییەکەی بەدەردەخەن. هەندێکیان دەلالەت لە سرووت و شێوەیەک لە شێوەکانی ڕێوڕەسم دەکەن، لەوەی تریش فیگەرەکان بەشێوەی چوونە ناویەکەوە دیار دەدەن، کە بەشێکی سەرەکییە و پێکهاتووی چیرۆکێکی کۆنە، یا یەکێکە بەڕێگەوەیە. تێیدا هێما ئەندازەییەکان ڕۆڵ لە گوزارشتکردن دەگێڕن تێیدا لێک نزیک دەبنەوە لە

زەنگیانەکارییەکانی ئەلواستی (الواسطي)، ئەویش کردنی تابلۆکە بەپێکهاتەی ڕازاندنەوە، لەسەر ڕووەکەی هێمایەلێک بەقەبارەی جیاجیا خڕ دەبنەوە. کە برێتییە لە چەند لاپەڕەیەک لە نووسراوەیلێک بیرەوەرییان تێدا پارێزراوە. هەرچەندە ئاماژە بەناوەڕۆکێکی سەرزارەکی دەکات، بەڵام لە تابلۆکەدا شێوەی نووسراوێکی وەرگرتووە.

بۆچوونی چڕی ئافرەت بۆ ڕەگەزەیلی پیت و فەڕ، جەخت لەسەر دیدی هونەرمەند دەکاتەوە لەوەی بەجیهانبینییەکی داهاتوویی لە دەوروبەریدا هەیە. دیدی ئەو داخراو نییە بەسەر پێکهاتەیەکی جێگیردا، بەنیشانەی پێگەیشتنی جەستەی ئافرەت لە تابلۆکەدا، هەروەها پڕبوونی سینەی بەمەمکی زل و پڕ بەئاماژەکردن بۆ دایەگەورە لە مێژووی کۆندا. وەک چۆن لە سەرلەبەری تابلۆکەی پێشوودا هاتووە (ل ١١). وا دیار دەدات جەستەی مێیینە پشتی بەتوانای خۆی و سەقامگیرییەکەی بەستووە لە نێوان کادیرێکی تەمومژاوی لە میانەی دەرگەیەکی چوارچێوە ڕەنگدار، لەگەڵ بوونی دوو باڵندەدا.

تابلۆکە وەکو لە ناونیشانەکەیدا ڕای دەگەیەنێت (خەون) جووتبوونێکی لە نێوان شەیدایی جەستە و ڕوونی و جوانپۆشییەکەیدا دروست کردووە، هەروەها لە نێوان دەوروبەرەکەشیدا.

خەون لێرەدا ناوکە بۆ وێنەی جوانی، لە کاتێکدا لە تابلۆی لاپەڕەکانی (١٣، ٢٦، ٢٧)دا هاوسەنگییەکی ڕوون دەبینین لە نێوان هەردوو هێمای مێیینە و نێرینەدا، وێڕای جیاوازیی هێمای پیاو لە نێوان گەنجی و پیریدا. وەلێ ئەوی لە تابلۆکاندا ڕوون بێت بەرجەستەبوونی جۆرە چاوەڕوانییەکی بەپیتە. قاژێک لە میوەی شووتی دەبینین بەسەر پیاوەکەوەیە، لە کاتێکدا ئافرەتەکە لەپشتییەوە خەریکی سرووت بەڕێوەبردنە، کابراکە پەشتەماڵێکی داوە بەبان سەریدا بەهێما و فیگەر و وێنەی ئایکۆن ڕازاوەتەوە. کابرای پیرە سەرنجی پڕ لە حیکمەتی بڕیوەتە ئاسمان، یاخۆ بەرەو سەرێ.

جیاوازییەک لە نێوان سەرنجەکاندا هەیە، واتا لە نێوان دانیشتنەکەی لەسەر زەوییەکە و خۆدانە بان گۆچانەکەیدا، لەگەڵ شکۆمەندیی چیاکە لەدوایەوە و سەرنجی پڕ لە دڵنیایی ئافرەتەکە.

لە تابلۆی (ل ٢٥)دا هونەرمەند دەمانخاتە بەرابەر هێمای جەستەی دووانە، کە ئەفسانە و داستان و حەکایەتەکان بەرجەستەیان کرد، بەشێوەیەک بەگێڕانەوەی جیاواز پڕیان کردووە لە تام و بۆی خەیاڵ.

بۆ نموونە ئەسپەئافرەت شێوەیەکە لە شێوەکانی گێڕانەوەی حەکایەتی ئەفسانەیی.

وا دیارە لەم پێکهاتە هونەرییەدا ڕوویەک لە ڕووەکانی توانای ئافرەت بۆ شەیدایی تێدایە لەگەڵ گەمەکردن بەکات لە وەرگرتنی پلەکانی ئازادیدا. ئەم فیگەرە لە پانتایی بەرفراواندا مەلە دەکات، دۆخی سەرئاوکەوتن وەک بازدان لە بۆشاییدا بەدەری دەخات... ئەویش هەوڵێکە بۆ

بەرجەستەکردنی حەکایەتەکە لە تابلۆکەدا، لەژێر کاریگەری بۆ نموونە ئەوەی چیرۆکەکانی هەزار و یەک شەو گێڕاویانەتەوە. ڕەنگە هەردوو تابلۆی (ل٢٧، ٢٨) بووبنە هۆی بنیاتێکی حیکایەتی و ئافرەت تێیدا تەوەری تابلۆکە بێت، یاخۆ فیگەرەکەی. وێڕای بوونی کاریگەری تری وەک پیاوەکە و باڵندەکە و ئەو نیشانە سرووتییانەی تابلۆکەی هونەرمەندیان گرتووەتەوە، چونکە لە بنەمادا تایبەتمەندیی ژینگەی لادێکانی کوردستانیان پێک هێناوە، ئەو ڕەنگانەن کە هەمیشە سووریان لە خۆ گرتووە، ئەمەش نیشانەی بەپیتییە.

ئافرەت لە هەردوو تابلۆکەدا یا باڵندەیەکی سپیی بەدەستەوەیە، یاخۆ هەردوو دەستی لەسەر چۆکی گرێ داوە وەکو ئاماژەکردن بۆ چاوەڕوانی. ئەوەش بەشێکی گەورەیە لە ژینگە و بوون و مێژوو.

لە تابلۆی (ل ٧٨)دا ئافرەتەکانی (جەواد سەلیم)ی هونەرمەندمان بیر دەخاتەوە، کە جەستەیان چەند ڕێکە، (قاژێک شووتی) لەسەر سەری هەڵگرتووە، لە کاتێکدا ئافرەتەکەی تر مەمکەکانی پێ گەیشتوون و جەستەی بەتەواوی جوانییەکانییەوە تەواوە، ئەمەش دەلالەت لە بەپیتی دەدات. هونەرمەند بایەخ بەمەزراندنی (توظیف) هێماکانی بەپیتیی میزۆپۆتامیا دەدات، لە شێوەی پێشەنگانی وەک (جەواد سەلیم، نەزیهە سەلیم، نزار سەلیم).

لە تابلۆی (ل ٨٤)دا هەردوو قۆچی گایەکە بەرجەستە دەبن، کە ئەمیش هەر نیشانەی بەپیتی و بەرێژەوی و جووتبوونە، شێوە ململانێیەک بەدەردەخەن لە میانەی پارچەی ڕازاوەوە کۆمەڵێک لە هێما و شتی تر دەچنە ناو یەکەوە، کە زۆرجار هونەرمەند بەلایدا لادەدات، بەو حسێبەی هۆشیارییەکی میللیی خاوەن کەشوهەوایەکی تایبەت دەنوێنێت.

ڕەنگە باڵندە سیفەتی ڕەمزیی دووبارەبووەوە بێت لە تابلۆکانیدا. ئەم مەیلەش ئاماژەی پێوەندیی دەستپێکردنە لەگەڵ سروشتدا، لەگەڵ حەزێک بۆ ئاکاری کۆمەڵایەتی، هۆگری و گونجانی مرۆییی تێدایە. ئەم هێمایانە بوارێکی زیندوو لە تابلۆکاندا دەدۆزنەوە، هەروەها بنەمایەک بۆ بوارە تەعبیری و دەلالەتییەکە دەبینێتەوە، ئەمەش بەهۆی هەمەڕەنگی لە مەزراندنی فیگەرەکاندا و شوێنیان لە تابلۆکەدا، کە نیشانەی گێڕانەوەیەکە بەلای حەکایەت گێڕانەوەدا لادەدات و نموونەی بنەما ڕازێنراوەکەیەتی لەسەر هەردوو ئاستی سەرزارەکی و نووسراو. بۆ نموونە لە تابلۆی (ل ١٠٢)دا پێوەندیی ئافرەت بەدرەختەوە بەدی دەکەین، وەکو پێوەندیی مریەمی پاکداوێن بەدارخورماوە. هەردووکیان نیشانەی بەخشندەیین، ئەگەر مریەم بەفەرمانی خوا دارخورماکە ڕاتەڵەقێنێت، تاکو خورمای بەتام بکەوێتە خوارەوە، ئەوا ئافرەتەکەی ڕۆستەم ئاغاله باوەشی لە درەختێک داوە، کە شێوە کەرنەڤاڵێکی وەرگرتووە، لە هەوڵی ئەوەدایە بۆ بەپیتکردنی جەستەی مێیینە بەپیتاندنێکی ڕەمزی، نەخوازەڵا سەرچاوەیەکی ئاو بەتەنیشت درەختەکەوەیە (مەرکانەی ئاو).

ئەوە درەختێکی ئەفسانەیییە، هونەرمەند کۆشاوە لە شێوە واقیعییەکەیەوە بیگۆڕێتە سەر شێوە خەیاڵییە ئەفسانەیییەکەی، ئەمەش لە ڕێی ئەوەی لە بیر و خەیاڵیدا خستوویەتییە سەری.

بەرجەستەکردنی حەکایەتی ئەفسانەیی، کە وردەکارییەکانی لە کەلەپووری کوردییەوە وەردەگرێت. لە تابلۆی (ل ١٢٣)دا حەکایەتەکە پێوەندیی نێوان پیاو و ژن دەگێڕێتەوە لە نێوان چەندین فیگەری داهێنراودا، یاخۆ وەکو ڕەگەزی گوزارشتکردن لە ژینگەوە وەرگیراوە کەرەستەکانی گێڕانەوەی لە سەرچاوەی هەمەچەشنەوە داڕشتووە، ڕەنگە ئەوە ئەفسوونبازی بێت لە جوانیی فیگەرەکاندا کار لە چاوی تەماشاکەر دەکات، چونکە لەسەر بیرەوەری بنیات نراوە شێوەی ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە گێڕرایەوە و لەگەڵیدا گوزەران کرا، وەکو گا و زوڕنا و ئاماژە ئەندازەیییەکان، کە بوونە خەسڵەتی چنینی میللی و خۆی خزاندە ناو بەرهەمی پیشەیی لە پەتوو و مافوور و قاڵی، کە هونەرمەند وەکو کەرەستە مەزراندوونی تاکو دیمەنەکە ڕازاوە و ئارایشتکراو بێت و شتێک لە سەیروسەمەرەییی جادوویی پێ ببەخشێت، کە لە میانەی ڕووی تابلۆکەوە دەگێڕرێتەوە.

سووربوون بەڕوخساری پیاوەکە و چوونە پاڵی ئافرەتەکە دەلالەتی هەڵوێستێکی تا ڕادەیەک تەنگژەگرتووە، هونەرمەند هەوڵی داوە لە دەرگەی دەقئاوێزانەوە پەنا بۆ فیگەری تابلۆکانی ببات، بۆیە ئەم تابلۆیەی بەوێنەی ئافرەتە فریوەکە لێک داوە، ئەمەش هەستێلی متبوو و شاراوە بەئافرەتەکە دەبەخشێت، کە بەنیشانە گوزارشتیان لێ دەکات، وەکو شێوەی باڵندە و ئارەزووی بۆ ئازادی و ڕزگاربوون. هەروەها زوڕنا و ئەو پێوەندییەی لەگەڵ ڕەهایی (دەنگ) و شاراوەکانی. هەروەها کۆمەڵێک فیگەریان دەخرێتە سەر کە ئیستاتیکایەکی تایبەت و دەوڵەمەندیان بەتابلۆکە بەخشیوە، بەڵام مەبەستەکانی قووڵ کردووەتەوە بەو حیسابەی کەرەستەی گێڕانەوەن و توانای فراوانکردنی مانا و فەراهەمکردنی وەڵامی پرسیارەیلێکیان هەیە، کە هەندێک فیگەر گوزارشتیان لێ کردووە.

ئەم دیالێکتیکە لە گوزارشتکردندا سیفەتێکی جیاکارانەیە لە تابلۆکانی هونەرمەنددا لەم جۆرە گوزارشتکردنەدا، مەبەستمان لێی گوزارشتکردنە لە میانەی ئەفسانە و بیرەوەریی میللی. ئەم جۆرە لە گوزارشتی جووتبوون و پێکداچوونە لەگەڵ بینای پێکهاتوو، لە تابلۆکانی لاپەڕە (١٠٣، ١٠٤، ١٠٥)دا بەرجەستە کراون، کە جەنجاڵن بەهێمایلێک خۆیان لە پێوەندیی نێوان ژن و پیاودا دەبیننەوە، جەستەیان بەرجەستەتر دەبێت و نیشانەیە بۆ بەپیتی و بەخشندەیی، ئافرەتەکە بەجووڵەیەکی سێکسی لەسەر کورتانی کەرەکە دانیشتووە، ئەمەش نیشانەی بەپیتییە، کەچی کابرا بەسەرنجی پڕ لە ماناوە لێی دەڕوانێت تایبەتە بەخودی سێکسییەوە، کۆمەڵێک ئافرەتی ڕووتوقووتیش هەن، کە خەیاڵ و بیرەوەریی کابرا دروستی کردوون لای سەرەوە بەسەر گۆشەکانی تابلۆکەدا دابەش کراون.

ئێمە لە بەرابەر حەکایەتێکداین گێڕانەوەکەی دوا بەدوای یەکە لە سەرەوە وەکو لاپەڕەکانی گێڕانەوەکە. ڕەگەز و فیگەر و هێماکان لە سەرەوەی نێرینەیی بە یەکتردا دەچن و لە خوارەوەی مێیینەییدا هەڵدەکشێن. هونەرمەند لە مامەڵەیدا لەگەڵ پێکهاتەی تابلۆکە ئەمەی کردووە. کە کەرەستەیلێکن مانای دەق بەرجەستە دەکەن لەسەر هەستانەوە و بەجێگەیاندن، بەتایبەت لە خوارەوەی تابلۆکەدا، چونکە وا دیار دەدات پێوەندییەکە بەهۆگرییەکی سۆزدارییەوە سەقامگیرترە لە میانەیدا هەرچی شکستی سێکسی هەن دەکەون. جووتبوون بەڕەنگ لە تابلۆکانیدا نیشانەی دەوڵەمەندیی بیرەوەریی میللییە، کە ژینگە دەدوێنێت و ئیلهامی دەوڵەمەندیی ڕەنگ و بەپیتییەکەی وەردەگرێت، بەدووبارەکردنەوەی نواندنی دەقئاوێزانی لە کەرەستەکانی تابلۆکانیدا، وەک ئەوەی مامەڵە لەگەڵ ڕەوتی بیرەوەریدا بکات و بەدووبارەکردنەوە و پشتبەستن بەهێماکانی، کە دروستی کردوون و بنیاتی ناون لەسەر بنەمای توندوتۆڵ و گونجاو بۆ جووتبوون و ڕەنگکردنی ماناگەیێن.

تابلۆکانی لاپەڕە (١١٩، ١٢٠) یەکەم ئاماژە بەم جووتبوونە دەکەن، هەروەها بۆ جۆرێک لە گوزارشتکردن و پشتبەستن بەشێوەکانی گوزارشتکردن لە تابلۆکانی پێشوویدا. هەرچی لە تابلۆی (ل١٢٤)دایە ئەوا ئەم شتانەی تێدان، لەگەڵ حەزێک بۆ دەوڵەمەندکردنی تابلۆکە بەهێمای گوێدرێژ، کە هونەرمەند نێریی پتر و توانای بەپیتیی تێدا دەبینێتەوە. تابلۆکە سووڕی خۆی بەبڕگەیلێک تەواو دەکات بۆ دەستنیشانکردنی هەڵکشانی مانایەک بویسترێت پێچەوانە بکرێتەوە، وەکو سەری گوێدرێژەکە لە کاتی گیا خواردندا، هەروەها جەستەی ڕووتی ئافرەتەکە لە دوو بڕگەدا، لە یەکەمیاندا وا دیار دەدات پڕتر و خاوە، کەچی لە دووەمیاندا بەدرێژبوونەوەیەکی سێکسیی خەیاڵی خاو بووەتەوە. وا دەبینم ئەم بڕگانە یاریدەی ئەو ئافرەتەیان داوە، کە ئامێزی لە درەختێکی ئەفسانەیی داوە، ئەمەش وێنەیەکی دووبارەبووەوەیە لە تابلۆکانیدا.

هونەرمەند (ڕۆستەم ئاغاله) لەو تابلۆیانەیدا کە تەوەرێکی ئەفسانەییيان هەن، پشت بەبینای هەمەمەبەست دەبەستێت، چونکە پەنا بۆ کەرەستەیلێکی زۆر دەبات، گەلێکیان دەکەونە ژێر چەمکی بەپیتکردن و ئاودان و بەخشندەییيەوە. گشت ئەم هێمایانەش لە ژینگە و سروشتی دەوڵەمەندی کوردستانەوە وەرگیراون. بیرەوەریی میللیی بەرفراوانە، بەشێوەیەک بچووکترین فیگەر و گەورەترینیان بەشێوەیەکی هاوسەنگ بەکار دەهێنێت. ئەو هونەرمەندێکە هێما و فیگەر و بینای جوانکاریی تابلۆکەی دەخوڵقێنێت بەپشتبەستن بەدەوروبەرەکەی لە وێنە و فیگەری هەمەچەشن.



150x200 cm oil colour on canvas .Night that my mother died-2004



50x70 Cm oil colour in canvas Lonnely-2010



150x200 Cm oil colour on canvas - Destruction of the House-1998




25 x 40 cm   oil colour on X-ray -1998-  Koya



100x200 Cm oil colour I Love my self more-2007



100x140 cm oil colour on canvas -2001



30 x 40 cm oil colour on xry .sheet. 2003



160x220 Cm oil colour on canvas -2002 - What was Anfal ?



120 x 120 cm oil coloure - 2009 Window



50x70 cm oil colour on canvas my war




20 x 20 Cm oil colour -2003 Graveyards in Sulaimani



70 x 70 Cm oil pastel -  Bet  on death.1993



120 x 140 Cm O il Pastel – Twards of the peak of victory 2001



110 x 250 Cm oil colour -2002 In zamwa daughters portrait



150 x 300 cm oil color on canvas - 1998 Cuntry of Sun



150 x 200 Cm oil colour 1998 Civil wars

# هەڵبژاردنێکی ئازادانە
# یا
# سووکایەتیپێکردنی مرۆڤ

پەری شاکەلی

بۆ ماوەیەک گەشتێکی وڵاتی هۆڵەندام کرد. ئەوەی بۆم دەرکەوت، وڵاتەکە ڕێک وەک سوێد وایە و لە زۆر ڕووەوە لەنێو خەڵکی هەموو جیهاندا بەوە ناسراوە، کە لیبراڵە و پشوودرێژ و بە تەحەممولە. ڕۆژێکیان لەگەڵ هاوڕێیەکمدا، بە جادەکانی شاری هارلێم (Harlem)دا، کە ٣ میل لە خوارەوەی ئەمستردام (Amsterdam)ە، پیاسەمان دەکرد. بە نێو نێوەندی شاردا تێ پەڕین، خرۆتە مارکت (Grote Markt) و کاتدراڵی سانت باڤۆ (Bavo Sint)، کە لە ١٥٠٠ەکانەوە هەیە و یەکێک لە ئۆرگن (Organ) ەگەورەکانی جیهانی لێیە و بە لای هەموو قاوەخانە و مەیخانە و شوێنی دانیشتنەکانی دەرێدا پێچمان کردەوە، تا گەیشتینە جادەیەکی هاوتەریبی جادەکەی خۆمان. پاش نیوەڕۆیەکی گەرمی هاوین بوو و من گوێم لە دەنگی گۆرانییەکی بەکۆمەڵ بوو لە کڵێسایەکی گچکەوە، کە سەد مەترێک لەپێشمانەوە بوو. کە گەیشتینە پێش کڵێسایەکە لە سووچەکەدا، بە لای چەپدا وەرچەرخاین و بینایەکەی، کە لەگەڵ کڵێسایەکەدا دیواریان بەیەکەوە بوو، پەنجەرەی گەورەی پێوە بوو و لەو پەنجەرانەدا، ژنی نیوەڕووت ڕاوەستابوون و لەنێو چرا و ڕووناکییەکی سوورەوە، خۆیان پێشان دەدا. یەکێک لەو خانمانە بە ڕوویەکی خۆشەوە، دەستی بۆ ئێمە بەرز کردەوە و ئێمەش پێکەنین و دەستمان بۆی بەرز کردەوە و بەردەوام بووین لەسەر ڕۆیشتنەکەمان. دەمەوێ ئەوە وەبیر بهێنمەوە، کە گوتوبێژەکانی ئێمە لەمەڕ ئەو ئازادییە ڕەهایەوە بوو، کە دژ بە بەها و هەڵسەنگاندنی بەشێکی زۆری خەڵکەوەیە و لەگەڵ ئەوەشدا لە جڤاکێکی مۆدێرنی ئەوروپاییدا، کە زۆر لە سوێد جیاواز نییە، ڕەوایە و ڕێگە پێ دراوە. ئەو بابەتە زۆر دەمەتەقەی لەسەر کراوە، ڕەنگە بەهۆی ئەوەوە بێت، ئەو پیشەیە، یەکێکە لە کۆنترین پیشەکانی جیهان. خەڵکانێک هەن ئەوە وەک کار تەماشا ناکەن، بگرە وەک دەربڕین و نیشانەیەکی سووکایەتی و وەک هەڵەیەک، کە لە جڤاکدا هەیە، بەڵام هەندێکێش وەک پێشکەوتنێک دەیبینن، کە مرۆڤ مافی دەستبەرداڕۆیشتن و بڕیاردانی

.......................................................

وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: ئەمجەد شاکەلی

بەسەر لەشی خۆیدا هەیە و چۆنی گەرەک بێ دەتوانێ وای لێ بکات. بۆیە ئەم باسەی من لەسەر ئەو بابەتەیە: لەشفرۆشی (لە ڕووی مێژووییەوە) و ڕەوشی ئەورۆی لەشفرۆشانی سوێد چۆنە و لە هەمان کاتیشدا لە هۆڵەندا چۆنە، کە دوو وڵاتی نێزیک بە یەکن، بەڵام دوو دیتنی جیاواز و دژبەیەکیان هەیە لەبارەی ئەو پرسەوە.

## لەشفرۆشی لە مێژوودا

لەشفرۆشی بە واتای ئەوە دێت، کەسێک یا چەند کەسێک بەرانبەر قەرەبووکردنەوە (پارە یا هەر شتێکی تر)، کاری سێکسی ئەنجام بدا (بدەن). لە هەندێ فەرهەنگدا، لەشفرۆشی زۆر بەکراوەیی و ئاشکرا دەستی پێڕاگەیشتوو بووە، بەڵام لە هەندێ جێگەی تریش مرۆڤ نەیویستوە هەبێت و هەوڵی لەناوبردنی داوە[2]. گرینگە بگوترێ، کاتێک مرۆڤ باسی لەشفرۆش دەکات، مەبەست ژنی لەشفرۆشە، لەشفرۆشیی پیاوان، بەشێوەیەکی گشتی پێی دەگوترێ " لەشفرۆشیی پیاوان" واتە: وشەی پیاوەکەیشی لەگەڵدا دێت یا دەگوترێ پیاوانی پاشکۆ (Eskort). بەڵگەی ئەوە هەیە، کە ژنان، هەزاران ساڵ پێش زاین، لە میسری کۆندا، کاری لەشفرۆشییان کردووە و دەقیش هەیە هی سەردەمی ئەنتیک، کە دەگەڕێتەوە بۆ چەند سەد ساڵێک پێش زاین، کە هەمان شت دەسەلمێنێ[3].
لە سەردەمی پێشڤەچوونی مەسیحییەتدا لە سەدەکانی ناوەندا، سێکس لە دەرێی ژن و مێردایەتی بەرسزا بووە و هەڵوێستیش بەرانبەر لەشفرۆشی بە گشتی و لەگەڵ ڕۆژگاردا نەئێنی بووە. لە هەمان کاتیشدا لە شارە گەورەکاندا، لەشفرۆشخانەگەلێکی زۆر هەبوون (ئەوانەی پێیان دەگوترا "خانەی ژنان") و دەسەڵاتیش چ ڕێگرییەکی لە بەردەمیاندا نەبوو، کە داوای باج لەوانە بکات. خەڵک و جڤاک بە شێوەیەکی ناپەسند سەیری ئەو دیاردەیەیان دەکرد و نەخۆشیی سیفلس لەنێو خەڵکی شاری نیاپڵدا بڵاو بووەوە و ئەمەش بەنێو ئەوروپادا لە ساڵەکانی ١٧٠٠کاندا تەشەنەی کرد. ئەمەش وای کرد، بۆ بەرپێگرتنی نەخۆشی و دیاردەی لەشفرۆشی، برێک سەختگیری بکرێت و ڕێگریی لێ بکرێ، بەوەی، کە ژنانی لەشفرۆش دەبوو بەین بەین خۆیان دیاری بکەن، بەوەی سەریان بەتەواوی بتراشن و سەرپۆش بەسەردا بدەن، لە کاتێکدا ژنانی تر سەرپۆشیان بەسەردا نەدەدا. لەشفرۆشی لە سوێد هەر لە ساڵی ١٧٣٤ەوە قەدەغە کرا. لە ساڵانی ١٨٠٠ەکانیشدا ئیدی ئەو قەدەغەکردنە وەک "ڕاستییەکی تاڵ" یا "پێویستییەکی بێ فەڕ" تەماشا دەکرا و هەندێک وڵات، وەک بیرکردنەوە لە ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە سێکسییەکان، دەستیان کرد بە برێک گۆڕانکاری لەو بوارەدا. لە هەندێ دەڤەری سوێد، پۆلیس ژنانی لەشفرۆشیان نێونووس دەکرد، چونکە ئەو ژنانە بە بەرپرسی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە سێکسییەکان دادەنران. لە ڕووسیا ژنانی لەشفرۆش پاسپۆرتێکی تایبەتیان وەردەگرت، کە تێیدا نووسرابوو ئەوان چ کارەن و هەموو حەفتەیەکیش دەبوو بۆ لێنۆڕین و چاودێری سەردانی پزیشک بکەن. لە ئەمەریکا لەشفرۆشی تا ساڵانی ١٩٠٠ەکان، ڕێگەپێدراو بوو، بەڵام لە نێوان ١٩١٠ ١٩١٥دا، بە کاریگەریی ڕێکخراوێکی مەسیحیی ژنان، کە ناوی "یەکەتیی بەرگریی

مەسیحی" Union Christian Temperance" بوو، قەدەغە کرا[٤]. ئەو ڕێکخراوە لە قەدەغەکردنی ئەلکهولیشدا، کە لە ئەمەریکا پیادە کرا، نۆرەیەکی لە بەرچاویان هەبوو. لەشفرۆشی لە نیڤادا ئەودەمی و تا ئێستاش، جارجار ڕێگەی پێ دراوە و جارجاریش ڕێگەی لێ گیراوە، لێ لە لاس ڤێگاس بەو جۆرە نەبووە، لە ڕینۆ و لاس ڤێگاس، لە نێوان سالانی ١٩٣٠ و ١٩٥٠کاندا، ئەوەی پێی دەگوترا "گەڕەکی تیشکی سوور"[٥] هەبوو.

## لەشفرۆشی لەم ڕۆژگارەدا

دیتن بەرانبەر ئەم پیشەیە لەم ڕۆژگارەدا، لەنێو ولاتەکانی جیهاندا، جیاوازە. هەندێ ولات بەتەواوی ئەم کارەی قەدەغە کردووە و هەندێکیشیان ڕێک وەک هەموو کار و پیشەیەکی تر تەماشای دەکەن و لە هەندێ ولاتیش بۆ سەختگرتن و بەرپێگرتنی ئەو کارە، هەندێ قانوون دانراوە، بۆ نموونە سێکسفرۆشتن بە پارە ڕێگەی پێ دراوە، لێ کۆمەڵێک شتی پێوەندار بەوەوە، وەک ڕێکخستنی ژوانی سێکسفرۆش و سێکسکڕ (گەوادی)، سۆزانیخانە و ڕاوەستان لەسەر جادە بۆ لەشفرۆشی، کارگەلێکی ناقانوونین.

لە ئەڵمانیا، لە ١-١-٢٠٠٢وە، بە قانوون، لەشفرۆشی ڕێگە پێ دراوە و بەگوێرەی حکوومەتی ئەڵمانیا ئەو قانوونە"باشترکردنی ڕەوشی قانوونی و جڤاکیی لەشفرۆشەکانە"[٦]. ولاتگەلێک، کە ئەو جۆرە هەڵوێستەیان لە هەمبەر لەشفرۆشییەوە هەیە، سویسرا، بەلجیکا، هۆڵەندا و ئەڵمانیان. لە ولاتگەلێکی تر، وەک بەدبەختی سەیری لەشفرۆشی دەکرێ، کە نابێ مرۆڤ پێویستی بە فرۆشتنی لەشی خۆی ببێت و، کە سێکس کردەیەکی دوولایەنەیە و بۆیە ئەنجام دەدرێ، چونکە هەردوولا دەیانەوێت. سوێد یەکێکە لەو ولاتانە. لە جڤاکە ئیسلامییەکاندا، تەنانەت ئەگەر ژنێک بۆ خۆی بیەوێت هەموو کارەکانیشی ڕێک بخات، لەشفرۆشی، بە تەواوی قەدەغە کراوە و بەرسزایشە. هەندێ جڤاکی ئیسلامیی شیعە، سیغە[٧] پێڕۆ دەکەن، کە ژن و مێردایەتییەکی کاتییە و لەلایەن ئیمامێکەوە ڕێک دەخرێ و ماوەکەیشی لە نێوان چەند سەعاتێک و ساڵێک و زیاتردایە و پیاوەکەش لەو ماوەیەدا بەرپرسە لە بەخێوکردنی ئەو ژنەیدا.

## لەشفرۆشی لە سوێد

لە ساڵی ١٩٩٩وە لەشفرۆشی لە سوێد ناقانوونییە. ئەوانەی سێکس دەکڕن زۆرجاران پیاوانێکن لە تەمەنی ناوەندا، کە سێکس لە ژنان دەکڕن. زۆرێک لەم پیاوانە خێزاندارن، ئابوورییەکی باش و کاریشیان هەیە. لەشفرۆشی لە شێوەی پێوەندیی نێوان نێر و مێدا جۆرە ئاساییەکەیەتی، کە هەمیشە پیاو کڕیارە، بەلام ڕوویش دەدات، کە ژنان سێکس لە پیاوان دەکڕن و لەشفرۆشی لە نێوان خەڵکانی (HBT)دا واتە: نێرباز (نێر و نێر Homosexual) و مێباز (مێ و مێ Bisexual) و ئەوانەیشی کە جۆری سێکسیی خۆیان گۆڕیوە (Transsexual)، کە نێرن و بوون بە مێ یا مێن و بوون بە نێر، ڕوو دەدات. لەبارەی ئەم گرۆیەوە لێکۆڵینەوەی زۆر نەکراوە. "RFSL، فیدراسیۆنی

سەرتاسەری یەکسانی سێکسی، لەلایەن حکوومەتەوە ئەرکی ئەوەی پێ سپێردراوە، کە لە ساڵی ٢٠٠٩دا ڕووپێوی ژمارە و وردبوونەوە لە ڕەوشی خەڵکانی (HBT)دا، کە سێکس بە خەڵکی تر، دەفرۆشن و لە خەڵکی تر دەکڕن یا بۆ خۆیان تووشی کڕین و فرۆشتن دەبن، بکات. ئەو ڕووپێوانە لە ساڵی ٢٠١٠دا دەخرێتە ڕوو"[٨].

لەشفرۆشی، واتە: خزمەتی سێکسی، زۆرجاران لە ژووری هۆتیل، فلات (شوققە) یا لە ماڵی کڕیارەکە ئەنجام دەدرێ. زۆر ژن، لەسەر ماڵپەڕە جیاوازەکانی ئینتەرنێت، وەک ئاسانکارییەک، ئاگەداری بڵاو دەکەنەوە و زۆرجاریش ئەو ئاگەدارییانە تا ڕادەیەک بە وردی هەموو وردەکارییەکیان لەمەڕ ئەو خزمەتە سێکسییانە و نرخەکانیانەوە تێدایە. ئەنیستیتووتی لەشساغیی میللی لە ساڵی ١٩٩٩دا لێکۆڵینەوەیەکی ئەنجام دا، لەو پیاوانەی وەڵامیان دابووە، دەرکەوت ١٢٪یان جارێک لە جاران لە سوێد یا لە دەرێی وڵات سێکسیان کڕیوە. کڕینی سێکس لە ساڵی ١٩٩٩ەوە لە سوێد قەدەغە بووە و سزا (جەزا)کەیشی پارەیە یا ئەوپەڕی تا ٦ مانگ زیندانییە، کە ("توند"یی سزایەکەی ڕێک وەک سزای تاوانی بەنگ وایە[٩]). بەگوێرەی کۆڕی بەرگرتن لە تاوان (BR) لە ساڵی ١٩٩٩وە، کە ئیدی قانوونی سێکسکڕین هاتە گۆڕێ، ٧٠٢ کەس لە سوێد بەهۆی کڕینی سێکسەوە سزا دراون و قانوونیان بەسەردا جێبەجێ کراوە، لەوانەش ٢٠٢ کەسیان دانیشتووی ستانی ستۆکهۆڵمن. زۆرجاران ژنان سێکس بە پیاوان دەفرۆشن. ژنەکان، پاشخانی جیاوازیان هەیە و زۆرتر ژنانی نێوان ٢٠ تا ٦٥ ساڵان دەگرێتەوە، کە سەر بەپاشخانی هەم نزم و هەم بەرزی داهاتیشن. ئەو ژنانەی دەستبەرداری کاری لەشفرۆشی بوون، شتێکی هاوبەش، کە لە نێوانیاندا هەیە ئەوەیە، هەموویان بە هۆی لەشفرۆشتنەوە ڕەوشیان تێک چووە و نزیکەی نیوەی ئەم ژنانە تووشی جۆرە ئالوودەییەک بوون وەک ئالوودەبوون بە بەنگ. لە ڕاپۆرتە توێژینەوەیەکی وڵاتانی باکوردا، کە لە ساڵی ٢٠٠٨دا ئەنجام دراوە، ژمارەی ئەوانەی، لەسەر جادە سێکسیان فرۆشتووە، بە ٣٠٠ کەس دەخەمڵێنێ و ئەوەندەی ئەو ژمارەیەش لە ماڵپەڕەکاندا ئاگەدارییان بڵاو کردووەتەوە[١٠]. تا ئێستا هیچ ڕاپۆرتێکی نوێی دەوڵەتی لەمەڕ ساڵی ١٩٩٥ەوە نییە، لێ لەوێدا ژمارەی ئەو ژنانەی کە ساڵانە لە سوێد لەش دەفرۆشن بە ٢٥٠٠ کەس دەخەمڵێنرێن. ئەمە تەنیا لەشفرۆشیی سەرجادە ناگرێتەوە بگرە لەشفرۆشیی نێو ماڵان و شوققەکان و هوتێل و جێگەی شێلان (ماساژ)یش دەگرێتەوە. لەمەڕ شەقامی مالمشیلناد (Malmskillnadsgatan) لە ستۆکهۆڵم، زانیارییەکی فراوانتر هەیە و بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی کارگێڕیی کۆمەڵایەتی لە ساڵی ٢٠٠٨دا، ١٨٠ کەس لەسەر ئەو شەقامە کاری لەشفرۆشییان کردووە. هەموو ئەوانەی لەشفرۆشییان کردووە، مرۆڤی ئالوودە و بەنگی نەبوون، لێ لەشفرۆشی بەنگکێش هەن، بۆ ئەوەی لەگەڵ کارەکەیاندا هەڵبکەن و بەرگە بگرن، بەنگ دەکێشن. بەگوێرەی ئاماری کارگێڕیی کۆمەڵایەتی، لەشفرۆشی کەمی کردووە[١١]، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەبوونی ژمارە و زانیارییەکی تەواو لەو بارەیەوە، سەختە، چونکە لەشفرۆشیی سەرجادە گەلێک لە لەشفرۆشیی نێو ماڵان و ئەوانەی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت ئاگەداری بڵاو دەکەنەوە، دیار و لە بەرچاوترە.

## لەشفرۆشی لە هۆڵەندا

لەشفرۆشی لە هۆڵەندا، لە ساڵی ٢٠٠٠ ەوە، قانوونی و ڕێگەپێدراو بووە، بەڵام پێشتریش هەمیشە کراوەیی و سینگفراوانیی بەرانبەر ئەو کارە هەبووە. وڵاتی هۆڵەندا جۆرە دیتنێکی بۆ ئەو کارە هەیە، بە هۆڵەندایی پێی دەگوترێ "gedoogbeleid"، کە دەکاتە: سیاسەتی سینگفراوانی (تۆلێرانس)[١٢]. کارگێڕی و فەرمانداریەتییەکان، پێش ڕێگەپێدانی لەشفرۆشخانەکان، چ کاریان بەسەریانەوە نەبوو و پەلاماریان نەدەدان، وەها کارێک تەنێ کاتێک ڕووی دەدا، کە چالاکییەکە زیانی بە خەڵکە گشتییەکە گەیاندبا یا کاتێک بازرگانی (کڕین و فرۆشتن) بە مرۆڤەوە کرابا. سێکسفرۆشی، تەنێ لە گەڕەکە جیاوازەکانی تیشکە سوورەکاندا (Red Light Districts)، کە لە زۆرێک لە شارە جیاوازەکاندا هەن، ئەنجام نادرێت، بگرە لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی ئاگەداری، ئینتەرنێت، لەشفرۆشخانە، جێگەی شێلان، یانەی شەوانە و گەوادانیشەوە ئەنجام دەدرێت. ئەوانەی لە پەنجەرەکاندا ڕادەوەستن، ژوورێک بە نزیکەی ٩٠ [١٣] دۆلارێک لە ڕۆژێکدا بەکرێ دەگرن. لەشفرۆشیی نێو پەنجەرەکان نزیکەی ٢٠٪ لەشفرۆشیی هۆڵەندا. سەرەداوە سوورەکە (De Rode Draad) دەستەیەکە لە ساڵی ١٩٨٥ەوە دەستبەکار بووە و هاریکاری و کۆمەک بە لەشفرۆشان دەکات لە هۆڵەندا. کاری ئەم دەستەیە، داکۆکییە لەو هەوڵدانەی بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی لەشفرۆشان دەکرێ، وەک گرۆیەکی پیشەیی و، کار دژی سووک سەیرکردن و شکاندنەوەی لەشفرۆشان دەکات و ئەو دەستەیە لەشفرۆشی وەک هەڵبژاردنێکی ئاگایانە تەماشا دەکات[١٤]. هەموو لەشفرۆشێک پیاو یا ژن و سەر بەهەر پاشخانێک بن، لە کن ئەو دەستەیە پێشوازییان لێ دەکرێ. ئەو دەستەیە کار بۆ دەستەبەرکردنی خزمەتی نەخۆشی و تیمارکردنی لەشفرۆشان دەکات وەک گرۆیەکی پیشەیی. لەوەتی لەشفرۆشی لە ڕووی قانوونەوە ڕێگەی پێ درا، ئەو دەستەیە لەگەڵ سەندیکا (FNV)دا هاوکاریی کردووە و ئیدی لەو کاتەشەوە لەشفرۆشان بە ئەندامی سەندیکا وەرگیراون[١٥]. مرۆڤ ئەگەر تەمەنی ١٨ ساڵیی پڕ نەکردبێتەوە بۆی نییە لە بواری لەشفرۆشیدا کار بکات. لەشفرۆشخانە دەبێ مۆڵەتی ڕەسمیی وەرگرتبێت و لەژێر چاودێریی شارەداری و پۆلیس و کارگێڕیی لەشساغیدا بێت. هەر دەڤەرێکی هۆڵەندا قانوون و ڕێسای تایبەتی بە لەشفرۆشی هەیە و لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر جیاوازییان هەیە. خاوەنی لەشفرۆشخانەیەک، بە هیچ جۆرێک ناتوانێت، لەشفرۆشێک بە تۆبزی ناچار بکات بۆ ئەوەی لەگەڵ کڕیارێکدا سێکس ئەنجام بدات و هەرگیزیش بە تۆبزی ناچار ناکرێت ئەلکهوول یا بەنگ بەکار بهێنێ، وەها ناچارکردنێک هەرگیز ڕێگەی پێ نادرێت. سەرەداوە سوورەکە (De Rode Draad) وایان ڕێک خستووە، کە هەموو بانکەکان دەبێ تەواوی لەشفرۆشانیان قەبووڵ بێت و وەریان گرن ئەگەر بیانەوێ ژمارە حیسابێکی بازرگانیی بانکی بکەنەوە. ئەوان خزمەتی قسەکردن و گوتوبێژ و ئامۆژگاریی گشتی و هەمەلایەنەش بۆ لەشفرۆشان دابین دەکەن، چونکە کارەکەیان هەم لە ڕووی ڕەوانییەوە و هەمیش لەشەکی، سەخت و ماندووکەرە.

## فاکت و ئامار

"لە هەردوو لێکۆڵینەوە ڕەسمی و دەوڵەتییەکەی، کە لەمەڕ لەشفرۆشانەوە کراوە، مرۆڤ ژمارەی ئەو پیاوانەی، کە کڕیاری سێکسن، بە ٥٠ پیاو بۆ یەک ژنی لەشفرۆش دەخەمڵێنێ. SOU 1981:71, SOU 1995:15

"لە هۆڵەندا نزیکەی ٣٠٠٠٠ لەشفرۆش هەن ("Sex tax off Dutch Associated Press,14 oktober 1997)[١٦].

" وا چاوەڕوان دەکرێت پەرلەمان قانوونێک دەرکات، ڕێگە بە جندەخانەکان بدات، کە باجی پیشەسازیی سێکس لە هۆڵەندا، بێجگە لە پۆرنۆگرافی (فیلمی سێکسی)، ساڵانە ٥٠٠ ملیۆن دۆلار وەک بەشە قازانجێک بە حکوومەت دەدات"( Associated Press, Sex tax ticks off Dutch", 14 oktober 1997)[١٧].

"پێش ساڵی ٢٠٠٠ کارکردن وەک لەشفرۆش لە هۆڵەندا کارێکی سەخت بوو و ڕۆژێکی کاری ئاسایی برێتی بوو لە ١٢ سەعات"[١٨].

"ڕۆژنامەی تروو (Trouw) باسی ئەوە دەکات، کە پارساڵ ٨٠٩ حاڵەتی تێوەگلاو و بازرگانی پێوەکراو و ساڵی ٢٠٠٧ یش ٧١٦ حاڵەتی تێوەگلاو و بازرگانی پێوەکراوی کڕین و فرۆشتن و سەودا و مامەڵە تۆمار کراون. ئەو ژمارانە گەلێک لە ژمارەی تێوەگلاوانی هەنگاریا و چین زیاترە، ٧٦٣ کەس لەو تێوەگلاوانە ژن بوون و نزیکەی ٦٠٪ی ئەمانەیش ناچار کرابوون، کە لە پیشەسازیی سێکسدا کار بکەن"[١٩].

"لە لێکۆڵینەوەکی پێوەندداری ساڵی ١٩٨٩دا دەرکەوتووە کە ١٣,٥٪ی پیاوانی هۆڵەندایی بە لای کەمەوە جارێک سێکسیان کڕیوە و ٦,٢٪ ئەمانەیش گوتوویانە، کە ئەو کارەیان لەم ساڵەی دواییەدا کردووە"[٢٠].

"لە نێوان ٤٠٠ – ٦٠٠ ژن و ژمارەیەکی نەزانراوی منداڵ ساڵانە دەکەونە سوێد. زۆرینەی ئەمانە لە ڕۆهەڵاتی ئەوروپا، بەڵتیک و رووسیاوە دێن"[٢١].

## ئەنجامگریی

کە دواخاڵی ئەم باسە دەخوێنمەوە و بیر لە تەواوی ئەو دەقانە دەکەمەوە، لەبارەی ئەم بابەتەوە خوێندوومنەوە، کەمێک دوودڵم لە ئەنجامەکان. کە بیر لەو ژمارانە دەکەمەوە، لەمەڕ کڕینی سێکسەوە دۆزیمنەوە، پێم وایە ژمارەکان درۆ ناکەن. لە نێوان کڕیارانی سێکسدا لە هۆڵەندا و لە سوێد جیاوازییەکی زۆر نییە. ٠,٥٪ پیاوانی هۆڵەندایی زیاتر لە پیاوانی سوێدی سێکسیان کڕیوە. لە هەمان کاتیشدا مرۆڤ دەتوانێت ئاماژە بە ژمارەگەلێک بکات، کە ئەوەمان پێشان دەدەن، ئەوانەی کاری سێکسفرۆشی دەکەن لە سوێد، گەلێک کەمترن. ئەوانەی دەبنە قوربانی و

تێوەگلاو بازرگانیی کڕین و فرۆشتنی سێکس لە هۆڵەندا ٨٠٠ کەسن، لێ لە سوێد ٦٠٠ کەسن. ژمارەی دانیشتوانی هۆڵەندا زیاتر لە ١٦ ملیۆنن[٢٢] و سوێد بڕێک لە ٩ میلیۆن زیاترە. ژمارەی ئەو تێوەگلاو و قوربانییانەی لە دەرەوەڕا دێنە نێو وڵاتەوە و دەچنە بازاڕی سێکسفرۆشتنەوە لە سوێد و لە هۆڵەندا، ئەگەر لەگەڵ دانیشتوانی هەردوو وڵاتەکەدا بەراورد بکرێن، زۆر جیاوازییەکی لە بەرچاویان نییە. بە پێچەوانەیشەوە، کە باس دێتە سەر ژمارەی سێکسفرۆشان، ئەو دوو وڵاتە جیاوازیگەلێکی زۆریان لە نێواندا هەیە، بەڵام مرۆڤ دەتوانێت لە خۆی بپرسێت، چەند سێکسفرۆش لە سوێد لەنێو تاریکاییی ئەو ژمارانەدا خۆیان شاردووەتەوە؟ لە ڕاستیدا مرۆڤ ئەوە نازانێت، چونکە مرۆڤ دەستی بەوەدا ڕاناگات و ئەو دیدەی نییە. بێگومان زۆرێک لە پشتی کارتی دیدەنی و ناوونیشان و شێلانگە (جێگەی شێلان، شێلانخانە، مەساژخانە) و ئاخافتنی مۆبایل و ئاگەداری و شتگەلی ترەوە، شاردراونەوە. لە ڕاستیدا هەموو ئەمانە دەگەڕێنەوە سەر ئەوەی، کە مرۆڤ چ هەڵسەنگاندن و دیدێکی لەو بارەیەوە هەیە، من بۆ خۆم وەک گەلێک کەسی تر، پێم وایە سێکسفرۆشی شتێکە لە گوێن "خراپەیەکی پێویست، دەردێکی ناچاری، تاڵییەک". زۆرێک لەو سێکسفرۆشانەی، کە ئیدی دەستبەرداری سێکسفرۆشی بوون دەڵێن، بەوەی کە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆردا سێکسیان ئەنجام داوە، ئەوان دواتر ڕەوشیان زۆر خراپ بووە و تێکچوون، هەم لەباری لەشەکی و هەم باری دەروونیشیان. سێکفرۆشیی کارێکی گرانە و، سەختیشە وابزانرێت، هەموو کەس هەموو ئەو مەرجانەی، کە پێویستن بۆ خۆدوورخستنەوە و خۆداخستن و کەنارگرتن، بەو جۆرەی دەبێ بکرێ، تێدان، بێجگە لەوەش مرۆڤ، کاتێک لە ڕەوشێکی وەها ناخۆشدایە و ڕووبەڕووی وەها بارێک دەبێتەوە، هاسانە بڕیاری خراپ و هەڵە بدات.

من بڕیار نادەم و دادوەری ناکەم، بەڵام گەلێک جێی داخە، مرۆڤ ڕێگەیەکی تری بۆ خۆبەخێوکردن و ژیان نەبێت. داوە سوورەکە (De Rode Draad) لە هۆڵەندا، کارێکی وایان کرد، کە پیشەی لەشفرۆشی تا ڕادەیەک لەگەڵ کار و پیشەکانی تردا یەکسان و هاوتا بکەن و بێجگە لەوەش وڵاتەکە، لە ڕێگەی باجدانان لەسەر کاری لەشفرۆشان، پارەیەکی زۆری دەست دەکەوێت، ئەوەش لە مەودایەکی درێژدا، بە قازانجی جڤاکی هۆڵەندایی دەگەڕێتەوە. لە سوێد بەو جۆرە نییە و بە شێوەیەکی باشیش چاودێری بەسەر لەشفرۆشانەوە نییە و لەبارەی کار و ڕەوشیانەوە ئاگەدارییەکی باش نییە. سێکسشفرۆشتن لە سوێد کارێکی قانوونییە، بەڵام کڕینی سێکس نەء، بەو جۆرە سوێد بە شێوەیەکی دروست بەرپرسیاریەتیی هاووڵاتییانی هەڵناگرێت و بە تەنگیانەوە نایەت. لەشفرۆشان لە هۆڵەندا، سەندیکایەکیان هەیە، لەگەڵیاندایە و کۆمەکیان پێ دەکات و ڕێکخراوێکیان هەیە، چەند کەسێکی توانای سەر بەهەمان پیشە کاری تێدا دەکەن، هەموو ئەمانە، دڵنیاییەکی مەزنن بۆ هەموو ئەم ژنانە و سەرباری ئەوانەش کۆمەکی تەندروستی و شتی تریش وەردەگرن.

جارێکی تر دەیڵێمەوە، هەموو کەسێک مافی بەسەر لەشی خۆیدا هەیە. لە ڕووی جڤاکییەوە ئازادیی سێکسی قەبووڵ کراوە و تەنانەت ڕەوتارکردن و هەڵسوکەوتکردن وەک ئەوەی، کە زۆر کەس پێی دەڵێن سووک و لەشفرۆش، ئەوەیش هەڵبژاردنێکی ئاگایانەیە. لەشفرۆشییش ڕێک

هەڵبژاردنێکی ئاگایانەیە.

پەراوێزەکان:

١. جۆرە ئامێرێکی مۆسیقایە، کە لە کۆمەڵێک لوولە پێک هاتووە و دەنگێکی بەرزی هەیە و بۆ خۆی گەلێک مەزنە، بە زۆری لە کڵێسادا بەکار دەبرێ و هەندێ جاریش لە کۆنسێرتدا بەکار دەبرێ (وەرگێڕ).

٢. گەلێ سەرچاوە باس لە ڕەوشی لەشفرۆشی لە ئەوروپا دەکەن، منیش ئەگەر ناوی شوێنێکی ترم نەبرد، ئەوا باس لە ئەوروپا دەکەم.


3- http://civilliberty. about.com/od /gendersexuality/tp/History-of-Prostitution.htm

4- http://en.wikipedia.org/wiki/WomansChristian_Temperance_Union

5- http://en.wikipedia.org/wiki/Prostitution_in_Nevada .

6- http://wwwu.ub.gu.se/kvinn/fragelada/2002/prostitution. xml


٧. وشەیەکی عەرەبییە.

٨. دەقێکە وەرگیراوە لە:


http:/www.stockholm.se/PageFiles/157291/
24%20fr%C3%A5gor%20och%20svar%20om%20prostitution%20-%20oktober%202009.pdf

9- https://lagen.nu/1968:64#P2

10- http://www.stockholm.se/PageFiles/
15729124%20fr%C3%A5gor%20och%20svar%20om%20prostitution%20-
%20oktober%202009.pdf

11- http://www.socialstyrelsen.se/Lists/Artikelkatalog/Attachments/9304/2007-131-
48_200713148_rev.pdf


١٢. ئەم جۆرە سیاسەتە "سووکەبەنگ"ی وەک: کانابیس و کوارگیش دەگرێتەوە و بەتەواوی قەدەغەکراو نین، بەڵام قارچکە مەستکەر و گێژکەرەکان لە حوزەیرانی ٢٠٠٨وە قەدەغە کراون.

١٣. هەرگیز نەمتوانیوە ژمارەیەکی ڕێک و تەواو وەدەست بهێنم، بۆیە وادەزانم ئەو ژمارەیە بەرگۆڕانە. لە هۆڵەندا بیستم، کە دەگاتە ١٥٠ یۆرۆیەک، کە دەکاتە ١٦١٨,٠١٦ کرۆنی سویدی، بەگوێرەی بازاڕی پارەی ٤ی دیسەمبەری ٢٠٠٩ی ماڵپەڕی.www.forex.se


14- http://rodedraad. nl/

15- http://en.wikipedia.org/wiki/Prostitution_in_the_Netherlands#History

16- Citat fr_n: http://www.catwinternational.org/factbook/Netherlands.php

17-Se not 15.

18- Citat fra˚n http://rodedraad.nl/info-over-werk/loondienst. htm.

19- http://www.expatica.com/nl/news/local_news/Increase-in-human-trafficking-in-Netherlands_49349.html

20- Citat fra˚n http://www2.hu-berlin.de/sexology/IES/netherlands.html

21- Citat fra˚n http://www.rfsu.se/fakta_om_manniskohandel. asp

22- http://www.geografi.nu/nederlanderna.php

# بەماتماتیککردنی سروشت

گالیلە لە دەقی (٢٣٢)دا نووسیویەتی: فەیلەسووف لەگەڵ کتێبێکی هەرە مەزندا بەرانبەر بووەتەوە کە لەپێش چاوانی هەموومان ئاوەڵا کراوە؛ بەڵام ئێمە لە ئەم کتێبە تێ ناگەین، مەگەر ئەوە کە لەگەڵ زمانیدا ئاشنا ببین و لەو دەسەواژانە کە بەکاری دێنیت تێ بگەین. جیهان بەزمانی ماتماتیک نووسراوە و دەسەواژە سەرەکییەکانی سێ گۆش، جەغز و وێنە "ئەندازە (هندسە)یەکانی ترن. بێ فێربوونی ئەم زمانە، مرۆڤ هیچ کات لە جیهان تێ ناگات و تووشی هەزار لۆنە تەماوییەکانی دەبێت و سەری لێ دەشێوێت.

بیروڕای مۆدێرن و زانستی، بەم زمانە واتا "زمانی ماتماتیک"ەوە دەدوێت. پاش داسەپاندنی یاسای حەرەکەی ئەستێرەکان و پێواندنی هێزە ئاسمانییەکان لە نێوان دنیای ئەستێرەکاندا (میکانیک)، بناغەی کۆنی ڕوانینە فەلسەفییەکان فەشەلیان هێنا و کەس ئیدی ئاوڕیشی لێیان نەدایەوە و ناوەڕۆکی بەماتماتیککردنی حەرەکەت و جووڵاندنەوەکان، هەرەسی هێنایە یاسا و بۆ چوونی چاخەکانی پێشوو.

بیروبڕوای بەئاکام گەیشتنی ئەم دنیایە، کەمڕەنگ بووبووەوە و وێنەی جیهان گۆڕدرا و لە چەشنی مەکینەیەکی ماتماتیکی سەیریان کرد. لەسەر ئەم بڕوایەدا جیهان، لە چەشنی یاسایەکی گالیلەیی – نیۆتۆنێکە کە دەبێت لە ڕووی ئەزموونەکانەوە، یاسا ماتماتیکییەکانی سروشت بدۆزرێنەوە.

پاش تێپەڕینی چەندین چاخی تر لەدووی گالیلەدا، فیزیازانێکی مەزن هاتە گۆڕەپانی ئەم یاسایەدا و لە یەکێ لە گفتوگۆکانیدا، لە زانکۆی ئەکسفۆرد (ژوەنی ١٩٣٣) هاتەوە سەر ئەم بڕوایە. ئەنیشتاین گوتی:

ئەزموونەکانی ئێمە تاکو ئێستا ئەم بڕوایەی داسەپاندووە کە سروشت، برێتییە لە بەدیهاتنی

.................................................................

ئا. و وەرگێڕانی لە فارسییەوە: زەینەب یوسفی

ساکارترین هزر و دیمەنە دەسکەوتووەکانی ماتماتیک. من بەتەواوی هێزمەوە هاتوومەتە سەر ئەم بڕوایە کە بەهۆی پێکهێنانە ماتماتیکەکانەوە، دەکرێ لە واتا و پێوەندیی نێوان یاساکانی سروشت کە کلیلی فامی ڕووداوە سروشتییەکان پێک دێنن، تێ گەیشت. تاقیکردنەوەکان، لەوانەیە کە واتای سەرنج ڕاکێشێکی ماتماتیکی لە مێشکماندا دروست بکەن، بەڵام بێگومان ناکرێت تەنیا لە ڕێی ئەم تاقیکردنەوانەدا، بگەینە بەرەنجامەکان. هەڵبەت با ئەوەش بزانین کە تاقیکردن و ئەزموونکردن، تەنیا پێوانەیەکی فیزیاییە کە دەتوانین لەو رێیەوە بگەینە بینایەکی ماتماتیکی. بەڵام ئەسڵی خوڵقێنەر، لە ماتماتیکدایە.

ئەم قسانە بەو مانایە نییە کە لە هزر و بڕوای زانایانی پاش ڕێنیسانس، ئاسەوارێک لە میتافیزیک نادۆزرێتەوە، یان میتافیزیک و بڕوا فەلسەفییەکانی خودی زانییان، هیچ کارکردێکیان لەسەر واتا بنەڕەتییەکانی زانستی نوێ، نەبووە.

میتافیزیکی ماتماتیکی - میکانیکی (حەرەکە و یاسای هێز لە نێوان ئەستێرەکانی ئاسماندا) زانستی نوێ، (زانستی نیوتۆنی، خاڵێکی کەم ناسراوە کە دەبێت بەباشی بناسرێت، هۆسرێڵی زانا، لە کتێبی "بۆحران"دا، هەوڵ دەدات کە لەبەر فراوانیی بناغەی میتافیزیکی زانستی نوێ، تێمان بگەیەنێت، تەنانەت دەکرێت ئەوە بڵێین کە یەکێ لە سەرەکیترین ئەرکەکانی هۆسرێل، ئەوەیە کە لە ڕادەی کارکردی بڕوا نازانستییەکانی زانایان لەسەر بڕوا زانستییەکانیان، شۆڕ ببێتەوە) بەتایبەتی لەسەر بڕوای "بەماتماتیککردنی جیهان و سروشت" دامەزراوە.

سوور بووین لەسەر تەفسیری بەماتماتیککردنی جیهان و هەوڵدان لەسەر فەشەل هێنانی هەموو بڕوا ناماتماتیکییەکان، ڕەگی لە بڕوا میتافیزیکییەکاندا هەیە کە ئیلێکساندێر کوئایرێ، لە کتێبی "لە جیهانی داخراو بەرەو دنیای بێ ئاکام" لەو بارەوە دواوە.

جیهانی کۆن، میچێکی هەبوو کە هەمان ئاسمانی ناو بوو. لە ناوەندی ئەم جیهانەدا، زەوین بەهێز و ڕاوەستاو، هەبوونی بوو. بەڵام میکانیک یان حەرەکەی ئەستێرەکان، ئاسمانیان لە چەشنی کۆمەڵەیەک لە ڕەقەمە بێ ئاکامەکان، پێشان دەدا. یەکەتییە دەروونی و پتەوبوونیشی لە بەرەنجامی دەسەڵاتی یاسا ماتماتیکییەکان کە لەسەر پاژەکاندا حوکمیان دەکرد، هاتبوونە مەیدانەوە.

زەوینی جەغز ئاسا وبمر، ئەم هەستە هەرە مەزنە، لەو جیهانەدا کە ناوەندەکەی دیار نەبوو چییە، ئیدی نەیدەتوانی لە چەشنی زەوین بمێنێتەوە، زەوین، ئەم زەوینە نەبوو، ئیدی بەشێک لە عونسور یان لە کۆبەندی یاسا ماتماتیکییەکان، بەکار نەدەهێندرا.

لەو کاتەدا، سێبەری مەرگ لەسەر ئەم جیهانەدا، ڕاکێشرابوو. ئیدی "خاکی موقەدەس، لە دۆخە هەتاهەتاییەکەی دابڕابوو". ئاسمانیش ئیدی نەک هەر وەکو میچێک نەدەهاتە بیرەوە، بگرە لە وێنەی پانتاییەکی بێ ئاکام، دڵی هەموو فەیلەسووفێکی هێنابووە هەژان، تەنانەت فەیلەسووفێک

وەکو پاسکاڵ.

لە واقیعدا لەگەڵ ئینکارکردنی ناوەندییەتی زەوین لە کۆمەڵگەی دنیای کائیناتدا، ئیدی ڕێگەیەک نەمابوو هەتاکو گەیشتن بە ئینکاری هێزی خواوەندی.

ڕۆژگاری نوێ، لەگەڵ ئەرکەکانیدا و لە بەرەنجامی دۆخە سامناکە مەزنەکان و دڵەڕاوکێیە بێ سنوورەکانی، دەستی پێ کرد.

خودی ئاوەز باوەز باو- ڕانیش، هەم لە دۆخە سامناکەکە و هەم لەو ئەرکە قورسانە ئاگەدار بوون.

کتێبی جیهان لە کۆمەڵێک وشە پێک هاتووە کە خودی کتێبەکە، واتا خودی جیهان، هەموویان دەخاتە بەردەستمانەوە، لەگەڵ ئاوەزی مرۆڤدایە کە ئەو وشانە لەگەڵ یەکتردا موتوربە دەبن و بەرەنجامە خەیاڵاوییەکان، دەخوڵقێندرێن.

کانت لە "بنەمای میتافیزیکیی زانستە سروشتییەکان" (١٧٨٦)دا ئاماژەی کردووەتە ئەم خاڵە.

ئەزموونی سروشت لەلایەکەوە و تێگەیشتن لە ڕێگەی ئاوەزەوە لەو ئەزموونانە لەلایەکی ترەوە، دەبنە ناسینێکی زانستییانە.

هەوڵدان لە ڕێگەی میتافیزیکەوە بۆ تێگەیشتن لە پانتایی ئاوزەکە "نائەزموونانە" پێناسە دەکرێت.. بەڵام باشترە ئەوەش بزانین کە هەر شتێکی ئەزموونی بەپێوانەی ماتماتیکەوە، دەپێورێت و لە ئاکامدا موتوربە دەبێتە ماتماتیکەوە. زانستیش هەتاکو موتوربە نەکرێتە ماتماتیکەوە، جگە لە سەناعەیەکی تایبەت بەسەر دەم، هیچ نییە.

لەم ڕێگەوە "لاجیکی ماتماتیک" تا ڕادەیەک دەبێتە هاوشانی "لاجیکی شاراوە و ئاکامداری" دنیای کۆن.

نیگای و بۆچوونی زانایانی پاش ڕینیسانس، لەم بارەوە کە:

بڕواکردن بەوە کە ئەم یاسایانە هەموویان تەواو نین و نیسبین و هەبوونیان پێوەندیی ڕاستەوخۆیان هەیە لەگەڵ ئەزموونە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکانەوە، نەشاردرایەوە و بەپێچەوانەش زانایان زۆر بەڕاشکاوییەوە لەو بارەوە دەدوان.

لەگەڵ ئەوەشدا، بایەخێکی ئەوتۆیان نەدەدایە ئەم بڕوایە و دەیانگوت کە لە هەر حاڵەتێکدا، جیهانی ئێستا لەگەڵ زانستی بەردەستدا، جگە لە ڕێگەی ماتماتیکەوە، بۆمان دەرناکەوێت.

تا ئاکامی چاخە ناوەڕاستەکان، بیروبڕوای زانستی "ئەرەستۆیی" داسەپێندراو بوو. "چەندییەت" تەنیا بەشێک لەو دەقانە بوو کە باسیان لێیەوە دەکرد و "بەماتماتیککردنی هەموو عالەم" قەت شێوازێکی گونجاو نەدەهاتە مێشکەوە. لە بەرانبەردا، بیروڕایەکی قوڵ و بەهێزتر واتە

هەولێر

بۆچوونی "نوێی ئەفلاتوونی" هاتبووە ئاراوە کە جیهانی لە بازنەی خۆ"ئەندازە"دا (خۆهندسیدا) پێناسە دەکرد. ئەم بیر و بۆچوونە لە مەودای چاخەکانی دوازدە تا پازدە، لە ئاستێکی ناوەندیدا هاتبووە مەیدانەوە، بەڵام لەسەر هزر و بڕواکانی سەردەمی ڕێنیسانس، کارکردێکی ئەوتۆی هەبوو. بەتایبەت لەسەر گالیلە و کۆپرنیکدا.

واتای "هاوسەنگی"ی حەرەکەی جیهان، کە ئەوان لە زۆربەی نووسینەکانیاندا بەکاریان دەهێنا، واتایەکی ئەفلاتوونی بووە و خاوەن ئەم ناوەڕۆکەیە کە تەنیا شێوازی عەقڵانی سەبارەت بەدۆزینەوەی "هاوسەنگی"ی میکانیک، کەڵکوەرگرتن لە شێوازە ماتماتیکییەکانە.

لەگەڵ ئەمەشدا، لەسەر بۆچوونی میتافیزیکی زانایانی سەردەمی ڕێنیسانس. خوڵقاندنی جیهان، هاوشێوەیە لەگەڵ "یاسای ڕەقەمەکان" و لەم ڕووەوە جیهانی دەرەوە، شتێک جگە لە بەدیهاتنی یاسای ماتماتیک، نییە.

کپلێری فەیلەسووف، لە رووی وتەکانی ئەفلاتوونەوە دەیگوت کە خواوەند، بەردەوام مەشغولی "ئەندازەکارییە"، تەنانەت گالیلە تا ئەو شوێنە خۆی لەو بیروبڕوایە نزیک کردەوە کە دەیگوت سروشت بەگشتی، جگە لە مەنزوومەیەکی ماتماتیکی شتێکی تر نییە.

ئەگەر ئەم بۆچوونانەمان بەدڵ بێت و بمانەوێت بەکاری بهێنین، دەبێ لەگەڵ ئەوەشدا ببین کەلاجیک تا ئەو شوێنە جێ سەرنجە کە بەردەوام لەگەڵ یاساکانی ماتماتیکدا بگونجێت" و "بنەمای ماتماتیکی جیهان" جگە لە ڕێی زانستی ئەندازە و ماتماتیک و لاجیکی ماتماتیکییانەوە، ناناسرێت.

لە کامێرای نیگای زانستی نوێیەوە، ئەم بۆچوونە، "لێکۆڵینەوەکانی ماتماتیکییانە"ی سروشت، تاقە شێوازی دروستە، چونکە فەیلەسووفە پێشووەکان، هەر کات و لە ڕووی هەر دەلیلێکە و، لەگەڵ ئەم بیروڕایایە هاوڕێ و هاوبڕیار دەبوونەوە، بێگومان بە بەرەنجامە دروستەکان دەگەیشتن و هەر کاتیش ڕوویان لێی وەرچەرخاندووە و پشتیان لێی کرد، گەیشتنە بەرەنجامە پووچەڵ و ونەکان و هیچیان دەست نەکەوت.

دەلیلەکانی ماتماتیک، تا ئەو شوێنە کە ئێمە لێیان تێگەیشتووینە، هەمان ئاسەوارەکانی زانستی خوڵقێنەرن.

ئەم ڕستەیە "تا ئەو شوێنە کە....." قەت بەو مانایە نییە کە بەجۆرێک گومان بکەین یان بۆ ئەم بیروبڕوایە سنوورێک دابین بکەین. واتای ئەمە ئەوەیە کە: دەمانەوێت یەکەمین هەنگاو بۆ بەدیهاتنی ئەم بڕوایە کە تازە دۆزیومانەتەوە بڕوامان پێی هێناوە، هەڵبگرین.

گالیلە لەسەر ئەمە زۆر سوور بوو کە تەنیا بەهۆی ئەم زانستە کورت و ناتەواویشە لە بازنەی زانستی ماتماتیکدا، (هەڵبەت لەگەڵ زانایی خواوەنددا کە خوڵقێنەری ئەم جیهانەیە، ناپێورێت)

دەکرێت پەرە بدەینە ڕێگەی ڕاستەقینەی بەماتماتیککردنی سروشت و دۆزینەوەی واقعیەتی کتێبی جیهان.

لێچوونێکی بەرچاو، لە نێوان بیروبڕوای گالیلە و دێکارتدا هەیە. لە بۆ دیکارتیش ماتماتیک هەمان واتای هەیە کە بۆ گالیلە هەیەتی، واتە ماتماتیک ئاوەڵاکەری ڕێگەی زانستییە بۆ جیهان. ماتماتیک و ئەندازە باشترین و سەرەکیترین ئامرازن بۆ موتوربەکردنی هەموو زانستێکی تایبەت بەمرۆڤ و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی.

بۆ تێگەیشتن لە دروستبوونی متافیزیک لە بازنەی زانستی مۆدێرندا، ڕەنگە خراپ نەبێت ئەگەر لە گۆشەنیگایەکی ترەوە ئاماژە بەشوێنگەی ماتماتیک لە هزری مرۆڤدا بکەین.

لە گفتۆگۆکانی تیمائۆس و ئەفلاتوون سەبارەت بە "پێوەندیی نێوان مرۆڤ و جیهاندا"، ئاماژە کراوە بە"دروستبوونی جیهان". بناغەی ئەم گفتوگۆیە لەسەر ماتماتیک بووە ئەفلاتوون قسە لە "تەناسۆب"ەوە دەکات و لە ڕامان لەسەر ئەم بابەتەدا، کەڵکی لە "زانستی ئەرقام" وەرگرتووە، لە شوێنێکی تریشدا ئەم باسەی دووپات کرووەتەوە، لەوێش قسە قسەی ماتماتیکە، لەوێشدا دەڵێت کە زانستێکی سادە هەیە کە هەموو سەنعەت و هونەر و زانستەکانی تریش پێویستیان بەوە هەیە، واتە بەزانستی "حسێبکردن و ژماردن" ئەم زانستە لەگەڵ ئەرقامدا بەکار دێت و "ئەرقامیش ئێمە بەرەو هەقیقەت ڕابەری دەکەن". پاشان بۆمان شی دەکاتەوە کە "ئەندازە" ڕۆحی مرۆڤ بەرەو ئاسۆیەکی هەتاهەتایی ڕابەری دەکات و لە ئاکامدا دەڵێت:

"کەس ناتوانێت ئینکاری ئەوە بکات کە هیچ زانستێکمان نییە کە بتوانێت سەر لە هەموو کاروباری جیهان دەربکات و لە هەموو شتێک تێ بگات و وەڵامی پرسیارەکانمان بۆ دەربخات. چونکە بەڕای ئەوانە، کە ئینکاری ئەم زانستە دەکەن، هەموو هونەر و زانستێک یان لەگەڵ ڕێگەی بیروبڕا و حەز و خواستەکانی مرۆڤدا هاتوونەتە مەیدان و داسەپاونەتە سەر کۆمەڵگەی مرۆڤ، یان خودی مرۆڤ، بەم مەبەستە ئەوانەی دۆزیوەتەوە کە لەو ڕێگەوە هەوڵ بدات کە شتێکی نوێ دروست بکات، یان بەڵکو بتوانێت بەهۆی ئەو بیروبڕوایانەدا، دەسکەوتەکانی سروشت و مرۆڤ، بپارێزێت.

هەموو زانستێکیش، لەم ڕێگەوە بێگومان لە هەقیقەت نزیک دەبنەوە، وەکو ئەندازە و ئەوانە کە پێوەندیی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ ئەندازەدا هەیە و، لە ئاکامیشدا لە ڕێگەی ئەندازە و ماتماتیکدا، خەونێک لایان دروست دەبێت کە پێییان وایە ئەوان لە هەقیقەتی جیهان نزیک دەکاتەوە، چونکە بناغەی هەموو دۆزینەوەیەکیان لەم جیهانەدا، لە ڕێگەی ئەزموونی قبووڵنەکراودا دامەزراوە بەو جۆرەش دیسان وازی لێ دێنن، چونکە ناتوانن و پێیان ناکرێت لە ڕێگەی دیالێکتیکەوە بەرەو ناخی شتەکان بڕۆن و لێی شۆڕ ببنەوە.

کەوایە ئەو شتە کە لە سەرەتاوە لە بازنەیەکی وەهمی و شاراوەدا پێک دێت و لە ناوەڕاست و

ئاکامیشدا، هەم دیسان لە بازنەی پرسیار و وەهم و وەڵامنەدانەوەکاندا دەسووڕێتەوە، چۆن دەکرێت بەوە بڵێین "زانست"؟

ئاوەز باوەڕی و بڕواهێنان بەتواناکانی مرۆڤ لە گۆڕەپانی تێگەیشتنێکی عاقڵانە لە جیهانی هەستی، بەرهەمی دنیای مۆدێرن نییە. یۆنانییەکان بڕوایان بەئاوەز باوەڕی بووە و لەسەر ئەم بنەمایە بوو کە بیروبڕواکانی میتافیزیکیی ئەرەستۆ پێک هات.

پێوەندیی نێوان ئاوەز باوەڕی و ماتماتیک، یەکێ لە تەوەرە باسە گرینگەکانی کتێبی "مو" (سێزدە هۆم)ە، واتا، میتافیزیک.

لێرەدا، ئەرەستۆ، لەگەڵ ئەفلاتوون و فەیلەسووفەکانی تردا، دێتە دواندن و پێی قبووڵ ناکرێت کە "شتە ماتماتیکییەکان" هەبوونیان هەبێت ئەرەستۆ ئەو شتانە، نەک هەر بەبنەما و ڕەسەن ناناسێت بگرە تەنیا لە بازنەی "واتایەکی سەرەکی"دا، بیریان لێ دەکاتەوە.

دیسان هەر لەم کتێبەدا، دژ بەم بڕوایە کە بنەمای میتافیزیک، ئەرقامە، دەوەستێت و لەگەڵیدا دێتە شەڕەقسەوە. لە ئاکامی کتێبەکەشدا، لە "ناسینی ماتماتیک" دەدوێت کە لەگەڵ بڕوای ئەمڕۆی ئێمەدا واتە "تێگەیشتن لە ماتماتیک"، زۆر نزیکە.

هۆسرێڵ لە کتێبی "بۆحران"دا باشمان پێشان دەدات کە "نەک هەر هەموو جۆرێک و هەموو هەوڵدانێک بۆ بڕواهێنان و هەموو بەرەنجامە فەلسەفییەکان و تێگەیشتنەکان لە ڕووی داوونەریتێکی کۆنەوە دروست بوونە، بگرە ئەم بڕوا ڕووکەشییەی ئێمەش سەبارەت بەجیهان، لە پێناوی هەمان داوونەریتی کۆنەوە پێک هاتووە.

بۆ تێگەیشتن لە دەسکەوتەکانی گالیلە، دەبێ ئەو "میراتانە کە لە درێژەی زەمەندا بەئەوانە گەیشتبوون" واتە "زانستی ئەندازەی ئێستا " بەرچاو بگرین، بەڵام با گرینگتر لەوەمان لە بیردا بێت کە هەمان داوونەریت بوو کە سنووری دروست کرد لە نێوان "ناسین و تێگەیشتن لە جیهان" و "واقعیەتی جیهان".

سەرچاوەکان: "مۆدێرنیتە و ئەندێشەی ڕەخنەگەرایانە" بابەک ئەحمەدی و هەندێ سایتی ئینتەرنێتی.

# پێوەندییە دیجیتاڵییەکان و گۆڕانکاریی سیاسی لە چین

ئاشلی ئیساری، زانستگەی وایتمەن
چیائۆ کیانگ، زانستگەی کالیفۆرنیا لە بێرکێلی

بەشی دووەم

## ئەندازەگرتنی ئاستی دەربڕینی سیاسی: ماڵپەڕەکان لە بەرامبەر ڕۆژنامەکان

بۆ تاقیکردنەوەی بەڵگەکانی گۆڕانکاریی ڕێژیمی زانیاری، ئێمە ناوەڕۆکی نۆ ڕۆژنامەمان لە بێجین، شانگهای و گوانگ ژو لە ٢٠٠٣دا و هەروەها ڕاپۆرتەکانی چەندین ماڵپەڕی بەرچاومان لە باری "هەواڵە دژوارەکان"*ەوە لە ٢٠٠٦دا شیکاری کرد. هەردوو جۆرەکانی ڕاگەیەنەکان لە بەردەست جەماوەردان و هێزی هێزەکی شایانی سەرنجیان بۆ کاریگەریدانان لەسەر بۆچوونە سیاسییەکانی خوێنەران هەیە. لە ٢٠٠٣دا ئەو ڕاگەیەنە ئینتەرنێتییانە تەنیا لە دەستپێکی کایەکردنی ڕۆڵێکی بەهێز لە سیاسەتی چیندا بوون، ئێمە مەزندەمان کرد کە ڕۆژنامەکان لە ٢٠٠٣دا هەواڵگەلێکی هاوشێوەی هەواڵەکانی ڕێژیمی زانیاریی IIیان بڵاو کردووەتەوە. ئەم مەزندەکردنە پاڵپشتیی شیکارییەکی بەرینی ناوەڕۆکی ڕۆژنامە ڕۆژانەکان لە ١٩٨٠کان و ١٩٩٠کانی لەگەڵ بوو، کە ئەو بەو ئاکامە گەیشتبوو کە ڕەخنەگرتن لە ئەنجوومەنە حکوومەتییەکان هێشتا لە ئاستی کەمدا ماوەتەوە و بە درێژاییی ئەو ماوە بە شێوەیەکی پێوەندیدار دووپات بووەتەوە.

ماڵپەڕگێڕان لە چیندا هەتا ٢٠٠٦ گشتی نەبوو، واتە ئەو ساڵەی کە بینرا ماڵپەڕەکان تا ١٦ ملیۆن زیادیان کرد یان بوونە ٣٢ بەرابەری ئەو ژمارەی لە سەرەتاکانی ساڵی ٢٠٠٥دا هەبوون (Esarey & Xiao, 2008). بەم هۆیەشەوە، ئەوە لواو نەبوو کە ماڵپەڕەکان لە ٢٠٠٣دا لەگەڵ

..................................................................

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ڕەزا فەتحوڵلانژاد



هەولێرنامەی کتێب

ڕۆژنامەکان لە هەمان ساڵدا بەراورد بکرێن. سەرەڕای ئەمەش، لە ڕەوتی بەراوردێکی ناوەڕۆکی ڕۆژنامەکان و ماڵپەڕەکان، ئێمە هیوادار بووین تێگەیشتنێکی گشتیمان لە تایبەتمەندییەکانی گۆڕانکاریی زانیاریی سیاسی لە کۆمەڵگەی رایەڵەیی تازەسەرهەڵدراوی چین دەست بکەوێت.

لە بەراورد لەگەڵ ڕاگەیەنە نەریتییەکاندا، ماڵپەڕەکان لەو ڕێنوێنییە بەردەوامانە کە ناوەڕۆک دەسەپێنن، بەدەرن. هاندەرەکان بۆ ماڵپەڕگێڕەکان جیاوازە لە هاندەرەکانی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لە ڕاگەیەنە گشتییە فەرمییەکانی چیندا کار دەکەن، تا ڕادەیەک هیچ ماڵپەڕگێڕێک ئەو بەستراوەییەی نییە کە بۆ بژێویی ژیانی ماڵپەڕی هەبێ. بەم هۆیەوە، ماڵپەڕگێڕەکان کەمتر دەکەونە ژێر کاریگەریی ئەو پاڵەپەستۆیانەی بۆ خۆگونجاندنیان لەگەڵ پلەبەندییەکانی ڕێژیمی دەسەڵاتدار بۆ ناوەڕۆکی ڕاگەیەنەکان لە ئارادان. بە پێچەوانەی بەرهەمەکانی ڕاگەیەنەکانی ڕەوتی سەرەکی کە بەشێوەیەکی بەرین لەلایەن سەرنووسەرەوە پێداچوونە دەکرێن و لە کاتی بڵاوبوونەوە لە باری سیاسییەوە چاو لێ دەکرێن، ناوەڕۆکی ماڵپەڕ لە ڕێگەی جۆرەوجۆر لەلایەن ماڵپەڕگێڕەکانەوە دیاری دەکرێ و بەخێرایی دەکەوێتە بەردەست خوێنەران کە پەرچەکرداری خۆیان دەنێرنەوە، پەرچەکردارێک کە لە ماڵپەڕەکەدا دەمێنێتەوە یان لە ئاکامدا بڕیاری بڵاوکردنەوەی، دەکەوێتە دەست ماڵپەڕگێڕەکە.

ئەو ماڵپەڕانەی باسی بابەتە کێشەخوڵقێنە سیاسییەکان دەکەن، دەتوانن بەئاسانی ببەسترێن. ماڵپەڕگێڕەکان هەروەها دەتوانن ماڵپەڕگەلی تر بەتێچوویەکی کەم یان بە خێرایی وەڕێ بخەنەوە. خوێنەرەکانی ماڵپەڕەکەی پێشوو دەتوانن لە ڕێگەی ماتۆڕی گەڕانی ئینتەرنێتییەوە ماڵپەڕە نوێکە بدۆزنەوە. کاریگەریی داخستنی ماڵپەڕەکە، لە کاتێکدا زۆر گرینگیی نییە، کارەساتبار نییە. ئەمە بۆ دامەزراوە ڕاگەیەنییەکان وەڕاست ناگەڕێ. کاتێک ڕۆژنامەیەک یان کۆوارێک بە زۆرەملێ دادەخرێ، بە دەگمەن ڕوو دەدا کە سەرلەنوێ بە شێوازێک دەست بەکار بکاتەوە کە لە شێوازی پێشووی بچێ. ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کارەکانیان لەدەست دەدەن، بە هۆی لەدەستدانی کات و داهاتەکەیان، ڕووبەڕووی تێچوویەکی زۆر دەبنەوە.

بەهۆی هاندەرە ماڵییەکان بۆ ڕۆژنامەنووسان بۆ پێبەندییان بەداخوازییەکانی ڕێژیمەکە لەمەڕ دەقی ڕاگەیەنی و هەروەها ئەوەی کە تێچووی ماڵپەڕگێڕەکان لە ئەگەری داخرانی وێبلاگەکانیان کەمە، ئێمە وا گریمانمان کرد کە ماڵپەڕەکان لە بەراورد لەگەڵ ڕاگەیەنە نەریتییەکاندا، وێ دەچێ زیاتر گۆشەنیگای بەرهەڵستکاری دەپارێزن و ڕەخنە لە حکوومەت دەگرن. بەم هۆیەوە ماڵپەڕگێڕان لەوانەیە وەکو شەقامێکی نوێ بۆ دەسەڵاتبەخشین بە شارۆمەند دەربکەوێ. ئێمە ئەو چاوەڕوانییەمان هەبوو کە شیکاریی دەقی ماڵپەڕەکان و ڕۆژنامەکان ببێتە هۆی دۆزینەوەی جیاوازییەکی زۆر لە ڕادەی ئازادیی دەربڕین (بەتایبەت بۆ هەواڵی دژوار) لە نێوان ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیەنە نەریتییەکان و ماڵپەڕگێڕەکاندا. کۆدێرە مرۆییەکان دەقی ڕۆژنامە و ماڵپەڕەکانیان شیکاری کردووە. لە ئێستادا، تەنیا کۆدێرە مرۆییەکان دەتوانن وردەکارییە

گرینگەکانی دەربڕینی سیاسی لە ماڵپەڕەکاندا بدۆزنەوە و پۆلێنبەندی بکەن، وەکو ئەوەی ماڵپەڕگێڕەکان مەیلیان بەلای بەکارهێنانی زمانی ناڕاستەوخۆ و گاڵتەجاڕانە یان وێنەیی بەمەبەستی ڕەخنەگرتن لە حکوومەت هەیە. ئەندازەگرتنی جۆرەوجۆرییە پێوەندیدارەکان ـ وەک ئازادی، پلۆرالیزم و پڕوپاگەندە ـ پێویستی بە ڕێوشوێنگەلێکی گۆڕانهەڵنەگر هەیە، بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی پرۆتۆکۆل و هەروەها تواناییی ناسینی ئەو چۆنایەتییانە کە لەگەڵ جۆرەوجۆرییە سەرەکییەکاندا ئاوێتە بوون. ئەو کارە لەسەر بنەمای دەقی دانراوی ماڵپەڕێک یان وتارێکی هەواڵی دەکرێ، واتە هەوڵێکی زۆر جیاواز بەهۆی ناساندنی تایبەتمەندییە کۆمپیوتەرییەکانی وشە سەرەکییەکانەوە. بەهۆی سروشتی بە توندی کونترۆڵکراوی بیاڤی ڕاگەیەنی لە چیندا، شیکاریی دەقە کۆمپیوتەرییەکانی لەوانەیە جیاوازییە زۆر بچووکە رواڵەتییەکان لە بەرچاو ون بکات کە پێوەندییان بەبوونی جیاوازیی شاراوە لەگەڵ هێڵە فەرمییەکانەوە هەیە. پرۆتۆکۆلەکە کەڵکی لە هەڵسەنگاندنی ڕۆژنامەکان وەرگرت کە داتاگەلێکی لێ کەوتەوە کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ بەراوردکردن لەگەڵ ئەو ماڵپەڕانە دەبوون.

بۆچی ڕۆژنامەکان؟ دوای تەلەڤزیۆن، زۆربەی ئەو چینییانەی لە ناوچە شارییەکاندا دەژین، هەواڵەکانیان لە ڕۆژنامەکان وەردەگرن تا لە هەر سەرچاوەیەکی تر. پتر لەوەش، یاسا ناوەندییەکان بڕیاری دا کە ئەو ڕاپۆرتە هەواڵییانەی دەخرێنە سەر ماڵپەڕە ئینتەرنێتییەکان، دەبێ لەپێشدا لە سەرچاوە هەواڵییە فەرمییەکانەوە بڵاو بکرێنەوە. زۆربەی هەواڵە ئینتەرنێتییەکان لەو ڕاپۆرتانە کۆپی دەکرێن کە لە سەرەتادا لە سەرچاوە ڕاگەیەنە چاپییە فەرمییەکانەوە بڵاو دەبنەوە. لە کاتێکدا تەلەڤزیۆنە چینییەکان دەستپێڕاگەیشتنی بەرینتریان هەیە، ڕۆژنامەکان ڕووماڵکردنی جیاوازتر و قووڵتر و کارکردن لە بازاڕی ڕاگەیەنی ڕکەبەرخوازتر مسۆگەر دەکەن. ناوەڕۆکی ڕۆژنامەکان هەروەها ئاستێکی بەرزتر لە ئازادی و باسهەڵگری دەپارێزن، لە کاتێکدا وەکو سەرچاوەی سەرەتایی پڕوپاگەندەی حکوومەت خزمەت دەکەن.

تیمێکی کۆدێر، بنەمایەکی داتاییان بۆ شتەیەک کە ئێمە دواتر ئاماژەی پێ دەکەین، خوڵقاند و ٥٨٨٣ وتاریان لە نۆ ڕۆژنامەی ڕۆژانە لە بێجین، شانگهای و گوانگ ژو شیکاری کرد. وتارەکان لە دوو لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکان و دوو لاپەڕەی یەکەمی بەشەکانی نەتەوەیی، خۆجێیی و ئابووری بڵاو بوونەتەوە، وێڕای ئەو وتارە کە پێوەندیی بە شیکارییەکەوە هەبووە. پاشکۆی ژمارەی ١، ڕۆژنامە شیکاریکراوەکانی تێدا پێرست کراوە. نموونەهەڵگرتنەکە بەمەبەستی وەدەستهێنانی ڕاپۆرتە هەواڵییە سەرەکییەکان لەنێو ئەو بەشانەی هەر ڕۆژنامەیەک داڕێژرابوو. بنەما داتاییەکە ئەو وتارانەی لەخۆ دەگرت کە سەر بە "ڕۆژنامە حزبییەکان" بە بەستراوەییەکی نزیک بە دامەزراوە خۆجێیی و ناوەندییەکانی حزبی کۆمۆنیستی چین بوون، هەروەها ڕۆژنامە نیوە بەبازرگانیکراوەکان و ڕۆژنامە بەزۆری بەبازرگانیکراوەکانی لەخۆ دەگرت. لاپەڕەیەکی هەر بابەتێک لە بێجین، شانگهای و گوانگ ژو دیاری دەکران بەمەبەستی بەراوردکردنی ئەو نموونانەی

که نوێنەرایەتیی ڕۆژنامە ڕۆژانەکانی ڕەوتی سەرەکی لە هەر شارێکدا دەکرد.

ئێمە نموونەکانی ماڵپەڕەکانمان لە ڕێگەی نووسینی (لە تایبەتمەندییە چینییە ئاسانکراوەکان) هەر کام لە ناوەکانی ڕۆژنامەکان لە مۆتۆری گەڕانی گووگڵ بۆ ماڵپەڕەکان کۆ کردەوە، ڕەوتێک کە نیشانی دا ٥٩٤٨ ماڵپەڕ بە زمانی چینی لە ساڵی ٢٠٠٦دا هەن. لەنێو ئەو ژمارە ماڵپەڕانەی دۆزرانەوە، ١٠٠٠ ماڵپەڕیان بە ڕێککەوت هەڵبژێردران. بابەتە ماڵپەڕییەکان پێوەندییان بە ڕووداوە هەنووکەییەکانەوە نەبوو، هەواڵە نەتەوەیییەکان، هەواڵە خۆجێیییەکان، سیاسەتی چین و کاروباری ئابووری لە شیکارییەکە دەرهاوێژرابوون، وەک ئەوەی گەڕانەوەیان بە هۆی نووسین لە دەرەوەی چین راپۆرتی لێ درابوو. ڕاپۆرتە گەڕاوە جەوهەرییەکان، ژمارەیەکی زۆر لێکەوتەی کۆپیکراوی لەخۆ دەگرت، کە سڕابوونەوە. بە ڕێککەوت، ٥٥٥ بابەتی ماڵپەڕی بۆ شیکارییەکە دیاری کراون، لەگەڵ ئەو ماڵپەڕانەی کە بە شێوەیەکی سەرەتایی لەگەڵ شیکارییەکەدا دێنەوە. کۆدێرەکان لە سەرەتای شیکارییەکەدا، چەندین ژمارەی ڕۆندی پلەبەندییە پێش تاقیکارییەکەیان ئەنجام دا. لە ئاکامدا، متمانەپێکراویی کۆدینگەکە لە ئاستێکی بەرزدا بوو و نیشانی دا کە داتاکان وەڕاست دەگەڕێن. ئاستی متمانەپێکراویی نێوان کۆدینگەکان بەشێوەی ژمارەیی لە پاشکۆی ژمارە ٢دا نیشان دراون.

نموونەهەڵگیراوەکەی ماڵپەڕەکان ئەو ڕادەربڕینانە لەخۆ دەگرێ کە لەو ڕاپۆرتانەدا بوون کە لەو ڕۆژنامانەدا کە ئێمە شیکاریمان کردن، بڵاو بوونەتەوە یان بەشێوەی کەمتر بەردەوام، لەو ڕادەربڕینانەدا هاتوون کە لە ڕاپۆرتدانی ئەو ڕۆژنامانەدا هەن. ئەم داتای ماڵپەڕە نابێ وەکو نوێنەری گشت ناوەڕۆکی فەزای ماڵپەڕەکان ببینرێ. بگرە زیاتر، باشترین تێگەیشتن لێی ئەوەیە کە وەکو نوێنەری نووسینەکانی ئەو ماڵپەڕگێڕانەی کە ڕادەربڕینەکانیان بۆ بڵاوکردنەوە هەڵبژاردووە، سەیر بکرێ یان وەکو سەرلەنوێ ناردنەوەی ئەو ناوەڕۆکەی کە گوتارە فەرمییەکان لەخۆ دەگرێ و لە ڕۆژنامەکانی ڕەوتی سەرەکیدا ڕاپۆرتیان لێ دراوە، ببینرێ.

## بەرەنجامەکانی شیکاریی ناوەڕۆک

بەراوردێکی ئاستەکانی ڕەخنەگربوون، پلۆرالیزم و پڕوپاگەندە لە ماڵپەڕەکان و ڕۆژنامەکان، زانیاریی بەکەڵکی لێ دەکەوێتەوە. ڕەخنەگری و پلۆرالیزم وەکو پێشبینیکەری ئازادی بۆ ناسینی پرسە سیاسییەکان لە ڕەوتی موناقشەکان یان ڕەخنەگرتن لە دامەزراوە دەسەڵاتدارەکان کار دەکات، لە کاتێکدا پڕوپاگەندەکە بۆ ناسینی ڕادەی توانایی ئەجێندای حکوومەتەکە دادەڕێژرێ. ڕەخنەگری لە ڕادەیەکی ژمارەیی بۆ ڕاپۆرتە هەواڵییەکان و بابەتە ماڵپەڕییەکان کۆد وەردەگرێ کە فۆرمە هەستیارە سیاسییەکانی ڕەخنەگری لەخۆ دەگرێ، وەک ڕەخنەگرتن لە پارتی دەسەڵاتداری ناوەندی، ڕەخنەگرتن لە بەرپرسانی خۆجێیی، ڕەخنەگرتن لە دیارە جۆرەوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەخنەگرتن لە کۆمپانیاکان. پلۆرالیزم وەکو نیشاندەری دوو گۆشەنیگای دژبەیەک بەنیسبەت

هەمان پرس دەناسرێ. وتارەکان یان بابەتە ماڵپەڕییەکان بە جۆرێک کۆدیان پێ دەدرێ وەک ئەوەی پڕوپاگەندەی هەمانن بە تەنیا یەک گۆشەنیگاوە ـ بەنیسبەت ئەو دەوڵەتە لۆکاڵی یان ناوەندییەوە. بۆ وتارێک کە وەکو پڕوپاگەندەیەک کۆدی پێ دەدرێ، کۆدێرەکە ئەوەی دیاری کردووە کە ئامانجەکەی ڕووی لە بیروڕای گشتییە.

لە ماڵپەڕەکاندا، ڕەخنەگرتن لە هەموو بوارەکاندا هەیە. پتر لە ٦١ لە سەدی ناوەڕۆکی ماڵپەڕەکان، هێندێ لە فۆرمەکانی ڕەخنەگری لەخۆ دەگرن، لە بەراوردا، ١٩ لە سەدی وتارەکانی ڕۆژنامەکان بەو شێوەن. نزیک بە ١٩ لە سەدی بابەتە ڕەخنەییە ماڵپەڕییەکان ڕوویان لە ئاستە ناوەندییەکانی دەوڵەتە، لە کاتێکدا ٤ لە سەدی ڕۆژنامەکان بەو شێوەن. هەروەها، دوو بابەتی ماڵپەڕی هەیە کە بەتەواوی ڕەخنە لە سەرۆکی پێشووی حکوومەت، مائۆ زێدانگ دەگرن. ئەمە سەرنج ڕاکێشە، ئەویش بەسەرنجدان بەوەی کە تەنانەت وتارێک لە ڕۆژنامەیەکدا نییە کە هیچ ڕەخنەیەک ڕووبەڕووی ڕێبەرانی دەوڵەتی ناوەندی بکاتەوە.

ڕەخنەگرتن لە حکوومەت بەهۆی هۆکاری "چوار"ەوە و پلۆرالیزم بە هۆی هۆکاری "حەوت"ەوە لە ماڵپەڕەکاندا لەسەرترن. پڕوپاگەندەی نەتەوەیی لە ڕۆژنامەکاندا پێنج بەرابەر زیاترە. تکایە بۆ بەدەستهێنانی وردەکاریی زیاتر، سەیری خشتەی ٢ بکەن. هیچ پڕوپاگەندەیەکی خۆجێیی (لۆکاڵی) لە بابەتی ماڵپەڕەکاندا نییە، لە حاڵێکدا لە ڕۆژنامەکاندا، یەک لەسەر پێنجی وتارە شیکارییەکان، پڕوپاگەندەی لۆکاڵی لەخۆ دەگرن.

خشتەی ٢. دووپاتبوونەوەکان (لە سەد)

| | ماڵپەڕەکان | ڕۆژنامەکان |
|---|---|---|
| پلۆرالیزم | ٣٦ | ٥ |
| ڕەخنەگری | ٦١ | ١٩ |
| پڕوپاگەندەی نەتەوەیی | ٤ | ٢١ |
| پڕوپاگەندەی خۆجێیی | ٠ | ٢١ |

Blog n is 555; newspaper n is 5,883.

بەپێی مەزندە، ماڵپەڕەکان لە بواری دەرەتانە لە بەردەستەکاندا بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئاستە بەڕێوەبەرایەتییەکاندا، ئازادیی زیاتریان بەنیسبەت ڕۆژنامەکان هەیە. بەگشتی، ئەم بەرەنجامانە هاوشێوەی ئەو شیکاریی دەقەن کە لەلایەن "جان هوا ژانگ"ەوە ئەنجام دراوە، کە پاش نموونەهەڵگری لە ٦٠٠ بابەتی ماڵپەڕەکان کە بە شێوازی گێڕانەوەیی ڕۆژانە نووسرابوون، بەو بەرەنجامە گەیشت کە ٦٩ لە سەدی ماڵپەڕەکان "هێڵی سوور"ی ڕاستکردنەوە سیاسییەکانیان بڕیوە (Zhang, 2009, p.100).

جیاوازییەکی گرینگی تر لە نێوان ناوەڕۆکی ماڵپەڕەکان و وتارەکانی ڕۆژنامەکاندا، مەیلی زیاتری ماڵپەڕەکان بۆ ڕەخنەگرتن لە کۆمپانیاکانە. بێلایەنیی ڕۆژنامەنووسە چینییەکان زۆرجار بە هۆی سازان لەگەڵ گەندەڵی کەمڕەنگ دەبێتەوە. لە کۆنفرانسە ڕۆژنامەنووسییەکاندا، ئەوە کردەوەیەکی گشتییە بۆ کۆمپانییەکان کە زەرفی نامەی سوور کە پارەی تێدایە، لە پێناو "ڕووماڵکردنی تێچووەکانی گواستنەوە" بدەن بەڕۆژنامەنووسان. هێندێ پێوەندیی گشتی تەئیدی ئەوە دەکەن کە تەنیا لە ڕێگەی کۆمپیوتەر یان مۆبایلەوە پارە دەخرێتە حسێبی بانکی ئەو ڕۆژنامەنووس و ڕاپۆرتنێرانەی کە وتاری دڵخواز دەنووسن، هەر بەو چەشنە ئەوانە لە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی ڕاپۆرتگەلێک ئامادە دەکەن کە بە شێوازی بێلایەنانە باسی کۆمپانیایەک دەکا، پارەی زیاتر بەدەست دێنن. ماڵپەڕگێڕەکان دەرەتانی کەمتریان بۆ بەدەستهێنانی وەها پارەگەلێک هەیە. بە جۆرێک لە جۆرەکان، ئەوان لە کۆنفرانسە ڕۆژنامەنووسییەکاندا بەشداری ناکەن (مەگەر ئەوەی ڕۆژنامەنووسیش بن) و بە کەمیی پێوەندیی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ ئەو کۆمپانیاگەلە هەیە کە ڕەخنەیان لێ دەگرن. پتر لە ١٠ لە سەدی بابەتی ماڵپەڕەکان، ڕەخنەگرتن لە کۆمپانیاکان لەخۆ دەگرن، لە کاتێکدا تەنیا کەمتر لە ٢ لە سەدی وتاری ڕۆژنامەکان ئەو کارە دەکەن. ماڵپەڕگێڕەکان، زیاتر لە ڕۆژنامەنووسان وەکو کەسانێک دەردەکەون کە بەدواداچوونی نەخۆشییە گشتییەکانی وڵات بە هۆی کاڵا خراپەکان، کردەوە بازرگانییە مەترسیهێنەرەکان و بەڕێوەبەریی کۆمپانیاکان لە باری پیسبوونی نایاسایی ژینگەوە دەکەن.

## ڕەخنەگرتن لە حکوومەت

کاتێک گەڕانەوەی لۆجیستیک لە بنەما داتاییەکانی ماڵپەڕەکەدا وەگەڕ دەکەوێ و هەر لەو کاتەدا ڕەخنەگری وەکو جیاوازییەکی بەستراوە بە جۆرەوجۆری سەرلەنوێ کۆدی پێ دەدرێ، لێکەوتەکانی دواتری بێ ئەملا و ئەولایە. ڕادەربڕینە ماڵپەڕییەکان لەسەر کاروباری نەتەوەیی، ١٠ لە سەد زیاتر لەو ماڵپەڕانەن کە گرینگی بە پرسە خۆجێیییەکان دەدەن. ئەم بەرەنجامە ئەوەمان پێ دەڵێ کە ماڵپەڕگێڕەکان لەوانەیە لەو شارۆمەندانە جیاواز بن کە مەیلیان بە لای سەرکۆنەکردنی دەوڵەتی خۆجێیی لەمەڕ کێشەکانیان هەیە (Fewsmith, 2008; OBrien & Li, 2006). سەرنج ڕاکێش ئەوەیە کە ئەو بابەتە ماڵپەڕییانەی کە کەڵک لە سەرچاوەی نادیار یان نەناسراوی زانیاری وەردەگرن، لە بەراورد لەگەڵ ئەو بابەتانە کە لەسەر بنەمای سەرچاوە فەرمییە دەوڵەتییەکان داڕێژراون، کەمتر وێ دەچێ ڕەخنەگرانە بن. ئەمە بەو مانایە کە ماڵپەڕەکان بۆ هێرشکردنە سەر سیاسەتی حکوومەت یان ڕێنوێنیکردنی بەرپرسێک کە پێیان وایە نەگونجاوە، لە سەرچاوە دەوڵەتییەکان کەڵک وەردەگرن. وەها کردەوەیەک یان لەوانەیە وەها تاکتیکێک بۆ بەرگریکردن لە ماڵپەڕگێڕێک لە بەرامبەر داخستنی لە ناکاوی ماڵپەڕەکەی لەسەر بنەمای ئەو گومانانە بێ کە ماڵپەڕگێڕەکە بۆ لاوازکردنی پایەکانی دەسەڵاتی حکوومەت تێ دەکۆشێ. ئەو ناوەڕۆکە

مـاڵپـەڕییـانەی کـە نوێ نـین ـ زۆرجـار ئەو رادەربڕینـانەی لەلایەن بـەرپرسـانەوە کـە لە مـاڵپـەڕدا دادەنرێ ـ ٢٢ لـە سـەد لەو ناوەڕۆکـانەی لـە سـەرەتاوە لەلایەن مـاڵپـەڕگـێـڕەکـە دەنووسـرێ، ڕەخنەگرانەترن، دۆزراوەیەک کە پێمان دەڵێ بابەتە ڕەخنەگرەکان بەچڕی پشتیان بە قسەکانی دەوڵەت بەستووە. ماڵپەڕگێڕەکان بەم هۆیەوە، پارێز ناکەن: چونکە ئەوان لە هەمان دەربڕینەکانی خـودی حکوومـەت بۆ ڕەخنەگـرتن لە وەها ئاریشـەگـەلێک وەک گـەندەڵی یان بەڕێوەبەریی لاوازی سیاسەتەکانی حکوومەت، کەڵک وەردەگرن. بەگشتی، بەراوردێکی ماڵپەڕەکان و ڕۆژنامەکان ئەو مەزندە تەئید دەکات کە بەراوردی ناوەڕۆکی ڕاگەیەنە سەرەکییەکان دەکات، واتە ماڵپەڕەکان زۆر زیاتر وێ دەچێ گـۆشـەنیگای بەرهەڵسـتکارانە و ڕەخنەگرتن لە حکوومـەت لەخـۆ بگرن. زیاتر لەمـەش، دەسـتڕاگەیشتن بە پڕوپاگەندە، لە کاتێکدا لە ڕۆژنامـەکـاندا بەرچاوە، لە ماڵپـەڕەکاندا لاوازترە.

## لایەنگری لە ئازادیی دەربڕین و چاکسازیی سیاسی

تەکنۆلۆجیا دیجیتاڵییەکان لە ڕێگەی دابینکردنی ئامرازەکانی دەربڕینی بۆچوونە سیاسییەکان و ڕەخنەگرتن لـە حکوومـەت، هێـز بە شـارۆمـەندان دەبەخـشن. فـەزاکـانی ئانلاینی چینی بوونەتە چوارچێوەیەک بۆ لایەنگری لە چاکسازیی سیاسی، دیاردەیەک کە لە کاتی دامـەزرانی کۆمـاری خەڵکی لە ١٩٤٩وە، بە دەگمەن لە ڕاگەیەنە فەرمییەکاندا بینراوە. بۆ تاقیکردنەوەی بەرینایی ئەو گوتارە چاکسازیخوازییانەی لە ماڵپەڕە ئینتەرنێتییە چینییەکاندا سەریانهەڵداوە، ئێمە لە مۆتۆڕی گـەڕانـی گـووگـڵـدا (Google) بۆ شـوێنگرتنی ژمـارەی دووپاتبـوونەوەی وشـە سـەرەکـیـیـەکـان لەو ماڵپەڕانەدا کە باسی لایەنگری لە چاکسازیی سیاسی دەکەن، کەڵکمان وەرگرت. لە تاقیکردنەوەی سەرەتاییمـاندا، ئێمە وامان مەزندە کرد کە ئەو ناوەڕۆکە ماڵپەڕییانەی کە باسی ئەو تێگەیشتنانە دەکەن کە پێوەندییان بە ئازادیی سیاسییەوە هەیە، وێدەچێ بە تێپەڕینی کات زیاتر بووبن. ئەو چەمکانەی بەدوایاندا گـــەڕاین، بریتی بوون لە "ئازادیی دەربڕین" [yanlunziyou »>&[٪ر ]، "مـافـەکـان" [quanli ' Q] و "ئینتـێـرنێت" [hulianwang »]ت I or wangluo اک. ئێـمـە وامـان دانا کـە دووپاتبـوونەوەی ئەو مـاڵپـەڕانەی کە چەمکە ئاماژەپێکراوەکانیـان لە بابەتە مـاڵپـەڕییـەکانیـاندا داناوە، نیشـاندەری پشتیوانییان بۆ بەرینبوونەوەی ئازادیی دەربڕین لە ئینتـەرنێتە. بۆ دڵنیایی لە متمانەپێکراویی تاقیکارییەکە، دۆزراوە سەرەکییەکان بۆ دڵنیایی لەوەی کە بابەتە ماڵپەڕییـەکان لایەنگر و نەک دژایەتیکەری ئازادیی سـیـاسـین، خـوێندرانەوە. خـشـتـەی ٣، نـیـشـان دەدا کـە مـەزندەکـەمـان لە ڕەوتی ئەم تاقیکارییـە ئەزمـوونیـیـەدا تەئیـد کـراوە. پێ بەپێی بەرینبـوونەوەی جیـهـانیی مـاڵپـەڕە چینییـەکان، ژمـارەی ئەو بەکـارهێنەرە چینیـیـانەی ئینتـەرنێت کە خـوازیاری ئازادیی زیاتری ڕادەربڕین، بـە روونی بەتێپەڕینی کات زیاتر دەبن. ئەم ڕەوتە کاتێکیش کە ئێمـە کـۆنتـرۆڵی زیادبوونی ژمـارەی بەکـارهێنـەرانی ئینتـەرنێـتـمـان لە هەمـان خـولی زەمـەنیـدا کـرد، هـەمانبوو.

خشتەی ٣. ئەو بابەتە ماڵپەڕییانەی باسی "ئازادیی ڕادەربڕین"، "مافەکان" و "ئینتێرنێت"یان کردووە

| ساڵ | بابەتە ماڵپەڕییەکان |
|---|---|
| ٢٠٠٤ | ١٥ |
| ٢٠٠٥ | ٥٤ |
| ٢٠٠٦ | ٢٢٩ |
| ٢٠٠٧ | ٩٢٠ |
| ٢٠٠٨ | ٢,٧٤٠ |
| ٢٠٠٩ | ٥,١١٠ |
| ٢٠١٠ | ١٤,٢٠٠ |

لە تاقیکاریی دووەمدا، ئێمە چەمکەکانی "دێموکراسی" [mé/ñ minzhu] و "چاکسازیی سیاسی"مان [zhengzhi gaige ê|â!é–tizhi gaige ë|â'êچäv or ävj] وێڕای بەرتەسککراوە هەڵگەڕاوەکانیان بەمەبەستی ئاسانکاری بۆ بکەرە چینییەکان لەنێو جەعبەی گەڕاندا لێ دا. چەمکەکان زۆر بەوردی هەڵبژێردرابوون بۆئەو وشەگەلەی کە دەربڕی ئەو ئایدیایە بوون کە لەگەڵ خولقاندنی دیموکراسی لیبراڵدا دەهاتنەوە، بەبێ ئەوەی موناقشەخولقێن بن کە ئەمەش دەکرا بابەتەکە بگۆڕێ. "Minzhu" وشەیەکە کە لە دەقی چینیدا دوو مانای هەیە، لەلایەک دەتوانێ دەربڕی دیموکراسیی ڕاستەقینە لە وڵاتگەلێک وەک وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بکات و لەلایەکی ترەوە دەتوانێ دەربڕی حکوومەتی حزبی کۆمۆنیستی چین بە سیستمی تاک حزبی بێ (Nathan, 2008). ئەو چەمکەی ئێمە بۆ گەیاندنی مانای چاکسازیی ئەنجوومەنە سیاسییەکان هەڵمان بژارد، "tizhigaige" بوو کە واتای گۆڕان بۆ خۆگونجاندنیشی هەیە، بەڵام لە دەربڕینی گشتیدا، وەکو پێویست مانای چاکسازیی دیموکراتیکی نییە. "tizhigaige" چەمکێکە کە زۆرجار لەلایەن حزبی دەسەڵاتدارەوە بۆ باسکردنی هەوڵەکانی سەر بە حکوومەت لە پێناو چاکسازیی ڕێکخراوەییدا بەکار دەبرێ، بەڵام ئەوە بۆ ئاماژە بەو چاکسازییە سیاسییەیش کە لە پێناو دەسەڵاتبەخشین بە شارۆمەندان لە ڕێگەی حکوومەتەوە دەکرێن، بەکار دەبرێ. کاتێک چەمکەکە بۆ "دیموکراسی" و لانی کەم چەمکێک بۆ "چاکسازیی سیاسی" پێکەوە لە بابەتێکی ماڵپەڕیدا دەردەکەون، ڕەنگدەرەوەی ئەو هەستەیە کە پشتیوانی لە دیموکراتیزاسیۆنی چین دەکات، لە حاڵێکدا ئەوەندەی پێویستە بێ مەترسی دەمێنێتەوە، ئەویش بۆ خۆبواردن لە فیلتێربوونی ئۆتۆماتیک یان خۆبواردن لە هۆشداریدانی سانسۆریی ئینتەرنێت. خشتەی ٤ ئەم ئاکامانە نیشان دەدا.

کاتێک ئێمە ئەو بابەتە ماڵپەڕییانەمان لە گەڕاندنەوە وەدووکەوتووەکاندا تاوتوێ کرد، ڕوونە کە

بابەتە ماڵپەڕییەکان پشتیوانی لە دیموکراسی لیبراڵ دەکەن. هەر چۆنێک بێ، ئەوە لواوە کە حکوومەت یان دابینکەرانی خزمەتگوزارییەکانی ماڵپەڕ لەوانەیە هێندێ لە بابەتە پێشترەکانیان لەم بوارەدا سڕیبێتەوە، بەم پێیە ئاکامگیری لەم مەیلە بەخێرایی گەشەسەندووە، پێشبینیی ژمارەی ئەو ماڵپەڕگێڕانە دەکات کە باسی ئەو شتەیان کردووە کە شرۆڤەکارە ڕۆژئاواییەکان وای دەناسن کە بوونی دیموکراسی یان دیموکراتیزاسیۆن لە ماوەیەکی دەورەیەکی شەش ساڵەدا ٨٢٦ بەرابەر بووە. تاقیکارییە ئەزموونییەکانی سەرەوە نیشانی دەدەن کە ماڵپەڕەکان زۆر زیاتر لە ڕۆژنامەکانی ڕەوتی سەرەکی وەکو سەرچاوەیەکی ئازادتری زانیاریی سیاسین. زیاتر لەمەیش، ژمارەی ئەو ماڵپەڕگێڕانەی کە لایەنگری لە ئازادیی زیاتری زانیاری و چاکسازیی سیاسی دەکەن، لە زیادبووندان.

خشتەی ٤ـ "دیموکراسی" و "چاکسازیی سیاسی"

| ساڵ | بابەتە ماڵپەڕییەکان |
|---|---|
| ٢٠٠٤ | ٢٣ |
| ٢٠٠٥ | ١٠٧ |
| ٢٠٠٦ | ٢١٣ |
| ٢٠٠٧ | ١،١٣٠ |
| ٢٠٠٨ | ٢،٣٩٠ |
| ٢٠٠٩ | ٣،٦٤٠ |
| ٢٠١٠ | ١٩،٠٠٠ |

## باس

"هوو یانگ"، زانستڤانی سیاسی، دەربڕینی بیر و بۆچوونی تاکەکەسی لە فەزای ئینتەرنێتیی چیندا بە "زایەڵەی گوێکەڕکەر" [xuanhua] شوبهاندووە. خەڵک لە بوارگەلێکی جۆرەوجۆر لە نیگەرانییەکان لەوانە بێتاقەتی، تاکەکەسی و سیاسی لە چات ڕوومەکان، ماڵپەڕەکان و شوێنەکانی بیر و بۆچووندانان لە پۆرتاڵەکانی ماڵپەڕدا دەنگ هەڵدەبڕن (Hu, 2009). لە وەها ژینگەیەکی پڕ جموجۆڵدا، لایەنگری سیاسی هەستێکی ڕوو لە زیادبوونی دەربڕینی ئانلاین نیشان دەدا. لە دەقێکی سیاسیدا کە ڕێبەرانی حزبی کۆمۆنیستی چین پشتیوانیی خۆیان بۆ ئازادیی ڕاستەقینەی ڕادەربڕین یان لیبراڵیزاسیۆنی سیاسی زیاتر نیشان نادەن، تاقیکارییە ئەزموونییەکەی ئێمە بەڵگەگەلی نیشاندەری گۆڕانکاریی دراماتیک لە سیاسەتی چین دەخاتە ڕوو کە بە تەکنۆلۆجیا پێوەندیکارییە نوێکانەوە پێوەندییان هەیە.

تیۆری ڕێژیمی زانیاری پێشبینیی ئەوە دەکات کە گۆڕانکارییەکان لە ئامرازەکانی پێوەندییە سیاسییەکان کاریگەریگەلێکی شایانی سەرنجیان لەسەر دەرەتانە سیاسییەکان و چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی حکوومەت و بکەرە کۆمەڵایەتییەکان هەیە. ئامرازەکانی پێوەندییە سیاسییەکان دەبنە هۆی ڕێکخراوگەلێکی نوێ بۆ دەرکەوتن و خۆگونجاندن و لە ئاکامدا دەرەتانگەلێکی نوێ و ناچاربوون بە وەجموجۆڵکەوتنی سیاسی. لە ڕێژیمەکانی I و IIی زانیاریی چیندا، گەشەی ئەنجوومەنە سیاسییەکان - پتر لە پەرەگرتنی تەکنۆلۆجیایی - بە شێوەیەکی بەرین لە بەرامبەر وەرچەرخانی پێوەندییە سیاسییەکان بە هۆی زیادبوونی تێچووەکانی بەدەستهێنانی زانیاریی هەستیاری سیاسی و بەم پێیە کەمبوونەوەی دەرەتانی خۆڕاگری سیاسی وەڵامدەرتر بوو. لە بەراورددا، تەکنۆلۆجیای ڕاگەیەنی نوێ لە ڕێژیمی سێیەمی زانیاریی چیندا پێوەندییەکانی لیبراڵیزە کردووە و تێچووی بەدەستهێنان و ئاڵوێرکردنی زۆرێک لە جۆرەکانی زانیاریی سیاسی کەم کردووەتەوە، کە ئەمەش هەوڵە سەرلەنوێ و بەپەلەکانی حکوومەتی بۆ بەردەوامیدان بە کۆنترۆڵی ڕادەربرینی سیاسی بەدواوە بووە.

ئەو حزب و دامەزراوانەی لە ئارادا بوون، بۆ نموونە بەشی پڕوپاگەندەی ناوەندیی حزبی کۆمۆنیستی چین و بەڕێوەبەرایەتیی زانیاریی شوورای حکوومەتی بەمەبەستی بەهێزکردنی کۆنترۆڵی حکوومەت لەسەر ئینتەرنێت، پەرەیان بە پێکهاتەی دامەزراوەییان دا. یاساکان پێداچوونەوەیان بەسەردا کرا و یاسای نوێ بۆ بەرتەسککردنەوەی توندی ڕادەربڕینی سیاسی لە ئینتەرنێتدا نووسران. ئەنجوومەنگەلێکی نوێ بۆ کۆنترۆڵی زانیاری وەک وەزارەتی پیشەسازیی زانیاری پێک هێنران. هەزاران دامەزراوەی حزبی بۆ ئاراستەبەخشین بە ڕادەربڕینەکان لەنێو بابەتە ئینتەرنێتییەکان بە ناوی خوازراوەوە دامەزرێنران. پێ بەپێی ئەوەی ئەنجوومەنە نوێکان بۆ کۆنترۆڵی زانیاریی سیاسی پەرەیان سەند، شارۆمەندانی ئینتەرنێتی چین بەمەبەستی دەورلێدانەوەی سانسۆر و خۆبواردن لە کەوتنە گوشارەوە، بارودۆخگەلێکی نوێیان بەهۆی دەربڕینی بۆچوونەکانیان لە ڕێگەی زمانی کۆددار، مانای نوێ بەخشین بە وشەکان و زمانی گاڵتەجاڕانەوە خولقاند.

بەپێی فەرهەنگی وشەی مانوێل کاستێل، "کۆمەڵگەیەکی ئینتەرنێتی" جۆرێک گرووپە لە چین کە بە بەرینایی سەرانسەری وڵات و لەوپەڕ سنوورەکانەوە لە ڕێگەی پێوەندییە گرێدراوە دیجیتاڵییەکانەوە درێژ بووەتەوە (Castells, 2009). "خودپێوەندیکاریی گشتی" لە ڕێگەی ماڵپەڕەکان و ڕاگەیەنەکانی ترەوە بوار بۆ ئازادیی ڕادەربڕین و هەڤپشکی سیاسی دەڕەخسێنێ، تەنانەت لە ڕێژیمێکی سەرەڕۆدا ((Castells, 2010. لە ڕابردوودا، بەهۆی باری جیۆگرافیی چین و حەشیمەتی زۆرەوە چالاکەکان بە دژواری دەیانتوانی لەگەڵ چالاکانی شوێنەکانی تر پێوەندییان هەبێ، کە لەوانە بوو نیگەرانیگەلی هاوبەش و داخوازیی هاوبەشیان بۆ پشتیوانیی بزووتنەوەیەکی جەماوەری هەبایە. چالاکەکان لە ڕێگەی ماڵپەڕەکان، کلیپ ڤیدیۆ ئانلاینەکان، ئیمەیل و

کورتەنامەکانەوە دەتوانن کەڵک لە پێوەندییە دووسەرەکان بۆ کۆکردنەوەی پشتیوانیی بەرین لە پێناو ئامانجەکانیان وەربگرن. خوێنەرێکی بابەتێکی ماڵپەڕی چالاکێک لەوانەیە هاودەردیی خۆی بنووسێ یان ئەگەر خوێنەرەکە بۆ خۆی ماڵپەڕگێڕ بێت، لەوانەیە لینکێک لە ماڵپەڕەکەیدا بۆ ئەو بابەتە بکاتەوە تا خوێنەرانی تریش بیبینن. دەنگی چالاکە تاکەکەسەکان بەم هۆیەوە سوودمەندە و بیروڕای گشتیش، لە بوارێکدا، کۆ دەبنەوە، لە کاتێکدا بابەتێکی ئینتەرنێتی یان وێنەیەک لە نێوان شارۆمەندانی ئینتەرنێتیدا ڤایرۆس بڵاو دەکاتەوە. ئەم ڕەوتە بووەتە هۆی دروستبوونی ڕووداوێکی ئینتەرنێتی مەزن.

لە حاڵێکدا دینامیکەکانی پێوەندییە دیجیتاڵییەکان ڕوونتر دەبنەوە، کاریگەرییە سیاسییەکەی بە شێوەیەکی خەیاڵی ماوەتەوە. ئاخۆ لە کاتێکدا پاڵەپەستۆ لەسەر ڕێژیم لەلایەن جیابیرانەوە زیاتر دەبێ، ڕێژیم گوێی پێ دەدا؟ ئاخۆ ماڵپەڕگێڕەکان شارۆمەندانێکی تووڕەی لە پەڕاوێزدان؟ ئاخۆ دەسەڵاتی دیکتاتۆری لە ڕێگەی ئیزندان بە خەڵک بۆ دەربڕینی تووڕەییان سەقامگرتووتر دەبێ، وەک ئەوەی بوو؟ کاتێک ئەم پرسیارانە دەخرێنە ڕوو، عاقڵانەیە کە سەرنجێک بە تێبینیی کارناسانێک وەک بێنگچوون مێنگ (٢٠١٠) بدرێ، کە پێی وایە کە ئاوێتەبوونی بەهێزکردنی دیجیتاڵ لەگەڵ دیموکراتیزاسیۆن، توانایی بەرتەسکی هەڵسەنگێنەران بۆ هەڵسەنگاندنی ژینگەی پێچەڵاوپێچ و گەشەکردووی زانیاریی چین دەخاتە مەترسییەوە. ئەو ماڵپەڕگێڕانەی لەبارەی دیموکراسییەوە دەنووسن، بۆ دیموکراسی خراپ نین، لە حاڵێکدا بە دڵنیاییەوە ئەوەی یەکەمیان بۆ ئەوەی دووەمیان پێویستە. ئازادیی پێوەندییە سیاسییەکان تەنیا بەشێکی گرینگی گۆڕانکاری لە حکوومەتی سەرەڕۆییدایە.

بەم پێیە، ئاکامگیرییەکی نەئەوەندە بێ ئەملا و ئەولا لەبارەی کاریگەریی تەکنۆلۆجیای زانیاری و پێوەندییەکان لەسەر گۆڕانکاریی سیاسی و بنەڕەتی لواوە. ئەدەبیاتی ئەجێنداتەوەر ئەو پێشنیازە دەخاتە ڕوو کە دووپاتبوونەوە لەگەڵ ئەوەی کە جۆرە بێ ئەم لاو ئەولای دەقەکان لە ڕاگەیەنە گشتییەکان دەردەکەون، یارمەتیی دیاریکردنی ئاریشەکان دەکەن کە بینینە گشتییەکان چەندە گرینگن و کێشە بێ ئەملا و ئەولاکان چۆن وەردەگیرێن (Iyengar & Kinder, 1987, Iyengar, 1991). لە کاتێکدا دەرسەدێکی زۆر لە ناوەڕۆکی ڕۆژنامەکان وەکو پڕوپاگەندە بەکار هێنراون، لە فەزای ماڵپەڕدا پڕوپاگەندەی کەمتر هەیە. وەک شیکارییە تاقیکارییەکەمان پێشبینی دەکات، شێوە دیجیتاڵییەکانی پێوەندییەکان، توانایی حکوومەتی چین بۆ سەپاندنی دەقە ڕاگەیەنییەکان کەم دەکات و کاریگەرییە ئەجێنداتەوەرەکان لەسەر خوێنەرانی ڕۆژنامە وێ دەچێ لە نێوان خوێنەرە تینووەکانی ماڵپەڕدا کاڵتر دەبێ کە زانیاریی سیاسی لە ماڵپەڕەکەدا خۆی لە خۆیدا زەق دەبێتەوە و ڕاگەیەنە گشتییە بە توندی کۆنترۆڵکراوەکان بێدەنگ دەکات. لە حاڵێکدا ڕاگەیەنە گشتییەکان بەهێز ماونەتەوە، سەردەمێکی نوێی کاریگەرییەکانی ڕاگەیەنە بەرتەسکەکان لەوانەیە لە چیندا سەریهەڵدابێ، ئەویش بە زۆرێک لە هەمان هۆگەلێک کە کارناسەکان دەڵێن

کاریگەرییەکانی ڕاگەیەنەکان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا کاڵتر بوون (Bennett & Iyengar, 2008).

تایبەتمەندییەکی بەردەوامی هێزی پێوەندیکاریی حکوومەتی چین، توانایییەکەی بۆ کاریگەریدانان لەسەر سەرچاوە سیاسییەکان بە هۆی پڕوپاگەندە و کەڵکوەرگرتنی لە دەربڕینی سیاسیی لێوانلێو لە بەهاکان بە ناوی "تیفا" (tifa) بووە. لە فەزای مەجازیدا، حکوومەت کۆنتڕۆڵی کەمتری لەسەر "تیفا" هەیە، هەروەک "کۆمەڵگەی هارمۆنیک" [hexie shehui] کە واتای بزووتنەوەی سەرانسەری وڵات لە بەرامبەر نایەکسانیی کۆمەڵایەتی ـ ئابووری دەگەیەنێ. شارۆمەندانی ئینتەرنێت گاڵتە دەکەن و دەڵێن سانسۆر مانای "هارمۆنیکبوون"ی [bei hexie] هەیە و ئامادەبوونی ئانلاینی حکوومەت وەکو "قرژاڵی رووبار" [hexie] دەشوبهێنن، وشەیەکی گۆڕاوی چینیی ماندارین بۆ "هارمۆنی". بە تێپەڕینی کات، ئەمە دەتوانێ توانایی حکوومەت بۆ شکڵپێدان بەسەرچاوە سیاسییەکان بە شێوەیەک کە ئیمتیازەکانی حزبی کۆمۆنیستی چین بپارێزێ، بەرتەسک بکاتەوە. چ شتەیەک لەوانەیە دەربکەوێ بەهۆی بوونی "سەرکەوتنە" بچووکەکانی شارۆمەندانی ئینتەرنێتییەوە لە ڕێگەی گۆڕینی گاڵتەجاڕانەی دروشمەکانی حکوومەت کە لەوانەیە شارۆمەندانی ئینتەرنێتی بۆ بە چالێشکێشانی دادپەروەریی سیاسی ئاوێتە لەگەڵ کەڵکی نابەجێ لە دەسەڵاتی حکوومەت زەقتر بن. "خودپێوەندیکاریی گشتی" لەلایەن شارۆمەندانەوە لەوانەیە بە تێپەڕینی زەمەن، یارمەتی بە تەختکردنی زەویی یاری لە نێوان حکوومەت و بکەرە کۆمەڵایەتییەکان بدات، بۆ نموونە ئەوەی دواییان لە بەرینبوونەوەی دەرەتانە پۆست بۆروکراتیکەکان لە پێناو ئاریشە دنەدراوە سەربەخۆکان بۆ ئەجێندای گشتی پێش بکەوێ.

وەها بانگەشەگەلێک پێویستیان بەهەڵسەنگاندنەوە هەیە. زۆریی ڕادەی ئابووریی گەشەسەندوو لەنێو جەماوەری خەڵکدا و باشتربوونی پێوەرەکانی ژیان بۆ خەڵکانێکی زۆر لە چین نیشانی دەدا کە حزبی کۆمۆنیستی چین لەوانەیە بەم هۆیانەوە ترسی کەم بێت. کارخوڵقێنەکان بەشێوەیەکی بەرین پشتیوانیی ئەنجوومەنی حکوومەتییەکانن (Chen & Dickson, 2010, p.181). ڕاپرسییەکانی بیروڕای گشتی، بەگشتی گەشبینییەکی بەرین لەبارەی سلامەتیی ئابووریی چین و جەختکردنەوە لەسەر بەڕێوەبەریی حکوومەت نیشان دەدەن (Pew, 2008). زۆربەی خەڵک، نایەکسانی لە داهاتدا وەکو کێشەیەکی جیدی نابینن، ئەمە سەرەڕای ئەو بەڵگە مەزنانەی کە نیشاندەری پێچەوانەی ئەوەن (Whyte, 2010).

ئەدی لەبارەی بۆچوونەکانی زۆربەی یاریکەرانی بەشی تەکنۆلۆجیای زانیاریی وڵاتەوە چی؟ "کینگ دووگان" (٢٠٠٧) بەو ئاکامە گەیشتووە کە بژاردەکانی تەکنۆلۆجیای زانیاری کە ماڵپەڕە مەزنەکان بەڕێوە دەبەن، تا ڕادەیەکی زۆر لەو قسە گرینگە سوود دەبەن کە: "تەنانەت لە کاتێکدا هێندێ لە ڕێبەرانی تەکنۆلۆجیای زانیاری لەگەڵ حکوومەت بۆ ئازادیی زیاتر کەوتوونەتە وتووێژەوە، ئەمە ئەو راستییە کە هێشتا حکوومەت کۆنترۆڵی ئینتەرنێتی لەدەستدایە و بژاردەکانی

تەکنۆلۆجیای زانیاری بە هۆی دەستئاوەڵەییەکانییەوە دەبەستێتەوە، لەنێو نابات" (p.180).
"گووبین یانگ" (٢٠٠٩) پێی وایە کە بەم حاڵەش ڕادەی زۆریی ترافیک ـ ئاوێتە لەگەڵ چالاکیی ئینتەرنێتی ـ بەڕێوەبەرانی ماڵپەڕەکان هان دەدا تا لە چالاکییە موناقشەخولقێنەکاندا تێوە بگلێن. ئەو لەو بڕوایەدایە کە فۆرمە ئاسانکارییەکانی ناڕەزایەتی دەربڕینی ئینتەرنێتی کە مافەکانی شارۆمەندان دەپارێزێ و گەندەڵیی دەوڵەتی لە قاو دەدا، بە جۆرێک کار دەکات کە دەسەڵاتدارانی چین دەیانەوێ ئینتەرنێت بەڕێوە ببەن. مۆتەکەی ڕێبەرانی حزبی کۆمۆنیستی چین ئەوەیە کە چالاکانی ئانلاین لەسەر هێڵی ئینتەرنێت نەمێنن و پێش لەوەی بکرێ "دەنگ و هەرای" ئینێرتێتی بێدەنگ بکرێ، لە کۆنترۆڵ بچنە دەرەوە.

هەر چۆنێک بێ، توانایی حکوومەت بۆ بینینی دەقی تەکنۆلۆجیای زانیاری و پێوەندییەکان ئەو هەلەی بۆ دەڕەخسێنێ کە بە خێرایی شوناسی ڕکەبەرە سیاسییەکان بناسێنێ و کەڵک لە گوشارهێنان وەربگرێ و تەنانەت پاوانکردنی زانیاریی سیاسی دەتوانێ تێچووی زۆر هەڵگرێ کاتێک بەهۆی جیابیران، دامەزراوە نێونەتەوەییەکان و تەنانەت کۆمپانیاکانەوە لە قاو دەدرێ. بەپێی بڕیاری "گووگڵ" بۆ سەرلەنوێ دانانی مۆتۆڕی گەڕان لە دەرەوەی شایەتیدانەکانی چین، خەبات لە پێناو ئازادیی ئینتەرنێت درێژەی هەیە. کەڵکەڵەی حکوومەتی لێنینیست لەگەڵ کۆنترۆڵی زانیاری هەم لۆجیکی گوشارهێنان بۆ جیابیری لە پشتە و هەم دەبێتە هۆی بەخۆدانی دیجیتاڵ کە دەکرێ پێی بوترێ "هێزی بەرەوڕووبوونەوە"ی چینی (Castells, 2007). گۆڕانی ڕێژیمی زانیاریی دیجیتاڵی چین بووەتە هۆی سەرهەڵدانی پێکهاتەی سیاسیی نوێ و هەر بەو شێوەیش دەبێتە هۆی پێکهێنانی دەرەتانگەلێک بۆ شارۆمەندان و پێوەندیکاریی سیاسی لە پێناو بەچالێشکێشانی حکوومەتدا. لە حاڵێکدا هێندێ لەوانەیە پێیان وابێ کە دەربڕینی ئانلاین "قسەکردنی هەرزان"ە، گەرمترین دەربڕینەکان لە فەزای سایبێردا (مەجازی) ئەوانە نین کە پشتیوانی لە حکوومەت دەکەن، بگرە ئەوانەن کە ڕەخنەی گاڵتەجاڕانە لە حکوومەت دەگرن.

پاشکۆی ١: نوێندراوی شیکاریی ڕۆژنامەکان لە ٢٠٠٣دا

| ئاستی بەڕێوەبەری | جۆری ڕۆژنامە | شار | ناوی ڕۆژنامە |
|---|---|---|---|
| ناوەندی | ئۆرگانی حزب | بێجین | ڕۆژنامەی خەڵک (Renmin ribao) |
| پارێزگایی | بازرگانیی میانڕۆ | بێجین | هەواڵەکانی بەیانیی بێجین (Beijing chenbao) |
| پارێزگایی | زۆر بازرگانی، ئۆرگانی حزب | بێجین | ڕۆژنامەی لاوانی بێجین (Beijing Qingnianbao) |

| | | | |
|---|---|---|---|
| پارێزگایی | ئۆرگانی حزب | شانگهای | ڕۆژنامەی لیبراسیۆن (Jiefang ribao) |
| پارێزگایی | کەم بازرگانی | شانگهای | پۆستی بەیانیی ڕۆژهەڵات (Dongfang zaobao) |
| پارێزگایی | زۆر بازرگانی | شانگهای | هەواڵەکانی بەیانیی شانگهای (Xinwen chenbao) |
| پارێزگایی | ئۆرگانی حزب | گوانگ ژو | ڕۆژنامەی باشوور (Nanfang ribao) |
| پارێزگایی | زۆر بازرگانی | گوانگ ژو | ڕۆژنامەی شارە مەزنە باشوورییەکان (Nanfang dushibao) |
| شاری | زۆر بازرگانی، ئۆرگانی حزب | گوانگ ژو | ڕۆژنامەی گوانگ ژو (Guangzhou ribao) |

پاشکۆی ٢: ڕادەی متمانەپێکراوی ئینتێرکۆدێر

چەندین وەرزی فێربوون و دەستەیەک تاقیکاریی پێشوەخت یارمەتی بەڕاستکردنەوەی ئەو هەڵانە دەکەن کە دەتوانن ئاکامی ئەو کۆدێرە جیاوازانە بن کە لە بەها ژمارەییە جیاوازەکان بۆ هەمان جۆری دەق بەدەست دێن. دوو کۆدێر داتا ماڵپەرییەکانیان شیکاری کردووە. ڕادەی متمانەپێکراوی ئینتێرکۆدێر لە ڕێگەی نموونەگیریی بەرێککەوتی ماڵپەڕەکان بۆ کۆپیکردن بەهۆی کۆدێری دووەمەوە بوو. ئەنجامی نێوەنجی لەوپەڕ بگۆڕەکانەوە وەرگیراوە و ڕادەی متمانەپێکراویی ئینتێرکۆدێر بۆ شیکاریی ماڵپەڕەکە ٩٦,٧٪ بوو - زۆر زیاتر لە ڕادەی ئاسایی ٨٥٪ کە وەکو پێوەری هەڵسەنگاندنی ڕادەی پێک گونجاوی ئامار کەڵکی لێ وەرگیراوە (Riffe, Lacy, & Fico, ١٩٩٨). بۆ داتای ڕۆژنامەی ٢٠٠٣، چوار کۆدێر لە توێژینەوەکەدا بەشدار بوون. ئاستەکانی متمانەپێکراوی ئینتێرکۆدێر بەشێوەی نێونجی لەوپەڕ بگۆڕە سەرەکییەکانەوە، ٩٦,٨٪ بوو.

پاشکۆی ٣: ڕەخنەگری لە ماڵپەڕەکاندا: ئاکامە گەڕاوە لۆجێستیکەکان

| بگۆڕ | Coefficient (mfx) | S.E. |
|---|---|---|
| کاروباری خۆجێیی | -,٠٩٥٠٩٦١*** | (٠,٠٣٦٢٧) |
| کاروباری ئابووری | -,١٣٦١٧١٦*** | (٠,٠٤٦٩٦) |
| سەرچاوە لە ڕاگەیەنە فەرمییەکان | -,٠٦٩١٠٩٥ | (٠,٠٥٧٠٨) |
| سەرچاوە لە ماڵپەڕەکان | -,٠٧٦٨٥٤٣ | (٠,٠٥٥٢٥) |
| سەرچاوەی دەرەکی | -,١٠٦١٩١٤* | (,٠٦٠٣٩ ٠) |

| | | |
|---|---|---|
| سەرچاوەی نەناسراو | -,١٨١٧٢٩٣ | (٠,٠٥٢٨٥) |
| ناڕوونیی سەرچاوە | -,١٤٠٧٦٣٤ | (٠,٠٤٨٣٩) |
| سەر بە ماڵپەڕ | -,٠٨٩٠٧٨ | (٠,٠٤٧٧) |
| دەقی لە هێندێ بارەوە دەستلێنەدراو | ,٠٨٥٧٨٥١ | (٠,٠٥) |
| دەقی دەستلێدراو | ,٢٢٣٨٥٨١ | (٠,٠٩٩٦٣) |
| ئێر-٢ ی ساختەچییانە | ٠,٠٧٧٠٠ | |
| ژمارە | ٥٥٥ | |

بگۆڕە بەستراوەکە، ڕەخنەگری، ئەو بابەتە ماڵپەڕییانەی لەخۆ دەگرت کە ڕەخنەیان ئاراستەی سەرانی حکومەت، هەر ڕێبەرێکی نەتەوەیی، ئەنجوومەنە دەوڵەتییە ناوەندییەکان یان پۆلیسەکان، ڕێبەرانی دەوڵەتیی لۆکاڵی و پۆلیس و ئەنجوومەنە دەوڵەتییە لۆکاڵییەکان کردووە. ئەو بگۆڕە سەربەخۆیانەی کە لە ستوونی چەپدا نیشان دراون، وەکو بگۆڕی نموونەیی کۆدبەندی کرابوون (٠-١)، بگۆڕە سەرچاوەییەکان کاروباری نەتەوەیی، سەرچاوەی زانیاریی حکومەتی و دەقی دەستلێنەدراو بوون.

* Hard News: جۆرێک هەواڵ وەکو هێرەمی ئاوەژوو. ئەم ژانرە هەواڵییە بە زۆری بۆ رووماڵکردنی رووداوە پێوەندیدارەکان بە رابروو یان داهاتووی نزیک و هەروەها رووداوەکانی رۆژ بەکار دەبرێ. "Hard News" لە ژانری "Spot News" نزیکە کە هێندێ لە رۆژنامەنووسان پێی دەڵێن رووماڵکردنی هاوکاتی رووداو. لەم جۆرە هەواڵەدا، راپۆرتنێر بە ئامادەبوون لە شوێنی رووداوەکە، بەشێوەیەکی هاوکات راپۆرتی رووداوەکە بلاو دەکاتەوە.

# لە عەممانەوە بۆ ئامێدی
# یان
# گەشتێک لە کوردستانی باشووردا

عەلی سیدۆ گەورانی*

بەشی چوارەم

---

## بەشی هەشتەم
## سلێمانیی پاش بابانەکان

لە سلێمانی دوا سالانی دەسەڵاتی بابانەکاندا دوو هێز لە ململانێدا بوون، یەکێکیان سیاسی کە بابانەکان نوێنەرایەتییان دەکرد و ئەوی تر ئاینی کە بەرزنجییەکان دوای لەناوچوونی بابانەکان و هاتنە ژوورەوەی سیستەمە تورکییە تازەکان، ئەم سەیدانەش نەیانتوانی لەم ماوەیەدا هێزیان بسەپێنن، ساڵی ١٨٧٦ی زاین و سالانی دواتر لە سەردەمی سوڵتان عەبدولعەزیزدا دەستیان بە کڕینی زەویوزار و دێهات و بڵاوکردنی دەسەڵاتی ئاینییان کرد. دیارترینیشیان شێخ سەعید بوو کە زەویوزارێکی زۆری لە دەورووبەری شاردا کڕی و دۆستایەتیی گەلیشی بەدەست هێنا، کە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم چووە سەرتەختی جێنشینیەتی شێخ سەعید بووبووە یەک لە دەوڵەمەندە خاوەن دەسەڵاتەکان و ڕووی لە ئاستانە کرد و شێخ قادریشی لەگەڵ خۆیدا برد بۆ بەدەست هێنانی ڕەزامەندیی جێنشین، ئەمیش کردییە ڕاوێژکارێکی ئاینیی تایبەتی خۆی و عیزەت پاشای عابیدی سووری_ ش لەگەڵیدا ڕێک کەوت کە بەروبووی سلێمانی هەڵمژێ. عیزەت پاشا لەلای خۆیەوە بۆ ئەم مەبەستە فەرمانبەرانی نارد، دەستیان بە فڕوفێڵی پارە لە بازرگانانی سلێمانی وەرگرتن کرد کە ئەوسا ناوەندێکی ئاڵوگۆڕی بازرگانی بووە لە ڕۆهەڵاتی نزیکدا، بەمجۆرە ساڵی ١٨٨٠ی زاین داهاتی حکوومەتی لێ گەیشتە ملیۆن لیرەی زێڕی عوسمانی.

هەروەک مستەر سۆن دەڵێ: کە شێخ سەعید گەڕایەوە سلێمانی دەستی بە کۆکردنەوەی

* وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە

باجێکی زۆر کرد کە باری دانیشتوانی قورس کرد و لێی ڕاپەڕین و وای لە عەشیرەتەکانی هەمەوەند کرد شارەکە داگیر بکا، بەدەنگ داواکەوە هاتن و چوار ڕۆژ شاریان گەمارۆدا و لێی نەگەڕانەوە تا هێزێکی گەورە لە لەشکری تورک لە کەرکووکەوە هات. دوای ئەم ڕووداوە شێخ سەعید بەئاشکرا دەستی بە بەرگریی گەل کرد بە تایبەتی بازرگانەکانیان و باجێکی زۆری لەسەر میوەجاتیاندا دانا بۆ ئەوەی ئەم جۆرە قۆرخ بکا و میوەکانی باخچە فراوانەکانی خۆی لە دەورووبەری شاردا هەرمێنیان ببێ. ئەم کارەش بووە هۆی لاوازکردنی جووتیاران، بۆیە زۆریان دارەکانیان سووتاند و جۆباریان تێک دا و هەڵاتن بۆ وڵاتی کورد لە ئێران کە دەستیان بە چاندنی تووتن کرد. ساڵی ١٨٨١ی زاین هەمەوەند شاریان گرت و دەسەڵاتی بەرزنجییانیان کز کرد. لەگەڵ ئەوەشدا گیانی شێخ هێزی لەدەست نەدا و بڕیاریدا پێوەندیی خزمایەتی لەگەڵ ئەم عەشیرەتانەدا ببەستێ و ژنێکی لەم عەشیرەتە خواست تا بیکاتە چەک بۆ خۆی و بەمە بتوانێ دەسەڵاتی خۆی فراوانتر بکا. کە " دەستوور " لە مانگی تەمووزی ١٩٠٨ ژمارەیەک شۆڕش لە کوردستانی باشووردا پەیدا بوون و هەمەوەند بەرەو سلێمانی بۆ تاڵانکردنەوەی هاتن، کە حکوومەتی ئاستانە بەکارەکەی زانی داوای لە شێخ سەعید کرد لە مووسڵ ئامادە بێ کە ڕووی تێ کرد و لەوێ هەندێک لە بازاڕییانی مووسڵ بە فیتی چینێک لە بازرگانان تیرۆریان کرد. ئەندامەکانی کەی بنەماڵەکە گەڕانەوە سلێمانی و سوێندیان خوارد تۆڵە لە بازرگانانی مووسڵ بکەنەوە کە بووبوونە هۆی کوشتنی شێخ سەعیدی خوا لێخۆشبوو.


شێخ مەحموودی کورد لە سەیدەکانی بەرزنجە

دوای شێخ سەعید شێخ مەحموودی بەرزنجی پێشەوایەتییەکەی وەرگرت و لەو بڕوایەدا بوو کە بازرگانانی سلێمانی لە کوشتنی شێخ سەعید بەشدارییان لەگەڵ بازرگانانی مووسڵدا کردووە. بۆیە پیاوانی بە سلێمانیدا بڵاو کردەوە بۆ تاڵان کردنی بازرگانان و کوشتنی هەرکەسێک ڕێیان لێ بگرێ. بارودۆخەکە تێک چوو و ئاژاوە بڵاو بووەوە، بازرگانەکان سکاڵایان بردە بەر حکوومەت و والیی مووسڵ هاتە سلێمانی و دوو شاند بەرەو پیری چوون، یەکێکیان شێخان و ئەوی تر بازرگانان، کە لایەنگیریی یەکەمیانی کرد.

دوای ڕەتبوونی بیست و چوار سەعات بەسەر گەیشتنیدا داوای شاندی بازرگانانی کرد و بەشێوەیەکی تورکیی زبر داوای لێ کردن وەڵامی هۆی دوورکەوتنەوەیان لە شێخان بدەنەوە، سەربەرزیی کوردانەیان ڕێی وەڵامدانەوەی پرسیارەکەی لێ گرتن و

ئامادەی دادگاییییەکە نەبوون. والیش ئەم هەڵسوکەوتەی بە بیانوو گرت بۆ تاوانبار کردنەوەیان و حکوومەتەکەی خۆی پێ ئاگادار کردەوە، دوابەدوای ئەوە حاکمێکی بۆ سلێمانی بە سەرکردایەتیی هێزێکەوە نارد لە (پێنجوین) و (بێستان) و (گوڵعەنبەر) و (هەڵەبجە)دا بڵاو کرایەوە و سەد و پەنجا سەربازیان لە ڕەوشت نزمانیان لەگەڵ موتەسەڕیفە نوێکەدا لە شاردا مانەوە، کاروبار لە خراپەوە ڕووی لە خراپتر کرد و شێخەکان هانایان بردە لای هەمەوەندەکان و هاتنە سلێمانی و تالآنیان کرد و خەڵکەکەیان تۆقاند.

کە شوێنی " ئیتیحاد " ییەکان بەهێز بوو، دەستیان بە بێهێزکردنی پایەی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم کرد و عیزەت پاشایان بۆ میسر دوورخستەوە و سووکایەتییان بە شێخ قادر کرد و والییەکیان بۆ مووسڵ نارد و موتەسەڕیفێک بۆ سلێمانی، شێخەکان سووکایەتی بە شێخ قادریان بە مەیدانخوازییان دانا و هەمەوەندیان هاندا کە لە سوارچاکە کوردە دلێرەکان بوون و دژی دەسەڵات ڕاپەڕین و توندترین شۆڕشیان هی ساڵی ١٩٠٩دا بوو، ئینجا دەستی بە هێوربوونەوە کرد تا شەڕ جیهانیی ساڵی ١٩١٤ بەرپا بوو و تورک لە خاکی کوردستانی باشوور و عێراقی عەرەبی چووە دەرێ بۆ ئەو ئینگلیزانەیان بەجێ هێشت کە دوای ئەوەی دەستیان بەسەر بەغدادا گرت ڕوویان لە کەرکووک کرد و لێرە ڕایانگەیاند کە کوردستانی باشوور خرایە سەر عێراقی عەرەبی و وشەی عێراقیان لە هەردوو ناوچەکەنا و کوردەکان ئەم خستنە سەرەیان لا پەسند نەبوو، ساڵی ١٩١٩ بەڕووی دەسەڵاتی بەریتانیدا کەوتنە شۆڕش بە سەرکردایەتیی شێخ مەحموودی بەرزنجی کە دوای شەڕ بووە داواکارێکی نەتەوەیی و لە پێناوی دۆزی کورددا کەوتە قوربانیدان و خۆی دەخستە پێشەوەی شۆڕشگێرانی کورد لە ڕووی ئینگلیزدا.

## شۆڕشی ساڵی ١٩١٩ی زایینیی کورد لە کوردستانی باشووردا

لە ڕاپۆرتی ج. ستین جۆنز–ی قەشەی سەرکردەکانی فرایزەر ـەوە کورتم کردووەتەوە کە موقەدەم حوسێن نووریی فەرماندەی لیوای تۆپچی لە عێراق لە (کۆواری سەربازی)ی ژمارە (دووی ساڵی سێیەم)دا کردوویە بە عەرەبی. ئەو شەڕەی ساڵی ١٩١٩ بەرداشەکەی لە کوردستانی باشووردا دەسووڕایەوە. تا ئەو ڕادەیە سەخت بوو کە پێویستی بە ئامادەکردنی هێزگەلێکی گەورە بوو لە لاپاڵەکانی کوردستاندا کۆ بکرێتەوە تا ڕێ لە شۆڕش بگیرێ بە ناوچەکانی عەشایەرە کوردە بەهێزەکاندا بڵاو نەبێتەوە، وەک عەشیرەتی جاف و هی تر. توانیمان عەشیرەتی جاف تا کۆتایی ئاژاوەکە بە یەکجاری بێلایەن ڕابگرین کە لە توانایدا بوو شەش هەزار شەڕوان لە ڕۆڵەکانی ئامادە بکا. هۆی سەرەکیی شۆڕشی کوردیش داوای دامەزراندنی حکوومەتێکی سەربەخۆی کوردی بوو کە شێخ مەحموود لە ئایاری ساڵی ١٩١٩دا بەرپای کرد، کە گەورەترین کەسایەتییەکە لە کوردستانی باشووردا، حکوومەتی بەریتانیا دوای ئەوەی ساڵی ١٩١٨ کەرکووکی داگیرکرد بەڕێوەبەریەتیی باشووری وڵاتی کوردی پێ سپارد.

## شەڕە بەراییەکان

مەحموود خانی دزڵیی یەک لە سەرەک عەشیرەتەکانی هەورامان لە کوردستانی ڕۆهەڵات (ئێرانی) و هاوپەیمانی شێخ مەحموود، پەلاماری سلێمانیدا و لە یەکەم هێرشدا شارەکەی گرت و هەموو ئەوانەی سەر بە شێخ مەحموود بوون چوونە پاڵی و هەموو حاکمە سیاسییەکانی ئینگلیزی دەستگیر کرد. دوای ئەوە شێخ مەحموود دەستی کرد بە بەڕێوەبردنی کاروبار، لە ٢٢ی ئایار موقەدەم دانیکلس بە هێزەکەیەوە کە لە سەربازی کوردی بەکرێگیراوی نافەرمی پێک هاتبوو، بە هێزێکی (٢٠٠٠) کەسیی پیادە و (٤٠٠) کەسی سوارەوە شکا و سوپاکەی پەرت و بڵاو بووەوە و دوو کەسی لە ئەفسەرانی بەشی بەریتانیی لێ کوژرا و ژمارەیەکی زۆری لە سەربازە (بە کرێگیراوە)کانی بەکۆمەڵ چوونە پاڵ شۆڕشگێڕان و موقەدەم دانیکلس بەخۆی و حاکمە سیاسییەکانی کە بەدیل گیران و مێجەرسۆن ـی نێردراوی سیاسیمان لە سلێمانی ڕزگاری بوو. بەم سەرکەوتنەش ورەی ئەو عەشیرەتانەی باشووری (قەرەداخ) بەرز بووەوە و هێرشیان بردە سەر کاروانێکی چەک لەسەر ڕێی سلێمانیدا و برا بۆ لەشکری شێخ مەحموود و پێی چەکدار کرا.

لە (٢٣)ی ئایاریش بریدجس ـی سەرکردە بەسەر (ڕەتڵ)ێکی گەڕۆکەوە پێشڕەویی لە سەربازگەی کەرکووکی کەم ژمارەوە کرد، کە لە دوو (ڕەعیل)ی ڕموەشێنی (٣٢) و سەرییەیەک لە فەوجی هیندییان و دوو ئۆتۆمۆبێل و دوو زرێپۆش و (٦٠) سەرباز لە بەکرێگیراوانی کورد بە سەرۆکایەتیی (لەنگریک)ی جێگری حاکمی سیاسی لە کەرکووک بۆ ڕزگارکردنەوەی حاکمە سیاسییەکان، ئەم ڕەتڵە بەپەلە لە دەربەندی (تاسلووجە)وە ڕەت بوو بێ ئەوەی تووشی بەرگرییەک بێت و ئەو شەوە مایەوە و بەرەبەیان کوردەکان سەربازگەکەیان گەمارۆ دابوو و لە بەرزاییەکانەوە دایانە بەر ئاگرێکی گەرموگوڕی تفەنگەکانیان و (بەکرێگیراوە کوردەکان)، ئەوانەی لەژێر فەرماندەی (لۆنگریک)دا بوون توانییان هەڵبێن و بچنە پاڵ دوژمنەوە، سوپاکەمان شڵەژا و برید جس ـی سەرکردە ناچار بوو بە پەلەپەل دوازدە میل بۆ پشت دەربەندی (بازیان) پاشەکشە بکا و دوو زرێپۆشەکەی لە نشێوەکانی (تاسلووجە)دا جێ هێشت لە ترسی ئەوەی نەوەکو کوردەکان لە دەربەندی بازیاندا گەمارۆی بدەن و هێڵی گەڕانەوەی بەرەو چەمچەماڵی لێ ببڕن.

هەرکە هەواڵەکانی ئەم شۆڕشە گەییە بنکەی لیوای بەریتانی لە (بێجی)ی سەر ڕۆخی دیجلە لیوا (مۆریس) ڕاپەڕی و مەفرەزەیەکی بەهێزی بە سەرکردایەتیی (کەنەدی)ی سەرکردەی فەرماندەی فەوجی یەکەم لە کەتیبەی پێنجەمی سەریی ڕۆهەڵات ، کە ژمارەی شەڕوانانی (٦٤) سەرباز بوو (١٦) ڕەشاشیان لە جۆری لویس لەگەڵدا بوو. ئەم مەفرەزەیە لە ئۆتۆمبێلەکانیاندا لەو کاتەدا گەیی کە (ڕەتلی بریدجس)ی تێدا لەژێر گەمارۆی توندی کوردەکاندا بوو، کەنەدی ڕەشاشەکانی لەسەر گردێکدا دانا و لە دەربەندی بازیانی دەدا بەمەش بواری بۆ هێزی بریدجس ڕەخساند لەو دەربەندە بکشێتەوە کە هاتنی ئەم پشتگیرییە نەبووایە بێگومان دەبووە گۆڕستان بۆ هێزی بریدجس. کوردەکان لە ڕاونانی سەربازە کشاوەکاندا تا چەمچەماڵ بەردەوام بوون و

کەرتەکانمانیان تووشی زیانی گەورە کرد لەو خاکە سەختانەدا و ناچاریان کردن دوو ئۆتۆمۆبێلی زرێپۆش بەجێ بهێڵن دوژمن بردیانیان بۆ خۆیان.

زیانەکانمان لەم شەڕە بەراییانەدا لە گیان و ئازووقەوە زۆر بوو، کە مولازم پۆڵ، لە کەتیبەی ڕم وەشێنی (٣٢) کوژرا و ڕەئیس چیشۆڵم لە (میهراتاسی شازدەیەم) و مولازیم دیکسن لە سەرییەی دووەمی هیندستان. کۆی کوژراوانی ئەفسەر و سەرباز هەشت و بریندار دوازدە ونبوو چواردە کەس بوون و عەریف (تۆمز) و دوو سەرباز لە مەفرەزەی کەنەدی بەردەوام بووم لە دەستڕێژکردنی کوردەکان و تا کوژران و لەشیشیان نەنێژرایەوە. هەروەها لاوێکی کورد عەریفێکی کوشت و سەربازێکی زامدار کرد. کوردەکان دیلەکانیان ئازاد کردینەوە و چوونەوە لای هێزی بریدجس لە چەمچەماڵ.

### فریاکەوتنەکان

کاروانێکی تازە لە ئۆتۆمۆبێلەکانی فۆرد گەیشتە چەمچەماڵ هێزی فریاگوزاریی سەربازی بە سەرکردایەتیی ڕەئیس تۆمسنی هەڵگرتبوو و ماری سەرکردە، فەرماندەی فەوجی ڕەشاشەکانی سێزدە، کە لەگەڵ مەفرەزەی ڕەشاشاندا هاتبوو و بەرگریی لە قایمکاریی چەمچەماڵ کرد، سەرکردایەتیی لە بریدجسی سەرکردە وەرگرت کە گەڕایەوە کەرکووک. کوردەکان ئەم هەلەیان قۆزتەوە و شێخ قادری برای شێخ مەحموود لە ٢٨ی ئایاردا کە سەرکردایەتی ٥٠٠ سوارچاکی دەکرد پێشڕەویی بۆ دێی (بینا) کرد لەدووریی چوار میلی ناوچەی باکووری ڕۆئاوای چەمچەماڵ و بەوەش هەڕەشەی لە هێڵی گواستنەوەی بۆ کەرکووک دەکرد و هێڵی گەڕانەوەی حامیە گەمارۆدراوەکەی ناو سەربازگە قایمکارییەکە دەبڕییەوە، شێخ مەحموودیش لەو کاتەدا شوێنپێی خۆی قایم دەکرد لە بازیان، لە ٢٦ی ئایاردا فڕۆکەیەک کە هاتبوو هاوکاریی هێزە وشکانییەکەی لای سلێمانی بکا بۆ ڕزگارکردنی حاکمە سیاسییەکان کە کوردەکان دەستی خراپەکارییەکیان بۆ نەبردبوون چونکە شێخ مەحموود ئەوانەی تێیاندا بوونی کردبووە نوێنەری نێوانی خۆی و کورنێل ویلسنی جێگری نێردراوی باڵا " المندوب السامي " لە بەغدا وەک هۆیەک بۆ گفتوگۆ. دوای ئەوە ئەفسەرە فڕۆکەوانەکە گەڕایەوە و هەواڵی لە ژیندا مانی حاکمە سیاسییەکانی داینێ.

کاروانێکیش ئازووقە و تەقەمەنیی پێ بوو بەو ئێشک گرانەوە کە لەگەڵیدا بوون هەوڵیان دابوو لە ٢٠ی ئایاردا بە دۆڵەکاندا ڕەت بن و بگەنە چەمچەماڵ و حامیەی گەمارۆ دراو بگوێزێتەوە، کاتێک لە گەرووی دەربەند نزیک بووبووەوە کە لە دووریی ٢٤ میلە لە کەرکووکەوە کەمینێکی کوردەکان لەپڕ دابوویان بەسەریاندا و تاقیان لێ بڕی بوون. دوابەدوای ئەوە ڕەتلێکی کە پێکهات لە ڕم وەشێنەکانی (٣٢) بەسەرکردایەتیی فرایزەر کە بەهەموو هەڵمەتێکیەوە بەرەو شەڕ چوو و گەییە گوندی (قەرەهەنجیر) کە لەسەر هێڵی گەیاندنی چەمچەماڵدایە لە دووریی ١٧ میل لە

کەرکووکەوە. چەند سەعاتێک بەڕێوە نەڕۆییبوو دوژمن بەسەرکردایەتیی مەحموود خانی دزڵی گەمارۆی دابوون و سێ ڕۆژ لەنێو گرد و بەرزاییەکاندا تەنگی پێ هەڵچنیبوو و خستبوونیە بەر شێڵگەی گوللەی کوردە پسپۆڕەکانی تەقەکردن و بەرتیشکی گەرمی خۆر و بڕانەوەی ئاو. ئەگەر موقەدەم (جارت) فەرماندەی بەتارییەی چیایی (٢٥) بەڕەتڵێکی بچووک بۆ فریاکەوتن، ئەگەر دوژمن بەرەو گوندی (بینا) پاشەکشەی نەکردایە بێگومان زیان گەورە دەبوو.

لە کۆتایی ئایاردا جەنەڕاڵ مۆریس-ی ئێشکگری لیوای پیادەی (٥٥) گوازرایەوە (قەرە هەنجیر) و سەربازگەیەکی لەگشت لاوە قایمکاری دامەزراند لەسەر ئاوێک لەوێدا بوو بەوەش ئامادەکاری و فریاگوزارییەکان تەواو کران ئینجا فەرمانیدا گوندی (قەرەهەنجیر) بسووتێنرێ، لە یەکەم ڕۆژی حوزەیراندا فڕۆکەکان بۆمباکانیان بەسەر دێی (بینا) ی بارەگای شێخ مەحموودی پێشەوە خست و بەمجۆرە زیانێکی زۆری مادی و گوزارەیی بە کوردەکان گەیاند. دوای ئەوەی هێزەکانی شێخ مەحموود ناچار کران لە قەرەهەنجیر پاشەکشە بکەن دەنگۆیەک بڵا بووەوە کە مەحموود خانی دزڵی هێزەکانی کێشایەوە و گەڕایەوە وڵاتی خۆی لە سەر سنووری ئێران. سەرەڕای ئەوەش چاوەترسیی پیاوانی شێخ مەحموود لە زیادبووندا بوو، کە پێشەنگەکانی دەستیان بەگەڕان کرد تا نزیکی کەرکووک.

هەڵوێستمان تا ئەوساکەش ناجێگیر بوو، کە تا ئەوساکەش هەر چاوەڕوانی بەشداریی عەشیرەتەکانی جافمان دەکرد. (ت. فرایزەر)ی فەرماندەی تیپی (١٨) لە بارەگای گشتیی بەغداوە کۆمەڵە ڕێنوێنییەکی پێ گەیشت کە هێزێکی گەورەی تەمێکاری لە کەرکووک کۆ بکاتەوە کە بووبووە (پیشاور)ی عێراق، کە شارێکی باکوری هیندستانە لەسەر سنووری ئەفغانستاندا، دەورێکی گەورەی لە شەڕەکانی ئەفغانی _ بەریتانیدا بینیبوو. کەرتە سەربازییەکان لە دیجلە و لایەکانی تری عێراقەوە هاتنە کەرکووک و دەستیان بەمەشق لەسەر بزووتنەوە چیاییەکان کرد، هێزەکانی فرایزەر وای لێهات زۆربەی هێزە بەریتانییەکانی لە عێراقدا گرتە خۆ و بۆیە توانیی هێزێکی تەمێکاری ڕێک بخات و سلێمانیی کردە ئامانجی خۆی و ئەرکی سەرپەرشتیی سەر هێڵی گواستنەوەکانی لە کەرکووکەوە بۆ چەمچەماڵ و بۆ ئاڵتوون کۆپری "پردێ " و هەولێر بە جەنەڕاڵ ساندرس سپێردرا.

لە ٣ی حوزەیراندا پێکدادانێک لەگەڵ دوژمن هاتە کایەوە و لە ئەنجامی دەرچوونی تۆمپسن بە سرییەیەکی پیادە و هەندێک سوارەی پارێزگارانی قایمکاریی چەمچەماڵ بە مەبەستی خەریککردنی دوژمن و پاککردنەوەی دەربەند و ڕزگارکردنەوەی ئەو کاروانەی پێشتر کوردەکان لەپڕ دابوویان بەسەریاندا و نەیتوانی ئەرکەکەی جێبەجێ بکا چونکە هێزێکی کوردەکان لە دەوروبەری (بینا)وە هێرشیان کردە سەریان و ڕەتڵەکەیان لە چەمچەماڵ دابڕی و ناچاری پاشەکشێ بوو تا قەرەهەنجیر و لە شەڕی ئەو کوردانەدا خۆی ڕانەگرت کە توانستێکی گەورەیان لە شەڕە چیاییەکاندا سەلماند. لە خۆشبەختییان جەنەڕاڵ مۆریس نزیک بوو لە شوێنی ڕووداوەکە

و خرمەی گوللەی گوێی لێ بوو و گورج بۆ یارمەتیی تۆمپسن چوو کە لەژێر مەترسیی گەمارۆی کوردەکاندا بوو، دوژمنی تووشی شۆک کرد و ناچاری پاشەکشێی کرد دوای ئەوەی زیانێکی گەورەی لێیاندا، بەمەش تۆمپسن ڕزگاری بوو و گەڕایەوە قەرەهەنجیر و لەم پێکدادانەدا ڕەئیس کینگ سۆلتەرمان لە یەکەکانی (گورگە) لە دەستدا کە چیاییانی هیمالایان و هەروەها موقەدەمی لیوای (٥٥)یش.

لەم ماوەیەدا فڕۆکەکان بەجموجۆڵی دیتنەوەوە هێزەکانی دوژمنی تەماشا دەکرد، کە ئەرکەکەشیان کۆتایی پێ هێنا فەریق فرایزەر جموجۆڵی فراوانی ئەنجامدا و لە ١٥ی حوزەیراندا هێزگەلێکی تەمێکاریی بەرەو سلێمانی بەڕێ خست تا شێخ ناچاری بەشداریی شەڕێکی یەکلاکەرەوە بکا.

## شەڕی بازیان ــ ترمۆبیلی کوردستان

بازیان هێڵی بەرگریی کورد بوو، کە دەربەندێکی قایمکار و گەروویەکی بەرتەسکە لە چیای قەرەداغ لەسەر شێوەی (ر) دایە و کلیلی ڕێی سلێمانییە و هەمەوەند بەوە بەسەر هێزێکی گەورەی تورکدا سەرکەوتن و چیای قەرەداغیش زنجیرەیەکی سەختە بەرەو باکوری ڕۆئاوا دەکشێ و بەربەستێکی ڕێبەست لە بەردەمی هەر هێرشبەرێکدا دروست دەکا و ٤٠٠٠ پێ لە ڕووی دەریا بەرزترە و ١٠٠ پێش لە ڕووی دەربەندەوە. گومانیش لەوەدا نییە ئەم دەربەندە لەجێی (ترمۆبیلی)یە بۆ کوردستان، کە هێزێکی بچووک بەچەند ڕەشاشێکەوە دەتوانێ لەگەڵ فەیلەقێکدا بجەنگێ، هەروەک چۆن (٣٠٠) کەسی ئیسپارتەیی لەگەڵ هەموو لەشکرێ فارسدا جەنگین و ئەگەر ناپاکیی(ئیفیالیت) نەبووایە لەشکری فارس پاشەکشێی دەکرد و یۆنان سەردەکەوت.[١]

کوردەکان هێرشەکانیان درێژە پێدا و فەریق فرایزەریش هەر بەرەنگاریان دەبووەوە تاکو توانیی شێخ مەحموود ناچار بکا لەپشت دیواری بازیانی مێژووییدا خۆی توند بکات و ئێوارەی ١٧ی حوزەیران ڕەتلە سەربازێک لە لاپاڵەکانی زنجیرەی قەرەداغدا سەربازگەیان دانا و دوو ڕەبییەی بەهێزی بۆ پێشەوە نارد بۆ ئەوەی ڕێ بەشەبەیخوونی ناکاوی دوژمن بگرێ. هەموو پەرۆشی هێرشی سبەینێ بوون و لەبەر ئەوە سەربازگە کەمێک نەبێ نەحەسایەوە. سەعات چواری بەیانیی (١٨) دەست بەشەڕ کرا، بەڵام لە سەعات دووەوە کەرتەکان دەستیان بەگرتنەوەی شوێنەکانیان کرد و یەکەم کەرت سەربازگەی جێ هێشت فەوجی (٨٥)ی بورما کە لە سیخ و گورگە و کاجینیس کە گەلێکی مەنگۆلین لە بورمای یەک لە کارەکانی هیندستانە نیشتەجێ بوون. کاری یەکسەر بەسەر چیای گەردنکەشی هەردوو لای دەربەندیدا سەرکەوتن و بەرەنگاربوونەوەی باڵی دوژمن بەم فەوجە سپێردرا کە فەوجی (ئیست سری) بە سەرکردایەتیی ڕۆ‌ـی سەرکردە و فەوجی پەنجابیی (٨٧)یش لە پشتگیریدا مانەوە.

لە دەستپێکدا تۆپخانەی تێکەڵ و سرییەکانی ڕەشاشەکان جێی خۆیان گرتبووەوە و سرییەی

پێشەوە پێشڕەوی بۆ هێرشبردن کرد و کۆمەڵە ئالایەکی گچکەی هەڵگرتبوو بۆ ئەوەی شوێنەکانیان بۆ تۆپخانەکانی پشتیانەوە دیاری بکەن. پێشڕەویی سەرییەکانی ئیست سری لە دەستپێکدا گران بوو تا نێردراوێک لە جەنەڕاڵ مۆریسەوە هاتە لای ڕۆ ـ ی سەرکردە، پێی ڕاگەیاند پەلە لە پێشڕەوی بکات چونکە یەک گوللە لەپشت دیواری بازیانەوە دەرنەچووە کە وا دەگەیەنێ دوژمن خەویان لێ کەوتووە.[٢] کە شەڕەکە گەرم بووەوە گوێمان لە تەقەی ڕەشاشی ئەڵمانی و کە چاوەڕوانی بوونیان لەلای کورددا نەدەکرد. کە زۆری نەکێشا هێرشەکەمان درێژە پێدا و تۆپخانە بەئاسانی توانیی دەست بەسەر دەربەند بگرن ، کەچی بەشەکانی بۆرما گەلێکی چێشت تا لەگەڵ کوردەکاندا بەیەکدا هات و شەڕەکە دوو سەعاتی خایاند ئەنجام بەکوژرانی ٥٠ کورد و زامداربوونی ژمارەیەکی زۆر و بەدیل گیرانی ١٢٠ کەس و ئەوانی تر بۆ سلێمانی و سنوورەکانی ئێران هەڵاتن. بەڵام شەڕەکانی سەر گردەکانی بازیان و چیاکانی هەر بەردەوام بوو لەگەڵ مەفرەزەکانی دوژمن تا شێخ مەحموود بریندار بوو و شێخ غەریبی زاوای بەدیل گیرا و بەوەش سەرکەوتن بەدەست هێنرا و ڕم وەشێنەکان پێشڕەوییان بەرەو سلێمانی کرد بێ ئەوەی بەرگرییەک لە هێڵی دووەمی بەرگریی کوردەکاندا لە تاسلووجە و حاکمە سیاسییە بکەن، دیلەکانیش ئازاد کران.

لە (٣٠) ی حوزەیران ئەلفرێد فرایزەر بە هێزەکانییەوە چووە ناو سلێمانی و حوکمی شێخ مەحموودی کۆتایی پێ هێنا. ڕۆژی دواتر ڕەتلێکی بچووک لەگەڵ هۆیەکانی گواستنەوە لەژێر فەرماندەیی (بودی)ی سەرکردە لە (قزلەربات) بۆ ئەوەی لەگەڵ هێزەکانی فرایزەر بەشداری بکا، ئەمیش ڕەتلێکی نارد بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕەتڵە هاتووەکە یەک بگرنەوە، کە لە ١٤ی حوزەیراندا لە هەڵەبجە بەیەک گەیشتن بێ ئەوەی بەرگرییەکیان تووش بێ و لە ٢٧ی هەر ئەو مانگەدا گەڕانەوە سەربازگەی پردی (قلیاسان).

ئێستا شۆڕشی کورد کۆتاییی هات و شێخ مەحموود دوای ئەوەی برینەکانی سارێژ بوو لەبەردەمی دادگایەکی مەدەنیدا لە بەغدا حوکم درا و حوکمی ئیعدامی درا، ئینجا بە دە ساڵ گۆڕا و لە دورگەکانی (ئاندامان)ی هیندستاندا بەندکرا.

دوا بەدوای کۆتایی هاتنی ئەم شۆڕشە کۆمەڵەیەکی کوردی دامەزرا ئەندامانی دامەزرێنەر ئەفسەری کورد و هەندێک لە خانەدانانی سلێمانی بوون، مەبەستی ڕزگارکردنی کوردەکان و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد بوو، بەمجۆرە چەندین شۆڕشی ناوخۆیی بەرپابوو لە ساڵی ١٩٢٣ی زاینیدا گەرم بووەوە و عەشیرەتەکانی پژدەری تێدا بەشدار بوو و هێرشی بردە سەر ئەو هێزانەی لە سلێمانیدا جێگیر کرابوو و هی تر لە شارەکانی کوردستانی باشوور لە یەک ڕۆژ و بەسەریاندا سەرکەوت، ئەو ئینگلیزانەی لە شارەکاندا بوون ناچار بوون بە فڕۆکە هەڵبێن. کە بەریتانیا چاری تری نەبوو جگە لە هیندستانەوە هێنانەوەی شێخ مەحموود و پێکهێنانەوەی حکوومەتێکی کوردی بۆی و مێجەر نوئێل نێردراوێکی باڵا دەنێرێ و شێخ مەحموود نازناوی

حوکمداری کوردستانی پێدرا، ئینجا سوڵتان، بەڵام خۆی بە مەلیک ناودەبرد. کە ئینگلیزیش پێیان ڕاگەیاند شەڕی هێزەکانی (ئۆێزدەمیر)ی بانگدەری تورک کە هێزە نیشتیمانییە تورکەکان ناردبوویان بۆ خەریککردنی ئینگلیز لە یارمەتی دانی یۆنان، ئەوەی ڕەت کردەوە و کەشەکە تێکچوو و ئینگلیز سلێمانیی بۆمباباران کرد و بەشێکی زۆری لێ وێران کرد.

شێخ مەحموود و لایەنگیرانی چوونە سوورداش و سێ مانگ لە چیاکانیدا خۆیان توند کرد. لەم ماوەیەدا ئینگلیز سەید تەهای شەمدینانی و عەشیرەتەکانی سوورچی و خۆشناو و دورزیی ناردە شەڕی تورکان لە ڕەواندز و تورک شکان و هەڵاتن و چوونە سەر سنووری ئێران و ڕەواندز کەوتە بەردەستی ئەم عەشیرەتانە. ئینگلیز دووبارە هاتنەوە و هێزێکیان ناردە سلێمانی و بەبێ بەرگری داگیریان کردەوە و شێخ قادریان ڕاسپارد بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی نیشتیمانی بۆ پاراستنی ئاسایش و ئارامی تا لە چارەنووسی دۆزی کورد دەکۆڵێتەوە، ئەوەی ڕەت کردەوە و شاری بەجێ هێشت و چووە یەک لە دێیەکانی خۆی. کە ئەم هەوڵانە لەگەڵ شێخ قادر سەریان نەگرت، دوای مانگێک ئینگلیزەکان کشانەوە بۆ کەرکووک و شێخ مەحموود لە هەورامان هاتەوە و نۆ مانگ حوکمی سلێمانی و شارباژێڕ و ناحیەی پێنجوێن و سەرچناری دەکرد و عەشیرەتە کوردییەکانیش حەزیان لە حوکمی شێخ مەحموود نەبوو، ئینگلیز گفتوگۆی لەگەڵدا کردن کە ئەم هەلەیان قۆزتەوە. هەروەها گەلێک لە بازرگانان و چینی ڕۆشنبیران سلێمانییان جێ هێشت؟ لەبەر خراپ بەڕێوەبەریەتیی شێخ و کەسی تێدا نەمایەوە هەندێک ئەفسەر نەبێ کە لایەنگیری حوکمی تورکەکان بوون و هی تر لەوانەی ئومێدی باشبوونەوەی حوکمی شێخیان دەکرد لە داهاتوودا.

لە کۆتاییی مانگی نۆدا حکوومەتی ئینگلیز بڕیاری دا لیوای سلێمانی بخرێتە سەر عێراقی عەرەبی، کەتیبەیەکی سوارەی کە لە ٤٠٠ سوارچاک پێک هاتبوو و دوو فڕۆکە و دوو زرێپۆشی ناردە سلێمانی، کە بەبێ بەرگری کەوت. " لێرەدا ڕاپۆرتی قەشە کۆتایی هات ".

ئەمەش ئەوەیە کە ماجید بەگی مستەفا قازی باسی کردووە. کە ئەوساکە سەرکردەی لەشکری فەرمی و عەشایەریی هێزەکەی شێخ مەحموود و سەرکردەی هێزی بەرگریی سلێمانی بووە.

هۆی خۆبەدەستەوەدان و بەرگری نەکردن، فەرمانی لە شێخ مەحموودەوە بۆ دەرچوو بوو بەرگریی ئینگلیز نەکا بەرلەوەی بێنە ناو شار و وێرانی بکەن. دووەم لەو بڕوایەوە کە لەشکری عێراق دوای گرتنی سلێمانی لە پێشڕەوییدا بەردەوام دەبێ بۆ شەڕی شێخ و لەوێ بەجارێک لەناوی دەبا. بەڵام سوپا سێ ساڵ لە شاردا مایەوە و هیچی وای نەکرد ، لەم ماوەیەدا هەندێک لە مەفرەزەکانی لەگەڵ سوارە کوردەکان لەیەکیاندا، بەڵام هەمیشە هەر بە دۆڕاوی دەگەڕانەوە دواوە.

بارودۆخەکە گەشبینیی لێ نەدەکرا؟ کە ئەحمەد بەگی موتەسەڕیفی سلێمانی ئێستا بە یارمەتیی خزمە پژدەرییەکانی هەوڵ دەدا دەسەڵاتی حکوومەت بەهێز بکا و ناوەندگەلێکی حکوومەت لە قەزا و ناحیەکاندا دابمەزرێنێ. هەروەها شێخ لەگەڵ سەرۆک عەشیرەتەکاندا تێکچووبوو و ئەفسەرەکانیش هەڵهاتن و چوونە ناو سوپای عێراق و تورکەوە. تا ساڵی ١٩٢٤

تەنیا پێنج ئەفسەر کە یەکێکیان ماجد بەگ بووە، کەس لەگەڵ شێخ نەمابوو، دوای ڕەتبوونی سێ ساڵیش واتە لە ساڵی ١٩٢٧ دا شێخ ناچار کرا ڕێککەوتنێک لەگەڵ ئینگلیز ئیمزا بکا کە دەبێ عێراق بەجێ بهێڵێ و لە ئێران نیشتەجێ ببێ و نابێ دژایەتیی سیاسەتی حکومەت بکا و جێگرێکی تایبەتیش بنێرێ کاروباری سامانەکانی بەڕێوەببا و بەرامبەر بەمەش حکومەت لێخۆشبوونەوەیەکی گشتی بۆ هەموو شۆڕشگێران دەربکا بەمەرجێک لە هەرکوێیەک بیانەوێ لەدەرەوەی سلێمانی لێی دانیشن و بەوەش شۆڕشی دووەمی کورد کۆتایی هات. ئەو هۆیانەش کە پاڵیان بە شێخەوە نا بۆ بەستنی ئەم ڕێککەوتنە لە تەنیا سێ خاڵدا کۆ دەبێتەوە.

(١) کەمبوونەوەی هێزە کوردییە شەڕوانان بەهۆی جودابوونەوەی عەشیرەتەکان.

(٢) گەیشتنی سوپای ئێران بۆ سەر سنوور بۆ ئەوەی ڕێ لە فراوان بوونەوەی شۆڕش بگرن.

(٣) کەمیی پارە و هۆیەکانی بەرگری.

تورکەکان پشتگیریی ئەم شۆڕشی بە پارە دەکرد. بەوەی کە پزیشکێک و نەخۆشخانەیەکی گەڕۆک و ٨٠٠ لیرەی زێڕ و ٢٢٠٠٠ فیشەکی تورکی لەو بڕوایەوە کە ئەم بزووتنەوەیە بکەنە ئامێرێکی تورک ئومێدەکانی ئینگلیزی پێ لە عێراقدا دەڕووخێنن و گەیاندنی ئەم فریاگوزارییەش بۆ شۆڕشگێڕان پتر لە هەزار جونەیهی تێ چوو.

ساڵی ١٩٣٠ شێخ گەڕایەوە و ئاگری شۆڕشی سێیەمی هەڵگیرساندەوە، ئێستا بەو ئاماژانەی ڕۆژنامەگەرییە عەرەبییەکان باسیان لەبارەیەوە کردووە لێ دەگەڕێم:

ڕۆژنامەی کۆمکاری عەرەبی کە لە قودس دەرچووە لە ژمارە (٦٠٦) ی ١٤ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٣١دا وتارێکی سیر وێلز –ی یەک لە سیاسییە گەورەکانی ئینگلیزی بەبۆنەی بەرپابوونی شۆڕشی کوردەوە لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٣٠دا لێدوانێک پێشکێش دەکا: "شۆڕشی کورد تا مافەکانیان بۆ دابین نەکا دانامرکێتەوە، ئینجا دەڵێ: "شاندی باڵامان لە عێراق لە لێدوانی ٢٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٢دا کە دوای کۆتایی هاتنی شۆڕشی یەکەمی کورد کە شێخ مەحموود ساڵی ١٩١٩ ئاگرەکەی کردەوە دەڵێ: ... حکوومەتی خاوەن شکۆی بەریتانیا و حکوومەتی عێراق دان بە مافەکانی کوردەکاندا دەنێن کە لە چوارچێوەی حکوومەتی عێراقدا دادەنیشن لە دامەزراندنی حکوومەتێکی کوردی لەناو ئەو سنوورەدا و هیوادارن لایەنە کوردەکان لە نزیکترین هەلی گونجاودا لە ناو خۆیاندا دەگەنە ڕێککەوتنێک لەبارەی جۆری ئەو حکوومەتەی دەیانەوێ وابێ و لە داهاتوودا شانگەلێک دەنێرێتە بەغدا بۆ باسکردنی پێوەندییە ئابووری و سیاسییەکان لەگەڵ دوو حکوومەتی بەریتانیا و عێراقدا.

هەروەها ڕۆژنامەی فەلەستین کە لە یافا دەردەچێ لە ژمارە ٣٩ _ ١٧٠٦دا ئەو وشەیەی باس کردووە کە کۆواری (نیرئیست)ی ئینگلیزی کە لە لەندەن لە ٢٣سی نیسانی ١٩٣١دا لەبارەی دۆزی کوردەوە لە وتارە سەرەکییەکەیدا باسی کردووە و دەڵێ: " کەسی لەوە گێلتر نییە وا بزانێ لە مەیدانەوە ونبوونی شێخ مەحموود دۆزی کورد کۆتایی پێ دەهێنێ ". هەروەها پەیامنێری ئەم

کۆواره لە بەغداوە ناردوویەتی و دەشێ ڕای شاندی باڵای بەریتانی بێ لە عێراق " بەڵام دۆزی گەورەی کورد شتێکی نوێم لەبارەیەوە نییە بیڵێم بەڵام هیچ هەڵەیەک نییە _ وەک ڕۆژگار دەری دەخا مەزنتر لەو بڕوایەی کە دۆزی هەرە گەورەی کورد هەر ئەو دۆزە ناوەخۆییە هیچەیە و بەس، مەبەستم دۆزی شێخ مەحموودە.

دۆزی هەرە گەورەی کوردیش دۆزی هەموو کورد و کوردستان بە خۆیەوە دەگرێ واتە ئەو وڵاتە کوردییانەی بەربەستە سیاسییە تورکی و ئێرانی و عێراقییەکان لێکیان جودا دەکاتەوە. ئینجا کۆواری فەلەستینی ناوبراو لە ٢٥ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٣١دا (لەبارەی سەردانی شا فەیسەڵەوە بۆ سلێمانی دوا بەدوای کۆتایی هاتنی شۆڕشی سێیەمی کورد کە شێخ مەحموود ئەنجامی داوە و وتارێکی بەبایەخی پێشکێش بە ژمارەیەکی زۆری پێشەوا کوردەکان کردووە، ئەم خاڵانەی خوارەوەی لێ وەردەگرین تا خوێنەری بەڕێز بە وتارەکەی شاندی باڵا لە عێراقدا لە ٢٤ی کانوونی یەکەمی ساڵی١٩٢٢دا بەراوردی بکەن. بۆ ئەوەی پەرەسەندنی سیاسیی دۆزی کورد لە عێراقدا تێ بگا: لێتان ناشارێتەوە کە ئاین هی خوایە و نیشتمان هی هەمووانە و هیچ فەرق و جیاوازییەکم لەلا نییە لەنێو دانیشتووانی وڵاتە خۆشەویستەکەمدا. نیشتمانیش بۆ هەموومانە، ئەم چیایانە و ئەم دۆڵە جوانانە موڵکی دانیشتووانی لیواکانی تری وڵاتی عێراقییەکانی کەیە، هەروەها هەر بستێک لەو لیوایانە دانیشتووانی ئەم لیوایە مافیان تێیاندا هەیە. لەوە زیاتر دەڵێم هەموو دڵۆپە خوێنێکی دانیشتوانی ئەم لیوایە لە خوێنی هەموو عێراقییانە و هەمووشیان بران لە نیشتیماندا و هیچ شتێک دوایان ناخاتەوە لە خزمەتکردنی. بەڵام ئاین و ڕێبازەکان هی خوایە و پێویستە لەنێو خوا و بەندەکانیدا لە ناو مزگەوت و کڵێساکاندا بمێنێتەوە.

## هۆکارەکانی شۆڕشەکانی کورد

بۆ ئەوەی هۆکارەکانی ئەو شۆڕشانەی کوردمان بۆ دەرکەوێ کە شێخ مەحموودی بەرزنجی لە کوردستانی باشووردا ئەنجامی دەدان، بەباشم زانی بەڵگە فەرمییەکان لە پیاوێلێکەوە کۆ بکەمەوە کە شارەزایی تەواویان هەیە، سا ئینگلیزبن یان کورد. پێشتریش هەندێکم لەبارەیەوە باس کرد، ئێستاش ئەوە کورت دەکەمەوە کە هاملتن لە کتێبی ڕێیەک لە کوردستاندا_کەیدا لەم بارەیەوەی نووسیوە و سەرچاوەکەی لەوەدا کابتن کلارک_ی حاکمی سیاسییە لە سلێمانی، کە باوەڕ پێکراوێکە لە زمان و نەریت و ڕەوشتی گەلی کورددا ئەمەش کورتەی قسەکەیەتی:

" ساڵی ١٩١٨ کە سوپای بەریتانیا چووە ناو کوردستان، شێخ مەحموود دۆستایەتیی لەبەرامبەردا نواند، بەڵام ئەوەندەی پێ نەچوو دوای ساڵێک لە دژی ڕاپەڕی و بەرگرییەکی سەختی کرد بەڵام بە دیل گیرا و دوور خرایەوە، ئینجا کە بینییان هێزێکی ڕاستەقینەی ناو نەتەوەکەی خۆیەتی، هێنرایەوە مەڵبەندی خۆی و بەڵێنی لێ وەرگرت شۆڕش لە دژی دەسەڵاتی بەریتانیا نەکا و بەڵێنەکەشی پاراست. کە سەرپەرشتیی بەریتانیا دەستی بە کشانەوە لەسەر عێراق کرد بە توندی نارەزایی دەربڕی و ساڵی ١٩٢٤ لە سلێمانی سەرەتاکانی ئاژاوە دەستی بە دەرکەوتن

کردەوە. بۆیە وەک حاکمێکی سیاسی فەرمانم پێدرا بچمە سلێمانی! بۆ ئەوەی شێخ بە قبوولکردنی بەڕێوەبەریەتیی عێراق قایل بکەم، پێم نەکرا لەبەرئەوەی سەرۆکە ناوخۆییەکان جەختیان لە شێخ دەکرد دەوڵەتێکی سەربەخۆ دابمەزرێنێ و بە قسەیانی کرد و حکوومەتی پێکهانی و پوولی پۆستەی تایبەتی زۆر دەگمەنی دەرکرد و حکوومەتەکەی دەستی بەکار کرد بۆ ئەوەی بە گوێرەی سیستمە بەڕێوەبەرێتییە خۆراواییەکان کار بکات و بەدوای پێشکەوتنی گشتیدا بچێ. کە شێخم بینی لەسەر بیرۆکەی خۆیدا سوورە بە ڕوونی بۆم دەرخست کە بەریتانیا ئارەزووی لێیە گوێرایەڵی حکوومەتی عێراق بێ و ئەنجوومەنی وەزیرانی هەڵبوەشێنێتەوە و بەڕێوەبەریەتییەکەی ئێستای کۆتایی پێ بهێنێ، خۆ ئەگەر بە پێچەوانەی ئەوە کاربکا ئەوا هەڵسوکەوتی شۆڕشگێڕی لەگەڵدا دەکرێ.

بێگومان لەسەر سووربوونی خۆیدا مایەوە، کە لەو بڕوایەدا بوو بەڕێوەبەریەتییەکەی چاکە، وەک هەر بەڕێوەبەریەتییەکی ڕۆهەڵاتیی تر و لە سلێمانیدا و لە ژێر چاودێریدا نیشتەجێبوونی بەسەرمدا سەپاند و هەر زۆرم لێ دەکرد بۆ گەڕانەوە بۆ بەغدا تا ڕێی پێدام. گەڕامەوە و ڕاپۆرتێکی سەربارم بەبارودۆخەکە پێشکێش کرد و هێزی ئاسمانیی شاهانە بە فەرمانگەلێکی سەخت بۆ لێدانی سلێمانی پێشڕەویی کرد و ئەو زیانانەی بە گەورە و گچکەی گەیاند، دڵخۆشکەرەوە نییە و هەروەها سوپای عێراقیش فەرمانی پێ درا ئەم ناوچە کوردییە داگیر بکا، بەڵام عەرەبی ڕۆڵەکانی دەشتەکان لەوە بێ دەسەڵاتتر بوون لە بەردەمی چیاییە شۆخەکاندا بوەستن، بۆیە فەرمان بۆ تیپە ئاشوورییەکان دەرچوو بۆ ئەم کارە پێشڕەوی بکەن، ئاشوورییەکانیش لە ئازایەتی و دلێریدا لە شەڕی چیاییدا وەک کوردەکانن. هێزی ئاسمانییش لەگەڵ ئەم تیپە بەشداریی کرد و شۆڕش کۆتایی هات و شێخ مەحموود کشایەوە بۆ سنووری ئێران.

لە ساڵی ١٩٣٠دا ئاڵای شۆڕش بۆ سێیەمین جار بەرزکرایەوە کە هەڵبژاردنی نوێنەران لەسلێمانی گزیی تێدا کرا و مافی سلێمانییەکان لە نوێنەرایەتی بەژێر لێوەوە کرا و شۆڕشەکەی دوو ساڵی خایاند ئینجا کۆتایی هات و وەک جاری پێشوو سوپای حکوومەتی باشووری لە ناوی نەبرد، بگرە ئەوەی لە ناوی برد هێزی فڕۆکەوانیی شاهانە بوو. لەم ماوەیەشدا شێخ بە دیل گیرا و درایە دەست بەڕێوەبەرێتیی عێراقەوە ".

*

پەڕاوێز:

(١) لە سلێمانی بووم کە زانیم یەک لە ناپاکە کوردەکان شوێنەکانی برا کوردەکانی بە سەرکردەی بەریتانی پیشان داوە و بەوەش یارمەتیی پێشڕەویی لەشکرەکانی بەریتانیی داوە هەروەک ئیفیالیت یارمەتیی لەشکرەکانی فارسی داوە.

(٢) ئەگەر شێخ مەحموود نەیزانیبایە لە شوێنێکی دڵنیاکەرەوەیە لە هێرشی دوژمنانیدا، خۆی وا بەبێ پاراستن نەدەهێشتەوە، ئەمەش پشتگیریی ئەوە دەکا کە ناپاک هەبووە ڕێ و شوێنی کوردانی بە دوژمن ناساندووە و ئاسانکاریی بۆ کردوون لە بەچیادا هەڵگژانی چیاکانی هەردوو لای دەربەندەکەوە.

# شانامەی کوردی
# چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب

### چەند سەرنجێک

یەکەم، ئەم وەرگێرانە لەسەر دەقی دەستنووسێکەوە کراوە کە هەتا ئێستا ئەم دەستنووسە بڵاو نەکراوەتەوەو بەپێی ئەو لێکۆڵینەوە و وەبەردانانەی من کردوومە بە یەکێک لە دەقە تەواوەکانی داستانی ڕۆستەم و زۆرابی شانامەی کوردی دەژمێردرێ. ئەم دەستنووسە ١٢٠ ساڵێک لەمەوبەر نووسراوە و هێشتا چاپ و بڵاو نەکراوەتەوە.

دووەم، وەرگێڕانی داستانی ڕۆستەم و زۆراب بەشێک لە پرۆژەی کتێبێک پێک دێنێ کە لەودا ئەم دەقە وەک خۆی لە شێوەزاری هەورامی یان گۆرانییەوە هێنراوەتە سەر ڕێنووسی نوێی کوردی. دەستنووسەکە لەگەڵ چەند نوسخەیەکی تری چاپکراوی شانامەی کوردی بەراورد کراوە. بێجگە لەوە تێکڕای نوسخەکانی شانامەی کوردی لەگەڵ دەقی فارسیی شانامەی فیردەوسی وەبەر دراوە و لێکچوون و جیاوازییەکانی نێوان شانامەی کوردی و فارسی دەرخراوە. هاوکات لەگەڵ چەند دەقێکی "ڕۆستەمی زاڵ" بە کرمانجیی ژووروو و کە بە لاتین بڵاو کراوەتەوە، بەراورد کراوە و لەوێشدا جیاوازی و لێکچوونەکان دەرخراون. هیوادارم لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەم کتێبە ئامادەی چاپ و بڵاوکردنەوە ببێت.

سێیەم، نووسەری ئەم چیرۆکە دیار نییە و لە دەستنووسەکەشدا ئاماژە بەوە نەکراوە. بەڵام بەگشتی هەتا ئێستا و لەسەر ئەو نوسخانەی تری شانامەی کوردی کە بڵاو کراونەتەوە زیاتر باس لە میرزا ئەڵماس خانی کەنوولەیی دەکرێ. دیارە یەکێکی تر لە مژارەکانی پرۆژەی ئەو کتێبە کە باس کرا، دیسان سەرنج دەدرێتە سەر ئەوەش. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت، لێرەدا کێشە هەیە. ئێستا زیاتر لە ٥٠ نوسخەی جیاوازی شانامەی فارسی هەیە. شانامەی کوردیش هەمان چارەنووسی هەیە و لانی کەم ئەو دوو شانامەیەی هەتا ئێستا چاپ کراون و بەم دەستنووسەی لای منیشەوە جیاوازیی بەرچاو لە نێوەڕۆکدا هەیە و بە هەمان شێوەش نووسەری جیاوازی شانامە.

..........................................................................

وەرگێڕانی لە هەورامییەوە: سیاوەش گۆدەرزی

چوارەم شت و وەک قسەی کۆتاییش، لەگەڵ ئەوەی ئەم چیرۆکە لانی کەم زیاتر لە هەزار ساڵ لەمەوبەر لە جیڤانۆکی کۆنی کورد و گەلانی تری ناوچە هەبووە، لەگەڵ ئەوەی تەمەنی ئەم دەستنووسە لە تەمەنی دەوڵەتانی تورکیا و عێراق و سووریا بەتەمەنترە و لە باری مێژوویی و ناسنامەی نەتەوەی کوردەوە، بۆ کورد گرینگییەکی زۆری هەیە. هاوکات بێجگە لەوە خوێندنەوەی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆرابیش بۆ خوێنەری ئێستای کورد گرینگیی تایبەتی خۆی هەیە. جیڤانۆکی ڕۆستەم و زۆراب یەکێک لە تراژیکترین چیرۆکەکانی نێو شانامەیە. عیمادەدینی دەوڵەتشاهی، لێکۆڵەرەوەی و ئەوێستاناس، دوای ٣٥ ساڵ لێکۆڵینەوە لە کتێبێکدا بە ناوی "ڕۆستەم و زۆراب بەپێی ئەوێستا" بەو ئاکامە گەیشت کە ڕۆستەمی پاڵەوان کورد بووە و چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب لە شانامەی فیردەوسیدا، هەمان دەقی "فەروەردین یشت"ی ئەوێستایە کە لەودا ڕۆستەم بە زمانی کوردی شینگێڕی بۆ زۆراب دەکا. بێجگە لەوە شوێن و هەڵکەوتنی ڕوودانی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب لە کوردستان رووی داوە. بێجگە لەوە کورد لە باکوری کوردستان هەر لە دێرزەمانەوە ڕۆستەمی زاڵ بەکورد دادەنێن.

ئێستا کە ڕۆستەم کورد بووە یان نا شتێک لە حاڵی کوردستانی ئێمرۆ ناگۆڕێ. بەڵام گرینگ ئەوەیە ئەگەر ڕۆستەم کوردیش نەبێ بەڵام چیرۆکی ژیان و بەسەرهاتی ئەو زۆر لە کورد دەچێ. ڕۆستەم دەبێتە پاڵەوان و خزمەتکاری شای ئێران، بەکاری دێنن، شەڕیان بۆ دەکا، دێویان بۆ دەکوژێ، سنووریان بۆ دەپارێزێ و تەنانەت زۆرابی کوڕیشی لە پێناو ئێراندا دەکاتە قوچی قوربانی. بەڵام پاداشت بۆ ڕۆستەمی کورد و کوردی ئێستا لەبن دەستی داگیرکەرانی کوردستان چی بووە و ئێستا چییە؟ لە یەک وشەدا هەمان شت دوێنێ و ئێمرۆش. کەواتە خوێندنەوەی ئەم چیرۆکە بۆ کوردی ئێستاش دوای زیاتر لە هەزار ساڵ دیسان سوودی خۆی هەیە ئەڵبەت ئەگەر دەرس و ئەزموونی لێ وەرگیرێ.

## چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب

ئەم چیرۆکە بەناوی یەزدانی خوڵقێنەری جیهان و مانگ و ڕۆژ و ساڵ دەست پێ دەکەم. ئەگەر یەزدان یارمەتیم بدا ئەوە چیرۆکی شەڕنامەی ڕۆستەم و زۆرابتان بۆ دەگێڕمەوە و بەو شێوەیە هەموو دۆستان شاد و بەکەیف دەکەم.

ڕۆژێک ڕۆستەم پاڵەوانی سەردەم بەخەمباری دانیشتبوو کە لە ناکاو ئەو پڵینگە هەستایە سەرپێ. جلی پێستی پڵینگی لەبەر کرد، قەڵغانی پۆلاینی پۆشی، کەمەند و کەمانی هیندی و دروستکراوی دەستی مامۆستایانی ناسراوی سەردەمی وێرای تیری خەدەنگان هەڵگرت. پێی لە ئەسپی چوون باڵندەی تەیاردا و بەمەبەستی ڕاو لە ماڵ دەرچوو. ڕووی لە دەوروبەری شاری سەمەنگان کرد. شێری ناودار و سوارچاکی لێهاتوو بەبێ ڕاوەستان لەو دەشت و سەحرایەدا ئەسپی تاو دا هەتا گەیشتە دەشتی نەخچیر. ماوەیەک لەو دەشت و دەرەدا سوڕایەوە. ژمارەیەک گۆڕی کێویی دی، ئەسپی بەرەو لایان تاو دا، ئەوانیش ڕەوین و هەڵاتن.

ڕۆستەم نەدیتراوی دەور و زەمانان تیرێکی لە لاقەدی دەرهێنا و لەسەر کەمانی دا و بە پەنجەی بەهێزی پەتی کەوانی ترازان، تیری بەرد سم لە سینگی گۆڕ دیواندیو بوو. بەپەنجە پڕ زۆرەکانی کەمەندی هاویشت و گۆڕی بریندار گرت. گۆڕەکەی سەربڕی، قاچ و دەستەکانی لێ کردەوە و پێستەکەی بە ئەنقەست لەو دەشتە فڕێ دا. دارێکی بە زۆر لە بنەوە هەڵکەند و گۆڕەکەی هەروەک مراوی پێوە کرد. ئاگرێکی لەو دەشتە کردەوە و هەرچی دار و پەلاشی هێنا بەجارێک سووتا. گۆڕەکەی کەباب کرد، زۆری چەرخاند هەتا برژا. هەموو گۆشت و ئێسکەکانی پێکەوە خوارد.

شەرارەی کەباب کاریگەری لەسەر مێشکی دانا و هات و لە شوێنێک لێی پاڵ کەوت. زینی ئەسپەکەی هێنا و کردی بەسەرین. هەر چەند ڕووانی کەس دیار نەبوو، هەر بۆیە لەو مێرگە ڕەخشەکەی بەرەڵڵا کرد. چەک و کەرەستەکانی شەڕی لە خۆی کردەوە، سەری لەسەر گورزەکەی دانا و لە ماندوویەتیی ڕێگە و لە تێری کەباب بەسەر گورزەکەیەوە خەوی لێ کەوت.

لەلای مێرگەکە، لەو شوێنەی ڕۆستەمی فیلەتەن خەوتبوو، ئەسپ هات و لە دەرووبەری ڕۆستەم خەریکی لەوەڕان بوو.

لە ناکاو دە سواری تورک کە بەمەبەستی ڕاو هاتبوون لەو ناوە پەیدا بوون. ئەوان لەو دەشتی نەخچیرە دەهاتن و دەچوون کە لە پڕ چاویان بە ئەسپی ڕۆستەم کەوت. تورکەکان بەبێدەنگی لە ئەسپ نزیک بوونەوە بەڵام هەرکە ئەسپ ئەوانی دی، لە تەکیان ملی لە شەڕ نا. بەرەو لای ڕۆستەم بە شێوەیەکی ترسناک حیلاندی بەڵام ڕۆستەمی پڵینگ لە خەوی گران وەخەبەر نەهات. سوارەکان کەمەندیان بۆ ڕەخش هەڵدەهاویشت و ئەسپی وریا و لێزانیش بەبێ ترس هێرشی بۆ دەبردن. بە چنگۆڵان سەری یەکێک لە سوارانی تورکی لە لەش کردەوە. دوای لێکردنەوەی سەری سێ کەس و کوشتنیان، ئاخرەکەی کەمەندیان کرد و لە داویان خست. هەر ئەو دەم بە پەلە و بێ ڕاوەستان بەو شەوە بە هەڵەداوان بەرەو توران تاویان دا و هەڵهاتن.

ڕۆستەم لە خەودا خۆی ڕاکێشا و هەروەک پڵینگی شەڕ لە خەو ڕاپەڕی و هەستایە سەرپێ. دیتی کە ڕەخشەکەی نەماوە بەڵام سەری سێ کەس لەو ناوە کەوتووە. هەرچی بەدەوروپشتدا نواڕی ڕەخش دیار نەبوو، لە تووڕەییان ڕەنگی گۆڕا و ڕق و قینی هەستا. پاڵەوانی سەردەم جلی پێستی پڵینگی لە بەری کرد، شمشێر، کەمەند و کەوانی لە خۆی بەست، زینی ڕەخش و گورزەکەی کرد بە کۆڵەوە و لەو هەردە چۆڵ و چۆڵەوانییە بەرەو شاری سەمەنگان وەڕێ کەوت. ڕۆستەم دەیوت یەزدان چیم بەسەر هات؟ چۆن شەرمەزاری لای دۆستان بووم و چۆن بووم بە پەند و قسەی ڕۆژگار؟ ئێستا زۆر کەس ئێژن چی بەسەر ڕۆستەم هاتووە، مردووە، یان ڕەخشەکەیان دزیوە؟ لە یەزدان دەپاڕایەوە و دەیوت گورز و گۆپاڵم بە کۆڵەوە گرتووە و زۆر پەرێشانم. ئەو تەنیا ئەسپ نەبوو هاوڕێ و دۆستی ڕێگەی چۆڵ و شەوانەی منیش بوو. لە ڕێگەی حەفت خوان و شەڕ لەگەڵ دێواندا گیانم بە ئەو بوو. ڕۆستەم بە شوێن پێی ئەسپەکەی لە ڕێگەدا لە فیکرەوە ڕۆ چووبوو و لەبەر خۆیەوە شوکری یەزدانی دەکرد و دەیوت: ئیتر وایە ڕۆژێک تۆ بە کۆڵ زینەوەی و

ڕۆژێکیش زین بە کۆڵ تۆوەیە. لەبەر قورسایی گورز و گۆپاڵ و قورسایی و باهۆی ڕۆستەم کە بە ڕێگەدا دەڕۆیشت، عەرد لە بن پێیدا دەلەرییەوە. بە دڵێکی پەرێشان و خەمبار و لەشێکی ماندوو، شوێن بەشوێن هەتا خاکی توران شوێنپێی ئەسپی هەڵگرت و ڕۆیشت.

بەیانی زوو کە شەفەقی دا و زەردەی خۆر لە کەل دەرکەوت، شاری سەمەنگانیش لە دوورەوە وەدیار کەوت.

لە کاتێکدا وەک چۆڕاوگەی باران عارەقە لە لەشی دەهاتە خوارێ، بە قین و تووڕەیی و غەم و کەسەرەوە لە دیواری شار نزیک بووەوە.

***

ژمارەیەک لە تورکەکان لە هاتنی ڕۆستەم خەبەردار بوون و چوون هەواڵەکەیان بە شای سەمەنگان ڕاگەیاند و وتیان لەو دوورەوە کەسێک دیارە کە هەر لە پاڵەوانی خەنجەروەشێن دەچێ. هەموو لەشی لە ئاسندا پۆشراوە و گورز و زینی بەسەر شانەوەیە.

شا وتی دۆستان ئەوە نەبێ و ببێ ڕۆستەمە بە پێیان هیلاک و دەروون پڕ لە خەم هاتووە. دەبێ لە دەشتی نەخچیر خەریکی ڕاوی کردبێ، کە خەوی لێ کەوتووە، ئەسپەکەیان دزیوە.

شا لەسەر تەخت هەستا و بە پەلە و هەڵەداوان وێڕای ژمارەیەک لە پیاوماقوولان بەرەو پێشوازیی ڕۆستەم چوون. ئاپۆڕای خەڵکی بەدەوری ڕۆستەم کۆڕیان بەست و کەوتنە ژێر خاک و بوون بە تۆزی بەرپێی.

شا وتی ئەی ڕۆستەمی زاڵ، بۆ وا حاڵت پەشێوە؟

پێم بڵێ کێ ئەمەی لەگەڵ کردووی، کێ لە دەشتی نەخچیر ڕەخشەکەی لێ دزیوی؟ کێ هەیە و کێ دەوێرێ پەنجە لە ڕووی تۆ بەرز بکاتەوە؟ ئەو کەسە کێیە و سەری بە کوێوە بەندە، کێ دەوێرێ توخنی تۆ بکەوێ؟

ڕۆستەم وتی گۆڕێکم برژاندبوو، سەرم بە گورزەوە نابوو و خەوم لێ کەوتبوو، کە وەخەبەر هاتم و هەستام دیتم کە ڕەخشەکەم لە جێی خۆی نەماوە. شوێنپێی ڕەخشەکەم هەتا شارەکەی تۆ هێناوە.

ئێستا یان ئەوەتا ڕەخشەکەم بۆ پەیدا دەکەی یان ئەوەتا شوێنپێی ڕەخشەکەم لەم شارە جیا دەکەیەوە. دەنا لە قین و تووڕەییمدا ئەم شارەت قەتڵ و بڕ دەکەم. لە گەورەوە هەتا نۆکەر، هەستن و ئەگەر لە حەفتەمین تەبەقی ئاسمانیش بووە، ڕەخشەکەم بۆ پەیدا بکەن.

بەو یەزدانە بێ هاوتایە، ئەگەر بێتو ڕەخشەکەم بۆ پەیدا نەکەن لەم شارە لافاوی خوێن هەڵدەستێنم. تۆش لە خوێنی خۆتدا دەگەوزێنم و بە زەبری شمشێر لەت و پارت دەکەم. ئەم کۆشک و دیوار و دەروازەی شاری سەمەنگانە، لەژێر زەبری گورزمدا دەڕووخێنم.

شا کە ئەمەی بیست زۆر ترسا و هەروەک بی ناو ئاو لەرزی. وتی ڕۆستەم وەرە با ئیمشەو بە شادی و خۆشی بەسەر ببەین، بەڵێن بێت هەر چۆنێک بووە بەیانی زوو ڕەخشەکەت بۆ پەیدا بکەم.

وەرە با ئیمشەو هەتا بەیانی بەزمێکی خۆش ساز بکەین، بخۆینەوە و و گوێ لە دەنگی مۆسیقا و گۆرانیی دڵبەران بگرین. بەڵێن بێت بەیانی زوو ڕەخشەکەت بە هەموو کەرەستەیەکەوە بۆ حازر دەکەین و دەیهێنینە خزمەتت. وەک باوە و دەڵێن؛ بەتوندوتیژی کار بە ئەنجام ناگا، بە قسەی خۆش مار لە کون دێتە دەر.

تۆ میوانی خۆشەویست، هەڵبژاردە و بینایی چاوانی منی، بەخێرهاتی سەرچاو بۆ لامان. هەموو ماڵ و موڵک و زێڕ و شتی نایاب و هەموو کچەکانمان لە خزمەتتدان. تۆ چۆنت پێ خۆشە و چۆنت دەوێ، بۆ خۆت سەربەست بە، بەڵام ئیمشەو هەتا بەیانی لامان میوان بە و ئێستا بۆ ڕەخشەکە خۆت سەغڵەت و دڵتەنگ مەکە.

ڕۆستەم دوای بیستنی ئەم قسانە، دەرد و ژانی لا ڕەوییەوە و ڕووی لە قەسری لاجەوەردی شا کرد. هەموو تورکانی ئەتڵەسی لە بەر، کەمەر بەستراوانی گوارەی زێڕ لە گوێ بۆ دیتنی ڕۆستەم ڕیزیان بەستبوو.

کۆشکی شاهانە شین وەک جەواهێر، خشتەکان بۆنی گوڵاویان دەدا، پاڵشتەکان بەرگیان لە زێڕ گیرابوو، فەرشی وەک دیبای لە چین چێندراو ڕاخرابوو، عەنبەری گوڵ ئاوێزان، ناوەوەی کۆشکیان ڕازاندبووەوە. بۆنی موشکی ناف ئەو ناوەی پڕ کردبوو. کۆشکێکی پڕ لە گەنجی بێ زەحمەت وەدەستهاتوو. ڕۆستەم چوو لە پەنای تەختی پادشا لەسەر کورسیی زێڕین دانیشت.

بە تاریکداهاتنی هەوا و هاتنی شەو بە هەزاران چرا و فانۆس داگیرسان. مەشخەڵ بەدەستان لە هاتوچۆدا بوون. چاوخومارانیش بە خواردنەوە مەست و ئەوەندەی تر خومار و سەرخۆش بوون. ساقی پەیتاپەیتا پیاڵەی شەرابی پڕ دەکردەوە. سۆزی دەنگی گۆرانیبێژان و ئاهەنگی ساز هەتا ئەوپەڕی ئاسمان و کاکێشان دەڕۆیی. سەرکێش و مەستان لە مەی و کەباب ئەوەندەی تر سەرمەست بوون. ڕۆستەم لەو هەموو بەزم و ڕەزمەی نێو کۆشک و حەیران و سەرسوڕماو بوو، بە گوێگرتن لە مۆسیقا ڕەوینەوەی دەرد و پەژارە، وردە وردە خەو تینی بۆ هێنا.

کۆڕی بەزم و ڕەزمی بەجێ هێشت و چووە ژووری ئاوێنەبەندی حەسانەوە. ڕووناکاییی جوانی چراخانی گەوهەرئاسا، هەروەک پرشنگی خۆر لە ئاوێنەبەندا شەوقی دابووەوە. مەستی بادە، هێمن و ئارام خەوی لێ کەوت.

***

کچی پادشا، تەهمینە، لە جوانیدا وەک مانگی چواردە دەدرەوشایەوە، دوو ئەبرۆی ڕەشی قەڵەم کێشراو و برژانگی وەک ئەڵماس، خاڵگەلی شینی فیرووزەئاسا و زولفی وەک کۆگای عەنبەر، لێوانی وەک یاقووت و ددانی وەک گەوهەر، باڵای وەک پەریزادی نێو پەریان و لە جوانیدا وەک ئەستێرەی زوهرە و مشتەری دەدرەوشایەوە.

تەهمینە لە نیوەشەودا وەخەبەر هات، هەوای دیدار و چوونە لای ڕۆستەمی کەوتە سەر. جلی بۆن گوڵاوی لەبەر کرد. شەمێکی داگیرساند، بەیداخێکی وەک ئاڵای عەنبەرین لە خۆی هاڵاند و

چوو بۆ لای ڕۆستەم. کاتێک بە پەنجەکانی وەک شمشاد، شەمی بەدەستەوە گرتبوو وەک خۆری ڕۆئاوا دەچوو.

بە جلی ئاڵاوواڵای تازەوە، بە نازەوە خۆی لە ڕۆستەم نزیک کردەوە. لە ژوورسەری ڕۆستەم دانیشت و دەستی بە شەرمەوە بەسەر دموچاوی ڕۆستەمدا خشاند.

ڕۆستەمی مەست وەخەبەر هات و دیتی جوانێک وەک نووری چاوان لە تەنیشتییەوە دانیشتووە.

ڕۆستەم وتی ئەی سەوڵی سەرئەفراز بۆچی هاتووی و نیاز و مەبەستت چییە؟

تەهمینە وتی نووری چاوانم هاتووم پڕ بەدڵی خۆم بتبینم.

بیستبووم گۆڕێکت برژاندبوو لە لێزانی و هونەرمەندیتدا هەمووت بەتەنیا خواردبوو. ڕۆستەم تۆ ئەو کەسەی ڕێگەی حەفتخوانت تەخت و داگیر کرد و هەموو جیهان بە تاقی تەنیا و تاکە سوار گەڕای. نە ئەڵکۆسی تورک و نە ئەفراسیاب هیچ کامەیان توانای خۆڕاگرییان لە بەرانبەر تۆدا نەبوو. دەستت بەسەر ئێران و توراندا گرت و دەستی حەفتا و دوو دێوت بەزۆر لە پشتەوە بەست. لەمێژە خەیاڵ و سەودای تۆم کەوتووەتە سەر و لە دووریی تۆ ساڵ و مانگم بە غەم و خەفەت تێپەڕاندووە.

هەر لە کەونارانەوە، لە پادشایانی کەیانی بەدواوە هەتا ئێستا نموونەی جووتی وەکو من و تۆ نەبووە و پەیدا نابێت.

من تەهمینە کچی پادشای سەمەنگانم، هەڵبژاردەی چاوانی هەموو خەڵکی جیهانم. شاهان بەداخ و حەسرەتەوە دەکەونە بەرپێم و هەموویان گیرۆدە و بچووکی زولفە ڕەشەکانی منن.

هێشتا بەژن و لەش و لارێکی تری وەک من، هێشتا خاڵی جوان و بێخەوشێکی تری وەک خاڵانی سەر ڕوومەتی من نەدیتراوە.

ئەگەر بتەوێ لە باوکم خوازبێنیم بکەی ئەوە شاد و کامەران و بەئاواتی خۆم دەگەم. ئەوەش بزانە ڕۆڵەیەک لە من و لە تۆوی تۆ ببێت ئەوە بێگومان ئێران و توران لە بەردەمیدا دەبنە کۆیلە و گوێڕایەڵ و ملکەچی دەبن.

تەهمینە ئەمەی بە ڕۆستەم وت، هەستا و لێی دا ڕۆیشت و پاڵەوانی بە تەنیا بەجێ هێشت.

ڕۆستەم یەکجێ ئەڤینداری تەهمینەی پەری ئەندام بوو، وەزیری بۆ لای پادشا نارد کە بۆ کارێکی زۆر پێویست و بەپەلە بێتە ژووری "ئاوێنەبەند". پادشا لە خەو هەڵسێندرا.

پادشا ترسا و فەرمانی دا کە هەموو پاڵەوانەکان حازر بن نەکا ڕۆستەم بەم شەوە بە تەمای کوشتنی بێت. هەموو بەگزادە و پشتێن جەواهێرەکان هاتن و بە پەلە لەگەڵ شا خۆیان گەیاندە ئاوێنەبەند.

ڕۆستەم لەگەڵ پادشا دەستی بە ئاخافتن کرد و وتی وەرە با من و تۆ پێوەندییەک پێکەوە ببەستین و شادی و کامەرانی بەجێ بێنین. ئەگەر لە باخچەکەت گوڵێکمان پێشکێش بکەی، ئەوە گەورەیی و شکۆمەندیت لەلام ڕوون و ئاشکرا دەبێت. پادشا وتی ڕۆستەم؛ ئەگەر تۆ بتەوێ ئەوە

هەم تەختی شاهی و هەم کچەکەشم لە خزمەتی تۆدان.

قازی بانگ کرا و بەپێی یاسا پێوەندیی ژن و شوویی ڕۆستەم و تەهمینە خوێندرایەوە. سەرەنجام بە ویستی یەزدانی کارساز و کارڕێکخەر، ڕۆستەم تەهمینەی بردە ژووری پەردە. ڕۆستەم لە بینینی لێوانی یاقووت، ڕوومەت، زولف و خاڵەکانی تەهمینە بەجارێک شێت و شەیدا بوو. تاوێک ماچی لێوی وەک یاقووتی بێگەردی دەکرد و تاوێک دەستی بۆ نێوان مەمکانی وەک شەمامەی زەرد دەبرد. ئەو شەوەیان بە شادی و خۆشی و کامەرانی بردە سەر. هەتا دەمەوبەیان تاوێک ڕاز و نیاز و تاوێک شەربەت نۆشین لە گوڵزاری لێوان درێژەی هەبوو.

لای بەیانی، ڕۆستەم یاقووتێکی، گرانبەها، ڕوون و زوڵاڵ و ساف وەک گەوهەری بن دەریا، یاقووتێک لە خەزێنەی کەیکاوس شای لە باڵ دەرهێنا و دای بە تەهمینە و وتی؛ ئەگەر یەزدان منداڵێکی پێ بەخشین، ئەگەر کچ بوو لە قژی ببەستە و ئەگەریش کوڕ بوو لە باسکی ببەستە با وەک نیشانەی باوکی لەلای خۆی بیپارێزێ. ناوی زۆرابی لێ بنێ. کە تەمەنی گەیشتە حەوت و هەشت ساڵان بینێرە مەکتەب با بەعەقڵ و فام و تێگەیشتوویی پەروەردە بکرێ. دواتر فێری گورز و کەمەند بکرێ، هونەر و فەنی پاڵەوانی بزانێ و با لە ئازایەتیدا وەک سامی نەریمان و لە لێزانی و هونەرمەندیدا نموونەی وەک ئەو لە جیهاندا پەیدا نەبێت.

تەهمینە دوای بیستنی ئەم قسانە و ئاگەداربوون لە چوونی ڕۆستەم بەجارێک خەم دایگرت و وتی ئەی ڕۆستەم دوای ڕۆیشتنت دەردم کاری دەبێ و ئیتر شەو و ڕۆژ شین و زاری دەبێتە میوانم. ئیتر من لە دوای تۆ دڵ بەکێ خۆش بکەم؟ ئەی ڕۆحی ڕەوانم، ژیانم بەبێ تۆ تاریک و لێڵ دەبێ و لە دووریی تۆ لە گریان و فرمێسک ڕشتندا سۆمای چاوەکانم دەشۆردرێتەوەو لەنێو دەچن.

ڕۆستەم بەدەم پێکەنینەوە وتی هەی گێل و ئاوەز لە سەر نەماو، پاراستنی هەموو خاکی ئێران لە هێرشی توران لە ئەستۆی مندایە. من بە خۆم و ڕەخشەکەمەوە دەبێ هەمیشە و دایم لە گەڕاندا بم هەر دوژمنێک لە هەر لایەکەوە ئەگەر بەتەمای هێرش بۆ سەر ئێران بوو، دەبێ سەرکوتی بکەم. هەر کەسێک لە هەر کوێیەک هات و بانگەشەی پاڵەوانیەتیی کرد، ئەو کەسە با لەسپێشدا نیشانەی مردنی خۆی بۆ لای تۆ بنێرێ. ئەرکی من ئەوەیە هەموو کەسێک بخەمە ژێر ڕکێفی کەیکاوس شا.

تۆ لای خۆت خاترجەم بە و هیچ خەم مەخۆ، بە شادی و خۆشی لە ماڵە باوکی خۆت بیگوزەرێنە، مەیل و حەزی تۆ لەلای من تۆزقاڵێک کەم نابێت. ئەگەر یەزدان یارمەتیمان بدا، ئەوە چارەنووسی من و تۆ پێکەوە بەستراوە و هەر بۆ یەکتری دەبین. ئەگەر نەمامی من لەلای تۆ شین ببێ، ئەوە خۆت و منداڵەکەم بەیەزدان دەسپێرم.

ڕۆستەم لە دوای وتنی ئەم قسانە بە تەهمینە، ناوی یەزدانی برد و داوای ڕەخشەکەی کرد. تورکان بەپەلە بە ڕێز و بەگیان ڕەخشەکەیان بە زینکراوی و ئامادە بۆ هێنا و ئەویش دوای ماڵئاوایی لە پادشای سەمەنگان بەرەو تەختی پادشای ئێران وەڕێ کەوت.

که ڕۆستەم گەیشتە خاکی ئێران هەموو دلێر و پاڵەوانانی ئێرانی هاتنە پێشوازیکردنی. کەیکاوس پرسی ڕۆستەم دیار نیت، بزانە کە بەبێ تۆ تەختی شاهی من سەرەوژێرە و دەسەڵاتی پادشایەتیی من شایانی تۆیە.

ڕۆستەم وتی ئەی پادشا خەبەرت نییە کە چ بەسەرهاتێکم بەسەر هات. لە دەشتی نەخچیر تامەزرۆی ڕاو بووم، گۆڕێکم کوشت و کەبابم کرد، دواتر خەوم لێ کەوت. کە وەخەبەر هاتم، ڕەخش نەمابوو بەڵام سەری سێ مرۆڤ لەو ناوە کەندرابوو. ڕقم زۆر هەستا و بەشوێن ڕەخشدا گەڕام، ئاخرەکەی ڕەخشم لە وڵاتی توران پەیدا کرد.

دواتر ڕۆستەم بەرەو سیستان بۆ زێد و مەکان و تەخت و ماوای خۆی وەڕێ کەوت و خۆی گەیاندە لای زاڵ، باوکی و ئیتر ڕووداو چیرۆکی خۆی لە سەمەنگان لە بیر کرد.

***

تەهمینەی جوان و سۆسەن خاڵ بەخەفەت و ژانی دوور لە ڕۆستەمەوە دووگیان بوو. دوای نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ، منداڵێکی بوو ناوی نا زۆراب. مزگێنییان بۆ ڕۆستەمی زاڵ برد کە منداڵێکت بووە وەک مانگی چواردە. ڕۆستەم بە بیستنی ئەم هەواڵە زۆر خۆشحاڵ بوو، شوکرانەبێژی کرد. چەند باری ئەسپ جەواهێر و بەردگەلی قیمەتی و هەژمارێک یاقووت و گەنجینەی گرانبەهای ڕەوانەی توران کرد. ڕۆژ و مانگ تێپەڕی و زۆراب بوو بەساڵێک، لە بێچم و شێوازدا هەر لە ڕۆستەمی زاڵ دەچوو. کە یەک ساڵ بوو وەک دوو ساڵان دەچوو، کە پێنج ساڵان بوو، سەرقەواڵە و بەهێزی نێو منداڵان بوو، منداڵانی هاوتەمەنی خۆی هەڵدەگرت و وای بە عەرزدا دەدان، کە لە گۆ و زمانی دەخستن. بە دەستە پڕ زۆرەکانی سەری لە لاشە دەکردەوە و لەنێو ناودار و پاڵەوانانا کەس هاوتای نەبوو. تورکەکان بەتەواوەتی لە دەستی جاڕز و وەڕەز بووبوون بەڵام کەس نەیدەوێرا توخنی بکەوێ. ئیرەییبان پێ برد و لە داخان پێیان وت؛ تۆ زۆڵی و کەس نازانێ باوکت کێیە؟ دایکت خەتاکار بووە و کەس نازانێ ئەسڵ و فەسڵی تۆ چییە؟

زۆراب بەبیستنی ئەمە لە ڕک و قیندا ڕەش هەڵگەڕا، چوو بەربینگی دایکی گرت و بەتوندی بەسەریدا گوڕاندی: پرسیارێکم هەیە و دەمەوێ وەڵامی ڕاستم بدەیەوە. من پاڵەوانی نێو پاڵەوانانم و کەس بەهاوشانی خۆم لە وڵاتی توراندا نازانم، بەڵام باوکی من کێیە؟ ئەگەر بێتو ڕاستم پێ نەڵێی، ئەوە بە زەبرێک تووشی ناکامیت دەکەم. ئەگەر دەتەوێ من خۆشحاڵ ببم، من کە ناوم زۆرابە ناوی بابم چییە؟

دایک وەڵامی دایەوە ئەی هەڵبژاردە، ڕۆڵەی ناودار و هەی ڕووناکاییی چاوانم. بە قسەی پیاوخراپ و بەدخوازەکانی شەڕ، خۆت سەغڵەت مەکە و بەدگومان مەبە. بابت ناوی ڕۆستەمە، پاڵەوانێک کە شێران لەبەر تاوی ژانی شمشێری دەناڵێنن. ئەو کەسێکە هەر لە حەفت خوانەوە هەتا مازەندەران، هەموو وڵاتی لە جادووگەران پاک کردەوە.

زۆراب بەبیستنی ئەمە شادی و خۆشی لە دڵیدا گەڕا و لە خۆشیدا وەختابوو سەری لە حەفتەمین تەبەقی ئاسمانی بدا. وتی کە وایە من کوڕی کەسێکی ئاوا بم. زۆراب کوڕ و ڕۆستەم

باوک بێت ئەوە ئێران و توران بە لامانەوە وەک مشتێک خاک وایە. لەشکر کۆ دەکەمەوە و هێرش دەکەمە سەر وڵاتی ئێران. گیو، گۆدەرزی گورزوەشێن، توس، کەژدەهەم، بارام، شا، گورگین و هەموو کوڕانی کەیانی یەکیان بەسەر عەرزەوە ناهێڵم. کە ئێرانم داگیر کرد ڕۆستەم دەخەمە سەر تەختی شایەتی و دواتریش پاشایەتیی توران دەڕووخێنم و بۆ خۆم لە جێگەی ئەفراسیاب پاشا دادەنیشم.

تەهمینە فەرمانی دا، لەشکرێک لە تورکانی چینی کۆ کرایەوە و دەنگ و خرۆشی شەڕ و نەبەرد لە هەموو لایەک بەرز کرایەوە. لە خەزێنە جەواهێرێکی زۆر تێچووی ئامادەکاری شەڕ کرا و دەستە دەستە و تیپ تیپ لەشکر ڕیزی بەست.

فەرمان درا چی ڕەوەئەسپ لە وڵاتی توران هەیە کۆ بکرێتەوە، لە بن زرمەی پێی ئەسپان هەموو عەرز دەلەرییەوە. زۆراب دەست بە کەمەندەوە چووە ناو ئەسپان، یەک بەیەک ئەسپی دەگرتن و تاقیی دەکردنەوە، بە دەست تەوژمی دەخستە سەرپشتی ئەسپەکان، تاقەتیان نەدەما، سست دەبوون و دەکەوتن. لەنێو ئەو هەموو ئەسپەدا، ئەسپێکی باشی شایانی خۆی نەدیتەوە. لە ناکاو گەنجێک پەیدا بوو و وتی من ئەسپێکم هەیە وێنەی لە جیهاندا پەیدا نابێت. ئەو دەمە ڕەخشەکەی ڕۆستەم لێرە بوو، ماینەکەی منیش بەفاڵ بوو، ئێستا ئەم ئەسپەی من لە تۆوی ڕەخشەکەی ڕۆستەمە.

ئەسپێکە لە بازداندا وەک برووسک وەک بایش تیژڕەو، ئەسپێکە کە تەنیا شایانی پادشایانی گەورەیە. ئەسپیان هێنا بۆ زۆراب، ئەسپی بەتاقی کردەوە، تۆزقاڵێک چییە لەژێر تەوژمی دەستی زۆرابدا نەبزاوت. زۆراب ئەسپی پەسند کرد و وتی بۆم زین بکەن.

***

بەیانی زوو لە کاتی قوولاندنی کەڵەبابدا، تورکان هەستان و لە تەپڵیان دا. زۆراب هەستا و خەفتان و کەرەستەی شەڕی لە خۆی بەست. بە لێدانی تەپڵ و ژەنینی کەڕەنا، لەشکر شاری سەمەنگانی بەجێ هێشت. کە لەشکر گەیشتنە ڕووباری جەیحوون و بەلەم لە ئاو خرا، خەبەر بۆ ئەفراسیاب شای توران گەیشت کە وا لەشکری زۆراب لە چۆم پەڕییەوە و گەیشتە سنووری ئێران.

شای وڵاتی توران هەزاران ئافەرینی بۆ زۆراب نارد. فەرمانی دا دەرکەی خەزێنە بشکێندرێ و هومان و بەهرەمان پاڵەوانانی تۆرانی وێرای بردنی چەند بار جەواهێرات، لەشکرێکی سی هەزار سواری ئامادە بکەن و خۆیان بگەیەننە زۆراب. شا بە هومانی ڕاسپارد کە ئەو لە ڕۆستەم بە ڕق و برینداره. نابێ بە هیچ کلۆجێک زۆراب بە ڕۆستەم بناسێندرێ و لە یەکتری ئاشکرا بکرێن. با ڕۆستەم بەدەستی خۆی زۆرابی کوڕی بکوژێ و داغدار ببێ.

لە چۆمی جەیحوون لەشکری هومان خۆی گەیاندە زۆراب و هەردوو لەشکری تۆرانی یەکانگیر بوون و بەرەو ئێران ڕۆیشتن. دوای دە ڕۆژ و دە شەو تاودانی ئەسپ ئاخرەکەی لەشکر گەیشتنە سپی قەڵا.

***

پاڵەوان و دەسەڵاتداری قەڵا کەسێک بوو بەناوی هەژیر کە بەفەرمانی گۆدەرزی کەشواد ماوەیەکی ئێجگار زۆر بوو بەشادی و کەیفخۆشی لەو قەڵایە نیشتەجێ بووبوو.

هەواڵی هاتنی زۆراب گەیشتە هەژیر و پێی ڕاگەیاندرا کە هەر لە بەحری جەیحوونەوە هەتا سپی قەڵا و تەپوتۆز و خۆڵی هاتنی لەشکری تورکان ئاسمانی داپۆشیوە.

هەژیر بەبیستنی ئەم هەواڵە ڕق و تووڕەییی هەستا و هەر زوو جل و کەرەستەی شەڕی لە بەر کرد، قەڵغانی کردە شان، کەمەربەندی بەست، نێزەی بەدەستەوە گرت و ڕووی لە مەیدانی شەڕ کرد. هەژیر بەسەر تورکاندا گوڕاندی و وتی با پاڵەوانێکتان هەر ئێستا بێتە مەیدانی شەڕ! ئەم لەشکرە لە کوێوە هاتووە و سەرۆکتان کێیە؟ ئێستا نە لەشکر دێڵم و نە سەرلەشکرتان!

زۆراب بەبیستنی ئەم قسانە، لە تووڕەییدا ڕەش هەڵگەڕا،

ئەسپەری کردە شان، تیروکەوانی لە کەمەر بەست و بەرەو هەژیر غاری دا.

هەژیر پێی وت کابرا ناوت چییە؟ دەزانی تۆ بە پێی خۆت، خۆت لە تەڵە و داوی نەهەنگ خستووە! ئەگەر هاتوو تۆ لە دەستی من ڕزگارت بوو ئەوە هەموو تاج و تەختی کەیکاوس شات پێشکێش دەکەم.

هەژیر پاڵەوانی لێهاتوو دەستی برد بۆ نێزە و زەبرێکی لە کەمەربەندی زۆراب دا. نێزەی ترسناک لە بەرپشتێنی ئەڵماسبەندیدا هیچ کاریگەرییەکی لە زۆراب نەکرد.

کە نۆرەی زۆراب هات لەغاوی ئەسپی جووڵاند و پێی لە ڕەکاوی ئەسپ دا و لە جووڵانەوەیەکی خێرادا بەپەنجەی پڕ زۆر و باسکی بەهێز لە پشتێندی هەژیری دا، لەسەر زینی ئەسپ هێنایە خوارەوە و دەستبەجێ دەست و لاقی بەست و بە سەری شکاو و زنجیر لە مل بردی بۆ لای هومان.

هەڤالانی هەژیر بەدیتنی ئەم دیمەنە، لە سەربانی قەڵاوە کردیان بە هاوار و شین و زاری. خوشکی هەژیر لە تووڕەییدا هەروەک قیڕ لە ڕق و قیندا ڕەش هەڵگەڕا. کەرەستەی شەڕی لە خۆی دا و بەدڵێکی غەمین و پەژارەوە چووە لای باوکی وتی: ئیزنم بدەیە کە منیش هەروەک پیاوان، تۆڵەی هەژیر بکەمەوە و ئەو پاڵەوانە بە دیل بگرم.

باوک ئیزنی بە کچ دا کە بچێتە مەیدان. خوشک لە کاتێکدا جەرگی وەک کەباب بۆ براکەی هەڵدەقرچا هەموو کەرەستەی شەڕی ئاسنبڕی لە خۆی دا، زوڵفەکانی لەژێر کڵاو ئاسنیندا شاردەوە و چل دانە خەدەنگی لەبەر پشتێن کرد کە پەیکانی هەر کامەیان دوو مەن قورساییيان هەبوو.

ئەسپی زین کرد، سواری ئەسپی هەڵبژاردەی ساڵ بوو، هەروەک شێری سەرمەست هاتە مەیدانی شەڕ و گوڕاندی: هەی تورکانی بێ عەقڵ و فام، هەر ئێستا سوارێک هەڵبژێرن کە بێتە مەیدانی شەڕم. ئیمڕۆ کاتی شەڕە، کامەتان لێزان و لێهاتوو و شەڕکەرە با بێتە مەیدان؟

زۆراب دیسان بەبیستنی ئەم قسانە لە ڕقان ڕەنگی گۆڕدرا و هاتە مەیدانی شەڕ. کچ گوڕاندی و دەستی دا بە تیروکەوان و لە جێدا چل دانە خەدەنگی تیژی، مووقڵێشی، تازە هەساندراوی

ژاراوی یەک بە دوای یەکدا لە زۆراب دا. کە خەدەنگەکانی تەواو بوون ئەوجار نۆرە کەوتە زۆراب. ئەژدیهای سەردەم بەپەنجە پڕ زۆرەکانی کەمەندی حەوا دا و کچی لە بەرکۆبەی زینەوە هێنایە خوار و سەرەوژێری کرد. ڕاست لەو کاتەدا کڵاوی ئاسنین لە سەری کچ کەوت. دوو زولفی قەڵەم کێشراوی وەک قەتران ڕەش، برژانگی وەک ئەڵماس دەرکەوتن. کچ کە لە مەیدانی شەڕ بەزیبوو و ئەوجار بە فێڵ و تەڵەکەوە کەوتە قسەکردن و وتی: ئەی گەنجی ئاکار پیاوانە، ناوت لە جیهاندا هەر بە بەرزی بمێنێتەوە. ئەگەر بێتو بمکوژی ئەوە دەڵێن پاڵەوانی شا ئەفراسیاب لەگەڵ کچێک لێبووردوویی نەبووە و کوشتوویەتی. تەنانەت ئەوە کە خەڵکی بزانن تۆ لەگەڵ کچێک شەڕت کردووە، بە هەموو وڵاتدا بڵاو دەبێتەوە، یەکەم شەرمەندەی هەڤاڵەکانت دەبی و دووەم دەبی بەجێی پەند و ناتۆرەی ئێرانییەکان. ئێستا هەژیر لەلای تۆ کۆت و زنجیر کراوە، منیش هەتا دەمرم دەبم بە کۆیلەت. ئەگەر ئیزنم بدەی و بگەڕێمەوە بۆ قەڵا، هەرچیت لە گەنج و ماڵ ویست بۆت دێنم.

زۆراب بەبیستنی ئەمە زۆر خۆشحاڵ بوو و هەر لەوێ عاشقی زولفە ڕەشەکەی بوو. کەمەندی لێکردەوە و کچ ڕزگاری بوو. بە سەربەرزی بەرەو قەڵا گەڕایەوە.

لەنێو قەڵادا چووە سەر بورجی بەردینی هەرە بەرز و بەدەنگی بەرز ڕوو لە زۆراب قیڕاندی: هۆ پاڵەوانی بێ عەقڵ و فام، هەتا خاکت وەسەر نەبووە لەم وڵاتە برۆ، لێرە، لە جێی شادی و خۆشی تووشی خەتەر و مەترسی دەبیت. کە نەڕۆی، خەبەر بۆ کەیکاوس شا دەنێرم کە لەشکرێکی گەورەت بکێشێتە سەر. ئەگەر بێتو ڕۆستەمی ڕۆڵەی بنەماڵەی سام، بێتە شەڕت ئەوە هەر زوو کارت تەواوە.

زۆراب کە ئەمەی بیست لە قیندا ڕەش هەڵگەڕا و وتی: هەی ڕێ لێونبووی جادووگەر، نەمزانی کە وا فێڵ و تەڵەکەت لێ کردم، دەنا قەد لە کۆت و بەندم ڕزگارت نەدەبوو. ئێستا وا خەریکە هەوا تاریک دەبێ و وەختی شامە، ئەڤیندارانیش لە کاتی وا ناچنە شەڕەوە. بەڵام، بەیانی زوو بە هێز و باهۆم، ئەم قەڵا بەردینە بە دەروازە و حەوشەوە لەژێر زەبری گۆپاڵمدا دەڕووخێنم. ئەو دەم پێت دەڵێم کە شەڕی شێران چۆنە و شای ئێران کێیە؟

کچ دوای بیستنی ئەم قسانە، بە ترس و بیرکردنەوە لە بورجی قەڵا هاتە خوارەوە و چوو بۆ لای باوکی. باوکی لە ئامێزی گرت و وتی: ڕووت سپی کردم و تۆ توانیت نامووست لە دەستی پیاوان ڕزگار بکەی!

کچ وتی بابە قەت شتی وام لە تەمەنمدا نەدیوە، پاڵەوانێکە لە شەڕکردندا هەر لە ڕۆستەمی سامی نەریمان دەچێ، لە لێزانیدا کەس لە جیهاندا لە وێنەی پەیدا نابێت. هەر دەڵێی تایبەت بۆ کوشتنی کەیکاوس شا هاتووە.

سەد تیرم پێوە نا، دانە دانەش تیرەکان هەروەک نەشتەر ئێسکیان سمی بەڵام لێی کاریگەر نەبوو. ئەوەندە شەڕم کرد ماندوو و هیلاکم، بە فێڵ و تەڵەکەبازیش لە دەستی ڕزگارم بووە. ئێستا هیچ چارەیەکی لەگەڵ ناکرێ. هەژیر بە دیل گیراوە و جێگەکەی بەتاڵە، تەنیا چارەمان ئەوەیە کە

قەڵا بەجێ بێڵین و کۆچ بکەین.

***

باوکی هەژیر بەم بەسەرهاتە گەلێک تووشی سەرسوڕمان و حەپەسان بوو، داوای کرد وەزیر بێتە لای و نامەیەک بۆ کەیکاوس شای ئێران بنووسێ. وەزیر وێڕای ئاواتەخوازی شادی و سەرکەوتن بۆ شا نووسی: گەنجێک لە وێنەی پڵینگ بە هاوڕێیەتی لەگەڵ هومان و بارەمان لەلایەن شا تورکان، شا ئەفراسیابەوە، بە لەشکرێکی گەورەوە هێرشی کردووەتە سەر ئێران. سەرلەشکرێکی گەنجی تەمەن پازدە ساڵان، کە کاتێک شمشێری هێندیکار دەوەشێنێ، نەهەنگ لە دەریا ئۆقرەی لێ دەبڕێ. لە تورانەوە بۆ ئەوە هاتووە کە تاج و تەختی پادشایەتیی ئێران تێک بدا. هات هەژیری بە دیل گرت و قەڵای لێ داگیر کردووین. هەموو پاڵەوانانی سنوورنشین، یەک بە یەک لە بەرامبەریدا خەمبار و دەستەوەستان ماون و ئیتر تاقە سوارێک لەم دەڤەرە نەماوە کە وورەی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ هەبێت و بچێتە مەیدانی شەڕی ئەو.

ئەگەر بێتو شا بۆ خۆی بە زووترین کات دەستبەکار نەبێ، هاکا هەموو هەرێمەکەمان لێ داگیر کرا.

هەر ئێمشەو هەموو گەنج و ماڵ و شتێکی گرانبەهامان کە هەیە بار دەکەین و لەگەڵ ژن و منداڵ و خزمان ڕێگەی نەهات دەگرینە بەر. ئێمە سینەمان بە شمشێری دوژمن شەق بووە. ئەمە بوو بەسەرهاتی داماویی ئێمە. ئیتر بڕیار بەدەستی شای بەرزەنشینە.

نامە درا بە دەستی پەیکی باڵگرەوەی تیژڕەو، گەنج و ماڵ بار کرا و بۆ خۆشیان هەر ئەو شەوە لە کۆچ و کۆچباریان دا و سپی قەڵایان بەجێ هێشت و ڕۆیشتن.

بەیانی زوو کە خۆر لە ئاسۆ دەرکەوت، لەشکری بێ سامانی توران لە خەو هەستا. زۆراب چەک و چۆڵی ڕۆژی شەڕی لە خۆی بەست و بەبێ ترس و دڵەڕاوکە سواری ڕەخشەکەی بوو و ئەسپی تاو دا. لەشکری تورکان جووڵا، زەوی ڕەش هەڵگەڕا و ئاسمان شین بوو. دەروازە و حەوشەی قەڵا بە زەبری گۆپاڵان ڕووخێندرا. سواران بەشوێن شەڕکەران، هەموو کۆڵانە تەنگ و باریکەکانی قەڵای سەختیان پشکنی.

سەرەوژێر و خوار و بان بە شوێن کچەکەدا گەڕان و هیچ نیشانە و شوێنەوارێکیان لێ بەدی نەکرد. لەشکری تورکان بە ناهومێدی و خەفەتەوە لە قەڵادا نیشتەجێ بوون و بارگە و بنەیان خست.

پەیکی نامەبەر وەک شاباز بەبێ ڕاوەستان و پشوو خۆی گەیاندە لای پادشای ئێران. لەو دەمەدا شا لە کۆڕی بەزم و ڕەزمی مۆسیقا و خواردنەوەدا بوو. ژمارەیەک پاڵەوان دەست لەسەر سینگ و پەسەنبێژی لە کۆڕەکەدا دانیشتبوون. لە کۆڕەکەدا پاڵەوانگەلێکی وەک بێژەن، گورگینی میلاد، ڕەهام، بارام، گۆدەرزی کەشواد، توس و فەریبورز شازادەگەلێکی کەیانی وەک شیدوش و قوباد دەبیندران. کەیکاوس نامەی بەسەرهاتی شەڕی سپی قەڵا و بەسەرهاتی زۆرابی لە بنەوە

گـێـڕایەوە. پاڵەوانان بەم بەسەرهاتە تووشی حەپەسان و سەرسوڕمان بوون و شا لە ڕق و تووڕەییـیان گوڕاندی: کێتان پاڵەوانی شەڕکەرە؟ کامەتان لێهاتوو و پڕ زۆر و ترسناکی نێو هەمووانە؟ بەیانی زوو لەشکری شەڕی پێ دەسپێرم، با ڕێگەی مەیدانی شەڕ وەبەر بگرێ، لە شەفەقی بەیانیدا بەر لە دەرکەوتنی زەردەی هەتاو بە جۆرێک لەشکری تورکان قەتڵوعام بکا کە تا هەتاهەتایە و هەتا دنیا هەیە وەک ڕاز و چیرۆک نەوە لە دوای نەوە بگێڕدرێتەوە.

پاڵەوانگەلی کلاوزێڕ هەروا حەپەسابوون و ئاخرەکەی پاش ماوەیەک مات و بێدەنگی وە قسە هاتن و وتیان:

ئەی پادشا، گەنجێکی بەو شێوەیە بە ڕق و قین شمشێر لە ڕووی هەوران بوەشێنێ و پاڵەوانێکی هەڵبژاردەی وەک هەژیر دەست و پێی ببەستێ، مەگەر تەنیا ڕۆستەم لە وڵاتی زابوڵ دەروەستی بێت. بێجگە لەوە هیچ چارەیەکی ترمان نییە و لەنێو کۆڕی ئێمەشدا بێجگە لە ئەو کەس ناتوانێ شان لە شانی بدا.

***

شا فەرمانی دا وەزیری لا حازر بێت، ئەویش هات، کڕنۆشی برد و کەوتە بن پێی، قەڵەمی بەسدەستەوە گرت و نووسی:

بەڵێ، ئەی ڕۆستەم پاڵەوانی شەڕ، بکوژی دێوانی ئەرژەنگ

ئەی هەمیشە سەرلەشکر و لە ڕیزی سەرۆکان و ئەی جەلاد و بکوژی دێوەکانی مازندەران. هەر لە سنووری ڕۆمەوە هەتا وڵاتی چین، ناوت لەسەرگۆی زەوین مەنشوورە. ئاگەداربە لەلایەن شای تورکانەوە ئەفراسیاب، لەشکرێکی زۆر و بێ ئەژمار هێرشی کردووەتە سەرمان، ژمارەیەک لە پاڵەوانانی ناوداری وەک هومان، قوباد و بەهرەمان سەرکردایەتیی ئەم لەشکرە دەکەن. سەرلەشکرەکەیان کەسێکە بە زۆرابی جەنگی ناسراوە، تەمەنی هەر پازدە ساڵان دەبێ بەڵام خەنجەر لەسەر ئاسمانی حەوتەم دەوەشێنێ و لە کاتی شەڕ و لە مەیدانی نەبەردا، کێوی خارا بە زەبری گورزی ئەو وردوخاش دەبێ. لە شەڕی سپی قەڵادا هەژیری پاڵەوانی بە قەستی کوشتن بە عەرزدا داوە و دەستی و لاقی بەستووە. تێکڕای پاڵەوانانی ناودار و دەستنیشانکراو، یەک بەیەک لە بەرانبەریدا خەمبار و دەستەوەستان داماون. ئێستا کاتێکی زۆرم بەدەستەوە نەماوە، هەژیرمان لە دیل و لە زینداندایە و دەستم بە داوێنت، بە زووترین کات دوای ئەوە نامەی پادشات خوێندەوە، چەک و چۆڵی شەڕ لە خۆت ببەستە و بە پەلە و بێ ڕاوەستان لەلام ئامادە بە.

نامەی سپێردرایە دەستی گیوی هونەرمەند، ئەویش بە پەلە سواری ئەسپە زەردەی سەرشاخ بوو، دە ڕۆژ و دە شەو بە وەخت و ناوەخت ئەسپی تاو دا و ڕۆژی یازدەم کە زەردەی بەیانی لە وڵاتی زابول سەری وەدەرهێنا گەیشتە جێ.

کاتێک دیدەوەری سەر قەڵای ڕۆستەم، سوارێکی لە دوورەوە بەدی کرد، بەپەلە چوو و ڕۆستەمی ئاگەدار کرد: ئەی پاڵەوانی نەوەی زاڵی سام، سوارێک لە دوورەوە بەرەو قەڵا بە ڕێگەوەیە، بەکۆڵ

ئەسپی جیهانپەیماوەیە، لە ئێرانەوە بەرەو ئێرە غار دەدا، وادیارە کارێکی بەپەلەی هەیە و هەواڵێکی گرینگی پێیە.

ڕۆستەم هەر زوو سوار بوو و لە دەروازەی قەڵا وەدەرکەوت، لە دوورەوە بە کڵاوئاسنینەکەیدا ناسییەوە، گیوی ناودار، خوشکەزای خۆیەتی. بەیەک گەیشتن دەستیان، چاوودڵ ڕوونیان لەیەک کرد و دەستەملانی یەکتری هاتنە نێو قەڵا.

ڕۆستەم پرسی: ئەحواڵی پادشا چۆنە؟ ئەی گۆدەرز چ دەکا؟ ئەی پاڵەوانانی تر بە چییەوە خەریکن؟

گیو وتی: هەموو باش و بە دەماخن، تەنیا ئەوە نەبێ کە سپی قەڵا گیراوە و هەژیر دەستبەسەر کراوە. شا منی بەپەلە و بێ ڕاوەستان ناردووەتە لات، زۆر زۆری ڕاسپاردووم کە سەردارێکی گەورە و ترسناک لە تورانەوە هاتووە، نزیک بە دوو هەزار لەشکر و سوارە و ژمارەیەک پاڵەوانی لەگەڵدایە. ئەم سەردارە ناوی زۆرابە، پڵینگی ترسناکە و لە وێنەی ئەو لە جیهاندا پەیدا نابێت.

ڕۆستەم وتی: هەموو جیهان سەرانسەر گەڕام، پاڵەوانێکی ترم لە خۆم زیاتر نەدی، ئەوەندە دەزانم لە کچی پادشای سەمەنگان، منداڵێکم هەیە، بەڵام ئەو هێشتا منداڵ و کەم ئەزموون. ئەگەر بێتو ئەویش بێت ئەوە تەنیا یاریی بە هەژیر کردووە و لە ڕووی ئاشتییەوە هەژیری بە دیل گرتووە.

گیو نامەکەی پادشای دا بە ڕۆستەم، ئەویش نامەکەی کردەوە و زۆری تێ ڕاما، لە کاتی خوێندنەوەیدا وەک بی ناو ئاو لەرزی و ترسی لە دڵ نیشت. بەو حاڵەشەوە وتی پەنا بە خوا بە برینی شمشێرم یان زەربی گورزم دەکوژرێ یان هەروەک هەژیر بە دیلی دەگرم. ئەو کەسەی بە تەمای ڕووخانی تەختی کەیکاوسە، ئەوە هیچ ڕێگەیەکی بێجگە لە مردن لە بەردەمدا نییە. بەڵام وەرە جارێک با ئیمشەو چەند پیاڵەیەک بخۆینەوە و دواتر بەیانی زوو بەرگی شەڕ دەپۆشین و دەچین بۆ شەڕ.

هەواڵنامەی کتێب

پیاڵەیان فڕ کرد، بەخۆشی لێی دانیشتن و لە بەزم و ڕەزمدا کەیکاوس شایان بە تەواوەتی لە بیر کرد. سێ ڕۆژ لە سەریەک هەتا نیوەشەو مەجلسیان گرت و هەر خەریکی خواردنەوەی شەراب بوون. لە مەستی شەرابدا هیچ ئاگایان لە خۆیان نەما.

ئاخرەکەی ڕۆژی چوارەم گیو بە ڕۆستەمی وت ئەی پاڵەوان، ئەوە سێ ڕۆژە منت لێرە گیر داوە، یان ئەوەتا سوار بە با بڕۆین، یان دەنا ئیزنم بدەیە کە بۆ خۆم بڕۆم، نەکا کەیکاوس شا بمکوژێ. دەزانی کە کەیکاوس ئێستا بۆ شەڕ دەکوڵێ و هۆش و ئاوەزی لە سەرە خۆی نییە، بێجگە لەوە ئەو هەمیشە مەست و سەرخۆشی شەرابە. نەکا لە کاتی سەرخۆشیدا قسەیەکی نالەبارمان پێ بڵێ.

ڕۆستەم وتی: گیو تۆ بۆ وا بیر دەکەیەوە؟ منێک کە شێران لە تاو برینی شمشێرم هاوار و واوەیلایانە، کەیکاوس شا کێیە؟ بەلای منەوە چ مستێک خاک و چ کەیکاوس شا، من ئەوەی دەروەستی نەبم ترسی شایە. بەو حاڵەشەوە وتی بە خزمەتکارەکان، ڕەخشەکان، باڵندە بێ باڵەکان زین و ئامادە بکەن.

ڕۆستەم و گیو بێ ڕاوەستان، بێ خواردن و بێ نووستن ئەسپیان تاو دا و خۆیان گەیاندە خاکی ئێران. پاڵەوانگەلی وەک گۆدەرز، بارام، فەرهاد، قوباد، زەنگەی شاوران، گورگینی میلاد و هەزاران سواری شەڕکەری تر هاتنە پێشوازییان. کە ڕۆستەم و گیو لە ڕەخشەکانیان پیادە بوون دەستبەجێ چوون بۆ کۆشکی ئالاووالای کەیکاوس شا.

ڕۆستەم دوای کڕنۆشبردن سلاوی لە پادشا کرد، بەڵام شا بە تووڕەیییەوە وەڵامی سلاوەکەی دایەوە و لە ئەوپەڕی قین و تووڕەییدا گوڕاندی: هەی هەرزەی نێو هەرزەکاران! وادیارە هیچ لە دەسەڵاتی شایەتیم ناترسی؟ یان وادیارە وەک سواڵکەرێک چاوم لێ دەکەی؟ من گیوم بە پەلە و ئامان سەد ئامان نارد کە هەژیر دەستبەسەر کراوە و قەڵا داگیر کراوە، تۆش ئاوا بە پیر بانگەوازی منەوە دێی؟ وادیارە وەک هەمیشە ڕاز و نیازی خۆتت لە من پێ گرینگترە و خۆت بێ نیاز لە دەسەڵاتی شایەتیی من دەزانی. ئەگەر هەر ئێستا شمشێرێک لە دەستم ببایە، ئەودەم بە کردەوە پێم دەسەلماندی کە من کێم! شمشیرێکی وام لێ دەوەشاندی کە وەک ترنج سەرتم دەپەڕاند.

شا فەرمانی بە گیو دا بەهۆی سەرپێچیکردن لە دەستوور، ڕۆستەم بگرێ. گیو دڵی نەهات، زۆری شەرم لە ڕۆستەم کرد، ئاخێکی ساردی هەڵکێشا و لە جێی خۆی جووڵەی نەکرد.

ئەوجار شا ڕووی لە توس کە پڵینگێکی لە باوەشدا بوو کرد و دەستووری دا ڕۆستەم و گیو پێکەوە لەسێدارە بدا. توس بە تووڕەیییەوە مۆڕەیەکی لە ڕۆستەم کرد.

لەم کاتەدا ڕۆستەمیش لە تووڕەییییان تەقییەوە و گوڕاندی: کەیکاوس بێدەنگ بە و قین و تووڕەیی بەس بکە، تۆ هیچ کامە لە چەرمەسەرییەکانی ڕۆژگارت لە بیر نەماوە. لە بیرت چوو کە چۆن بە دەستی دێوە سپییەوە وەزاڵە هاتبووی؟ لە بیرت چوو کە کرانەوەی گرێپوچکەی دیوسپیت تەنیا لە دەستی مندا بوو؟ لە بیرت چوو چەندە نێرە دێوانم بۆ سەربڕی؟ ئەو دەمەی هیچ کامە لە پاڵەوانەکانت تەنانەت نەیاندەوێرا لەگەڵم بێن و بە تاقی تەنیا کردم؟ لە بیرت چوو چەندە پاڵەوانانی بەڵخ و بوخارام بە دەست بەستراوی هێنا بۆ لات؟ تۆ هیچ نەبووی و من تۆم کرد بە پادشا، ئێستا تۆ دەتەوێ من لەدار بدەی؟ ئەوە بزانە کە تۆ کوڕی جەمشیدی منیش نەوەی زاڵم، ئەوەش بزانە شانس و بەختی دەسەڵاتم لە تۆ زیاترە؟ ئەگەر من لە یەزدانی پاکی خۆم نەترسم چ کەیکاوس شا و چ مستێک خۆڵم لەلا وەک یەکە.

کە قسەکانی ڕۆستەم تەواو بوو، توسی سەرلەشکر دەیەویست بە زۆر پەلاماری ڕۆستەم بدا، پشتێندەکەی بگرێ و بیباتە دەرەوەی کۆشک و لەداری بدا. ڕۆستەم لە ڕقان مستەکۆڵەیەکی وای لە توس دا کە لە جێدا نەخشی زەوی بوو و هەڵنەستایەوە. ڕۆستەم بە ئەسپدا هەڵگەڕی، وەرسووڕایەوە و وتی ئابزانم کێ توانای خۆڕاگری لەبەر گورز و گۆپاڵی مندا هەیە، کەیکاوس شا لەلام نرخی مستێک خۆڵیشی نییە. بە قین و تووڕەیییەوە لە کۆشک وەدەرکەوت، ئەسپی تاو دا و ڕێگەی زابولی گرتە بەر.

پاڵەوانانی کۆڕی شـا، هەموویان هەروا خـەمبار و دەستـەئەژنۆ دانیشـتبوون. وتیان ئەم کارە تەنیا بە گۆدەرز مسۆگەر دەبێ مەگەر هەر ئەو بتوانێ دڵی ڕۆستەم بێنێتەوە جێ. گۆدەرز بەپەلە چووە لای پادشا و وتی ئاخر کەیکاوس مەگەر تۆ شێتی؟ بۆچی دڵی ڕۆستەمت لە خۆت ڕەنجاند؟ تۆ بەم کـارەت شـووشـەی تەخت و بەختی خۆت بەدەسـتی خۆت شکاند. باشـە مـەگـەر تۆ نازانی پاڵەوانێکی وەک ڕۆسـتـەم، چەندە دەرد و چەرمـەسـەریی بێ ئەژمـاری لە پێناوی تۆدا کـێـشـاوە؟ چەندە جادووگەری بە شمشێر بۆ لەت و پار کردی؟ چەند جار لە شەڕەکاندا تەپڵی سەرکەوتنی بۆ لێ دای و چەندە گەنجی شاهانەی بۆ چەپاو کردی؟ چەند جار لەبەر تۆ، چووە شـەڕی ئەفراسیاب و لە خـوێنی پیاوانی ئەودا چۆمی خوێنی هەسـتـاند؟ ئێسـتـا ڕۆسـتـەم وای لێ هاتووە، کـە تۆ بە کەسێکی بێکار و هیچ و پووچی دابنێی و قسـەی ساردوسووکی پێ بڵێی و لە باتیی خەڵاتکردن لەسێدارەی بدەی؟

پادشــا بـەم قــســانەی گــۆدەرز هۆشـی هاتـەوە بەرخــۆ و وتی بڕۆن و هـەر چۆنێک بووە دڵی ڕۆستـەمم بۆ بهێننـەوە جێ. بە ڕۆسـتـەم بڵێن کە ئەو گیـان و ڕۆحی منـە و من لە قسـەکانی خۆم پەژیوانم.

گۆدەرز، بارام، فـەرهـاد، قوباد، شـیدوش، شاپور، گورگینی میـلاد، توس، فەریبـور و کەسـتـهەم و چەند پاڵەوانێکی تر بۆ لای ڕۆستەم وەڕێ کەوتن.

گۆدەرز وتی ڕۆستەم ئاخر چ بووە؟ بۆ وا تۆ لە شای ئێران دڵت ئێشاوە؟ ئێمە هەموو پاڵەوانان بەبێ تۆ ژیانمان نابێت. هەمـوومـان بۆت دڵتـەنگین، تۆ ئەی بـاڵادەست و یەکـەمین شـەڕکـەری نێـو دلێران، گـوێ بەقسـەی پادشـای ئێران مـەدە، ئەو بێـهۆش و مـەسـتی تریاکە، ئەو توندی کرد تۆ مەیکە؟

ڕۆستـەم وتی ئەی گۆدەرزی ئاقڵ و زانا، تکایە کـەم قسـەی پووچ و بێ بڕانەوە بکە، من و پاکیی خۆم پێکەوە بەڵێنمان داوە، لە ئیمرۆ بەدواوە هـەتا ڕۆژی مردن، هـەتا زیندوو بم لەسـەر ڕووی ئەم جیهانە، لە پادشای ئێران خۆش نابم. من کە گورز و ڕەخشی خۆم هەبێت، چ ترسم لە ڕق و قینی پادشایە؟

گۆدەرز سـەرلەنوێ دەستی بە قسە کردەوە و وتی ئەی پاڵەوانی مەیدانی شەڕ، هـەرچی تۆ بڵێی ڕاستە، بەڵام دوا قسـە و سـەرەنجام هەر ئەمـەیە کە ئێرانییەکان تانە و تەشـەری زۆرت لێ دەدەن و دەڵێن ڕۆستەم لە زۆراب ترساوە.

ڕۆسـتـەم بەبیـسـتنی ئەم قسـەیە توورەیییـەکـەی ڕەوییـەوە و هێـور بووەوە، لە تانە و تـەشـەر و بوختانی خەڵکی ترسێکی زۆری لێ نیشت. بە قسـەی گۆدەرزی کرد و گەڕایەوە بۆ لای کـەیکاوس شا.

پادشـا چوو بۆ پێشوازیی ڕۆسـتـەم و وتی: من قسـەیەکم کرد، تۆش دڵگران مـەبە لێم. من وەک منداڵێک هەڵسوکەوتم کرد، من لە وەدرەنگ هاتنت توورە بووم بەڵام ئێستا پەژیوان و خـەمبارم، بۆ

تۆ ڕەنگ بە ڕوخسارمەوە نەماوە. دەستم بەداوێنت. ڕاستە تۆ پادشاهیت بە من دا و تۆ منت کرد بە شا، کەوابوو ئەم ئەرکەی خۆت هەتا سەر جێبەجێ بکە.

ڕۆستەم وتی ئەی پادشا من تاوانبارم، بمبوورە و من شەرمەزاری تۆم. هەتاکە لەسەر ئەم دنیایە، زیندوو بم، من بچووک و خزمەتکاری تۆم. من یەکێکم لە غولامەکانت، غولام خەتا دەکا و ئاغا دەیبەخشێت. خەمیشت نەبێ زۆرابت بۆ لەدار دەدەم. ئەو کە بەرهەڵستکاری تەختی شایەتیی کەیکاوسی کردووە، بێجگە لە مردن شتی تری بە قسمەت و نسیب نابێت.

شا وتی وەرە با ئیمشەو پێکەوە پیاڵەیەک نۆش بکەین، بەیانی زوو جلی قین و تۆڵە لەبەر دەکەین. دەبێ ئەوەندە لەشکری بێ ئەژمار بکێشم، کە دنیا لە زۆرابی جەنگی تاریک بکەم.

ڕۆستەم و شا ڕوویان لە کۆشک کرد، ئەو شەوە هەتا شەفەقی بەیانی، دەنگی مۆسیقا هەتا ئاسمانان دەچوو، شەرابی بۆ عەنبەرین لە پیاڵەدا نۆش کرا، ڕاز و چیرۆکی دڵبەران گوێی بۆ گیرا و داستان و بەسەرهاتی یەکەبەیەکەی پاڵەوانان باس کرا.

***

بەیانی کە زەردەی خۆر وەدەرکەوت، شا فەرمانی بە توس دا کە بەپەلە و بێ ڕاوەستان لەگەڵ گۆدەرز، ئاڵا بەرز بکەنەوە و سوارانی شەڕکەر ڕێکوپێک بە ڕیز لەیەک جیا بکەنەوە. سەد هەزار کەس لە سوارچاکانی دلێر بە ڕیز لە بەردەم کۆشکدا ئامادە بوون. ئەوەندە هەژماری لەشکر زۆر بوو کە تۆمارکەرانی لەشکر نەیانتوانی ناوی هەموو سوارەکان تۆمار بکەن، بێجگە لەوە قەڵەم و کاغەزیش بەشی نەکرد. دەستوور درا خەزێنەدار، قەڵغانی جۆرەوجۆری سەدان ڕەنگ بەنێو لەشکردا دابەش بکا. سوارانی پادشا، فەرەیدوون ئاسا، هەموو جلی شەڕیان لەبەر کرد. لە تەپڵی شەڕ درا و بەرەو شەڕ وەڕێ کەوتن، لە وەڕێکەوتنی لەشکردا، یەکسەر وڵات وەک شەوی درەنگ تاریک داهات. هەرچی بەرد لە دەشت و سەحرا بوو، پۆڵای حەوت جۆش و کێوی خارا لەژێر سمی ئەسپی سواراندا بوون بە تۆز و خۆڵ و بەرەو ئاسمان پێچ و لوول وەهەوا کەوت. دوای سێ ڕۆژ و سێ شەو غارغارێنی سواران سەرەنجام گەیشتنە سەر ڕێگەی سپی قەڵا. بەگەیشتنی لەشکر وڵات بە هۆی تۆز و خۆڵی بن سمی ئەسپان تاریک داهات، وەک دەریایەکی ڕەش وەک قیر.

لەلای تروە، لە دیوی لەشکەری تورکان، هومان کە لە بەرزاییی قەڵاکەوە لە دوورەوە تۆز و خۆڵی هاتنی لەشکری ئێرانی دیت، بە ڕەنگێکی بزرکاوەوە چوو بۆ لای زۆراب و وتی پاڵەوان دەبێ پەلە بکەین و هیچ کاتی ڕاوەستان نییە. لە ئێرانەوە لەشکرێکی زۆروزەبەن لەژێر ئەمر و فەرمانی کاوس شادا بەرەو لامان دێن. زۆر دەترسم و پەشێوحاڵم لە هاتنی ئەو لەشکرە گەورەیە دڵنیگەرانم.

زۆراب وتی: هومان نە جێگەی خەم و خەفەتە، ئەگەر سەدی وەک کەیکاوس و سەد لەشکری لەوە گەورەتریش بێت، تێکڕا بە دەستی من دەکوژرێن و لەنێو دەچن. زۆراب بێ تۆزقاڵێک ترس و لەرز وەسەر بورجی هەرە بەرزی قەڵا کەوت و چاوی لە لەشکر و سوپای ئێران کرد. هەموو

دەشتایی و کێوەکان لە هاتنی ئەو هەموو لەشکرە تەخت و هاموون بووبوو و لە نرکەی ئەسپەکان عەرز دەکولّی. چەند هەزار بەیداخێک بەرەو ئاسمان هەڵکرابوون و دەشت و دەر لە بوونی ئەو هەموو لەشکرە وەک دەریا شەپۆلی دەدا. لە بوونی ئەو هەموو لەشکرە پڵینگان لە کێو مرەی شەڕیان دەکرد و شێرەکانیش هەڵهاتبوون.

زۆراب فەرمانی دا، هەژیری دەستبەسەر بێننە لای، هات و لە بن پێیدا کڕنۆشی برد. هەموو جەستەی لە قەفی زنجیر درابوو، تەوقێکی سەدان حەڵقەیی لە ملی کرابوو.

زۆراب وتی ئەی هەژیری ماندوو و پەشێوحاڵ، ئیمڕۆ باسوخواسێکی زۆرت لێ پرسیار دەکەم. لە گیو لە گۆدەرز لە بارام و توس، لە ڕۆستەمی زاڵ و لە کەیکاوس شا. هەر پرسیارێکم لێ کردی دەبێ ڕاستم پێبلّێی. ئەگەر دەتەوێ بارودۆخت بۆ ئاسان بکرێ ئەوە چ پرسیارێکم کرد، وەڵامی ڕاستم بدەوە. ئەگەر ڕاست بلّێی ئەوە ڕاستت دێتە ڕێ و ئەگەریش ڕاستگۆ نەبی ئەوە بزانە خراپت دێتە ڕێگە.

هەژیر وتی ئەی جەوان، هەرچییەک لەسەر پاڵەوانان پرسیار بکەی ئەوە هەروەک بەیتبێژان وەڵامت دەدەمەوە.

***

زۆراب پرسیاری کرد: ئەو خێمە زێڕچنە نیلینیگی ڕەنگە، کە هەسوونەکانی لە زێڕ و گوریسەکانی لە هەورێشمە، هەژمارێک فەرشی زێڕچن و قوماشی دیبای حەریری چینی کە لە نێوان کورسیی زێڕیندا داخراون و چادرێکی زۆری بێ ئەژمار لە نزیکی خێمەکە هەڵدراون. سەرلەشکرێکی تاج بەسەر، سەرمەست بەسەر کورسیی عاجەوە دانیشتووە و بەلای دەستی ڕاستەوەو لەبن ئاڵاکە، ڕیز ڕیز سوارانی شەڕ کۆ بوونەتەوە. ئەو سامی ترسناکە و سامی سامدارانە، کێیە؟ ناوی چییە؟

هەژیر: ئەوە خێمەی کەیکاوس شا، شای خاوەن بەزم و ڕەزم و لەشکرە.

زۆراب پرسی: ئەو خێمە سوور و مەیلەو ئەتڵەسە کە گوریسەکانی لە تاڵی خەیاتەی خاو و لە سیم چندراوە و هەسوونەکانی زیوبەند و بەسەر خێمەشەوە ئاڵای زەروەرەق کە وەک ئەستێرەی بەرەبەیان دەدرەوشێتەوە. سەر ترۆپکی داری هەسوون ئاڵای لە وێنەی کەللە ئەژدیهای کە لە کاڵای بەنرخ و قوماشی گرانبەها چێ کراوە و دەشەکێتەوە و لەبن ئاڵاکەدا گەنجێک دانیشتووە و ڕیزێک پاڵەوان بە تەنیشتییەوە دانیشتوون، ئەو گەنجە کێیە؟

هەژیر: ئەوە سەرلەشکر، توسی نەوزەرە.

زۆراب: ئەی ئەو خێمە زەردە لاجەوەردییە کە هەسوونەکانی لە زێڕ و بەدەست و پەنجە ڕەنگینان چێ کراوە. بەیداخێک لە شێوەی نەهەنگ هەڵدراوە و پەڕاوێزی بەیداخەکە بە قوماشی گرانبەهای کەس نەبوو ڕازێندراوەتەوە، هاوکات دەنگی ساز و مۆسیقا و تەپڵی شەڕ بەسۆزەوە لەو خێمەی گوڵڕەنگ دێ. ئەوە خێمەی کێیە؟

هەژیر: ئەوە خێمەی گۆدەرز سامی ترسناکە، لە شەڕ لەگەڵ شێراندا هیچ ترس و خۆفێکی نییە و هەر ئێستا حەفتا و دوو کەس لە کوڕەکانی لەلای حازر و ئامادەن.

زۆراب: ئەی ئەو خێمە سوورە گوڵهەنارییە، کە هەسوونی زیوبەندی لاجەوەرد و گوریسەکانی لە هەورێشم و بە تیرەکەکانییەوە چەند کلافە کەمەندێک بە ڕیز و جوانی هەڵواسراون. ئاڵای خێمە بەوێنەی ماری پێوەدەری تەوارئاسا و بە هەزاران سوار لە دەورەیدا کۆ بوونەتەوە. خێمەی کێیە؟

هەژیر: ئەوە خێمەی گیوی خەنجەروەشێنە، هەم کوڕی گۆدەرزە و هەم پاڵەوانێکی ناسراوە، هاوکات زاوای ڕۆستەم، شێری جەسوور و بکوژی دێوانی دەور و ڕۆژگارانە.

زۆراب: ئەی ئەو خێمە ساف و سپی ڕەنگە، کە لەنێویدا سواران ڕیزیان بەستووە. گوریسەکانی خێمە لە هەورێشم و سەرهەسوون لە سیم، گەنجێک هەروەک خونچە گوڵی ناز، گوێ لە مۆسیقای بەسۆزی ساز گرتووە و پەڕی تاوسی لە دەوری تاجەکەی داوەو لەسەر کورسیی داری عاج دانیشتووە، کێیە؟

هەژیر: ئەوە فەریبورزی کڵاوزێڕین، کوڕی کەیکاوس شا و بژاردەی نێو شێرانە.

زۆراب: ئەی ئەو خێمەی دیبا ڕەنگە کە ئەسپانی توند لەغاو لە دەم کراو بە گورزی جەنگەوە لە تەنیشتیدا بەستراونەتەوە. بەیداخێک هەروەک چنارانی بەرز سەری لە سەری ئاسمان ڕووشاندووە و ئاڵایەک لە وێنەی سەرە شێر بەبای بەری بەیان بەسەر سەریدا دەشەکێتەوە. هی کێیە؟

هەژیر: ئەوە خێمەی بارام نەوەی گۆدەرزە، لە خۆشناوی و پیاوچاکیدا لە هەموو جیهاندا ناسراوە.

زۆراب: ئەی ئەو خێمە سەخت و قایمەی لە زێڕ چندراوە، کە هەر لە خێمەی جەمشیدی دارا دەچێت و قەراغەکانی زێڕچن و پەڕاوێزەکانی گوڵهەناری و کاڵای بەنرخی تێدا بەکار هاتووە، هەسوونەکەی لە داری عاج و بە زێڕ ڕازاوەتەوە، بە ئاوی گوڵاو ئاوپرژێن و بە موشکی ئاسک بۆن دراوە. بەیداخێک لە دەورەی خێمەکە با دەیشەکێنێتەوە کە سەری لە ئاسمان بە ئەستێران گەیشتووە. کەسێک بە شادی و خۆشی دانیشتووە و کەیانی نێو شایانی کەیانیشی بە خەیاڵدا نایەت، ئەو کەسە کێیە؟

هەژیر: ئەوە بێژەن خوشکەزای ڕۆستەمە.

زۆراب: ئەی ئەو خێمە کەسکی نیلی ڕەنگە، کە سەری ئاڵاکەی لە وێنەی ئەژدەهای شەڕ دروست کراوە، مێخەکانی داوێنی لە سیم و سەرهەسوون لە زێڕ، گوریسی هەورێشمی کێشراو، تیرەکی دانەبەندی بەئاوی گوڵاو ئاوپرژێنکراو و بە دەورەیدا پەردەی بێ ئەژمار کێشراوە و بە سەد شێوە بە هەزاران گوریس بەستراوەتەوە. پیاوێک بە جلوبەرگی شەڕەوە و بە گورز و گۆپاڵی ترسناک بەدەستەوە، هەروەک شێرێکی سەرمەست لەسەر کورسی دانیشتووە و غوڵامانیش دەست لەسەر سینگ لە پەنای ڕاوەستاون. ڕەخشێک لە نێوان خێمەکەیەوە دیارە و هەوسارەکەی سورمە

هەواڵنامەی کتێب

چنراو زینی تەیاری لە پشتە و ژمارەیەک کڵافەی کەمەندی لە چەرمی خاو سازکراو بەزینەوە هەڵواسراون و بە نێویەکدا قەمچیان خواردووە، چەک و کەرەستەی شەڕی لە خۆی داوە، خەفتانەکەی بە چەرمی پڵینگ ڕازاوەتەوە. من لەنێو پاڵەوانگەلی ئێرانیدا تەنیا ئەو پیاوە و ئەو ڕەخشە و ئەو کلافە کەمەندانەم پەسند کرد، ئەو کەسە، ئەو سامی سامناکە، زۆر ترسناکە، کێیە، پێم بڵێ، نەکا زوو بەدەستم بکوژرێ؟

هەژیری شووم، بە مەکر و فێڵ و تەڵەکە هاتە قسەکردن و وتی: ئەی زۆراب، لێم ببوورە، ناوی ئەو کەسەم لە بیر نەماوە. هەر ئەوەندە دەزانم کە پاڵەوانێکی سامناک و پڕ زۆرە و ماوەیەک نییە کە لە وڵاتی بوخاراوە هاتووە. وەک بیستوومە هاوڕێ لەگەڵ چەند هەزار شەڕکەری ئازا وەهانا و کۆمەکی شای ئێرانەوە هاتووە.

زۆراب: ئەی باشە پیاوی شوومی دڵ لە بەرد ئەی ڕۆستەم پاڵەوانی شەڕ لە کوێیە؟ دەروازە و سەرا و چەتری خێمەی ئەو لە کوێیە؟ ئاخر لە چ لایەک بارەگەی داناوە؟

هەژیر: ڕەنگە ئێستا چووبێتە باغی ڕەنگاوڕەنگی هەزار گوڵ و لەبن سێبەری چەتری چنارانی بەرزدا لێی دانیشتبێ. گوێی لە مۆسیقا و ئاهەنگی ڕۆح و دەروونی خۆی گرتووە و بەهانای سوپای ئێرانەوە نەهاتووە.

زۆراب: ئێستا کەی وەختی گەشتی نێو گوڵ و گوڵزارە، لە کاتی شەڕدا ئەگەر شوێنێک سەد جار زیاتر لە سەرووی بەهەشتیش بێت ئەوە دیسان بەتاڵ و بێ نرخە. لە هەر شوێنێک شارێک هەبوو و داڕۆغەیەکی تێدا بووە، هەموو لە کاتی شەڕدا حازر و ئامادە بوون. کەسێکی وەک ڕۆستەم پاڵەوانێکی ئاوا، لەم کات و ساتەدا لەنێو ئەم لەشکر و سوارانەدا دیار نییە. ئەمە وانییە. هەژیر هەموو قسەکانت پڕ بوون لە فێڵ و درۆودەلەسە و قسەی هەڵبەستراو باوەڕت پێ ناکەم. من هەرچەندە هەوڵم دا و پرسیاری ڕۆستەمم کرد، ڕاست وەڵامت نەدامەوە و درۆت کرد. لە باتیی ئەوە دەبێ حەوت ساڵ لە زینداندا بتهێڵمەوە.

هەژیری شوومی بێ شەرم، لە دڵی خۆیدا گەلێک هێنای و بردی و بە خۆی وت ئەم پاڵەوانە، زۆر پرسیاری لە ڕۆستەم کرد. ئەگەر بێتو من نیشانی ڕۆستەمی بدەمێ و نەیشارمەوە و ڕاستییەکەی پێ بڵێم، نەکا لەم درکاندنەی من ڕۆستەمی زاڵ زەرەرمەند ببێ. هەر ئەمە باشە ڕۆستەم ئاشکرا نەکەم و خۆم بخەمە بەر تیغی شمشێر و گیانی خۆم بەفیدای ڕۆستەم بکەم.

هەژیر بە زۆرابی وت: باوکی من بە گۆدەرزی خەنجەروەشێن ناسراوە، حەفتا و حەفت کوڕی هەیە، چ دەبێ با لەنێو ڕۆڵەکانی خزم و هۆزدا، منیان لەنێودا نەبم. زۆراب تۆش کەم بترسە، لە بیرم بەرەوە، وابزانە هەر من لەدایک نەبووم. من لە مردن ناترسم، لە کوشتنم قسور مەکە، نامەرد ئەو کەسەیە یەزدان لە قەبری بنێ بەمەرگی یەزدانیی بمرێ.

زۆراب بە ڕقدا چوو، غەزەب دایگرت و بەری چاوانی ڕەش بوو، بە تووڕەییەوە گوڕاندی، هەردوو دەستی لە پشتی پیاوی هەرزەکار قایم کرد و لەسەر بورجی قەڵاوە فڕێی دایە خوارێ و

هیچ حیسابێکی بۆ لەشکری کاوس شا نەکرد، بێ ترس و خۆف هاتەوە لە شوێنی خۆی دانیشت.

لەولاوە لەلای خێمەکانی لەشکری ئێرانەوە کە شەو داهات کاوس شا مەجلیسی بەزم و ڕەزمی بەرپا کرد. گەورەکان لە کۆڕی تایبەتی هەڵبژاردەکانی شادا، دەستیان کرد بەخواردنەوەی شەرابی خۆشگەوارا.

***

ڕۆستەم ئیزنی لە پادشا وەرگرت کە دەبێ بچێ و لە نزیکەوە زۆراب پاڵەوانی تۆرانی بەچاوی خۆی ببینێ. وتی دەبێ بەچاوی خۆم ببینم چ جۆر سوارێکە؟ بۆ چی هاتووە و بەتەمای چییە؟

ڕۆستەم جلی شەوڕەنگی وەک تۆرانیانی لەسبەر کرد، لە تاریکەشەودا ملی ڕێگەی وەبەر گرت. بەو دەشتەدا بەبێ ترس و خۆف بەنێو قوشوونی تورکاندا خۆی لە خێمەی زۆراب نزیک کردەوە. دیتی بەزم و ڕەزمی تۆرانییەکان گەرمە، زۆراب هەر خەریکی خواردنەوەی شەراب بوو، لەلای دەستە ڕاستی هومان دانیشتبوو و لەولای تر بارەمان کۆڕی گەرم کردبوو. ژمارەیەک لە پاڵەوانان سەرخۆشی بادە بوون.

ڕۆستەم لە قەڵافەتی زۆراب ورد بووەوە؛ بە بەژن و باڵادا وەک سامی گران سوار دەچوو، وەک شێرێک دەچوو کە هەر ئان بەتەمای پەلاماردانی ڕاوە. ڕۆستەم سەری سوڕما، کە زۆری سەرنج دایە، هەروەک خۆی دەچوو، بە خۆی وت: ئەی یەزدانی پاک لە دەست و مەچەکدا هەروەک من دەچێ، بەو دەستانە دەتوانێ خەنجەر لە ڕووی ئاسمانی حەوتەمین بوەشێنێ. لە بەژن و باڵادا سامی نەریمان بۆ خۆیەتی. ڕۆستەم شێت و حەیران لە چاولێکردنی تێری نەدەخوارد و هەروا چاوی تێ بڕیبوو.

ئەو دەمەی زۆراب لە وڵاتی توران پشتوێنی شەڕی بەست و خەریکی خۆئامادەکردن بۆ هێرشکردنە سەر ئێران بوو. تەهمینەی دایکی پاڵەوانێکی بە ناوی زندەڕەزم لەگەڵ خست و ئامۆژگاریی ئەوی کرد کە هەر چۆنێک بووە ڕۆستەم و زۆراب بە یەکتری بناسێنێ. تەهمینە بە زەندەڕەزمی وت: کە گەیشتنە خاکی ئێران، دیارە کە کایکاوس شا، لەشکرێکی گەورە دەنێرێتە سەرتان. کە شەڕ دەستی پێ کرد و دەنگ و هەیاهۆی ئازایان لە شەڕدا بەرز بووەوە کە ڕۆستەمت لە دوورەوە دی، بە ئەسپایی و دڵنیاییەوە بچۆ بۆ لای. کڕنۆشی بۆ ببە و خۆت بخە بن پێی و ناوونیشانی زۆرابی کوڕی بۆ باس بکە. با زۆراب بەدەستی باوکی نەکوژرێ.

ئەو شەوە قسمەت و نسیب ڕۆستەمی گەیاندە نزیک زۆراب و ئەویش لە تەماشاکردنی زۆرابی جەنگی تێر نەدەبوو. لەو دەمەدا زندەڕەزم لە ناکاو هەستا و بەپەلە بەزم و ڕەزمی کۆڕی زۆرابی بە جێ هێشت. لە مەستی شەرابی بادەی بۆ عەنبەرین، هیچ هۆش و ئاگای لەسەر خۆی نەمابوو، لە خێمە هاتە دەر. زندەڕەزم ماوەیەک بە دەوروپشتی خۆیدا ڕوانی، ئاخرەکەی ڕۆستەمی دیت کە لە پەنای خێمەکە خۆی مەڵاس داوە. هەرچی زندەڕەزم پرسیاری لێ کرد، ڕۆستەم بێدەنگ ما و هیچ وەڵامی نەدایەوە. زندەڕەزم لە ترسان و لە شڵەژانی خۆیدا بەڕەنگ بزرکاوی پشتێنی ڕۆستەمی

گرت و بەبێ ئەوەی بزانێ چ دەکا، بەرەو لای خۆی رای کێشا. ڕۆستەم لە تووڕەییدا هەنگاوێکی بۆ پێشەوە نا و بەوپەڕی هێزی خۆیەوە مستێکی وای لێ دا، کە یەکسەر هات بەلادا و مێشکی پژایە نێو دەمی. زندەڕەزم خەڵتانی خوێن بوو و دەستبەجێ گیانی سپارد. ویستی یەزدان ئەوە بوو کە باوک و کوڕ لەیەک ئاشکرا نەبن و کوڕ لە باوک زەرەرمەند ببێ.

هومان و بارەمان هەستان و لە خێمە هاتنە دەرێ، دیتییان تەرمی بێ گیانی زندەڕەزم کەوتووە. تووشی سەرسوڕمان بوون کە ئەمە کاری کێ بووە؟

چوونە لای زۆراب وتیان: بۆ خۆت سەلامەت بی زۆراب! زندەڕەزم کوژراوە، نازانین کێ ئەو کارەی کردووە؟

زۆراب لە تووڕەیی و قیندا ڕەش هەڵگەڕا و پیاڵەی بادەی خۆش گەوارای لە دەست بەربووەوە. هات و تەرمی زندەڕەزمی دیت، ئەویش زۆر تووشی سەرسوڕمان بوو. زۆراب وتی: ئەی هەڤاڵان ئیمشەو هەتا بەیانی، ژمارەیەک لە پیاوانی لێزان و شەڕکەر دەبێ بە چواردەورەی لەشکردا بەبێ ترس هاتوچۆ بکەن پاسەوانی بکەن. گورگێک هاتووە و بە دزییەوە مەڕێکی بردووە. مەگەر من مردووم ئاوا سووک و ئاسان مافم بخورێ. بۆ زندەڕەزم هیچ نیگەران نەبن، بەیانی زوو ئەوەی ئەمەی کردووە وەگیری دەخەم و تۆڵەی لێ دەکەمەوە.

کاتێک ڕۆستەم بەرەو دوا بۆ لای هوردووی ئێرانییەکان گەڕایەوە، لەسەر ڕێگەدا پاڵەوان گیوی دی. گیو ئەو شەوە پاسەوانی تایبەتی شا و کێشکچی لەشکر بوو. گیو شمشێرەکەی هەڵکێشا و بەرەو لای ڕۆستەم تاوی دا، بەڵام پاڵەوان هەر زوو گیوی ناسییەوە و وتی: نەکەی نووری چاوانم، سواری قورس و گران و هەڵبژاردەی من.

گیو پرسی ڕۆستەم ئەوە لە کوێ بووی؟ بەتاقی تەنیا بۆ کوێ چووبووی؟

ڕۆستەم: چووم زۆراب ببینم، پشتێن بەستووی شەڕ، مەردی نێو مەردان ببینم. لە بەژن و بالادا هەر ئەڵێی لە تۆوی بنەماڵەی سامە. حەیف و مەخابن کە پاڵەوانی ئاوا کە لەسەر هەوران شمشێر دەوەشێنێ هی وڵاتی تورانە و دەزانم سەرەنجام بەدەستی من بێ سەر دەمێنێتەوە.

ڕۆستەم هەموو بەسەرهاتی ئەوشەوە و لە دوورەوە بینینی زۆرابی بۆ گیو گێڕایەوە. دواتر بەدەروونێکی پڕ لە ژان و خەفەت چووە ناو خێمەکەی خۆی، پیاڵەیەک شەرابیشی پێ نەخورایەوە. سەری لەسەر گورزەکەی دانا و خەوی لێ کەوت.

***

بەیانی کاتێک کەڵەشێر قوولاندی و پەردەی تاریکی شەو دڕا و لەشکری خۆر بەفەرمانی یەزدانی عەرز و ئاسمان لە لووتکەی بەرزی کێوەکانەوە ئالای هەڵکرد. جووڵان و خرۆشان لەنێوجەرگەی لەشکردا سەری هەڵدا و تەپڵی شەڕ لە بارەگەی پادشاوە لێ درا.

زۆرابی جەنگی لە خەو هەستا و جل و کەرەستەی شەڕی فەرەنگی لەبەر کرد و پێی لە ئەسپی جیهانپێو نا و ڕووی لە لەشکری ئێران کرد. یەکسەر ڕووی لە خێمەی کەیکاوس شا کرد و هەشتا

و دوو مێخی خێمەکەی هەڵکەند. گەورەکان لە دەورەی خێمەی شا لە ترسان هەڵهاتن.

زۆراب بەشێوەیەک گوڕاندی و بەدەنگێکی وا بەرز و ترسناک هاواری کرد کە چی ئازایانی شەڕ لەوێ بوون زاڵەترەک بوون و لە جێی خۆ وشک بوون.

زۆراب وتی: کەیکاوس ئەگەر تۆ پادشای، ئەگەر تۆ سەرلەشکر و سەرداری سوپای ئێرانی وەرە بۆ مەیدان، شەڕی شێران و شەڕی ئازایان بەچاوی خۆت ببینە. من سوێندم بە یەزدان خواردووە کە ئیمڕۆ لە مەیدانی شەڕ هەتا لە خێمەکەت نەتکێشمە دەرێ و بە عەرزدا ڕات نەکێشم و لەبن پێی بەیداغدا نەتدەم لەدار، من ئیمشەو ناگەڕێمەوە و ئارام و ئۆقرە ناگرم.

کەیکاوس بەپەلە و دەستبەجێ گیوی بە شوێن ڕۆستەمدا نارد و وتی: پاڵەوانێکی گەنجی دەست و پەنجە قەوی هاتووە، کەس توانای بەربەرەکانیی لەگەڵ نییە مەگەر تەنیا هەر ئەو بیکوژێ.

ڕۆستەم قەڵخانی لە شان کرد و سواری ڕەخش بوو. هەڵاوبەزم و واوەیلا لەنێو لەشکردا بەرپا بوو.

لەولاوە کەیکاوس شا بە جارێک ئۆقرەی لێ بڕا. وتی ئەوە ڕۆستەم بۆ نەهات، درەنگە، ئەوەتانێ لەشکرمان کەوتووەتە ژێر چەپۆڵی شێر.

ڕۆستەم هات و وتی: ئەمە چییە، ئەمە دێوە کە ئاوا، لەشکرێکی نیگەران و پەشێو کردووە؟ بەبێ ڕاوەستان چووە مەیدانی شەڕ و ڕوو لە زۆراب وتی: زۆراب ئەی منداڵی ساوا، ئەوەتانێ لە گێژاوی دەریای بێ ساماندا وەگیر کەوتی. ئەی هەژاری سەرکێش، خەیاڵ پەرشی و بڵاو، ئێستا بزانم چۆن لەبن زەبری گورزمدا نەخشی عەردت دەکەم.

زۆراب وتی: ئەی پیری دنیادیتوو، ئەی چەماوەی دەستی خەفەت و زۆرداری دەور و ڕۆژگار، لەلای تێگەیشتووان، قسەی سووک و ناپەسند هەر شایستەی تۆیە. ئەگەر تۆ دەریا بی من بام، لەنێو هونەرمەندانیشدا، هونەرزادەم. بەڵێ پیرەپیاو، شێتی کەم ئاوەز، ئیمڕۆ بە کەمەندی چەرمی خاو لەبەرکۆبەی زینەوە دەتهێنمە خوار و سینگت بە ئەڵماسی هیندیکار دوو کەرت دەکەم.

ڕۆستەم: وەک دەڵێن وتەی چەور و نەرم باشترە لە دەنگ و ئاوازی بێ شەرم. بەڵێ تۆ منداڵ و کەمئەزموونی، هێشتا شەڕ و زەبری گورز و گۆپاڵت نەچێشتووە. هێشتا گەرمی و ساردیی دنیای پڕ لە زوڵمت نە بەچاوی خۆت دیوە و نە گوێبیستی بووی. من پیری بە ئەزموون و بێوێنەی سەردەمم، من شێری جەسووری پڵینگکوژم. کامە ئەستێرەی چەرخ و فەلەک هەیە، دەزانێ کە ئازایەتی و جەسووری شێران لەلای منە.

دیارە مردن و ژیان هەر بەدەستی یەزدانە، هەموو پەلەوەر و گیانلەبەرێکی وەحشی گشت بەئاوەز و تێگەیشتنی خۆیان ڕۆڵەی خۆیان دەناسنەوە بەڵام کەسێکی وەک ڕۆستەمی گەوهەرناس، ئیمڕۆ لە مەیدانی شەڕدا بەو شێوەیە لە ڕۆڵەی خۆی هەراسان بووە.

ئەمەیە سووڕی گەردوونی هەروەک ڕەنگ. ڕۆستەم و زۆراب هەرچەندە لە یەکتریان ڕوانی کەس کەسیان نەناسی، ئاخرەکەی ملیان لە شەڕ نا، قەڵغانەکان دادرانەوە، دەست لە داری نێزەی

مووقـڵێش هەڵپێکرا، نێزە، گورز و شـمشـێر دران بە یەکدا و هیچ کامـەیان لە برینی جەسـتە درێغیان نەکرد. لە مەودای ئەڵماسی نێزەدا، حەڵقەڕێزەکان دەپچڕان و دەکەوتنە سەر عەرز.

داری سـەرەنێزە شکا، نێزە تەواو بوو و نەما، دڵۆپەی خـوێن لەنێو بریناندا توێخـەرەی بەست. تاوێک بە شمشێر و تاوێک بە تیروکەوان شەڕ کرا، هەردوو ئەوپەڕی زۆری خۆیان لە زەبروەشاندن بەکار هێنا. دوو کێوی بێ سـامان ملیان لە شـەڕ نابوو، نە ئەمـیان دەبەزی و نە ئەوی تریشـیان کۆڵی دەدا.

ڕۆسـتـەم زۆر ترسـا و لەبەر خـۆیەوە دەیوت: ئەی یەزدانـی پاک، من هەر لە منداڵیـیـەوە فـێـری ئەزمـوونی شـەڕ بووم، دێوانی شـووم و سـەرلێـشـێـواوم کـوشت. ئای کـە چەندە شـەڕی دێوانم لا ئاسان بوو، ئای کە قەد وەک ئێستا یاس و هەراسان نەبووم.

ڕۆستەم لە دەرد و ژاندا ڕەش هەڵگەڕابوو، تاوی بە ڕەخشی چابوک و توندڕۆ دا و بەو پەنجە پڕ زۆرانەی کە کێوی لەبن هەڵدەکەند، پشـتێنی زۆرابی گرت، بە هـەمـوو هێزی باسکەکـانی هێنا و بردی، بەڵام ئەو لە جێگەی خۆی نەجوولا.

کە نۆرە گەیشـتە زۆراب، گورزی کـردە نیشـانە، خۆی خسـتـە بن ئەسـپـەکەی و لەولاوە بە هـەموو هێز و قوەتی خۆی گورزی لە ڕۆستەم وەشاند. قەڵخانەکەی وردوخاش بوو، بەڵام ڕۆستەمیش لە جێگەی خۆی نەبزووت و تەنانەت هاواریشی لێ هەڵنەستا.

زۆراب وتی: مادام لەژێر زەبری گورزم ناناڵی، بێگومان تۆ ڕۆستەمی زاڵی.

ڕۆسـتـەم وتی: ئـەگـەر تۆ بکەویتە دەسـتـی ڕۆسـتـەم، ئیتر دنیا بەچاوی خۆت نابینی. ڕۆسـتـەم پاڵەوانێکی پڕ زۆر و سـامـداره، لەلای ئەو فـیلەتەنە من هیچ نیم، تەنانەت شـایانی ئەوە نیم شمشێری مەیدانی شەڕیش هەڵبگرم.

کە گورز و شمشێر کەڵکیان نەما، هەردوو خەمبار و دڵ بە خەم لە ئەسپەکانیان دابەزین. حەڵقەی پشتێنیان لە زین کردەوە، کەمەند و کەمانیان خستە سەر عەرز و ئەسپەکانیان بە بەردەوە بەستەوە.

ئەوجار دەستیان کرد بە زۆرانبازی و جەستە و ڕۆحیان بە یەزدان سپارد، پشتێنی یەکترییان گرت و دەستیان لە یەکتری هەڵپێکا. زۆراب دەستی لە پشتێنی ڕۆستەم گیر کرد و ڕای کێشا، چەند جار ڕۆسـتەمی ماندوو و خـەمباری هێنا و برد و سەرەنجام دای بە عـەرزی ڕەشدا. هەروەک شـێرێکی تینووی ڕاو، لەسـەر سینگی ڕۆستەم دانیشت. دەسـتی برد کە بە ئەڵماسی هـیندیکار سینگی ڕۆستەم دوو کەرت بکا، ڕۆستەم کەوتە قسەکردن:

زۆراب ئەی پڵینگی بێ سامان، ئامان گوێ بگرە و یاسای سەربەرزان لە مەیدانی زۆرانبازیدا پێشێل مەکە. کاتێک لە مەیدانی زۆرانبازی کەسێکت یەکەم جار لە عەرز دا دەبێ ببەخشرێ بەڵام بۆ دووەمین جار کە لە عەرزت دا، ئەودەم سینگی بە ئەڵماس دوو شەق بکە.

ڕۆستەم بەسەد فێڵ و تەڵەکەبازی خۆی لە دەستی زۆراب پڵینگی نەترس ڕزگار کرد. شەو هات و هەردووکیان پەشێو و خەمبار بەرەو لای خێمەکانیان گەڕانەوە.

هومان لە زۆرابی پرسی: ئەی زۆراب ئیمڕۆ چیت کرد، وادیارە لە مەیدانی شەڕ، چارەسەرییەکت نەکرد.

زۆراب: شکم نییە کە ئەو کەسە ڕۆستەم بوو، سەد گورزم لێ دا دیسان وەک ئەوە وابوو هیچی لێ نەدراوە. قەڵخان و زرێ وردوخاش بوون بەڵام ئەو نەترسا و لە جێگەی خۆی نەجووڵا. بە گورز و شمشێر و کڵافەی کەمەند، هیچ نەکرا و هیچ کامەیان لێی کاریگەر نەبوون، ئاخرەکەی ملمان لە زۆرانبازی نا. سەرەنجام بە هەزار حاڵ دام بە عەرزدا بەڵام نەمکوشت و بەخشیم بە یەزدان. بەو شێوەیە لە دەستم ڕزگاری بوو.

هومان: بۆ بەختی خۆت زۆرت هەڵە کردووە، کارێکی زۆر خراپت کردووە. تۆ ئەوت نەکوشت، ئەو تۆ دەکوژێ و لەشکرەکەت ئاوارە و سەرگەردان بەرەو توران دەگەڕێتەوە. شێرێکی وا بکەوێتە داوت، تۆش لەبەر ناتێگەیشتوویی بە خۆڕایی لە کیسی خۆتی بدەی. ئەگەر هاتوو ئەمجارە پاڵەوانت وەچنگ کەوت، ئەمان و دەرفەتی مەدەرێ و بە خەنجەری هیندیکار جەرگی هەڵبدڕە.

لەولای تروە ڕۆستەمی ماندوو لە کاتی گەڕانەوە بۆ نێو خێمەکەی کەیکاوس پرسیاری کرد، ئەرێ فیلەتەن چۆنی، تاقە گەنجێک بوو دەستەکانیت نەبەست؟ یان بەزەبری گورزت نەتکوشت؟

ڕۆستەم: ئەی شا حاڵم زۆر پەشێوە، گورز و گۆپاڵیشم وەفریام نەکەوتن. بەدەستی کەسێکەوە گیرۆدەم مەگەر هەر یەزدان بۆ خۆی یارمەتیم بدا. چەند ساڵ و چەند وەختە من پاڵەوانم، بکوژی دێوانی مازەندەرانم، لە شەڕی دێوی جادووگەر نەترساوم، هەموو جیهان بە تەنیا سوار گەڕاوم بەڵام ئێستا بەدەستی تازە پێگەیشتوویەکەوە گیرم خواردووە، پشتم لەبنی ئەم بارەدا چەماوە و لە گیانی خۆم بێزارم.

***

هەتا نیوەشەو ڕۆستەمی داماو و زەلیل، فرمێسکی هەڵڕشت و لە یەزدان پاڕایەوە:

بۆ خۆم دەزانم کە تاوانبارم، هەڵە و خەتاکارم، یەزدان بەهانامەوە بێ، من تەنیا باڵم، ئەگەر یارمەتیم نەدەی پەشێوە حاڵم. هەی پادشای پادشاکان، ئەی وەفریادڕەسی هەموو ڕێ لێ ونبووان، یارمەتیم بدە کە بە تیغی زۆراب جەرگم پارە نەبێت. وە فریام کەوە هانام بۆ تۆ هێناوە، ئەگەر هێزم وەبەر نەدەی تاقەت و توانام نەماوە.

ڕۆستەم هەتا بەرەبەیان نزا و پاڕانەوەی زۆری کرد و ئاخرەکەی یەزدانی خاوەن جیهانیش دوعاکەی پەسند کرد.

***

بەیانی کە خۆر لە لووتکەی ڕۆهەڵات سەری وەدەرهێنا و لە بورجی کەیوانی ئەخزەری دا، لەشکری تورکی چینی لە تەپڵی شەڕی دا و بانگی ڕۆژی حەشر لەسەر زەوین هەستا.

لەلایەک ڕیزی لەشکری ئێران بوو کە ئاڵای بێ خەوشی کاویانی هەڵدرابوو. ڕۆستەم بۆ نەبەرد لە خەو هەستا، کەرستەی شەڕی تازە ساو و دەمەزەردی لە خۆیدا، پێی لە ڕەخشی تەیار و ئامادە دا و هاتە مەیدانی شەڕ.

لەلایەکەی تر زۆراب کەرەستەی شەڕی لە خۆی بەست و بەبێ وەستان هاتە مەیدانی شەڕ.

ڕۆستەم و زۆراب بەرانبەر بەیەک وەستان.

ڕۆستەم: ئەی زۆراب، منداڵی ساوا، دیسان کەوتیتە گێژاوی دەریای بێ سامان. تۆ ڕێگەیەکی هەڵەت هەڵبژاردووە، ئەمجارە لەبەر زەبری گورزم ڕزگارت نابێت.

زۆراب: ئەی پیری ماندوو و پەشێوحاڵ، ئیمڕۆ پرسیار و باسوخواسێکی زۆرم لەگەڵ تۆدا هەیە. ئەگەر تۆ ڕۆستەمی ناوی خۆت بڵێ، دەنا لە مەیدانی شەڕدا بەبێ سەر دەمێنییەوە.

ڕۆستەم کە لە دەروونەوە دەکولا و دەخرۆشا قسەکانی بە هێند نەگرت، گوێبستی قسە و پرسیاری ڕۆڵەکەی خۆی نەبوو.

ڕۆستەم: ئەی هەرزەکاری گێل و ناتەواو، نەزان و دوور لە ئاوەز و فام، ئێستا کاتی مەیدان و زۆرانبازییە، چ وەختی درۆ و فێڵ و تەڵەکەبازییە؟

دوو سواری شەڕکەر بەپەلە لە کۆڵ ئەسپەکانیان هاتنە خوارەوە. دیسان ملیان لە زۆرانبازی نا و دەستیان لە پشتی یەکتری هەڵپێکا. دوو کێوی بێ سامان بە دەوری یەکدا پێچران، هەروەک مارانی ئەرقەم بە دەوری یەکتریدا لوول بوون. ڕۆستەم هەروەک شێر لە وەختی ڕاودا، لە کاتێکدا لە ڕقان ڕەش هەڵگەڕابوو زۆرابی ڕاکێشا و دای بە عەرزدا، دەستی دایە شمشێری تیغی پڕ قین و هەرچەندە زۆراب هاواری کرد ئەمانی نەدا، پڵینگی بێ سامان خەنجەری هەڵکێشا و بە درێژای ئەڵماسی سەرەنێزە، جەرگی هەڵدڕی و نێزە دیواندیو بوو.

باڵای نەونەمام، ساوای وەک شمشادی زێڕی زۆراب، بە شمشێر لەت کرا و لە خوێندا گەوزا.

زۆراب هاتە زمان و وتی ئەی پیری دڵڕەق وەک بەرد، خۆ منت بە شمشێری ژاراوی کوشت. بەڵام تۆ ئاگات لە خۆت نییە، تۆ لە دەستی بابم دەرچوونت بۆ نییە. باوکی من ڕۆستەمە، شای پشتێن یاقووت، ئەو پاڵەوانەی شێران لە تاوی گورزی دەناڵێنن. ئەگەر خۆت دەکەی بە باڵندە و بە ئاسمانانددا دەفڕی ئەوە بە کڵافەی کەمەند دەتهێنێتە خوار.

ڕۆستەم یەکجێ لە شادی بەتاڵ بوو و دڵی داتەپی. بە سەرسوڕمانەوە پرسی: نیشانەیەکی ڕۆستەمت لەلا هەیە؟ زووکە ڕاستم پێ بڵێ.

زۆراب: یاقووتێکە لە باسکم بەستراوە و، نیشانەی ڕۆستەمی زاڵە. دایکم لە توران لە باسکی بەستووم، ئێستا چاوم بەرایی نادا بیبینم.

ڕۆستەم چاوی لێ کرد و یاقووتەکەی خۆی لە باسکی ڕۆڵەی دڵ برینداریدا ناسییەوە. دەستی دایە خەنجەر هەموو جلەکانی خۆی لە سەرەوە هەتا خوار دادڕی و بە کوڵ دەستی بەگریان کرد. بەدەنگی بەرز هاواری لێ هەستا و بەهەردوو دەستان بەسەری خۆیدا دا.

لەو دەمەدا گیو، بارام و گۆدەرز گەیشتنە جێ. وتیان ڕۆستەم ئەمە چییە و چی قەوماوە، بۆ وا هاوار و ڕۆڕۆتە؟

ڕۆستەم: گۆدەرز هەر مەپرسە، کوڕی خۆم بوو، کوشتم و بووم بە کۆی زووخاڵ. بەسەر پیری و

لە کۆتاییی ژیانمدا، جەرگی ڕۆڵەی خۆم بەدەستی خۆم پارە کرد.

گیو وێڕای ڕۆستەم شین و زاری دەکرد.

ڕۆستەم خەنجەری هەڵکێشا کە خۆی بکوژێ، گۆدەرز دەستی گرت. گەورەکان خەنجەرەکەیان لە دەست دەرهێنا. ئەویش بۆ کوڕی بە ئاوات نەگەیشتووی هەر شین و زاری بوو.

گۆدەرز: ڕۆستەم ئەوە هاتوو خۆتیش کوشت، چ کەڵکێکی هەیە، زۆراب تازە لە دەستت چوو. ئەم دنیای فانییە بۆ کەس وەفای نییە، ئەگەر ئەو مردووە خۆ تۆ زیندووی. ئەم چەرخە پیسە هەر وای کردووە، هەزاران وەک ڕۆستەم، زۆرابیان مردووە. چارەنووس هەر لە هەوەڵەوە وای نووسیوە کە باوک ئاگای لە ڕۆڵەکەی خۆی نەبێت. چەرخی چەپگەرد لەنێو پادشاکاندا، هۆشەنگ، جەمشید و دارا، کامەیانی نەبردە ژێر بەردی خارا. ئەژدەهاکی تازی فەریدوون دەکوژێ. ئەم گەردوونە گەمەی بە کێ نەکردووە؟

ڕۆستەم: گۆدەرز تۆ بۆ خۆت دەزانی لەم دنیادا کەس وەکو منی بەسەر نەهاتووە. هەتا شمشێری ئەڵماسم کاری کردووە و هەتا هێزم تێدا هەبوو جەرگی ڕۆڵەکەی خۆم پارە پارە کردووە. تەنیا مەگەر بە دەرمانی مێژوویی، نۆش دەرمان ئەم برینە سارێژ ببێت. ئەم دەرمانەش لە خەزێنەی کەیکاوس شادا هەیە و لە سووچی سندووقێکی زێڕدا شاردراوەتەوە. هیوام ئەوەیە تۆی زانا، وەفریام کەوی و بگەیە هانام، هەستە پێ و ڕامەوەستە، بچۆ بۆ لای کاوس شا، عەرز و حاڵم چۆنە بۆی بگێڕەوە و پێی بڵێ؛ ئەگەر لەم دنیایەدا ڕۆستەم هەڵەی کردووە و تاوانی نەبەخشراوی ئەنجام داوە، بیبەخشە و تۆزێک نۆش دەرمانم بۆ بنێرێ. لە باتیی ئەو چاکەیە هەردوو چاوانمی بۆ دەردێنم. ئەگەر نۆش دەرمانی هەیە، درێغی نەکا، ئەو ڕەنجەی ئێستا من دەیکێشم ئەویش ڕەنگە ڕۆژێک بە کۆڵەوەی بگرێ. ئەگەر بێتو یەزدان بەو دەرمانە تیماری زامی زۆراب بکا ئەوە هەموو سات و کاتێک و هەتاکە زیندووم گیانم بە قوربانی ئەو دەکەم، هەمیشە لە شەڕەکاندا پشتێنبەستە و وەک خزمەتکار لە تەنیشتیدا ئامادە دەبم. با کاوس شا تۆزقاڵێک نۆشدەرمان بنێرێ، زۆراب هیلاک و لێوبەبار و تینووە.

گۆدەرز بەپەلە و بێ ڕاوەستان چوو بۆ لای کەیکاوس شا و وتی پادشا، ڕۆستەم منی ناردووە، ئەگەر ئاغا و نۆکەرییەک هەیە و ڕاستە، تۆزقاڵێک نۆش دەرمانم بدەیە بۆ زۆراب، ئەو بەستەزمانە لە سەرەمەرگدایە.

کاوس شا: گۆدەرز لە خۆت پرسیار بکە، تۆ بۆ خۆت لەوێ بووی کە فەرمانم بە تووسد دا کە ڕۆستەم لەدار بدا. تۆ بۆ خۆت ئاگەدار بووی کە چۆن بە قین و تووڕەییییەوە وەڵامی دایەوە، لە توسیشی دا و نەخشی سەر عەرزی کرد. ئێستا کاتێک کە حاڵی ئاوا شپرێوە، بەڵام دیسان هەر داخی منی لە دڵدایە و لەسەر کوشتنی من سوورە. جاران کە ڕۆستەم تاقە سوار بوو و جوابە جەنگێ و بەگوێی شاهانی نەدەکرد سبەی کە برینی کوڕەکەی سارێژ بوو، ئیتر نە گوێی بە پادشاهان دەبزوێ و نە ئەوانیش بە هیچ دەزانێ. ئەو ڕۆژە ڕۆستەم و زۆراب یەک بگرن،

پادشایەتیی من چ مانای نامێنێ و تەخت و بەختی شایەتیم سەرەوژێر دەبێ.

گۆدەرز بەپەلە و بێ ڕاوەستان گەڕایەوە بۆ لای ڕۆستەم و وتی: کەیکاوس هەروەک جاران شێتی سەرسام و کەم ئاوەز بێ عەقڵ و فامە. تووشی خەیاڵی هیچ و پووچ بووە و نۆش دەرمانی نەدامێ. باشترە بۆ خۆت بچی بۆ لای.

ڕۆستەم دەستی بە گریان و شین و زاری کردەوە و فەرمانی دا بە غولامەکانی لەو دیارییە تایبەتییانەی، لێفەیەکی ئاوریشمنی بۆنگولاوی بەپەلە بۆ بێنن. دەستی خستە سەر لاشەی ڕۆڵە شیرینەکەی و لێفەی ئاوریشمنی چینی خستە بنی. زۆرابیان لە مەیدانی تۆز و خۆڵاویی شەڕ هەڵگرت و گوێستیانەوە و بردیانە نێو خێمەی زەڕەنگار. لە ڕێگەدا هەر کەس زۆرابی بەو برینە سەختەوە دەدی دەستی بە شین و زاری دەکرد. دەنگی ئاه و ناڵە و ماتەمی پاڵەوانان بەرز بووەوە. هەم لەلای لەشکری تورکان و هەمیش لەلای پاڵەوان و سەرکردەکانی لەشکری ئێران شین و زاری بوو. گەورەکانی وەک گیو، گۆدەرز و کەشواد، زەوارە و بارامی شیدوش و فەرهاد، بە کۆمەڵ جلی ڕەشیان پۆشی و بە ناڵە و هاوار و گریان خرۆشان.

هاوار و ئاه و ناڵەی دەگەیشتە دوا تەبەقی ئاسمان لای یەزدان.

زۆراب لە دوا هەناسەکانیدا هاتە زمان و وتی:

ئەی پیر، نەوەو توخمی زاڵ، ئیتر گریان و زاری بەس کە. یەزدان ئاوای ویست کە باوک ڕۆڵەکەی خۆشی نەبینێ. ئێستا لەشکرەکەی من لەو دەشت و سارایە، خەمبار و دڵ پەشێو، وێڵ و واوەیلا دانیشتوون. هیوابڕاو بوون، گەورە و سەرکردەیان نەماوە، هەموو زەحمەت و ڕەنجیان بەفیڕۆ چووە. ئێستا کە من بە ئەڵماس جەرگم بڕاوە، ئامانت بێ و داوات لێ دەکەم کە لە دوای مەرگم نەهێڵی کەیکاوس توخنیان بکەوێ و قەتڵوبڕیان بکا. هەر ئیمشەو کەسێک بنێرە لایان کە هەتا زووە ئێرە بەجێ بێڵن و بڕۆنەوە وڵاتی خۆیان. با بە پەشێوی و دڵنیگەرانی بگەڕێنەوە توران بەڵکو لەوێ لە ماڵ و وڵاتی خۆیان دڵیان سووکنایی بگرێت. ئەوجار گورز و شمشێر و هەموو کەرەستەکانی شەڕکردنم، کڵاوئاسنین و جلوبەرگەکانم و ئەو قەڵخانەی شوێنەواری برینی تۆی پێوەیە، بینێرەوە بۆ دایکم، هەتا بۆ بەختی زەبوون و بۆ برینە سەختەکان و بۆ جەرگی سووتاوم بگری و بناڵێ. کە شەو هات زۆراب لەبەر نووکی ژاراوی نێزە گیانی سپارد و لە خۆشی و ناخۆشیی دنیا ماڵئاواییی کرد.

بەیانی لەگەڵ بانگ و دەنگی یا حەی، شا فەرمانی دا کە قەتارەی کاروان وەڕێ بکەوێ. بار و جبەخانە کێشرایە دواوە، شا لەشکری هەڵگرت و بەرەو دوا گەڕایەوە و لە موڵکی وڵاتی کابول کۆچیان کرد.

ژمارەیەک لە سوارانی کابولی وێڕای خزمەکانی زابولی کە وەک لافاو بارانی فرمێسکیان دەڕشت، نەڕۆیشتن و لەلای ڕۆستەم و تەرمی زۆراب مانەوە.

ڕۆستەم هەستا خێمە، پارچەی عەنبەرین، هەسوونی سەیوان، زنجیری کەمەند، فەرش،

جلوبەرگی شەڕ و کورسیی جەواهێربەند و ئەوەی کە هەیبوو لەسەر یەک دانا و لەو دەشتە ئاگری تێ بەردا و هەمووی بەجارێک سووتان. دواتر تەرمی ساف و بێگەردی ڕۆڵەی خۆشەویستی زۆراب بە کافوور و بۆنی موشکی عەنبەرین شوشت و لە تابووتی ئاڵای جوان و دڵپەسەند نا و شوێنی برینەکانی پڕ کرد لە عەتر و بۆن. تابووتی زۆرابی هەڵگرت و بردییەوە بۆ وڵاتی زابول.

هەواڵ گەیشتە زاڵی کۆنە ساڵ، سەرسام و حەپەساو لەگەڵ خزمان لە ماڵ دەرکەوتن و بەدەنگی شین و زاری کە دەگەیشتە کێوان وە پێشوازیی تەرمی زۆرابەوە چوون. لە دوورەوە ڕۆستەم پەیدا بوو، بارانی فرمێسک وەک لافاو لە چاوانی دەهاتنە خوارێ. یەخەی کراس و داوێنێ دادڕابوو، ڕوومەتی شین هەڵگەڕابوو.

زاڵی دەروون پڕ لە ژان هات، تابووتەکەیان بۆ هێنا، وە سەوهانی مسمار ئاسنی تابووتەکەی بڕی هەتا برینی جگەرگۆشەکەی بەچاوی خۆی ببینێ. دیتی زۆراب شای پشتێن یاقووتان، بە باسک وەک شێری دڕندەی سالان و بە تەمەن هێشتا لە دە ساڵ تێ نەپەڕیوە، بەڵام جەرگی بە شمشێری هیندکار پارە پارە بووە. زاڵی بەخت ڕەش، ڕووی لە ڕۆستەم کرد و بەدەنگی بەرز گوڕاندی: هەی ڕۆڵەی نەپۆڕ و ناپەسند، هەی شەرمەندەی ڕووڕەشی زەمانە و یەزدان، لە خۆفی ڕۆژی قیامەت نەترسای کە جگەرگۆشەی خۆت ئاوا بە شمشێری ژاراویی بێبەزەییانە کوشت؟ جەرگت بڕی و سەرتاپای بەرگت لە خوێندا ڕەنگین کرد؟ هەی دەستت بە تیغی شمشێر بەبڕین بچێ و شوێن و ماوات زمهەریر بێت!

چەند ڕۆژێک لە زابول شین و زاری و پرسە کرا و سەرەنجام تەرمی زۆرابیان بە خاک سپارد.

***

خەبەر گەیشتە توران، هەواڵی کوژرانی زۆراب لە مەیدانی شەڕی ڕۆستەمدا درا بە تەهمینە کە زۆرابی کوڕی بە زەبری شمشێری ژاراویی ڕۆستەم جەستەی شەلاڵی خوێن بووە و کوژراوە.

هاواری تەهمینە هەستا، گریا، لە خۆی دا و قژی ڕنی و بە نینۆک خاڵە فیروزەکانی سەر ڕوومەتی هەڵکەند. چل ڕۆژ جلی ئازیەتیباری لەبەر کرد و چل شەو لە باتیی خواردن زووخاوی خوارد.

تەهمینە دوای چل ڕۆژ ئازیەتباری سوێندی خوارد کە دەبێ ئەو وەک ڕووهەڵماڵاوان، لەشکرێکی گەورە بکێشێتە سەر خاکی ئێران، سەرای سیستان و ماڵی زاڵی سام نەفتی بەسەردا بکا و بیسووتێنێ.

تەهمینە وتی: دەبێ لە جێگەی تۆڵەی خوێنی زۆراب، ڕۆستەم بکوژم. شەرت بێت بە شمشێر جەرگی پارە پارە بکەم و لەشی بە خوێن سوور بکەم.

تەهمینە کچی پادشای سەمەنگان فەرمانی دا بە وەزیر و لەشکرێکی گەورەی وەڕێ خست، دەنگی هات و هاوار و خرۆشی شەڕ بەرز کرایەوە. تەهمینە کەرەستەی ڕۆژی شەڕی لە خۆی دا، ئەڵماسی لە لاقەدی خۆ دا و سەرتاپا جل و قەڵخانی شەڕی پۆشی. لە داخ و کەسەری کۆستی

زۆراب دەخرۆشا، هاواری دەکرد و داوای تۆڵەئەستاندنەوەی دەکرد.

تەهمینە بەبێ ماتڵبوون لەگەڵ سی هەزار سواری ئامادەی شەڕ بەرەو سیستان وەڕێ کەوت. لەشکر گەیشتە زابول و لەو دەشتە حازر و ئامادە بۆ شەڕ ڕیزیان بەست، تەهمینە هەروا وەک لافاو فرمێسک لە چاوگەلی دەباری.

خەبەر بە زاڵی دەروون پڕ لە ژان گەیشت کە تەهمینە بۆ تۆڵەئەستاندنەوەی جگەرگۆشەکەی هاتووە و لەشکرێکی گەورە و گرانی بۆ شەڕ لەگەڵ خۆی هێناوە و سوێندی بە یەزدانی تاک خواردووە کە سەری ڕۆستەمی فیلەتەن بە زەبری شمشێر دوو کەرت بکا.

ڕۆستەم و زاڵ پێکەوە هەستان و بە پەشێوحاڵی لە ماڵ وەدەرکەوتن و چوون بۆ پێشوازیی تەهمینە. دایک لە دوورەوە کە ڕۆستەمی دیت ئەسپی تاو دا، هەروەک ماری ڕەشوسپی خرۆشا. لەو دەمەدا کە دەیویست ئەڵماسی ژاراویی فەرەنگی هەڵکێشێ و دایوەشێنێتە سەری ڕۆستەم. زاڵی زەڕ دەستی گرت و لەلایەن ڕۆستەمەوە لێبووردنێکی زۆری خواست.

ڕۆستەم وتی ئەی پیری دەور و ڕۆژگاران ئەگەر بۆ خاتری یەزدانی پاکیش بووە، لێی گەڕێ با شمشێرێکم لێ بدا، مافی خۆیەتی با بمکوژێ. هەر لە کەونارانەوە، لە گاور و لە تەرسا کێ هەتا ئێستا کوڕی خۆی بەدەستی خۆی کوشتووە؟

زاڵ: ڕۆڵە تۆ چ دەزانی، ئەمە ویستی یەزدانی سوبحان بوو، هەتا ئێستا نە حەکاکانی ڕۆژگار و نە پیاوانی زانا کەس نەیتوانیوە چارەنووسی نووسراو بەتاڵ بکاتەوە. باشتر هەر ئەوەیە هەردووکتان ئاشتی بکەن و پێکەوە بەشادی بژین.

زاڵ گەلێک قسە و باسی بۆ کردن هەتا هەردووکیان لە ژان و دەرد هێور بوونەوە. سەرەنجام تەهمینەی خاوەن زولف و خاڵ، گوێی لە پەند و ئامۆژگارییەکانی پیرە زاڵ گرت. بە زۆر بەڵگە و سەلماندن، تەهمینەی هێور و هێمن کردەوە.

بەڵێ یەزدانی پاک سەرلەنوێ، جێگەی زامانی سارێژ کردەوە. قەت خەم و خەفەت هەتا سەر بۆ کەس نەبووە و نابێت.

حەفتەیەک لە کۆشکی ئالای دڵکراوەدا بەخۆشی ژیان و خەم و خەفەتیان لەخۆ دوور کرد. هەروەک گوڵخونچەکانی نێو مێرگ و چەمەن بە خۆشی ڕایان بوارد. تەهمینە سەرلەنوێ، زکی پڕ بوو هەروەک یەکەم جار. کە نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ تەواو بوو، جارێکی تر چرای نەوەی زاڵی سام داگیرسا. ماڵی بنەماڵەی زاڵ پڕ بوو لە کێوێک خۆشی. کوڕێک لەدایک بوو وەک شێر هونەرمەند و بە بەژن و باڵا وەک سام. ناوی نرا فەرامەرزی جەنگی. وەک شوکرانەبێژی چەند قوماشی نایاب و چەندە گەوهەری خەزێنەی زاڵ لەنێو مسکێن و هەژاراندا دابەش کرا. هەموو تێکڕا لە خەم و خەفەت ڕزگار بوون و شوکری یەزدانی پاکیان کرد.

تەواو

# پێڕست


مەسعوود محەمەد.. خەمێکی نەتەوەیی و ڕەسەنایەتییەکی بیر. دوکتۆر عەبدولباسیت سەیدا ........ 3
شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران – بەشی شەشەم. لە فرەنسییەوە: د. نەجاتی عەبدوڵڵا ........ 23
ڕۆهەڵاتناسی بەتێڕوانینێکی ڕۆهەڵاتییانە – بەشی پێنجەم. د. موحسین محەمەد حوسێن ........ 42
شێوەکانی دەستوەردانی راستەوخۆ. جین شارب. لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفوور ........ 50
کارەکانی نارەزایی و قایلکردن. جین شارب. لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفوور ........ 90
مارتن لۆتەر کینگ.. بزووتنەوەی مافەکانی خەڵک. کۆمەڵێ نووسەر ........ 128
گفتوگۆیەک لەگەڵ جاک لینهارت. سازدانی: هاشم سالح. لە عەرەبییەوە: شوان ئەحمەد ........ 169
محەمەد ئوزۆن.. بەرهەمگەلێکی کۆڵەوار!. نزار ئاگری. لە عەرەبییەوە: شوان ئەحمەد ........ 180
پێوانە ئایدیالیستەکەی عێراق. ئولریش لادورنەر. لە ئەڵمانییەوە : ئەردەڵان عەبدوڵڵا ........ 186
کاروانی ئاشتی. عەبدوڵڵا ئیبراهیمی ........ 193
ترس. گی کورنوو. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: سەلاح حەسەن پاڵەوان ........ 205
پێوەندیی ئەخلاق بەبڕینی بەشەکانی جەستەوە. نەوال سەعداوی. ........ 222
شیعر لە دەروازەی هەزارەی سێیەمدا. حەمەفەریق حەسەن ........ 226
چاوپێکەوتنێک لەگەڵ نووسەری میسری بەها تاهیر. سازدانی: کارێن کرویگەر. ........ 232
ئەمین مەعلوف ئەو دەنگە ڕۆهەڵاتییەی کە ڕۆئاوا گوێی لێ دەگرێت. ئەردەڵان عەبدوڵڵا ........ 240
کورتەیەک لەمەڕ گۆڤەندی شازادەکان. فەزل شوکر. لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی ........ 248
کۆمیدیای ئەنتیک گاڵتەئامێز نەبووە. هانس ڕۆلاند جۆنسۆن. لە سوێدییەوە: دانا ڕەئووف ........ 254
شۆڕشە مەزنەکەی عەرەب ١٩١٦–١٩٢٥. سەلاح ئەلئیمام. لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی ........ 264
هێما ئەفسانەییەکان لە تابلۆکانی ڕۆستەم ئاغالەی هونەرمەندا. جاسم عاسی ........ 280
هەڵبژاردنێکی ئازادانە یا سووکلێنۆڕینی مرۆڤ. پەری شاکەلی. لە سوێدییەوە: ئەمجەد شاکەلی ........ 305
بەماتماتیککردنی سروشت. ئا. و وەرگێڕانی لە فارسییەوە: زەینەب یوسفی ........ 313
پێوەندییە دیجیتاڵییەکان و گۆڕانکاریی سیاسی لە چین. لە ئینگلیزییەوە: ڕەزا فەتحوڵڵانژاد ........ 319
لە عەممانەوە بۆ ئامێدی یان گەشتێک لە کوردستانی باشووردا. عەلی سیدۆ گەورانی ........ 334
شانامەی کوردی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب ........ 346